ئەدهەم شەرقاوی

# پەیامی دڵنیایی

وەرگێڕانی
ئەیاد فەهمی

ئەدهەم شەرقاوی

# پەیامی دڵنیایی

وەرگێڕانی: ئەیاد فەهمی

ناوی کتێب: پەیامی دڵنیایی

ناوی نووسەر: ئەدهەم شەرقاوی

وەرگێرانی: ئەیاد فەهمی

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢١

چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٠١)ـی ساڵی (٢٠٢١)ـی پێ دراوە.

**مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕێنوێن©**

RENWEN

**ناوەندی ڕێنوێن**

07511408868 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com

renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم

بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

# پێڕست


لەجیاتی پێشەکی ........ ١١
پێشکەشە ........ ١٣
لێرەوە شکست دێت! ........ ١٥
تەنها بە جوان زانینە! ........ ١٨
جوامێری لە نێوان خەڵکدا مەکوژن! ........ ٢١
ڕێزی خۆت بە با مەدە! ........ ٢٥
واز لە جیهان بهێنە و خۆت بگۆڕە! ........ ٢٨
تۆ گەورەی ئەم جیهانە نیت! ........ ٣١
ژیانی خۆتە! ........ ٣٤
ئەرکیماڵەوە! ........ ٣٧
کۆمەڵێک ئامۆژگاری بۆ ژیانێکی ئاسانتر! ........ ٤٠
ئەو درۆیانەی کرێکەی دراوە! ........ ٤٣
پەیامە باڵاکان! ........ ٤٦
دین و دونیا پێکەوە! ........ ٤٨
گورزە دار! ........ ٥١
ئەو دەرگایە دامەخە! ........ ٥٥
من دروستکەری فرۆکەم! ........ ٥٨
دڵت وابەستە بکە بە خوداوە! ........ ٦٠
ئازیزگیان: ئەمەیە ژیان! ........ ٦٣
سەقافەتی باینجان! ........ ٦٦
نهێنییەکە لە چاودا نییە، بەڵکوو لە تێڕوانیندایە! ........ ٦٩

بونیادنەری پیاوەکان! .......... ٧٢
تۆ تەڵاقدراویت! .......... ٧٥
تەنها بە خۆشەویستی نا! .......... ٧٨
پەتی خۆشەویستی مەپچڕێنە! .......... ٨٢
کفن گیرفانی نییە! .......... ٨٥
تەنها دوژمنەکان قازانج دەکەن! .......... ٨٨
کوڕی کتێب! .......... ٩١
گەمژەکان بوونیان نییە! .......... ٩٤
داوای لێبووردن دەکەم! .......... ٩٧
ئەوان لە نووسینەکانیان ناچن! .......... ١٠٠
دزەکانی کتێب! .......... ١٠٣
دال نوقتە (د.)! .......... ١٠٦
کێ سەرەتا دەستیکردووە بە ئازاردان! .......... ١١٠
ئێمە ڕێگەتان پێدەدەین! .......... ١١٣
یابان لە هەسارەی زەوی بکەنە دەرەوە! .......... ١١٦
هاوسەرگیری پێشوەختە! .......... ١١٩
منداڵ و مزگەوت! .......... ١٢٢
ئەو کەسەی دانایی پێ ببەخشرێت! .......... ١٢٥
هەڵەتێگەیشتن! .......... ١٢٨
سەدەقەیەکی قایلکەر! .......... ١٣١
بێ ئابڕوویی! .......... ١٣٤
بەسە نموونەیی‌بوون! .......... ١٣٧
گەڕانەوە بۆ حەق فەزیلەتە! .......... ١٤٠
ئەی پزیشکەکان بۆچی وادەکەن! .......... ١٤٤
لەوەیە عوزرێکی هەبێت و تۆش لۆمەی دەکەیت! .......... ١٤٧
هاوڕێیەتی کەسی بەختەوەربکە، بەختەوەر دەبیت! .......... ١٥٠
ئەو قەرزانەی نادرێنەوە! .......... ١٥٤

گەرچی! ..................................... ١٥٧
دەستەواژە فریودەرەکان! ..................................... ١٦٠
ئەی خەڵکینە: ئیمەیش لە کوتاییدا مروڤین! ..................................... ١٦٣
ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی یادیان بکەینەوە! ..................................... ١٦٦
عەقلی ناوەوە! ..................................... ١٦٩
منداڵ لەباربردن! ..................................... ١٧٣
ڕۆژی مروڤێک دروست بکە! ..................................... ١٧٦
مۆمێک ڕۆشن کە! ..................................... ١٧٩
وەرن بەڕێیان بکەین بەرەو گۆڕستان! ..................................... ١٨٣
دڵخۆشی ئەمە لەکوێدایە؟! ..................................... ١٨٦
لەبارەی ئەوانەی نازانن وایانتووە! ..................................... ١٨٩
ژیانکردن لەگەڵ ساتەکاندا یان تومارکردنیان! ..................................... ١٩٢
خۆشەویستی! ..................................... ١٩٥
ئازار بەشێکە لە ژیان! ..................................... ١٩٩
ڕزق و ئەجەل! ..................................... ٢٠٢
ئەوانەی واتای بێبەشبوون دەزانن! ..................................... ٢٠٥
نۆبڵ بۆ ئەدەب نییە! ..................................... ٢٠٩
خووگرتن بە هەڵەوە ..................................... ٢١٢
بەشی خۆی سەخت و دژوارە! ..................................... ٢١٦
ڕای گشتی! ..................................... ٢١٩
ئەوەی بە نەزانین براوە، تەنها بە هۆشیاری وەردەگیرێتەوە! ..... ٢٢٢
سوپاس مەریەمی کچی عیمران! ..................................... ٢٢٥
نیشتمانپەروەرەکان ..................................... ٢٢٩
سوپاس بەلقیس ..................................... ٢٣٢
جێگەتان نییە لە زنجیرە دراماکاندا! ..................................... ٢٣٦
سوپاس یەعقوب(ﷺ) ..................................... ٢٣٩
کۆتا چاپی ئیسلام، نوسخەی خۆت حیجز بکە! ..................................... ٢٤٣

قوتابخانەی بەدری گەورە ........ ٢٤٦
ئەو دەمەی ملیۆنێک دۆلارم بردەوە! ........ ٢٥٢
خۆت بە ........ ٢٥٥
ڕووی ئەلکترۆنی ........ ٢٥٨
ڕەببانی بن، نەک ڕەمەزانی! ........ ٢٦١
ئەو شتانەی کە دەمێننەوە! ........ ٢٦٤
عەرەبی لیبراڵی! ........ ٢٦٧
خوشکی گەورە! ........ ٢٧٠
لەسەر ڕێگا! ........ ٢٧٣
نەفرەتی پاڵەوان! ........ ٢٧٦
تۆ خۆت دەبینیت ........ ٢٧٩
پلە وەزارییەکان! ........ ٢٨٢
لەوەیە گرفتەکە لە تۆدا بێت! ........ ٢٨٥
لە دڵتەوە ببەخشە! ........ ٢٨٨
تەبیعەت زاڵە! ........ ٢٩١
ئەوانەی خۆیان دەکەن بە کەسانی تر! ........ ٢٩٥
وەرن هەست بە نیعمەتەکانی خودا بکەین! ........ ٢٩٨
فیراسەتی ئەدیبەکان! ........ ٣٠١
هەندێ جار دەرخستنی زانست، نەزانییە! ........ ٣٠٤
ڕەگەزپەرستی! ........ ٣٠٧
سوودەکانی ژنی خراپ! ........ ٣١٠
ڕەفتارجوانی لە مەترسیدایە! ........ ٣١٢
ئایا باوەڕمان پێهێناون! ........ ٣١٥
هەندێ خۆشەویستی هەیە دەتکوژێت! ........ ٣١٨
کەس پێش کاتی خۆی نامرێت! ........ ٣٢١
فریونەخۆن! ........ ٣٢٤
(نەمنەمی بن) ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت! ........ ٣٢٧

هاشەکەرەکان! ........................................ ٣٣٠
ئەو کارانەی بەڕاستی ناوازەن! ........................................ ٣٣٣
لەبارەی هەستەکانیانەوە! ........................................ ٣٣٦
دەمەوێت ببمە مۆبایل! ........................................ ٣٣٩
جۆرێکی تر لە دادوەری! ........................................ ٣٤٢
ڕەفتارجوانی! ........................................ ٣٤٥
متمانە! ........................................ ٣٤٨
نمرەکانی خوێندن و ژیانی واقعی! ........................................ ٣٥١
بۆ هیچ کەسێک بە تەواوی لە بار نابێت! ........................................ ٣٥٤
جەنگ بۆ ئەوەی بە پاک و بێگەردی بمێنیتەوە! ........................................ ٣٥٧
ئافرەتان وەهایان وت! ........................................ ٣٦٠
سەری ماسییەکە لێ مەکەنەوە! ........................................ ٣٦٣
پێشکەشکردنەکان! ........................................ ٣٦٦
پاراستنی نیعمەت! ........................................ ٣٦٩
باتڵ بمرێنن بە باسنەکردنی! ........................................ ٣٧٣
قەزیەی ئەوانی تر! ........................................ ٣٧٦
ڕێگاکەت داخراوە... داخراوە! ........................................ ٣٧٩
دەمارگیریی کوێرانە! ........................................ ٣٨١
ئەفسانە جیهانییەکان! ........................................ ٣٨٤
بۆیان بکەن، نەک لێیان بکەن! ........................................ ٣٨٧
گومرگی مریشکی! ........................................ ٣٩٠
سەوڵی کەسانی تر مەشکێنە! ........................................ ٣٩٣
باشبوون لەگەڵ نیشتیمان! ........................................ ٣٩٦
ئەدەبی کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکان! ........................................ ٣٩٩
کەم ئەدەبی بە ئەدەبەوە! ........................................ ٤٠٢
بەم هۆیەوە لەناونەچوون! ........................................ ٤٠٥
سکاڵا دادوەرییەکان! ........................................ ٤٠٨

پـاره دەرمانە! ........................................................ ٤١٠
نەرمونیانی! ........................................................ ٤١٣
لێرەدا بلیمەتێکی شاراوە هەیە! ........................................ ٤١٦
بەڕێوەبەری مەسینەکان! ............................................... ٤١٩
ڕوویەکی تری وێنەکـە! ................................................ ٤٢٢
عەقڵیەتی سـەرکەوتن و شکست! ......................................... ٤٢٥
پارچـە شیرینی! ........................................................ ٤٢٨
کارێکی خۆش و بەچێژ! ................................................ ٤٣١
ئاگاداری! ............................................................ ٤٣٤
سوپاس یونس(ﷺ)! ...................................................... ٤٣٦
تۆ ئەوەیت کە بەدوایدا دەگەڕێیت! .................................... ٤٣٩
پێغەمبەر(ﷺ) لەدایکبـوو! .............................................. ٤٤٢
بەختی خۆتم پێ بدە! ................................................... ٤٤٥
سوپاس سولەیمان(ﷺ)! ................................................. ٤٤٧
ئایا بەڕاستی دەیزانن! .................................................. ٤٥١
هەموو کەسێک دەیەوێت بنووسێت! ...................................... ٤٥٣
ڕوانگەیەکی تـر! ....................................................... ٤٥٦
سوپاس ئیسماعیل(ﷺ)! ................................................. ٤٥٩
ڕێژەیی لـە جۆرێکی تر! ................................................ ٤٦٣
دەردەدل بکەن ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت! .............................. ٤٦٦
بنەماکان بـەش بـەش ناکرێن! ............................................ ٤٦٩
بەندەکانی خـودا قەیلولە بکەن! ......................................... ٤٧١
کێ تەورەکەی دزیوە؟ .................................................. ٤٧٣
دووبـارە بونیادنانـەوەی جیهان! ......................................... ٤٧٦
شـۆڕی مەکە! ........................................................... ٤٧٩




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " ئەڤین فەقێ تاهیر "**
**کراوە بە pdf و پێشکەش بە خوێنەران کراوە**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

# لەجیاتی پێشەکی

برای بەڕێزم کاک ئەیاد فەهمی بە (گومانباشی خۆی) داوای لێکردم پێداچوونەوە بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بکەم. هەڵبەت من ئەوەم گوتبوو کە پێویست بە پێداچوونەوە ناکات، بەڵام دیارە مامۆستای بەڕێز سووربوو لەسەر داواکەی. بۆیە منیش لە سەر داوای بەڕێزیان وەرگێڕاوەکەم هەمووی خوێندەوە.

سەرەتا دەستخۆشی لە بەڕێزیان دەکەم و هیوادارم کاری باشتر و مەزنتری بەدواوە بێت و خامەی تیژ و ڕەنگین بێ و دەست و پەنجەی نەئێشێ!

دوای ئەوەش دەبێ ئەوەتان عەرز بکەم کە نووسەر لەم کتێبەیدا شەش حەوت بەیت شیعری هێناوەتەوە و منیش شیعرەکانم بە شیعر وەرگێڕا.

خوێنەری خۆشەویست! ئەم بەرهەمە وەک دەزانی بەرهەمێکی تری نووسەری لاو (ئەدهەم شەرقاوی)یە. ئەم کتێبەش وەک ئەوانی پێشوو، پڕە لە پەند و ئەزموون و قسەی نەستەق و تەجروبەی ژیان... هەوراز و نشێوەکان و تەختایی و ڕێگا بێ کلۆسمەکان دیاری کراون.. گرنگە خوێنەر بەوردی بیخوێنێتەوە و بەشی خۆی ئەزموونی لێ وەربگرێ و سوودی لێ هەڵگرێنێ.

## لێرەوە شکست دێت!

سوکرات دراوسێیەکی هەبوو پزیشک بوو، ئەم پزیشکە بە پادشای وت: نازناوی (پزیشکی یەکەم) شایانی سوکرات نییە! پادشا پێی وت: تۆ بیسەلمێنە کە لە سوکرات زاناتری، تا نازناوەکە لەو وەربگرمەوە و بیدەم بە تۆ!

پزیشکەکە وتی: من و سوکرات ژەهر دەرخواردی یەکتر دەدەین، هەرکەس توانی خۆی چارەسەر بکات، با نازناوەکە بۆ ئەو بێ!

سوکرات ڕازی بوو، پادشا وتی: دەبێ چل ڕۆژی تر دەست پێ بکەن!

سوکرات سێ پیاوی بەهێزی هێنا و پێی وتن: ئاو بکەنە ناو ئەو دەفرەوە و جوان بیکوتن!، بەڵام با زرمەی دەستتان ئەوەندە بەرز بێ، پزیشکی دراوسێ گوێی لێبێ!

ڕۆژی پێشبڕکێ، پزیشکەکە ژەهری دا بە سوکرات، سوکرات ژەهری نۆشی، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، تووشی تایەکی سەخت بوو، بەڵام خۆی چارەسەر کرد و پاش کەمێ چاک بوویەوە!

دوایی سوکرات کەمێک لەو ئاوەی کە چل ڕۆژ بوو ئەو سێ پیاوە دەیانکوتا، کردە ناو شوشەیەکەوە و دای بە پزیشکەکە و وتی: بیخۆرەوە!

پزیشک خواردیەوە و کتوپڕ مرد!

سوکرات بە پادشای وت: قوربان من لە ئاو زیاتر هیچم پێ نەدا، با بە بەرچاوی جەنابتەوە لێی بخۆمەوە، من ئەوم نەکوشت، بەڵکو خۆف و ترسی خۆی بووە هۆی مردنی!

هەر لەم بابەتەوە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر شتێکم نووسی، نووسیبووم:

بە گوێرەی زانست مامز بە خێرایی نەوەد کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا ڕادەکات، بەڵام خێرایی شێر لە پەنجا و هەشت کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا تێپەڕناکات، کەچی بە ئاسانی شێر مامز ڕاو دەکات!

هیچ پاساوێک بۆ خێرایی شێر جگە لە ترسی مامز نییە، ترسی مامز وا دەکات کە لە قول و قاچ بکەوێ و ببێتە نێچیری شێر! لە دونیای مرۆڤیشدا هەروایە، ڕووخان لە ناوەوە دەست پێ دەکات، سەرکەوتنیش هەر لە ناوەوە سەر دەگرێ!

ئومەیەی کوڕی خەڵەف، بیلالی لە سەر چەو و لمی داخی مەککەدا دەخستە سەر پشت، بەڵام بیلال نەڕووخا! تاشەبەردی گەورە گەورە و داخی دەخستە سەر سینگی، بەڵام بیلال نەڕووخا!

بەڵێ بیلال نەڕووخا، کۆیلەیەکی داماوی بێ کەسوکار، سەرکەوت بەسەر ئاغایەکی دەسەڵاتداردا!

کتێبەکانی مێژوو وا دەڵێن: کۆیلەیەکی هەژار، سەرکەوت بەسەر ئاغایەکی دەسەڵاتداردا!

بەڵام لە ڕاستیدا ئومەیە کۆیلە بوو، بیلال گەورە و ئاغا!

هەرچەند بیلال موڵکی ئومەیە بوو، بەڵام بە هۆی موسوڵمانبوونەوە ڕۆحی ئازاد ببوو، بیروباوەڕی ئازاد ببوو!

ئومەیەش هەرچەند بە ڕواڵەت ئاغا بوو، پیاو ماقووڵ بوو، لە دارولنەدوە ئەندام بوو، خەڵکی مەککە لێی دەترسان، بەڵام ببووە بەندە و کۆیلەی بیر و باوەڕی پووچەڵ!

دوای ئـەوەی بەریتانیـا فەڵەسـتینی دا بـە دەسـت جوولەکـەوە، چەتەکانی زایۆنـی گـەورە و بچووکیـان سـەر دەبڕی، تـەڕ و وشـکیان دەسـووتاند، دەڕۆیشـتنە هـەر لادێیەکـەوە، دار و بـەردی ئـەو گوندەیـان دەسـووتاند، خەڵکەکەیـان هەمـوو دەکوشـت، بـەڵام بـە ئەنقەسـت چەنـد کەسـێکیان نەدەکوشـت، بۆ ئـەوەی ڕابکـەن بۆ گوندەکانـی دراوسـێ و باسـی دڕندەیـی ئەوانیـان بۆ بکـەن و هەموویـان لـە ترسـا بڕووخێـن و هەڵێن! کەچی خەڵکەکە زیاتر بەهێز دەبوون، گوند لـە دوای گوند هێـزی داگیرکـەر شـکا، هۆکارەکەیشـی ئـەوە بـوو سـوپای داگیرکـەر لـە نـاوەوە ڕووخابـوو، دڵ و دەروونیـان شـکا بـوو، هەرچەنـد هێـز و دەسـەڵات بە لای ئەواندا دەشکایەوە، بـەڵام شـکان، وەک ئـەو مامزەی کـە لـە خێراییـدا زۆر لـە شـێر خێراتـرە، بـەڵام، چونکـە لـە ناخـدا ڕووخـاوە، دەسـت و قاچـی شـل و کـوت دەبـێ و ناتوانـێ ڕابکات!

بەکورتی بیڵێم:

ئـەو کەسـەی لـە ناخدا ڕووخـاوە، ئەگـەر هەمـوو هێـزی دونیاشـی لەبەردەسـتدا بێـت، سـەرناکەوێ!

هەرکەسـێکیش لـە ناخـدا خۆڕاگـر بـێ و خـۆی بـە سـەرکەوتوو بزانـێ، هـەر سـەر دەکـەوێ، لەوانەیـە ماوەیەکـی زۆری پـێ بچـێ تـا سـەر دەکـەوێ، بـەڵام هـەر سـەر دەکـەوێ!.

الوطن

٢٠١٧/١٢/٤

## تەنها بە جوان زانینە!

ماوەی چەندین ساڵ لە ژووری مامۆستایان لەسەر تەختەڕەشەکە (وتەی ئیمڕۆ)م دەنووسی، دواتر بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بیرۆکەیەک هات بە مێشکمدا: بۆچی وێنەی وتەکە نەچرکێنم و بڵاوی نەکەمەوە؟!

بیرۆکەکەم پێ باشبوو، وەک لای جەنابتان ڕوونە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویدەکەمەوە...

تا ئێرە شتێکی ئاساییە و دروست نییە باسبکرێت، چ جای وتارێکی بۆ تەرخان بکەم!

بەڵام ئەوەی پاڵنەرم بوو بۆ ئەمە، یەکێک لە هاوڕێکانم لە قوتابخانە بە گەرمییەوە هەواڵی پرسیم بۆ ئەوەی لە دۆخم دڵنیابێت، یان لەوەیە حەزی شتزانین بووبێت، وەک چۆن نەریتی مرۆڤەکانە، پرسی خۆ خیانەت و ناپاکیت بەرانبەر نەکراوە؟!

سەرەتا سەرم سووڕما لە پرسیارەکەی، دواتر پرسیاری ئەو هۆکارەم لێی کرد کە وای لێکردووە ئەو پرسیارەم لێ بکات!

پێی وتم وتەکانی ئەم کۆتاییەت دەچێتە ژێر ئەو بابەتەوە!

پێم وت: ئەو کەسەی لەبارەی مردنی (نبض)ـەوە بەو شێوە خەمناکە نووسی، بەبێ ئەوەی خۆشەویستەکەی لەدەستبدات، ئەو کەسەی لە بارەی دووگیانبوونی ئەسماوە بەو جۆرە واقعیە

Tanya Hajji

نووسی بەبێ ئەوەی خۆی ئەو حاڵەتەی ئەزموون کردبێت، لەبارەی نووسینەکانیەوە پرسیاری لێ ناکرێت!

هاورێ گیان شتەکە تەنها بە جوان زانینە!

ئەوەی بۆ دۆخی نووسەر ڕاستە، بۆ دۆخی خوێنەریش ڕاستە، هەموو ڕستەیەک کە دایدەنێین مەرج نییە ئەو واقیعە بێت کە تێیدا دەژین، یان ئەزموونێک بێت و پێیدا تێپەڕ ببین، تەنها بە جوان زانینە!

ئەو کەسەی ئەم وتەیە دادەنێت: (هیچ شتێک لە کەوتنی ماسکەکان بە ئازارتر نییە)، مەرج نییە ماسکی کەسە ناسراوەکانی کەوتبێت، ئەوەی لە شتەکەدایە سەرسام بووە بە وتەکە، تەنها بە جوان زانینە!

ئەو کەسەی ئەم وتەیە دادەنێت: (بە توندی ڕقیان لێدەبێت و بە وردی چاودێریت دەکەن!)، مەرج نییە کەسێکی بوغزێنراو و چاودێریکراو بێت، بەڵکوو لەوەیە زۆر باشبێت و کەسانی چواردەوری خۆشبوێت و ئەوانیش خۆشیان بوێت، ئەوەی لە شتەکەدایە سەرسامبووە بە وتەکە، تەنها بە جوان زانینە!

ئەو کەسەی ئەم وتەیە دادەنێت: (یەکەم کەرامەتمە و دەیەم تۆ!)، مەرج نییە کەسێک هەبێت کەرامەتی لەکەدار بکات و بیسڕێتەوە! لەوەیە کەسانێکی لەگەڵ بێت گرنگی بە کەرامەتی بدەن، وەک چۆن ئەو گرنگی بە کەرامەتیان دەدات، ئەوەی لە شتەکەدایە سەرسام بووە بە وتەکە، تەنها بە جوان زانینە!

ئەو کەسەی ئەم وتەیە دادەنێت: (بۆ یەکێکیان، تۆ هەموویانیت)، مەرج نییە عاشقێکی شەیدابێت، مەرجیش نییە بیەوێت پەیامێک بۆ کەسێک بنێرێت، لەوەیە ئەو یەکە هەر بوونی نەبێت، یان لەوەیە لەگەڵ کەسێکی بێت کەسەکە هەر ئاگای لێ نەبێت، بۆچی دەبێت

وا پێویست بکەین هەر کەسێک ویستی شتێک بڵێت، پێوستە پێی ڕابگەیەنێت، ئەوەی لە شتەکەدایە سەرسام بووە بە وتەکە، تەنها بە جوان زانینە!

ئەو کەسەی ئەم وتەیە دادەنێت: (وا دەربخە پێویستت پێیان نییە، گەرچی زۆریش پێویستت بەوان بوو!) مەرج نییە پێویستی بە کەسێک بێت! لەوەیە لە ترۆپکی بێ پێویستیدا بێت، لە تۆ زەنگینتر بێت، هێندە خۆشەویستی هەبێت کە بە خەیاڵتدا نەهاتبێت، ئەوەی لە شتەکەدایە سەرسام بووە بە وتەکە، تەنها بە جوان زانینە!

واز لە خەڵکی بهێنە، لە دوای هەموو قسەیەک بە دوای قسەی تردا مەگەڕێن، خودا فزوڵییەت لەناوببات!

الوطن

٢٠١٧/١٢/٧

## جوامێری لە نێوان خەڵکدا مەکوژن!

ساڵی ١٨٨٠، خانمە شازادەی تایلەند بە خنکان مرد، ئەو بەلەمەی ئەوی تیا بوو، وەرگەڕا و یەک پاسەوان نەیوێرا بە فریای شازادە خانم بگات، هەموویان بەیەکەوە تەماشایان دەکرد و ئەویش هەناسەکانی کۆتایی ژیانی بەڕێکرد، یاسا دەیگوت: تۆڵەی دەست دان لە جەستەی شازادە خانم، مەرگە!

بێگومان من دژی یاسا نیم، پێم خۆشە سەرکردەکان سام و هەیبەتێکیان هەبێ، بەڵام بەشێوەیەکی ماقووڵانە، لە گەڵ بەهاکانی مرۆڤدا دژ نەبێ، ئەوەی کە من دوژمنایەتی دەکەم ئەو یاسایەیە کە جوامێری لەنێو خەڵکدا خەفە دەکات و دەیخنکێنێ!

ئەگەر شۆفێرێک بە ئۆتۆمبێل لە کەسێک بدات و نەوەستێ و هەڵێ، تۆیش کابرای داماو ببینی لە خوێندا دەگەوزێ و خەریکە گیانی دەردەچێ، ویژدانت ئازارت دەدات بەو شێوەیە بەجێیبێڵی، دەیخەیتە ناو سەیارەکەی خۆت و دەیبەی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پێش ئەوەی بگەیتە نەخۆشخانە کابرا دەمرێ! باشە تۆ دڵنیای کە ئەو تاوانە ناخەنە ئەستۆی تۆ؟!

ئەگەر پۆلیس بێ و تۆ کەلەپچە بکەن و تۆیش هەزار و یەک سوێندیان بۆ بخۆی کە تەنیا کارێکی مرۆڤدۆستانەت کردووە و تۆ

لەو پیاوەت نەداوە، ئایا بڕوات پێ دەکەن؟ وازت لێ دەهێنن؟

خەڵکی ئاوایە! پیاوەتی و جوامێری لە ناو یەکدا دەکوژن، تۆڵە لە تۆ دەسێننەوە و دەبێ تۆ خوێنباییەکەی بدەی! جارێکی تر کەسێک، داماوێکی بینی کە خەڵتانی خوێنە، یان لە شوێنێکدا کەوتووە، ڕووی خۆی لێ وەردەگێڕێ و دەڕوا، نایەوێ وەک تۆ تووش ببێ!

زۆرێک لە کار و کردەوە و یاساکانی ئێمە پیاوەتی و جوامێری دەکوژن!

ئەو کەسەی پارەیەک بەقەرز وەردەگرێ، بەڵام نایژمێرێ، ئەوە دەیەوێ ئیتر هیچ کەسێ دەستی هاوکاری بۆ داماو و لێقەوماوێ درێژ نەکات، وەک دەڵێن: خۆم نەمردم، بەڵام خەڵکم بینی گیانی دەرچوو!

کابرا لە دەرگای ماڵێک دەدات و داوای کچیان لێ دەکات، ئەوانیش پیاوانە کچی خۆیانی پێ دەدەن، هاوکاری دەکەن، مارەیی لەسەر گران ناکەن، وەک کوڕی خۆیان خەمی بۆ دەخۆن، کچەکەی خۆیانی وەک چەپکەگوڵێکی جوان پێ دەدەن، کەچی ئەو لە پاداشی ئەو هەموو چاکەیەدا، لەگەڵ کچەکە بە خراپی دەجووڵێتەوە، بە کرێکار و کۆیلەی دەزانێ، تووڕەیە، تاڵە، سەربەقاڵە، هەر لەبەر ئەوەی مارەیی کەم بووە، ئیتر بێخەم بە کەیفی خۆی ئازاری دەدات و ترسی تەڵاق و دادگا و بێنەوبەردەی نییە!

خەزوری داماویش بڕیار دەدات بۆ کچەکانی تری، ئاگای لە خۆی بێت! چاکە و پیاوەتی لەگەڵ کوڕی خەڵکدا نەکات، هەرکەس هاتە داخوازی کچەکانی، ئەمەندە مارەیی داوا بکات، بە حەوت پشت نەتوانن فەراهەمی بکەن، لەژێر قەرزی مارەییدا بناڵێنێ، تا ئیتر نەتوانێ بە خراپی لەگەڵ کچەکەیاندا بجووڵێتەوە!

زاوای یەکەم، چونکە ناپیاو بوو، پیاوەتی خەزورەی کوشت و خنکاندی!

ئەوەندە خراپەکار زۆر بووە، ئەگەر کەسێ بیەوێ چاکە بکات، وا دەزانن سەرکێشی دەکات، ئەگەر کەسێ بیەوێ پیاوەتی بکات، وا دەزانن دەیەوێ خۆی لەناوبەرێ!

کارەکە لەوە گەورەترە کە کاری تاکە کەسێ بێ، ئەوە ژەهرێکە بەناو لەشی پیاوەتیدا بڵاو بووەتەوە و نیوەگیانی کردووە و خەریکە بەتەواوی نووزەی لێ دەبڕێ!

منداڵ بووم، داپیرم بەڕەحمەت بێت، باسێکی سەیری بۆ من گێڕایەوە، وتی:

جارێک پیاوێک ئەسپێکی زۆر نایابی هەبوو، پیاوێکی تر زۆری حەز لەو ئەسپە دەکرد، ویستی بە پارە لێی بکڕێ، بەڵام خاوەنی ئەسپەکە نەیفرۆشت، کابرای کڕیار تەواو مکوڕ بوو، بڕیاریدا بە هەر جۆرێک بووە ئەو ئەسپە بە چنگ بێنێ، دزێکی شارەزای بانگ کرد و پێی وت: ئەگەر ئەو ئەسپەم بۆ بدزی، پارەیەکی باشت پێ دەدەم!

دزە ڕۆژێک لە بن دارێکدا لەسەر ڕێگەی کابرای خاوەن ئەسپ، خۆی دا بە زەویدا و وای دەرخست کە نەخۆشە!

کابرای خاوەن ئەسپ لە ئەسپەکەی دابەزی و دزی بەناو نەخۆشی سەرخست و ڕێشمەی ئەسپەکەی گرت و ویستی ڕایکێشێ و نەخۆشەکە بگەیەنێتە ئاوەدانی!

دزی بەناو نەخۆش وتی: کاکە گیان ئەزیەت مەکێشە! من کەی شایەنی ئەوەم تۆ ڕێشمەی ئەسپم بۆ بگری و ڕایکێشی؟

کابرای خاوەن ئەسپ وتی: نا ئاساییە برا، تۆ نەخۆشی!

دزی بەناو نەخۆش وتی: نا من ڕازی نابم تۆ ڕێشمەکە بگریت، هیچ نەبێ من خۆم دەیگرم، با لەوە زیاتر خەجاڵەت نەبم!

کابرای خاوەن ئەسپ ڕیشمەکە دا بە دەستی دزی بەناو نەخۆش، کتوپڕ دزە ڕاستبوویەوە و ئەسپەکەی فڕاند!
کابرای خاوەن ئەسپ هاواری کرد و وتی: توخوا نەڵێی دزیومە. بڵێ: کڕیومە، با خەڵکی لە پیاوەتیکردن سڵ نەکەنەوە، دەترسم ئیتر کەس نەوێرێ پیاوەتی بکات!

الوطن
٢٠١٧/١٢/١٠

# ڕێزی خۆت بە با مەدە!

ئەوێ دەمێ بەریتانیا هیندستانی داگیرکردبوو، ئەفسەرێکی بەریتانی زللەیەکی دابوو لە پیاوێکی هیندی و بە دەما خستبووی، پیاوە هیندییەکەش نەیکردبوو بە نامەردی زللەیەکی جانانەی لە ئەفسەری داگیرکەر دابوو بە دەما خستبووی!

ئەفسەرەکە ڕۆیشتەوە بۆ لای ژنەڕاڵ و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، دوایی داوای لێکرد و وتی:

قوربان فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەربکە! ئەو پیاوە سووکایەتی بە سوپای بەریتانیا و بەتایبەتیش بە جەنابت کردووە!

ژەنەڕاڵ وتی: نەخێر! ها ئەوە پەنجاهەزار ڕوپیەیە، بیبە بۆی و داوای لێبووردنیشی لێ بکە!

پیاوە هیندییەکە پەنجاهەزار ڕوپیەکەی وەرگرت، لەمێژبوو خەوی بە بازرگانییەوە دەبینی، بەڵام پارەی نەبوو، پەنجاهەزارەکەی کرد بە سەرمایە و دەستی دایە بازرگانی، دەوڵەمەند بوو، بوو بە خاوەنی کۆشک و تەلار و خزمەتکار و پاسەوان، ژەنەڕاڵەکە بانگی ئەفسەرەکەی کرد و وتی:

ئێستا برۆ بە بەرچاوی پاسەوان و خزمەتکارەکانیەوە تۆڵەی خۆتی لێ بکەرەوە!

ئەفسەرەکە ڕۆیشت بۆ مالی کابرای تازە دەولەمەندی هیندی و بە بەرچاوی خزمەتکار و پاسەوانەکانیەوە دایە بەر زللە!

کابرای هیندی بزەیەکی کرد و سەری شۆڕ کرد و هیچی نەوت!

ئەفسەرەکە گەڕایەوە بۆ لای ژەنەڕال و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە!

ژەنەڕالەکە وتی: ئەوە جاری یەکەم کابرای هیندی جگە لە ڕێز و حورمەت، هیچی تری نەبوو، بۆیە گیانی خۆی خستە مەترسییەوە و ڕێز و حورمەتی خۆی پاراست، ئێمەیش ڕێز و حورمەتی ئەومان بە پەنجاهەزار ڕوپیە کڕی، ئێستا دەولەمەندە و خاوەن بەرژەوەندییە، ڕێز و کەرامەت بە چیرۆک و ئەفسانە دەزانێ!

بەلێ ژیان وایە، مرۆڤ بەردەوام دەیەوێ ڕێز و کەرمەت لە گەلیدا بێ و بەیەکەوە بژین، بەلام زۆر کەس ڕێز و کەرامەتی خۆی دەفرۆشێ، کەمن ئەوانەی بەجوانی دەیپارێزن! ئەوانەی دەیپارێزن لە وەلامی هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ مامەلە بە ڕێز و کەرامەتیانەوە بکەن، دەلێن: پەنا بە خوا!

کەمجار هەیە شتەکان وەک ئەم بەسەرهاتەی ئەفەسەرەکە و کابرای هیندی ڕوون و ئاشکرا بووبێ، من وازهێنان لە ڕێز و کەرامەت ناو نانێم: تەنازول! بەلکو پێی دەلێم: خیانەتی هەرە گەورە!

زۆربەی جار لە جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانە و ژیاندا، ڕێز و کەرامەتی ئێمە لەسەر سەنگی مەحەکە!

بەناوی خۆشەویستی: کەسی وا هەیە پێی شەرم نییە بکرێ بە پەڕۆی سفرە سڕین، دوایی خۆی دلی خۆی خۆش دەکات و دەلێ: لە خۆشەویستیدا ڕێز و حورمەت نییە!

ئیتر لەبیری چووە ئەو کەسانەی ئەمیان لە نێوان دوو بەرداشی دل و ڕێزدا داناوە، ئەمانیش دل هەلدەبژێرن، ئەمانە شایەنی ئەوە نین پێیان بوترێ: دلدار!

شتێکی گرنگیان لەبیرچووە، ئەو کەسانەی ئێمەیان خۆشدەوێ، هەرگیز ئامادە نابن بمانخەنە نێوان هەڵبژاردنی دڵ یان ڕێز و کەرامەتەوە! چونکە ڕێزی ئێمە ڕێزی ئەوانە!

بە ناوی کار و کاسبی و نانپەیداکردن: هی وا هەیە ئابڕووی خۆی دەتکێنێ و دوایی دڵی خۆی خۆش دەکات و دەڵێ: نانی ژیان زۆر سەختە! ببڕێ ئەو نانەی کە هەویرەکەی بە ئاوی زەلیلی شێلدراوە! نان ئێمەی کردە کۆیلە!

ئیتر ئەمانە وا دەزانن نان بە دەستی خوا نییە، بەڵکوو بە دەستی خەڵکە!

بە ناوی پلەوپایە بەرزبوونەوە لە فەرمانگە: کەسی وا هەیە بۆ ئەوەی پلەوپایەی بەرز ببێتەوە، بەسەر هاوڕێکانیەوە جاسووسی دەکات و هەموو نهێنێ و قسەیەکی ئەوان، دەبات بۆ جەنابی بەڕێوەبەر!

بە ناوی ناسینی پیاوی گەورە گەورە: چەورە و لۆتی هێندە زۆربوون هەر مەپرسە!

بە ناوی مەسڵەحەتی شەرعی: ڕیش و جبە و مێزەریان بە چەند دینارێکی کەم فرۆشت، قورئان فێر دەبن و دوای ئیبلیس دەکەون.

هەندێ جار نەزانین شانازییەکی زۆر مەزنە! خۆگێلکردن جوانترین ئاکارە! خۆکوێرکردن هەر مەپرسە!

ئەمانە هەموو ئەگەر لەپێناو پاراستنی شان و شکۆی خەڵکیدا، بێبێگومان کاری چاکن، بەڵام ئەگەر بۆ خۆبردنەپێش و خۆناساندن و... بێ، ئەوا بێگومان ڕێز و حورمەت و کەرامەت، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە! دەکەوێتە ژێر پێڵاوەوە!

ڕێز و حورمەت لە خۆشەویستی و لە نان و تەنانەت لە خودی خۆشت گرنگترە! مرۆڤ بەبێ ڕێز و حورمەت، پوولە سووتاوێک ناهێنێ!

الوطن

٢٠١٧/١٢/١٢

## واز لە جیهان بهێنە و خۆت بگۆڕە!

ئەفسانەیەک دەڵێت:

دەگێڕنەوە پادشایەک حوکمی دەوڵەتێکی گەورەی دەکرد، ڕۆژێک ویستی گەشتێکی درێژ بە مەملەکەتەکەیدا بکات، بەهۆی سەختی ڕێگا و دڕکەوە، پێیەکانی ئاوسان، هەربۆیە فەرمانی دەرکرد هەموو ڕێگاکانی مەملەکەت بە پێستە رووپۆش بکرێن، بەڵام یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی پێی وت: جەنابی پادشا ئەمە مەحاڵە، جەنابتان پێتان چۆنە پارچەیەک پێستە بخەینە ژێر پێیەکانت، بەمجۆرە هەموو ڕێگاکان بەوشێوەیە دەبن کە دەتەوێت! پادشا بە بیرۆکەکە سەرسام بوو، بەمشێوەیەش پێڵاو هاتە بەرهەم!

هەمووان دەیانەوێت جیهان بگۆڕن، بەڵام کەس نایەوێت خودی خۆی بگۆڕێت، لە کاتێکدا هەر دەمێک مرۆ خۆی گۆڕی، خۆسەری جیهان دەگۆڕێت!

حەقیقەتی ئەم جیهانە لەو چاوەدایە کە لەڕێیەوە تەماشای دەکرێت، هەموومان هەمان چاومان هەیە، بەڵام هەمان تێڕوانینمان نییە!

بە نموونەیەک ئەم باسە ئاسان دەکەم:

دوو پیاو منداڵەکەیان لەدەست دەدەن.

یەکەم دەڵێت: ئەری خودا هەر من دەبینێت هەتا تاقیم بکاتەوە!

تەماشاکردنی موسیبەت لەم لایەنەوە، ژیانی لێ دەکات بە دۆزەخێک، کە بەرگەی ناگرێت!

دووەم خەمبار دەبێت، چونکە مرۆڤە، دەسووتێ، چونکە باوکە، بەڵام ڕازی دەبێت و بە ئەدەب دەبێت لەگەڵ خودادا.

نە ناڕازیبوونی یەکەم منداڵەکەی بۆ گەڕاندەوە، نە ڕازیبوونی دووەمیش منداڵەکەی بۆ گەڕاندەوە، بەڵام جیهان لە چاوی کەسی یەکەمدا، تەواو جیاوازە لەو جیهانەی لە چاوی کەسی دووەمدا هەیە.

لە گوندێکی بچووکدا، بنمیچی ماڵەکان درزیان بردووە، بارانیش بەلێزمە دەبارێت، ئاوەکە لە بنمیچەکەوە تکە دەکات و دێتە ماڵەکەوە، یەکەم جوێن بە بارانەکە دەدات و دووەمیش هەوڵدەدات بنمیچەکەی باش بکات!

کە دووبارە باران دەبارێتەوە، باران دەچێتە ماڵی یەکەمەوە و ئەمە لە ماڵی دووەمدا ڕوونادات، یەکەم دەیەوێت جیهان بگۆڕێت و ئاسمان بارانی خۆی بگرێتەوە، چونکە بنمیچەکەی تکە دەکات، دووەم دەزانێت کێشەکە لە باراندا نییە، بەڵکوو لە بنمیچی خانووەکەیدایە، هەربۆیە چاکی کرد!

ئەم دونیایە هەروا دەمێنێتەوە، باران لە لێزمە ناوەستێت و خۆشەویستانمان هەتا سەر ناژین و زانکۆکان نابنە خۆڕایی و چارەخانەکان وەرتناگرن هەتا پارەت پێ نەبێت، کارکردن هەر ناڕەحەت دەبێت، سەرکەوتن هەر سەخت دەبێت، ماڵەکانیش بێ کێشە و ناکۆکی نابن!

ئەو کەسەی بنمیچەکەی ڕزیوە و دەیەوێت بارانیش نەیتەپێنێت!

ئەو کەسەی منداڵی هەیە و دەیەوێت بۆ هەتاهەتایە بژی!

ئەو کەسەی کارێکی ئاسانی دەوێت، سەرکەوتنێکی بێ نارەحەتی دەوێت، دەیەوێت بازاڕبکات بە بێ پارە، ئەوە لەسەر هەسارەیەکی هەڵەیە، پێویستە خۆی بگۆڕێت، یان لە هەسارەیەکی تردا بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێ!

الوطن
٢٠١٧/١٢/١٤

## تۆ گەورەی ئەم جیهانە نیت!

ئەندازەی زەوی بە نیسبەت ئەم گەردوونەوە، زیاتر نابێت لە ئەندازەی دڵۆپێک ئاو لە زەریایەکدا، لەگەڵ ئەمەشدا یەکێک لە دانیشتووانی ئەم هەسارەیە ڕۆژێک وتی: ﴿فَقَالَ أَنَا رَبُّكُمُ الْأَعْلَىٰ﴾.

واتە: من پەروەردگاری هەرە بەرز و بڵندی ئێوەم!!

ئەوەی گومانی وابوو پەروەردگاری باڵایە، پەروەردگاری باڵامان ئاوی ڕووباری کرد بە قورگیدا، دواتر لاشەکەی لە کەناری ڕووبارەکەدا فڕێدا، بۆ ئەوەی بۆ کەسانی دواتر ببێتە ئایەتێک! ئایەتەکان چەندێ زۆرن و پەندوەرگرەکانیش چەندێ کەم! ئێستاش کەسانێک هەن پێیان وایە خۆیان سەنتەری گەردوونن و پێویستە هەمووان لە فەلەکی ئەواندا سووڕبخۆن، بۆ ئەوەی تۆیش لەوانە نەبیت، چاوت بخە سەر ئەم وتانە:

١. تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی خۆشەویستی بەدەستبهێنیت ئەوەیە پێشکەشی بکەیت! بۆ ئەوەی هەست بە خۆشەویستی بکەیت پێویستە لەسەرت وا لە کەسانی تر بکەیت هەستی پێ بکەن! زۆر گەمژەییە سەتڵ و سەللەکەت هەڵبگریت و بچیت بۆ سەر زەوییەکەت، کە هیچت تێدا نەچاندووە، دواتر چاوەڕێش بکەیت بە هەگبەی پڕەوە بگەڕێیتەوە. بۆ ئەوەی درووێنە بکەیت، سەرەتا پێویستە تۆو بکەیت!

٢. مرۆڤەکان بەردەوام لە گۆرانکاریدان، بەرگدووری لێهاتوو ئەگەر پۆشاکێکت بۆ ببڕێت، دوای مانگێک بچیتەوە بۆلای، دووبارە ئەندازەت دەگرێتەوە، هەرچەندە ئەندازەی پێشووتی لەلایە!

تۆیش بەرگدوورێکی لێهاتوو بە، ئیمڕۆ ئەو کەسەی سالی پێشوو نیت، هەربۆیە چاوەڕێ مەکە کەسانی تریش وەک خۆیان بمێننەوە!

٣. ئەو نیگایەی لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوە زۆربەی خەڵکی سەر زەوی بەراستیان نەزانی، ئەمە لە کاتێکدا نیگایە، هەربۆیە چاوەڕێ مەکە هەموو خەڵکی چەپڵە بۆ وتەکانت لێبدەن، هەرچەندە لەلای خۆت ڕاستبن، بیرت بێت تۆیش چەندین بیرۆکە ڕەتدەکەیتەوە کە لەلای خاوەنەکەی ڕاستە، هەر بۆیە ئەو مافە لەوانی تر مەسەنەوە کە وتە و بیرۆکەی تۆ ڕەتبکەنەوە!

٤. ئەو ڕێگایەی هەڵتبژاردووە بیگریتە بەر، ڕێگای خۆتە، هیچ کەسێک لە دانیشتووانی ئەم هەسارەیە، داوالێکراو نییە یەک هەنگاو لەبری تۆ بنێت، ڕاستە هیچ شتێکی تێدانییە گومانی باش بە خەڵکی ببەیت، بەڵام گومانی باشبردن شتێکە و پەیوەستکردنیان بەوەی وەک گومانە باشەکەت بن، شتێکی ترە، چاوەڕێی ئەوە مەکە یەکێکیان وەک فریشتە وابێت، تەنها لەبەر ئەوەی تۆ وات داناوە بەوشێوەیە بێت، بە ڕێگاکەی خۆتدا بڕۆ، وەک ئەوەی تەنها خۆت لەسەر ئەم زەوییە دەژیت!

٥. ئیبن خەلدوون دەڵێت، گەر جیاوازی حەزەکان نەبووایە کاڵاکان خراپ دەبوون! ئەو شتانەی لای تۆ لەپێشین و سەرەکین، لای کەسێکی تر شتگەلێکی لاوەکین، بە پێچەوانەشەوە. خەڵکی خاوەنی ژیانی خۆیانن، مافی خۆیانە بەوشێوەیە بژین کە دەیبینن. خۆت ڕابهێنە لەسەر ئەوەی جیاوازی بەشێکی سەرەکی ئەم ژیانەیە!

٦. هەندێ جار مرۆڤەکان لە خۆیشیان تێناگەن، سەرت نەسوورمێت گەر بەهەڵە لێت تێگەیشتن!

٧. تۆ تەنها یەک بەشی وێنەکە دەبینیت، چەندین بەشی تری هەیە کە تۆ نایبینیت، بەجۆرێک بڕیار مەدە وەک ئەوەی هەموو شتێک دەبینیت!

ئەو دەمەی منداڵبووم لە دڵی خۆمدا دەمگوت: خۆزگەم بە باوکم، کەس فەرمانی بەسەردا ناکات و فەرمان دەکات بەسەرماندا، بەڵام ئێستا کە بوومەتە باوک، دەڵێم چەندێ ئاسانە منداڵ بیت و چەندێ دژوارە باوک بیت!

ئەو دەمەی خوێندکاربووم دەموت: چەندێ خۆشە مامۆستا بیت، نە وانە دەخوێنێت، نە هیچیش ئەزبەر دەکەی، وانەکە شرۆڤەدەکات و دەڕوات، بەڵام ئیمڕۆ کە بووم بە مامۆستا دەڵێم: چەندێ خۆشە خوێندکار بیت!

٨. خەڵکی لە ئاوەزدا جیاوازن، ئەو شتەی تۆ بە بەڵگە نەویستی دەزانیت، کەسێکی تر کاتێکی باشی پێویستە هەتا پەی پێ بەرێت، تۆیش پێویستت بە کاتە هەتا پەی بەو شتانە ببەیت کە کەسانی تر پەیان پێ دەبەن، لەوەیە هەر پەیان پێ نەبەیت، هەربۆیە (پاولۆ کۆیلۆ) خاوەنی ڕۆمانی (کیمیاگەر)ە نەک تۆ، (بیل گیتس) خاوەنی (مایکرۆسۆفت)ـە نەک تۆ!

٩. کە تۆ توانیت کارێک ئەنجام بدەیت، واتای ئەوە نییە جگە لە تۆ دەتوانێت!

یاریزانی تۆپی پێ، نەوەد خولەک ڕادەکات، من و تۆیش یەک چارەک ڕابکەین، دەکەوینە هەناسە برکێ، گەرچی بشتوانیت نەوەد خولەک ڕابکەیت، ئەوا سەدا نەوەدی دانیشتووانی سەر زەوی ناتوانن ئەو کارە بکەن!

١٠. لە یەکەمین ئامۆژگاریدا پێم گوتی:

تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی خۆشەویستی بەدەستبهێنیت ئەوەیە پێشکەشی بکەیت، زۆرباشە، کاتی ئەوەیە پێت بڵێم؛ چاوەڕێی ئەوە مەکە کەسانی تر بەهەمان ئەو شێوەیە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت!

الوطن

٢٠١٧/١٢/١٧

## ژیانی خۆتە!

جوحا و کوڕەکەی بڕیاریان دا بچن بۆ شار، بۆ بەدەستهێنانی هەندێک پێداویستی کە لە گوندەکانی چواردەوریاندا بوونی نەبوو، سەر گوێدرێژ کەوتن و ڕێگایان گرتەبەر، کە گەیشتنە نزیکترین گوند، خەڵکی وتیان: ئای ئەم دووانە چەندێ دڵڕەقن! ڕەحمێک بەو گوێدرێژە ناکەن و هەردووکیان سەرکەوتوون!

کوڕەکەی دابەزی و جوحاش لەسەر پشتی گوێدرێژەکە بوو، کە گەیشتنە گوندی دواتر، خەڵکی وتیان: ئای ئەم باوکە چەندێ داگیرکەرە، خۆی لەسەر پشتی گوێدرێژەکەیە و کوڕەکەیشی دەناڵێنێت بە دەست ناڕەحەتی ڕێکردنەوە!

جوحا دابەزی و کوڕەکەی سەر پشتی گوێدرێژەکە کەوت، کە گەیشتنە کۆتا گوندی پێش شارەکە، خەڵکی وتیان: ئای ئەم منداڵە چەندێ بۆ باوکی خراپە، خۆی سەر گوێدرێژەکە کەوتووە و باوکیشی پیادەیە!

ئەمجارە هەردووکیان بە پێ ڕێیان دەکرد و کەسیان لەسەر پشتی گوێدرێژەکە نەبوون، ئەو دەمەی گەیشتنە شارەکە...

خەڵکی وتیان: ئای لەم دوو گەمژەیە، بە پیادەیی ڕێدەکەن لەکاتێکدا گوێدرێژێکیان پێیە!

هەر بەم بۆنەیەوە جوحا کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئەم پیاوە

بۆتە ئایکۆنێک و هەر کەسێک چیرۆکێک بنووسێت و کەمێک گەمژەیی تێدابێت، دەیداتە پاڵ جوحا!

وەک چۆن هەموو شیعرێکی غەزەل، کە وێژەرەکەی نازانرێت، دەدرێتە پاڵ (بەنی عوزرە)، هۆزە عاشقەکەی عەرەب!

هەروەها هەموو بەسەرهاتێکی نامۆ، دەدرێتە پاڵ (ئەسمەعی)، هەتا وای لێهاتووە خەڵکی بە درۆزنی بزانن، لەڕاستیدا یەکێکە لە متمانەپێکراوترینی عەرەب لە چیرۆک و بەسەرهاتەکاندا و بە وردی و بە ئەمانەتەوە شتەکان دەگێڕێتەوە!

هەروەها هەموو چیرۆکێک لەبارەی ڕژد و قرچۆکی بێت، دەدرێتە پاڵ خەڵکی (مەرو) لەدوای ئەوەی (جاحیظ) کردنی بە قیبلەی قرچۆکی!

ئێرە شوێنی بەستنەوەی ئەسپ و تەویلەی قسان نییە!

هەربۆیە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو چیرۆکەی دەستم پێی کرد!

خەڵکی هەر خەڵکییە لە هەموو سەردەمێکدا! یەکێک لە گەورەترین خولیاکانیان ئەوەیە لە کاروباری خەڵکدا خۆیان هەڵقورتێنن! زۆربەی کات خۆیان تەرخان دەکەن بۆ دیاریکردنی کێشەی کەسانی تر و دانانی چارەسەر بۆیان، هەرچەندە گەر خۆیان تەرخان بکردایە بۆ دیاریکردنی ئاریشەکانی خۆیان و چارەسەرکردنی، کاتیان نەدەبوو بۆ ئاریشەی کەسانی تر، بەڵام زۆربلێیی و خۆهەڵقورتاندن سیفەتێکی ڕەسەنی دانیشتووانی ئەم سەر زەوییەیە!

خراپترین شت لە کارەکەدا ئەوەیە، هەندێ جار نازانیت چ شتێک خەڵکی ڕازی دەکات، هەتا ئەنجامی بدەیت!

ئەو کەسەی ڕاوێژ بە ژنەکەی دەکات، لەلای ئەوان موونەرمە، ئەوەی ڕاوێژی پێناکات، لەلای ئەوان داگیرکەرە!

ئەوەی گوێڕایەڵی مێردەکەی دەکات، لەلای ئەوان کەسایەتییەکی لاوازی هەیە، ئەوەی گوێڕایەڵی مێردەکەی ناکات، لەلای ئەوان کوڕانییە!

٥

ئەو کەسەی دوو کار دەکات بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی دابین بکات، لەلای ئەوان بۆ ئەوەیە دونیا بخوات، بەڵام کە دەبینن کەسێک کارەکانی بۆ ئاسانبووە و خۆی زۆر ماندوو ناکات، دەپرسن: بۆچی بەدوای کاری دووەمدا ناگەڕێت!

ئەو کچەی هاوسەرگیری دەکات و کاتێکی باش بۆ مێردەکەی تەرخان دەکات، لەبارەیەوە دەڵێن: داماوە زیرەکبوو خۆی فەوتاند، ئەو کچەی هاوسەرگیری دەکات و بەردەوامی دەدات بە خوێندنەکەی، دەپرسن: بۆچی خۆی یەکلای ناکاتەوە بۆ مێردەکەی!

ئەو کەسەی هاوڕێی هەیە و لەگەڵیاندا دەچێت بۆ یاریگا و کافێکان، لەلای ئەوان کەسێکی وێڵ و بێئامانجە، ئەو کەسەی دەخوێنێت و هەوڵدەدات، کاتەکانی لە نێو کتێبدا بەسەردەبات، لەلای ئەوان کەسێکی داخراوە!

ئەوە ژیانی خۆتە، بەوشێوەیە بژی کە پێت خۆشە، مادەم قەناعەتت وایە کارێکی ڕاست دەکەیت، لە چاوی ئەواندا بۆ بەهای خۆت مەگەڕێ، هێندە بەسە لە چاوی خۆتدا مەزن بیت!

گەر گومانت وایە دەتوانیت لە قسەی خەڵکی ڕزگارت بێت، بە چاوپۆشی لەو دۆخەی تێیدایت، ئەوا تۆ خەڵکیت نەناسیوە، خەڵکی ئەوانەن کە بە پێغەمبەری خودایان(ﷺ) دەوت جادووگەر و شێتە!

ئەو دەمەی هیچ هەڵەیەکیان لە پێغەمبەر لوطدا نەبینی، وتیان:

﴿أَخْرِجُوٓاْ ءَالَ لُوطٍ مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ﴾ واتە: لووط و شوێنکەوتووانی لە شارەکەتان دەربکەن، بەڕاستی ئەوان کەسانێکی پاکن.

الوطن

٢٠١٧/١٢/١٩

## ئەرکی ماڵەوە!

ساڵی ١٩٥٠ لە ئیتاڵیا مامۆستایەک بە ناوی (ڕۆبیرتۆ نیفلز) سزایەکی نوێی بۆ قوتابییەکانی داهێنا، سزاکەش ئەوە بوو هەر قوتابییەک سەرپێچی یان کەمتەرخەمی بکردایە، ئەوا نووسینەوەی وانەی ناوماڵی دەخستە ئەستۆی!

ئیتر لەو کاتەوە ئەو داهێنانە بوو بە شتێکی سەیر و سەمەرە و کردیان بە بەرنامە، خۆ شتی باشتر و زۆر جوانتر هەیە، وەک سزا بیسەپێنن بەسەر قوتابیدا، بەڵام وەک بڵێی قسەی ڕۆبیرتۆ قسەی (پەنا بەخوا) پێغەمبەرێک بێت، ئاوا گرتیانە گوێ و کاری پێ دەکەن!

ئەو مرۆڤە دڕندەیە نەک هەر بووە مایەی سزادانی قوتابییەکانی خۆی، بەڵکو بووە مایەی سزادانی هەموو قوتابیانی ئەم سەر زەوییە!

هەر لەو کاتەوەی منداڵ بووم و بووم بە قوتابی -ئێستایشی لەگەڵدا بێت- ڕقم لە نووسینەوەی وانەی ناو ماڵەوەیە، بەڵام چی بکەم؟ منیش وەک ئەو هەموو قوتابییە! بە زۆری زۆرداری دەبوو وانەکانم بنووسمەوە، لە بەدبەختی بێ، یان خۆشبەختی، دایک و باوکم لەسەر دوو شت هەرگیز گفتوگۆیان لەگەڵ من نەدەکرد و بە بێ قسە و باس دەبوو بیانکەم، یەکەمیان نوێژ، دووەمیان نووسینەوەی وانەکان! ئیتر هەموو شتێکی تر لێخۆشبوون دەیگرتەوە!

ئێستا کە خۆم بووم بە مامۆستا -بەگوێرەی پێویست نەبێ- هەرگیز وانە نادەم بەسەر قوتابییەکاندا لە ماڵەوە بینووسنەوە، زۆرم پێ سەیرە هەندێ مامۆستا ئەو کارەیان پێ پێویستە و بە شتێکی گرنگی دەزانن!

با قسەیەکی تریشتان بۆ بکەم: ساڵی پار مامۆستاکان برە وانەیەکیان دەستنیشان کرد بۆ قوتابییەکان تا لە پشووی هاویندا لە ماڵدا بینووسنەوە، منیش رۆیشتمە پۆلەوە، هەندێ شتم بۆ دیاریکردن، وتم: دەبێ لەسەر دەفتەری یادگارییەکانتان بینووسنەوە، شتەکان بەمجۆرە بوون:

هیچ مەخوێنن! بۆخۆتان لێی دانیشن، گوێ لە چیرۆک بگرن و چا و قاوە بخۆنەوە، بێخەم لێی پاڵکەون، هەموو رۆژێ بەشی وانە خوێندن کات هەیە، بەڵام خۆشبەختی بەردەوام بەردەست نییە!

قوتابیانی بنەڕەتی قوتابخانەکانی ئێمە جانتایەک هەڵدەگرن، کە بە ئەندازەی چارەکێک لە کێشی خۆیان قورسە! ئەڵێی کۆڵەپشتی سەربازی ئەمریکییە! هەر ئەوەندەی ماوە (بسم اللە)ی لێی بکەین و دەست بە جەنگ بکەین! جا ئەم قوتابییە هەژارە، منداڵە، داماوە، سێیەکی رۆژەکەی لە قوتابخانە بەسەردەبات! مامۆستای بیرکاری دەڕوات و دەیاندا بە دەست مامۆستای زانست! ئەویش دەڕوات و دەیاندا بە دەست مامۆستای عەرەبی! ئەویش بە دەست مامۆستای ئینگلیزی، ئەویش بە دەست مامۆستای کوردی... دواییش گەورەکان دەست دەکەن بە قسەی زل و دەڵێن: باشە تێناگەین بۆ منداڵ رقی لە قوتابخانەیە؟

لەجیاتی ئەوەی ژیانێکی خۆش بۆ منداڵ دابین بکەین، ژیانیان لێ تاڵ دەکەین و دەیکەین بە جەهەننەم! لە هەموو خراپتر هەموو مامۆستایەک وا دەزانێ لە خۆی باشتر بوونی نییە! دوای قوتابخانە منداڵی داماو دێتەوە بۆ بەردەست دایک و باوک و لە خۆ گەورەتر، ئەوانیش لە مامۆستا توندوتیژتر! ئەمەش رێک ئەو شیعرەم بیر دەخاتەوە کە دەڵێ:

**المستغيث بعمرو عند كربته**

**كالمستغيث من الرمضاء بالنار**

واتە:

**ئەو کەسەی پەنا بە عەمر ئەبا**

**لە ترسی گەرما ڕۆیشت بۆ ناو ئاگر**

من پێم وایە: مادەم قوتابی سێیەکی ڕۆژانەی لە قوتابخانە بە سەر دەبات و بە ئەندازەی پێویست شت فێر نابێت، ئەمە مانای ئەوەیە بەرنامەی خوێندن زۆر زۆر ناتەواو و گۆجە! بەرنامەیەکی نا مرۆڤانەیە!

ئێمە با تەماشای خۆمان بکەین، کەس تا ئێستا لە تۆڵەی شتێکدا خواپەرستی پێویست نەکردووە لەسەر منداڵەکانی، بۆنموونە کەس نەیوتووە: ڕۆڵە! مادەم ئەمڕۆ فڵانە کارت بە باشی نەکرد، دەبێ لە تۆڵەیدا سەد ڕکات نوێژ بکەیت!

باشە ئیتر بۆ لە قوتابخانە لە تۆڵەی شتێکدا دەبێ قوتابی لەماڵەوە وانە بنووسێتەوە!؟

بە لای منەوە قوتابخانەیش پیرۆزە، وەک مزگەوت پێویستە، ناکرێ ئەم سەر زەوییە بێ قوتابخانە بێ، من خۆم مامۆستام، هەتا دەمرم پشت و پەنای مامۆستایان دەبم، بەڵام دژی ئەوەم کارێک بکەین قوتابی قوتابخانە بە زیندان بزانێت!

بێگومان وانە نووسینەوە لە ماڵدا کارێک دەکات، قوتابی قوتابخانەی لێ ببێ بە زیندان! کارێک دەکات قوتابی وا هەست بکات کە لەنێو قەفەسدایە، لە ڕاستیدا خوێندیش بۆ ئەوە کراوە قوتابی باڵ پەیدا بکات، نەک خۆی بە زیندانی بزانێت!

الوطن

٢٠١٧/١٢/٢١

## کۆمەڵێک ئامۆژگاری بۆ ژیانێکی ئاسانتر!

لەوەتەی چاوم بە ڕووی دونیادا کراوەتەوە، گوێم لە خەڵکییە دەڵێن: ژیان سەخت و ئاڵۆزە!

منیش بۆچوونم وایە ژیان سەختە، (ئەحمەد شەوقی) زۆر بە جوانی تاریفی کرد و وتی: بەهێز و زەبر چنگ دەخرێت!، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوڕانیم کە ئاڵۆزە، واتە لێی تێناگەیت!

تێگەیشتن لە ژیان ئاسانە، ئەگەر بزانین چۆن تەماشای دەکەین، بۆ ئەوەی قسەکان شتێکی بەتاڵ نەبێت، ئەم ئامۆژگارییانەت پێشکەش دەکەم، کە باوەڕم وایە یارمەتیدەرت دەبن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی قووڵتر لە ژیان تێبگەیت:

١. بۆچوونی خەڵکی سەبارەت بە تۆ، تەنها تێڕوانینی خۆیانە، مەیکە بە واقیعی خۆت!

کە کەسێک پێت دەڵێت تۆ شکستخواردوویت، تەنها بۆچوونێکە و نابێتە حەقیقەتت، ئیللا ئەو کاتە نەبێت کە لە قووڵایی دەروونتەوە باوەڕت وادەبێت کەسێکی شکستخواردوویت، ڕێگەمەدە هیچ کەسێک باڵەکانت بکات!

٢. ناتوانیت ڕابردوو بگۆڕیت، بەڵام دەتوانیت سوودی لێوەربگریت، ژیانکردن لە ڕابردوودا داهاتوو تێکدەدات، پەندوەرگرتن لێی بەهێزت دەکات، هەربۆیە پەڕەکە بپێچەوە، بەڵام وانەکەی لە یاد مەکە!

٣. بڕیاری کەسەکان لەسەر شتەکان، حەقیقەتی خۆیان دەردەخات زیاتر لە حەقیقەتی شتەکان! هەربۆیە پێویست نییە لەسەرت لە کەسانی تر نزیک ببیتەوە بۆ ئەوەی لێیان تێبگەیت، تەنها بەجوانی لێیان بڕوانە لەکاتی بڕیارەکانیاندا!

٤. بەختەوەری دەگوازرێتەوە، خەمۆکیش بە هەمان شێوەیە، هەربۆیە با کەسانی چواردەورت کەسانی ئەرێنی بن و دووربکەوە لە کەسە نەرێنییەکان، وەک (ئەنیشتاین) دەڵێت: کەسانی ئەرێنی بۆ هەموو کێشەیەک چارەیان پێیە، کەسانی نەرێنیش بۆ هەموو چارەیەک کێشەیان پێیە!

٥. بەختەوەری بڕیارە نەک ئیمکانیات، لە بەهای شتە مادییەکان کەم ناکەمەوە، بە پێچەوانەوە بۆچوونم وایە پارە گالیسکەی ژیانە، بەڵام لە بەرانبەردا دەڵێم: پارە ژیان نییە! لە زۆربەی کاتدا ئەو شتانەی بەختەوەرمان دەکەن، بە پارە ناکردرێن! هەربۆیە دڵنیابە بەختەوەربوونت لە ناختەوە هەڵدەقوڵێت، خەمۆکیبوونیشت بەهەمان شێوە!

٦. ئێمە شکست ناهێنین لەو دەمەی دەکەوین، بەڵکوو لەو دەمەی دەوەستین شکست دەهێنین، هەربۆیە ئینگلیز دەڵێت: ئەو کاتەی هیلاکبووی مەوەستە، ئەو کاتە بوەستە کە دەگەیت!

(ئەدیسۆن) پێش ئەوەی گڵۆپی کارەبایی دابهێنێت، هەزار ڕێگەی تاقیکردبووەوە و سەرکەوتوونەبووبوو، بەڵام دواتر وتی، شتەکە بە هەوانتە نەچووە، ئیمڕۆ هەزار ڕێگە دەزانم کە ناتوانرێت لە ڕێییەوە گڵۆپی کارەبایی دروست بکرێت!

٧. گەر ویستت ژیانت بگۆڕیت، ئەوا بیرکردنەوەکانت بگۆڕە، ڕاستە ئەبو بەکر بیلالی ڕزگارکرد، بەڵام لە حەقیقەتدا بیلال خۆی خۆی ڕزگارکرد لەو ساتەی باوەڕی هێنا کە خۆی گەورەی نەفسی خۆیەتی!

٨. دونیا دەورە و چۆن مامەڵەبکەیت، ئاوا مامەڵەت لەگەڵ دەکەنەوە، هەموو ئاوگێرێک لەو ئاوەی دەدرێتێ کە داویەتی بە خەڵکی، ئاوی باش بدە بە خەڵکی، بۆ ئەوەی خواردنەوەکەت باش بێت! خودا زۆر لەوە دادپەروەرترە تۆ دەستت لە خێر و چاکەدا هەبێت و دواتر کە کەوتی دەستی یارمەتیت بۆ درێژنەکات، هەموو چاکەیەک کە ئەنجامی دەدەیت، دەستێکی شاراوە یارمەتییە بۆ سبەی، خودا لە خەڵکی بێپێویستت دەکات، خودا زۆر لەوە میهرەبانترە ئازارێکت پێ بچێژێت کە لەسەر کەسانی ترت ئاسان کردووە!

٩. دوودڵی وەک کورسی جووڵاو وایە لە شوێنی خۆی دەجووڵێت، بەلام یەک هەنگاو بەرەو پێشەوەت نابات! حساباتی داهاتوو بکە، خۆت ئامادە بکە، بەڵام لە یادت نەچێت کە سبەینێ بە دەستی خودایە، خودا لە جێی گومانی بەندەکەیەتی، زۆر لەوە بەخشندەترە کە کارەکانتی ڕادەست بکەیت، دواتر لێتگەڕێ بۆ دونیا یاریت پێ بکات!

١٠. پارێزگاری لە مەودایەک بکە لە نێوان خۆت و کەسانی تردا، بەیەکجار خۆت هەڵمەدە ژیانیانەوە، شارەزایانی شوفێریکردن ئامۆژگاری ئەوەمان دەکەن لە نێوان ئۆتۆمبێلی پێش خۆمان مەودایەک بهێڵینەوە، پێی دەڵێن مەودای پاراستن، ئۆتۆمبێلە شکاوەکان یەکێک هەیە چاکیان بکاتەوە، بەڵام کەم کەس هەیە دڵشکاوەکان چاکبکاتەوە، بەشێک لە خۆت بۆ خۆت جێبهێڵە!

الوطن

٢٠١٧/١٢/٢٥

## ئەو درۆیانەی کرێکەی دراوە!

لەدوای چەند ڕۆژێک لە هەڵدانی ئەو دوو بۆمبەی کە هێرۆشیما و ناکازاکیان وێران کرد، نیویۆرک تایمز ئەو چەواشەکارییانەی ڕەتکردەوە کە جیهانی دەترساند لەبارەی هێزی ئەو جۆرە بۆمبانە، لە لەناوبردنی مرۆڤ و ئاوەدانی!

(ولیام لۆرنس) سەرنووسەری بابەتە زانستییەکانی ڕۆژنامەکە، لە پەڕەی یەکەمدا وتارێکی نووسی و جەختی لەوە کردەوە هەموو ئەو چەواشانەی باسی زیانەکانی ئەو دوو شارە دەکەن، دوورن لە ڕاستییەوە، ئەو هێزی تیشکەی کە باسدەکرێت یەکێکە لە درۆکانی یابانییەکان!

ئەم وتارە پڕ درۆیە، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی خەڵاتی (پۆلیترز) بەدەست بهێنێت، دوای چەند ساڵێک دەرکەوت، لۆرنس دوو مووچەی وەرگرتووە، یەکێکیان لە نیویۆرک تایمز، ئەوی تریش لە پنتاگۆنەوە!

ئەم چیرۆکەی بۆم باسکردن، بێگومان چیرۆکێکی سێویی نییە! زۆربەی ئەو شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بۆچوونانەی لە ڕۆژنامەکاندا دەیخوێننەوە بیرکردنەوەی نووسەرەکەی نییە، بەڵکوو بیرکردنەوەی ئەو لایەنەیە کە لەلای کار دەکەن! لە حەقیقەتدا

زۆربەی نووسەرەکان چڵکاوخۆرن، بۆ ئەوانە دەنووسن کە پارەیان پێ دەدەن، بەتەواوی وەک ئەو جەنگاوەرانەی سەردەمانی پێشوو، لە ژێر ئەو ئاڵایەدا دەجەنگان کە پارەی پێدەدان، هەربۆیە شتێکی نامۆ نەبوو کە سبەینێ دژی ئەو ئاڵایە بجەنگێن کە ئیمڕۆ بەرگری لێدەکەن! چڵکاوخۆرە چەک بەدەستەکان، خۆشەویستییان بۆ هیچ بیرۆکە و دەستەیەک نەبوو، خۆشەویستی حەقیقیان بۆ گیرفانیان بوو، چڵکاوخۆرە قەڵەم بەدەستەکانیش بە هەمان شێوەن، بەڵام هەرکەسەو لەبواری خۆیدا!

سەرنووسەری بابەتە زانستییەکانی نیویۆرک تایمز، لەسەر کاغەز ئەوەی سەلماند کە بۆمبی ناوەکی هاوڕێی ژینگەیە!

ئەگەر پنتاگۆن زۆرتری لێ بویستایە، بۆنموونە باسی سوودەکانی بۆمبی ناوەکی بکات بۆ خاک و کشتوکاڵ، دەینووسی، وای دەردەخست، خستنە خوارەوەی بۆمبی ناوەکی، خزمەتە بە یابانییەکان، کە دوای چەند چرکەیەک لە خستنە خوارەوەی دوو بۆمبەکە بوون بە هەڵم!

خەڵکی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەمەدا یەکسانن! ئەمەی لێرە هەیە لەویش هەیە، لەوەیە لەوێ بە وێنەیەکی قێزەونتر بێت!

لەدوای هەر هەڵوێستێکی سیاسی حکومەتێک، وتارەکان وەک لێزمە باران دادەبارێن و باسی ئەو داناییانە دەکەن کە لە بڕیاری جەنابی فەرمانڕەوادا هەن!

هەر هەمان قەڵەمە، کە پێشتر ئاگاداری دەکردیتەوە لەسەر گەمژەیی ئەو هەڵوێستە، چونکە ئەوێ ڕۆژێ حکومەت دژی بوو!

بۆنموونە شۆفێریکردنی ئافرەت: لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا ئەو مامۆستا ئافرەتەی دەیویست بە ئۆتۆمبێلەکەی بچێت بۆ قوتابخانەکەی، لە ئافرەتێکی خراپەوە گۆڕا بۆ ئافرەتێکی تێکۆشەر لە پێناوی خودادا!

لە باسی هەڵگرتنی باجدا دەبینیت یەکێکیان زۆر بەتوندی بەرگری لە نانی هەژاران و قیستی قوتابخانە و خەرجی دەرمان دەکات، چونکە هێشتا حکومەت باجی دانەناوە، دواتر بۆ شەوەکەی حکومەت بڕیار دەدات باج بخاتە سەر شتەکان، بۆ بەیانی وتار ئامادەیە، بۆنی لێهاتوویی ئابووری لێدێت و کێشە نییە هەندێک ببنە قوربانی بۆ ئەوەی نیشتیمان سەلامەت بێت، تەنانەت پزیشکەکان قوربانی بە کۆرپەلە دەدەن بۆ ئەوەی دایکەکە سەلامەت بێت! شتەکە وەک بابەتی دارشتنی قوتابخانە وایە (لەسەر ئەم بابەتانە بنووسە)!

لە هەموو ئەمانە گرنگتر:

گەر هەموو ئەو شتانەی دەیخوێنیتەوە بە ڕاستی دەزانیت، ئەوا مەخوێنەوە!

الوطن

٢٠١٧/١٢/٢٦

## پەیامە باڵاکان!

لەبارەی شتە مەحاڵەکانەوە چوواندنێکی جیهانی هەیە، دەڵێت: وەک ئەوە وایە لەناو کادا بە دوای دەرزیدا بگەڕێی!

بڕواناکەم یەکێک لە دانیشتووانی ئەم هەسارەیە ئەم چوواندنەی نەبیستبێت، ئەم گشتاندنەم لە گومان باشیمەوەیە، چونکە هەر شتێک پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە بێت، ناتوانیت گشتاندنی بۆ بکەیت!

دوێنێ بابەتێکم خوێندەوە، (ستیڤن ساسلبر)ی ئیتالی، لەگەڵ کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسدا چووەتە یەکێک لە کێڵگەکان، مەڵۆ کایەکی گەورەی دەستنیشان کردووە و دەرزییەکی فڕێداوەتە ناوی، دواتر کاکەی تێکەڵکردووە بەسەر یەکدا... ئینجا دەستی کردووە بە گەڕان بە دوای دەرزییەکەدا، لە دوای هەژدە کاتژمێر توانیویەتی دەرزییەکە بدۆزێتەوە!

ئەو دەمەی لێی دەپرسن چ شتێک پاڵنەری بووە بۆ ئەنجامدانی ...ەمکارە بێسوودە، لە وەڵامدا دەڵێت: ئەمکارە بێسوود نییە، ویستم ...یامێک بگەیەنم:

بە تێگەیشتنەکانتاندا بچنەوە بەرانبەر شتە مەحاڵەکان!

...ەوەی لەم چیرۆکەدا پێی سەرسام بووم، ئەو ڕێگا جوانەبوو ...نجەکە گرتیەبەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە خەڵکی!

بنیادەم دەتوانێت بیرۆکەکەی بە دیاربخات، بەبێ ئەوەی جوێن بە کەس بدات، یان لە کەسایەتی کەسێک بدات، بەمشێوەیە بە هێمنی بیرکردنەوەی کەسانی تر دەجووڵێنێت، هەرا و زەنایەکیان تێدا دەخوڵقێنێت، بەبێ ئەوەی ژێری خۆی لەدەست بدات!

هەر لە باسی ئەم بابەتەدا، واتە گەیاندنی پەیامەکان بە شێوازێکی باڵا: (دیمی بارێنس)ی بەریتانی کە دیزاینەری جلوبەرگە، زۆری حاڵەتەکانی جیابوونەوە بێزاری کردبوو، هەربۆیە چووە دادگا، تاکو داتاکانی جیابوونەوە بزانێت، دەستیکرد بە پەیوەندیکردن بەو ئافرەتانەی لە مێردەکانیان جیابوونەتەوە و نوسخەیەک لە تەڵاقنامەکانیانی لێوەرگرتن، لە هەزار و پێنج سەد کاغەز، بەدلەیەکی بووکی دیزاین کرد، وەک نارەزاییەک لە دژی ئەو دیاردەیە!

ئەمکارە لەگەڵ ئەوەی سادە و ساکارە، بەڵام دەگونجێت پەیامەکە بە کۆمەڵگە بگەیەنێت، بە ئەندازەی ئەوەی کەسانی لێهاتوو و بە ئەزموون بە قسە و وتارەکانیان دەیکەن!

بەم شێوەیە (دیمی بارێنس) توانی پەیامەکەی بەشێوەیەکی باڵا بگەیەنێت، وەک چۆن پێشتر (ستیڤن ساسلبر) هەمان کاری ئەنجامدا!

مەرج نییە نارەزایی دەربڕین هاوارکردن بێت، رەخنەگرتن جوێندان بێت، پەلپگرتن رووننکردنەوە بێت، شتە جیاواز و هێمنەکان لەوەیە زۆر توندتر بێت لە هەموو هاوارەکانی جیهان!

الوطن

٢٠١٧/١٢/٢٨

## دین و دونیا پێکەوە!

موحەممەد غەززالی لە کتێبی(علل وأدوية)دا دەڵێت:

دەمەوێت موسڵمانان تێبگەیەنم کە ژیانکردن لە پێناو خودادا، وەک مردن وایە لە پێناو خودادا، جیهادێکی پیرۆزە! هەروەها شکستهێنان لە بەدەستهێنانی دونیا، بێگومان بەدوایدا شکستهێنان دێت لە سەرخستنی ئاییندا!

ئەمە لە ڕستەیەک گەورەترە و لە وتەیەک فراوانترە! ئێستاش زۆرێک لە ئێمە باوەڕی وایە ئەم ئایینە مەزنە، گەورەترین شوێن کە دەتوانێت کاری تێدا بکات مزگەوتە، بەرزترین خاڵ کە پێی بگات دوانگەیە! نازانن گەر ئەم ئایینە پێشبڕکێ نەکات لە جەنگی ئەم ژیانەدا تەنانەت مزگەوتەکانیشی بۆ نامێنێتەوە! بێگومان کەس لەم وتەیە واتێناگات کە من لە بەهای مزگەوت کەم دەکەمەوە، ئیللا ئەوانە نەبێت کە بە نیەتێکی خراپەوە دەیخوێننەوە، چەندین بەڵگەم بۆ قسەکانم هەیە!

کتێبەکانی سیرە پێمان دەڵێن، ئێوارەی جەنگی حطین، (سەلاحەدینی ئەیوبی) سوپاکەی بەسەردەکردەوە، بەلای خێمەیەکدا ڕۆیشت، تێیدا سەربازەکان نوێژیان دەکرد و قورئانیان دەخوێندەوە، وتی: لێرەوە سەرکەوتن دێت، بەلای خێمەیەکی تردا تێپەڕی بینی

سەربازەکان یاریی دەکەن و پێدەکەنن، وتی: لێرەوە شکست دێت!

بەڵام ئەم کتێبانە پێمان ناڵێن (سەلاحەدین) بۆ ئەو جەنگە چەندین مەنجەنیقی ئامادەکردبوو، کە سوپای خاچپەرستەکانی تووشی شۆککرد! ئوممەت تەنها بە نوێژ و دوعا سەرناکەوێت، تەنها بە چەکیش سەرناکەوێت، بەڵکوو دین و دونیا پێکەوە و دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە، پاشان پشت بەستن بە خودای هۆکارەکان، نەک هۆکارەکان!

کتێبەکانی سیرە پێمان دەڵێن، (موحەممەد فاتیح) ئەو خەلیفەیەی تەمەنی تەنها بیستودوو ساڵ بوو، ئەو پاکە لە خواترسەی قوستەنتینەی ڕزگارکرد، بەرزترین میدالیای پێغەمبەری خودای(ﷺ) وەرگرت: (باشترین سوپا ئەو سوپایەیە، باشترین سەرکردە ئەو سەرکردەیەیە).

کەسێکی گوێڕایەڵ و نوێژکەر و ڕۆژووگر بوو! ئەمە حەقە، بەڵام ئەو کتێبانە پێمان ناڵێن ئەوی ڕۆژێ، خاوەنی بەهێزترین تۆپخانەبوو لەسەر ڕووی زەوییدا! بێگومان ئێمە بە تۆپخانە سەرناکەوین، بەڵگەشم بۆ قسەکەم، ئیمڕۆ زۆرێکمان هەیە، لێ بەبێ تۆپخانەش لەناودەچین!

هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوکێشەکە لە هەڵبژاردن لە نێوان پەرستش و هۆکارەکاندا نەبووە، بەڵکوو تەواوکاری یەکترن، پاشان دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە پەرستشە، بەڵێ پەرستشە!

ئەو دەمەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە مەککە دەرچوو، کەسێکی لەگەڵدابوو بۆ ئەوەی ڕێنوێنی ڕێگاکەی بۆ بکات، لە دڵی خۆیدا نەیوت: من پێغەمبەرم و هەر چۆنێک بێت دەگەم، هەرچەندە وای بوتایە ڕاستی دەفەرموو، بەڵام ویستی فێرمان بکات!

ڕۆژی ئوحود دوو زرێپۆشی پۆشی، نەک یەک دانە، نەیفەرموو:

من پێغەمبەرم و هەر چۆنێک بێت ڕزگارم دەبێت، گەر وای بگوتایە ڕاستی دەفەرموو، بەڵام ویستی فێرمان بکات تەنها بە ئیمان جەنگ ناکرێت!

ئەو ئوممەتەی هەموو شتێک هاوردە دەکات، لە دەرزییەکەوە هەتا موشەکەکەی، هەرگیز سەرناکەوێت، گەرچی هاوردەکردن دەستگرتنە بە هۆکارەکانەوە، بەڵام هۆکارێکی ناتەواو (کەموکورت) ـە، چونکە گەردنی خۆت دەدەیتە دەستی ئەوانی تر، ئەو گەلەی چەکی خۆی دروست ناکات، ئازادی بەکارهێنانی نییە!

الوطن

٢٠١٧/١٢/٣١

## گورزە دار!

ئەو ڕۆژانەی لە ماڵەکاندا فڕنی غاز بوونی نەبوو، بەڵام خۆشەویستییەکی گەرمی تێدابوو، (شێخ عەبدوڕەحمان سەعدی) گورزە دارێکی لە دارفرۆشێک کڕی و داوای لێکرد بۆی بهێنێتەوە بۆ ماڵەوە، لە کاتی داگرتنی دارەکاندا پاکەتە جگەرەکەی لێدەکەوێتە خوارەوە و ئاگای لێنابێت، بەڵام شێخ دەیبینێت و هەڵیدەگرێتەوە، کە کاوراکە لە کارەکەی تەواو دەبێت، شێخ کرێکەی پێدەدات و دواتریش پاکەتە جگەرەکەی بۆ دەگرێت و لێی دەپرسێت: ئەمە هی تۆیە؟

پیاوەکەش بە شەرمێکەوە دەڵێت: بەڵێ! دواتر دەڵێت: سەیرە شێخ نەیسووتاندووە!

شێخیش پێی دەڵێت: گەر بمسووتاندایە، دانەیەکی ترت دەکڕی بە پارەی ئەم دارانە، لەسەر حیسابی خواردنی منداڵەکانت!

شێخ کە باسی ئەم بەسەرهاتە دەکات دەڵێت، لەو کاتەدا پیاوەکە پێی گوتم: تۆ شایەد بە، ئەوا واز لە جگەرەکێشان دەهێنم، بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت و جارێکی تر یەکتریمان نەبینیەوە!

ئەم چیرۆکەم بۆ ئەوە باسنەکرد لە ڕێیەوە بچمە سەر بابەتێکی فیقهی و ئیجتهادیی، ئەهلی فەتواش نیم، سیفاتەکانی کەسی

موجتەهیدیشم تیدا نییە هەتا تەرجیح بدەم لە نێوان قسەی زانایاندا لەمەڕ حەرامی یان حەڵاڵیەتی جگەرەکێشان، هەرچەندە کەسیش شک نابەم وتبێتی حەڵاڵە*، ئەوەی لەم چیرۆکەدا بۆ من گرنگە ئەو مەردایەتیەیە کە شێخ لەگەڵ ئەو پیاوەدا پەیڕەوی کرد، ئەم میهرەبانی و بەسۆزبوونە لەگەڵ خەلکدا کە ئیمڕۆ لە زۆرێک لە پیاوانی ئاییندا بەدی ناکەین!

---

* باسی حوکمی جگەرە کێشان هاتە پێشەوە پێمخۆشە فەتۆایەکتان لە سەر جگەرەکێشان بۆ نەقڵ بکەم، زانای مەزن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) لاپەڕە ٥٨٩ چیرۆکێک سەبارەت بە جگەرە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: بیستوومە کاتێک حاجی کاک ئەحمەدی شێخ دەڕوا بۆ حەج لە کەرکوک میوانی حاجی شیخ عەلی دەبێ، لەو کاتەدا زاناکان دەربارەی حوکمی جگەرەکێشان پرسیاری لێ دەکەن (واتە پرسیار لە شێخ عەلی دەکەن) ئەویش دەفەرموێت: مادام حەزرەتی کاک ئەحمەد دانیشتووە، من مافی قسەکردنم نییە، ئەوانیش ڕوو دەکەنە جەنابی کاک ئەحمەد، ئەویش دەفەرموێت: ئەم مەسەلەیە نەصێکی قورئان و حەدیثی تێدا نییە و لە سەردەمی تەشریعاتدا جگەرە باو نەبووە، ئێمەیش موجتەهید نین هەتا حوکمێکی بۆ بدۆزینەوە، بەڵام بە گوێرەی حەدیثی (من حسن اسلام المرء ترکە ما لا یعنیە) ئەم گڕوپفە، ئەم ئاگر بە ماڵەوە نانە، ئەم کات بەفیڕۆدانە، نەبوونی باشترە لە بوونی.

پاشان مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەفەرموێ: هەزار ڕەحمەت لە گیانی کاک ئەحمەد بۆ ئەم وەڵامە جوانەی، چەند ڕێک و جوانە، ڕێکی بەختەوەری ئینسانە، بەڵام لەو کاتەدا ئەم وەڵامە جوانەی داوەتەوە کەرەسەی لێکدانەوە و (تەحلیل) نەبووە، توتن تەحلیل نەکراوە هەتا تێبگەن چەند ماددەی ژاری تێدایە، لە هەزار و نۆصەد و سی و یەکی زایینیەوە کەرەسەی ئەمانە زۆر بوو، دەرکەوت کە چەندێ ژاری نیکۆتین لەناو ئەندازێکی کەم توتندا هەیە و ئەم نیکۆتینەش چەندەی زیان بۆ قوڕگ و سنگ و سیی ئادەمیزاد هەیە، بۆیە لەو کاتەدا لە (جەمعیەی رابطەی علما)دا لە بەغدا، بڕیار درا: هەرکەسێ تا ئێستا فێری جگەرە خواردن نەبووبێ، حەرامە خۆی فێر بکات، وە هەرکەسیش فێر بوبێت دەبێ وردە وردە هەوڵ بدات ژمارەی جگەرە کەم بکاتەوە و کەم جگەرە بکێشێت. تا بە یەکجاری وازی لێ دێنێ، وە نەک ئەوانەی لە زووەوە جگەرە دەکێشن تووشی دەردێ ببن نەمانتوانی بڵێین: واجبە یەکسەر دەستبەرداری جگەرە ببن و وازی لێ بێنن. (ئازاد عەبباس).

سوێند دەخۆم و سوێندەکەشم ناکەوێت و لە خۆیشمەوە و کوێرانە واناڵێم، دوورکەوتنەوەی هەندێک لە خەڵکی لە دینداری، بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی دیندارەکان خۆیاندایە، جا زانا و مەلا یان کەسانی دینداربن!

لە نێو چیرۆکەکەدا دیارە شێخ چ بۆچوونێکی هەبووە سەبارەت بە جگەرەکێشان، بەڵام بۆچوونەکەی وای لێنەکرد بیر لە بژێوی خێزانی ئەم کرێکارە سادەیە نەکاتەوە، ئەم میهرەبانبوونە ئەم مرۆڤبوونە بانگەوازێک بوو بەبێ ئایەت و فەرمووده، بەبێ قیاس و بەڵگەهێنانەوە، ئەمەش وایلێکرد دڵی پیاوەکە بجووڵێنێت، خۆشتان ئەنجامەکەیتان بینی، ئەی چی دەبوو ئەگەر بەشێوەیەکی تر مامەڵەی بکردایە، چی دەبوو گەر پاکەتە جگەرەکەی بگرتایەتە ناوچاوی و ڕیزێک قسەی توندی پێبوتایە، ئایا کۆتاییەکەی بەهەمان شێوە دەبوو؟!

حەسەنی بەسری دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێک عاشقی یەکێک لە شەرعناسەکانی حیجاز بووبوو، ڕۆژێک ڕێی لێ دەگرێت و ڕووبەندەکەی بۆ لادەدات، ڕووی وەک مانگ دەبێت، شەرعناسەکەش پێی دەڵێت: خودای گەورە ئەو ڕووە جوانە بە ئاگر سزا نەدات، دواتر بەڕێی خۆیدا دەڕوات!

حەسەن لەسەر ئەم چیرۆکە دەڵێت: ئەمە لە نەرمونیانی شەرعناسەکانی حیجازە، ئەگەر لە شەرعناسەکانی عێراق بووایە دەیوت: لەبەرچاوم ونبە ئەی دوژمنی خودا!

ئەوی ڕۆژی شەرعناسەکانی عێراق بە توندییەکەیان ناسراوبوون، بەڵام ئیمڕۆ نەرمونیانی و توندی نیشتمان و زەوی نییە، شتەکان چووە بەیەکدا، لە یەک شوێندا هەموو نموونەکان بوونی هەیە!

**پوختەی قسان:**

ئەو کەسەی کەوتووتە نێو تاوانێکەوە، بەتەواوی وەک کەسێکی نەخۆش وایە، پێویستی بە سۆز و میهرەبانی هەیە زیاتر لە سەرکۆنەکردن و گلەیی لێکردن، کاری هەرە گرنگی دیندارەکان جا زانابن یان نا، ئەوەیە دەستی خەڵکی بگرن بەرەو لای خودا، نەک لە نێوان ئەوان و ئەودا بوەستن!

**الوطن**

٢٠١٨/١/٢




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و  بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " ئەڤین فەقێ تاهیر "**
**کراوە بە pdf و پێشکەش بە خوێنەران کراوە**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## ئەو دەرگایە دامەخە!

(سوهەیلی کوڕی عەمر) و خێزانەکەی لە گەشتێکدا دەبن، لە ڕێگە چەتە ڕێیان لێ دەگرن و هەرچی پارە و خواردنیان پێیە لێیان دەسەنن و دواتر دادەنیشن شتەکانیان بخۆن، سوهەیل هەست دەکات گەورەکەیان لەگەڵیاندا ناخوات...

لێی دەپرسێت: بۆچی لەگەڵیاندا ناخۆیت؟

دەڵێت: بەڕۆژووم؟

سوهەیل دەڵێت: دزی دەکەیت و بەڕۆژوویت؟!

پیاوەکە دەڵێت: لە نێوان خۆم و خودادا دەرگایەک دەهێڵمەوە، بەڵکوو لەڕێیەوە هیدایەت وەربگرم!

لەدوای دوو ساڵ لەم ڕووداوە، سوهەیل لە حەج دەگات بە گەورەی چەتەکان و دەبینێت تەوبەی کردووە و وازی لەو کارەش هێناوە!

ئەڵبەتە بۆ ئەوە چیرۆکەکەم نەهێناوە کە بڵێم کێشە نییە ڕۆژوو و دزی جەم بکرێت، یان بڵێم مادەم نوێژدەکەیت چی دەکەیت بیکە، یان بڵێم مادەم دەنگی قورئان لە دڵتدایە، بەشی خۆت لە گۆرانی لەبیر نەکەیت، یان بڵێم حەجێک هەیە کە ئەنجامتدا، وەک ئەو ڕۆژەت لێدێت کە لە دایکبوویت، هەندێ سوێندی درۆ و فێڵکردن لە

بازرگانیدا زیانی نییە، پەنادەگرم بە خودا گەر وابڵێم!

بەبۆچوونی من دروست نییە چیرۆکەکە وەک بەڵگەهێنانەوە بەکاربهێنرێت، تەنها بۆ یەک بابەت نەبێت، ئەویش: ئەگەر نەتوانی واز لە تاوانێک بهێنیت، بە تاعەت تەنگی پێهەڵچنە!

یەکێک لە شێوازە نەگریسەکانی ئیبلیس، کە بەرانبەر مرۆڤەکان بەکاریدەهێنێت، ئەوەیە قەناعەتی پێدەکات تاعەت سوودی نییە، مادەم تاوان بوونی هەیە، دەیەوێت قەناعەتمان پێ بکات کە: ئێمە ئەگەر لەدوای کارێکی خراپە، کارێکی چاکەمان ئەنجامدا و لەدوای کارێکی چاکە کارێکی خراپمان ئەنجامدا، ئەوە موونافیقین!

ئەم دەرگایەی بەڕووودا دابخەن، مادەم لەدوای کارێکی چاکە هەست بە دڵخۆشی دەکەیت، لەدوای کارێکی خراپە هەست بە غەم و شکان دەکەیت، تۆ لە خێر و چاکە دایت، گەرچی هەزار تاوانیشت هەبوو، واز لە کاری چاکە مەهێنە، پارێزگاریکردن لە کاری چاکە داواکراوە، وازهێنان لە تاوانیش داواکراوە، ئەگەر دەستەوسان بووی لە داواکاری دووەم، ئەمە بەهانە نییە بۆ وازهێنان لە داواکاری یەکەم، بەپێچەوانەوە ئەمە وای لێدەکات زیاتر پێداگربێت!

باڵاپۆشی فەرزە، بەڵام ئەگەر نەتوانی باڵاپۆش بیت، ئەمە واتای ئەوە نییە نوێژ نەکەیت، نوێژ بکە و بەڕۆژوو بە و خێر بکە، خوداش باڵاپۆشبوونت بۆ ئاسان دەکات!

نوێژ فەرزە، ئەگەر کەمتەرخەمبووی تێیدا، هەندێکی یان هەموویت چوواند، ئەمە واتای ئەوە نییە واز لە ڕۆژوو بهێنیت، دۆخت هەر چۆنێک بوو بەرەو لای خودا برۆ، بە دڵێکی ڕاستگۆیانەوە هەنگاوێک بنێ، خودای گەورە بەهۆیەوە هەنگاوێکی ترت بۆ ئاسان دەکات، وەک پێشەوا شافیعی دەفەرموویت: لە ڕێگەی بەرەو خودا چوون ڕابکە، ئەگەر ماندووبووی خێرابڕۆ، ئەگەر ماندووبووی بە

گورگەلۆقە، ئەگەر ماندووبووی ڕێ بکە، گەرچی بە چنگەکوڵە بێت، ئاممان نەکەی بگەڕێیتەوە!

ئاممان شەیتان قەناعەتت پێنەکات، خودا تەنها ڕاستگۆیان وەردەگرێت، تەنها دەرگا بۆ ئەوانە دەکاتەوە کە لە ترۆپکی ئیماندان، وەڵلاهی لە هەموو کاتێکدا پێشوازیت لێدەکات، دەرگا بە ڕووتدا داناخات، گەرچی تاوانەکانت بگاتە ئاسمان، ئەوەی گرنگە لوتبەرز نەبیت و خۆت بە گەورە نەزانیت، مادەم هەست بە شکاوی و شەرمەندەیی دەکەیت، چاکەت خوشدەوێت، گەرچی ئەنجامیشی نەدەیت، ڕقت لە خراپەیە، گەرچی ئەنجامیشی دەدەیت، مژدەت لێ بێت لە خێر و چاکەدایت!

دەستبگرە بە کارە چاکەکانتەوە، جا هەر چەندە لە چاویشتدا بچووکبوو، هەوڵبدە بگوڕێیت، گەرچی تاوانەکەشت گەورەبوو، ئەو زاتەی تاعەتی بۆ ئاسان کردووی، لە نێوان خۆی و تۆدا دەرگایەکی کردۆتەوە، ئەو دەرگایە دامەخە!

الوطن

٢٠١٨/١/٤

## من دروستکەری فڕۆکەم!

لە کاتی سەردانیکردنی (دایکە تێریزا) بۆ یەکێک لە کارگەکانی هیند، کرێکارێک سەرنجی ڕادەکێشێت کە لە سوچێک لە سوچەکانی کارگەکەدا کاری دەکرد، گۆرانی دەچڕی و دڵخۆشی بە ڕوویەوە دیاربوو، لێی نزیکدەبێتەوە و دەبینێت بڕغوو کۆدەکاتەوە، کارەکەی وەک کاری هاوڕێکانی پەنای وایە، ئەمەش سەرسووڕمانەکەی زیاتر دەکات، هەر بۆیە لێی دەپرسێت: چ دەکەیت؟

دەڵێت: من دروستکەری فڕۆکەم!

لێی دەپرسێت: فڕۆکە؟

دەڵێت: بەڵێ خانمەکەم فڕۆکە، ئەمە داواکاری کۆمپانیایەکە فڕۆکە دروستدەکەن، ئەو فڕۆکە زەبەلاحەنەی سەریدەکەویت بەبێ ئەم بڕغووە بچووکانە ناتوانێت بفڕێت!

تێڕوانینمان بۆ خودی خۆمان بەهامان لە ژیاندا دیاری دەکات! جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو کەسەی خۆی بە کۆکەرەوەی بڕغوو دەزانێت، لەگەڵ ئەو کەسەی خۆی بە دروستکاری فڕۆکە دەزانێت!

جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو کەسەی لە کارەکەیدا تەنها کرێکەی دەبینێت، لەگەڵ ئەو کەسەی شوێنەواری کارەکەی دەبینێت!

هەر کارێک جا چەندێ سادەبێت شوێنەوارێک لەم جیهانەدا

جێدەهێڵێت، پێویستە تەنها تەماشای ئەو شوێنەوارە بکەیت!

تۆ تەنها پاکەوانی ڕێگا نیت، تۆ کەسێکیت ڕووی شارەکەت دەرازێنیتەوە!

تۆ تەنها دارتاشێک نیت، مرۆڤێکیت ماڵەکان لە خۆر و با دەپارێزیت!

تۆ تەنها بەرگدوور نیت، تۆ کەشخەیی دەبەخشیت بە خەڵکی!

تۆ تەنها وتاربێژێک نیت لەسەر دوانگە، تۆ خەڵکی ڕێنوێنی دەکەیت بۆ لای خودا!

تۆ تەنها مامۆستای منداڵان نیت، تۆ بونیادنەری پیاوەکانیت!

تۆ تەنها ئەندازیار و بونیادنەری پرد نیت، تۆ هۆکاری بەیەکگەیشتنی خەڵکیت!

تۆ تەنها دکتور نیت، تۆ کەمکەرەوەی ئازارەکانیت!

تۆ تەنها دایک و بەخێوکەری منداڵەکان نیت، تۆ گرنگترین کەسی ئەم جیهانەی، تۆ دیاریی خودایت بۆ سەر ئەم زەمینە، تۆ یەکەم و گرنگترین پەروەردەکاریت، هیچ شتێک لە بونیادنانی مرۆڤەکان مەزنتر نییە!

ئەو کەسەی لە کارەکەیدا تەنها کرێکەی دەبینێت، مرۆڤێکی نابینایە و هیچ نابینێت!

شوێنەوارێک هەیە پێویستە لێی بێئاگا نەبین، ئەو شتەی کارەکانمان دەکاتە پەیامێکی مەزن، بەها دەبەخشێت بە مرۆڤ، بەهای حەقیقی مرۆڤ ئەو ڕێگایەیە کە لەرێیەوە تەماشای خۆی دەکات، نەک ئەو ڕێگایەی خەڵکی لێوەی تەماشای دەکەن، کەس ناتوانێت سەرشۆڕ و ڕسوات بکات، مادەم لە ناختدا هەست بە سەرشۆڕی و ڕسوایی نەکەیت، هیچ کەسێکیش ناتوانێت بەهات بەرزبکاتەوە، هەتا خۆت هەست بە بەهای خۆت نەکەیت!

الوطن

٢٠١٨/١/٧

# دڵت وابەستە بکە بە خوداوە!

دەگێڕنەوە پادشایەک داوای لە لێهاتووترین دارتاشی مەملەکەتەکەی کرد، کورسییەکی بۆ دروست بکات، لەبری کورسییە کۆنەکەی، دارتاشەکە بەم شەرەفە مەزنە زۆر دڵخۆشبوو، خێرا دەستیکرد بە کارکردن، بەڵام پادشا کورسییە نوێکەی بەدڵ نەبوو، فەرمانی دەرکرد سبەینێ دارتاشەکە لە خاچ بدرێت!

دارتاشەکە داوای کرد کۆتا شەوی ژیانی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەرببات، پادشا بەمە ڕازیبوو.

ئەو شەوە دارتاشەکە خەوی لێنەدەکەوت، چۆن خەوی لێدەکەوێت؟ سبەینێ لە ملی دەدرێ، بەڵام ژنەکەی پێی دەڵێت: وەک شەوەکانی تر بخەوە، خودا یەکە و چەندین دەرگای هەیە (بخەوە خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە)!

دارتاشەکە خەوت و لە هاواری سەربازەکان و دەنگی ئەسپەکانیان خەبەری بوویەوە، زانی ئەجەلی هاتووە، کە لە دەرگا درا، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، بۆ ئەوەی ژیانی کۆتایی بێت، بەڵام سەرکردەی سەربازەکان پێی وت: پادشا مردووە، دەمانەوێت تابووتێکمان بۆ دروست بکەیت!

لەو دەمەدا لەبەر خۆیەوە وتی: زۆر ڕاستە، خودا یەکە و چەندین دەرگای هەیە!

لەوەیە ئەم چیرۆکە ڕاست نەبێت، بەڵام ئەو ڕاستییەی گومانی تێدانییە خودا یەکە و دەرگاکانی زۆرن!

کەسێک نییە لە ئێمە ئیللا کارێکی گەیشتووە بە ڕێگایەکی داخراو، گومانی وابووە ڕزگاری نابێت و ژیانی بێمانا بووە، هیچ ئامانجێکیشی نابێت ئەگەر بەردەوام بێت، دواتر ڕۆژەکان تێپەڕیون، بەربەستەکان لاچوون و لەمپەرەکان لاوازبوون، هیچ هۆکارێک نییە ئەمە ڕوونبکاتەوە، جگە لەوەی خودایەک هەیە وازی لێنەهێنایین لەو دەمەی وازمان لێی هێنا و لە دەرگای خەڵکیمان دا!

کەسێک نییە لە ئێمە ئیللا زۆر حەزی بە شتێک هەبووە، گومانی وابووە هەموو ژیانی ئەو شتەیە کە دەیەوێت، لەوەیە تووڕەبووبێت کە خودا شتێکی ویستووە و ئەویش شتێکی تر، دواتر ڕۆژەکان تێپەڕیوون و بۆی دەرکەوتووە بە ڕاستی خێر لەوەدابووە کە خودا بۆی هەڵبژاردووین، ئێمەی مرۆڤ درەنگ پەی بەوە دەبەین کە هەندێ جار خودا ئەوەمان لێدەگرێتەوە کە دەمانەوێت بۆ ئەوەی ئەوەمان پێ ببەخشێت کە پێویستمانە!

خودا بەشێوەیەک کارەکانمان بەڕێوەدەبات، ڕەهەندەکانی نازانین، ئیللا لەدوای تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر نەبێت، ئێمە لە بیرکردنەوەکانمان کورتدەهێنن و لەیەک گۆشەوە لە شتەکان دەڕوانین، گۆشەی خۆمان!، بەڵام خودا هەموو کارەکە بەڕێوەدەبات!

موسوڵمانەکان لە مەدینە دەرچوون و تەنها کاروانەکەی قورەیشیان دەویست، ئەوێ ڕۆژێ لە تێڕوانینی ئەواندا ئەوە سەختترین شکست بوو کە تووشی قورەیشی بکەن، بەڵام دواتر زانیان گەر کاروانەکەیان چنگ بخستایە، ئەبو جەهل و ئومەیەی کوڕی خەلەف، ڕزگاریان دەبوو!

ئەگەر بە دەستی دایکی مووسا(ﷺ) بووایە، مووسای(ﷺ) فڕێ نەدەدایە نیلەوە، بەڵام ئەو کەسەی فەرمانی بەدەست بوو، ویستی بە فیرعەون بڵێت، لە ترسی ئەمە هەزارەها منداڵت لەناوبرد، کەواتە بیگرە و لە ماڵی خۆتدا گەورەی بکە! بەیانی ئەو ڕۆژە کێ گومانی دەبرد دایکی مووسا(ﷺ) منداڵەکەی فڕێ ناداتە ڕووبارەکەوە، بەڵکوو بزمارێک دەدات لە تابووتی فیرعەون!

گەر کارەکە بەدەستی یەعقوب(ﷺ) بووایە، بۆ یەک سات یوسفی(ﷺ) جێنەدەهێشت، دەیویست منداڵێک بێت لە ماڵەکەیدا، بەڵام خودا ویستی لێبوو ببێتە پادشا و بچێتە سەر تەختی پادشایەتی میسر!

ئەمەیە بەڕێوەبردن، سەرسووڕهێنەر لە وردی و کاتدا، ئیمڕۆ ئەمە دەزانین، چونکە کۆتایی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە دەزانین، بەڵام لە چیرۆکی خۆماندا، لە بژاردەکانی خودادا بۆمان، چونکە هەموو دیمەنەکەمان نەدیوە، پەیمان بە هەموو داناییەکەی نەبردووە، ساتێک گومان داگیرمان دەکات، چونکە ئێمەیش مرۆڤین، بەڵام با بە ئەدەب بین لەگەڵ خودادا، گەرچی حیکمەتەکە لە ئێمە شاراوەبوو، ئەوەمان لێ شاراوە نییە ئەو زاتەی قورەیش و موسڵمانەکانی بەبێ مەوعید کۆکردەوە، مووسای(ﷺ) خستە ماڵی فیرعەونەوە، بۆ ئەوەی لەناوی ببات، یوسفی(ﷺ) لە باوکی وەرگرت، بۆ ئەوەی بیکاتە پادشا و خەڵکی میسر ڕزگاربکات، بە حیکمەت و ڕەحمەتی خۆی کارەکانمان بەڕێوەدەبات، تەنها خێر و چاکە لەلای خوداوە دێت، دڵتان وابەستەی خودا بکەن!

الوطن

٢٠١٨/١/١١

## ئازیزگیان: ئەمەیە ژیان!

دەگێرنەوە لە یەکێک لە شەوەکاندا، مارێک دەچێتە نێو دارتاشخانەیەک، دارتاشەکە واڕاهاتبوو ئامێرەکانی لەسەر مێزەکەی جێبهێڵێت، لەو دەمەی مارەکە بەناو دارتاشخانەکەدا دەگەڕا، بەسەر مشارەکەدا ڕۆیشت و بەهۆی ددانی مشارەکەوە کەمێک بریندار بوو، وەک پەرچەکردارێک قەپێکی لە مشارەکە گرت، ویستی ژەهرەکەی تێدا بڕێژێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەمی بریندار بێت، لەم کاتەدا وایزانی مشارەکە هێرشی دەکاتە سەر، پەنای بۆ کۆتا چەکی لەناوبەری برد، خۆی ئاڵاند لە مشارەکە، بۆ ئەوەی بیگوشێت و بیخنکێنێت، بەڵام خۆی پارچە پارچەبوو و مرد!

زۆربەی گومانەکان بۆ ئەوەیە ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە، بەڵام چیرۆکەکانیش وەک نموونەکان وان، ئەوەی گرنگە لە چیرۆکەکاندا ئەو پەندەیە کە لێی وەردەگیرێت! وەک چۆن نموونەکان لە ناخیاندا چەندین وانە هەیە، ئەم چیرۆکەش چەندین وانەی بەسوودی تێدایە!

لەم چیرۆکە ڕامام و بۆم دەرکەوت لە حاڵی ئێمە دەچێت لەگەڵ ژیاندا! لە گۆشەیەکەوە ئێمە لە مارەکە دەچین، دارتاشخانەکەش لە ژیان دەچێت، مشارەکەش لە هەموو ئەو شتانە دەچێت کە بریندارمان دەکەن لە کاتی ژیان کردنماندا!

## سەقافەتی باینجان!

دەگێڕنەوە ڕۆژێک خەلیفە (بەشیر شەهابی) بە خزمەتکارەکەی دەڵێت: حەزم لە باینجانە!

خزمەتکارەکەی دەڵێت: قوربان، بەرەکەتی خودا لە باینجان دایە، گەورەی خواردنەکانە، گۆشتی بێ چەورییە، ماسی بێ دڕکە، بە سوورەوەکراوی و بە برژاویش دەخورێت، فەرمانی جەنابی ئەمیر لەسەر چاومە!

ئەمیر دەڵێت: بەڵام پێش چەند ڕۆژێک خواردم، گەدەی ئازاردام!

خزمەتکارەکە دەڵێت: نەفرەتی خودا لە بانیجان، قورس و توندە و سک دەئاوسێنێت!

ئەمیر دەڵێت: لەیەک کاتدا تاریفیشی دەکەی و لێیشی دەدەیت!

خزمەتکارەکە دەڵێت: من خزمەتکاری ئەمیرم نەک خزمەتکاری باینجان، ئەمیر وتی بەڵێ، دەڵێم بەڵێ، ئەمیر وتی نەخێر، دەڵێم نەخێر!

هەر لەم میانەیەدا، موتەوەکیلی خەلیفەی عەباسی تیرێک دەنێت بە مەلیکەوە و نایپێکێت، یەکێک لە هاوڕێکانی پێی دەڵێت: زۆرباشت کرد ئەی ئەمیری باوەڕداران، موتەوەکیل تەماشای دەکات، بەخێرایی دەڵێت: گەورەم باشەت لەگەڵ مەلەکەدا کرد!

ئەم ڕووداوەش زۆر لێمانەوە دوور نییە، لە کاتی ناکۆکی نێوان میسر و سووریادا جەمال عەبدولناسر لە ئەنجومەنی نوێنەران وتارێکی پێشکەش کرد و وتی: فەرمانم کردووە گەلەکەشتی بەرەو ئەوێ بجووڵێت! پەرلەمانتارەکان بە چەپڵەی گەرم قسەکەیان پێ بڕی، کە چەپڵە لێدانەکە تەواوبوو وتی: بەڵام فەرمانم کرد بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی یەکگرتوویی عەرەب پارێزراوبێت، دووبارە دەستکرایەوە بە چەپڵە لێدان! ئەمەیە سەقافەتی باینجان، لەیەک کاتدا چەپڵە بۆ کارێک و دژەکەی لێبدرێت!

من لەگەڵ ئەوەدام ڕێز لە هەموو گوتار و قسەبۆکراوێکدا بگیرێت، ئەم چیرۆکانەم بۆ ئەوە باسنەکرد ڕەخنە لە ڕێزگرتنی دەسەلاتداران بگرم، بەڵکوو بۆ ئەوەی ڕەخنە لە مەراییکردن بگرم، ئەسڵ لە چواردەوری کاربەدەستەکاندا ئەوەیە بۆچوونی خۆیان بڵێن ئەگەر پێویستبوو، لە ڕاوێژکردندا ڕاستبن ئەگەر ڕاوێژی پێکردن، نەک بۆ ئەوەی پێی بڵێن تۆ ئەو کەسەی کە هەڵە ناکەیت، تاکە کەسیت کە هەموو بۆچوونەکانت دەیپێکێت!

وێنەی (کاربەدەستی بە خودا کراو) لە وڵاتەکەماندا بەشێکی زۆری لە ئەستۆی چواردەورە ماستەوچییەکەدایە، ئەو باینجانیانەی تەنها ماستاوکردن دەزانن، فێڵ لە کاربەدەستەکە دەکەن، پێش ئەوەی فێڵ لە میللەت بکەن، زۆربەی ئەو بڕیارانەی باجەکەیمان دا و ئێستاش هەر باجی دەدەین، بڕیاری وەها نەدەبوو ئەگەر کەسێک هەبووایە دەستی بگرتنایە و بە ئەدەبەوە لەگەڵیان بدوایە و بە شێوازێکی جوان ڕێنوێنیان بکردایە بۆ بڕیارە ڕاستەکە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ئەنجومەنی نوێنەران دانراوە، بەڵام بەداخەوە تەنها لە ڕوانگەی سوودی خۆیانەوە لە شتەکان دەڕوانن، بریا لەگەڵ ڕووداوەکاندا لەسەر بنەمای (بێدەنگبە سەلامەت دەبیت) کاریان

بکردایە، بەلام ئەوان لەسەر بنەمای (ماستاوبکە، دەسکەوت چنگ دەخەیت) کاری لەگەڵ دەکەن!

ئەو باینجانییەی کە شارەزای ئابوورییە، چەندین بەهانە دەهێنێتەوە بۆ باج وەرگرتن، لە کاتێکدا لە ناخی دڵیەوە دەزانێت ستەمە، کێشەی ئێمە لە کەمی بەرهەمدا نییە، بەڵکوو لە خراپی بەڕێوەبردندایە، بەلام ئەو قەناعەتت پێدەکات میللەت هاوبەش نییە لە دەسکەوتدا (الغُنم) بەڵکوو تەنها هاوبەشە لە قەرزدا (الغُرم)!

موفتی و مەلای باینجانی ملی سەدان دەقی شەرعیت بۆ دەشکێنێت، بۆ ئەوەی پێت بڵێت فەرمانی سەرۆک خودی شەریعەتە، لە ناخی دڵیەوە دەزانێت درۆزنێکی خراپەکارە، بەلام سەقافەتی باینجانە!

الوطن

٢٠١٨/١/١٧

## نهێنییەکە لە چاودا نییە،
## بەڵکوو لە تێڕوانیندایە!

بازرگانێکی گەورە یەکێک لە هاوکارەکانی نارد بۆ شارێک هەتا بزانێت گونجاوە لەوێ کارگەیەکی پێڵاودروستکردن دابنێت، لەدوای مانگێک هاوکارەکەی بە ڕاپۆرتێکەوە هاتەوە و تێیدا وتبووی: گەورەم، مەحاڵە کارگەی پێڵاو لەم شوێنەدا دابنێیت، دانیشتووانەکەی پێیان خاوسە و پێڵاو لە پێ ناکەن، بیرۆکەی فرۆشتنی کاڵایەک کە خەڵکی بەکاری ناهێنن بە بۆچوونی من بیرۆکەیەکی شێتانەیە!

بازرگانەکە بە باشی زانی پێش ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدات، بۆ هەمان کار هاوکارێکی تری بنێرێت بۆ ئەو شوێنە، لە دوای مانگێک هاوکاری دووەم بە ڕاپۆرتێکەوە هاتەوە و تێیدا وتبووی: بیرۆکەی دروستکردنی کارگەی پێڵاو لەم شارەدا بیرۆکەیەکی عەبقەرییانەیە، ئەگەر کارگەکە دابنێین، قازانجێکی خەیاڵی دەکەین کە پێشتر هیچ کەسێک پێی نەگەیشتووە، خەڵکی بە پێی خاوسی ئازاردەچێژن، بێگومان بە لێشاو ڕوودەکەنە کڕینی پێڵاو!

زیادەڕەویم نەکردووە ئەگەر بڵێم ئەم چیرۆکە هەموو نهێنی ژیانی لەخۆگرتووە!

ئەڵبەتـە گـەر بڕوانینـە قووڵاییەکـەی، نـەک ڕووداو و کەسـەکانی، کارەکـە زۆر لـە دوو هـاوکار گەورەتـرە، دوورتریشـە لـە کارگەیەکی پێڵاو و بازرگانێک کـە دەیەوێت بازرگانییەکی نـوێ بکات!

خەڵکی لـە یـەک شـتدا جیاوازییەکی ڕوونیـان هەیـە، هەمیشـەش ئـەم جیاوازییـە ناگەڕێتـەوە بـۆ خـودی شـتەکە، بەڵکـوو دەگەڕێتـەوە بـۆ تێڕوانینـی کەسـەکان، کـە لـە ڕێیـەوە شـتەکە دەبینـن، هەربۆیـە دڵنیابن لـەوەی هەڵوێسـتی خەڵکی بەرانبـەر ڕووداوێک، سرووشـتی ڕووداوەکە بەدیارناخـات، بە ئەندازەی ئەوەی سرووشـتی کەسـەکان بەدیاردەخـات!

ئـەو دەمـەی تێڕوانیمـان بەرانبـەر شـتێک دەگۆڕێت، هەڵوێستیشـمان بەرانبـەری دەگۆڕێت کە لەوەیـە تـەواو پێچەوانـەی هەڵوێسـتی یەکـەم بێـت، لـەم ڕۆژنـەدا لـە مزگـەوت بـووم، لـە کاتـی ئەنجامدانـی دوو ڕکات نوێـژی سـوننەت و لـە کاتـی سـوجدەبردندا کەسـێک پێـی نـا بـە سـەرمدا، هەندێ قسـەی لەبەرخۆیـەوە وت و دوورکەوتـەوە، بـەم ڕووداوە زۆر نارەحـەت بـووم، ئـەوە ئازارەکـەی لـەولاوە بوەسـتێت، بـەڵام درێـژەم بـە نوێژەکـەم دا، کـە تەواوبـووم زانیـم ئـەو کەسـەی پێی ناوە بە سـەرمدا کابرایەکی نابینایـە، وتـم: **الحمدلله الذي عافاني مـا ابتلـى بـه كثيـرا مـن خلقـه،** بەمشـێوەیە لـە یـەک چرکـەدا هەسـتی تووڕەیی گۆڕا بۆ هەسـتی بەسـۆزبوون و میهرەبانی، تاکە هۆکاریش ئەوەبـوو تێڕوانینەکـەم گـۆڕا!

لـە سـەردەمی نەفامیدا (خەنسـا) سـەخری بـرای لاواندەوە، گریانێک بـۆی گریـا کـە نزیکبـوو بینایـی چاوەکانـی نەمێنێـت، لـە دوورگـەی عەرەبیدا کـەس لـە ئـەو بەناوبانگتـر نەبـوو لـە لاواندنـەوە و گریانـدا، تەنانـەت ئـەو کاتـەی هاتـە لای پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) و ئیسـلامبوونی خـۆی ڕاگەیانـد، پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرمـووی: ئێهـ یـا خونەیـس،

لاواندنەوەکەی سەخرم بۆ بڵێ! لە نەفامیدا لە مردندا تەنها مردن هەیە، خەڵکی و خەنسا بەوجۆرە لە مردنیان دەڕوانی، بەڵام ئەو خەنسایەی لە سەردەمی نەفامیدا بە زۆرگریان بەناوبانگبوو، لە قادسیەدا چوار کوڕی لەدەستدا، سوجدەیەکی شوکری بۆ خودا برد، کە شیرینی جەرگی پێشکەشی خودا کردووە، مردن هەر مردنە، لەدەستدان هەر لەدەستدانە، بەڵام چاوی خەنسا لە سەردەمی نەفامیدا هەمان چاو نییە لە ئیسلامدا، ئیسلامی مەزن کە ئەو گۆڕانکارییە سەرسوڕهێنەرەی لە عەرەبدا خولقاند، ژیانی نەگۆڕی، بەڵکوو تێڕوانینی بۆ ژیان گۆڕی، کە تێڕوانینیان بۆ ژیان گۆڕا لە شوانکارەییەوە گۆڕان بۆ گەورەی گەلەکان، هەربۆیە کە (ربعی کوڕی عامر) بە شاندێک چووە لای ڕۆستەم، وەک چۆن ئیبن کەسیر لە بەرگی حەوتەمی (البدایة و النهایة)دا باسیکردووە، ڕۆستەم لێی دەپرسێت: چ شتێک لە شوێنی خۆتان دەریکردوون بۆ ئێرە؟ ربعییش پێی دەڵێت: هاتووین بۆ ئەوەی خەڵکی دەربکەین لە پەرستنی بەندەکانەوە بۆ پەرستنی پەروەردگاری بەندەکان. چاوی سەردەمی نەفامی لە جەنگدا تەنها دەسکەوت و تاڵانی دەبینی، بەڵام چاوی موسوڵمان جەنگی بە هۆکارێک دەزانی بۆ ئەوەی قورئان بگاتە دڵی خەڵکی!

**پوختەی قسان:**

هەندێک جار بۆ ئەوەی واقیعی ژیان بگۆڕین، تەنها پێویستە لەسەرمان تێڕوانینمان بگۆڕین بەرانبەری!

الوطن

٢٠١٨/١/١٨

## بونیادنەری پیاوەکان!

پادشـا داوای لـە زێڕنگەرێـک کـرد تاجێکـی بـۆ دروسـتبکات، بـۆ ئەوەی پێشکەشـی ئـەو کەسـەی بکات کە خاوەنی مەزنترین کارە لـە مەملەکەتەکەیدا، زێڕنگەرەکە دەستیکرد بە دروستکردنی تاجەکـە و دوای چەنـد ڕۆژێـک تاجەکـە خرایـە بەردەسـت جەنابـی فەرمانڕەوا.

لـەو کاتـەدا کۆمەڵێـک کـەس لـە نـاو ئاپۆڕای خەڵکدا تەپڵیان لێدەدا و دەیانـوت: جەنابی پادشـا خەڵاتێکی ئامادەکردووە بۆ مەزنترین کار لـە مەملەکەتدا، ئەوانـەی حەزیـان لـە پێشـبڕکێیە پێویسـتە فلانـە ڕۆژ لـە کۆشکی پادشـایەتی ئامادەبن و کارەکەیـان پێشـانی جەنابی پادشـا بدەن بـە بەبەرچاوی کۆمەڵێکی زۆری خەڵکەوە!

لـە ڕۆژی دیاریکـراودا، شـاعیر و زانـا و پیشـەوەر و نیگارکێش ئامادەبـوون، هەرکەسـەو بـە ڕبـەی خـۆی دەیپێـوا.

نیگارکێشـەکە هاتـە پێشـەوە و تابلۆیەکـی هونـەری و خەتێکـی نـاوازەی پێشکەشـکرد و گەڕایـەوە بـۆ شـوێنەکەی خـۆی، دواتـر ئـەوەی پەنـای هەسـتا و کتێبێکـی زانسـتی پێبـوو، باسـی ئەزمـوون و تاقیکردنەوەکانی بۆ پادشـا کـرد، دواتـر گەڕایـەوە بـۆ شـوێنەکەی خـۆی و دانیشـت...

دواتر کەسی سێیەم هەستا کە هەر لە پەنای ئەمدابوو، شیعرێکی ناوازەی بۆ پادشا خوێندەوە و دواتر گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی و دانیشت...

پادشا چاوی چووە سەر پیرەکێک کە لە پەنای ئەم سێ کەسەدا دانیشتبوو، وایزانی ئەمیش لە بەشداربووانە، پێی گوت: پیرەکی بەڕێز، تۆ چیت هەیە پێشکەشکمانی بکەیت؟

گوتی: جەنابی خاوەن شکۆ، هیچ شتێکم نییە پێشکەشی جەنابتانی بکەم، من دایکی ئەو سێ کەسەم کە شتەکانیان بۆ جەنابت پێشکەشکرد، هاتووم هەتا ببینم کامیان تاجە ئاڵتوونییەکە بەدەست دەهێنن!

لەم کاتەدا پادشا لەسەر کورسییەکەی هەستا و وتی: پێشبڕکێکە کۆتایی هات، تاجە ئاڵتوونییەکە بکەنە سەر بونیادنەر و دروستکاری پیاوەکان!

باڵاترین پیشە لە جیهاندا دروستکردنی مرۆڤە، ورچ ورچی دەبێت و شێر شێری دەبێت و ماسیش ماسی دەبێت، بەڵام مرۆڤ ماددەیەکی خامی دەبێت کە قابلیەتی ئەوەی تێدایە ببێتە مرۆڤ، مەزنترین هونەرمەند لە وجووددا ئەو کەسەیە داهێنان لەو ماددە خامەدا دەکات، بۆ ئەوەی مرۆڤێکی حەقیقی پێشکەشی ئەم جیهانە بکات!

ئەو دایبابە ڕۆشنبیر و زەنگینەی کە مرۆڤێکی حەقیقی بونیاد دەنێن هەڵساون بە کارێکی مەزن و ناوازە، بەڵام مەزنتر و ناوازەتر ئەو هەژار و سادە نەخوێندەوارانەن کە مرۆڤی حەقیقی پێشکەش بەم جیهانە دەکەن، ئەو دەمەی لە ماڵی پاکەوانێکەوە ئەندازیارێک دەردەچێت، لە ماڵی بەرگدوورێکەوە دکتۆرێک دەردەچێت، لە ماڵی دارتاشێکەوە پێشنوێژێک دەردەچێت، نووسەر و مامۆستای زانکۆ

و خاوەنی کومپانیا و وەزیر لە مالی پێلاودوورێک و بەقالێکەوە دەردەچێت، ئەوا دلنیابە هیچ کەسێک لەمانە مەزنتر نییە. ئیللا ئەو کەسانە نەبێت بونیادیان ناون هەتا بگەن بەوەی ئیمرۆ پێی گەیشتوون!

ڕسواترین کەس لە وجووددا ئەو کەسەیە کە گەیشتووە بە پلەیەکی بالا، جا لە زانستدا بێت یان پێگەیەکی کومەلایەتی هەبێت یان زەنگین بێت، بەلام لە ناخەوە هەست بە نارەحەتی و خەجالەتی دەکات لە دایک و باوکە سادەکەی، لەبری خەجالەتی و شەرمەزاری، دەبوو شانازی بکردایە بە دایک و باوکیەوە، چونکە توانیویانە لە هیچەوە موعجیزە بخولقێنن!

ئەی دایک و باوکە سادەکان سەرتان بەرزبکەنەوە!

هەر پردێک کوڕە ئەندازیارەکەتان بونیادی ناوە، پێش ئەو ئێوە بونیادتان ناوە!

هەر نەخوشێک کوڕە دکتورەکەتان چارەی کردووە، پێش ئەو ئێوە چارەتان کردووە!

کچەکەتان هەر مندالێک پەروەردەبکات، پێش ئەو ئێوە پەروەردەتان کردووە!

بەڕاستی ئێوە پالەوانن، پالەوانی حەقیقیین گەرچی تاجی ئالتونیش نەخرابێتە سەر سەرتان!

الوطن

٢٠١٨/١/٢١

## تۆ تەڵاقدراویت!

ئیبنو جەوزی لە کتێبی (أخبار الأذكياء)دا دەڵێت:

عیسای کوڕی مووسا خێزانەکەی زۆر خۆشدەویست، ڕۆژێک بە شۆخییەوە پێی گوت: سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێت گەر لە مانگ جوانتر نەبیت!

خێزانەکەی هەستا و لێی دوورکەوتەوە و وتی: تەڵاقت دام!

ئەو شەوە خەفەتێکی زۆری خوارد، کە ڕۆژبوویەوە چوو بۆلای ئەبو جەعفەری مەنسوور و باسەکەی بۆ باسکرد، دواتر وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، گەر تەڵاقم کەوتبێت خەفەت دەمکوژێت، مردنم پێ خۆشترە لەو ژیانە، بێتاقەتییەکی زۆری بۆ مەنسوور دەرخست، مەنسوور شەرعناسەکانی کۆکردەوە و داوای فەتوای لێکردن، هەموو ئەوانەی ئامادەبوون وتیان: تەڵاقی کەوتووە!

تەنها کەسێک لە هاوەڵانی ئەبوحەنیفە نەبێت، بێدەنگبوو.

مەنسوور پێی وت: بۆچی قسە ناکەیت؟

وتی: بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ فِيٓ أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ﴾

واتە: بەڕاستی ئێمە ئینسانمان لە جوانترین شێوە و ڕێکوپێکترین شێوازدا دروست کردووە، لە هەموو ڕوویەکەوە.

جەنابی پێشەوا، هیچ شتێک لە مرۆڤ جوانتر نییە!

مەنسوور بە عیسای کوڕی مووسای وت: خودا دەرووی لێکردیتەوە، شتەکە بەوشێوەیە کە وتی، بچۆرەوە بۆ لای خێزانەکەت، نامەیەکی بۆ خێزانی نووسی و تێیدا گوتی: تۆ لە ژێر رکێفی عیسای کوڕی مووسا دایت و بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەک لێی دەرنەچووی، گوێڕایەڵی بکە!

ئەم چیرۆکەم بۆ ئەوە نەهێنا کە باسی جۆرەکانی تەڵاق بکەم، من ئەهلی فیقهـ نیم، خاوەن و موجتەهیدی مەزهەبەکان بە جوانی ئەم باسەیان باسکردووە، دواتر وتارەکانی رۆژنامەکە لە بواری شەریعەتدا نییە، مەبەستم لە باسکردنی چیرۆکەکە ئەو دیاردەیەیە کە گومانم وایە زۆربەتان دەیبینن، بەهۆی رۆچوونی خەڵکی تێیدا شەو و رۆژ دەیبینن، تەڵاق وەک ئاو لەسەر زمانی خەڵکی دەڕوات، دەیکەنە هەموو قسەیەکەوە، جا شوێنی بێت یان نا، گوێمان لەو مێردە گەمژەیە دەبێت کە هەڕەشە دەکات و خۆی سووردەکاتەوە: گەر ئەو جۆرە خواردنە لێ بنێی تەلاقم کەوتبێت! راستە هەندێک لە زانایان پێیان وایە ئەم جۆرە لە تەڵاق دەچێتە ژێر بابەتی سوێندخواردن و کەفارەتی هەیە و ناچێتە ژێر بابەتی تەڵاقەوە، بەڵام ئەوەش راستە کە ئەمە بەکەمزانینی ئەو پەیوەندییە پیرۆزەیە کە دوو هاوسەرەکەی پەیوەست کردووە بەیەکەوە!

گەر کارەکە لێرەدا بووەستایە شتێکی ئاسان دەبوو، بەڵام خەڵکی رۆچوونێکی قێزەونانە تێیدا رۆچوونە، کە پێویستە لێی ئاگاداربکرێنەوە و وازی لێبهێنن، لە چێشتخانەکاندا هاوڕێکان پێشبڕکێی ئەوە دەکەن کامیان پارەکە بدات، ئەمە شتێکی جوانە، بەڵام ئەوەی قێزەون و ناشرینە یەکێکیان بڵێت: تەلاقم کەوتبێت نابێت کەس پارە بدات! من و زۆربەی دانیشتووانی ئەم هەسارەیەش نازانین خێزانی چ پەیوەندییەکی بەم بەخشندەییە حاتەمییەوە هەیە!

ئەوە کاتێک دادەنیشن یاری دۆمینە و تاوڵە دەکەن، چی دەڵێی بیڵێ و مەترسە، تەلاقم کەوتبێت ئەو پولەت بە فیل داناوە، تەلاقم کەوتبێت بەوە یاریت کردووە!

براکەم خودا بەرەکەت بخاتە بێ ئیشی و ئەو کاتەی دەیبەخشن بەمە، بەلام ئەوەی لەدەستی ئێوەدایە پوول و زارە، نەک ژنەکانتان، یاری بە پوول و زاری خۆتان بکەن و لە ژنەکانتان بگەڕێن کە لە ماڵی خۆیاندا لێی دانیشتوون!

ئەڵبەتە فەتوا نادەم بە کەوتنی تەلاق لەم حاڵەتەدا، من ئەهلی فەتوا نیم، بەلام دەڵێم ئەمە بە سووک سەیرکردنی پەیوەندی هاوسەرگیرییە، گەرچی بەبێ مەبەستیش بێت، کەمکردنەوەی بەهای ئافرەتە، گەرچی بەبێ ویستیش بێت، زمانت ڕادێت لەسەر ئەوەی دەیڵێیت، خۆتان وا ڕابهێنن کە واز لە خێزانەکانتان و کاروباریان بهێنن!

الوطن

٢٠١٨/١/٢٣

## تەنها بە خۆشەویستی نا!

ئیبنوجەوزی دەگێڕێتەوە پیاوێک دەچێت بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و پێی دەڵێت: ئەی پێشەوای باوەڕداران دەمەوێت خێزانم تەلاق بدەم!

ئیمامی عومەر پێی دەڵێت: بۆچی؟

پیاوەکە دەڵێت: چونکە خۆشم ناوێت.

ئیمامی عومەر پێی دەڵێت: ئایا هەموو ماڵێک لەسەر خۆشەویستی بونیادنراوە؟ ئەی جوامێری و زامنێتی لە کوێیە؟

پێش ئەوەی دەست بکەمە نووسینی ڕۆمانی (ئەودەمەی گەشتم بە عومەر)، لە چەندین کتێبدا ئەم بەسەرهاتەم خوێندەوە، پیاوێک خێزانەکەی سوێند دەدات و پێی دەڵێت: سوێندت دەدەم بە خودا منت خۆشدەوێت؟

ئەویش دەڵێت: مادەم سوێندت داوم ڕاستییەکەت پێ دەڵێم، تۆم خۆشناوێت!

سکاڵای خۆی دەباتە لای عومەری کوڕی خەتتاب و عومەریش دەنێرێت بە شوێنی خێزانەکەیدا، کە دێت عومەر پێی دەڵێت: ئەوە تۆ بووی بە مێردەکەت گوتووە: ڕقم لێتە؟

ئافرەتەکە دەڵێت: ئەی پێشەوای باوەڕداران، سوێندی دام! ئەی دەکرێ درۆ بکەم؟!

عومەر پێی دەڵێت: بەڵێ درۆ بکە، گەر یەکێک لە ئێوە هاوسەرەکەی خۆشنەدەویست با پێی نەڵێت، چونکە کەمترین ماڵ لەسەر خۆشەویستی بونیاد دەنرێت، بەڵکوو خەڵکی پێکەوە دەژین بەهۆی ئیسلام و ئیحسانەوە!

ئەم دوو چیرۆکە بە بەڵگە ناهێنرێتەوە لە میانەی کەمکردنەوەی گرنگی خۆشەویستی لە نێوان هاوسەراندا، لە بنەڕەتدا پێویستە ئەو میانە هەر نەبێت، هیچ کەسێکی ژێر نکوولی ئەوە ناکات خۆشەویستی بەهێزترین بەستەرە لە نێوان دوو کەسدا کە بڕیاریان داوە پێکەوە گەشتی تەمەن بکەن، لە کاتێکدا بە بەڵگە دەهێنرێتەوە کە کار لە کار ترازاوە و خەڵکی بانگەشەی جیابوونەوە بکەن، چونکە خۆشەویستی نەماوە!

تەنها بە خۆشەویستی ماڵەکان ڕاوەستاو نابن و هاوسەرەکان بەردەوام نابن، گەر هەر پیاوێک بیەوێت خێزانی تەڵاق بدات، چونکە لە دڵیدا ئەو هەستەی نییە بۆ خێزانەکەی کە لە دڵی قەیسی کوڕی مولەویحدا هەبووە بەرانبەر لەیلای عامری، ئەوا لە شاردا تەنها چەند ماڵێکی کەم دەمانەوە کە ژمارەیان لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕناکات! گەر هەموو ئافرەتێک بیەوێت لە مێردەکەی جیابێتەوە، چونکە لە دڵیدا ئەو هەستەی نییە بەرانبەر مێردەکەی کە عەززە بەرانبەر کوسەیر هەیبووە، لە شاردا چەند ماڵێکی ڕاوەستاو دەمایەوە کە ڕێژەیان لە یاریزانانی یارییەکی تۆپی پێ تێپەڕی نەدەکرد! لێ ماڵەکان ڕاوەستاوە و ژیانیش بەردەوامە، چونکە لە غەیری دڵ چەندین شتی مەزن هەیە کە پێویستە ماڵەکان ڕاوەستاوبن لە پێناویدا!

هەروا بێسوود نەبووە کە ئیسلام درۆکردنی حەڵاڵکردووە لە نێوان هاوسەرەکاندا، لەو شتانەی پەیوەندی بە پاراستنی خۆشەویستی و ڕاگرتنی ڕازەکانەوە هەیە!

ئیسلامی مەزن دەزانێت ئەگەر پیاو بە ژنی خۆی گوت: تۆ جوان نیت ـ هەرچەند قسەکەیشی ڕاست بێ، بەڵام ئەوە پێی ناگوترێ ڕاستی، بەڵکو ئەوە بێ ئاوەزی و گەمژەییە، ئەگەر ژن باسی پیاوێکی تری کرد و بە پیاوەکەی خۆی گوت: تۆ بۆ وەک ئەو نیت ـ هەرچەند قسەکەیشی ڕاست بێ، بەڵام ئەوە پێی ناگوترێ ڕاستی، بەڵکو سووکایەتی کردنە بە مێردەکەی! گەر ژیانی هاوسەرگیری پڕبوو لە خۆشەویستی، ئەوا نیعمەتە! گەر عیشق و خۆشەویستی نەبوو، مەرج نییە ڕێزگرتن و ڕەوشت نەمێنێت و لەماڵەکەدا جەنگ هەڵبگیرسێت! ژیان وەک فیلمە تورکییەکان نییە هەموو شەوێک مۆم دابگرسێنرێت، ڕۆمانێکی خۆشەویستی نییە گەر عاشقەکان بۆ یەکتری شێت نەبن، ژیانیان وشک و تاقەت پڕوکێن بێت! ژیان ژیانە، دواتر باوەڕم وایە هەمووتان چیرۆکێکی هاوسەرگیریتان بینیوە سەرەتاکەی وەک چیرۆکی بچووکراوەی ڕۆمیۆ و جولێت بووە و کۆتاییەکەشی بە کارەسات کۆتایی هاتووە، وەک (داحیس و غەبراء!) هەموو ئەمانە ڕوودەدەن، چونکە بە تەنها خۆشەویستی ماڵەکان ڕاوەستاونابن!

**پوختەی قسان:**

هیچ شتێک لەو ماڵە جوانتر نییە کە خۆشەویستی سەقفەکەیەتی و عیشق دیوارەکانیەتی و بەسۆزیی کەلوپەلەکەیەتی، خۆشەویستی جوانترین ڕۆزییە، ئەوەتا سەرداری پیاوەکان لە دەرهەقی دایکمان خەدیجەدا دەڵێت (خۆشەویستی خەدیجە ڕۆزییە و پێم دراوە) باس

خۆشەویستی کرد نەک دەوڵەمەندی و سەروەت و سامان، لە کاتێکدا یەکێکبوو لە ئافرەتە زەنگینەکانی قورەیش! بەڵام لە بەرانبەردا نەمانی خۆشەویستی بەهانەی نەمانی ڕێز نییە، کەمبوونی بەسۆزیی واتای ئەوە نییە ژیان کۆتایی هاتووە، لە ژیاندا زۆر ڕێگا هەیە ئەو هەڵمان دەبژێرێت و ئێمە هەڵی نابژێرین، لەسەریشمان پێویستە هەتا کۆتاییەکەی بڕۆین، بەچاوپۆشی لە چاڵ و کەوتنەکانی، هەندێ جار هەڵکردن و ژیان لەگەڵ کێشەیەکدا تاکە چارەسەری کێشەکەیە!

الوطن

٢٠١٨/١/٢٥

## پەتی خۆشەویستی مەپچڕێنە!

لە نێوان حەسەنی بەسری و موحەممەدی کوڕی سیریندا وشکییەک هەبوو، هەر کاتێک لەلای حەسەن باسی ئیبنو سیرین بکرایە دەیوت: باسی بەرگدوورەکە مەکەن! مەبەستی ئەوەبوو زۆرێک لە خزمانی ئیبنو سیرین سەرقاڵی چنینی پۆشاک بوون!

دواتر حەسەن خەونی بینی، لە خەوەکەیدا ڕووت بوو لەسەر سەرگوێلانکێک عودی لێدەدا!

ئەم خەوە بووە مەراقی، کەسێکی ناردە لای ئیبنو سیرین هەتا خەونەکەی بۆ بگێڕێتەوە وەک ئەوەی خۆی بینویەتی، بەڵام ئیبنو سیرین زۆر لەوە زرنگتربوو شتێکی وەهای بەسەردا تێپەڕێت، بەو کەسەی وت کە هاتبوو بۆلای: بە خاوەنی خەونەکە بڵێ با لە کوڕی بەرگدوورەکە پرسیار نەکات!

کە ئەم هەواڵە گەیشت بە حەسەن، بە خێرایی خۆی گەیاندە لای ئیبن سیرین، کە ئیبن سیرین حەسەنی بینی لەبەری هەستا و یەکتریان لەئامێز گرت، دواتر دانیشتن و گلەییان لەیەکتری کرد، پاشان حەسەن پێی گوت: ئەی ئەبابەکر واز لەوە بهێنە، باسی خەونەکەم بۆ بکە دڵی قاڵکردووم!

ئیبن سیرین پێی وت: دڵت قاڵ نەبێت، ڕووتی ڕووتی دونیایە و تۆیش یەکێکیت لە دونیا نەویستەکان، سەرگوێلانکەکە دونیایە تۆیش وەک حەقیقەتی خۆی دەیبینیت، عودەکەش ئەو حیکمەتانەیە بۆ خەڵکی باس دەکەیت!

حەسەن پێی وت: چۆن زانیت من ئەو خەونەم دیوە؟

ئیبنو سیرین وتی: هیچ کەسێکم لە تۆ باشتر شک نەدەبرد ئەو خەونە ببینێت!

کێبڕکێی نێوان هاوڕێکان هیچ کەسێک لێی ڕزگار نابێت، گەر وانەبووایە حەسەن و ئیبن سیرین لێی ڕزگار دەبوون! ئەم دوو پیاوە سەرباری تەقوا و باشییان وشکییەک لەنێوانیاندا هەبوو، بەلام مەردەکان گەرچی کێبڕکێ لە نێوانیشیاندا هەبێت، چاکەی یەکتری لە یاد ناکەن، نکووڵی تایبەتمەندی یەکتری ناکەن، حەسەن بۆیە کەسێکی نارده لای ئیبن سیرین خەوپەرژێنی بۆ بکات، چونکە زانست و لێهاتووییەکەی دەزانی لەو بوارەدا، ئیبن سیرینیش بۆیە زانی حەسەن خاوەنی خەونەکەیە، چونکە تەقوا و باشی حەسەنی دەزانی، ئامان گەر ڕۆژێک کێبڕکێت کرد، چاو لە ئیبلیس نەکەیت کە وتی: ﴿ أَنَا۠ خَيۡرٞ مِّنۡهُ ﴾ واتە: من لەو (ئادەم) چاکترم!

بەڵکوو چاو لە مووسا(ﷺ) بکە کە ڕۆژێک گوتی: ﴿وَأَخِي هَٰرُونُ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا ﴾

واتە: هاروونی برام لە من زمانی پاراوترە!

هەروەها لە سیفاتی کەسە مەردەکانە کە بچووکترین ڕووداو بقۆزنەوە بۆ یەکسانکردنەوەی کارەکان، گەڕانەوە بۆ حەق زۆر باشترە لە ڕۆچوون لە ناحەقدا، حەسەن چەندێ مەردبوو کە بەخۆیدا چووەوە و چوو بۆلای ئیبن سیرین، ئیبن سیرینیش چەندێ مەردبوو کە لەبەری هەستا و لە ئامێزی گرت!

عیززەتی تاوان نەتگریت، دەرفەتەکە بقۆزەوە و دەستپێشخەری بکە، هەندێ جار چەندین ساڵ لە وشکی و دابڕان تێدەپەڕیت، چونکە ئەو دەرفەتەمان لەدەستداوە کە لەڕێیەوە دەمانتوانی کارەکان چاکبکەینەوە، گەر کەسی بەرانبەر دەسپێشخەری کرد، خراپترینی دوو کەسەکە مەبە، هەر کەسێک هەنگاوێک بەرەو ڕووت هات، تۆ دوو هەنگاو بەرەو ڕووی بڕۆ، ئێرە شوێنی کەرامەت نییە، بەڵکوو شوێنی ئەمانەیە:

﴿وَأَحْسِنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ﴾ واتە: چاکە بکەن بەڕاستی خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت.

﴿وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بَيْنِكُمْ﴾ واتە: کەواتە خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن، وە پەیوەندی نێوان خۆتان چاک بکەنەوە

(من تواضع لله رفعه) واتە: هەرکەسێک بۆ خودا خۆی بەکەم بزانێت، خودا بەرزی دەکاتەوە.

(من ذلّ لله عزّ) واتە: هەر کەسێک بۆ خودا خۆی زەلیل بکات، خودا سەربەرزی دەکات.

لە کۆتاییدا ئێمەیش مرۆڤین، هەندێ تەبیعەتمان تێدایە کە ناتوانین لە خۆماندا دەریان بکەین، بەڵام هەرگیز چارەکەیان ئەوە نەبووە کە خۆمانیان ڕادەست بکەین، چونکە لە ناخماندا هەن، بەڵکوو چارەسەرەکەیان ئەوەیە زاڵ بین بەسەریاندا، نەک زاڵبن بەسەرماندا، سەرکردایەتییان بکەین، نەک سەرکردایەتیمان بکەن، دەروونی مرۆڤەکان وەک ئەسپێکی سەرکێش وایە، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی دەروونی دەستەمۆ کردووە!

الوطن

٢٠١٨/١/٣٠

## کفن گیرفانی نییە!

دوێنێ (ئینغفار کامبراد) کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆی سەروەتێکی گەورەی جێهێشت، کە بە شەست ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، بۆ ئەوانەی کامبراد ناناسن، خەڵکی سویدە، خاوەنی کۆمپانیای ئیکایە بۆ کەلوپەلی ناومال، ژیانێکی زۆر سادە دەژیا، لە مالێکی سادەدابوو، پۆشاکی بەکارهێنراو و کۆنی دەپۆشی، وەک کەسێکی ئاسایی گەشتی دەکرد، لە هۆتێلە هەرزانەکاندا دەمایەوە، ماوەی بیست سال یەک ئۆتۆمبێلی هەبوو، لە هەردوو دیووی کاغەز شتی دەنووسی! لە کۆتاییدا دونیای بەجێهێشت و هیچی لەگەل خۆیدا نەبرد، وەک چۆن هەموومان بەوشێوەیە دەگەڕێینەوە بۆلای خودا!

وەک دەردەکەوێت پەندەکان وەک بەلاکان وان بە تەنها نایەن، وەک چۆن عەرەب وا دەلێت! دوای خوێندنەوەی هەوالی مردنی کامبراد، هەوالێکم خوێندەوە کە ڤیکتۆر ڤالدێسی گۆلچی یانەی بارسیلۆنا، هەموو سەروەتەکەی لە وەبەرهێنانێکدا لەدەستداوە و مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاندووە... یانەی بارسیلۆنا -کە خۆشمناوێت- لەگەل گۆلچییەکەیدا هەلوێستێکی مەردانەی هەبوو، ڤیکتۆر ڤالدێسییان کردە ڕاهێنەری گۆلچییەکانی یانەکە، هەرچەندە

یانەکە پێویستی بە ڕاهێنەری زیادە نەبوو... مەردایەتی کڵاوی بۆ بەرزدەکرێتەوە گەرچی لەلای دوژمنیشەوە بێت!

پەندەکان چەندێ زۆرن و پەندوەرگرەکانیش چەندێ کەمن!

کامبراد بە کیسەی بەتاڵەوە ئەم دونیایەی بەجێهێشت... ئەمە ئەو حەقیقەتەیە کە هەموومان دەیزانین و فەرامۆشی دەکەین، ئەو شتەی سوڵتان سولەیمانی قانونی یەکێک لە گەورەترین سوڵتانەکانی مێژوو ویستی پێمان بڵێت ئەو دەمەی لەسەر جێگای مردن وەسیەتی کرد و وتی: کە مردم دەستم لە تابووتەکەتەوە دەربکەن، با خەڵکی بزانن تەنانەت سوڵتانیش بە دەستی بەتاڵەوە لەم دونیا دەرچوو!

بۆ ئەوەی کەسێک نەڵێت: بە زەنگینی دەژیم و نارەحەتی نایەتە ڕێم، هەواڵی مایەپووچبوونی ڤالدێس هات بۆ ئەوەی پێمان بڵێت نارەحەتی چاوەڕێی مردنمان ناکات، لەوەیە بێت و ڕامانبماڵێت و هێشتا لە ژیانیشدابین، ئەم دونیایە جێی باوەڕ نییە!

پارە چڵکی دەست نییە و دەوڵەمەندی شانکورتی نییە، بە پێچەوانەوە باشترین شتماڵێکی حەڵاڵە لە دەستی کەسێکی چاکدا، ئەو ئیسلامەی ڕۆژێک بە شمشێرەکەی خالید خۆی پاراست و پەنای برد بۆ شیعرەکانی حەسان و پشتی بە ئاوەزی عەلی بەست و ئەبوبەکر کۆیلەکانی ئازادکرد، سوپای عوسرە هاوەڵە زەنگینەکان ئامادەیان کرد، عوسمانیش لە دوای ئیمڕۆوە هەرچی بکات زەرەر ناکات!

بەدەستهێنانی پارە پێویستییەکی ژیانە، زەکات دەرکردن واجبە، خێرکردن نزیکبوونەوەیە، تێکۆشان سووتێنەری ماڵە، هەرکەسێک تێکۆشەرێک ئامادەبکات وەک ئەوە وایە خۆی تێکۆشانی کردبێت، هەر کەسێک یارمەتی ماڵی تێکۆشەرێک بدات وەک ئەوە وایە

خـۆی تێکۆشـابێت، وەک چـۆن پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) فەرموویەتـی!، بـەڵام دەبێت لـە کاتی پارە کۆکردنـەوەدا ئـەوە بزانین پارە هۆکارێکە بـۆ ژیـان، نـەک ئامانجـی ژیـان، هەمـوو ئـەوەی کۆمانکردۆتـەوە و کۆیدەکەینـەوە لـە کۆتاییـدا جێیدەهێڵیـن و دەگەڕێینـەوە بۆلای خـودا، هیچـی لـێ نامێنێتـەوە مەگـەر ئـەوە نەبێت لـە کاتـی ژیانمانـدا پێشـی خۆمانمـان خسـتووە!

گـەر دەوڵەمەنـدی هـۆکاری بەرزبوونـەوەی خەڵکی بووایـە، قارون بـە ناخـی زەویـدا ڕۆنەدەچـوو، نەمردوویـش بـە نەعلـەوە نەدەکەوتنـە سـەر سـەری، گـەر هـەژاری لـە بەهـای کەسـەکانی کەمکردایەتـەوە، پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) هەژارنەدەبـوو، لـێ لەگـەڵ هەژارییەکەیـدا بەڕێزترین و جوانترین و بەخشندەترین و بـە تەقواترین کـەس بوو! هێندەی دەتوانن پارەی حـەڵاڵ کۆبکەنـەوە، پێی دڵخۆشبن، کەسـانی چواردەورتانـی پـێ دڵخـۆش بکـەن، دیـاری ببەخشـن بـۆ ئـەوەی خۆشەویسـت بن، گەشـت بکـەن و دەروونتـان ئارامبکەنـەوە، ئۆتۆمبێلی جوان بکڕن و پێی دڵخۆشبن، کەلوپەلی گرانبەهـا بکڕن و پێی ئـارام بـن، ئەمـە کەمیەتـی تێدا نییـە و جێگای سـەرکۆنەکردن نییـە، بـەڵام ئەوەتـان لەیـاد بێت کفن گیرفانـی نییـە!

الوطن

٢٠١٨/٢/١

## تەنها دوژمنەکان قازانج دەکەن!

ئیبنو قوتەیبە لە کتێبە ناوازەکەیدا (عیون الأخبار)دا، کە لە چوار بەرگ پێکدێت، ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە بۆمان:

ئەو کاتەی خەلیفە عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان سەرقاڵبوو بە جەنگکردن لەگەڵ عەبدوڵلای کوڕی زوبێردا، کەسایەتی و گەورەکانی ڕۆم کۆبوونەوە و چوونە لای ئیمپراتۆر و پێیان وت: عەرەب بەخۆیانەوە سەرقاڵن، ئەمەش دەرفەتێکی زۆرباشە بۆ ئێمە، بۆچوونمان وایە هێرش بکەینە سەریان!

ئیمپراتور وتی: شتی واناکەم!

گەورەکان، بەم کاردانەوەیەی ئیمپراتۆر شۆکبوون و داوای هۆکاری قسەکەیان لێی کرد.

ئیمپراتۆر دوو سەگی هێنا و هانیدان و سەگەکان دەستیان کردە شەڕێکی سەخت، لە گەرمەی شەڕەکەدا، کە قەپیان لە یەکتری دەگرت و بەیەکتریدا هەڵدەشاخان، ڕێوییەکی هێنا و خستییە نێوانیانەوە، کە سەگەکان ڕێوییەکەیان بینی، لە شەڕی خۆیان وەستان و هێرشیان کردە سەر ڕێوییەکە هەتا کوشتیان!

لەم کاتەدا ئیمپراتۆر گوتی: ئەمە نموونەی ئێمە و ئەوانە، گەر هێرشیان بکەینە سەر، لە دژمان کۆدەبنەوە، گەر لێیان گەڕێین،

خۆیان خۆیان لەناودەبن!

پەیامی چیرۆکەکە ڕوونە، مەبەست و پەندەکەش ئاشکرایە، گەر تەنها چیرۆکەکەم دابنایە و یەک وشەم نەوتایە بەسبوو، بەڵام هیچ کێشەی تێدانییە بێژم مێژوو دووبارە دەبێتەوە، یان بۆ ستەم لە مێژوو بکەین، ئەوە ئێمەین سوود لە وانەکانی وەرناگرین، هەمان شت دووبارە دەکەینەوە، لە کاتێکدا پێشتر ئەنجامەکەی دەزانین!

لە ناکۆکیت لەگەڵ براکەتدا کەس قازانج ناکات، شکستەکەی شکستی تۆیە، گەرچی تۆیش ئەو شکستەت تووش کردبێت، سەرکەوتنەکەی سەرکەوتنی تۆیە گەرچی بە تەنها خۆشی سەرکەوتبێت، کەسی لاواز بە براکانیەوە بەهێزە، هەژار بە براکانیەوە زەنگینە!

لە سەردەمی نەفامیدا، عەرەب لە پەراوێزی شارستانیەت و پێشکەوتن و کاریگەربووندا بوون، چونکە کۆمەڵێک خێڵی خۆخۆربوون، کێشەی نێوانیان سەختبوو، لە پێناوی لەوەڕگا و ئاو و بژێویی، شمشێریان هەڵدەکێشا، نەک لە پێناوی مەبدەئێک و پەیامێکدا، یان شمشێریان هەڵدەکێشا بۆ ئەوەی شەڕی بە وەکالەت بکەن لەبری کەسانی تر، عەرەبی شام شمشێری هەرقل بوون، عەرەبی یەمەن شمشێری کیسرابوون، نەبووینە سەرداری مرۆڤایەتی و ئالای پێشکەوتن و شارستانیەت و مرۆڤایەتیمان هەڵنەگرت، ئیللا ئەو ڕۆژە نەبێت کە بە فەرمانی ئیسلام شمشێرەکانمان لە نێوان خۆماندا داگرت و لە ڕووی دوژمندا بەرزمان کردەوە، یەک دەست و یەک دڵبووین، تەنها لەو کاتەدا ئیمپراتۆرە زەبەلاحەکان لەبەردەمماندا کەوتن، خزمەتکار بووە گەورە و گەورەش بووە لاوازێکی گوێڕایەڵ!

هیچ ڕۆژێک فتوحات نەوەستاوە، ئیللا بەهۆی ناكۆكی ناوخۆییەوە بووە، هیچ دەوڵەتێکمان نەکەوتووە، ئیللا هۆکارەکەی ئەوەبووە فشۆڵ بووە، کرمی ناکۆکییەکانی خۆمان فشۆڵی دەکرد، پێش ئەوەی شمشێری دوژمنەکانمان ئەو کارە بکات! ئیسپانییەکان ئەندەلوسیان نەخست، بەڵکوو پادشای خێڵەکان و والییە خۆخۆرەکان خستیان، ئیسپانییەکان تەنها فیشەکی ڕەحمەتیان پێوەنا! هۆلاکۆ بەغدادی نەخست، زۆر پێش ئەوە بەغداد کەوتبوو، خۆمان بە ناکۆکی و جەنگە ناوخۆییەکانمان خستمان، ئەو دەمەی هۆلاکۆ هات بینی ئامادەیە بۆ داگیرکردن، داگیری کرد!

ئەو کەسەی ڕووداوە مێژووییە شکستخواردووەکان ئەزموون دەکاتەوە، هەمان دەرئەنجام دێتەوە ڕێی، ئیمڕۆ ئێمە لاوازین، نەک لەبەر ئەوەی دوژمنەکانمان بەهێزن، بەڵکوو بەهۆی ئەوەی ئوممەتێکی پەرشوبڵاو و چەندین خێڵی خۆخۆرین، کەسێک هەیە پەند وەربگرێت!

الوطن

٢٠١٨/٢/٤

## کوڕی کتێب!

موحەممەدی کوڕی موقەدیم لە کتێبی (علو الهمّة)دا دەڵێت:

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کاورایەک داوای لە ژنە دووگیانەکەی کرد فلانە کتێبی لە کتێبخانەکەدا بۆ بهێنێت، لەوێ ئازاری منداڵبوونی بۆ هات و لە نێوان کتێبەکاندا منداڵەکەی بوو، خەڵکی نازناوی (کوڕی کتێب)یان لێ نا. ئەم کوڕی کتێبە جەلالەدینی سیوتی بوو، یەکێک لە بەناوبانگترین زانایانی موسڵمانەکان بە درێژایی سەردەمەکان، پێش ئەوەی دونیا جێبهێڵێت سەرووی شەشسەد کتێبی نووسرای هەبوو!

ئەوەی ئاشکرایە سیوتی لە ماڵێکدا گەشەی کردووە پڕی بووە لە کتێب، باوکی خوێنەربووە، بەلایەنی کەمەوە دایکیشی دەیتوانی کتێبەکان لەیەکتری جیابکاتەوە و بیانناسێتەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە لە دوای فەزڵی خودا ئەو ماڵە فەزڵی بەسەر سیوتییەوە هەیە، کە گەیاندویەتی بەو پێگەیە!

بێگومان گەشەکردنی منداڵ لە ماڵێکدا کە دایک و باوکەکە دەخوێننەوە و ڕووناکبیرن، گەرەنتی ئەوەیان ناداتێ کە خوێنەر و ڕووناکبیربن، هەندێ جار کەسی نەزان لە ماڵی مامۆستاوە دەردەچێت، زاناش لە ماڵی کەسێکی نەخوێندەوارەوە دەردەچێت،

کوڕی شێخی بانگخوازەکان نوح(ﷺ) لە لافاوەکەدا خنکا، ژنەکەی لوطیش(ﷺ) لەسەر کوفر مرد، لە بەرانبەردا خودا ئیبراهیمی(ﷺ) لە پشتی ئازەری موشریک هێنایە دەرەوە -ئەمە بە گوێرەی ئەو رایەی کە دەڵێ: ئازەر باوکی ئیبراهیم(ﷺ) بوو، نەک بە پێی ئەو رایەی کە دەڵێ: مامی بووە نەک باوک- ئاسیای کچی موزاحیم، یەکێک لە بەناوبانگترین ئافرەتە باوەڕدارەکان لە مێژوودا، خێزانی ئەو پیاوە بوو کە پڕ بە قوڕگی هاواری دەکرد و دەیوت: ﴿أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ﴾

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَيُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ وَكَذَٰلِكَ تُخۡرَجُونَ﴾

واتە: خوا زیندوو لە مردوو دەردێنێ و مردوو لە زیندوو دەردێنێ، زەوی زیندوو دەکاتەوە لەپاش مردن و وشک بوونی، هەر بەوجۆرە ئێوەیش دەردەهێنرێن لە گۆڕەکانتان.

بەڵام ئەو نموونانەی باسم کرد، ئەو نموونایە کە ڕیزپەڕبوونە لە ڕێساکە، ڕێسا گشتییەکە دەڵێت: ﴿وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ﴾، شتەکانی تریشی لەسەر بپێوە، منداڵەکان بەرهەمی ئەو ژینگەیەن کە تێیدا گەشە دەکەن و ئەو ماڵەی لە پەنایدا گەورەدەبن، زۆر بە کەمی ڕوودەدات دایباب خوێندنەوە و ڕووناکبیری لەلای منداڵەکانیان خۆشەویست بکەن و دواتر منداڵەکانیان خوێنەر و ڕووناکبیر دەرنەچن، ئەو دەمەی باسی ئەوە دەکەین کوڕەکەی نووح(ﷺ) خنکاوە، ئەگەر دادپەروەر بین دەبێ باسی ئەوەش بکەین سێ کوڕەکەی تری سەر گەمییەکە کەوتوون!

منداڵ وەک زەوی کشتوکاڵی وایە، چ بچێنی ئەوە دەدوورێیەوە، ئەوەی گەنم بچێنێت، جۆ نادوورێتەوە! خوێندنەوە و ڕووناکبیری کشتوکاڵکردنەکەیە! کرداری خۆشەویستکردن و ڕاهاتنی، زۆر نابات دەبێتە بەهرە و خوو لە منداڵەکاندا!

باڵاترین پیشە بونیادنانی مرۆڤە، جوانترین وەبەرهێنان، وەبەرهێنانە لە ئاوەزدا، ئەمەش گرنگترین کاری دایبابە لە دوای فەزڵی خوداوە... کتێب تفاقێکی بەهادارە، وەک خۆم هیچ شتێک لە ماڵەکاندا هێندەی کتێب سەرنجم ڕاناکێشێت، هەرچەندە کتێب شتێک نییە بۆ جوانی و خۆهەڵکێشان، بەهای ڕاستەقینەی کتێب لەوەدا نییە لەسەر ڕەفەی کتێبخانەی ماڵەکەبێت، بەڵکوو لەوەدایە لە ئاوەزی کەسانی ناوماڵەکەدابێت، هەربۆیە هەڵبژاردنی کتێب لەلایەن دایبابەوە، نیوەی کارەکەیە، نیوە ئاسان و ساکارەکەیە، نیوە سەخت و گرانەکە، ڕاهێنانی منداڵەکەیە لەسەر خوێندنەوە و موناقەشەکردنیەتی لەو شتانەی خوێندوونیەتیەوە و ڕێنوێنی کردنیەتی بۆ هەڵبژاردنی ئەو کتێبانەی دەگونجێت لەگەڵ تەمەن و ئاستی زانستی و توانای تێگەیشتنیدا، منداڵەکانمان منداڵی خۆمانن، ئەمە کاری قەدەرە، بەڵام ئەوەی بیانکەینە کوڕی کتێب، ئەمە کاری خۆمانە!

الوطن

٢٠١٨٣/٢/٦

## گەمژەکان بوونیان نییە!

دەگێڕنەوە لە گوندێکی دوورەدەست، پەیامێک لە وەزارەتی پەروەردەوە گەیشت بە دەست بەڕێوەبەری قوتابخانە، کە سەرپەرشتیارێک (موشریف) لە وەزارەتەوە سەردانی قوتابخانەکە دەکات، لە ڕۆژی دیاریکراودا سەرپەرشتیارەکە بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بەرەو گوندەکە کەوتە ڕێ، کە گەیشتە سەرەتای گوندەکە، ئۆتۆمبێلەکەی لە کار کەوت، پێشەکەی هەڵدایەوە و نەیزانی گرفتەکە لە کوێدایە، چ جای بتوانێ چاکی بکاتەوە...

لەم کاتەدا منداڵێکی دە ساڵان بەلایدا تێپەڕی و پێی وت: یارمەتیت ناوێت!

سەرپەرشتیارەکە پێی وت: تۆ چوزانیت لە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل!

منداڵەکە وتی: باوکم وایەرمەنە و هەندێ جار یارمەتی دەدەم، لەوەیە بتوانم چاکی بکەمەوە!

سەرپەرشتیارەکە وازی لە ئۆتۆمبێلەکە هێنا بۆ منداڵەکە، دە خولەک تێپەڕی نەکرد، بە سەرپەرشتیارەکەی وت: گەورەم کار بە ئۆتۆمبێلەکەت بکە!

سەرپەرشتیارەکە شۆکبوو کە بینی ئۆتۆمبێلەکەی کار دەکات سوپاسی کرد و دواتر لێی پرسی: ئەی بۆچی لە قوتابخانە نیت؟

منداڵەکە پێی وت: ئیمڕۆ لە وەزارەتەوە سەرپەرشتیارێک سەردانی قوتابخانەکەمان دەکات، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە فەرمانی کرد ئەو خوێندکارانەی گەمژە و نەفامن ئامادە نەبن!

مرۆڤەکان لە توانای هزری و عەقڵیدا جیاوازییان هەیە، ئەمە حەقیقەتە و نکوڵی ناکرێت، ئاوەزیش وەک پارە وایە؛ ڕۆزییە!

ئیبن سینا کە بەدرێژای سەردەمەکان پەرجووبوو لە پزیشکیدا، لە کیمیاشدا بلیمەت بوو.

خەواریزمی لە چەندین زانستی تردا کارامەبوو غەیری بیرکاری!

دافنشی خاوەنی تابلۆی مۆنالیزا، جگە لە نیگارکێشان لە چەندین شتی تریشدا قاڵبووبوو!

عەباسی کوڕی فەرناس چەندین شتی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، زۆرتر لە بیرۆکەی فڕین.

نیوتن جگە لە یاسای کێشکردن، چەندین شتی تری بینیوەتەوە.

خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، دانەری زانستی عەروز، مامۆستای سیبەوەیهی بووە لە نەحوودا!

هەندێ کەسیش تەنها لە یەک زانستدا بلیمەت دەبن هەتا لە زانستەکانی تر هیچ نازانن، ئەمەش لە بەهای بلیمەتبوونی کەم ناکاتەوە، هەندێ کەسی تریش فریان بەسەر هیچ زانستێکەوە نییە!

یەکێک لە گرفتە لەمێژینەکانی مرۆڤایەتی ئەوەیە بلیمەتبوون بە نمرەکانی قوتابخانە دەپێون! بە ڕەهایی ئەمەش یەکێکە لە پووچترین بیرباوەڕەکانی مرۆڤایەتی، هەندێ جار قوتابخانە ستەمکارە بەرانبەر خوێندکارەکانی، بەهێزترین بەڵگەش چیرۆکەکەی ئەدیسۆنە، کە قوتابخانە لەسەر نەزانین و گەمژەیی دەریکرد!

زیرەکی هەمەجۆرە، هەموومان ئەمە دەزانین، بەڵام نکوڵی دەکەین!

موتەنەبی هێندەی خوێندکارێکی ئاسایی لە فیزیای دەزانی!

میسی تۆپەکە دەکاتە گۆڵەوە بەبێ ئەوەی کێش و خێرایی با هەژمار بکات!

بیتهۆڤن مۆسیقای دەژەنی، لە کاتێکدا کەڕبوو و هیچی نەدەبیست!

بەشاری کوڕی بەرد لە گەڵ ئەوەی کە کەڕبوو، کەچی شتەکانی بە جۆرێک پەسن دەکرد وەک ئەوەی بیبینێت!

مایکڵ شومایخەر ڕقی لە بیرکارییە، بەڵام هەمیشە یەکەم کەس دەگات!

بۆکۆڤسکی لە وانەی زیندەوەرزانیدا دەخەوت، بەڵام بە لێهاتوییەوە دەینووسی!

چارلی چاپلن ملیۆنەها کەسی هێنایە پێکەنین، بەبێ ئەوەی یەک وشە بڵێت!

شکستهێنانی مرۆ لە خوێندنی زانستیدا، بە واتای ئەوە نایەت گەمژەبێت، بەڵکوو واتای ئەوەیە ئەم بوارە بواری ئەو نییە، پێشبڕکێیەکی تری هەیە لەژیاندا، گەر تێیدا نەیدۆزینەوە و هانی نەدەین و ڕێی بۆ ئاسان نەکەین لەسەری بڕوات، ئەوا دەستەوستانی ئێمەیە نەک ئەو، لەبارەی ئەمەوە ئەنیشتاین دەڵێت:

هەموو مرۆڤێک بەشێوەیەک بلیمەتە، گرفتی ئێمە لەوەدایە بە یەک پێوەر بڕیار لەسەر هەمووان دەدەین، بۆ نموونە گەر لە ڕێی تواناکانییەوە لە سەرکەوتن بەسەر درەختدا ماسی هەڵبسەنگێنین، ئەوا لە تەواوی ژیانیدا باوەڕی وادەبێت کە گەمژەیە!

الوطن

٢٠١٨/٢/٨

## داوای لێبووردن دەکەم!

دوێنێ زانیارییەکم خوێندەوە دەیوت، کەنەدییەکان لە هەموو گەلەکانی سەر زەوی زیاتر وشەی (داوای لێبووردن دەکەم) بەکاردەهێنن! لە ڕووی ژیری و چاککردنەوەی هەستی بەرانبەر بەکاریدەهێنن، نەک وەک دانپێدانان بەوەی کە هەڵەن! بەڵکوو ساڵی ٢٠٠٩ یاسایەکیان دەرکرد بە ناوی (Act Apology)، یاساکە دەڵێت: داوای لێبووردنی لایەنێک لە لایەنەکەی تر لە کاتی ڕوودانی ڕووداوێک، نابێت لە دادگادا لە دژی بەکاربهێنرێت، وەک بەڵگەیەک بۆ دانپیانان بە تاوانەکەیدا، چونکە زۆربەی کەنەدییەکان داوای لێبووردنت لێ دەکەن، وەک ڕەوشتێکی باڵا، نەک لەبەرئەوەی هەڵەن! قسە قسە دەهێنێت، زۆرترین شت کە پارێزەرەکانی ئەمریکا وەک بەڵگەی ئیدانەکردن بەکاریدەهێنن، داوای لێبووردنی سکاڵا لەسەرکراوە، بەتایبەت لە ڕووداوەکانی هاتووچۆدا!

ئامانجم لەم پێشکەییە تاریفکردنی کەنەدییەکان و سەرزەنشتکردنی ئەمریکییەکان نییە، بە ئەندازەی ئەوەی دانانی قسەکەیە لەلای بابەتی سەقافەتی داوای لێبووردنکردندا! بەداخەوە سەقافەتێک نییە کە تێماندا ڕەگی داکوتابێت، گەرچی چەندین ڕەوشتی مەردانەمان تێدایە، کە زۆربەی گەلانی سەر ئەم زەوییە ئاتاجن بۆی،

هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسی عەرەبی لوتبەرزییەکی زۆری تێدایە، لوتبەرزی لە شوێنی خۆیدا شتێکی ستایشکراوە، جگە لەوەش سەرزەنشتکراوە!

زۆرێک لە پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتی و هاوسەرگیری پچڕێنراوە، بەهۆی عیززەتی نەفسەوە، کە لە شوێنی خۆیدا نەبووە، گەر هەر یەکێک لە ئێمە هەنگاوێک بەرەو ڕووی ئەوی تر بڕۆشتایە، ئەو دابڕانە ڕووی نەدەدا، بەڵام وەک شاخ بەرانبەر یەکتری دەوەستین و چەند دۆڵێکی سادە نێوانمانە، لێ لە شوێنی خۆماندا دەچەسپێین! هەتا چاوەڕوانی درێژە بکێشێت وشکی زیاد دەکات!

ئەو دەمەی کەسێک داوای لێبووردنت لێدەکات، مەرج نییە هەڵەبێت و تۆیش لەسەر حەق بیت، لەوەیە ویستبێتی پێت بڵێ پەیوەندییەکەمان گرنگترە لە لوتبەرزییەکەم!

هەندێ جار (داوای لێبووردن دەکەم) واتە دەمەوێت پارێزگاریت لێبکەم، بە چاوپۆشی لە هەموو شتەکان، عیززەتی نەفست زیاد لە پێویست دوورت نەخاتەوە، بەخێرایی لوتبەرزییەکەی ڕێکبکەرەوە، هەموو ڕۆژێک ڕێت ناکەوێتە ئەمجۆرە مرۆڤانە!

ئەو دەمەی خانووەکان درز دەبەن نایانڕوخێنین، مادەم دەرفەتێک هەبێت بۆ پڕکردنەوەیان، پەیوەندییەکانیش بەوشێوەیەن، عەرەب گوتوویەتی: لە ڕەوشتبەرزییەوەیە چاکەی خەڵکی لە یاد نەکەیت، گەرچی چاکەکەشی یەک سات بووبێت، خۆشەویسترین دێڕە شیعر لەلام وتەکەی بەشارە:

**کێ لە هەموو کاتێکا چاکە و چاکە کاریەتی**

**هێندە بەسە خراپەت بە پەنجەی دەست بژمێرن**

ئێمــە خۆڕاگریـن لەســەر کارەکانمـان، لەگـەڵ ئـەو نارەحەتییـەی تێیدایـە، خۆڕاگریـن لەسـەر نیشـتیمانەکەمان، لەگـەڵ هەمـوو ئـەو شـتانەی ڕووبەڕوومـان دەبێتـەوە، بۆچـی خۆڕاگرنابیـن لەسـەر ئەوانـەی خۆشماندەوێن و خۆشیاندەوێین، ئەمـە لـە دۆخێکدا کـە ئێمـە لەسـەر حەقیـن، بـەڵام دایکـی بـەڵاکان ئەوەیـە لەسـەر ناحـەق بیـن و هەزارەهـا هەنگاو لەسـەر ڕێگای کەڵلـەڕەقی بڕۆیـن، کـە تەنهـا بـەس بـوو بڵێیـن داوای لێبـووردن دەکـەم! ئـەو کەسـەی داوای لێبـووردن دەکات ناشـکێت، بەڵکـوو بەرزدەبێتـەوە، نەفـرەت لـە لوتبـەرزی!

الوطن

٢٠١٨/٢/١١

## ئەوان لە نووسینەکانیان ناچن!

سالی ۲۰۰۹، فلیکس ناتیستا لە مەکسیک سیمینارێکی پێشکەشکرد لە ژێر ناونیشانی: (چۆن خۆت لە ڕفاندن دەپارێزیت لە مەکسیکدا)!

ئەو ڕۆژە خەلکێکی زۆر سوودیان لە سیمینارەکە بینی، تەنها (ناتیستا)خۆی نەبێت! ڕفاندیان!

بەهەرحال خراپی جێبەجێکردن، بە واتای خراپی تیۆری نایەت!

سالی ١٥٧٤، (ڕۆدریگو لۆپێز دی سیغورا) یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی نووسی سەبارەت بە یاری شەترەنج... لە یەکێک لە بابەتەکانیدا دەلێت: (ئەگەر لە ڕۆژدا یاریت کرد، با پشتت لە خۆربێت و ڕووت لە بەرانبەرەکەت بێت، ئەمە هەندێک لە تەرکیزی ناهێلێت، ئەگەر لە شەودا یاریت کرد، با سەرچاوەی ڕووناکی شوێنەکە لەلای ڕاستی بەرانبەرەکەت بێت، چونکە دەستی ڕاستت کە لەسەر تەختەکە دەیجوولێنیت، سێبەرێک دروست دەکات و بەمشێوەیە بە جوانی هەموو سەربازەکان نابینێت)

بەبێ درێژدادڕی، لە سالی داهاتوودا و بە ئامادەبوونی پادشای ئیسپانیا، (ڕۆدریگو لۆپێز دی سیغورا) خاوەنی کتێبەکە یارییەکی لەگەل (لیۆناردۆ دی کۆتری) ئەنجامدا... (دی سیغورا) بەرانبەرەکەی خستە ڕووی خۆر، بەلام هیچ کۆبیری لەدەستنەدا، خاوەنی کتێب و

بیردۆزەکە شکستی هێنا، بۆ ئەوەی ئەو حەقیقەتە دووپات ببێتەوە ئەوانەی بیردۆز دادەنێن بۆ سەرکەوتن تاڵاوی شکست دەچێژن!

لە کاتی ناسینی کەسایەتی زۆرێک لە نووسەرەکان، یان لە ڕێی خوێندنەوەی ژیانی زۆرێک لە نووسەرەکاندا، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە زۆربەیان لە نووسینەکانیان ناچن!

بەڕاستم بزانن، ئەوەی زۆر لەبارەی خۆشەویستییەوە دەنووسێت، مەرج نییە لە ژیانی ڕۆژانەیدا قەیسی کوڕی مولەویح بێت، لەوەیە تەنها جۆرێکی ئەدەبی بێت و تێیدا لێهاتوو بێت و خۆی تێیدا ببینێتەوە!

ئەو کەسەی لە نووسینەکانیدا ڕەخنە لە کۆمەڵگاکەی دەگرێت و گاڵتەی پێدەکات، لەوەیە کەسێک بێت خەڵکی و کۆمەڵگای خۆشبوێت، جیاوازی نێوان دوو حاڵەتەکە ئەوەیە یەکێکیان ئەوە دەنووسیت کە خەڵکی حەزدەکەن بینووسێت، ئەوەی تریش ئەوە دەنووسێت کە پێویستە لەسەر خەڵکی بیخوێننەوە!

ئەو دەمەی عومەری کوڕی ئەبو ڕەبیعە لەسەر جێگای مردن بوو، داوای لێخۆشبوونی لە خودا دەکرد، پێیان وت: زۆر لەوە دوورتریت خودا لێت خوشبێت؟! دەرپێکەی گرت و وتی: وەڵڵاهی بۆ حەرام نەمکردۆتەوە!

جاحیظ دەڵێت: فەرەزدەق هیوایەتی ئافرەتبوو (مێبازی) یەک پارچە شیعریشی لەبارەی ئافرەتەوە نییە، جەریری پاکیش هەرگیز عاشقی ئافرەت نەبووە و لە هەموو خەڵکی زیاتر شیعری غەزەلی وتووە!

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، مەرج نییە خەڵکی لە نووسینەکانیان بچن، لەگەڵ ئەمەشدا دەگونجێت شتێکی وا ڕووبدات، بەبۆچوونی من ئەمەش ئەسڵە، بەڵام لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبی نووسەرێکەوە،

وینەیەکی تەواوی نووسەرەکە مەکێشن، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەم ئەو نووسەرەی لە نووسینەکانی ناچێت، مەرج نییە نووسینەکانی هەڵەبن، لەوەیە یەکێک کتێبێک بنووسێت سەبارەت بە نهێنییەکانی خێزانێکی بەختەوەر، بەڵام خۆی لە ژیانێکی وەک دوزەخدا بژی لەگەڵ خێزانەکەیدا، لەوەیە هەندێ گەیەنەر هۆشیارتر بێت لە گوێگر، وەک چۆن سەرداری مرۆڤایەتی فەرمووی! کارەکە لەو دکتۆری دڵە دەچێت کە ئامۆژگاریت دەکات واز لە جگەرە بهێنیت و لەو دەمەدا دووکەڵی جگەرەکەی دەکات بەسەرتدا!

الوطن

٢٠١٨/٢/١٣

## دزەکانی کتێب!

لە ئێرلەندا کتێبخانەیەکی دانسقە هەیە، ناوی کتێبخانەی مارشاڵە، کتێبە کۆن و دانسقەکانی لە خۆگرتووە، هەندێ کتێب لە جیهاندا یەک نوسخەی هەیە، ئەویش لەلای ئەوان بەردەستە، بەهەرحاڵ هیچ خوێنەرێک ناتوانێت کتێبێکی بە خواستن یان کرێ وەربگرێت و بیباتەوە بۆ ماڵەوە هەتا بیخوێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ هەر لە کتێبخانەکەدا کتێبەکە بخوێنێتەوە، بە جۆرێک خوێنەرەکە دەکەنە ژوورێکەوە و دەرگای لەسەر دادەخەن، کە لە خوێندنەوەی تەواو دەبێت، لە کونێکی بچووکی دەرگاکەوە کتێبەکەیان پێدەداتەوە، ئەوانیش دەیپشکنن، ئەگەر سەلامەت و بێ عەیب بێت، دەرگاکەی بۆ دەکەنەوە و دەرووی لێدەکرێتەوە!

لە گرتنەبەری ئەم ڕێگا توندانە تێدەگەم کە کتێبخانەی مارشاڵ بۆ کتێبە دانسقەکان پەیڕەوی دەکەن، بەڵام لەو نهێنییە تێناگەم کە پاڵنەرە بۆ ئەوەی خەڵکی پارێزگاری لەو کتێبانە بکەن کە بەخواستن وەریانگرتووە و لە خوێندنەوەی تەواوبوون، بە بڕوای من هەموومان ئەمە ئەنجام دەدەین، ئێستاش پارێزگاری لەو کتێبە دەکەم کە پێش سێ ساڵ لە هاوڕێیەکم وەرمگرتووە! ئەگەر یەکێک لێم بپرسێت: بۆچی کتێبەکەت بۆ نەگەڕاندۆتەوە؟ وەڵامێکی لۆژیکم

پی نییە هەرچەندە خوێندومەتەوە و بە نیازیش نیم بگەڕێمەوە سەری، لە کاتێکدا لە زۆربەی پێشانگاکانی کتێبدا دیوومە و نەمکڕیوە بۆ ئەوەی لە کتێبخانەکەمدا هەبێت، ئاواش کتێبەکەم نەگەڕاندۆتەوە بۆ هاوڕێکەم، خودا شایەدە حەزناکەم هیچ شتێک لە خەڵکی بخوازم تەنانەت دەرزییەکیش، گەر شتێکی وایش بکەم خۆم بۆناگیرێت هەتا نەیگەڕێنمەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵام نازانم چ شتێک ڕوویداوە لەگەڵ ئەم کتێبەدا وەها بیر لە گەڕانەوەی ناکەمەوە!

بابەتەکە وەک دەردێکی ڕووناکبیرییە زیاتر لەوەی دزی بێت، باوەڕم بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت: دزەکان ناخوێننەوە و خوێنەرەکانیش دزی ناکەن! وەک هاندانێک لە سەر ئەم دەردە، جەمیل عەبدورەحمان مونیف دەڵێت: گەمژەترین کەس ئەو کەسەیە کتێبێک بە خواستن دەدات بە یەکێک، لەو گەمژەتر ئەوەیە کە دەیگەڕێنێتەوە بۆی! پێش چەند ساڵێک چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی موحەممەد قەشمەعیم خوێندەوە، تێیدا وتبووی: پێش چل ساڵ کتێبی (دراسات في المجتمع العربي) لە کتێبخانەی وەزارەتی کاری سعودی بە خواستن وەرگرتووە و هەتا ئێستاش نەیگەڕاندۆتەوە!

هەر لە هەمان میانەدا، ئەدیبی فەرەنسی ڤۆلتێر لەم بارەیەوە وتەیەکی تەنز ئامێزی هەیە، تێیدا دەڵێت: کتێبەکانت بە خواستن مەدە بە کەس، چونکە لە کتێبخانەکەمدا تەنها ئەو کتێبانەی تێدایە کە بە خواستن وەرمگرتوون!

نامەوێت پێتان بڵێم کتێبەکانتان بە خواستن مەدەن بە کەس، وەک خۆم داوای هیچ کەسێک ڕەتناکەمەوە، جا دڵنیاشبم کتێبەکەم بۆ ناگەڕێنێتەوە، بەڵام دەمەوێت بڵێم: ئەو کتێبانە بگەڕێننەوە کە بە خواستن وەرتانگرتووە بۆ ئەوەی دیاردەی بەشداریکردنی شتە جوانەکان لە نێوان یەکتریدا بە بڕەو بێت، خۆتان ڕزگار بکەن لەم

دەردە ڕووناکبیرییە، لە خۆمەوە دەست پێدەکەم، لە دوای کۆتایی هێنانم بەم وتارە دەستدەکەم بە گەڕاندنەوەی ئەو کتێبەی سێ ساڵە گوێی خۆمم لێ خەواندووە، ئەم بۆنەیە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی بە هاوڕێ تووشبووەکانم بڵێم: کتێبەکانم بۆ بگەڕێننەوە!

الوطن

٢٠١٨/٢/١٥

## دال نوقته (د.)!

ماتیو ماکونهی دەڵێت: بڕوانامە کاغەزێکە دەیسەلمێنێت کە فێرخوازی، بەڵام هەرگیز ئەوە ناسەلمێنێت کە فێربوویت!

گەر ماتیو ماکونهی نەنکی ڕەحمەتیمی بناسیایە، دەموت وتەکەی لە قسە بەناوبانگەکەی نەنکمەوە وەرگرتووە: (تێگەیشتن فەزڵی هەیە بەسەر زانستەوە!)، بەڵام نە نەنکم ئەوی دەناسی، نە ئەویش نەنکمی دەناسی، هیچ کامێکیان زیانیان نەکردووە لە نەناسینی یەکتری... زۆرێک لەوەی خەڵکی دەیناسن دەچێتە ژێر (زانینی سوودی نییە و نەزانینی زیانی نییە)! ژیانیش وەک گەورەترین قوتابخانە دەمێنێتەوە، وتەکەی نەنکم واتایەکی قووڵی هەیە و کەمترین وشەی بەکارهێناوە لە ژیانەوە فێری بووە و لە عەبدولقاهری جورجانییەوە وەرینەگرتووە کە دەڵێت: ڕەوانبێژی واتە کورتبڕی! ئەم و نەنکیشم یەکتریان نەناسیوە!

هەر لەسەر باسی بڕوانامە، دوێنێ موناقەشەی تێزی دکتۆراکەمم کرد، موناقەشەکردنی تێزی دکتۆرا بۆ ئەوانەی نەیانبینیوە، دانیشتنێکی زانستییە مامۆستاکان ئەو ناوە بە خوێندکارەکە کسک دەدەن و دواتر دەچنە ژوورێ تایبەت بە خۆیان و لە نێوان خۆیاندا تێزەکە موناقەشە دەکەن و دواتر پلەی زۆرباشەی پێدەبەخشن!

گسكدانی ئەوناوە پەیوەندی بەوەوە نییە كە نووسیوتە یان نەتنووسیوە، ڕوكنێكە لە ڕوكنەكانی دانیشتنەكە بە تەواوی وەك سوجدەی ناو نوێژ وایە، بەبێ ئەوە بەتاڵ دەبێتەوە!

بە گەڕانەوەمان بۆ ماتیۆ ماكۆنهی و نەنكم، هیچ كەسێكی ئەم سەر زەوییە ناتوانێت گومانی ئەوە بكات كە من فێرخوازم، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی تێگەیشتووم ئەمە بابەتێكە خۆشم ناتوانم دڵنیابم لێی! لەو ڕۆژەوەی وتەی خودام خوێندۆتەوە (فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ)، زانیم تێگەیشتن لە نێو كتێبەكانەوە پەی پێنابرێت! لەوەتەی زانیومە ئەبوبەكر چۆن هەڵگەڕاوەكانی ئەدەبداوە، بەبێ ئەوەی بڕوانامەی هەبێت لە زاستەكانی سیاسەتدا، دڵنیابووم كە ئەزموون و لێهاتووی لە زانكۆكاندا ناخوێنرێت! لەوەتەی زانیومە عومەری كوڕی خەتتاب چۆن ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمی تێكشكاندووە، بەبێ ئەوەی هەڵگری بڕوانامەی یاسای نێودەوڵەی بێت، دڵنیابووم كارەكە پەیوەندی بەوەوە هەیە كە لە سینەكاندایە، نەك لە دێڕەكاندا! لەوەتەی زانیوومە ئەحمەدی كوڕی حەنبەل چۆن لە ڕووی مەئموندا وەستاوەتەوە، لە كاتێكدا زۆرێك نەوین بۆی كە زانستیان لە ئەو كەمتر نەبووە، دڵنیا بووم كە خودا پاكترین سەربازەكانی بۆ سەختترین جەنگەكان هەڵدەبژێرێت!

لە بەهای بڕوانامە كەم ناكەمەوە، پەنادەگرم بە خودا، لێ دژی ئەوەم خەڵكی ببنە كۆیلەی نازناو و ناوبانگی پووچ و خۆبەگەورەزانینی سەقافی، چونكە لەوە دڵنیام ئەو زانستەی خاكیبوونی خاوەنەكەی زیاد ناكات نەزانینێكی تەواوە! گەورەترین قۆناغی زانستی كە باوەڕم وابووە كە زۆر دەزانم ئەو كاتەبوو لە قۆناغی سەرەتایی بووم! باوەڕم وابوو بلیمەتم!، بەڵام لەگەڵ بڕینی هەر قۆناغێكدا ئەندازەی نەزانینی خۆمم بۆ دەردەكەوت! ئیمرۆ

نەزانترینی کەسی سەر زەویم گەر (فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ)م پێنەگات، پەروەرێن! دڵم چاک و گونجاو بکە..

خاڵی کۆتاییم ماوە نازانم چۆن لە وتەکانمدا دەستی پێبکەم، پەنا دەبەم بۆ وتەکەی ئیبنو عەمماری ئەندەلوسی:

**ناو کە گەورە بوو لادێش وێران بوو**

**وەک پشی وایە بڵێ: من شێرم!**

لە ئێوەی بەڕێز شاراوە نییە هەندێ کەس لە پێش ناوی خۆیانەوە پیتی دال دادەنێن وەک شانازیی کردنێکی پووچ، کاتێک لە نزیکەوە دەیناسیت قەناعەتێکت بۆ دروست دەبێت کە پیتی دال کورتکراوەی وشەی دەماغسزە نەک دکتۆر! دکتۆرێک دەناسم گەر داوای وەسڵێک لە بەقاڵێک بکات، دەیکاتە مەرج بەسەر بە قاڵەکەوە کە پیتی دال لە پێش ناوەکەیەوە دابنێت! وەک چۆن هەندێ خەڵک دایدەنێن و بەڕاستی شایستەیانە، لە ڕووی زانست و ئەدەب و ڕەوشتەوە، بابەتەکە ئازادی تاکە کەسییە، چونکە بەوشێوەیە، بڕیارمداوە پیتی دال نەخەمە پێش ناوەکەمەوە، لەسەر بەرگی کتێبەکانم و وتارەکانی ڕۆژنامە و واڵەکانم لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش نەینووسم، تکام لە هەموو کەسێک هەیە کە دەمناسێت بە دکتۆر بانگم نەکات، چونکە خودا قەدەغەی کردووە ناو و ناتۆرەی ناشرین لە یەکتری بنێین ﴿ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ ﴾! هەروەها ناچمە سەر دوانگەیەک و سیمنار پێشکەش ناکەم گەر لە پێش ناوەکەمەوە پیتی دالیان دانابێت، ئەم بۆنەیە دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی سوپاسی ئەکادیمی قەڵەم بکەم، پەیوەندییان پێوەکردم بۆ پێشکەشکردنی چەند سیمینارێک، لەسەر کات و ناوەڕۆکەکەی

ڕێکەوتین، بەڵام کە ڕیکلامەکەیان پیشاندام داوام لێکرد بیگۆڕن، چونکە پیتی دال لە پێش ناوەکەمەوە هەبوو، لە کارەکە تێگەیشتن و دووبارە دیزاینیان کردەوە!

تکام لە هەمووتان هەیە، ڕێز لەم بۆچوونەم بگرن و پیتی دال لە پێش ناوەکەمەوە دانەنێن، من لەو کەسانەم کە ناوەکەی خۆیان بەسیانە!

الوطن

٢٠١٨/٢/١٨

## کێ سەرەتا
## دەستیکردووە بە ئازاردان!

ئیبنولجەوزی لە کتێبی (بِرُّ الوالدین)دا دەگێڕێتەوە:

کاورایەک هاتە خزمەتی عومەری کوڕی خەتاب و سکاڵای خراپی کوڕەکەی لەلا کرد، عومەریش کوڕەکەی بانگکرد و ئاگاداری کردەوە لە ئازاردانی باوکی و لەیادکردنی مافەکانی!

کوڕەکە وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئەی منداڵ مافی نییە بەسەر باوکییەوە؟

فەرمووی: بەڵێ هەیەتی!

کوڕەکە وتی: ئەو مافانە چین؟

فەرمووی: دایکێکی بۆ هەڵبژێرێت خەڵکی تانەی لێنەدەن، ناوێکی جوانی لێ بنێت و قورئانی فێربکات!

کوڕەکە وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران باوکم هیچ یەکێک لەوانەی نەکردووە، دایکم قولەڕەشێکی نابووتە و کەنیزەکی کاورایەکی مەجووسیش بووە، خەڵکی تانەم لێدەدەن، ناوی ناوم جوعل (قالۆنچە-گوخلێنە)، یەک وشە قورئانیشی فێرنەکردوومە!

ئیمامی عومەر ڕوویکردە باوکەکە و پێی وت: هاتووی سکاڵای ئەوە دەکەیت کوڕەکەت ئازارت دەدات و چاک نییە بۆت، ئازارت داوە پێش

ئەوەی ئەو ئازارت بدات، خراپەت بەرانبەری ئەنجامداوە پێش ئەوەی ئەو خراپ بێت بۆت!

سەرەتا ئەم چیرۆکە بۆ باوکەکانە نەک کورەکان!

باشبوونی منداڵ بەرانبەر دایک و باوک واجبێکی شەرعییە لەسەریان، ئەمەش لە بەرانبەر چاودێریکردنی دایک و باوک نییە بۆیان! واتە ئەگەر دایک و باوک بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئیدی لەسەر کورەکە واجب نییە باشبێت بۆ دایک و باوکی!

ئەو چیرۆکەی تایبەتە بە کورەکانەوە، ئەوەیە کە عومەری کوری خەتاب کاورایەک دەبینێت دەستی ئیفلیج بووە، عومەر هۆکاری ئیفلیجبوونەکەی لێدەپرسێت، لە وەڵامدا دەڵێت: لە سەردەمی نەفامیدا باوکم دوعایەکی لێکردم بەهۆیەوە دەستم ئیفلیجبوو!

عومەریش دەڵێت: ئەمە دوعای باوکەکانە لە نەفامیدا، دەبێت لە ئیسلامدا چۆن بێت!

لێرەدا بەشی کورەکان لە قسەکردن تەواوبوو، ئێستا دەچینەوە بۆلای باوکەکان:

هەندێ جار روودەدات دایک و باوک هەموو ژیانیان دەکەنە خزمەتی منداڵەکانیان لە دوای هەموو ئەمانەش تەنها ئازاردان و نکوولیکردن دەبینن، بەڵام ئەمە زۆر بە کەمی روودەدات، وەک نموونەیەکی ریزپەڕ وایە لە ریسایەک، وەک ئسولییەکان دەڵێن هەموو ریسایەک ریزپەڕی هەیە!

ئەو ریسایەی بە ئەزموون سەلمێندراوە ئەوەیە، باوکەکان لە منداڵەکانیاندا ئەوە دەچننەوە کە تێیاندا چاندوویانە!

زۆر دەگمەنە دایک و باوک تووی خێر و تەقوا لە دەروونی منداڵەکانیاندا بچێنن و یەکەم کەسیش نەبن ئەو بەرهەمە پاک و جوانە نەچننەوە، یەکەمین توو لە تووی چاکە، کە دایک و باوک لە منداڵەکانیاندا بیچێنن، ئەوەیە خۆیان چاکبن بۆ دایک و باوکیان، پەروەردەکردن بە

سەرمەشقی نەک بە زارەکی! وەک چۆن ناتوانیت باسی پاکوخاوێنی بۆ منداڵەکانت بکەیت ئەگەر خاشاک لە جامی ئۆتۆمبێلەکەتەوە هەڵبدەیتە خوارەوە، ناتوانیت باسی خێری نوێژی بە کۆمەڵی بۆ بکەیت گەر نەچیت بۆ مزگەوت، بەهەمان شێوە ناتوانیت باسی چاکە بۆ منداڵەکانت بکەیت، لەکاتێکدا خۆت ئازاری دایک و باوکت دەدەیت، ناڵێم ئەگەر هەڵەمان ئەنجامدا واتە ئیتر کارە ڕاستەکە پیشان منداڵەکانمان نەدەین، لێ هەمیشە کردەوە کاریگەری زیاتری هەبووە لەسەر دەروون لە چاو قسەکردندا!

هەمووتان ئەو چیرۆکە دەزانن کە داپیرەکانمان دەیگێڕنەوە، پیاوێکی بەساڵاچوو لە ماڵی کوڕەکەی دەژیا، بووکەکەی زۆر پێی نارەحەتبوو، داوای لە مێردەکەی کرد ڕزگاری بکات لەدەستی باوکی، کوڕەکەش باوکی بردە سارا، شمشێرەکەی دەرکرد بۆ ئەوەی سەریببڕێت و ئیسراحەت بکات لە دەستی، باوکەکە پێی دەڵێت: ئەگەر هەر سەرم دەبڕی با لێرەدا نەبێت، با لەلای ئەو بەردەدا بێت، لەوێدا باوکمم سەربڕیوە!

لەوەیە خودی ئەم چیرۆکە ڕاست نەبێت، بەڵام لە ڕووی لۆژیکی و دادپەروەرییەوە ڕاستە، مامەڵەکردن قەرزە، پێویستە مرۆڤیش قەرزەکەی وەربگرێتەوە، ئەوەی کاری چاکە بکات، کاری چاکەی بەرانبەر دەکرێت، هەر کەس چاڵ بۆ خەڵکی هەڵکەنێ، خۆی تێی دەکەوێت!

هەربۆیە لەسەر باوکەکان پێویستە پێش ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن، بە واجبی خۆیان هەستن، دووەم: بۆ باوکتان ئەو منداڵانەبن کە حەزدەکەن منداڵەکانتان وابن بۆتان!

**الوطن**

٢٠/٢/١١

## ئێمە ڕێگەتان پێدەدەین!

دەگێرنەوە منداڵێکی بچووک دەچێتە سەرتاشخانەیەکەوە، سەرتاشەکە بە موشتەرییەکەی بەردەستی دەڵێت: ئەمە گەمژەترین منداڵە لە جیهاندا، ئەمەشت بۆ دەسەلمێنم!

سەرتاشەکە دۆلارێکی دەکاتە دەستێکییەوە و پێنج سەنتیش دەکاتە دەستەکەی تریەوە، پاشان دەستی رادەکێشێت بۆ ئەوەی منداڵەکە یەکیان هەڵبژێرێت!

منداڵەکە پێنج سەنتەکە هەڵدەبژێرێت و لە سەرتاشخانەکە دەچێتە دەرەوە!

کە موشتەرییەکە دەچێتە دەرەوە، دەبینێت منداڵەکە بە پێنج سەنتەکە ئایسکریمی کڕیوە و چێژی لێوەردەگرێت!

پێی دەڵێت: بۆچی هەموو جارێک پێنج سەنت هەڵدەگریت لەبری دۆلارەکە!

منداڵەکە پێی دەڵێت: چونکە ئەو ڕۆژەی دۆلارەکە هەڵدەگرم یارییەکە کۆتایی دێت!

بەلامەوە گرنگ نییە چیرۆکەکە راستە یان نا، ڕوویداوە یان دروستکراوە، گرنگ ئەو وانەیەیە کە تێیدایە، حاڵی وەک حاڵی چیروکەکانی ترە، بۆنموونە: وەک چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنە کە

لەسەر زمانی ئاژەڵانەوە چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە، ئەو چیرۆکانەی ئەحمەد شەوقی بەشێوازی شیعر دەیگێڕێتەوە، ئەفسانەکانی نێو ئیلیادە، بۆ شانامەی فارسی، بۆ گلگامێشی بابلی، بۆ بووکی نیلی فیرعەونییەکان، بۆ بایەقوش کە عەرەب باوەڕی وابوو لەسەری کەسی کوژراوەوە دەردەچێت و هاواردەکات: ئاوم بدەن، ئاوم بدەن، بێدەنگ نابێت هەتا تۆڵەی خۆی وەردەگرێتەوە!

ئەو وانەی لەم چیرۆکەوە وەردەگیرێت ئەوەیە، هەندێ لە مرۆڤەکان وا دەزانن هێندە زیرەکن کە ئەوانی تر ناتوانن یارییەکەیان ئاشکرابکەن، بەڵام ئەوان ئاشکران و ئێمە ڕێگەیان پێدەدەین و بە حەقیقەت ڕووبەڕوویان نابینەوە، چونکە ئێمە بە ڕەوشتی خۆمان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، نەک بە ڕەوشتی خۆیان، چونکە دەزانین هەر دەمێک ڕووبەڕوویان ببینەوە یارییەکە کۆتایی دێت، کەسە مەردەکان هەتا کۆتا هەناسە، دەستدەگرن بە کەسانی ترەوە، هەندێ جار هێشتنەوەی شتەکان بە شکاوی زۆرباشترە لەوەی لەناوی ببەین، بۆ ئەوەی نەڕوخێت پێویستە لەسەرمان بە خۆگێلکردنێک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین کە شایستەیانە!

ئێمە ڕێگەیان پێدەدەین، چاوپۆشی دەکەین، خۆمان گێل دەکەین، چونکە ئەمانە لە سیفاتی کەسە بەڕێزەکانە، یوسف(ﷺ) عەزیزی میسربوو، چیرۆکی دەفری پادشای سازاند، بۆ ئەوەی بنیامینی برای لەلای بمێنێتەوە، براکانی لەسەر ئەم ڕووداوە سەرنجی خۆیاندا و وتیان: ﴿إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُۥ مِن قَبْلُ﴾ واتە: ئەگەر ئەوە بنیامین دزیبێتی ئەوە بێگومان براکەشی پێشتر دزی کردووە!

بەوەوە نەوەستان کە دووریانخستوەتەوە لە باوکی و دەیانکوشت گەر ئەوەی لە هەموویان شەڕی کەمتربوو نەهاتایەتە نێوانیانەوە و نەیوتایە: ﴿لَا تَقْتُلُوا۟ يُوسُفَ﴾! لەو کاتەدا هەڵیاندایە سارەوە بۆ

ئـەوەی وەک کۆیلەیـەک بفرۆشـرێت، بەهەمـوو ئەمانـەوە نەوەسـتان، ئەوەتـا تۆمەتبـاری دەکـەن بـە دزی، بـەڵام لـە مەردایەتییەکـەی ئەوەبوو بەرگری لـە خـۆی نەکرد، چونکـە نەیویسـت پێش کاتی خـۆی یارییەکە کۆتایی پێ بێت: ﴿فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ﴾.

واتـە: بـەڵام یوسـف(ﷺ) پێناخۆشـبوونی خـۆی بـەم تۆمەتـە لـە دەروونـی خۆیـدا شـاردەوە، دەری نەبـڕی بـۆ ئـەوان.

لە دەمێکدا کە دەشێتوانی دەریبخات!

هەتـا ئێسـتاش عـەرەب بەهـای چاوپۆشـی و خۆگێلکـردن و ڕێگەپێـدان بەرزدەنرخێت، وتویانـە: ئـەو کەسـەی خـۆی گێـل دەکات گـەورەی گەلەکەیـەتی!

ئەبو تەمام ئەم واتایەی هەڵگرتووە و لە شیعرێکدا دەڵێت:

**ئـەو کەسـەی گێلـە پیاوماقـووڵ نییـە**

**بەڵکـو پیـاو ماقووڵ خۆی خـۆی گێل دەکا**

چونکـە شـەرعناسـەکانی پێشـین هـەر زوو پەیـان بـەوە بـردووە بەدەسـتهێنانی کەسـەکان لـە بەدەسـتهێنانی هەڵوێسـتەکان گرنگتـرە، خەڵکیـان هانـداوە لەسـەر خۆگێلکـردن، لـەم بارەیـەوە ئەحمـەدی کـوڕی حەنبـەل دەڵێت: نـۆ لەسـەر دەی ئارامـی لـە خۆگێلکردندایـە!

شـافیعی مامۆستاشـی دەڵێت: کەسـی ژیـر و تێگەیشـتوو، ئەوەیـە کـە هەسـت بـە هەڵـەی خەڵـک دەکات و خـۆی لـێ گێـل دەکات!

ڕەحمەتـی خـودا لـەو کەسەبێت خـۆی دا لەگێلی بـۆ ئـەوەی خۆشەویستی بمێنێتەوە، چاوپۆشی کرد بۆ ئەوەی پەیوەندییەک کۆتایی نەیـەت، ڕێگەیدا بـۆ ئـەوەی کەسـێک لەدەستنەدات، بەڕاستی ئەمانـە مـەردن، مـەردن بـن و ڕێگەیـان پێبـدەن ڕەحمەتـی خوداتـان لـێ بێت!

الوطن

٢٠١٨/٢/٢٥

## یابان
## لە هەسارەی زەوی بکەنە دەرەوە!

پێش دوومانگ خوێندمەوە کە کۆمپانیایەکی هێڵی ئاسنی یابانی هەستاوە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی فەرمی، تێیدا داوای لێبووردن لە گەشتیارەکانی دەکات لە وێستگەی مینامی نزیک تۆکیۆ، هۆکاری ئەم داوای لێبووردنەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شەمەندەفەرەکە بیست چرکە پێش کاتی دیاریکراوی خۆی جووڵاوە!

ئەوی ڕۆژێ ویستم سەرنجی خۆم لەسەر ڕووداوەکە بڵێم، دواتر لە دەروونی خۆمدا وتم: لەوەیە ئەم داوای لێبووردنە وەک جووڵەیەکی بازاڕکردنی کۆمپانیاکە خۆی بێت!

ئەم قسەم لە گومانی خراپەوە نەبوو، ئێمەی مرۆڤ بەوشێوەیەین گەر سەرسامبین بە مامەڵەیەک، لە نیەتی خاوەنەکەیدا ڕۆدەچین! بەردەوام بۆ گومانە خراوەکانم وتە بەناوبانگەکەی عەرەب دەکەمە پاساو: گومانی خراپ لە زرنگی کەسە ژیرەکانەوەیە!

لەم کۆتاییانەدا فێربوومە پۆشاکی تەقوا دەکەمە بەر گومانە خراپەکانم، دوای ئەوەی تەفسیری ئایەتێکم خوێندەوە و زۆر پێی سەرسام بووم! خودای گەورە لە سوورەتی حوجوراتدا دەفەرموێت، کە موفەسیرەکان بە سوورەتی ئەدەبی ئیسلامی ناوی دەبەن:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجْتَنِبُواْ كَثِيرًا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ ٱلظَّنِّ إِثْمٌ﴾
واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، خۆتان زۆر بپارێزن لە گومانی خراپ، لەڕاستیدا هەندێ لەو گومانانە تاوانە!

موفەسیرەکە دەڵێت: ئەگەر هەندێ گومان تاوان بێت، ئەوا بە مەفهومی موخالەفە، زۆربەی گومانەکان چاکەن!

دوێنی خوێندمەوە یەکێک لە هۆتێلەکانی تۆکیۆ، بە هەموو سەردانیکەرانی هۆتێلەکەی ڕاگەیاندووە کە ماوەی یەک خولەک خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان لێ دەبڕێت! لە کاتژمێر چواری بەیانی هەتا چوار و یەک خولەک، بەهۆی گۆڕینی ئامێرێکی بچووکەوە، هۆتێلەکە ئەمەیان بەداخێکی زۆرەوە بە سەردانیکەران ڕاگەیاند!

لەم کاتەدا وتم ئەم شتە گەیشتووە بە قۆناغێک کە پێویستە لێی بێدەنگ نەبین!

لەسەر یابان پێویستە بەدوای هەسارەیەکی تردا بگەڕێت و واز لە ئێمە بهێنێت، چونکە نەنگییە بۆ ئێمە ماوە ماوە کەمتەرخەمییەکانمان بهێنێتەوە یاد! مامەڵەکردنیان بەوشێوە مەردانەیە، هۆکارە بۆ سزادانی ئێمە، هەموو ئەو هەوڵانەمان تێکدەدات کە دەمانەوێت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ دۆخی ڕێزنەگرتنمان، یەکەم وەک کڕیار و دووەمیش وەک مرۆڤێک!

کارەکە ڕێک لەوە دەچێت کەسێکی تێر باسی ئەوە بۆ کاورایەکی لەڕی برسی بکات کە ژەمێکی چەور چی بە سکی کردووە! یان وەرزشوانێک باسی چێژی ڕاکردنی بەیانیان بۆ پیاوێکی ئیفلیج بکات! یان پیاوێک باسی چێژی منداڵ بۆ پیاوێکی نەزۆک بکات!

ئێمە میللەتێکین گەر یەک ڕۆژی تەواو خزمەتگوزاری ئینتەرنێتمان لێ بکوژێننەوە، پێمان دەڵێن: دووبارە ڕاوتەرەکە دابگرسێننەوە، لە کاتێکدا ئێمە و ئەوانیش دەزانین لێکردنەوەی فیشەی ڕاوتەر

و پیوەکردنەوەی هیچ لە گرفتەکە چارەسەر ناکات، بەلام ئیمەیش شوینی ئەو زانیارییە دەکەوین کە هیچ سوودیکی نییە! لەگەل ئەمانەشدا سوپاس بو خودا دەژین و کارەکانمان دەروات، بوچی یابان دیت و پیمان دەلیت برینی ئینتەرنیت بو ماوەی یەک خولەک کاریکی قیزەونە و پیویستە داوای لیبووردن بکریت لەسەری!

ئیمە ئەو میللەتەین کە بە چەندین کاتژمیر لە نورەی زانکو و فەرمانگەکان دەوەستین، لە نورەی چیشتخانەکاندا دەوەستین کەوا دانراوە ژەمی خیرابیت، لەگەل ئەمەشدا سوپاسی خودا دەکەین و گلەییمان نییە، بوچی یابان دیت و پیمان دەلیت دە چرکە لە ژیانی مروڤ مولکی خویەتی و کەس مافی ئەوەی نییە بەفیروی بدات!

پیوستە لەسەر ئیمەی زورینەی رەهای بەهیزی دانیشتووانی ئەم هەسارەیە، یەکبگرین و هەلویستیکی توندمان هەبیت بەرانبەر یابان کە دەیەویت ژیانمان تیکبدات، بە یەک دەنگ هاواربکەین: یابان لە هەسارەی زەوی بکەنە دەرەوە!

الوطن

٢٠١٨/٢/٢٧

## هاوسەرگیری پێشوەختە!

پێش چوار هەزار ساڵ و لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە، وەک دەوترێت یەکەم پێت کە مرۆڤایەتی نووسیویەتی لەوێ بووە، حامورابی پادشای شەشەمی بابلییەکان، شەریعەتەکەی بە خەتی بزماری نووسییەوە، لەدوای ئەوەی زانایانی شوێنەوارناس سەرکەوتبوون لە کردنەوەی کۆدی نووسینی بابلییەکان، سەریان سوڕما کە هەتا چ مەودایەک حامورابی دانا و زانا بووە، لە هەندێک لە یاساکاندا هەزاران ساڵ پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو، گەواهی پێشکەوتن و بلیمەت بوونی بۆ خاوەنەکەی دەدا، یەکێک لە یاساکانی حامورابی لە باسی ڕێکخستنی خێزان و هاوسەرگیریدا دەڵێت:

گەر کچێکی منداڵ هاوسەرگیری کرد، دروست نییە لە ماڵی مێردەکەیدا بژی، بەڵکوو پێویستە لەسەری لە ماڵی باوکیدا بەردەوامی بە ژیانکردن بدات، هەتا دەگاتە تەمەنێک توانای تەواوی دەبێت لە هەڵگرتنی نارەحەتییەکانی ماڵ و ژیانی هاوسەرییەتی!

لە ناونیشانی وتارەکە و لەم پێشەکییەدا ئەوە ڕوونە کە باسەکەمان هاوسەرگیری پێشوەختەیە، وەک هەمیشە موناقەشەی ئەم بابەتە ناکەم لە ڕووی شەریعەتەوە، خودا حەڵاڵی کردووە، ئەوەی خودا حەڵاڵی کردووە منیش و جگە لە منیش خەسارەتمەندە کە حەرامی بکەین،

بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان واجب و حەڵاڵدا! نوێژ و ڕۆژوو واجبە. ئەوەشی خۆشی پێنایەت ئەوا باسەری بکێشێت بە نزیکترین دیواردا! لە کاتێکدا خواردنەوەی چا حەڵاڵە، ئەوەی دەیخواتەوە پاداشتی بۆ نییە و ئەوەی نایخواتەوە سزانادرێت لەسەری، شتێکە ملکەچە بۆ حەز و قەناعەت و نەریتەکان! خودای گەورە چۆن واجب و حەرام دادەنێت، بەوشێوەیەش شتەکان حەڵاڵ دەکات، کەس بۆی نییە ڕەخنە لە کەسێک بگرێت گەر ئەنجامی بدات، کەسیش بۆی نییە ڕەخنە لە کەسێک بگرێت گەر ئەنجامی نەدا! گەرچی باوەڕم وایە هاوسەرگیری پێشوەختە حەڵاڵە، بەڵام لە بەرانبەردا باوەڕم وایە هەندێک سرەوتنی زیاتر زۆرباشترە!

باوەڕم وایە هاوسەرگیری لە پەیوەندی سەرجێیی گەورەترە، زۆر گەشەی تر هەیە جگە لە گەشەی جەستەیی کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کاتی هاوسەرگیری هاتووە، زۆربەی کات کچ لە دوانزە ساڵیدا باڵغ دەبێت، بەبۆچوونی من ئافرەت لەو تەمەنەدا منداڵیی زۆرتر تێدایە هەتا ئافرەتبوون، گەرچی لەوەی توانای منداڵبوونی هەیە گەیشتووە بەڕیزی ئافرەتەکان، بەڵام هێشتا قۆناغی منداڵی نەبڕیوە لە ڕووی عەقڵی و سۆزدارییەوە، پێویستی بە چاودێری و سۆز و گرنگی پێدانە، چ جای چاودێری و گرنگی بە کەسێکی تر بدات و نازی هەڵبگرێت، کچ کە لە تەمەنی دوانزە و سیانزە ساڵیدایە یارییەکەی بشکێت دەگری، گەر نمرەیەکی باش بهێنێت لە خۆشیدا هەڵدەپەڕێت، لەوەیە گەر گڵۆپی ژووری نووستنەکەی بکوژێنیتەوە بترسێت، بە شوودانی لەم قۆناغەدا بە ئیعتباری ئەوەی لە تەمەنێکدا نییە خۆی بڕیاربدات، بێبەشمان کردووە لەوەی لە ژێر ڕکێفی دایک و باوکیدا بژی، لەم تەمەنەدا زیاتر پێویستی بە دایک و باوکیەتی نەک مێردێک کە کۆمەڵێک داواکاریی هەیە کە داواکاریی ئەو نییە، کۆمەڵێک گرنگیپێدانی هەیە کە هی ئەو

نییە! ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە هەندێ جار پێویستییەکە سروشتی کۆمەڵگا دەیسەپێنێت، یان بەهۆی دۆخێکی نەخوازراوەوەیە، ئەمەش حیکمەتی ئەوەیە شەریعەت بە حەڵاڵی داناوە، بەڵام کە شتەکان لە میانەی سرووشتی خۆیدایە ئەم پەلەپەلەی بۆچییە... تێناگەم!

کچەکان میوانی ماڵی باوکیانن، ڕۆژێک دێت دەچنە ماڵی مێردەکەیان، میوانیش ڕێزی لێدەگیرێت و دەرناکرێت! عەرەب نەریتی وابوو کە میوان دەچووە ماڵیان، سێ ڕۆژ میوانداریيان دەکرد، پێویستی خۆی بەجێدەهێنا لە خواردن و خواردنەوە و پشوودان، دواتر پرسیاری ئەو شتەیان لێدەکرد کە بۆی هاتووە، ئەمە لەگەڵ میوانێکی ڕێبواردا، ئەی چی لەگەڵ ئەم میوانەی پارچەیەک لە دڵ و جەرگە، بۆچی دەریدەکەن پێش ئەوەی پێویستی خۆی بەجێبهێنێت لە ڕووی سۆزدارییەوە، توێشوی پێویست هەڵبگرێت لە پێگەیشتن و تێگەیشتن کە گەورەترین پێویستییە بۆ هاوسەرگیرییەکی سەرکەوتوو!

ئەو پارووەی پیاو بۆ خێزانەکەی پەیدا دەکات، بە سەدەقە بۆی دەنووسرێت، بەهەمان شێوە بۆ کوڕ و کچەکەشی، ئێمە ڕۆزی یەکتری نادەین، ڕۆزیدەر خودایە و ئێمە تەنها هۆکارێکین و خودا لە ڕێمانەوە ڕۆزی دەگەیەنێت بە ئافرێنراوەکانی، لە هەژاری مەترسن، کەس لە برسا نامرێت، لە پۆشتەکردن مەترسن، خودا بەخشەرە، ئەو کەسەی کچەکەی بە منداڵی بداتە شوو، لەمەشدا هیچ هۆکارێکی نەبێت جگە لە گواستنەوەی خواردن و پۆشتەیی لە خۆیەوە بۆ کەسێکی تر، ئەوا گومانی خراپی بە خوا بردووە، کچەکان بارێکی گران نین، بەڵکوو ناهێڵێت بچنە دۆزەخەوە، وەک چۆن پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی، ڕێز لە کچەکانتان بگرن!

الوطن!

٢٠١٨/٣/١

## منداڵ و مزگەوت!

پێشەوا زەهەبی لە کتێبە ناوازە فیکری و ئەدەبی و مێژوویی و شەرعییەکەی (سیر أعلام النبلاء)دا، دەڵێت:

زوبێدی یامی کوفی بانگبێژی مزگەوتەکەی بوو، بە منداڵەکانی دەوت: وەرن نوێژمان لەگەڵ بکەن، گوێزتان بۆ دەکڕم!

کە منداڵەکان نوێژەکەیان تەواودەکرد لە دەوری کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی ئەو شتە وەربگرن کە بەڵێنی پێدابوون.

ڕۆژێک لەم بارەیەوە پرسیاریان لێی کرد، وتی: چ زیانێکم کردووە، من بە پێنج دیرهەم گوێزیان بۆ دەکڕم و ئەوانیش ڕادێن لەسەر نوێژکردن لە مزگەوتدا!

قسە قسە دەهێنێت، جارێک ڕووداوێکی خۆشم بینی، لە پەنای پیاوێکی بەساڵاچوودا نوێژم دەکرد، لە ڕیزی پێشەوەماندا باوکێک و کوڕە بچووکەکەی نوێژیان دەکرد، بەڵام کوڕەکە تەنها یەک ڕکات لە پەنای باوکیدا خۆی بۆگیرا، بەخێرایی هاتە دواوە و لە نێوان هەردوو ڕیزەکەدا ڕایدەکرد، بەخێراییەک وەک ڕاکەرەکانی گۆڕەپان و مەیدان! ژاوەژاوێکی دروستکرد، وەک چۆن منداڵەکان دەیکەین... کە پێشنوێژەکە سەلامی دایەوە و سەلامممان دایەوە،

پیاوە بەساڵاچووەکەی پەنام بە باوکی منداڵەکەی وت: بۆجاری داهاتوو سکۆتەری بۆ بێنە!

وەک خۆم، زۆربێزاردەبم کە گوێم لێدەبێت یەکێک لە نوێژخوێنەکان سەرکۆنەی منداڵەکان دەکات بەهۆی ئەو دەنگەدەنگەی ناویانەتەوە، تێدەگەم لەوەی مرۆڤ حەزدەکات لە کەشێکی ئارامدا نوێژبکات، لە کەشێکی ئارامدا زۆر بە کەمی خشوعمان دەبێت، چ جای بگاتە ژاوەژاو، بە بۆچوونی من کە هەموو جارێک دەیڵێمەوە، خاوەنی شاری یاری تەحەمولی هاوار و دەنگەدەنگی ئەو منداڵە دەکات لە پێناو چەند دیرهەمێکدا، ڕاهێنەری یانەکەی لەگەڵی هەڵدەکات لەگەڵ شەیتانیبوونیدا، چونکە بەشداربووە، دووکاندار خۆڕاگردەبێت لەگەڵیدا، چونکە کڕیارە، بۆچی ئێمە لە پێناوی خودادا تەحەمولیان ناکەین!

کارەکە لە یەک نوێژ و تاکە ڕووداوێکی سێوی دوورترە، کارەکە پەیوەندی بەو شوێنەوارەوە هەیە کە لە منداڵەکەدا جێی دەهێڵێت لەو کاتەی سەرکۆنەیان دەکەین، ئەو دەمەی منداڵ زمانێکی شیرین و خۆڕاگرییەکی زۆر لە دەرەوەی مزگەوت دەبینێت و لە مزگەوتدا شتی وانابینێت، ئەوا لە مزگەوت ڕاومانناوە بەبێ ئەوەی بە خۆمان بزانین!

ناڵێم لە مزگەوتدا ڕێگە بۆ منداڵەکان چۆڵبکرێت... ئەو باوکەی منداڵەکەی لەگەڵ خۆی دەهێنێت بۆ مزگەوت، پێویستە پێش ئەوەی بیهێنێت ئادابەکانی مزگەوتی فێربکات و هەوڵبدات لە مزگەوتدا کۆنترۆڵی بکات، بەڵام منداڵ منداڵە، لەو ساتەی ئێمە سەرکۆنەیان دەکەین نابنە پیاو، پێویستە نوێژخوێنەکانیش بزانن دەنگەدەنگی منداڵەکان لە مزگەوتدا، زۆرباشترە لە دەنگەدەنگیان لە سەرشەقام و کۆڵانەکاندا، گەر لە منداڵیدا لە مزگەوتدا تەحەمولیان نەکەین، کە

گەورەبوون لە ژیاندا دەناڵێنین بە دەستیانەوە، مرۆ زۆر بەزوویی ڕەوشتی ئەو شوێنە هەڵدەگرێت کە سەردانی دەکات، بۆچی کەسانی تر لەگەڵ منداڵدا ئارامگردەبن لە پێناوی گیرفانیاندا، ئێمەیش لە پێناوی دینەکەماندا ئارامگر نابین لەگەڵیاندا؟!

لە دێرزەمانەوە مزگەوت دروستکاری پیاوەکانە، گەر کوڕی چاک لە مزگەوتەوە دەرنەچێت، لە شوێنێکی ترەوە دەرناچێت، گەر مێردی مەرد و بەڕێز لە مزگەوتەوە دەرنەچێت، لە شوێنێکی ترەوە دەرناچێت، گەر بازرگانێکی سەرڕاست و دراوسێیەکی ڕەوشتبەرز و پیشەوەرێکی ڕاستگۆ لە مزگەوتەوە دەرنەچێت، لە شوێنێکی ترەوە دەرناچێت، منداڵەکانی ئیمرۆ مێرد و دراوسێ و بازرگان و پیشەوەری سبەینێن، ئێمە ئەو ساتە دروستناکەین، بەڵکوو داهاتوو دروستدەکەین، ئەو منداڵە بچووکەی لە نێوان ڕیزەکاندا ڕادەکات، ڕۆژێک دێت لە کاتی قامەتکردندا بە ڕێکی دەوەستێت، کەمێک ئارامگربن لە پێناوی خودا، پاداشتەکەش هەر لەلای ئەو زاتەیە!

الوطن

٢٠١٨/٣/٤

## ئەو کەسەی دانایی پێ ببەخشرێت!

ئیبنو کەسیر لە بەشی دەی (البداية و النهاية)دا دەڵێت:

پیاوێک چووە لای مەهدی خەلیفەی عەباسی و نەعلێکی بەدەستی هەڵگرتبوو، پێی وت: ئەمە نەعلی پێغەمبەری خودایە(ﷺ) و بە دیاری دەیبەخشمە تۆ!

مەهدیش لەسەر کورسی خەلافەتەکەی هەستا و چووە لای پیاوەکە و نەعلەکەی لێوەرگرت و ماچی کرد، فەرمانی کرد دە هەزار دیرهەمی پێ ببەخشن!

کە پیاوەکە ڕۆیشت، مەهدی بەو کەسانەی وت کە لە کۆڕەکەیدا بوون: وەڵڵاهی دەزانم پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەم نەعلانەی نەبینووە، چ جای بگات بەوەی لە پێی کردبێت، لێ گەر ڕەتمبکردایەتەوە دەچوو بە خەڵکی دەوت نەعلی پێغەمبەری خودام(ﷺ) داوە بە خەلیفە و قبووڵی نەکردووە، خەڵکی بەڕاستیان دەزانی، چونکە زۆرینە مەیلی بەلای هاوشێوەی خۆیەتی، لاواز سەردەخەن بەسەر بەهێزدا، گەرچی ستەمکاریش بێت، زمانیمان بە دەهەزار دیرهەم کڕی، بۆچوونەکەمان ڕاسترین و گونجاوترینە!

سەرەتا... زانست شتێکە و دانایی شتێکی تر، لەوەیە مرۆڤ خوێندەواربێت و هیچ بەشێکی لە داناییدا نەبێت، هیچ یەکێک نییە لە ئێوە ئیللا کەسێکی خوێندەوار دەناسێت کە بڕوانامەکەی هیچ سوودێکی نەبووە بۆی، لە ئاوەز و مامەڵە و پەیوەندییەکانیدا، لەوەیە کەسێک دانابێت و هیچ بەشێکی لە زانستدا نەبێت، هیچ یەکێک نییە لە ئێوە ئیللا کەسێک دەناسێت کە ئەلف و تێلا لێک جوداناکاتەوە، بەڵام ناوازەیە لە پێکهێنانی پەیوەندییەکان و دروستکردنی هاوڕێیەتی و لەخۆگرتنی خەڵکی، لەوەیە کەسێکیش دانایی و زانست جەم بکات. چاکە لە خەڵکیدا نابڕێت!

بڕوانامە بۆ کارە و دانایی بۆ ژیان!

ئینکاری لەوە ناکەم کە دەبوو ئێمە لە ڕێگای بەدەستهێنانی بڕوانامەدا، شتێکی گرنگترمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیان بەدەست بهێنایە، بەڵام هەمیشە ئەوەی کە پێویستە ببێت، نابێت!

زانست چەند هاوکێشەیەکی جێگیرە و ژیانیش چەند هەڵوێستێکی گۆڕاوە، کە وا دەخوازێت مرۆڤ نەرم بێت، لە زانستدا یەک کۆ یەک دەکاتە دوو، بەڵام لە ژیاندا لە داناییەوەیە هەندێ جار یەک کۆ یەک بکاتە سێ، پێویستە هاوکێشە بشکێنرێت و لول بکرێت و لێی لابدرێت بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت!

لە فیزیادا: هەموو کردارێک پەرچەکرداری هەیە، بەهەمان ئەندازەی هێزی خۆی، بەپێچەوانەی ئاڕاستەی خۆیەوە، نیوتن لە یاسای سێیەمیدا وادەڵێت، بەڵام ژیان یاسایەکی تری هەیە دەڵێت: لە داناییەوەیە بۆ هەموو کردارێک پەرچەکردارت نەبێت، هەندێ جار بەهێزترین وەڵام بێدەنگییە، هیچ مامەڵەیەکیش ژیرانەتر نییە لەوەی وا مامەڵە بکەیت وەک ئەوەی هیچت نەدیوە و هیچت نەبیستووە!

زانست دەڵێت با ئاراستەی گەمییە دیاریدەکات، لێ دانایی دەڵێت چەرداخەکانت بە جوانی ببەستەوە!

نابێت هەموو کەسێک ڕاتبکێشێت بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێت، ناچارنیت بۆ هەموو موناقەشەیەک بچیت کە بانگهێشت دەکرێیت بۆی، ناچار نیت بەشداری هەموو گفتوگۆیەک بکەیت کە دەرگای قسەکردنت بۆ کراوەتەوە! مەچۆ جەنگە پووچەکانەوە، گەرچی خاترجەمبووی لە سەرکەوتن، زۆر سەرکەوتن هەیە نەفسی خۆتی تێدا دەدۆڕێنیت، ئەمەش بۆ خۆی شکستێکە سەرکەوتنەکە چەندێ مەزن بێت چاکی ناکاتەوە، زۆر کشانەوە هەیە تامی سەرکەوتنی هەیە، ئەو دەمەی نەفست دەبەیتەوە، ئەوا سەرکەوتنت نووسیوەتەوە، گەرچی لەو دەمەدا وەک شکستێکی سادەی کاتی دەربکەوێت! هەندێ جار لوتکەی زیرەکی ئەوەیە زیرەکییەکەت بشاریتەوە، هەندێ جار ترۆپکی تێگەیشتن ئەوەیە وا خۆت دەربخەیت کە تێنەگەیشتووی!

لە نموونە جوانەکانی نەنکم: (اللي تعرف ديته اقتله) واتە چیان ویست بیاندەرێ بە مەرجێک خۆت نەدۆڕێنیت، ئەمەش دووڕوویی نییە، لە فەرموودەدا هاتووە (ئێمەی پێغەمبەران فەرمانمان پێکراوە بە پێی ئاستی تێگەیشتنیان لەگەڵ خەڵکیدا بدوێین) بە پێی ئاستی تێگەیشتنیان نەفسیەتیشیان دەگرێتەوە، ئای لە خۆڕاگری زەوی لەسەر هەندێ خەڵک!

الوطن

٢٠١٨/٣/٦

## هەڵەتێگەیشتن!

وتراوە: دوورترین مەودای نێوان دووکەس هەڵەتێگەیشتنە!

ئێمەی نووسەران زارەوەی (وتراوە) بەکاردەهێنین، ئەو دەمەی دەمانەوێت پەلاماری وتەیەک بدەین و وێژەرەکەی نازانین!

هەر لەبارەی پەلاماردان و دزییەوە وتراوە: گەر وتەی نووسەرێک بدزیت، ئەوا دزی، گەر سەد وتەی سەد نووسەر بدزیت، ئەوا تۆ توێژەری!

دەگەڕێینەوە بۆ سەر هەڵەتێگەیشتن، ئێدواردۆ هیوز گالیانۆ لە کتێبی (ڕاوچی چیرۆکەکان)دا دەگێڕێتەوە، ئەو کاتەی جەنگاوەرە ئیسپانییەکان پێیان نایە نیمچە دوورگەی یوکاتان، هەندی لە دانیشتووانی ناوچەکە هاتنە دەرەوە بۆ دیداریان.

بەپێی ئەوەی قەشە (توربیۆ دی بینابیتوروا) دەیگێڕێتەوە، ئیسپانییەکان بە زمانی قشتالی لێیان دەپرسن: ئێمە لە کوێین؟ ناوی ئێرە چییە؟

خەلکی ناوچەکە بە زمانی مایا یوکاتیکا دەڵێن: تیکتیتان، تیکتیتان!

ئیسپانییەکانیش واتێگەیشتن دەڵێن (یوکاتان، یوکاتان)

لەو دەمەوە ئەو نیمچە دوورگەیە بووە هەڵگری ئەو ناوە....

بەڵام ئەوەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو شوێنە وتیان بە زمانی خۆیان واتە: لیت تیناگەم، لیت تیناگەم!

چیرۆکەکەی گالیانۆ لەگەڵ نەستەقییەکەیدا ئاماژە بۆ دیاردەیەک دەکات کە بەر بڵاوترین دیاردەی مرۆڤایەتییە، ئەویش دیاردەی هەڵەتێگەیشتنە، گەر باوەڕمان بەوە هێنا هەڵەتێگەیشتن لە نێوان دوو کەسدا کە بە دوو زمانی جیاواز قسەدەکەن شتێکە ڕوودەدات و ئەنجامێکی حەتمییە و ئەوەی جەنگاوەرێک لە زەوییەکی داگیرکراو دەتوانێت ئەنجامی دەدات، زۆر خراپترە لە تەنها ساختەکردنی ناوی یەکێک لە دوورگەکانی، بەڵام زۆر زیانی تر هەیە کە هەڵەتێگەیشتن دەیخوڵقێنێت لە شوێنێکدا کە هەڵە هەڵناگرێت!

لەدەستدانی ناوی ئەسڵی نیمچە دوورگەی یوکاتان، ناگاتە ئاستی لەدەستدانی ژیانی ٧٣ کەس بەهۆی تێکشکانی فڕۆکەیەک لە ڕووداوی ئەفیناکایە لە گەشتی ژمارە ٥٢دا، هۆکاری ڕووداونی ئەم ڕووداوە هەڵەتێگەیشتن بوو لە نێوان چاودێرانی کەشوهەوای فڕۆکەخانەی کینیدی نێودەوڵەتی و تیمی بەڕێوەبردنی فڕۆکەکە، سەبارەت بە کاتی دیاریکراوی سووتەمەنی فڕۆکەکە، کە بووە هۆی تێکشکانی فڕۆکەکە لە شەوێکی باراناویدا، هەربۆیە فڕۆکەوانەکان هەندێ زاراوە بەکاردەهێنن وەک back_read واتە ئەوەی وتت دووبارە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بەدووربن لە هەڵەتێگەیشتن!

لە ئاستێک بچووکتر لە فڕۆکەخانەی کینیدی، نزمتر لەو مەودایەی فڕۆکە دەتوانێت تێیدا بفڕێت، دەبینین قوربانییەکانی ڕووداوی هەڵەتێگەیشتن زۆرە کە بە یەکسانی کەسەکان و پەیوەندییەکان لەناودەبات، لەو مەودا تەسکەی لە نێوان دووکەسدا هەیە، چەندین بەربەست بەرزدەبنەوە، بەهۆی هەڵە مامەڵەکردنەوە،

یان بەهۆی وشەیەکەوە کە لە گۆشەیەکەوە لەسەر دل توندترە لە لێدانی شەلاق، ئەو دەمەی لە سینەماندا دەیهێڵینەوە، بە بێدەنگی و شاردنەوە لە شیکردنەوەی ڕاست دووریدەخەینەوە، لەبری ئەوەی خێرابکەین لەوەی کەسەکە ڕوونکردنەوە بدات کە ئەمە حەق و پێویستییە، بەهۆی ئەنجامنەدانی ئەمەوە هەستپاکیمان بەرانبەر یەکتری لەدەستدەین و ئەو بەستەرە پتەوەی نێوانمان دەگۆڕێت بۆ پەتێکی لاواز، کە گومانەکان قورسی کردووە لە دەرئەنجامی هەڵەتێگەیشتنەوە دروستبووە و شیاوە بۆ دڕان و پەرتبوون لەگەڵ بچووکترین ڕووداودا!

بێگومان ئاستی پەیوەندییەکانی نێوانمان جیاوازە، نزیکترینیان لە هەمووان زیاتر تێدەگەن، یان لێمان تێدەگەن، چونکە بەهێزترین سۆز لەسەر زەویدا ناگونجێت زۆر بمێنێتەوە لە نێو ئاگری گوماندا و هەتا ئەو شتانە زۆرتربێت کە لە دەروونماندا دەیشارینەوە بەرانبەر کەسێک مەودای ڕۆحی نێوانمان زیاتر دەبێت، گەرچی مەودای شوێنیمان بستێک بێت!

زۆربەی کات خێراکردن پەشیمانی لەدوایە، چ جای ئەو خێراکردنەی هاندەرەکەی هەڵەتێگەیشتنە، لەوەیە پەیوەندییەک لەناوببات زۆر جوانتر دەبوو گەر کەمێک گوێت لە کەسی بەرانبەر بگرتایە و ڕێگەت بە ئاوەزت بدایە بچێتە گۆشەیەکی تر، کە ڕوونترە لەوەی ئێستا و شتانێک ببینێت کە تاریکیی گۆشەکەت نەیهێلاوە ببینێت، وەک فرۆکەوانەکان زاراوەی (back_read) بەکاربهێنە بۆ ئەوەی بە باشی ببیستیت، بە باشی تێبگەیت، بە باشی مامەڵە بکەیت!

**الوطن**

۲۰۱۸/۳/۸

## سەدەقەیەکی قایلکەر!

لە دانایەکیان پرسی: شتێک هەیە لە پیسکەیی قێزەونتر بێت؟

وتی: بەڵێ، کەسی سەخی گەر باسی چاکەکانی کرد بۆ ئەو کەسەی چاکەی بەرانبەر کردووە!

ئەم دانایەی کە نایناسم لەوەیە داناییەکەی لە کتێبی ترپەی دڵان بە دانایی وەرگرتبێت کە هەمووتان دەیناسن، پەروەردگارمان تێیدا دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُبْطِلُواْ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ﴾

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە خێر و بەخشینەکانتان بە منەت نان و ئازاردان و دڵ ئێشان، پووچەڵ مەکەنەوە.

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: ﴿۞ قَوْلٌ مَّعْرُوفٌ وَمَغْفِرَةٌ خَيْرٌ مِّن صَدَقَةٍ يَتْبَعُهَآ أَذًى ۗ وَٱللَّهُ غَنِىٌّ حَلِيمٌ﴾

واتە: قسەیەکی خۆش و چاوپۆشی لە هەڵەدا، چاکترە لە خێرێک کە ئازار و دڵ ئێشاندنی بە دوادا بێت، خوا بێ نیازێکی لەسەر خۆیە.

مەرج نییە ئازاردان لێدانی شمشێر بێت، یان شەلاقێک بێت، تاکە یەک وشە برینێک لە مرۆڤدا دروست دەکات قووڵتر لەوەی شمشێر

دروستیدەکات، لێدانەکانی زمان وەک لێدانەکانی ڕم بە ئازارە، ڕشتنی کەرامەتی مرۆڤ وەک ڕشتنی خوێنی وایە!

سەرسامم بەوانەی کەرامەتی مرۆڤەکان چاکدەکەنەوە، پێش ئەوەی گیرفانی چاکبکەنەوە، شوێنی هەژاری ناو دڵی پڕدەکەنەوە، پێش ئەوەی دەستکورتی و نەدارییەکی پڕبکەنەوە! قسە وەک مێرووله لەلای شەکر و وەک هەنگ لەلای گوڵ، هەندێکی هەندێکی تری بانگ دەکات! دوێنێ خوێندمەوە کە دەستەیەکی خێرخوازی لە بەنگلادیش ژەمە خۆراکەکان بەخۆڕایی نادات بە هەژارەکان، بەڵکوو بە نزیکەی یەک سەنت پێیان دەفرۆشێت، بۆ ئەوەی هەژارەکە هەستبکات خواردنەکەی لە گیرفانی خۆی کڕیوە، نەک دەرۆزەی کردووە!

سەرسام بووم بە بیرۆکەی ئەم سەدەقە قایلکەرە، پەی بردنی چاکەکاران بەوەی هەژارەکان تەنها گەدەیەکی خاڵی نین، بەڵکوو کەرامەتیشیان هەیە و تێرکردنی هەردوو پێویستییەکە بەڕاستی کارێکی مەزنە!

پێش نزیکەی ساڵێک یەکێک لە تویتەر وتی: لەگەڵ باوکمدا دەچم بۆ نوێژی هەینی، کە لە نوێژی هەینی تەواو دەبین، باوکم دەچێتە لای فرۆشیارە سادەکان و شتیان لێدەکڕێت، هەرگیز موناقەشەی نرخیان لەگەڵ ناکات، هەتا جارێک پێم وت: ئایا نرخەکانیان لە نرخی ڕاستی خۆی گرانتر نییە؟

وتی: بەڵێ، گرانترە!

وتم: بۆچی هیچ ناڵێی لەگەڵیان؟

وتی: کوڕەکەم، خێرێکی شاراوەیە!

یەکێک لە دیاردە قێزەونە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە خەڵکی بەخشیشی زۆر لە چێشتخانە ڕاقییەکاندا جێدەهێڵن و موناقەشەی دینارێک دەکەن لەگەڵ فرۆشیارێکی هەژاردا!

دانانی بەخشیش شتێکی جوانە و هیچی تێدا نییە، لێ پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی کەسەکە پارە بەفیڕۆ دەدات لە ڕێی شکۆیەکی هیچەوە، بە خراپیش موناقەشەی فرۆشیارێکی هەژار دەکات!

نیەت پێوەری کردەوەکانە، نیەتی مەردانە کاری بچووک دەکاتە کارێکی مەزن، نیەتی خراپیش کارێکی مەزن دەکاتە بار و خەسارەتمەندی، ئیبنو سەلولیش نوێژی بەیانی لەدوای پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) دەکرد! سەرکەوتنێکی مەزنە فرۆشیارێکی هەژار شکستت پێبهێنێت بە ڕازیکردنت لە ڕیاڵێک یان دینارێکدا، سەدەقەیەکی قایلکەرە کە بەوپەڕی ویستی خۆت بخەڵەتێیت، کەسە سادەکان ڕێگایەکی ئاسان و ڕاخراون بۆ بەهەشت، وەرن پێیدا بڕۆین بە کەمێک لە خۆگێلکردن، کە هەڵقوڵاوە لە نیەتی پاک و جوانەوە، کاری چاکە بەزایە ناچێت لە هەر شوێنێکدا بچێنرێت! گەر لای خەڵکی ون بێت ئەوا لەلای خودا ون نابێت و خودا چاکەی چاکەران لە یاد ناکات!

الوطن

٢٠١٨/٣/١١

# بێ ئابڕوویی!

عەرەب لە پەندەکانیدا دەڵێت: بەلاکان بە تەنیا نایەن!
بەڵام وەک دەردەکەوێت هیچ شتێکی ئەم ژیانە بەتەنیا نایەت! دوێنێ ڕۆژی ئەو هەواڵانەبوو کە دەچێتە ژێر بابەتی بێ ئابڕوویەوە، سێ بابەتم تێیدا خوێندەوە بۆنی بێ ئابڕووییان لێدەهات، یان من وا بۆنم کردوون، پێم خۆش نییە سروشتی خۆم بەسەر کەسدا بسەپێنم! ئەمە سەردێڕی هەواڵەکان بوو، ئێستاش فەرموون ئێوە و درێژەی هەواڵەکان!

**زانیاری یەکەم:**

کۆمپانیای ئەپڵ بەئەنقەست ئامێرە کۆنەکانی خاو دەکاتەوە، لە ڕێی ئەو ئەبدەیتانەی بڵاویاندەکاتەوە، بۆ ئەوەی وات لێبکات هەستبکەی ئامێرەکەت کۆنبووە و کاتی کڕینی ئامێرێکی نوێ هاتووە!

زۆر دەمێکە باوەڕم وایە ئابووری و ئەخلاق زۆر بەکەمی یەکدەگرن، ئەوەتا ئەپڵ باوەڕەکەم تێدا چەسپاوتر دەکات! هەوڵدانی کۆمپانیا لە خاوکردنەوەی ئامێرەکەت، بۆ ئەوەی ئامێرێکی نوێ بکڕیت، ئەوە دەگەیەنێت سبەینێش کاردەکەن بۆ خاوکردنەوەی ئەمەی تریش، لە دوای دەرچوونی ئامێرێکی نوێ، بەڕاستی ئەمە کارێکی نا ئەخلاقییە،

کاری ئەخلاقی ئەوە دەخوازێت ئەبدەیتەکان بۆ زۆرترین ماوە بۆ ئەو ئامێرانە بەردەست بێت، لێ گەر ئەوە بکات زۆربەی بەکارهێنەران ڕازی دەبن لە مۆبایلەکانیان و مۆبایلی نوێ ناکڕن، شتەکە وەک ئەوە وایە خاوەنی دووکانی مۆبایلێک، مۆبایلەکەت لێ وەربگرێت و بیدات بە زەویدا و دواتر پێت بڵێ: وەرە دانەیەکی باشترت پێ بفرۆشم، بەڵام چونکە ئەپڵ ناتوانێت هارد وێر لەناوببات، دەچێت بۆ لەناوبردنی سۆفت وێر، مۆبایل بە سۆفت وێرەوە مۆبایلە، بەبێ سۆفت وێر وەک:

**زمـــانی مـــرۆڤ نیـــوەی مرۆڤـــە**

**نیـــوی دووەمـــی دڵ، دڵـــە، دڵ**

**بە تەنیا ماوە گۆشت و ئێسک و خوێن**

**ئـەوەش خواردنی مار و مێروو و گڵ**

وەک چۆن زوهەیری کوڕی ئەبو سەلما وای وت، ئەو ڕۆژانەی خەڵکی بە کۆتردا پەیامیان دەگەیاند!

**زانیاری دووەم:**

کورسی خواردنگەی ژەمە خێراکان بەجۆرێک دروستکراوە کە لەسەری ئارام نەبیت، بۆ ئەوەی بەخێرایی خواردنەکەت بخۆی و زوو بڕۆیت!

دەیانتوانی بەجۆرێک دروستی بکەن ئارام بەخش بێت، بەڵام ئەو دەمە بە هێمنی خواردنەکەت دەخوارد و تەماشەیەکی مۆبایلەکەت دەکرد، یان قسەت لەگەڵ هاوڕێکەتدا دەکرد، بەڵام لەم حاڵەتەدا ناچار دەبوون پێت بڵێن خواردنەکەت تەواوبوو بڕۆ دەرەوە و شوێن بۆ کەسێکی تر بکەرەوە، بۆ ئەوەی تووشی ئەم شەرمەزارییە نەبن ئەمجۆرە کورسیانەیان دروستکردووە، کە دەبێتە هۆکاری تووشبوونت بە پشت ئێشە، گەر دە خولەک زیاتر لەسەری دابنیشیت!

پاراستنی بڕبڕەی پشتت لەو شتانە نییە جێگای گرنگی پێدانیان بێت، پارەبدە و بخۆ و بڕۆ، ئەم هاوکێشەیە بەلایانەوە گرنگە!

**زانیاری سێیەم:**

لە باشووری ئەفریقا پۆلیسێک هەبوو بە ناوی (ئەندرێ ستاندر) لە بەشی لێکۆڵینەوەی تاوان کاری دەکرد، دزی لە ماڵ و مۆڵەکان دەکرد، دواتر دەگەڕایەوە بۆ بنکەی پۆلیس و فەرمانی دەردەکرد کە خۆی لێکۆڵینەوەی لەو تاوانانە بکات، دەهات و لێکۆڵینەوەی دەکرد، دواتر لێکۆڵینەوەکەی دژی کەسێکی نادیار تۆماردەکرد، چونکە بەڵگەی پێویست نەبووە بۆ ئاشکراکردنی تاوانبارەکە!

پارێزەرەکەی، خیانەتکاریەتی وەک نەنکم دەیوت!

وەک چۆن موتەنەبی دەڵێت: **وفيك الخصام وأنت الخصم و الحكم!**

دەنکە گەنم سکاڵا بباتە لای کێ؟ گەر مریشک قازی بێت، نازانم کێ وێژەری ئەم وتەیەیە!

بەهەرحاڵ ئەمە بەرهەمی خوێندنەوەی یەک ڕۆژبوو، هەندێ جار چێژ لەوەدایە نەزانی چی لەم جیهانەدا دەگوزەرێت، ماندووکەرە مۆبایلێکی نوێ بکڕیت و بیر لەوەش بکەیتەوە لە داهاتوودا لەناوی دەبەن، یان لەسەر کورسییەک دابنیشیت و گوێت لێ بێت دەڵێ جێم بهێڵە، یان پۆلیس بێتە ماڵەکەت و گومانت لێی هەبێت خۆی خودی دزەکەیە!، بەڵام هیچ شتێک ناگاتە چێژی نەزانین تەنها زانین نەبێت! وەک ئەو جگەرەکێشە مەبن کە زیانەکانی جگەرەکێشانی خوێندەوە، بڕیاریدا واز لە خوێندنەوە بهێنێت!

الوطن

٢٠١٨/٣/١٣

# بەسە نموونەییبوون!

شێخ عەلی تەنتاوی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:

بوومە مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆ، هێشتا هەر بە قوتابخانە نارەحەتبووم و بە ڕزگاربوون لێی دڵخۆشدەبووم، بە پێنجشەممە شادومان دەبووم و شەممانم لەسەر قورسبوو، هەر جارێک چوومە بۆ قوتابخانە یان زانکۆ ئیللا ئاواتەخوازبووم کە داخراوبێت، یان خوێندکارەکان ڕۆشتبنەوە و وانەی تێدا نەخوێنرێت!

بۆ یەکەمین جارە وتەیەک دەهێنم بۆ ئەوەی بیکەمە دەستپێکی وتارەکەم و گرنگی بە خاوەنی وتەکە دەدەم لە وتەکە زیاتر!

وتەیەکی زۆر ئاساییە لە ڕووی بیرۆکە و داڕشتنیەوە، هەموو کەسێک دەتوانێت دایڕێژێتەوە، بیرۆکەیەکی نوێشی تێدانییە، شتێکە خوێندکارەکان دەیڵێنەوە، لەو ڕۆژەی دەچنە قوتابخانە هەتا زانکۆ تەواو دەکەن!، بەڵام ئەم وتەیە لەلای شێخ و مامۆستامان عەلی تەنتاوییەوە بێت، ناوازە لە داڕشتنەوەدا، زمانشیرین، ڕووخۆش و بەڕەوشت، بیرۆکە و بیروباوەڕشیرین، ئەمە مەبەستەکەی ئێمەیە!

جوانترین شت لە عەلی تەنتاویدا ئەوەیە مرۆڤێکی ڕاشکاو و واقعییە، ڕازەکانی خۆی دەڵێت بەبێ شەرمکردن یان پێچ و پەنا

تێخستن، ئەو شتانەی ڕازی هەموومانە، کە لەوەیە شەرم بکەین باسی بکەین، هەر بەم بۆنەیەوە موستەفا مەحموودیش هەمان شت دەکات، لەگەڵ مرۆڤێکدا دەدوێت، لە ناخەوە دەدات لە حەز و ئاوات و ڕاز و سۆز و ترس و گومانەکانت، بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات کە تۆ مرۆڤیت لە جیهانێکدا کە پڕە لەو ڕووناکبیر و نووسەرانەی دەیانەوێت فریشتە بیت!

ئەو دەمەی دەڵێین حەزمان بە پشووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ڕقمان لە کارکردنە و حەزدەکەین لە پەراوێزی ژیاندا بژین، بە پێچەوانەی ئەوەوە، کارکردنمان خۆشدەوێت و ڕۆدەچین تێیدا، خۆمان دەبینینەوە لەوەی پێشکەشی دەکەین زیاتر لەوەی کە وەریدەگرین، گەر یەکێک هێندەی ئەو بڕە پارەمان پێدات کە لە کارەکەدا دەستمان دەکەوێت لە بەرانبەر ئەوەی لەماڵەوە دابنیشین، ڕازی نابین پێی، لێ ئێمەیش مرۆڤین، ڕقمان لە کۆتەکانە، حەزمان لە پشووە، بە ڕۆتینی ڕۆژانە بێزار دەبین، بۆچی پێویستە لەسەرمان بانگەشەی نموونەییبوون بکەین، کە زۆربەی کات کەمکردنەوەیە لە مرۆڤایەتی بوونی مرۆڤ!

ئەو دەمەی دەڵێین حەزمان بە سەروەت و سامانە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەیپەرستین و هەموو شتێک دەفرۆشین لە پێناو ئەوەی پێی بگەین، ئەمە تەنها یەک شت دەگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە ئێمە بەها و گرنگییەکەی دەزانین و ڕقمان لە سەرشۆڕی داواکردن و تاڵی پێویستییە، گەر لە دۆخی نموونەییەکان قاڵ ببیتەوە کە دەڵێن پارە چڵکی دەستە، دەبینی زۆربەیان دوای پارە کەوتوون، لێ نموونەییبوونە، کە یەکێکە لە بڵاوترین نەخۆشییە دەروونییەکان کە خەڵکی بەدەستیەوە دەناڵێنن!

ئەو دەمەی دەڵێین ئێمە حەزمان لە تەندروستبوون و ئارامییە، قەلس نابین لە خودا گەر تووشی نەخۆشی ببین، ئێمە تەنها دەڵێین حەزدەکەین باش و تەندروست بین! نازانم بۆچی دەیانەوێت وەک فریشتەبین!

نازانم گرفت لە کوێدایە گەر کەسێک حەزی لە پشوو بێت، گەنجێک حەزبکات کچێکی جوان بخوازێت، کچێک حەزبکات شووبکات بە کوڕێکی کەشخە، ژن حەز لە ماڵێکی ئارام بکات، مێرد حەز لە ئۆتۆمبێلێکی گرانبەها بکات، کێشە لە کوێدایە هەوڵبدەیت بۆ کارێکی ناسراو و پلەیەکی باڵا، نازانم بۆچی دەیانەوێت مرۆڤبوون لە ناخماندا بکوژن و بەردەوامیش دەڵێن دونیا هیچە و دەڕوات، با دونیا بچێت بۆ دۆزەخ و بڕوات، بەڵام بەهەرحاڵ خۆ دونیا نامێنێتەوە گەر پشوو هەڵبوەشێنرێتەوە و کوڕ ناچار بکرێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچەدا بکات کە نایەوێت و کچیش بدرێت بەو کوڕەی حەزی پێی نییە، نموونەیی مەبن، تەنها مرۆڤبن، ئەمە شتێکی زۆر مەزنە!

الوطن

٢٠١٨/٣/١٥

## گەڕانەوە بۆ حەق فەزیڵەتە!

ئیبن حەزم لە بەشی چوارەمی (رسائل)دا دەڵێت:

موناقەشەی بابەتێکم کرد لەگەڵ هاوڕێیەکمدا، سەرکەوتم بەسەریدا، زمانپاراوتربووم لەو، بەتواناتربووم لە ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەی موناقەشەمانبوو لەسەری، دانیشتنەکە بەوە کۆتایی هات کە من سەرکەوتووم، کە هاتمەوە بۆماڵەوە شتێک لە دەروونمدا مابوو، هەندێ کتێب گەڕام بۆی، بەڵگەیەکی ڕاستم بینی کە بەتاڵی قسەکەی من و ڕاستی قسەی بەرانبەرەکەمی ڕوونکردبۆوە، هاوڕێیەکم لەگەڵدابوو کە ئامادەی موناقەشەکەش بووبوو، شتەکەم پێی وت، دواتر کە بینی لە کتێبەکەدا بابەتەکەم بە شتێک دیاریکردووە، پێی وتم: دەتەوێت بەمە چی بکەیت؟

وتم: دەمەوێت ئەم کتێبە لەگەڵ خۆم ببەم و بچم بۆلای فلانە کەس و پێی ڕابگەیەنم ئەو لەسەر حەقە و منیش هەڵەبووم، ئەوا وازم لە قسەی خۆم هێناوە و شوێنی قسەی ئەو کەوتوم!

وتی: ئەمە دەکەیت لەکاتێکدا هیچ بوختانێکی تێدا نییە بۆ تۆ؟

وتم: بەڵێ، گەر ئێستا بمتوانیایە بچم نەمدەخستە سبەینێ!

سـەرەتا... ئـەو موناقەشـانەی لەسـەر بنەمـای (بشـفرێ هـەر بزنـە) ڕێکنەخـراون، شـتێکی باشـن، هیـچ کۆمەڵگایـەک نییـە کـە پێگەیەکـی دیـاری چنـگ خسـتبێت ئیلـلا چەندیـن بیرۆکـە و چەندیـن گـەڕی موناقەشـەی بەخۆیـەوە بینـووە، لـە موناقەشـەکردنی نێـوان دوو بیرۆکـەدا هەنـدێ جـار بیرۆکـەی سـێیەم دێتەبـوون، کـە زۆر ڕاسـتترە لـەو دوو بیرۆکەیـەی موناقەشـەکەی لەسـەر کـراوە، لـە موناقەشـەکردنی کوفی و بەسرییەکاندا، زانستی نەحو گەیشتە لوتکە. لـە موناقەشـەکردنی شـەرعناس و موجتەهیدەکاندا، چەندین مەزهـەب هاتنەبـوون کـە هـۆکاری ڕەحمەتبـوون بـۆ خەڵکـی، هەتـا عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز دەڵێـت: حەزمنەدەکـرد یـاوەران لەوشـتانەدا هاوڕابن کـە تێیدا بۆچوونی جیاوازیان هەبووە، لـە ڕاجیایی ئەواندا ڕەحمـەت هەیـە! وەڵامدانـەوەی بۆچـوون بـە بۆچـوون و بەڵگـە بـە بەڵگـە، کاری پێغەمبـەران بـووە، گەلەکـەی نـووح بـە نووحیـان(ﷺ) وت: ﴿قَالُواْ يَٰنُوحُ قَدْ جَٰدَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَٰلَنَا﴾ واتـە: وتیان ئـەی نـووح(ﷺ) بێگومـان دەمەقاڵێـت کـرد لەگەڵمانـدا، زۆریـش دەمەقاڵێـت کـرد.

ئیبراهیمیش(ﷺ) ڕووبـەڕووی نەمرود وەستایەوە و موناقەشـەی یەکتاپەرستی لەگەڵدا کرد!

لێ مووناقەشەکردن دەبێت وەستێنەرێکی هەبێت، هیچ وەستێنەرێکم نەدیوە پتەوتر بێت لـە وتەکەی ئیمامی شافیعی: بۆچوونی من ڕاستە و دەشێ هەڵەبێت، بۆچوونی جگە لـە من هەڵەیە و دەشێ ڕاستیش بێت!

هەمووان شایستەی ئەوەین هەڵەبکەین، بە نووسین و زارەکی، تاکە کتێب کە هیچ گومانێکی تێدانییە کتێبی خودایە، هەموو کەسێک وتـەی وەردەگیرێـت و ڕەتدەکرێتـەوە، ئیلـلا خاوەنـی ئـەو گڵکۆیـە

نەبێت، وەک چۆن پێشەوا مالیک فەرموویی و لەوکاتەدا هێمای بۆ گڵکۆی پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەکرد!

گەڕانەوە بۆ حەق، زۆرباشترە لە ڕۆچوون لە باتڵدا، گەر خاوەنەکەی هەڵەی بۆچوونەکەی بۆ دەرکەوت، یان نووسەر هەڵەی نووسینەکەی بۆ دەرکەوت، لەو وەسیەتانەی عومەری کوڕی خەتاب بۆ ئەبو مووسای ئەشعەری کرد، لەو ڕۆژەی کرا بە قازی: با ئەو شتەی کە دوێنێ کردووتە و ئیمڕۆ بە عەقڵ بیرت لێ کردۆتەوە و هیدایەت دراوی بۆی و لێی تێگەیشتویی، ڕێگەی ئەوەت لێ نەگرێت بگەڕێیتەوە بۆ حەق!

قورئان نموونەی دوو هەڵەمان پیشان دەدا، ئیبلیس و ئادەم، یەکەم کە فەرمانی پێکرا سوجدە بەرێت ڕەتیکردەوە، دووەمیش لەو دارەی خوارد کە ڕێگری لێکرابوو! ئیبلیس پێداگری کرد و خۆی بەگەورەزانی، ئادەم پەشیمانبوویەوە و تەوبەی کرد، بەهۆی لوتبەرزییەوە ئیبلیس لە ڕەحمی خودا دەرکرا، ئادەمیش بە گەڕانەوەی بۆ حەق بووە پێغەمبەر!

ئێمەیش تۆوی هەردووکیانمان تێدایە، تۆوی ئیبلیسی و تۆوی ئادەمی، ئەوەی ئاوی تۆوە ئیبلیسییەکە بدات، پێداگری دەکات، ئەوەی ئاوی تۆوە ئادەمییەکە بدات، دەگەڕێتەوە، مامەڵەکردنمان لە کاتی کەوتنە ناو هەڵەوە پێمان دەڵێت لە کامیانەوە نزیکین!

ئەو دەمەی عومەری کوڕی خەتتاب بینی خەڵکی لە مارەییدا زیادەڕەوی دەکەن، ویستی لەسەر خەڵکی ئاسان بکات، چووە سەر دوانگە و ویستی بڕێکی دیاریکراو بۆ مارەیی جێگیر بکات، شیفای کچی عەبدوڵڵا هەستا و وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران ئەوە مافی تۆ نییە، خودا فەرموویەتی:

﴿ وَءَاتَيْتُمْ إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا ﴾ واتە: گەر مارەیی یەکێکیان ماڵێکی زۆربوو، ئەوە لێی مەسەننەوە!

ئیمامی عومەر فەرمووی: ئەو ئافرەتە پێکای و عومەر هەڵەی کرد!

ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە بۆ حەق، باڵاتر دەبێت و نزم نابێتەوە، سەربەرزدەبێت و سەرشۆڕنابێت، هەر یەکێک لە ئێمە گەر گەڕایەوە بۆ حەق، زەرەر ناکات بە هاوڕێکەی بڵێت، من هەڵەبووم و تۆ ڕاستبووی، ئەم هەڵوێستە هەرگیز شکستی تێدانییە، یەکەم نەفسی خۆمان دەبەینەوە و دووەمیش ئەوانی تر!

الوطن

٢٠١٨/٣/١٨




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " ئەڤین فەقێ تاهیر "**
**کراوە بە pdf و پێشکەش بە خوێنەران کراوە**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

## ئەی پزیشکەکان بۆچی وادەکەن!

(صفيُّ الدين الهندي) یەکێکە لە شەرعناسە مەزنەکانی مەزهەبی شافیعی، لە سەردەمی مەلیک موزەفەردا قازی و موفتی شام بووە، خاوەنی کتێبی (الفائق في أصول الفقه)ە، (صفيُّ الدين الهندي) دەڵێت:

هاوڕێکانم ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرتم دەسوخەتم جوان نییە، جارێک لە بازاڕبووم، لە بەردەم یەکێک لە دووکانەکاندا وەستام و تەماشای کتێبەکانم دەکرد، کتێبێکم بینی لە ژیانمدا دەسووخەتم نەبینیبوو هێندەی دەسووخەتی نووسەرەکەی ناشرین بێت، کتێبەکەم کڕی و بەدڵخۆشییەوە گەڕامەوە بۆ ماڵ، بۆ ئەوەی بیکەمە بەڵگە بەسەر هاوڕێکانمەوە کە نووسەر هەیە دەسوخەتی لە دەسوخەتی من خراپترە، کە کتێبەکەم کردەوە و تێیدا ڕۆچووم، بۆم دەرکەوت کتێبی خۆمە، لە سەرەتای دەستپێکردنم بە نووسین نووسیبووم، خودا یارمەتیدەرمان بێت!

دەسوخەت ناشرینی نەنگی نییە، لە زانستی زاناکان و تێگەیشتوویی شەرعناسەکان کەم ناکاتەوە، دونیا بۆ کەس بەتەواوی لەبار نابێت، دەبینیت کەسێک لە زانستدا ناوازەیە و دەسوخەتی ناشرینە، دەبینیت کەسێکی جواننووسیش هیچ زانستێکی نییە، کەسێک دەبینیت نازانێت دوو دێڕ شیعر بنووسێت، بەڵام زۆر بە جوانی شیعر دەخوێنێتەوە،

ئەحمەد شەوقی پێشەوای شاعیرەکان شیعرەکانی خۆی نەدەخوێندەوە، چونکە لە خوێندنەوەی شیعردا لێهاتوو نەبوو!

ئەوەی پاڵنەرمبوو ئەم پێشکەییە لەسەر دەسوخەت بنووسم، ئەوەبوو دوێنێ راپۆرتێکی ساڵانەی ئەکادیمیایەکی پزیشکی بەریتانیم خوێندەوە، دەیوت:

دەسوخەتی پزیشکەکان ساڵانە دەبێتە هۆی مردنی زیاتر لە حەوت هەزار کەس لە جیهاندا!

هەر لە ئەمانەتی گواستنەوە، توێژینەوەیەکم خوێندنەوە دەیوت: زۆربەی کات کەسە زیرەکەکان دەسوخەتیان ناشرینە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خێرایی مێشکیان زیاترە لە خێرایی دەستیان، دەست پەلەدەکات بۆ ئەوەی بگاتە خێرایی مێشک!

گومانی تێدانییە کە دەزانن پاڵەوانی نێوتان ئەو کەسەیە دەتوانێت دەسوخەتی پزیشک بخوێنێتەوە، ئەو دەرمانانەی پزیشک دەینووسێت، لە تەلاسیمی جادووگەرەکان دەچێت، نزیکە یەکێکمان کە ڕەچەتەی پزیشک دەبینێت، پێش ئەوەی یەک وشەی لێبخوێنێتەوە بڵێت: أعـوذ بكلمات اللـه التامـات من شر مـا خلق!

باوەڕم وابوو تەنها دەرمانسازەکان لە دەسوخەتی پزیشکەکان تێدەگەن، وەک ئەو پەیامانە وایە کە سەربازەکان لە کاتی جەنگدا بە جفرە دەینووسن و تەنها ئەو سەربازانە لێی تێدەگەن کە پەیامەکەیان بۆ نووسراوە... هەتا ڕۆژێک پزیشک ڕەچەتەیەکی بۆ نووسیم و چوومە دەرمانخانەکە بیکرم، هەموو دەرمانەکانی پێدام تەنها یەک دانە نەبێت ناوەکەی نەدەزانی، ئاواتەخوازبوو وەک ئەو دەرمانەی تر وابووایە کە توانی تەڵیسمەکەی بکاتەوە و بیناسێتەوە! کە تەواو ماندووبوو، پەیوەندی بە پزیشکەکەوە کرد، کە ناو و ژمارەکەی لەسەر ڕەچەتەکە نووسرابوو، پرسیاری لێی کرد و شتەکە کۆتایی هات.

من نامەوێت پزیشک جوانووس (خطاط) بێت، نامەوێت خۆیشم ڕەچەتەکە بخوێنمەوە، هەرچەندە ئەمە لە بلیمەتبوونی پزیشکەکە نادات، لێ بەلایەنی کەمەوە بەشێوەیەک بێت دەرمانسازەکە بتوانێت بیخوێنێتەوە! هەندێ جار هەستدەکەم دەسوخەت ناشرینی کۆرسێکە پزیشکەکان لە زانکۆ دەیخوێنن!

لە سەرقاڵی پزیشکەکانیش تێدەگەم و پێویستبوونی بەوەی دەبێت هەموو نەخۆشەکانی بپشکنێت و وابەستبوونی لە نێوان چارەخانە و نۆرینگەکەیدا، لێ پزیشکەکان زیانیان نەدەکرد گەر ڕەچاوی ئەوەیان بکردایە ئەمە ڕەچەتەی دەرمانە، نەک ئەو لیستە داواکارییەی ژن بۆ مێردەکەی دەنووسێت، لێی تێبگات یان نا هیچ زیانێک ناکات، جگە لەوەی ژنەکەی پەلاماری دەدات گەر داواکارییەکانی بۆ نەهێنابێت!

دەپرسم چ دەبوو گەر دەرمانسازەکە پەیوەندی بەپزیشکەکەوە نەکردایە و لە خۆیەوە دەرمانێکی پێبدامایە، کە ئەوە نەبوو پزیشکەکە دەیویست!

بێگومان ئەو ئامارەی لە سەرژمێرییەکەی ئەکادیمی پزیشکی بەریتانیدا هاتووە، باسی حاڵەتەکانی مردن دەکات، دەبێت ڕێژەی ئەوانە چەندێک بێت کە ژەهراوی بوون، یان دەرمانەکە زیانی تەندروستی لێداون و ڕاپۆرتەکە باسی نەکردوون؟

پزیشکەکان! ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت دەسوخەتتان جوان بکەن...

الوطن

٢٠١٨/٣/٢٠

## لەوەیە عوزرێکی هەبێت و تۆیش لۆمەی دەکەیت!

لە قۆناغێکی تەمەنیدا، پێشەوا مالیک بۆ ماوەی بیست ساڵ لە خەڵک دابڕا، ئامادەی نوێژی بەکۆمەڵ و هەینی نەدەبوو، دوای جەنازە نەدەکەوت و سەردانی نەخۆشی نەدەکرد، ئەو دەمەی پرسیاری هۆکاری ئەمەیان لێ کرد، وتی: هەموو کەسێک ناتوانێت عوزری خۆی بڵێت!

وەک لادانێک لە باسەکە، ویستم بزانم ئەم دابڕانە لە چ قۆناغێکی تەمەنی پێشەوا مالیکدا بووە، وەڵامێکی تەواوم دەستنەکەوت، ئەوەی پێم تەواوە و لەوەیە هەڵەیشبم، ئەو ماوەیە لە سەردەمی خەلافەتی ئەبو جەعفەری مەنسووردا بووە، ئەوەی بە مێژوویی و فیقهی سەلمێندراوە لە مەزهەبەکەیدا وتەیەکی بەناوبانگیەتی: (کەسی زۆرلێکراو تەلاقی ناکەوێت) واتە هەرکەسێک بەزۆر ژنەکەیان پێ تەلاقدا، بە هەڕەشەی کوشتن بێت یان جگە لەوە، تەلاقی ناکەوێت، ئەوانەی بەیعەتدانیان بە ئەبو جەعفەری مەنسوور ڕەتکردەوە، ئەم فەتوایەیان وەرگرت و بەرگێکی سیاسیان کردە بەریا، ئەو کەسەی لە ترسی نەفسی بەیعەتیدا ئەوا بەیعەتی مەنسوور لە گەردنیدا نییە، خەڵکی عەوامیش ئەوەیان کرد هەتا ئەبو جەعفەری مەنسوور ڕقی لە پێشەوا مالیک هەڵگرت و جەڵدی لێدا، هەتا دەڵێن شانی دەرچووە، لەوەیە دابڕانی لە خەڵکی لە دوای ئەم ڕووداوە بێت، خوداش زاناترە!

باسەکەمان لەبارەی وتەکەی ئیمامەوەیە: هەموو کەسێک ناتوانێت عوزری خۆی بڵێت!

وەک دەزانن خەڵکی فزوڵین، وەک چۆن دانای سەردەم، ئەنکم وەسفی دەکردن: دەیانەوێت بزانن هێلکە لە مریشکە، یان مریشک لە هێلکەیە!

جیابوونەوە لەنێوان هاوسەرەکاندا ڕوودەدات،ماڵەکانیش جێگای نهێنییەکانن، زۆر شت هەیە سکاڵای لێناکرێت و باسناکرێت، مرۆڤ هەست بە شەرم دەکات کە باسی بکات، جا خاوەنی حەق بێت یان نا، بەڵام خەڵکی دەیانەوێت بزانن، هیچ ئامانجێکیش لەم زانینە نییە، تەنها زانین نەبێت، نە بڕیاریان داوە بچن ئاشتەوایی بکەن، نە بڕیاریان داوە هەوڵبدەن ئەوە چاک بکەن کە زەمانە تێکیداوە!

ئافرەتێک داوای لێبووردن لە هاوڕێکانی دەکات کە ناتوانێت ئامادەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە بێت، ئەوانیش واز لە ئاهەنگەکە دەهێنن و سەرقاڵ دەبن بەوەی بۆچی بڕیاری داوە لەگەڵیان نەیەت، یەکەم دەیەوێت بزانێت مێردەکەی پارەی پۆشاکی پێنەداوە، دووەم دەیەوێت بزانێت لەگەڵ خەسوویدا کێشەی نییە، سێیەم دەیەوێت بزانێت ڕقی لە بووک و زاوا نییە، هیچ ئامانجێکیان نییە لە زانینی ئەو شتانە، تەنها زانین نەبێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڕێکەیان تووشی شەرمەزارییەک بێت زۆرتر لەوەی کە نەچووە بۆ ئاهەنگەکە!

فلانەکەس، بۆ مۆڵەت وەرناگریت و گەشتێک ناکەیت؟

فلانەکەس، بۆچی کەلوپەلی ناوماڵەکەت ناگۆڕیت؟

بۆچی وەڵامی میوانداری فلانت نەدایەوە؟ بۆچی سەردانی خزمەکانت ناکەیت؟

ئەو کەسەی لێت دەپرسێت بۆ مۆڵەت وەرناگریت و گەشتێک ناکەیت؟ خەرجی گەشتەکەت پێنادات گەر بڵێی هۆکاری ماددی ڕێگرە، لەگەڵت نایەت بۆ لای پزیشک گەر پێی بڵێی ڕێگرییەکە تەندروستییە، لێ فزوڵیبوونی خەڵکییە!

ئەو ئافرەتەی لێت دەپرسێت بۆ کەلوپەلی ماڵەکەت ناگۆڕیت؟ دەڵێت ئەوە و ئەوەت بۆ گۆڕیوە؟ تەنها دەیەوێت فشارەکانت زیادبکات، هیچ چارەسەرێکت پێشکەش ناکات، جا هەر هۆکارێکی پێ بڵێیت!

ئەوەی لێت دەپرسێت بۆچی وەڵامی میوانداری فلانە کەست نەدایەوە؟ تەنها دەیەوێت دڵنیابێتەوە لەو سیناریۆیەی کە خەیاڵی کردووە لە نێوان تۆ و فلانە کەسدا!

ئەوەی لێت دەپرسێت بۆچی سەردانی ماڵی خزمەکانت ناکەیت؟ دەیەوێت چێژ وەربگرێت لە نهێنییەکانی ماڵەکەت، گەر پێی بڵێی سەرقاڵی و ئیشوکاری ماڵەوە هۆکارە، دەڵێت ماقووڵ نییە، ماقووڵ نییە واتە شتە شاراوەکەم پێ بڵێ ڕەحمەتی خودات لێ بێت!

زۆربەی کات مرۆڤ لەگەڵ دۆخەکەیدا ڕادێت، جا چەندێ خراپیش بێت، تەنها فزوڵیبوونی خەڵکی ئەم ڕاهاتنەی لێ تێک دەدات، ئەو کەسەی مووچەکەی کەمە، ئارامگر دەبێت هەتا کەسێک دێت و دەپرسێت: چۆن بەشت دەکات؟ ژن خۆڕاگر دەبێت هەتا کەسێک دێت و دەپرسێت: چۆن لەسەر هەموو ئەو شتانە خۆڕاگربووە؟

چیتان داوە بەسەر خەڵکەوە، واز لە شتی شاراوە بهێنێن با هەر شاراوە بێت هەتا خاوەنەکەی ئاشکرای دەکات، لەم بارەیەوە یەکێک لە لێهاتووەکانی عەرەب دەڵێت: هیچ کەسێک نەیبەزاندووم کچۆڵەیەک نەبێت، بینیم دەڕوات و سینییەکی داپۆشراوی پێیە، پرسیم: کچۆڵە سینییەکە چی تێدایە؟

وتی: جا بۆچی دامانپۆشیوە!

الوطن

٢٠١٨/٣/٢٢

## هاوڕێیەتی کەسی بەختەوەربکە، بەختەوەر دەبیت!

خەڵکی پەندێکیان هەیە دەڵێن: هاوڕێیەتی کەسی بەختەوەربکە، بەختەوەر دەبیت!

پەندەکانی پێشینان و پەندە باوەکان هەموویان وەرگیراو نین، هەندێکیان لە ئەبو غەبشان گەمژەترن کە دەرگاوانی کەعبەی بە قوسەی کوڕی کیلاب فرۆشت بە کونەیەک مەی! هەندێکیشیان دانایی لێدەبارێت وەک ئەوەی گفتی لوقمان بێت!

وەک دەردەکەوێت پەندی (هاوڕێیەتی کەسی بەختەوەربکە، بەختەوەر دەبیت) داناییەکی زۆری تێدایە، ئەمە تەنها بۆچوونی من نییە، بەڵکوو زانست سەلماندوویەتی، بەڵێ زانست، پەلەم لێ مەکەن لە سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاستم بۆ هێناون!

پێش نزیکەی مانگێک توێژینەوەیەکی بەریتانیم خوێندەوە دەیوت: بەختەوەری دەگوازرێتەوە، هەر بەوەی بچیتە پاڵ کۆمەڵێک خەڵکی بەختەوەر و دووربکەویتەوە لە بێهیواکان، دۆخی دەروونیت زۆرباش دەبێت، گەرچی ئەم تێکەڵییە لە تۆڕە کۆمەڵاتییەکانیشدا بێت!

ئەوێ ڕۆژێ وتم توێژینەوەیەکی سێوییە، هەندێ جار توێژینەوەکان لە پەندە باوەکان ناڕاستترن، لێ خودا ویستی ئەم توێژینەوە سێوی نەبێت و خزمی بۆ پەیدا ببێت، دوێنێ توێژینەوەیەکی نەمساوییم خوێندەوە، توێژەرەکان هەستاون بە دانانی کۆمەڵێک خوێندکاری زیرەک لە نێو کۆمەڵێک خوێندکاری تەمبەڵ و گەمژە، بەپێی تێپەڕبوونی کات خوێندکارە زیرەکەکان ئاستی زیرەکییان دابەزیوە، بەمەش ئەوەیان سەلماندووە تەمبەڵی و گەمژەیی دەگوازرێتەوە!

لە حەقیقەتدا ئێمە پێویستمان بە توێژینەوەکان نییە بۆ ئەوەی ئەم شتە بسەلمێنین، لە دێر زەمانەوە عەرەب وتوویەتی: هاوڕێ پێش ڕێگا! چونکە زانیویانە مرۆڤێکی نالەبار دەتوانێت یەک کاروانی تەواو بێتاقەت بکات و گەشتی شارێک بۆ شارێکی تر والێبکات وەک ئەوەی گەشتەکەی ماجەلان بێت بە دەوری زەویدا بۆ ئەوەی خڕی زەوی بسەلمێنێت! لە بەرانبەریشدا مرۆڤێکی تر دەتوانێت گەشتکردن لە پارچەیەک لە عەزابەوە بگۆڕێت بۆ گەشتێکی شیرین و بنیادەم ئاواتەخوازبێت گەشتی وەها دووبارەبکاتەوە!

هەربۆیە لە دێر زەمانەوە وتراوە: هاوسێ پێش خانوو! چونکە زانیویانە هاوسێی خراپ خانووە فراوانەکەت لێدەکاتە کونە دەرزی، هاوسێی باشیش خانووە تەنگەکەت لە کۆشکی خەلیفە فراوانتر دەکات!

پەندێکی کوردیش دەڵێ: هاوسێ لە هاوسێ دەگرێ سەراسێ!.. (سەراسێ سەر ئێشەیە)..

هەر لە باسی هاوسێ خراپدا، کاورایەکی شاعیر خانووەکەی هەرزان فرۆشکرد، خەڵکی سەرکۆنەیان کرد لەسەر ئەمکارەی، ئەویش گوتی:

**دەڵێن: خانووەکەت تاڵان فرۆش کرد**

**نازانن هاوسێی خراپم هەیە**

**وتم: بەسیەتی لۆمە و سەرکۆنە**

**هاوسێ خراپ بێ، دۆزەخ لەوێیە**

کاورایەکی دەشتەکی خانووەکەی فرۆشت، لێیان پرسی: بۆچی خانووەکەت فرۆشت؟

گوتی: خانووەکەم نەفرۆشت بەڵکوو هاوسێکەمم فرۆشت!

لە باسی هاوسێی باشدا، زەمەخشەری لە (ربيع الأبرار)دا دەگێڕێتەوە: ئەبو جەهمی عەدەوی خانووەکەی بە سەد هەزار دینار فرۆشت، پاشان بە کڕیارەکەی وت: ئەی هاوسێیەتی سەعیدی کوڕی عاس بە چەند دەکڕیت؟!

کڕیارەکە وتی: جا کێ هاوسێیەتی کڕیوە؟

ئەبو جەهم وتی، خانووەکەمم بدەنەوە، وەڵڵاهی هاوسێیەتی پیاوێک جێناهێڵم گەر دیارنەبم هەواڵم دەپرسێت، گەر بمبینێت بەخێرهاتنم دەکات، گەر لەوێ نەبم دەمپارێزێت، گەر ئامادەبم نزیکم دەکاتەوە، هەرچیم پێویست بێ و داوای لێبکەم دەمداتێ، گەر داوای لێنەکەم خۆی دەسپێشخەری دەکات!

ئەمە گەیشتە سەعیدی کوڕی عاس، سەد هەزار دیناری بۆ نارد دەگەڵ پەیامێکدا و تێیدا نووسی: ئەمە نرخی خانووەکەت و هاوسێیەتیمان جێ مەهێڵە!

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، چەندێک توانیتان لە نالەبارەکان وەدوور کەون، بە یەک خولەک یەکێکیان دەتوانێت ڕۆژەکەت لێ تێک بدات

لە خۆرهەڵاتنەوە هەتا خۆرئاوابوون، شەوەکەت تێکبدات لە ئێوارەوە هەتا بەرەبەیان، ئاممان ڕەشبین و نالەبارتان لێ تێکەڵ نەبێت، ڕەشبین ئەوەیە نیوە بەتاڵەکەی پەرداخەکە دەبینێت، بەپێچەوانەی گەشبین کە نیوە پڕەکەی دەبینێت، لێ نالەبار نیوەی پڕ و نیوەی بەتاڵی بەلاوە گرنگ نییە، ئەوەی بەلایەوە گرنگە پەرداخەکە بشکێنێت بۆ ئەوەی ژینت لێ تاڵ بکات و خۆی بحەوێتەوە!

الوطن
٢٠١٨/٣/٢٥

## ئەو قەرزانەی نادرێنەوە!

دایکەکە قاپەکانی دەسڕی، کوڕە بچووکەکەی خۆی کرد بە ژوورا و کاغەزێکی پێدا و گوتی: ئەمە پسوڵەکەیە دایکە!

دایکەکە دەستی وشک کردەوە و کاغەزەکەی وەرگرت و کوڕەکەی تێیدا وتبووی: یەک دۆلار حەقی پاککردنەوەی مێزی نانخواردنەکە، دوو دۆلار حەقی ئەوەی گرنگیم بە حەوزی ئاوی گوڵەکان داوە، سێ دۆلار حەقی ئەوەی لە قوتابخانە نمرەی بەرزم هێناوە!

دایکەکە بە هێمنی و بەبێ هیچ پەرچەکردارێک کاغەزەکەی هەڵگرت و لەسەر مێزی چێشتخانەکە دانیشت، لە ژێر نووسینی کوڕەکەیدا ئەمەی نووسی:

نۆ مانگ لە سکمدا هەڵمگرتیت بەخۆڕایی، لە کاتی بوونتدا مردنم بەچاوی خۆم بینی بەخۆڕایی، هەموو شەوێک خەوم لە خۆم حەرامدەکرد بۆ ئەوەی شیرت پێبدەم بەخۆڕایی، هەموو ڕۆژێ خواردنت بۆ ئامادەدەکەم و پۆشاکت بۆ دەشۆم و ژوورەکەت بۆ ڕێکدەخەم بەخۆڕایی، کە نەخۆش دەکەویت بەخۆڕایی چارەت دەکەم، ئەو نمرە بەرزەی لە قوتابخانە هێناوتە لەماڵەوە خۆم فێرم کردووی بەخۆڕایی!

ئەڵبەتە چیرۆکێکی ڕەمزییە و لە ڕاستیدا ڕوووینەداوە، لێ مەبەستەکەی ئەوەیە بزانین زۆر قەرز هەیە نادرێتەوە و زۆر هەڵوێست هەیە لە یاد ناکرێت، تەنها لە پەیوەندی منداڵ دەگەڵ دایبابدا نا، چونکە ئایینە ئاسمانییەکان و ڕەوشتە باڵاکان و سروشتی مرۆڤایەتی کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم قەرزە نادرێتەوە، کاورایەک دایکە بەساڵاچووەکەی لە کۆڵ نابوو، حەجی پێدەکرد، تەواف و سەفا و مەڕوە و ڕەمی جەمەراتی پێدەکرد، گەیشتە عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و باسەکەی بۆ گێڕاوە و لێی پرسی: ئایا حەقی خۆیم داوە؟

عەبدوڵڵا فەرمووی: هێشتا حەقی یەک ئازار لە ئازارەکانیت نەداوە!

کەسی مەرد و میرخاس کەمترین دەرفەت دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی قەرزەکەی بداتەوە، گەرچی بەشێکی کەمی چاکەکەش بێت، ئەمەش ڕەوشتی پەیامبەرانە، ئەو ڕۆژەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە تائیف بەردبارانکرا، گەڕایەوە بۆ مەککە و دەیزانی ناهێڵین بچێتەوە ناوی، پێویستە لە پەنای کەسێکی بەهێزدا بچێتەوە نێو مەککە، داوای کرد موتعیمی کوڕی عەدی پەنای بدات، موتعیم قبوولی کرد، کوڕەکانی و چەند سوارچاکێکی هۆزەکەی بانگکرد و وتی لەلایماڵەوەبن، دواتر پێغەمبەری خودای(ﷺ) بردە ئەوێ و بانگی کرد: ئەی گەلی قورەیش موحەممەدم پەناداوە و کەس نزیکی نەکەوێت!

ئەودەمەی جەنگی بەدر ڕوویدا و پێغەمبەری خودا(ﷺ) تەماشای ئەسیرەکانی قورەیشی کرد و فەرمووی: گەر موتعیمی کوڕی عەدی بمایە و لەبارەی ئەمانەوە قسەی بکردایە، ئەم ئەسیرانەم بۆ ئازاد دەکرد!

ئەمە بەهێزترین وانەیە لە مێژوودا سەبارەت بە بەوەفابوون و ئەمەکداری!

لەوەیە ئەو ساتە نەیەت کە بتوانی وەڵامی ئەو چاکەیە بدەیتەوە کە بەرانبەرت کراوە، لێ گرنگ ئەوەیە لە یادی نەکەیت!

لە کاتی ڕووداوی ئیفکدا ئافرەتێکی ئەنساری هاتە لای عائیشە و زۆر زۆر گریا، بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات!

عائیشە دەیوت: وەڵلاهی هەتا لە ژیاندابم لە یادی ناکەم!

ئەو دەمەی کەعبی کوڕی مالیک لە جەنگی تەبوک دواکەوت، پێغەمبەری خوداش(ﷺ) فەرمانی دابڕینی هەمووشتێکی کرد لەگەڵ ئەوانەی دواکەوتوون، نە سەلامیان لێ بکرێت نە قسەیان لەگەڵ بکرێت، زەوی لەبەردەم کەعبدا تەنگ بوویەوە، دواتر خودا تەوبەکەی لێوەرگرت، کە چووە مزگەوت، تەڵحە بەرەو ڕووی ڕایکرد و لە ئامێزی گرت!

کەعب دەڵێت: هەرگیز ئەوەی تەڵحە لە یاد ناکەم!

گەرچی تەنها لە ئامێزگرتنێک بوو لێ کەعب هەر لە یادی بوو!

قەرز تەنها لە پارەدا نییە!

هاوسۆزییەک لە کاتی شکاندا

دڵنەوایی لە کاتی خەمباریدا

پشتیوانی لە کاتی لاوازیدا

ڕێنوێنی لە کاتی وێڵیدا

ئامۆژگاری لە کاتی هەڵچووندا

ئامێزێک لە کاتی پرسەدا

دەستخستنەسەر شان و دڵ لە کاتی بێ دەسەلاتیدا

هەموو ئەمانە قەرزن، ڕێگەپێدراوە ئەم قەرزانە نەدرێنەوە لێ نەنگیە لەبیربکرێن!

الوطن

٢٠١٨/٣/٢٧

## گەرچی!

بە حەسەنی بەسریان وت: فلانەکەس ئامۆژگاری خەڵکی ناکات و دەڵێت: دەترسم شتانێک بڵێم کە ئەنجامی نادەم!

حەسەن وتی: کێ لە ئێمە هەموو ئەوانەی دەیڵێت ئەنجامی دەدات؟! نزیکە شەیتان زەفەر بەو کەسە ببات!

بەم چیرۆکە دەستم پێنەکرد بۆ ئەوەی بڵێم: کێشە نییە دژیەکیمان تێدا بێت، چیمان پێخۆشبوو بیکەین، گرنگ ئەوەیە قسەیەکی ڕاست بڵێین! بەڵگەهێنانەوە ئاوا نابێت، (شانەکە لێرەوە ناخورێت)، (سەعید! حوشتر ئاوا ناگەڕێندرێتەوە)- ئەم دوو پەندە بۆ کەسێک بەکاردێت شتێک بکات و لێی نەزانێت، یان قسەیەک بکات و شوێنەکە شوێنی ئەو قسەیە نەبێت- وەرگێڕ!

هەروەها ئەوەش لە چیرۆکەکە وەرناگیرێت کە پێویستە هەموومان ئامۆژگاریکاربین! بیرۆکەکە ئەوەیە، هەڵە ڕێگریت لێ نەکات لەوەی حەق بڵێیت، یان بەلایەنی کەمەوە گەر ناتوانیت حەق بڵێی چەپڵە بۆ باتڵ لێ مەدە!

عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێت: زۆرجار گوێم لە باوکم دەبوو دەیوت: پەروەردگارا لە ئەبو هەیسەم خۆشببە، پەروەردگارا ڕەحم بە ئەبو هەیسەم بکە!

وتم: باوەگیان، ئەبو هەیسەم کێیە؟

وتی: کاورایەکی دەشتەکییە، ڕوویم نەدیوە! شەوێک پێش جەڵدە لێدانم، کرامە زیندانێکی تەنگەوە، کاورایەک بۆکسی لێدام و وتی: تۆ ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیت؟

وتم: بەڵێ.

وتی: من دەناسیت؟

وتم: نەخێر.

وتی: من ئەبو هەیسەمم، دز و مەی خۆر و ڕێگرم، لە دیواندا نووسراوە هەتا ئێستا هەژدەهەزار جەڵدم لێدراوە، بەرگەی هەموو ئەمانەم گرتووە لە پێناو شەیتاندا، ئەی ئەحمەد تۆ لە پێناوی خودادا خۆڕاگربە!

کە بردمیان و جەڵدیان لێدام، هەرکات دارەکە دەیدا لە پشتم، قسەکەی ئەبو هەیسم دەهاتەوە یادم: ئەی ئەحمەد تۆ لە پێناوی خودادا خۆڕاگربە!

گەرچی لە چاکەکارانیش نەبوویت، لە دژیان مەبە!

گەرچی ڕۆچووبوویت لە تاواندا، لە دژی ئەهلی تاعەت مەبە!

گەرچی دزیت دەکرد، مەڵێ ئەوەی دزی ناکات ترسنۆکە، دەستپاکی ئازایەتییەکی دەوێت، زۆر زیاتر لەو ئازایەتییەی بۆ دزیکردن پێویستە!

گەرچی داوێنپیسیت دەکرد، مەڵێ ئەوانەی واناکەن ئارەزوویان نییە، زۆر کەس تەنها لەبەر خوا واز لە قەدەغەکراوەکان دەهێنن!

گەرچی تەرکی مزگەوتت کردبوو، مەڵێ ئەوانەی دەچن ڕیابازن!

گەرچی مەیت دەخواردەوە، مەڵێ ئەوانەی مەی ناخۆنەوە جەو و خۆشییان نییە، زۆر کەس خۆشی و شادییان لە گەڵ خودایەو، بۆ خودایە!

گەرچی خەریکی قسە هێنان و بردن بوویت، مەڵێ ئەوانەی ئەمکارە ئەنجام نادەن نازانن، هەندێ کەس هەن گەر بیانەوێت شارێک وێران بکەن، وێرانی دەکەن!

گەرچی باڵاپوش نەبوویت، مەڵێ باڵاپۆشی دواکەوتوییە!

گەرچی گوێڕایەڵی ژنەکەت نەدەکرد، مەڵێ ئەوانەی بە قسەی ژنەکانیان دەکەن، کەسایەتیان لاوازە!

گەرچی لە دژی ستەم نەبوویت، مەڵێ ئەوانەی لە دژی دەوەستنەوە، بانگخوازی فیتنەن!

گەرچی داوای مافی خۆتت نەدەکرد، مەڵێ ئەوانەی داوای مافی خۆیان دەکەن، تێکدەری نیشتیمانن!

هەڵەکردن ڕەفتارێکی مرۆڤایەتییە، لە ئاسمان ئەنجاممانداوە پێش ئەوەی دابەزێنرێنە سەرزەوی، هەر ئەنجامیشی دەدەین هەتا ئەو دەمەی ئیسرافیل فووی یەکەم دەکات بە کەڕەنادا، فریشتەکان لە ئاسماندا نیشتەجێن نەک زەوی، ئێمەی نەوەی ئادەم نیشتەجێی سەر زەویین، ئەو دەمەی هەڵەی کرد تەوبەی کرد و گەڕایەوە، ئەوە ئیبلیس بوو کە تاوانی کرد لوتبەرزی گرتی و بە تەنها دژی حەقبوو، چونکە نەیتوانی لەگەڵیدا بێت!

الوطن

٢٠١٨/٣/٢٩

## دەستەواژە فریودەرەکان!

توێژینەوەیەک جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتان لێهاتووترن لە پیاوان، لە ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی پەیوەندی بە نووسینەوە هەیە، زاناکان ئەوەیان سەلماندووە ئافرەت تەرکیزی لە پیاو زیاترە، ئەم توێژینەوەیە بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر ناڕازی بێت، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیان وت کە ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە لە کارە گشتییەکاندا ئافرەت پێگەیەکی بەرزتری پێ ببەخشرێت، هەندێ کەسیش گەواهی ئەوەیان دا دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە فەرمانبەرە پیاوەکانی بێزارکردووە، لە بەرانبەردا ئەو چالاکوانانەی بەرگری لە مافی ئافرەتان دەکەن، پشتگیری دەرئەنجامی توێژینەوەکە دەکەن و دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە دەسەڵاتی نێرینەیی بهێنرێت لە داگیرکردنی کارەکاندا!

بێزەحمەت نووسینەکەی سەرەوە دووبارە بخوێنەرەوە، چونکە ئەمە شتێکی پێویستە بۆ ئەوەی کە دێت!

گریمانەی ئەوە دەکەم جارێکی تر خوێندووتەتەوە، ئێستا با پرسیاری هەندێ دەستەواژەی ناو نووسینەکەت لێ بکەم:

توێژینەوەیەکی زانستی جەختی لەوە کردەوە: لە خۆتت پرسی: لە کوێ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە؟ کێ پێی هەستاوە؟ کێ چاودێری کردووە؟!

زاناکان ئەوەیان سەلماندووە: لە خۆتت پرسی ئەو زانایانە کێن؟ زانخوازی (فزولی) وای لێکردیت بەلایەنی کەمەوە ناوی یەکێکیان بزانیت؟

خەڵکێکی زۆر نارازیبوون لە توێژینەوەکە: لە خۆتت پرسی ئەو خەڵکە نارازییە زۆرە کێبوون؟ لە کوێ دەژین؟ ئاستی ڕۆشنبیرییان چۆنە؟ ئەی بیروباوەڕ و ئاستی ئابوورییان؟

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن گواستیانەوە: لە خۆتت پرسی چ کەناڵێکن؟ ئایا کەناڵی تەلەفزیۆنین، یان ڕۆژنامەن، یان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندان، ئەی کێ بەڕێوەیان دەبات و خەرجییان دەکێشێت؟

هەندێ شایەتحاڵ گەواهییان دا: لە خۆتت پرسی ئەو شایەتحاڵانە کێن؟ چۆنبوون هەتا گەواهی بدەن؟ مەبەستیان لەم گەواهیدانە چییە؟ ئەی گەواهییان بۆ کێ داوە؟

چالاکوانەکان پشتگیرییان کرد: لە خۆتت پرسی ئەم چالاکوانانە کێن؟ ئەی بۆچی چالاکبوونە خودا ماندووی چالاکییەکەیان لانەبات؟!

خوێنەری هێژا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێت ڕابگەیەنم ئەو توێژینەوەیەی جەختی کردەوە بوونی نییە، جەختی لە هیچ نەکردۆتەوە، خۆم نووسینەکەم نووسیوە بۆ مەبەستێک کە لە دڵی یەعقوبدایە(ﷺ)، ئەو زانایانەی سەلماندیان، من واملێکردن بیسەلمێنن، ئەو زۆرینەی نارازیبوون، من واملێکردن نارازیبن، ئەو کەناڵانەی گواستیانەوە من واملێکردن بیگوازنەوە، شایەتحاڵەکان من واملێکردن شایەتحاڵبن، من چالاکوانەکانم چالاککرد، تەنانەت ئەوانەیشی بێزاربوون من واملێکردن بێزارببن!

ئامانج لە هەموو ئەم قسانە ئەوەبوو کە پێتان بڵێم زۆر دەستەواژە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی ڕای گشتی هەڵبخەڵەتێنرێت، چونکە زۆربەی کات خوێنەر هەست بە ئاسوودەیی دەکات و وای

لیدەکات باوەڕبکات بەوەی خوێندویەتیەوە، توێژینەوە زانستییەکان ئاماژەن بۆ کۆششێکی مەزن، زاناکان ئاماژەن بۆ متمانە، شایەتحاڵیش واتە بەڕاستی شتەکە ڕوویداوە، نارازییەکانیش واتە کێشمەکێشمێک ڕوویداوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کارە متمانە پێکراوە!

مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئافرەت شایەنبوونی لە پیاو کەمترە یان بەپێچەوانەوە، بۆ ئەمە کۆمنەکردوونەتەوە، نەفرەتم لێ بێت گەر مەبەستم ئەوە بێت، ئەوەی دەمەوێت پێتان بڵێم بە ئاوەزتان بخوێننەوە نەک بە چاوتان، جەخت لەوە بکەنەوە کە دەیخوێننەوە نەک یەکسەری وەریبگرن وەک ئەوەی وەحی بێت و لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، ڕای گشتی دروست دەکرێت وەک چۆن شتەکانی تر دروست دەکرێت لە دەرزییەوە هەتا فڕۆکە، گەر مرۆڤ ژێر نەبێت چواردەوری پردەکرێت لە بیروباوەڕ و بیرۆکەی هەڵە!

هەروەها دەمەوێت ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەم و پێتان دەڵێم: ئامادەم یارمەتی هەر کەسێک بدەم کە دەیەوێت بیروبۆچوونە تایبەتییەکانی بکاتە حەقیقەت، لە چەند دێڕێکدا بۆچوونەکەی دەگۆڕم بۆ توێژینەوەیەکی زانستی، هەندێ زانای بۆ زیاد دەکەم، کە کەس لە ناوەکانیان نەپرسێت، وا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکەم، بیگوازنەوە کە کەس گرنگییان پێنادات، ئەڵبەتە هەندێ شایەتحاڵیش ئامادەدەکەم، بۆ ئەوەی کەسانی نارازی و ڕازی ببینن!

ئێوە و هەموو توێژینەوە زانستییەکان بمێنن بەخێر!

الوطن

٢٠١٨/٤/١

## ئەی خەڵکینە:
## ئێمەیش لە کۆتاییدا مرۆڤین!

سەرەتا لە خۆڵین... کۆتاییش بۆ خۆڵ... لە نێوان دوو خۆڵەکەدا ئێمە مرۆڤین... بیروبۆچوونمان جیاواز دەبێت، چەندین بیروباوەڕمان دەبێت، ڕۆشنبیریشمان هەمەجۆر دەبێت، گەر تێبینیتان کردبێت هەموو ئەو شتانە بەدەستهێنراون (موکتەسەبن)، بەڵام لە ناخەوە هەموومان یەکسانین ﴿ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ ﴾.

یەکێک لەو بیروباوەڕە ستەمکارانەی خەڵکی هەیانە، ئەوەیە چاوەڕێ دەکەن لە خەڵکی وەک فریشتە وابن، تەنها لەبەر ئەوەی گەیشتوون بە پێگەیەکی بەرزی بەدەستهێنراو، پێیان سەیرە مەلای مزگەوت تووڕەبێت، دیندارێک خۆشەویستی بکات، وەزیرێک پارە کۆبکاتەوە، پرۆفیسۆر بترسێت، بیریار بێزاربێت، زەنگین سکاڵابکات!

نە ئایین، نە زانست، نە پارە، نە دەسەڵات وا لە مرۆڤ ناکەن ببێت بە فریشتە، گەر بگونجایە دەستەیەک لە خەڵکی ببنە فریشتە، ئەوا پەیامبەرەکان دەبوون، لێ سوننەتی خودا وابووە لە خەڵکیدا کە هەستی خۆشەویستی و ڕقیان هەبێت، ئەو ڕۆژەی خەدیجە مرد پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە کوڵ گریا، کێ گوتی نەنگییە پێغەمبەر بۆ خێزانەکەی بگری، ئەو دەمەی ئیبراهیمی بچووک مرد پێغەمبەری خودا(ﷺ) گریا، کێ گوتی

ئەنگییە پیغەمبەر بۆ کورەکەی بگری، ئەو دەمەی لە تائیف بەردبارانکرا بە خەمبارییەوە گەڕایەوە، بە دایک و باوکمەوە فیدای بم، بەرەو ئەو شوێنە دەڕوی کە قاچەکانی دەیانبرد، لەبارەی ئەو هیوابڕانە و ئەو خەمەی کە هاتە ڕێی دەفەرموێت: کە هۆشم هاتەوە لە قەرنو سەعالیب بووم! بۆچی دەمانەوێت کەسانی تر خەمبار نەبن، بێتاقەت نەبن، هەندێ جار بەڕێیەکدا ئەڕۆن کە نەزانن بەرەو کوێ دەڕۆن!

لە ڕۆژی زینەدا فیرعەون ساحیرەکانی کۆکردەوە، بۆ ئەوەی بەرانبەر مووسا(ﷺ) بوەستن، کە پەت و دارعەسەکانیان هەڵدا، ﴿فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِۦ خِيفَةً مُّوسَىٰ﴾ واتە: ئەوسا مووسا(ﷺ) هەستی بە ترسێک کرد لە دڵ و دەروونیدا.

دواتر خودا جێگیری کرد، چونکە پەیامبەرەکەی جێناهێڵێت، بۆچی دەمانەوێت خەڵکی نەترسن ئەوەتا کەلیموڵلا بۆ ساتێک ترس دڵی داگیردەکات!

ئەو دەمەی مووسا(ﷺ) چوو بۆ دیداری خودا، کە هاتەوە بۆلای گەلەکەی بینی گوێرەکەکەی سامری دەپەرستن! زۆر زۆر تووەڕبوو، ئەو تابلۆیانەی فڕێدا کە تەوراتی تێدابوو، دواتر کە هێور بوویەوە، ﴿وَلَمَّا سَكَتَ عَن مُّوسَى ٱلْغَضَبُ أَخَذَ ٱلْأَلْوَاحَ ۖ وَفِي نُسْخَتِهَا هُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلَّذِينَ هُمْ لِرَبِّهِمْ يَرْهَبُونَ﴾ واتە: کاتێک تووڕەیی مووسا(ﷺ) هێور بۆوە، تابلۆکانی تەوراتی هەڵگرتەوە، کە لە توێیدا ڕێنموویی و ڕەحمەت و میهرەبانی دەدرەوشایەوە بۆ ئەوانەی کە لە پەروەردگاریان دەترسن و مەبەستیانە لێیان نەڕەنجێت.

بۆچی ئافرەت مێردێکی دەوێت تووڕەنەبێت، پیاویش دەیەوێت خێزانی تووڕەنەبێت، فەرمانبەر بەڕێوەبەرێکی ئەعەساب ساردی دەوێت و بەڕێوەبەریش فەرمانبەرێکی دەوێت لە ئەحنەفی کوڕی قەیس خۆڕاگرتر بێت، ئەی خەڵکینە: ئێمەیش لە کۆتاییدا مرۆڤین!

فەرمان لە ئاسمانەوە هات کە لە سارادا گەمییە دروست بکری، نوح(ﷺ)

گوێڕایەڵی کرد، بەبێ ئەوەی جارێک لە خۆی بپرسێت گەمییە لە سارادا چ دەکات؟ کە لە تەنوورە پڕ ئاگرەکەوە ئاو هەڵقوڵا و لە ئاسمانەوە باران باری و ئاو زەوی لەت لەت کرد و لێوەی دەرچوو، نوح(ﷺ) کوڕەکەی بانگکرد، کە لە خنکان نزیکبوویەوە غەریزەی باوکایەتی لەلای شێخی بانگخوازان جوولا ﴿ إِنَّ ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي ﴾ واتە: ئەی پەروەردگارم کوڕەکەم لە خێزانی من بوو.

گەرچی بابەتەکە بیروباوەڕە، ململانێی کوفر و ئیمانە، بەجۆرێک ئەملاولا و واستە و تکا تێیدا ناخوات، لێ باوک باوکە! بۆچی دەمانەوێت خەڵکی وەک فریشتە وابن، ئەی خەڵکینە: ئێمەیش لە کۆتاییدا مرۆڤین!

گەلی لوط لادانێک لایاندا هیچ گەلێک پێشتر وا لای نەدابوو، خودا فەرمانی دەرکرد بۆ سەرانی فریشتەکان، ئیسرافیل و میکایل و جبریل جێبەجێکاری فەرمانەکە بوون، لە ڕێگەیان بەرەو سەدوم لە شێوەی مرۆڤ بەلای ئیبراهیمدا(ﷺ) تێپەڕین، ئیبراهیمیش(ﷺ) گوێرەکەیەکی سوورەکراوەی بۆ هێنان و لێیانی نزیک کردەوە، لێ ئەوان نەیانخوارد، لەم دەمەدا ئیبراهیم(ﷺ) ترسا، کەسی سادە و ساویلکە پێی سەیر دەبێت، خەلیلی خودا دەترسێت؟! بەڵێ دەترسێت، چونکە مرۆڤە، بەڵام ئەو کاتەی زانی ئەم سیانە کێن، ترسەکەی ڕەوییەوە و شادومان بوو ﴿فَلَمَّا ذَهَبَ عَنۡ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلرَّوۡعُ وَجَآءَتۡهُ ٱلۡبُشۡرَىٰ يُجَٰدِلُنَا فِي قَوۡمِ لُوطٍ ﴾ واتە: جاکاتێک ترسەکە لە دڵی ئیبراهیم(ﷺ) دەرچوو و هێمن بۆوە و مژدەکەشی بۆ هاتبوو، ئینجا دەستی کرد بە باسکردن و موجادەلە دەربارەی قەومی لوط.

بۆچی دەمانەوێت خەڵکی وەک فریشتە بن، ئەی خەڵکینە: ئێمەیش لە کۆتاییدا مرۆڤین!

الوطن

٢٠١٨/٤/٣

## ئەمە دەرفەتێکە
## بۆ ئەوەی یادیان بکەینەوە!

لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی (unchained django) لیۆناردۆ دیکاپریۆی ئەکتەر، ناچاربوو چەندین جار پشوو وەربگرێت، چونکە لەڕووی دەروونییەوە زۆر ماندوو دەبوو، بەهۆی ئەو وشە ڕەگەزپەرستییانەی گوێبیستی دەبوو.

لێ هونەرمەند ساموێل جاکسۆنی ڕەشپێست -ئەمە وەک پۆلێنکردن- پێی گوت: لیۆناردۆی هاوڕێم! بەردەوام بە ڕاهاتووین لەسەر ئەمە...

ئەم هەڵوێستە لەگەڵ خۆشییەکەیدا جددیەتێکی زۆری تێدایە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت ئەو دیو دێڕەکان بخوێننەوە، لەوەیە یەکێک بێژێ لیۆناردۆ دیکاپریۆ پیاوێکی ناسکە، بەلامەوە گرنگ نییە ئەمە ڕەتبکەمەوە یان بیسەلمێنم، دوور لە کەسەکان و نزیک لە هەڵوێستەکە، ئەوەی پوخت دەکرێت لەیەک پەندا ئەوەیە ڕەگەزپەرستی قێزەون و بە ئازارە، ڕاهاتنی مرۆڤ لەگەڵیدا وای لێدەکات پتەوبێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی لە چاو ئەو کەسەی سەرەتایەتی، لێ لە هەموو دۆخێکدا هەر بە ئازارە، ئەو کەسەی ڕاهاتووە بەردی قورس هەڵبگرێت، کەمتر هیلاک دەبێت لە چاو ئەو

کرێکارەی یەکەم ڕۆژیەتی، بەڵام ئەمە واناکات هەڵگرتنی بەردی قورس ببێتە خۆشی و شادی!

زۆر شتی سادە هەیە خاوەندارییەتی دەکەین و گرنگییەکەی نازانین، چونکە تامی بێبەشبوونیمان نەچەشتووە، گەر بیری ئەوانەمان هەبووایە کە لەدەستیان داوە، ئەوا شتە سادەکانمان لەوپەڕی گرنگیدا دەردەکەوت!

دایباب بێزاردەبن بەدەست منداڵێکی لاسارەوە، بەڵام ئەم منداڵە لاسارە خەونی دایبابێکە کە بێبەش بوون لە نیعمەتی منداڵ، هەربۆیە گەر مرۆڤ ویستی بەدبەختی ئەو شتەی هەیەتی لەلای سانا بێت، ئەوا بیر لە بەدبەختی ئەو کەسە بکاتەوە کە شتەکەی هەر نییە! لەم بارەیەوە یەکێک لە داناکان دەڵێ: لە پێڵاوە کۆنەکانم بێزاربووبووم، هەتا ئەو کاتەی کەسێکم بینی هەردوو پێی نەبوو!

کارە سەختەکەت خەونی ملیۆنان کەسی بێکارە!

خانووە بچووکەکەت خەونی ملیۆنەها ئاوارەیە کە لە خێمەی پەنابەرەکان و سەر ڕێگاکاندا دەخەون!

ئەو مووچەیەی کە بەهەزارحاڵ هەتا کۆتایی مانگ بەشت دەکات، خەونی ملیۆنەها کەسە کە کەوتوونەتە ژێر قەرزەوە!

ژنەکەت کە هەندێ جار لاسارە خەونی ملیۆنەها کەسی زگوردە کە دەیانەوێت هەر چۆنێک بێت هاوسەرگیری بکەن!

مێردەکەت کە هەندێ جار تووڕەیە خەونی ملوێنەها کچۆڵەیە کە لە هاوسەرگیری دواکەوتوون و بێبەشبوون لەو هەستەی لە ئامێزی پیاوێکدا ڕۆژ بکەنەوە!

ئەو لەشساغییەی پەی بەگرنگییەکەی نابەین، چارەخانەکان جمەی دێت لەوانەی لەدەستیانداوە!

ئەو ئازادییەی کەیفی تێدا دەکەیت و بەهیچی نازانیت، زیندانەکان پڕن لەوانەی لەدەستیان داوە!

تەنانەت ئەو پێکەنینەی لە دوای نوکتەیەک یان ڕووداوێکی خۆش دێتە دەرەوە، لە جیهاندا ملیۆنان کەس هەیە لە ژێر باری خەمدان و هەموو نوکتەکانی جیهان ناتوانێت بزە بخاتە سەر لێوەکانیان!

ئەو دەمەی بانگبێژ دەڵێت: (حي علی الصلاة) هەڵدەستیت و دەستنوێژ دەشۆیت و ملیارەها خەڵکیش نوقمی گومڕایین، ئەمە نیعمەتێکە لە هەموو نیعمەتەکانی تر گەورەترە!

گەر بەختەوەری نهێنی هەبێت ئەوا سیانە:

١. تەماشای ئەو کەسە بکە کە ئەو شتانەی نییە کە تۆ هەتە، تەماشای ئەو کەسە مەکە لە تۆ زیاتری هەیە.

٢. چێژ وەربگرە لەوەی پێت بەخشراوە، بێتاقەتی ئەوە مەبە لێت سەندراوەتەوە.

٣. نیعمەتەکانت بژمێرە، نەک خەمەکانت!

الوطن

٢٠١٨/٤/٥

## عەقڵی ناوەوە!

دەگێڕنـەوە جووتیارێک سـەردانی ماڵی فەیلەسوفێکی ڕۆمانی کرد، ئـەو کاتـەی گـەیشت کاتی نانخواردنـی فەیلەسـوفەکەبوو، خوڵکێکی زۆری کرد کە لەگەڵیدا نان بخوات... جووتیارەکە وەڵامی داواکەی دایەوە، ئەو دەمەی دەورییە شۆرباکەی خستە بەردەستی، کرمێکی گـەورەی تێدا بینی، لێ هەمووی خوارد، چونکە پێی ناخۆشبوو فەیلەسوفەکە شـەرمەزار بکات!

جووتیارەکە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی و ئەو شەوە لەتاوی ئازاری ناوسکی خەوی لێنەکەوت، لە دەروونی خۆیدا وتی ئەمە کاریگەری زەهرەکەیە، دەمەو بەیان ڕوویکردە ماڵی فەیلەسوفەکە، سابەڵکوو دەرمانێکی هەبێت بۆ ئازارەکەی، شۆکبوونەکەی زیادی کرد ئەو دەمەی فەیلەسوفەکە پێی گوت دەورییەکە هیچ کرمێکی تیانەبووە، بەڵکوو وێنەدانەوەی وێنەیەکبووە کە لە بنمیچەکەدا کێشراوە، بردی بۆ ژووری نانخواردن و دەورییەکی خستە بەردەستی و پێی گوت: بنواڕە کرمی تێدایە؟

جووتیارەکە وتی: نەخێر

لـەم کاتـەدا فەیلەسـوفەکە دەورییەکـەی کردە ژێر ئـەو وێنەیـەی لە بنمیچەکەدابوو، کرمەکە لە دەورییەکـەدا وێنەیدایـەوە، دواتر پێی گوت: کرمەکە تەنها لە ئاوەزی خۆتدایە!

Tanya Haji

ئەوەی سەیرە، هەر لەگەڵ ئەوەی جووتیارەکە حەقیقەتەکەی زانی، ئازارەکەی ناوسکی نەما!

عەقڵ ئەو ئامرازەیە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە حەقیقەت لە وەهم جوودا دەکاتەوە، بەڵام هەندێ جار مرۆڤ وەهمێک دروست دەکات هێزی حەقیقەتی دەبێت، عەقڵ بەهەمان بەهێزی حەقیقەتەوە وەریدەگرێت، لەبری ئەوەی کاربکات بۆ لەناوبردنی، وەک ئەوەی لێی داواکراوە هەڵدەستێت بە بونیادنانی کردار و پەرچەکردار لەسەر ئەو وەهمە، بەڵام لەلای خاوەنەکەی کاری حەقیقەت دەکات!

ئەو ئاژەڵانەی بۆ ماوەیەکی زۆر دەبەسترێنەوە، ئەو دەمەی پەتەکانیان لێدەکرێتەوە، شوێنی خۆیان جێناهێڵن، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆتی مەعنەوی لە دەروونیاندا هەمان هێزی کۆتی ماددی وەرگرتووە کە پەتەکەیە!

دەرگا بۆ گەوڕ دروست دەکەین، بەڵام هەمیشە کردنەوەی دەرگاکان نابێتە هۆی ڕاکردنی ئاژەڵەکان، چونکە داخستنی دەرگاکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە دەروونیاندا دەرگایەکی مەعنەوی دروست کردووە، ئەو دەمەی دەرگا دارەکە کرایەوە، دەرگاکەی دەروونیان نەکرایەوە!

زۆر مەل هێندە لە قەفەسدا دەمێننەوە هەتا لەبیری دەکەن هێلانە ئەسڵە و قەفەس فەرعە، هەربۆیە هەندێکیان دوور نافڕن گەر خاوەنی قەفەسەکە بیری بچێت دەرگاکەی دابخات، لەوەیە هەر قەفەسەکە جێنەهێڵێت، گەورەترین شت ئەنجامی بدات ئەوەیە لە دەرگاکە دەربچێت و لە نزیک قەفەسەکە بمێنێتەوە، چونکە قەفەسی ڕاستەقینە وا لەناخیدایە!

ئەوەی لەسەر ئاژەڵەکان جێبەجێ دەبێت لەگەڵ خەڵکیشدا ڕوویداوە، لەدوای دەرچوونی یاسای ئازادکردنی کۆیلەکان لە

ئەمریکا، کۆیلەکان کێڵگەی سەردارەکانیان بەجێهێشت، بەڵام سوپرایزەکە ڕوویدا زۆربەیان گەڕانەوە بۆ لای کێڵگە و گەورەکانیان، هۆکارەکەی ئەوەبوو ئەوان مرۆڤیان لە کێڵگەی ماددی ڕزگار کرد، لێ ئەو کێڵگەیەی جەستەی زیندانی کردبوون مایەوە و ڕۆحیانی زیندانی کردبوو، ئازادی حەقیقی لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت، ئەزموونکردنی لە ڕێی باوەڕی تاکەوەیە کە ئازادە گەرچی لەژێر ئاوری کۆیلایەتیدا بێت، هیچ نموونەیەک ڕاستترنییە لەسەر ئەمە وەک بیلالی کوڕی ڕەباح و ئومەیەی کوڕی خەلەف، ئیسلام ڕۆحی بیلالی ڕزگارکرد، بووە هاوشانی گەورەکەی، هەرچەندە بە نەریتی سارا ئومەیە خاوەنی جەستەی بیلال بوو، ئەو دەمەی دەڵێین ئەبو بەکر بیلالی کوڕی ڕەباحی ئازادکردووە، مەبەستمان ئەوەیە نرخی جەستەکەی داوە بە ئومەیەی کوڕی خەلەف، لێ ڕۆحەکەی پێش ئەم گرێبەستە پیرۆزە ئازادبوو و دەیوت (ئەحەد، ئەحەد)!

زۆربەی جار وەهمەکان لەسەر شێوەی بیروباوەڕن، هەر کاتێک حوکمی مرۆڤەکەی کرد، ژیانی لێ تاڵ دەکات، ئەوەی باوەڕی وایە هاوڕێی ڕاستەقینە نەماوە، مەحاڵە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ کەسێکدا بونیادبنێت، جا کەسەکە چەندێ مەرد بێت و شایستەی ئەوە بێت پێی بوترێت هاوڕێ! هەندێ جار کێشە لە خۆماندایە نەک ئەوانی تر!

ئەوەی باوەڕی وایە هاوسەرگیری سەرکەوتوو بوونی نییە، هاوسەرگیرییەکەی سەرکەوتوو نابێت، چونکە مۆری داوە لە پەیوەندییەکەی، پێش ئەوەی بچێتە ناوی!

مرۆ ناتوانێت جەنگێک بباتەوە کە لە ناخەوە شکستی خواردبێت، جەنگی موسڵمانە سەرەتاییەکان لە ڕووی ژمارە و کەرەستەوە، هاو

ئاست نەبوو، لێ بە ڕۆحێکی باڵا و ئیمانێکی پتەوەوە سەردەکەوتن کە گەورەترین کاریگەری هەبوو لە تەرازووی هێزدا، کە لە واقعدا بوونی نەبوو، ئەو دەمەی سێ سەد جەنگاوەر کە دەرنەچووبوون بۆ جەنگ و بەڵکوو مەبەستیان کاروانەکە بوو، بەرانبەر هەزار جەنگاوەر وەستانەوە، حەمزە وتی: هەموو ئەوانەی لەبەردەممدان نامترسێنێت، ئەوان ژمارەیان لە ئێمە زیاترە، لێ بە ئیمانەوە لەوان بەهێزترین!

هەستی سەرکەوتن و شکست لە ناخەوە دەست پێدەکات، بیرکردنەوەکانتان چاکبکەن!

الوطن

٢٠١٨/٤/٨

## منداڵ لەباربردن!

ئافرەتێک چووە لای دکتۆرەکەی و منداڵە نۆ مانگانەکەی لە باوەشدابوو، بەخێرایی لەسەر کورسییەکەی بەرانبەری دانیشت و پێش ئەوەی دکتۆرەکە بڵی چیتە؟ دەستی کرد بە قسەکردن و وتی: دووگیانم و دەمەوێت یارمەتیم بدەیت!

- چۆن یارمەتیت بدەم؟

- دەمەوێت ئەم منداڵەم بۆ لەباربەیت، نامەوێت بەدوای یەکدا منداڵم ببێت!

- چارەیەکی باشتر شک دەبەم بۆ ئاریشەکەت، مەترسیشی کەمترە لەسەرت!

- کام چارەسەرە؟

- بەپێی ئەوەی حەزت لە منداڵ نییە بەدوای یەکدا بێت، پێشنیازی ئەوە دەکەم ئەو منداڵەی لە باوەشتدایە بکوژیت نەک ئەوەی لە سکتدایە، بەمەش دەتوانیت ماوەیەک ئیسراحەت بیت هەتا دێتەبوون، چونکە تۆ حەزدەکەیت یەکێکان نەمێنن، گرنگ نییە ئەو یەکە کامەیان بێت، بەمشێوەیە تەندروستیت ناکەوێتە مەترسییەوە و هیچ دەرئەنجامێکی خراپیشی لەسەر جەستەت نابێت!

- ئاخر دکتور گیان ئەمە تاوانی کوشتنە، ئەم منداڵە خودا ئافراندوویەتی!
- بێگومان تاوانی کوشتنە، ئەی کێ پێی وتووی لەباربردنی منداڵەکەی ناوسکت کوشتن نییە، ئەویش خودا ئافراندوویەتی!

سەرەتا ڕێکخستنی وەچەخستنەوە کارێکە ئیسلام جێی هێشتووە بۆ ژن و مێرد، گەرچی هانی داون وەچەی زۆر بخەنەوە لێ نکوولی لە کەس نەکردووە کە لە نێوانی دوو منداڵدا ماوەیەک پشوو وەربگیرێت، یاوەران لەم بارەوە دەڵێن مەنعمان دەکرد و قورئانیش دادەبەزی! واتە گەر خودا ویستی لێبووایە ڕێگری لێدەکرین، لێ وای نەکرد، واتە مۆڵەتی داوە! سەبارەت بە منداڵ لەباربردن گەر مەبەست لێی پارێزگاریکردن بێت لە ژیانی دایکەکە ئەوا واجبە، جا کۆرپەلەکە تەمەنی هەر چەندێک بێت، بەڵام لەباربردن بۆ هۆکاری تر شەرعناسەکان دوو بۆچوونیان هەیە، یەکەم دەڵێت لەباربردن دروستە پێش ئەوەی ڕۆح بکرێتە بەر کۆرپەلەکەدا، دووەمیش بە ڕەهایی حەرامی دەکات، بۆچوونم لەگەڵ دووەمدایە، شتەکان یان بەهێز دێنە بوون یان بە کردار، وەک چۆن بیریارەکان وادەڵێن، واتەی بەهێز دێتە بوون ئەوەیە کە توانای هەیە بوونی هەبێت، تۆو ڕووەکە بەهێز، چونکە توانای هەیە ببێتە ڕووەک، کچۆڵەی بچووک ئافرەتە بەهێز، چونکە توانای هەیە ببێتە ئافرەت لە ئایندەدا، کەبووە ئەوە بە کردارەکی بۆتە ئافرەت، شتەکانی تریش لەسەر ئەمە بپێوە، وەک هێلکەیەک کە باڵندەیە بەهێز، زۆر نامێنێتەوە بە کردارەکەی دەبێتە باڵندە، گەڵایەک لە درەختێکی سێودا سێوە بەهێز، کەبووە ئەوە بەکردارەکەی بووەتە سێو!

کۆرپەلە لە سکی دایکیدا مرۆڤە بەهێز و بە بۆچوونی من کوشتنی زۆر جیاوازی نییە لە کوشتنی مرۆڤێک بە کردارەکی، گەر مەلێک هێلکەیەک لە لانەکەیدا دابنێت و تۆیش بچی ئەو هێلکەیە بشکێنیت، لە حەقیقەتدا تۆ هێلکەت نەشکاندووە، بەڵکوو مەلێکت کوشتووە، گەر

بچیتە باخێک و چەن گەڵایەک لێبکەیتەوە، تۆ گەڵات لێنەکردۆتەوە، بەڵکوو بەروبوومت لەناوبردووە!

ئەمە لە ڕووی (المطلق و المحاججة و القیاس)ـەوە، ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم، لەباربردن بەبێ ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی دایکەکە هەبێت، کەمتەرخەمییە لە بیروباوەڕدا و بێ ئەدەبییە لەگەڵ خودادا! دایک مافی خۆیەتی لە نێوان دوو منداڵدا ماوەیەک پشوو وەربگرێت، بەڵام مافی ئەوەی نییە کە دووگیان بوو کۆرپەلەکەی لەبارببات بە پاساوی ئەوەی دەیەوێت پشوویەک بدات، یان جەستەی تێک نەچێت! کارەکە تاڵتر دەبێت لەو دەمەی لەباربردنەکە بەهۆکاری کەمیی ڕۆزییەوە ئەنجام بدرێت، گوێت لێ دەبێت پاساو دەهێننەوە و دەڵێن: چۆن خواردنی هەموویان بدەین، چۆن فێریان بکەین، چۆن چارەسەریان بکەین! ئەم پرسیارانە پێش دووگیان بوون حەقە، بەڵام گەر ڕوویدا ئەوا بێ ئەدەبییە لەگەڵ خودادا! ئەو باوکەی ڕۆزی کوڕەکەی دەدا با کوڕەکەی بخات، ئەو دایکەی ڕۆزی خۆی دەدات با کۆرپەلەکەی لەبارببات، لێ ئەو بەندەیەی بە ئەدەبە لەگەڵ خودا، دەزانێت ڕۆزی خۆی و منداڵەکانی تەنها لەلای خودایە، هیچ مرۆیەک کەمی ناکات و کەسی تریش زیادی ناکات، با سوپاسی خودا بکات، چونکە لەم جیهانەدا کەسانێک هەن بێبەش بوون لە نیعمەتی منداڵ، لە یادی بێت بەندەیەکە نە دەئافرێنێ نە ڕۆزی دەدات، ئێمە هیچ نین تەنها هۆکارێک نەبێت لە قەدەری خودادا، کەواتە با بە ئەدەب بین!

سڵاو لە هەموو ئەو دکتۆرانەی ڕەتیانکردەوە بەشداربن لە تاوانی کوشتندا!

الوطن

٢٠١٨/٤/١٠

## ڕۆژی مرۆڤێک دروست بکە!

ساڵی ١٩٩٥، ماریۆ مۆلینای مەکسیکی خەڵاتی نۆبڵی بۆ کیمیا بەدەستهێنا، لێ قسەکردنمان لەسەر کیمیای تاقیگەکان نییە، لە بنەڕەتدا هەر لە کیمیادا باش نیم، بەدرێژای ساڵەکانی خوێندنم وانەی کیمیام بۆ چار نەکرا، قسەکردنمان لەبارەی کیمیای بەختەوەرییەوەیە، ماریۆ مۆلینا خواردنی ئامادەکرد بۆ کارمەندانی سیانەی ئەو تاقیگەیەی کە کاری تێدا دەکرد لە زانکۆی برکلی لە کالیفۆرنیا، ماریۆ دەڵێت: خۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەو ساتانەبوو کە کرێکارەکانم دەبینی دڵخۆشبوون و ئەو خواردنەیان دەخوارد کە بۆم ئامادەکردبوون!

براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ پزیشکی لە ساڵی ٢٠٠٠، پۆل گرینگارد، دەستپێشخەرییەکی جوانی هەبوو لە دڵخۆشکردنی کەسەکاندا، نامەی سوپاسگوزاری دەنووسی بۆ ئەو کەسەی چاکەی بەرانبەر دەکرد، جا چاکەکە چەندێ بچووکیش بووایە. بۆ هاوسێکەی نووسیبوو: سوپاست دەکەم دیمەنی گوڵەکانی سەر باڵەکۆنەکەت زۆر جوانن. بۆ شۆفێرێکی نووسیبوو: سوپاست دەکەم کە ئاوا ژیرانە شۆفێری دەکەیت و هەوڵی هێمنی دەدەیت. بۆ ئەو منداڵەی لە باخچەکەدا یاری دەکرد نووسیبوو: سوپاست دەکەم ڕاهێنانەکانت زۆر جوانبوون!

هیچ شتێک لە بەختەوەرکردنی مرۆڤ ئاسانتر نییە، لە بەرانبەردا هیچ شتێک لە بێتاقەتکردن و تێکدانی ڕۆژەکەی ئاسانتر نییە! نازانم بۆچی هەندێکمان خراپترینی ئاسانەکان هەڵدەبژێرن، لە کاتێکدا دەتوانین باشترینەکە هەڵبژێرین!

بەختەوەری وەک خۆشەویستی و چاکە وایە، بە بەشداریکردن زیاد دەکات و کەم ناکات، مرۆڤی سروشتی هەست بە زۆرترین چێژی بەختەوەری دەکات کە دەیبەخشێت بە کەسانی تر، زۆرتر لەو چێژەی کە وەریدەگرێت لە بەختەوەرییەکە، ئەو کەسەی دیارییەک دەکرێت، دڵخۆش دەبێت بەو زەردەخەنەیەی لەسەر ڕووی کەسەکە دەنەخشێت، زۆرتر لەو کەسەی دیارییەکەی وەرگرتووە، ئەو کەسەی خێرێک دەکات بەختەوەرترە لە وەرگرەکە، ئەو کەسەی دەگەڵ دایبابی باشە، لەوان زیاتر دڵخۆشترە پێی، چارەکەر دڵخۆشترە لە چارەبۆکراو، بەختەوەری بەخشین زۆر گەورەترە لە بەختەوەری وەرگرتن، لێ زۆربەی خەڵکی نازانن!

ڕۆژی مرۆڤێک دروست بکە، ڕۆژەکەت دروست دەکات!

تاریفکردنی خێزانەکەت لەسەر ئەو خواردنەی سازی کردووە، ڕۆژەکەی دروست دەکات.

زەردەخەنە بەڕووی پاکەوانی سەرشەقامدا، ڕۆژەکەی دروست دەکات.

ستایشکردنی کاری باشی کەسێک،

سەرسامبوون بە بۆچوونێکی ڕاست،

سوپاسکردن لەسەر بڵاوکراوەیەکی جوان،

گوێگرتن بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت دەردەدڵ بکات،

پرسیارێکی ساکار لەو کەسەی دۆخی گۆڕاوە،

پەیوەندیکردن بەو هاوڕێیەی ماوەیەکە دیار نییە،

دڵنەواییکردنی خاوەن پرسەیەک.

هەموو ئەم شتە سادانە ڕۆژی کەسەکان دروست دەکەت، تەمەنیش تەنها ویستگە کورتەکان و ساتەکانە، وەک موستەفا مەحموود دەڵێت: ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە لەم ڕێگایەدا باری سەرشانی یەکتری سووک بکەین!

الوطن

٢٠١٨/٤/١٢

## مۆمێک ڕۆشن که!

دەگێڕنەوە:

پادشایەک داوای لە وەزیرەکەی کرد شەو لە ناوەڕاستی ڕێگای گشتیدا چاڵێکی گەورە هەڵبکەنێ و سندوقێکی پڕ لە زێڕی تیا دابنێ و تاشە بەردێکی گەورەی لە سەر دابنێ، دوایی پاسەوانێک لە دوورەوە چاودێری بکات بزانێ سبەینێ چی ڕوودەدات و کاردانەوەی خەڵک چۆن دەبێت؟

بۆ بەیانی بازرگانێک بەوێدا تێپەڕی و وتی: شار بێ خاوەنە! ئەوە ئەو پاسەوانە گەوجە چۆن ئەو کەسەی نەدیوە کە ئەم بەردە گەورەیەی لێرە فڕێداوە؟

هونەرمەندێک تێپەڕی، وتی: چ گاڵتەجاڕییەکە!... ئەویش ڕێگای گرتەبەر و ڕۆشت...

سێ هاوڕێ تێپەڕین و وتیان: ئای لەم شارە! پاشاگەردانییە! کەس بە کەس نییە!...

جوتیارێکی هەژار چاوی بە تاشە بەردەکە کەوت، وتی: نابێ ئا لەم سەرەڕێگەیەدا بەردێکی ئاوا گەورەی لێبێ! بۆیە ویستی بەردەکە لابەرێ، بەڵام نەیتوانی، داوای هاوکاری لە دو سێ کەس کردو بە یەکەوە بەردەکەیان لابرد...

جوتیارەکە سندووقەکەی بینی و هەڵیگرتەوە و سەرەکەی لادا و تەواو سەرسام بوو، پڕ بوو لە زێڕ، نامەیەکیشی تێدا بوو، نامەکە نامەی پادشا بوو، نووسیبووی:

ئەمە دیاری منە بۆ ئەو کەسەی لەبری ئەوەی سکاڵا بکات، خۆی کێشەکە چارەسەر دەکات...!

خەڵکی بەگشتی دەبن بە دوو دەستەوە:

بەشێکیان نەفرەت لە تاریکی دەکەن، بەشەکەی تر مۆمێک دادەگیرسێنن!

من ناڵێم: با نەفرەت لە تاریکی نەکەین! پێویستە تاریکی کۆتایی پێ بێ! باسکردنی تاریکی جۆرێکە لە مۆم داگیرساندن، بەڵام زۆر جار نەفرەتکردن تەنیا پیشەی ئەو کەسانەیە کە هیچیان لە دەست نایەت، خۆی وا دەزانێ ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆڵی سەرەکی داگیرساندنی مۆمەکەیە!

ئەو بنمیچەی لە کاتی بارینی پرووشە بارانێکیشدا دڵۆپە دەکات، ئەگەر بچینە ژێریەوە و نەفرەت لە بارانەکە بکەین، بەو نەفرەتە دڵۆپەکان ناوەستنەوە، بنمیچی خانووەکەت چاک بکە و ئیتر بێخەمبە کەی باران دەبارێ و چەندە دەبارێ!

بە نەفرەتکردن لە سەرما، ماڵ گەرم نابێتەوە، هەوڵبدە بە ئامێری گەرمکەرەوە گەرمی بکەیتەوە...!

بە ئاخ و ئۆفکردن لە دەست منداڵە تەمەڵەکەت سەرکەوتنی قوتابخانە مسۆگەر نابێ، دەستی بگرە و وانەکانی بەجوانی پێ بڵێ و هانی بدە بۆ خوێندن، ئەگەر هەنگاوێکیش پێشکەوێ هەر پێش دەکەوێ!

ئەگەر وتت: فڵان کەس خراپە! نوێژ ناکات! ڕۆژوو ناگرێت! ئەوە نەفرەتکردنە لە تاریکی، بڕۆ دەستی بگرە و بیبە بۆ مزگەوت! ئەوە مۆم داگیرساندنە!

ئەگەر بڵێی: فڵانکەس جلوبەرگی زۆر نەشیاو و خراپە! ئەوە نەفرەتکردنە لە تاریکی، ئامۆژگاری بکە و داب و دەستووری جوانی فێر بکە، ئەمەیان مۆم داگیرساندنە!

ئەگەر بڵێی: فڵانکەس نەزانە! ئەوە نەفرەتە لە تاریکی، برۆ فێری بکە... ئەوە مۆم داگیرساندنە!

ئەم گێتییە بە نەفرەتکردن ناگۆڕێ، بە مۆم داگیرساندن کارەکان سەر دەگرن!

هەموو ڕێگایەکی سەخت، هەزاران نەفرەتی لێ کرا، تا ئەوەی کەسێک ڕێگاکەی بڕی و سەرکەوت!

هەزاران مەودا نەفرەتی لێکرا، تا ئەو کاتەی کەسێک بڕیاری دا و پردێکی دروستکرد و هەردوو سەری بەیەکەوە بەستەوە!

هەموو نەخۆشییەک هەزاران نەفرەتی لێ کرا، تا ئەو کاتەی کەسێک هەستا و دەرمانێکی بۆ نەخۆشیی دۆزییەوە!

ئەو کاتەی خەڵک نەفرەتیان لە ئاگر دەکرد، کەسێک بڕیاریدا ئاگرکوژێنەوە دابهێنێت!

ئەو کاتە خەڵک نەفرەتیان لە دەریا دەکرد، کەسێک بڕیاریدا گەمییە دروست بکات!

ئەو کاتەی خەڵک نەفرەتیان لە جەنگ دەکرد، کەسێک بڕیاریدا پەنا و پەسیوێک دروست بکات!

ئەو کاتەی خەڵک نەفرەتیان لە وشکایی دەکرد، کەسێک بڕیاریدا بیرێک لێبدات!

کێشە و ئاریشە بەردەوام نوێ دەبنەوە، سەختایی کۆتایی نایەت، نارەحەتی بە یەکجاری بەسەرناچێ، بەڵام مرۆڤەکان جیاوازن، بەشێکیان هەمیشە بە نەرێنی بیر دەکەنەوە و نەفرەت لە کێشە و ئاریشەکان دەکەن، بەشەکەی تر چارەسەرێک دەدۆزنەوە!

ئەدهەم شەرقاوی

لە دونیادا هیچ تاریکییەک لە شیرک و گومڕایی خراپتر نییە، خوای گەورە هەروا خەڵکی بەرەڵڵا نەکردووە لە ناو تاریکی شیرک و گومڕاییدا بتلێنەوە، بەڵکو چەند مۆم و چرایەکی بە تیشکی بۆ ناردوون، ئەوانەش پێغەمبەرانن.

الوطن

٢٠١٨/٤/١٥

# وەرن بەڕێیان بکەین بەرەو گۆڕستان!

دوێنێ هەواڵێکی خەندەئامێزم خوێندەوە لەبارەی کۆمەڵێک هاوڕێ، کە هاوڕێیەتییەکی پتەو کۆیکردبوونەوە، یەکێک لەم کۆمەڵە ناوی (کایرن کایبل) بووە، کایرن کچۆڵەیەکی جوان دەناسێت و دەکەوێتە خۆشەویستییەوە، بەمەش دوور دەکەوێتەوە لە هاوڕێکانی و قاڵ دەبێت بە کچەکەوە، هاوڕێکانی ماوەی هەژدە مانگ هەوڵدەدەن پەیوەندی پێوە بکەن، بەڵام وەڵامی پەیوەندی و نامەکانیان ناداتەوە، لە دەمێکدا کە لە فەیسبووک بەردەوام لە خەتبووە و وێنەی دەگەڵ دولبەرەکەیدا بڵاودەکردەوە، ئەو دەمەی تەواو چاریان نەما، تابووتێکیان کڕی و ناوی هاوڕێکەیان لەسەر نووسی و مەراسیمێکی ڕەمزی بەخاکسپاردنیان بۆ سازکرد، کە ئەم پەیامەی لە پشت بوو: چۆن دەتەوێت وابە، تۆ بە نیسبەت ئێمەوە مردوویت!

گومانم وابوو ئەم شتە تەنها لای ئێمە ڕوودەدات، لێ وادەردەکەوێت مرۆڤەکان لەمەدا یەکسانن! وەک خۆم چەندین کەسی وەها دەناسم، گوێم لە کەسانی تریش بووە لەبارەی کەسانی وەهاوە دواون، نوسخەی عەرەبی (کایرن کایبل) هەر ئەونەی ژنی

هێنا پەرەی هاوڕێکانی دەپێچێتەوە، وەک ئەوەی لەگەڵیان کاتی بەسەردەبرد هەتا ئەو دەمەی ژن دەهێنێت!

ڕاستە ئەمە لەلای کوڕەکان ڕوودەدات، بەڵام لەلای کچەکان لە مەودایەکی فراوانتردا ڕوودەدات! لەوەیە هۆکارەکەی ئەوەبێت ئافرەت بەشێکە لە ژیانی پیاو، لە دەمێکدا پیاو هەموو ژیانی ئافرەتەکەیە! لێ ئەم حەقیقەتە زۆر لەبەرچاوان نییە، چونکە پیاوەکان زیادەڕەوی دەکەن لە دەرخستنی خۆشەویستییەکەیاندا، مێشێک دەکەنە گامێشێک و دڵۆپێک دەکەنە زەریایەک، زۆربەی جاریش خۆی ناگرێت و لەدڵی خۆیدا دەڵێت: کەی پەیوەندی تامەزرۆیی تەواو دەبێت، هەتا بگەڕێمەوە سەیری یاریی تۆپی پێ بکەم، لێ ئافرەت بە سروشتی خۆی خۆگرە، لەوەیە هێندەی زەریایەک عاشق بێت و تەنها یەک دڵۆپی لێوە دەرکەوێت! ئەڵبەتە ئەو لاوانەی هاوڕێکانیان لە دوای هاوسەرگیری جێهێڵاوە، زۆر کەمترن لەو ئافرەتانەی لەدوای شووکردن وازیان لە هاوڕێ کچەکانیان هێناوە!

تێدەگەم هاوسەرگیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی مرۆڤدا، چەندین ئەرک و گرنگی لەسەر پێویست دەکات کە پێشتر نەیبووە، هەروەها ئاساییە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا گۆڕانکاری پێوە دیاربێت، ئەوەی ئاسایی نییە هەر وەک کاتی سەڵتی مامەڵەبکات، کارەکە بۆ ئافرەتانیش بەهەمان شێوەیە، ئەمە گەر گۆڕانکارییەکە بەشێوەیەکی گەورەتر نەبێت!

بەڵام ئەوەی لێی تێناگەم ئەوەیە، بۆچی دەبێت مرۆڤ هەموو ڕابردووی لەبیربکات لەگەڵ هاوڕێ و خزمانیدا تەنها لەبەرئەوەی هاوسەرگیری کردووە، چ ڕێگرییەک هەیە هاوسەرگیری بکەین و هاوڕێیەتیمان لەگەڵ کەسانی تردا بەردەوام بێت، بەپێی دۆخە نوێکەی ژیانمان، وەک دەڵێن نە شیش بسووتێت نە کەباب!

مافی هاوڕێکانمانە لەسەرمان کە لە دۆخی نوێی ژیانیان تێبگەین و دەبێ بزانین دوای هاوسەرگیری وەک پێشتر بەردەست نابن، بەڵام لە بەرانبەریشدا شتێکی لۆژیکی نییە بەدوای کەسێکدا ڕابکەین کە لە دەستمان ڕادەکات، لە دەرگاوە بۆی بچی لە پەنجەرەوە ڕابکات، لەم ڕێیەوە بچیت لە ڕێیەکی ترەوە ڕابکات، وەک ئەوەی تووشی گولی بوویتە یان ناسینت جێی گومانە! ئەمجۆرە کەسانە شایستەی ئەوەن بەڕێ بکرێن بۆ گۆڕستان، پێویست ناکات تابووت بهێنرێت و مەراسیم سازبکرێت، هەندێ خەرجی بۆ هەندێ کەس خەسارەتە!

الوطن

٢٠١٨/٤/١٧

## دڵخۆشی ئەمە لەکوێدایە؟!

دوێنـێ خوێندمـەوە کـە زۆرێـک باوەڕیـان وایـە (ماڵکـۆم میـت) بەختەوەرترین مرۆڤە لە جیهاندا، هۆکارەکەی ئەوەیە ماڵکوم توشی جەڵـدەی مێشـک بـووە و سـاڵی ٢٠٠٤ چاکبۆتـەوە لێـی.، بـەڵام ئـەم جەڵدەیە چەندین کاریگـەری لەسـەری بەجێهێشـتووە، دیارترینیـان ئەوەبـووە ئیـدی ماڵکـۆم هەسـت بـە خەفـەت نـاکات، دۆخـی وەک کەسێکی نابینا وایە کە بێزار نابێت لە ڕووناکی گڵۆپە بەهێزەکان، چونکـە نابینێت، ماڵکۆمیش بەوشـێوەیەیە، ئـەو بەشـەی لـە دەماغیدا بەرپرسـە لـە وەرگرتنـی خەفـەت، لـە کار کەوتـووە و ناتوانێت کاردانـەوەی هەبێـت بەرانبـەر ڕووداوەکان و خەمباربێـت!

نازانـم یەکێک لـە ئێوەیش ماڵکۆم بـە بەختـەوەر بزانێت، چونکـە ناتوانێت خەمباربێت!

وەک خـۆم بـە مرۆڤێکی بەدبەختی دەزانـم، نـەک لەبـەر ئـەوەی (مازۆشیم) پەنا دەگرم بە خـودا، لێ جیاوازی دەکـەم لـە نێوان ئـەو کارانەی بە ویستی خۆمانە و ئەوانەیشی لە ژێر ویسـتی خۆماندا نییە، بۆنموونـە ڕێز لەو کەسە دەگرم کە لە خەڵکی دەبوورێت، لێ دەبێت سـەرەتا توانـای تۆڵـەی هەبێت، بـەڵام لێی دەبوورێت، ئـەوەی ناتوانێت تۆڵەبکاتـەوە و دەبوورێت ئەمـە سەرشـۆڕییە لـە پۆشـاکی لێبووردەیدا!

بەهەمان شێوە ناتوانیت تاریفی کەسێک بکەیت بە داوێنپاک، کە ئارەزووی نەماوە، ناتوانیت بڵێی فڵانە کەس تەمەنی گەیشتووە بە هەشتاساڵ و بە دوای ئافرەتەوە نییە بە حەرامی، لە کاتێکدا بەهەزار حاڵ لە جێگاکەی هەڵدەسێت، هەر دەمێک مرۆڤ بەرگری لە ئاگری ئارەزووی دەکرد، ئەو کاتە دەتوانیت تاریفی بکەیت کەسێکی داوێنپاکە!

ئەمەش دۆخی ماڵکۆمە، مرۆڤێکە هەست بە خەمباری ناکات، نەک لەبەر ئەوەی ژیانی پڕە لە خۆشی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەستەوسانە لە خەمباربوون، سیفەتی دەستەوسانبوونە نەک کەماڵ، گەر بەم لۆژیکە بێت پێت دەڵێم فڵانەکەسی نابینا تەماشای ئافرەت ناکات! چ تەماشانەکردنێک کە هەر نابینێت!

بانگەواز بۆ خەفەت ناکەم و بە پیرۆزی دانانێم، دڵخۆشی و دڵخۆشەکانم خۆشدەوێت، دەزانم هەر جارێک باسی خەفەت کرابێت لە قورئاندا، ئیللا بە قەدەغەکراوی باسکراوە! گەرچی زیاد لە بیست جار لە قورئاندا باسکراوە!

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، ژیان لەسەر یەک ڕیتم بەردەوام نابێت، چەندین هەڵوێست هەنە خەفەت تیایاندا سیفەتێکی مرۆڤانەیە و دەستبەرداریان نابێت، جگە لەوە کەمیەتییە لە مرۆڤبووندا! ئەڵبەتە خەفەت دژی ڕازیبوون نییە بە قەزا و قەدەر، ئەم کێشەیەش دەتوانین پوختی بکەین لە ڕووداوی مردنی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەوی ڕۆژێ فەرمووی: (چاو ئەسرین دەڕێژێت و دڵ خەمبار دەبێت، ئەی ئیبراهیم بۆ ڕۆیشتنت خەمبارین و تەنها ئەوە دەڵێین کە خودا پێی ڕازییە).

کە دەڵێم خەفەت لە کەماڵی مرۆڤە و خەمبارنەبوون کەمی و خەوشە، مەبەستم ئەمجۆرە هەڵوێست و ڕووداوانەیە!

گەر منداڵەکەی ماڵکۆم بمرێت، لە مەراسیمی بەخاکسپاردنیدا وەک کەرەی شایی دەوەستێت، ڕووداوەکە دەبینێت و کاردانەوەی نابێت!

گەر لە کارەکەی دەربکرێت، وەک لێبووکێک بە پێکەنینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە!

گەر سەردانی هاوڕێیەکی نەخۆشی بکات و لە چاویدا خەمباری نەبێت، بەختەوەری ئەمە لەکوێدایە، ئایا بەختەوەری ئەوە نییە هەست بە ئازاری کەسانی تر بکەین؟

گەر ماڵەکەی بسووتێت، هەستی تەنها وەک ئەو کەسە دەبێت کە لە فیلمێکدا دەبینێت ماڵێک دەسووتێت!

دەزانم خەفەت هەستێکی قورسە، لێ بەڕاستم بزانن هەندێ هەڵوێست هەیە لە ژیاندا هیچ شتێک نییە توندتر بێت لە خەمباربوون، خەمبارنەبوون نەبێت!

الوطن

٢٠١٨/٤/١٩

## لەبارەی ئەوانەی نازانن وایان وتووە!

بیریاری یۆنانی سوکرات لەگەڵ بەناوبانگبوون و بڵاوبوونەوەی وتە و حیکمەتەکانی، لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی گێڕاونیەتیەوە و ئەو ڕووداوانەی بینیونی، بەڵام هیچ شتێکی لە فەلسەفە و زانستەکەی نەنووسیوە و هەرگیز کتێبی نەنووسیوە!

ئەڵبەتە پێویست نییە مرۆ کتێب بنووسێت بۆ ئەوەی بناسرێت، هەندێ کەس گەرچی خۆیان بەدوورگرتووە لە نووسین، دەبینین زۆر کەس خۆیان بەدوورنەگرتووە لێیان و لەبارەیانەوە شتیان نووسیوە، بەناوبانگەکانی مێژوو کە کتێبیان نەبووە و خاوەنی فەلسەفەی خۆیان نەبوون، زۆرترن لەوانەی نووسەر و فەیلەسوف بوون! مەرج نییە مرۆڤ وتەکانی بنووسێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی بیگوازنەوە، گواستنەوەی زارەکی لە نێوان مرۆڤەکاندا، مێژووەکەی زۆر کۆنترە لە نووسین، زۆرێک لە زانستەکان دروستبوون و گەشەیان کردووە و بەرەکەی هاتۆتە بەرهەم، پێش ئەوەی کەسێک بینووسێتەوە، بۆنموونە شیعری عەرەب لە سەردەمی نەفامیدا، خەڵکی دەیانگواستەوە وەک کتێبە متمانە پێکراوەکانی ئیمڕۆ، فەرموودەش نووسینەوەی دواکەوت هەتا خەلافەتی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز!

گەرچی ئیمڕۆ ناکرێت -لەگەڵ پێشکەوتنی ئامێرەکانی نووسین و کۆکردنەوە و تۆمارکردن- هەموو قسەیەک ڕەتبکرێتەوە کە نەنووسراوە، بەڵام لە بەرانبەردا ئەم گواستنەوە زارەکییە بۆتە جێگای گومان، هەرچەندە کەسێکی گوماناوی نیم، گەر کارەکە پەیوەست بێت بە زانست و ئەدەبەوە، بەڵام زۆر بە گومانم لە دانەپاڵی زۆرێک لە وتەکان بۆلای خاوەنەکانیان! بە دارشتنەوەیەکی وردتر فەزڵ یان تاوانەکەی لە ئەستۆی ئەوانەدایە خاوەنی ئەو پەیجانانەن کە وتەی ناودارەکان بڵاودەکەنەوە بەشێوەیەکی گشتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا و بە تایبەت لە تویتەردا!

ئەوەی نامۆیە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا وەک (مۆدێلی وتە) وایە، وەک چۆن لە جیهانی پۆشاکدا هەر وەرزەو باوی جۆرە ڕەنگێکە و دوای ماوەیەک باوی ئەم نامێنێت و مۆدێلێکی تر دێت، وتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەوشێوەیەیە، کە گومانم هەیە ویژەرەکانیان شتی وایان وتبێت!

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا مانگێکی تەواو بەسەرماندا تێدەپەڕێت و هەموو وتەکانی سەر زەوی دەبێتە هی دۆستۆیڤیسکی، گەرچی کاورا مردووە و ناتوانێت زیاتر لەوە بنووسێت کە جێی هێلاوە، کتێبەکانی بەردەستن، گەر کتێبەکانی بگەڕێیت دەبینیت تەنها لە سەدا دەی ئەو وتانەی وتووە کە دراوەتە پاڵی!

واز لە دۆستۆیڤیسکی دەهێنن و ئینجا چی وتەی سەر زەوییە دەبێتە وتەی جەلالەدینی ڕۆمی، دواتر جەلالەدینی ڕۆمی خانەنشین دەکەن و وتەکانی سەر زەوی دەبەخشنە شەمسی تەبریزی! جارێک جبران خەلیل جبران دەبێتە خاوەنی هەزار وتە کە نەیوتوون، یەکێکی تریش بەیداخی وتەکان دەدات بە غەسان کەنفانی، دواتر ڕەشمەکە دەدرێتە شکسپیر، دواتر دەستی پێ لەکار دەکێشنەوە

و کارەکە رادەسپێرن بە مارک توەین، بەمشێوەیە مافی خاوەن وتە دەخورێت، لە نێو خەڵکیشدا رۆشنبیرییەکی فشۆڵی هەڵە بڵاودەبێتەوە، کە مۆر کراوە بە وتەی ئەدیبەکان، ئەدیبەکان تێیدا پاکن وەک گورگەکان لە خوێنی کورەکەی یەعقوبدا(ﷺ)!

کەمی نییە لە رۆشنبیری کەسێک گەر پارچە شیعرێکی ئەزبەر بێت و نەزانێت وێژەرەکەی کێیە، هەروەها نەنگی نییە کەسێک حیکمەتێک یان وتەیەکی جوان لە نێوان دووکەوانەدا دابنێت، چونکە نازانێت کێ خاوەنی وتەکەیە، لێ هەندێ کەس وەک خۆهەڵکێشانی رۆشنبیری لەلایان گرانە وتەیەک دابنێن بەبێ ئەوەی ناوی ئەدیبێکی ناسراوی پێوە نەلکێنن! ئەمانە رۆشنبیری دەشێوێنن لەبری ئەوەی خزمەتی بکەن، ئەوان تاوانبارن هەتا ئەوەی گەیەنەری زانست بن، گەر تاوانبارێک هەبێت ئەمانەن، کەسانێکیش دەبنە قوربانی دەستی ئەمان، کە وتەکە وەردەگرن وەک ئەوەی وتەی ئەو کەسەیە، بەڵام لە راستیدا وانییە، خۆم چەندین جار بوومەتە قوربانی ئەو متمانەیە، چەندین وتەی جوانم بینیوە بە ناوی کەسێکەوە، منیش لەسەر نیەت پاکی و متمانە بە بڵاوکارەکە، وەک خۆی بڵاومکردۆتەوە، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوتووە منیش بەشێکم لەم یاریە ساختەیە، هەربۆیە بریارمداوە ناوی کەس دانەنێم هەتا دڵنیانەبم کە ئەو وتوویەتی، گەر نەمتوانی خاوەنەکەی ببینمەوە، ئەوا دوو کەوانە ئەوە چاک دەکاتەوە کە خەڵکی تێکیان داوە!

کەمێک لە ئەمانەت لە گواستنەوەی وتەکاندا زیانی نابێت، رەحمەتی خوداتان لێ بێت جەخت لە شتەکان بکەنەوە!

الوطن

٢٠١٨/٤/٢٢

## ژیانکردن لەگەڵ ساتەکاندا
## یان تۆمارکردنیان!

دوێنێ توێژینەوەیەکم خوێندەوە کرۆکەکەی ئەمەبوو: تەرکیز خستنە سەر تۆمارکردنی ئەو ساتانەی تێیدا دەژیت، چێژی ساتەکە تێک دەدات، چونکە دەماغ ڕوودەکاتە وێنەکە نەک ڕووداوەکە، بەمەش کەسەکە بەشێکی زۆری خۆشییەکەی لەدەست دەدات کە دەیتوانی بەدەستی بهێنێت گەر دەگەڵیدا ئاوێتە ببووایە!

دەتوانم دەرئەنجامی توێژینەوەکەتان بۆ نزیک بکەمەوە -بەپێی ئەوەی لێی تێگەیشتم- بە نموونەیەک کە لە کاتی خوێندنەوەیدا بە بیرمدا هات، جیاوازی نێوان ژیانکردن لەگەڵ ساتەکاندا و تۆمارکردنیان وەک جیاوازی نێوان مێژوونووس و گەشتیارێکە لە شوێنێک کە بۆن و بەرامەی مێژوویی لێدێت، یەکەم کار دەکات و دووەم چێژ وەردەگرێت، گەرچی لە کاری یەکەمدا چێژ هەیە لێ هەر بە کارکردن دێتە هەژمار!

هەر بەم بۆنەیەوە. هەتا ئەم ماوەیە دژی تۆمارکردنی ساتەکان بووم، لێ ئێستا دژی نیم، گەرچی دژی ئەوەم زیادەڕەوی تێدا بکرێت، ئەوەی وای لێکردم نەرمی بنوێنم بەرانبەر ئەم کارە، ماوەی مانگێک پێش ئێستا نزیکەی یەک کاتژمێر تەماشای وێنە کۆنەکانی

خێزانەکەمم کرد، لەگەڵ هەندێ وێنەی ئەو کەسانەی ئێستا لە ژیاندا نەماون، گوتم: سوپاس بۆ خودا کە ئەو ساتانەیان تۆمارکردووە! گەرچی ئێستا توند نیم بەرانبەر تۆمارکردنی ساتەکان، لێ هێشتا دڵنیام لەوەی هەندێ سات تەنها بۆ ئەوە دەبێت تێیدا بژین!

ژیانکردن لەگەڵ ساتەکاندا بەو شێوەیەش خراپ نییە وەک چۆن هەندێ کەس باوەڕیان وایە، ئەو کەسانەی ژیانی خۆیان کردووەتە کتێبێکی کراوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

خوێندنەوەی ڕستەیەکی جوانی نێو کتێبێک، لە جوانییەکەی کەم ناکات گەر وێنەی نەگرین و بڵاوی نەکەینەوە، بەتایبەت کە دەزانین زۆربەی جار بڵاوکردنەوەی شتەکان ئامانج لێی سوودی کەسانی تر نییە بە ئەندازەی ئەوەی خۆهەڵکێشانی ڕۆشنبیرییە!

خواردنی ژەمێکی بەچێژ لە چێشتخانەیەکی ڕاقی لە بەچێژییەکەی کەم ناکات گەر وێنەی نەگرین و بڵاوی نەکەینەوە، بەتایبەت کە هەموومان دەزانین هیچ ئامانجێک لەم هەنگاوەدا نییە، تەنها ئەوە نەبێت بە خەڵکی بڵێین ئێمە خواردنێکی بەلەزەت دەخۆین.

ئەو دیارییەی کەسێکی ئازیز پێمان دەبەخشێت، هەست بە بەختەوەری دەکەین، گەر دوور و نزیک نەزانێت ئێمە دیاریمان بۆ دێت!

تەنها ئەوە ماوە ساتی سوجدەکانیش تۆماربکەین، وەک چۆن دەزانن ئەمەش بوونی هەیە!

لەمە گەمژانەتر ئەوەیە هەندێک لە خەڵکی باوەڕیان وایە کەسانی تر ئاسوودە و بەختەوەرنین، تەنها لەبەر ئەوەی ساتە خۆشەکانیان بڵاوناکەنەوە!

نازانم کێ بەمانەی گوتووە ئەو کەسەی لە کاتی ماچکردنی دەستی دایک و باوکی وێنەی خۆی ناگرێت، خراپە لەگەڵ دایک و باوکیدا.

ئەو مێردەی لە کاتی لە ئامێزگرتنی خێزانەکەیدا وێنە ناگرێت، مێردێکی ڕەزاقورسە.

ئەوەی وێنەی ئەو کتێبە ناچرکێنێت کە دەیخوێنێتەوە، ئەوا مرۆڤێکی نەخوێندەوارە!

لی بەپێچەوانەی بیروباوەڕی ئەوانەوە، ئەمانە لەسەر خێر و باشەن، چاکن بۆ دایک و باوکیان، خواردنی بەچێژ دەخۆن، نوێژدەکەن، دەخوێننەوە، تەنها ئەوەی تێدایە باوەڕیان وایە ژیانی خۆیان تایبەتە بە خۆیان و پێویست ناکات خەڵکی بیزانن!

تۆمارکردنی ساتەکان بۆ یادگاری شتێکە و وا لە مرۆڤیش بکات ژیانی بکاتە کتێبێکی کراوە شتێکی ترە، ئەم دووشتە تێکەڵ مەکەن!

الوطن

٢٠١٨/٤/٢٤

## خۆشەویستی!

ئەفسانەیەک هەیە دەڵێ:

ڕۆژێک لە ڕۆژان ژنێک دەرگای ماڵەکەی کردەوە بۆ ئەوەی بڕوا بۆ بازاڕ، لە پەنا دیواری ماڵەکەیاندا سێ پیرە پیاوی بینی دانیشتبوون، ژنەکە بە پیاوەکانی وت:

تا ئێستا ئێوەم نەدیوە، دەڵێی خەڵکی ئێرە نین؟ لەوانەیە برسیش بن، فەرموون وەرنە ژوورەوە با خواردنێکتان بۆ ئامادە بکەم!

پیاوەکان وتیان: خاوەن ماڵ -مێردەکەت- لە ماڵە؟

وتی: نەخێر لە کارە، ئێوارە دەگەڕێتەوە!

وتیان: زۆر باشە، با ئێوارە ئەو بێتەوە ئێمەیش دێینە ژوورەوە!

ئێوارە ژنەکە لە مێردەکەی پرسی و وتی: پیاوەکە! ئەو سێ پیاوەت نەدی؟

پیاوەکە وتی: نەوەڵڵا! زۆر بە خێرایی هاتمە ژوورەوە کەسم نەدی!

ژنەکە باسی سێ پیاوەکەی بۆ گێڕایەوە، پیاوەکە پێی وت: جا ئافرەت بڕۆ بانگیان بکە با بێنە ژوورەوە!

ژنەکە ڕۆیشتە دەرەوە و بانگی پیاوەکانی کرد، بەڵام یەکێک لە پیاوەکان وتی:

ئێمە هەموومان نایەینە ژوورەوە، تەنیا یەکێکمان دێتە ژوورەوە!

ژنەکە سەری سوڕما وتی: بۆ؟

پیرە پیاو وتی: من سەروەت و سامانم، ئەمەشیان سەرکەوتنە، ئەوی تریان خۆشەویستی... بڕۆ لە مێردەکەت بپرسە بزانە ڕێگە بە کێ دەدات بێتە ژوورەوە؟

ژنەکە ڕۆیشتە ژوورەوە و لە گەڵ مێردەکەیدا کەوتنە گفتوگۆ، بزانن کام لەوانە بێتە ژوورەوە...

مێردەکە وتی: با سەروەت سامان بێتە ژوورەوە!

ژنەکەش وتی: با سەرکەوتن بێتە ژوورەوە! چونکە بە سەرکەوتن سەروەت و سامانیش پەیدا دەبێ!

خزمەتکارەکەیان گوێی لەم کەینوبەینە بوو، وتی: ئەگەر بە گوێی من دەکەن، با خۆشەویستی بێتە ژوورەوە، سەروەت و سامان و سەرکەوتن بە بێ خۆشەویستی تورێکی تەڕ ناهێنێنن!

ژن و پیاوەکە قسەی خزمەتکاریان پەسەند کرد و ژنە ڕۆیشتە دەرەوە و وتی: با خۆشەویستی بفەرموێ بێتە ژوورەوە!

ژن و پیاوەکە تووشی سەرسوڕمان بوون، چونکە هەرسێکیان هاتنە ژوورەوە!

پیاوەکە وتی: خۆ ئێمە وتمان: خۆشەویستی بێتە ژوورەوە!!

خۆشەویستی وتی: ئەگەر تەنیا مۆڵەتی سەرکەوتن یان سەروەت و سامانتان بدایە، ئەوا بە تەنیا دەهاتنە ژوورەوە، بەڵام ئێوە مۆڵەتی منتان دا، لە هەر شوێنێ خۆشەویستی هەبێ سەروەت و سامان و سەرکەوتنیش هەیە!.

بە ڕای من ئەفسانەکان دەبن بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان لە نەزانی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەشەکەی تر لە زانستی مرۆڤەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە!

مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە، پێی خۆشە شیکاری بۆ هەموو ڕوداو و دیاردەکان بکات، لەو کاتەوەی مرۆڤ لە سەر زەویدا نیشتەجێ بووە داب و نەریتی وا بووە کە هەر دیاردەیەکی سروشتی بینی تەفسیر و لێکدانەوەیەکی بۆ دەکات، جا ئەگەر زانستەکەی لە ئاست دیاردەیەکدا کۆڵ بوو و هیچ شتێکی پێ نەکرا، پێی شەرمە بڵێ: نایزانم! بۆیە هەر لە خۆوە ئەفسانەیەکی بۆ دادەتاشێ، بۆنموونە شتێکتان بۆ باس دەکەم:

لە سەردەمی کەونارادا لە میسر هەموو ساڵێ ڕووباری نیل سەرڕێژ دەبوو و لافاو هەڵدەستا، فیرعەونەکان سەریان لە هۆکاری ئەو لافاوەی نیل دەرنەدەکرد، بۆیە هەر لە خۆوە ئەفسانەیەکیان بۆ داتاشی و وتیان: ڕووباری نیل تووڕە دەبێ، پێویستە کارێکی وا بکەین لێمان ڕازی ببێ! بۆیە هەموو ساڵێ کیژێکی جوانیان دەڕازاندەوە و دەست و لاقیان دەبەستەوە و دەیاندا بە دەم لافاوی ڕووباری نیل دا، بۆ ئەوەی نیل هێور ببێتەوە.

لە سەرزەمینی میزۆپۆتامیا (بەینەلنەهرەین) کاتێ مانگ دەگیرا، خەڵکە نەیاندەزانی هۆکاری مانگگیران چییە! بۆیە ئەوانیش هەر لەخۆوە ئەفسانەیەکیان داتاشی و وتیان: ئەوە نەهەنگێکی زۆر زەبەلاح مانگ قووت دەدات و پێویستە بیترسێنین بۆ ئەوەی مانگ هەڵبێنێتەوە! ئیتر دەستیان دەکرد بە تەنەکە کوتان و تەقوهوڕ، بۆ ئەوەی جەنابی حوت بترسێ و لە ترسا مانگ هەڵبێنێتەوە و نەیخوا!

دوای ئەوەی زانست پێشکەوت، بۆمان دەرکەوت کە بۆچی نیل لافاو دروست دەکات و بۆچی مانگ دەگیرێ، ئیتر ئەو دوو ئەفسانە کۆنە برەویان نەما و نهێنییەکەیان هەڵوەشایەوە!

ئەمە لەبارەی ئەو ئەفسانانەی کە لە نەزانینەوە سەرچاوەیان گرتووە، هەرچی ئەو ئەفسانانەش کە لە زانستەوە سەرچاوەیان

گرتووە ئەوە چەند شتێک هەیە کە مرۆڤ بە دڵنیاییەوە دەیانزانێ، وەک چۆن مردن هەقە و کەس ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە، نە کافر و نە موسوڵمان هیچ کەسێ ئینکاری مردن ناکات، ئەفسانەی گەلگامیش لەم زانستەوە سەرچاوەی گرتووە، گەڕانێکی درێژ بوو بە دوای مانەوەدا، ئەو مانەوەی کە وا لە مرۆڤ بکا ڕووبەڕووی مەرگ نەبێتەوە.

ئەم ئەفسانەیەی کە باسم کرد، خۆی لە ژێر سێبەری جۆری دووەمدا دەبینێتەوە، مەبەستم ئەو جۆرەی کە لە زانستەوە سەرچاوەی گرتووە، خەڵک هەموو دەزانن کە سەرکەوتن بە بێ خۆشەویستی تەنیا دۆڕانە، بەڵام لە پێستی سەرکەوتندا، ئەگەر مرۆڤ ڕکاوی و پۆخن بوو، هیچ کەسی خۆش نەویست و هیچ کەسێ خۆشی نەویست، نەبوو بە ئاشنای کەس و کەس نەبوو بە ئاشنای، ئیتر ئەو کاتە نە پلەوپایە هیچ تام و چێژێکی دەبێ، نە بڕوانامە و کار و...

ئەگەر پڕ بەم سەرزەوییە زێڕ و زیو و دراوت هەبێ، بەڵام سێبەری خۆشەویستی لە گەڵدا نەبێ، تورێکی قوڕاوی ناهێنێ!

وەک ئەفسانەکە دەڵێ: سەرکەوتن بە تەنیا دێتە ژوورەوە، سەروەت و سامانیش بە تەنیا دێتە ژوورەوە، بەڵام هەرکات خۆشەویستی هاتە ژوورەوە، ئەوا سەرکەوتن و سەروەت و سامان وەک وەزیری دەستەڕاست و دەستە چەپ لە گەڵیدا دێنە ژوورەوە، سەرکەون! زەنگین بن!، بەڵام لەبیرتان نەچێ خۆشەویست بن!.

الوطن

٢٠١٨/٤/٢٦

## ئازار بەشێکە لە ژیان!

بۆ ئەوەی فەلسەفەکەیمان سەبارەت بە ژیان بۆ باس بکات، ئەناتۆڵ فرانس ئەم چیرۆکەی نووسی:

لاوێک چووە سەر تەختی پادشایەتی، داناکانی کۆشکی کۆکردەوە و داوای لێکردن مێژووی مرۆڤایەتی بنووسنەوە، بۆ ئەوەی لەسەر وێستگەکانی بوەستێت و پەند و ئامۆژگاری لێوەربگرێت.

دوای چەندین ساڵ بە چەندان بەرگی گەورەوە هاتنەوە!

پێی وتن: ئەمە زۆر زۆرە، ناتوانن مێژوو پوخت بکەن؟

داناکان چەندین ساڵ دیارنەمان، بە چەند بەرگێکی کەمتر گەڕانەوە، لێ پێی گوتن: ئەمەش زۆر زۆرە، ناتوانن مێژوو پوختتر بکەن؟

لەم دەمەدا گەورەی داناکانی کۆشکەکە لێی نزیک بوویەوە و پێی گوت: جەنابی فەرمانڕەوا: مێژووی مرۆڤایەتی بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، گەر ویستت لێیە لە یەک ڕستەدا بۆت پوخت دەکەم!

پادشا لاوەکە پێی گوت: خۆزگە ئەنجامت دەدا.

گەورەی داناکان وتی: مێژووی مرۆڤایەتی لە یەک ڕستەدا پوخت دەبێت: خەڵکی لەدایک دەبن، دواتر ئازار دەچێژن، دواتر دەمرن!

هێندەی من ئەناتۆڵ فرانس دەناسم کەسێکی (مازۆخی)ـی نییە چێژ لە سکالاکرن و سزادانی خۆی وەربگرێت، (سادی)ش نییە چێژ لە ئازار و نارەحەتی کەسانی تر وەربگرێت، ئەم پۆلێنکردنە بەرگریکردن نییە لەو، بەڵکوو وەک پێویستییەک وتم، نەبادا لە ڕێی ئەو چیرۆکەی سەرەوە وەها تێبگەن! بە تێگەیشتنی من هەموو ئەوەی ئەناتۆڵ دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە ئازار بەشێکە لە ژیان!

ئازار بەشێکە لە ژیان و قورئان جەخت لەم حەقیقەتە دەکاتەوە، خودا دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ فِى كَبَدٍ﴾ واتە: بەڕاستی ئێمە ئینسانمان دروست کردووە و بەردەوام لە نارەحەتی و سەغڵەتی و کێشە و ناخۆشیدایە.

هاوسەرگیری خەرجی دەوێت، کار ماندووکەرە، پەروەردەکردنی منداڵ نارەحەتییە، وانەخوێندن پێویستی بە کۆششە، ئارامگرتن لەسەر خەڵکی جیهادی گەورەیە، تەنانەت پەرستشەکان بێ بەش نییە لە نارەحەتی، نوێژ قورسە، ڕۆژوو ماندووکارە، حەج خەرجی دەوێت، وشەی حەق مەترسییە، ئارەزوو داگیرساوە، پارە خۆشەویستە، داوێنپاکی پێویستی بە کۆششە، دەستپاکی لە خیانەت قورسترە، تەماشانەکردنی ئافرەتان پێچەوانەی ئارەزووە، نەفسیش فەرمانکارە بە خراپە و ڕێگای بەهەشتیش دڕکاوییە!

ئەوەی گومانی وایە بەبێ ماندووبوون دەگاتە ئامانجەکەی، لە ژیان تێنەگەیشتووە، گەرچی تێیدا بژی، پەندی چیرۆکەکان تێنەگەیشتووە، گەرچی چیرۆکەکانیش بزانێت! گوزەرێکی خێرا بە ژیانی پەیامبەراندا ئەندازەی ئەو ئازارانەمان پێ دەڵێت کە چەشتویانە، نوح(ﷺ) نۆسەد و پەنجا ساڵ بانگەوازی کرد و تەنها

هەشتا کەس باوەڕیان پێی هێنا، ئەیوب(ﷺ) هەژدە ساڵ بەدەست نەخۆشییەوە ناڵاندی، یەعقوب(ﷺ) سی و پێنج ساڵ لە یوسف(ﷺ) دابڕا، ئیبراهیم(ﷺ) بە مەنجەنیق فڕێدرایە نێو ئاورەوە، زەکەریا(ﷺ) بە مشار دووکەرت کرا، سەری یەحیاش(ﷺ) پێشکەشی داوێن تەڕێک دەکرێت، سەبارەت بە سەرداری مرۆڤایەتیش هەرچی بڵێی ڕاستە!

بەدەستهێنانی ئاسوودەیی و بەختەوەری داواکراوە، دین و عەقڵ ناڵێن مرۆڤ خۆی سزا بدات، لێ دین و عەقڵ ئەوە دەخوازن مرۆڤ لە ژیان تێبگات، سەرەتا لە سروشتەکەی دواتر لە مەبەستەکەی، سروشتی دنیا وەک دەریایەکی شەپۆلاوییەوە ئەوەی مەلەی تێدا دەکات تەڕ دەبێت جا بڕیار بدات مەلەبکات بۆ ئەوەی بگات یان لە پەراوێزدا بژی! مەبەستەکەشی ئەوەیە ئێرە شوێنی مانەوە نییە، شوێنی چاندنە نەک دروێنە، وەک ئیبنول قەیم دەڵێت: خەڵکی لەوەتەی لەدایکبوون گەشتیارن و وێستگەی گەیشتنیان نییە و بارگەی گەشتیان دانانێن، ئیللا لە بەهەشت یان دۆزەخ نەبێت!

کەسی ژێر ئازاری دنیا و قیامەت لەسەر خۆی کۆناکاتەوە!

وەک ئیبنو حەزم دەڵێت: کەسی ژێر هیچ نرخێک بە شایستەی نەفسی نازانێت بەهەشت نەبێت!

الوطن

٢٠١٨/٤/٢٩

## ڕزق و ئەجەل!

لە یەکێک لە چارەخانەکانی سیدنی، دکتۆرەکان مردنی (بێل مۆرگان)یان ڕاگەیاند، لە کاتی گواستنەوەی بۆ شوێنی مردووەکان و پانزە خولەک لە دوای ڕاگەیاندنی مردنەکەی، بێل مۆرگان چاوەکانی کردەوە، پەرستارەکان بەخێرایی بردیانە ژووری بووژانەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن، دواتر دەرکەوت دڵی وەستاوە و کاردانەوەی نەبووە بۆ هەوڵدانەکانی زیندووبوونەوە، بۆیە دکتۆرەکان وتویانە مردووە، کەسیش نەیتوانی ئەوە ڕوونبکاتەوە چۆن دڵی کەوتۆتەوە کار! لێ چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت... بێل گەڕایەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی و بڕیاریدا بلیتێکی یانسیب بکڕێت، بووە براوەی بیست و حەوت هەزار دۆلار! هێشتا چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت! بێل دەبێتە جێگەی باس و خواسی کۆمەڵگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، یەکێک لە کەناڵەکان چاوپێکەوتنی دەگەڵ ساز دەکەن و داوای لێدەکەن دیمەنی بردنەوەکە دووبارە بکاتەوە، بێل بیلتێکی تر دەکڕێت و دەیکڕێنێت، لەمەشدا دەبێتە براوەی خەڵاتێک کە بەهاکەی دووسەد و پەنجا هەزار دۆلارە، بەمەش (بێل) بە شەو و ڕۆژێک لە لاشەیەکی مردووی هەژارەوە، گۆڕا بۆ پیاوێکی زیندووی زەنگین!

سەرەتا کە گوێبیستی چیرۆکەکەبووم بە ڕاستم نەزانی، جیاواز و نا لۆژیکی بوو لەلام، نازانم چ شتێک بووە پاڵنەرم بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێم، بزانم ڕوویداوە یان نا، ئایا فزوڵیبوونمە یان سەیرم لەوە دەهات هەندێ دیاردەی ژیان نالۆژیکی بن، ماوەی دوو کاتژمێر لە نێو ماڵپەڕەکاندا بەدوایدا گەڕام، لە کۆتاییدا گەیشتم بەوەی چیرۆکەکە ڕاستییە، ئەو بێڵەی بەرەو سەلاجەی مردووەکان دەبرا، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بووە پیاوێکی ساماندار!

چونکە بەردەوام دەڵێم: بڕیاردانمان لەسەر ڕووداوێک، بەپێی تێڕوانینمان بۆ ڕووداوەکە دەگۆڕێت، لەم چیرۆکە شتێکی قووڵترم بینی لەوەی ئەم چیرۆکە لە باسی بەختدا بگێڕدرێتەوە، شتێکە پەیوەستە بە بیروباوەڕەوە، خەڵکی زۆر باسی دەکەن و دوودڵن بەرانبەری، ئەویش ڕزق و ئەجەلە!

قەدەر قسەیەکی تری هەبوو غەیری قسەی دکتۆرەکان، بێڵ هێشتا تەمەنی مابوو، هیچ ئافرێنراوێک ناتوانێت ژیانی کەسێک کۆتایی پێ بهێنێت، مادەم خودا فەرمانی بەمە نەکردبێت! هێشتا خودا فەرمانی مردنی ئەوی دەرنەکردبوو، باسی مردن عەقڵ پەی بە تێگەیشتن و شیکردنەوەی نابات، تەسلیمبوون بە بڕیاری خودا تاکە شتە ئەم کارە دەکات بە کارێکی لۆژیکی! جارێکیان گوێم لێبوو لە ناوچەکەی خۆمان منداڵێکی شیرەخۆرە بە شیری دایکی مردووە لە کاتی شیرپێدانیدا، خنکاوە و مردووە! لە ئامێزی دایکیدابووە، گەرمترین و ئارامترین شوێن لەسەر زەویدا، بەڵام خودا بڕیاری وابووە لێرەدا ژیانی کۆتایی پێ بێت! لەدوای چەند ڕۆژێک، وێنەیەک لە وێنەکانی جەنگم بینی پیاوێکی بەساڵاچووی تێدابوو چەکی هەڵگرتبوو، ئەوی ڕۆژێ لە دڵی خۆمدا وتم: شیرەخۆرەیەک

لـە ئامێزی دایکیدا دەمرێت و بەسـاڵاچوویەک لـە گۆڕەپانـی جەنگدا ڕزگاری دەبێت، پاکوبێگـەردی بـۆ پەروەرێن، پرسـیاری لـی ناکرێت سـەبارەت بـە کارەکانـی!

دوور لـە بابەتـی یانسیب و حەڵاڵی و حەرامبوونـی، ئـەو بڕە پارەی بێڵ بەدەسـتیهێنا، ڕۆزی خـۆی بـوو، بـۆی نووسـرابوو پێش ئـەوەی لەدایک بێت، دەبوو پێش ئـەوەی بمرێت و ژیـان جێبهێڵێت پێی بگات!

ئەجـەل نووسـراوە و ڕزق دابەشـکراوە، گـەر بەمجـۆرە لـە ژیـان تێبگەیشـتینایە، ئـارام و ئاسـوودە دەبوویـن!

بـە دایـک و باوکمـە فیـدای بـم سـەرداری مرۆڤایەتـی(ﷺ) ویسـتوویەتی ئاسـوودە و ئـارام بین، فەرموویەتـی: جبریل پێی وتم: هیـچ کەسـێک نامرێت هەتـا ئەجەلـی تـەواو نەبێت و ڕۆزییەکـەی بەتـەواوی وەرنەگرێت، تەقـوای خوداتـان هەبێت و بەجوانـی دوای ڕۆزی بکـەون، دواکەوتنـی ڕۆزی کەسـێکتان واتـان لێنـەکات بـە سـەرپێچی خـودا چنگی بخـات، چونکـە ئـەوەی لـەلای خودایـە، تەنها بـە تاعـەت بەدەسـت دەهێنرێت.

ئیمانـی داپیرەکانمـان چەنـدێ جوانبـوو کـە دەیانـوت: (گـەر وەک دڕەنـدەکان ڕابکەیت و لـە هەڵپـەدا بیت، هـەر ئـەو ڕۆزییـە چنـگ دەخەیـت کـە بـۆت نووسـراوە).

الوطن

٢٠١٨/٥/١

## ئەوانەی واتای بێبەشبوون دەزانن!

منداڵەکەیان لە تەمەنی پانزە ساڵیدا مرد، پیاوەکە بە ژنەکەی وت: پێویستە هەموو کوڕەکانی کالیفۆرنیا کوڕی خۆمان بن!

ئەم پیاوە ناوی (لیلاند ستانفۆرد) بوو، هیچ ڕێگایەکی نەبینییەوە کە منداڵەکانی کالیفۆرنیا بکاتە کوڕی خۆی، ئەوە نەبێت زانکۆیەکیان بۆ بونیاد بنێت! ئیمڕۆ زانکۆی (ستانفۆرد) یەکێکە لە ڕەسەنترین زانکۆکانی جیهان!

گەر لە جیهاندا کەسی مەرد و میرخاس هەبێت، ئەوا ئەوانەن ئەو شتانە دەبەخشنە خەڵکی کە خۆیان لێی بێبەش بوون!

﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ﴾

واتە: ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن.

بەڕاستی (لیلاند ستانفۆرد) کەسێکی مەردبوو!

گەر ئەمە زانکۆیەکی بونیادناوە و دادپەروەری وادەخوازێت گەواهی ئەوەی بۆ بدەین کە مەردبووە، گەرچی بیرباوەڕیشمان جیاوازبێت، ئەی چی لەگەڵ ئەوەی ئوممەتێکی بونیادناوە، بە ئیمان و خۆشەویستی و شەیداییەوە شوێنی کەوتووین، ئەم کەسە جگە لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) کێ دەبێت!

قسەکانم بۆ بەراوردکردن نییە، شاعیر دەڵێت:

**ئەو کاتەی دەڵێن شمشێر لە گۆچان**

**تیژ و باشترە، ئەوە بە قوربان**

**نرخی شمشێریان هیناوەتە خوار**

**ئەگینا شیر و گۆچان و مۆچان؟**

مامۆستا هێدی شاعیر سەبارەت بە مامۆستا هێمن دەڵێ:

**ئەمن ناڵێم وەرن رێزی لێ بگرن**

**ئەمن دەڵێم: لەگەڵ کەسی رامەگرن!**

حاشا سەرداری مرۆڤایەتی بەراورد بکرێت بە کەسانی تر!

لێ قسە قسە دەهێنێ و پێویستە قسەکان دەستپێکیان هەبێت، ئەگینا پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی لەسەر هەر شوێنێک دانابێت، شەرەفمەند دەبم بە دانانی سەرم لێی!

ئەو کەسەی لە ژیانی پێغەمبەری خودا(ﷺ) رادەمێنێت، بۆی دەردەکەوێت ژیانی زنجیرەیەکی درێژە لە بێبەشبوون، پێغەمبەران بەمشێوەیەن، لە هەمووان زیاتر بەلا و نارەحەتی دێتە رێیان و لە هەمووان زیاتر بەخشندەترن و باشترینی بەخشەرەکانن!

ئەو کەسەی لە خوێندنەوە و نووسین بێبەش بوو، بە ئەسیرەکانی بەدری وت هەر کەسێک لە ئێوە خوێندنەوە و نووسینی باشە ئەوا با دە موسڵمان فێربکات، ئەوە رزگارانەکەیەتی! بە شمشێر بۆی هاتن، پێنووسی لێوەرگرتن. نەیویست موسڵمانەکان لەوە بێبەش بن کە خۆی لێی بێبەشبووە، ئەم بێبەشبوونە بۆ پەرجووبووە نەک کەمیەتی بێت بۆی، گەر کامڵبوون کەسێک بووایە ئەوا ئەو دەبوو!

ئەو کەسەی بە منداڵی بێبەشبوو لە سۆزی باوک، هاتە دنیا و بینی باوکی دنیای جێهێشتووە، فەرمانی کرد لەگەڵ باوکەکاندا چاکبن و جوان پەروەردەی کوڕەکانتان بکەن!

ئەو کەسەی لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە سۆزی دایکی بێبەشبوو، لە وەڵامی ئەو کەسەدا کە پرسی کێ شایەنترینە بەوەی چاکەی لەگەڵدا بکەم، فەرمووی: (دایکت، دایکت، دایکت، دواتر باوکت).

ئەو کەسەی لە مەککە لە خێزانەکەی بێبەش کرا، کە زۆر پێویستی پێی بوو، خەدیجە تەنها هاوسەر نەبوو، بەرەی ناوخۆ و هێڵی دواوەوەی بوو، ڕێگای بەهانەوەچوونی بوو بە پارە و خۆشەویستی، هەر ئەم کەسەبووە لە کۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا فەرمووی: (لەگەڵ ئافرەتاندا باشبن) و (باشترینتان ئەو کەسەیە بۆ خێزانەکەی باشە، من لە هەمووان باشترم بۆ خێزانەکانم).

ئەو هەژارەی بە چەند دیرهەمێکی کەم شوانی بۆ سەرانی قورەیشی دەکرد، هەر ئەم بوو زەکاتی هێنا و خەڵکی هاندا بۆ خێرکردن و بنەمای هاوکاریکردن و دەستبلاوبوونی چەسپاند!

ژیان پڕە لە بێبەشبوون، زۆر بە کەمی کەسێک هەموو شتێکی پێدەبەخشرێت، ئەو دەمەی دەڕوانینە ئەو شتەی دراوە بە فلانە کەس، ئەو شتانە نابینین کە لێی بێبەشبووە، وەها پێویستە ئەو کەسەی لە شتێک بێ بەشبووە لە هەمووان بەخشندەتربێت تێیدا، چونکە لە هەمووان شارەزاترە بە ئاوری بێبەشبوون، پێویستە مەردانە بیربکەینەوە، مەردانە مامەڵە بکەین... ئەو کەسەی دەستی هاوکاری بۆ درێژ نەکراوە، با خۆی دەستی هاوکاری درێژبکات، چونکە بێبەشبوونەکەی چەشتووە!

ئەو کەسەی سۆزی باوکی نەدیوە، با بەسۆزبێت بۆ منداڵەکانی، چونکە بێبەشبوونەکەی چەشتووە!

ئەو کەسەی باوکی بۆ دایکی خراپبووە، با ڕێز لە هاوسەرەکەی بنێت، چونکە واتای ئەوەی چەشتووە کە دایک لەبەردەم منداڵدا سووکایەتی پێ بکرێت!

ئەو کەسەی هاوڕێی باشی نەبووە، با خۆی هاوڕێیەکی باش بێت!

گەر ئەوانی تر سزابدەین بەو شتانەی لێی بێبەشبووین، ئەمکارەمان قەرەبووی بێبەشبوونە کۆنەکەمان بۆ ناکاتەوە، هیچ شتێک وەک بەخشین قەرەبووی لەدەستدانەکانت بۆ ناکاتەوە!

الوطن

٢٠١٨/٥/٣

## نۆبڵ بۆ ئەدەب نییە!

دوێنێ نیویۆرک تایمز هەواڵێکی بۆ مرۆڤایەتی گواستەوە و تێیدا وتی: خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب ئەمساڵ نابەخشرێت، چونکە لیژنە زانستییەکەی تێوەگلاون لە گێچەڵکردنی سێکسی!

دوور لە باسی گێچەڵی سێکسی، هەمووان دەزانن خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب، زۆربەی جار کەچ بووە بۆ پێوەری غەیرە ئەدەبی! بەپێچەوانەی خەڵاتەکانی تری نۆبڵەوە لە بوارە زانستییەکاندا، وەک کیمیا و فیزیا و پزیشکی کە هەتا ئەندازەیەکی زۆرباش دەدرێتە کەسانی شایستە، خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب لەم نێوەندەدا بارمتەی کێشمەکێشمە فکری و سیاسی و بیروباوەڕییەکانە... بۆنموونە زۆر ئاسانە نووسەرێک خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب بەدەستبهێنێت، گەر لە ڕۆمانەکەیدا باسی سووتانی جوولەکەکان بکات! لە دەمێکدا چوونە سەر مانگ بە پاسکیل زۆر ئاسانترە لە بەدەستهێنانی (خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب) بۆ نووسەرێک کە لە ڕۆمانەکەیدا باسی ئەو تاوانە بکات ئیسرائیل بەرانبەر عەرەب کردوویەتی، جا با ڕۆمانەکە لە گێڕانەوە و داڕشتندا ناوازەیش بێت!

بۆ ئەوەی قسەکەم هەروا بێ بەڵگە نەبێت، ئەو دەمەی لیژنەی زانستی (خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب)ی دا بە ڕۆماننووس (بوریس

پاسترناک) بۆ ڕۆمانی (دکتۆر ژیفانگۆ) کە تێیدا باسی دیکتاتۆریەتی حوکمی شوعیەت دەکات، هەمووان دەزانن خەلاتەکە بە فشاری دەزگای هەواڵگیری ئەمریکا و بەریتانیا بەخشراوە! بەهەرحاڵ ڕژێمی شوعیەتیش پاسترناکیان ناچار کرد خەلاتەکە ڕەتبکاتەوە! گەر پاسترناک بە زۆر ڕەتیکردبێتەوە، ئەوا سارتەر و بێرنارد شۆ بە ویستی خۆیان ڕەتیان کردووەتەوە!

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم بابەتی سێکس لە ئەدەبدا، لە مێژوودا زۆر باسکراوە، تەمەنی درێژترە لە ئەلفرێد نۆبڵ و خەلاتەکەی، باوەڕم وایە هەر گەلێک خاوەنی ئەدەبی خۆی بێت ئیلا بە ئاماژە یان بە ئاشکرا باسی سێکسی تێداکراوە، لە ئیلیادەی هۆمیرۆسەوە، هەتا ئەدەبی عەرەبی، کە بەشێکی زۆری لەم باسەدا بەردەکەوێت! توێژەرەوانی ئەدەبی کە دەڵێن هەجووکردن سنووری بۆ نییە، هەجووی (ولادة بنت المستكفي) بۆ خۆشەویستەکەی (ابن زیدون) دەکەنە نموونە لەدوای ئەوەی خیانەتی لێکردووە! ئەدەبی نەجیب مەحفوزیش لە هەندێک لەمە بەدەر نەبووە!

لەلای خۆرئاواییەکان چ دەڵێی بیلێ و مەترسە، نووسینەکانی هێنری میلەر پڕە لە بەدڕەوشتی، (مارکیز دو ساد) لەدوای خۆی ئەدەبێکی بێ ئابڕوویانەی جێهێشتووە، (لۆرانس)یش لە ڕۆمانی (خۆشەویستەکەی لەیدی چاتەرلیز)دا کەمتەرخەمی نەکردووە!

لێ ئەدیبەکان وەک خەڵکانی تر وان، وەک دکتۆر و ئەندازیار و یاریزان و دارتاش و پاکەوانەکانن، نەخۆش و ساغیان تێدایە، باش و خراپیان تێدایە! هەرچەندە هەندێکیان ئەدەبێکی بەدڕەوشتی وەهای جێهێلاوە، کە جەستە دەهێنێتە لەرزین، لێ هەندێکیشیان ئەدەبێکی وەهایان جێهێلاوە، کڵاوی بۆ بەرزدەکرێتەوە!، بەلام پەیوەندی

ئـەدەب لەگـەڵ سێکسـدا لەسـەر کاغـەز شـتێکە و ئەندامانـی لیژنـەی زانسـتی خەڵاتـی نۆبـڵ بـۆ ئـەدەب خۆیـان ڕادەسـتی ئارەزووەکانیـان بکەن، شـتێکی تـرە!

پێش دۆسـیەی گێچەڵـی سێکسـی، خەڵاتـی نۆبـڵ بـۆ ئـەدەب جێـی گومـان بـوو لـە ڕاسـتگۆییدا، چ جـای بگات بـە ئێسـتا کـە ئەمەشـی هاتـە سـەر؟! لـە کۆتاییـدا تەنهـا دەتوانـم ئـەوە بڵێـم پیرۆزبایـی لـە خـۆم و هـاوڕێ نووسـەرەکانم دەکـەم کـە لـە پاڵێوراوانـی خەڵاتەکـە نەبوویـن، ئێمـە پاکیـن و کـەس گێچەڵـی پێنەکردوویـن!

الوطن

٢٠١٨/٥/٦

## خووگرتن بەهەڵەوە

خودا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێت، ئیللا لەلایەن گەلەکەیەوە موناقەشەی کراوە و کۆسپ خراوەتە بەردەمی، قورئان باسی یەک پێغەمبەریشی نەکردووە کە خەڵکی یەکسەری بڵێن (باوەڕمان هێنا)! بەڵکوو پێچەوانەی ئەمە ڕوویداوە...

شێخی بانگخوازانی سەر زەوی نووح(ﷺ)، نۆسەد و پەنجا ساڵ بانگەوازی بۆ لای خودا کرد، تووشی ناڕەحەتی و سزابوویەوە و تەنها کەمێک باوەڕیان پێی هێنا، ئیبراهیم(ﷺ)، سەلامەت نەبوو لە ئاپۆی هەتا لە خەڵکی سەلامەت بێت، ئیبراهیمیان(ﷺ) هەڵدایە ئاگرەوە. فیرعەون بە مووسای(ﷺ) وت تۆ تێکدەریت و دەتەوێت دینی خەڵکی بگۆڕیت. زەکەریا(ﷺ) بە مشار دوولەت کرا، سەری یەحیاش(ﷺ) وەک مارەیی درا بە داوێنتەڕێک لە داوێنتەڕەکانی بەنی ئیسرائیل، تەنها پێنج ئایەتی قورئانی پیرۆز دابەزیبوو وەرەقەی کوڕی نەوفل بە پێغەمبەری خودای(ﷺ) وت: (خۆزگە گەنج بوومایە لەو دەمەی گەلەکەت دەرتدەکەن) پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسی: (ئایا دەرمدەکەن؟) وەرەقە وەڵامی دایەوە: (هەر کەسێک بەو شتەی تۆ هاتبێت ئیللا دژایەتی کراوە) وەرەقەی کوڕی نەوفل ڕاستی کرد، ئازاردرا و دژایەتی کرا!

دوور لە باگراوندی دینی ئەو دیمەنانەی باسمان کرد، لە پشت زۆربەیانەوە باگراوندێکی کۆمەڵایەتی قێزەون هەیە، ئەویش خووگرتنە بە هەڵەوە، بەجۆرێک خەڵکی نەریتی هەڵە ئەنجام دەدەن و پشتگیری بیروباوەڕی پووچ دەکەن کە بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە خاوەن هێزی حەقیقەت، شوێنکەوتووانی وەک شوێنکەوتووانی حەق بەرگری لێدەکەن بەڵکوو توندتریش!

تەنانەت پێغەمبەرانیش کاتێک بیروباوەڕ و نەریتی گەلەکانیان دەگۆڕی و هەڵەکانیان بۆ ڕووندەکردنەوە، ئەمەش شتێکی ئاسان نەبوو، بەڵکوو خۆیان دەدا بە کوشت بۆی گەرچی حەقیقەت ڕوونبوو، پووچی بیروباوەڕی ئەوانیش بە ئاشکرا دیاربوو، بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا تێخستن ئەم گومراییەی خۆیان دەدایە پاڵ خووگرتن بە هەڵەوە: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾ واتە: هەر کاتێک پێیان بوترێت: وەرن بۆ لای ئەوەی خوا دایبەزاندووە و وەرن بۆ لای پێغەمبەریش بۆ ئەوەی داوەری بکات لە نێوانتاندا، ئەوە دەڵێن: هەر ئەو بەرنامەیەمان بەسە کە باب و باپیرانمان لەسەری بوون و لە مامۆستا و ڕابەرانمانەوە فێری بووین و بۆمان ماوەتەوە.

ئەم وتانەیان تەنها دانپێدانانە بە خووگرتن بە هەڵەوە!

بەلای خووگرتن بە هەڵەوە تەنها بیرکردنەوە تێک نادات، بەڵکوو فیترەتیش تێک دەدات، گەر تاوانی نوح(ﷺ) ئەوەبێت لە گەلەکەیدا کە زۆر موناقەشەی لەگەڵ کردوون، تاوانی ئیبراهیم(ﷺ) ئەوەبێت بتەکانی شکاندوون، ئالی لوطیش تاکە تاوانیان ئەوەبوو کە کەسانێکی پاکبوون، کە فیترەت تێکچوو چاکە دەبێتە خراپە و خراپە دەبێتە چاکە، ئەگینا چۆن تانە لە ئالی لوط دەدرێت بەوەی کەسانێکی پاکن!

وەک نەنکم دەیوت: (لە گوڵدا هیچ عەیبێکیان نەبینی، پێیان وت: ئەی کوڵم سوور!)

هەربۆیە، لەسەر ئەو کەسانە پێویستە کە دەیانەوێت کۆمەڵگا بگۆڕن و پاکی بکەنەوە لە بیروباوەڕ و ڕەفتاری خراپ، بێ ئاگا نەبن لە حەقیقەتی خووگرتن بە هەڵەوە...

زۆرێک لە بانگخوازەکان باوەڕیان وایە هەڵە لە کۆمەڵگادا کارێکی کاتییە، لێ لە حەقیقەتدا ڕەگی داکوتاوە، هەڵە لە کۆمەڵگاکاندا ئاگرێک نییە لەناکاودا کەوتبێتەوە، کەسی چاکسازیش هێندەی لەسەرە سەتڵێ ئاو بکات پێیدا، بۆ ئەوەی بکوژێتەوە و دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە!

کارەکە لەمە و لەوە سەختترە... وەک هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوەی خوێ لە ئاو لەدوای ئەوەی تەواو تواوەتەوە، ئاو شیرینی پێشتری لەبیرکردووە و خوێیەکە بە ئاسانی دەرناچێت! هەموو ئەو بانگخوازانەی لاوازبوون و بێئومێد بوون و لە ماڵەوە لێی دانیشتن یان کۆمەڵگای خۆیان بەجێهێشت، ئەمەیان کرد، چونکە وایانزانی هەڵە شتێکی کاتییە، ئاورێکە و لەناکاودا کەوتۆتەوە، نەیانزانی گۆشتە و لەگەڵ ئێسقاندا تێکەڵبووە!

لەبارەی خووگرتن بە هەڵەوە، کەسانی پێشین چیرۆکێک دەگێڕنەوە کە پوختەی هەموو کارەکەیە!

وتوویانە: بەردێکی گەورە کەوتە سەر کلکی ڕێوییەک و قرتاندی، هاوڕێیەکی بینیی و لێی پرسی: ئەوە کلکت چی لێهاتووە؟ وتی: بڕیومە بۆ ئەوەی هەست بکەم دەفڕم، ئای چەند بەچێژە!

هاوڕێکەی هەستی بە غیرە کرد و کلکی خۆی قرتاند! کە هەستی بە ئازارێکی زۆر کرد و چێژی فڕینی نەچەشت، بە هاوڕێکەی وت: بۆ درۆت لەگەڵ کردم؟

پێی وت: ترسام گاڵتەم پێ بکەیت، بۆیە ئەو چیرۆکەم دروست کرد!

چوونەوە ناو گەلەکەیان، هەر ڕێوییەکیان ببینایە باسی چێژی فڕینیان بۆ دەکرد بەبێ کلک، هەتا زۆربەی ڕێوییەکان کلکی خۆیان قرتاند، کارەکە گەیشت بەوەی هەر ڕێوییەک دەهاتەبوون، کلکیان دەبڕی، گەر ڕێوییەکیان ببینایە کلکی هەیە گاڵتەیان پێ دەکرد! چەندێ دوورە قەناعەت بەڕێوییەکان بکەیت کە ئەسڵ ئەوەیە کلکیان هەبێت!

الوطن

٢٠١٨/٥/٨

## بەشی خۆی سەخت و دژوارە!

پێش نزیکەی چل ساڵ درا لە دەرگای (جیرۆم مۆتۆ)ی دەروونپزیشک... جیرۆم دەرگاکەی کردەوە و پیاوەکە پێی گوت: بەیانیت باش جەنابی دکتۆر، من هاوسێی کریسم کە لەلای تۆ چارە وەردەگرێت، وەسیەتی بۆ کردبووم ئەگەر کارێکی خراپی بەسەردا هات، ئەم پەیامە بگەیەنم بە جەنابتان، دوێنێ کریس خۆی کوشت!

دکتۆرەکە پەیامەکەی کردەوە، تێیدا نووسرابوو: بەڕێز دکتۆر مۆتۆ، بڕیارمدا لە سەر پردەکەوە خۆم فڕێ بدەمە خوارەوە، هیچ شتێک لەمە پەشیمانم ناکاتەوە ئیللا ئەوەنەبێت لە ڕێگای چوونم بۆ ئەوێ کەسێک بەڕوومدا زەردەخەنە بکات! ئەگەر ئەم پەیامەت پێ گەیشت ئەوا بزانە کەس وای نەکردووە!

تەنها یەک زەردەخەنە ژیانی مرۆڤێکی ڕزگار دەکرد! خەیاڵ بکەن کارەکە چەند ئاسان و ساکاربووە، بەڵام ڕووینەداوە، ئەڵبەتە مردنەکەی ناخەمە ملی ئەوانەی ئەو ڕۆژە کریسیان بینیوە... کریس نەخۆشی دەروونی هەبووە و هەستی دەکرد لەم دنیایەدا کەس خۆشی ناوێت، دڵنیام لەوەی هەر کەسێک دۆخی ئەوی بزانیایە،

تەنها بە زەردەخەنەیەکەوە نەدەوەستا، بەڵکوو لەوەیە میوانداری بکردایە بۆ قاوە خواردنەوەیەک و ماوەیەک قسەی لەگەڵ دەکرد و رزگاری دەکرد، ناشڵێم کە بەرێیەکدا رۆیشتیت زەردەخەنە دابەش بکە بەسەر ئەوانەی پێیان دەگەیت، رووداوەکە زۆر لەوە قوڵترە ئەوە ئامانجەکەی بێت!

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم: ژیان سەختە، تەنانەت کەسی ئاسایی پێویستی بە رێزگرتن و نەرمونیانییە، بەڵام گەر کەسێک نەبوو رێزی لێبنێت و نەرمونیان بێت بۆی، نابێت خۆی لە پردێکەوە یان لە شاخێکەوە هەڵداتە خوارەوە و سنوورێک بۆ ژیانی دابنێت، ئەوە هیچ کە خۆکوشتن خەسارەتمەندی هەردوو دونیات دەکات، بەڵام ئەوەی پێویستە لەسەرمان بەرانبەر هەندێ کەس ژیانیان لێ سەختر نەکەین، هەندێ شتی زۆر سادە هەن کە خەڵکی پێویستیانە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ململانێکردن لەگەڵ ژیاندا!

هەندێ جار ئەو مێردەی لە کار دەگەڕێتەوە، تەنها یەک زەردەخەنە و گفتێکی شیرینی دەوێت بۆ ئەوەی رۆژە سەختەکەی لە یاد بکات!

ئەو ژنەی هەموو رۆژەکە سەرقاڵی کاری ماڵەوەبووە، تەنها گفتێکی شیرین و هەندێ رێزگرتنی دەوێت بۆ ئەوەی رۆژە سەختەکەی لە یاد بکات!

فەرمانبەرێکی سادە، تەنها زەردەخەنەیەکی لە بەڕێوەبەرەکەی دەوێت، بۆ ئەوەی هەست بکات مرۆڤێکە نەک ئامێرێک!

منداڵێک کە چەندین کاتژمێر سەرقاڵی سەعیکردن و خوێندنەوەیە، تەنها کوپێک چایی و ماچێکی دەوێت بۆ ئەوەی ماندوویی ئەو چەند کاتژمێرەی بپێچێتەوە!

کچۆڵەیەک تەنها ئەوەی دەوێت ڕۆژانە باوکی هەواڵی بپرسێت، چی کردووە؟ ئەی بەیانی چ دەکات؟!

ئەو دایکەی کوڕەکەی ژنی هێناوە، تەنها ئەوەی لە کوڕەکەی دەوێت دەست و ناوچەوانی ماچ بکات، بۆ ئەوەی هەست بکات چەندین مانگ هەڵگرتن و چەندین ساڵ پەروەردەکردنی هەروا بە هەوانتە نەڕۆیشتووە!

کێ دەڵێ خەڵکی تەنها پێویستیان بە پارەیە!

خەڵکی نایانەوێت پارەیان پێ بدەین بۆ ئەوەی مووچەکەیان بەشیان بکات!

پاکەوانەکە نایەوێت گسکەکەی لێ بسەنێت و بێژی تۆزی ئیسراحەت بکە!

ئەوەی لە بەنزینخانە کار دەکات، نایەوێت کورسییەکی بۆ دابنێیت و خۆت تەنکی بەنزینەکەت پڕ بکەیت!

خەڵکی تەنها ڕێزگرتن و خۆشەویستی و پێزانیان دەوێت، کەسێکیان دەوێت کە وایان لێبکات هەست بکەن مرۆڤن... تەنها مرۆڤ!

ژیان لە ساتی لەدایکبوونەوە هەتا ساتی مردن سەفەرە، سەفەریش بەشێکە لە سزا، وەک بوخاری لە ئەدەبولموفرەدا گێڕاویەتەوە.

نەرمونیان بن لەگەڵ خەڵکی، ژیانیش بەشی خۆی سەخت و توندە، هەموو کەسێکیش هێندەی خەم و گرفت هەیە کە بەسیەتی!

**الوطن**

٢٠١٨/٥/١٠

## ڕای گشتی!

دەگێڕنەوە کۆمەڵێک منداڵی پیاوێکی دەوڵەمەند، چاوەڕێی مردنی باوکیان دەکرد بۆ ئەوەی بەشە میراتی خۆیان وەربگرن، بەڵام تەمەنی باوکەکە درێژەی کێشا، منداڵەکانیش ئارامیان لێ بڕا، هەر بۆیە بڕیاریاندا بیکوژن... لێ کوڕەبچووکەکە پلانی براکانی بە باوکی ڕاگەیاند...

باوکەکە بیری لە ڕێگای ڕزگاربوون کردەوە، لە کۆتاییدا گەیشت بەوەی داوا لە منداڵەکانی بکات پێش مردنی بیخەنە تابووتێکەوە، وەک ئەوەی مردووە و بە زیندووی بینێژن، بە مەرجێک ئەم مەراسیمە لەلای ماڵی فەرمانڕەوای شار کۆتایی پێ بێت!

منداڵەکان بەمە ڕازیبوون، ئەوەی گرنگبوو لایان بەشە میراتی خۆیان وەربگرن، کردیانە تابووتەوە و مردنی باوکیان ڕاگەیاند، خەڵکی لە مەراسیمەکەدا بەشداریان کرد و نەیاندەزانی چ لە نێوان کوڕ و باوکدایە، کە گەیشتنە لای ماڵی فەرمانڕەوای شار، باوکەکە لە تابووتەکە هاتە دەرەوە و گوتی: جەنابی فەرمارنڕەوا ڕازی بەوەی منداڵەکانم زیندەبەچاڵم بکەن؟!

پێی وت: ئەوە تۆ شێتیت! دەتەوێ هەموو ئەم خەڵکە بە درۆ بزانم و بانگەشەکەی تۆ بە ڕاست بزانم کە دەڵێی نەمردووم!

دواتر ڕوویکردە خەڵکەکە و پێی وتن: بەخاکی بسپێرن!

بێگومان ئەمە چیرۆکێکی ڕەمزییە، مەبەست لەم چیرۆکە و هاوشێوەکانی ئەو سوودەیە کە تێیدایە، ئەو بیرۆکەیەی چیرۆکەکەی بۆ دروستکراوە، ئەمەش گورەپانی کارکردنی ئاوەزە تێیدا، نەک لۆژیکی بوونی ڕووداوەکانی و گونجانی ڕوودانی لە واقعدا، لە وێژەشدا بەشێکی مەزن هەیە لەو چیرۆکانەی لەسەر زمانی ئاژەڵەکان دەگێڕدرێنەوە، وێژەی هیچ گەلێک نییە لە میللی و وێژەیی ئیللا ئەمجۆرە چیرۆکانەی تێدایە، سەبارەت بە پەند و وانە و کرۆکەکەی، جێهێڵدراوە بۆ هزری خوێنەر، بەپێی ئەو توانایەی پێی بەخشراوە لە تێگەیشتن و بەڵگەهێنانەوە و جێبەجێکردنی لەسەر واقع!

بەبۆچوونی من، جەنازەکە ئاماژەیە بۆ بۆچوونی گشتی لە کۆمەڵگادا، فەرمانڕەواش ئاماژەیە بۆ ئەوانەی دەبنە قوربانی بۆچوونی گشتی!

بۆچوونی گشتی بەرهەمێکە و بەرهەم دەهێنرێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەبێتە حەقیقەت و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت دەبێت، کەمێک لە خەڵکی بوێری ئەوەیان دەبێت پێچەوانەی شەپۆلەکە مەلە بکەن، زۆربەی جار زۆرینە بە جۆرێک پشتگیری بۆچوونی گشتی دەکات، وەک ئەوەی لە شتە بەڵگە نەویستەکانە کە دروست نییە ئاوەز تێیدا کاربکات، وەک چۆن فەرمانڕەوا چاو و گوێی خۆی بەدرۆخستەوە و بۆچوونی گشتی بەڕاست زانی و وتی پیاوەکە مردووە!

سەعید تەقیەدین دەڵێت: بۆچوونی گشتی هێستریکی گەورەیە!

بەبۆچوونی من هۆکاری قسە ڕاستەکەی ئەوەیە کە بۆچوونی گشتی دروستکراوی حکومەتەکانە، حکومەتەکانی سەر زەوی کە ویستیان بۆچوونی گشتی دروست بکەن، چەکەکانیان دەخەنە گەڕ: تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە، ئینتەرنێت، دوانگەکان... وەک ئیبنو حەزم دەڵێت: دڵۆپێک ئاو بەردێک کون دەکات بەهێز نا، بەڵکوو بە دووبارەبوونەوە. مرۆڤ گەر لە تەلەفزیۆن ڕابکات، ڕۆژنامە پێی دەگات، گەر لە ڕۆژنامە ڕابکات، دوانگەکان پێی دەگەن، هێندە نابات ئەویش بۆچوونی کۆمەڵگای دەبێت، یان باشتر بڵێین بۆچوونی حکومەت!

لە کۆتاییدا، مالکۆم ئێکسی ئەمریکی دەڵێت: گەر ژیر نەبیت، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وات لێدەکەن ڕقت لە ستەملێکراو بێت و ستەمکارت خۆشبوێت!

الوطن

٢٠١٨/٥/١٣

# ئەوەی بە نەزانین براوە،
# تەنها بە هۆشیاری وەردەگیرێتەوە!

ئیمڕۆ یادی حەفتا ساڵەی لەدەستدانی فەلەستینە، ئەوەی ئەم یادە تاڵتر دەکات، ئەوەیە لەلایەکی ترەوە یادی حەفتا ساڵەی دروستبوونی شتێکی ناشرین و سووکە کە پێی دەوترێت (دەوڵەتی ئیسرائیل)!

بۆتە نەریت دەبێت هەموو ساڵێک گوێمان لە هەندێ فەلەستینی بێت بڵێن: عەرەب خیانەتی لە فەلەستین کردووە! هەندێ عەرەبیش دەڵێن: فەلەستینییەکان زەوی خۆیان فرۆشت! هەموو خەڵکی باش دەزانن مەینەتییەکانیان بکەنە ئەستۆی کەسانی تر، هەر دەمێکیش گرفتەکان هەڵواسران، چارەسەر ناکرێن، کێشەکان چارەسەر نابن هەتا مرۆڤ بە بوێرییەوە بەرانبەری نەوەستێت و تێنەگات بۆچی ڕوویدا، دواتر کاربکات لەسەر لابردنی هۆکارەکانی، جگە لەمە تەنها فووکردنە بە زوڕنایەکی شکاودا کە هیچ ئاوازێک دروست ناکات، دەشبێتە ئازار بۆ قوڕگی ئەوەی دەیژەنێت و گوێگرانیش بێزار دەکات!

دۆزی فەلەستین لەگەڵ ئاڵۆزییەکەیدا بەبۆچوونی من تێگەیشتن لێی سەخت نییە، هۆکاری ڕوودانی و چارەسەرکردنەکەی لەم چەند وشەدا پوخت دەبێت:

عەرەب خیانەتی لە فەڵەستین نەکردووە، فەڵەستینییەکانیش نەیانفرۆشتووە، فەڵەستین لە ئوممەت دزرا لەو دەمەی لە دۆخی نەزانین و دوور لە خودا بوون، تەنها بە هۆشیاری و نزیکی لە خودا دەگەڕێتەوە!

ئەو کەسەی وای دادەنێت وڵاتەکان داگیر دەکرێت، چونکە خیانەت یان خاک فرۆشتن هەیە ئەوا بە جوانی مێژووی نەخوێندۆتەوە، یان خوێندوویەتەوە، بەڵام باش لێی تێنەگەیشتووە! ئەوێ ڕۆژێ کەس بەغدادی بە مەغۆل نەفرۆشت، کەسیش لە کاتی کەوتنەکەیدا خیانەتی لێ نەکرد، ئیبنو عەلقەمی ڕۆڵێکی بە کەوتنەکەی دا، گەورەتر لەوەی یەک پیاو دەتوانێت ئەنجامی بدات! بەغداد لە ناوەوە کەوتبوو، گەندەڵی و نەزانین و دووری لە خودا هەتا سەر ئێسقان خواردبووی، مەغۆل تەنها فیشەکی ڕەحمەتیان پێوە نا! بە هەمان ڕێگا و هۆکار ئەندەلووس کەوت، لەوێ پادشاکان کەوتن، کەوت بەبێ بەڵگەنامەی فرۆشتن و خیانەت، کەوت بەهۆی ئەو گەندەڵیەی تێیدا بڵاوبووەوە، کەوت بەهۆی خۆشگوزەرانی میللەتەکەی و بێ ورەیی دەسەڵاتدارەکانی، کە ئەورووپییەکان هاتن بیخەن، بینیان فشۆڵە و بەشەرمەوە بەرگری دەکات!

ئەو دەمەی بەریتانیا و فەرەنسا لە سایکس بیکۆدا وڵاتەکەمانیان لەسەر کاغەز دابەشکرد، موسڵمانەکان خەلیفەیان هەبوو، فەرمانڕەواکان چەند دانەیەک نەبوون هەتا تاوانی خیانەت بکەینە ئەستۆیان، هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتانە لە ژێردەستی خەلیفەدا بوو بەبێ ئەوەی هەڵگری ناسنامەبن، هەتا بەشێکیان تاوانبار بکەین بە فرۆشتنی خاک! ئەو دەمەی جووەکان فەڵەستینیان ویست، وڵاتە عەرەبییەکان سەرۆکیان نەبوو هەتا خیانەت بکەن، نە جووەکانیش خاکیان دەکڕی، هاتن بۆلای سوڵتان عەبدولحەمید و بڕێکی زۆر پارەیان خستە بەردەستی، ئەو هەڵوێستە شەرەفمەندانەیەی هەبوو کە هەمووتان دەیزانن!

عەرەب و فەڵەستینییەکان بڕیاریان نەداوە سنووری فەڵەستین بەوشێوەیەی ئێستا بێت، ئەو دەمەی ئینگلیز فەڵەستینی ڕادەستی جوولەکە کرد، ڕاوێژی بە عەرەب و فەڵەستینییەکان نەکرد، هەموو ئەوەی لە شتەکەدایە ئەوەیە لەوە لاوازتربووین خیانەت بکەین، لەوە زەلیلتربووین فرۆشتنیمان بۆ پێشنیاز بکرێت، ئەم جیهانە جەنگەڵێکە شێرەکان حوکمی دەکەن، شێرەکان گرنگی بە بۆچوونی مەڕەکان نادەن و ڕاوێژیان پێ ناکەن لەو شتانەی پەیوەستە بە چارەنووسیانەوە، مەڕەکان دەخورێن، چونکە لاوازن، نەک لەبەرئەوەی خیانەتکارن، بە سادەیی ئەمەیە هاوکێشەکە، پێشتر و ئێستاش هەروابووین، مەڕەکان دەخورێن بەبێ ئەوەی بژاردەی تریان هەبێت!

بەغداد لە مەغۆل ڕزگارکرا، لەدوای ئەوەی هۆکارەکانی کەوتنی نەما، ئەو دەمەی هۆشیاربووینەوە، گرنگتر لەوە ئەو دەمەی لەگەڵ خودابووین، هەروەها قودس ئازادکرا لە خاچپەرستەکان ئەو دەمەی هۆکارەکانی داگیرکردنی نەما، ئەو دەمەی هۆشیاری جێی نەزانی گرت و نزیکی لە خودا جێی دووری لە خودای گرت، فەڵەستینمان لێ برا، چونکە هەموو ئوممەت نەزان بوو فیڵی دوژمنەکەی بەسەردا تێپەڕی، هێندە دووربووین لە خودا، خودا وازی لێهێناین بۆ هۆکارەکانی گەردوون حوکممان بکات! ڕاستە کەسی چاک و پاک و بەڕێز و زانامان تێدایە، لێ عیززەت و بەتوانایی و گەڕانەوەی فەڵەستین، کاری هەموو ئوممەتە نەک تاک، بۆ ئەوەی فەڵەستین بگەڕێتەوە دەبێت ئەم ئوممەتەش چاک و باش و هۆشیاربێت، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ لای خودا!

الوطن

٢٠١٨/٥/١٥

## سوپاس مەریەمی کچی عیمران!

١. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، هۆکارەکان بەسەر خەڵکدا دەڕۆن و بەسەر خودادا ناڕۆن، خودا یاسای بۆ گەردوون داناوە بۆ ئەوەی حوکمی پێ بکات، نەک تواناکانی پێ کۆت بکات، وەک چۆن ئادەمی بەبێ دایک و باوک ئافراند و حەوای لە پەراسووی ئادەم ئافراند، واتە بە بێ دایک و بە بێ باوک، کوڕەکەتی ئافراند لە دایک و بە بێ باوک، بۆ ئەوەی خۆت و کوڕەکەت ئایەتێک بن بۆ خەڵکی لە توانا و مەزنی پەروەردێن!

٢. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دوعای دایک و باوک تیرێکە کە دەپێکێت، هەربۆیە پێویستە تەنها دوعای باش بۆ منداڵەکانمان بکەین، ئەو دەمەی لە بێشکەدا بووی دایکت نزای بۆ دەکردیت: ﴿ وَإِنِّيٓ أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ﴾ واتە: من دەیپارێزم بە تۆ خۆی و وەچەکانی لە شەیتانی ڕەجم کراو.

شەیتان نەیتوانی زەفەرت پێ بهێنێت و وەچەکەشت یەکێک بوو لە پەیامبەرەکان!

٣. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دڵەکان لە میحرابەکاندا و لەسەر بەرماڵەکان سافدەکرێن، بە ئەندازەی نەرمبوونیان بە زیکر و دوعا، پەیوەست دەبن بە خوداوە، بۆ ئەوەی جیهانیان پێ بگۆڕن ﴿يَٰمَرْيَمُ ٱقْنُتِى لِرَبِّكِ وَٱسْجُدِى وَٱرْكَعِى مَعَ ٱلرَّٰكِعِينَ﴾.

واتە: ئەی مەریەم ملکەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگارت بە، سوژدە و کڕنووشی بۆ ببە لەگەڵ کڕنووشبەراندا.

٤. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، باوەڕدار سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ لای خودا، ئەو دەمەی جبریلت بینی لە بەرانبەرت وەستابوو لەسەر شێوەی بنیادەم، یەکەم وتە کە وتت: ﴿إِنِّىٓ أَعُوذُ بِٱلرَّحْمَٰنِ مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا﴾ بوو، واتە: بەڕاستی من پەنا دەگرم بە خوای میهرەبان لە تۆ!

زەکەریا(ﷺ) نەهات بە بیرتدا کە یارمەتی دایت و پەروەردەی کردیت، نە ئەو ڕوهبانانەشی کە پێنووسەکانیان هەڵدا بۆ ئەوەی تۆ بەخێوبکەن، هەر یەکێکیان دەیویست شەرەفی چاودێریکردنی تۆیان چنگ کەوێ، هەمیشە باوەڕدار بەمشێوەیە، سەرەتا لەگەڵ خودا پاشان خەڵک!

٥. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، مرۆڤ هەر مرۆڤە، گەرچی لە ئیماندا بگاتە لوتکە! یەکەم وتە کە وتت لە دوای ئەوەی کوڕەکەت دانا: ﴿يَٰلَيْتَنِى مِتُّ قَبْلَ هَٰذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا﴾ واتە: بریا پێش ئەم حاڵەتە بمردمایە و وەک شتێکی بێ نرخ فەرامۆش بکرامایە.

هەڵەیە ئەو کەسەی گومانی وایە ئیمان وا لە خەڵک دەکات ببنە فریشتە، دەبنە کەسێک ناترسن و دوودڵ نابن و ئازارناچێژن، ئیمان تەنها پاکمان دەکاتەوە، وامان لێدەکات زیاتر تێبگەین و هەست

بکەین و بەرپرسیاربین، ئەو دەمە بۆیە ئاواتت بە مردن خواست، چونکە مرۆڤبوویت و دەتزانی خەڵکی چیت لەبارەوە دەڵێن!

٦. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دنیا شوێنی هۆکارەکانە، گەر خودا کەسێکی لێ بێ پێویست بکردایە، ئەوا تۆ لێی بێ پێویست دەکرد، کە لە لوتکەی لاوازیتدا بوویت و منداڵێکت دانابوو، بەڵام پێی وتیت: ﴿وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا﴾ واتە: ئەو دارخورمایەش کە پاڵت پێوەداوە کەمێک ڕایوەشێنە خورمای گەییوت بەسەردا دەبارێنێت.

دەزانێت ناتوانیت دارخورما ڕاوەشێنیت، بەڵام ویستی لە ڕێی تۆوە فێرمان بکات ئەوەی لە تواناماندایە هەوڵبدەین، لەگەڵ ئەوەی باوەڕمان وایە هەوڵدان لە ڕۆزی زیاد ناکات و دانیشتن کەمی ناکات، لێ دنیا وازلێهێنراو نییە، بەڵکوو بە یاسا بەڕێوەدەچێت!

٧. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، هەندێ جار بێدەنگ دەبین، نەک لەبەرئەوەی لاواز و دەستەوسانین، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەندێ کەس قسەکردن لەگەڵیان سوودی نییە، هەر چەندێ بڵێین، هەندێ جار خەڵکی تەنها بیسەری ئەوە دەبن کە دەیانەوێت، چونکە تۆ ئەمەت دەزانی، وتت: ﴿إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا﴾ واتە: بەڕاستی من بڕیارمداوە و نەزرم کردووە بە ڕۆژوو بم بۆ خوای میهرەبانم، لەبەر ئەوە ئەمرۆ من هەرگیز قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم.

٨. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، بە هێمنی و هاوسەنگی ڕووبەڕووی گرفتەکان ببمەوە و دنیا سەرەوژێر نەکەم، فێربووم کە کێشەیەک هاتە ڕێم، وەها تەماشای دنیا نەکەم کە هەمووی کێشە و گرفتە، لەگەڵ ئەو دۆخەی تۆی تێدابووی، منداڵێکی بێ باوک لە ئامێزتدابوو، گەلەکەت تەماشایان

دەکردیت، لێ خودا فەرمانی کرد هەموو ئەوانە توورپبدەیتە پشتەوە و لەو ساتەدا بژیت، چەندێ میهرەبان بوو کە پێی وتیت: ﴿فَكُلِي وَٱشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا﴾ واتە: ئینجا لەو خورمایە بخۆ، لەو ئاوەیش بخۆرەوە، خەمیشت نەبێت.

٩. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دەرووکردنەوە لە شوێنێکەوە دێت کە بیرمان لێنەکردۆتەوە، یاساکانی دونیا نەمرن، لەکاتی ئاساییدا لەگەڵ خودابە لە کاتی نارەحەتیدا دێتە هاوارتەوە، ئەوە بکە کە خودا خوشیدەوێت، ئەوەت پێدەبەخشێت کە خۆشتدەوێت، هەموو دانیشتووانی سەر زەوی پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد مەلۆتکەیەکی یەک ڕۆژە، لە دادگای خەڵکیدا پاکی و بێگەردیت دەسەلمێنێت و هەموو زمانەکان لاڵ دەکات!

١٠. سوپاس مەریەمی کچی عیمران، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، مرۆ ئازاد نابێت هەتا نەبێتە بەندەی خودا! فێربووم بیرباوەڕ ناسنامەیە، یەکتاپەرستی ڕەگەزنامەیە، بە تاک دانانی خودا لە پەرستشدا، تاکە پاسپۆرتە بۆ بەهەشت، دەیانویست پێناس و ڕەگەزنامەی کورەکەت بزانن، ئاشکرای کرد و وتی: ﴿إِنِّي عَبْدُ ٱللَّهِ﴾ واتە: بەڕاستی من بەندەی خوام.

الوطن

٢٠١٨/٥/١٧

# نیشتمانپەروەرەکان

لەو دەمەی شەمەندەفەرەکە لە فەرەنساوە کەوتە ڕێ بۆ ئینگلتەرا، ئافرەتێکی فەرەنسی ترس و دوودڵی بە ڕوویەوە دیاربوو کە لە پەنای پیاوێکی ئینگلیزی دانیشتبوو، پیاوە ئینگلیزییەکە لێی پرسی: خانمەکەم، ئەوە چیتە ئاوا ترس و دوودڵیت پێوە دیارە؟

پێی وت: لەڕاستیدا دە هەزار دۆلارم پێیە، ئەویش گەورەترین بڕە کە ڕێ پێدراوە ببرێتە ئینگلتەرا!

پیاوەکەش گوتی: بڕەکە لەنێوان خۆم و خۆتدا دابەش بکە، بێگومان یەکێکمان هەر لە گومرگ ڕزگارمان دەبێت، ناونیشانەکەت بنووسە، بەڵێن بێت پارەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە!

ئافرەتەکە متمانەی بە پیاوەکە کرد و بڕە پارەکەی کردە دوو بەشەوە، لە کاتی گەیشتنی شەمەندەفەرەکە ئافرەتەکە بە ئاسانی لە گومرگ دەرچوو، لەم کاتەدا پیاوە ئینگلیزییەکە کە کاتی پشکنینی نەهاتبوو هاواری کرد: جەنابی ئەفسەر، ئەم ئافرەتە پارە دەبات بۆ ئینگلتەرا، نیوەی بڕەکەی پێداوم کە پێنج هەزار دۆلارە، خۆیشی پێنج هەزار دۆلاری تری پێیە، من پیاوێکم خیانەت لە نیشتیمانەکەم ناکەم!

ئافرەتەکەیان پشکنی و پارەکەیان دەرکرد، ئەفسەرەکەش سوپاسی پیاوەکەی کرد کە ئاوا نیشتمانپەروەرە و ئاواتەخوازبوو هەموو هاونیشتیمانییەکان ئاوا بوونایە!

لە دوای دوو ڕۆژ درا لە دەرگای ماڵی خانمە فەڕەنسییەکە، ئەوەی لە دەرگای دابوو پیاوە ئینگلیزییەکە بوو کە ئاشکرای کردبوو، پێی وت: ئەمە تۆی! چیت دەوێ؟ ئەوە بەس نەبوو لەلای گومرگەکە پێت کردم؟

لەو کاتەدا زەرفێکی پێدا و وتی: بیگرە، پانزە هەزار دۆلاری تێدایە، ببوورە بۆیە وامکرد، چونکە ئەوە تاکە ڕێگابوو بۆ ئەوەی جانتاکەم دەرباز بکەم کە یەک ملیۆن دۆلاری تێدابوو!

لە وڵاتەکانماندا ملیۆنەها نوسخەی عەرەبی ئەم پیاوە ئینگلیزییەمان هەیە، دەبینی شەو و ڕۆژ باسی خۆشەویستی نیشتیمان دەکەن، بەڵام لە دوژمنانی نیشتیمان خراپترن بۆ نیشتیمان، لە هەموو دوژمنەکانیش مەترسیدارترن لەسەر نیشتیمان، چونکە قەڵا پتەوەکان تەنها لە ناوەوە دەکەون!

نیشتیمان لەلای ئەوان تەنها گەنجینەیەکە بۆ تاڵانی و موڵکی گشتییە و حەڵاڵە بۆ ڕفاندن، وتارە جوانەکان و نووسینە حەماسییەکان و هۆنراوە ڕازاوەکانیان تەنها بۆ ئەم کارەیانە و هیچی تر!

دەبینیت شەو و ڕۆژ بەڵگەنامەی نیشتمانپەروەری دابەش دەکەن بەسەر ئەوانەی خۆیان دەیانەوێت، ئەوانەیشی لێ بێ بەش دەکەن کە دەیانەوێت، وەک چۆن کەنیسە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ڕێگەی بەڵگەنامەی لێخۆشبوونەوە بەهەشتی دەفرۆشت!

بۆ ئەوەی پێی بوترێت نیشتمانپەروەر پێویستە بە تۆ بڵێت خیانەتت لە نیشتمان کردووە، چونکە بڕیاری حکومەتت بەدڵ نەبووە!

کێ بەم نیشتیمانپەروەرە ساختەیەی وتووە حکومەت نیشتیمانە و سکاڵاکردن لە باجی زۆر ڕێکەوتنە لەگەڵ دوژمندا، سکاڵاکردن لە بێکاری خیانەتە لە خودا و پێغەمبەرەکەی؟ کێ پێی وتووە ڕەخنەگرتن لەو دۆخە خراپەی چارەخانەکانی تێدایە ئابڕووبردنی نیشتیمانە و گومانکردنە لە دانایی فەرمانڕەواکان؟ ڕەخنەگرتن لە پرۆگرامی خوێندن و پەیڕەوی وانەوتنەوە وەک ڕەخنەگرتنە لە قورئان؟ هەرچەندە مێژوو و ئەزموون و واقع ئەوە دەسەلمێنن ئەو کەسانەی لە هەمووان زیاتر نیشتیمانەکەیان خۆشدەوێت، ئەوانەن ڕازی نەبوونە بە دۆخی خراپی نیشتیمان، هەر کاتێکیش کار لە کار ترازەوە تەنها ئەوانە هاتوونە بە هانای نیشتمانەوە کە پێشتر تۆمەتبار دەکران بەوەی نیشتمانیان خۆشناوێت، نیشتمانپەروەرە ساختەکان یەکەم کەسن کە گەمییەکە چۆڵ دەکەن، لەو دەمەی نزیکە لە غەرقبوون، گەرچی ئەوان نەبوونایە هەرگیز غەرق نەدەبوو!

الوطن

٢٠١٨/٥/٢٠

## سوپاس بەڵقیس

١. سوپاس بەڵقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ئاژەڵەکان بە فیترەتە سەلامەتەکەیانەوە زۆر باشترن لەو کەسانەی لە گومڕاییدان، لە دێر زەمانەوە کە نووح(ﷺ) بوونەوەرەکانی بانگکرد بۆ نێو گەمییەکە، هیچ ئاژەڵێک دوانەکەوت، لێ مرۆڤێکی زۆر دواکەوتن، لە سەردەمی تۆیشدا هودهود پێی ناخۆشبوو کە گەلەکەت سوجدە بۆ ڕۆژ دەبەن، لێ خۆتان ئەمەتان لەلا ئاسایی بوو، لەسەری مابوونەوە!

٢. سوپاس بەڵقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، قسەی خەڵکی ناخیانمان بۆ دەردەخات، جام چی تێدا بێت ئەوەی لێ دەڕژێت! ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيْمَٰنَ﴾ واتە: نامەکە لە سولەیمانەوە(ﷺ)!

سەرسامبووم بەم خاکیبوونە، تەنها سولەیمان(ﷺ)، نە پادشا، نە سوڵتان، نە فەرمانڕەوای سەر زەوی، گەرچی خاوەنی هەموو دونیا بوو بە بنیادەم و پەری و ئاژەڵ و باڵندەکانیەوە!

٣. سوپاس بەڵقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، مرۆڤی مەرد ڕێز لە نەرمونیانی دەگرێت و سەرسام دەبێت بە ڕەوشتە باڵاکان، چەندێ مەردبوویت کە ڕێزت لە نەرمونیانی سولەیمان(ﷺ) گرت و

سەرسامبوویت بە ڕەوشتە باڵاکانی، بە گەلەکەتت وت: ﴿ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ ﴾ واتە: ئەی ڕێزداران، بەڕاستی من نامەیەکی پیرۆز و بەڕێزم بۆ دانراوە.

٤. سوپاس بەڵقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، میللەت مێگەلێک نییە موڵکی فەرمانڕەوا بێت و بە ویستی خۆی مامەڵەی تێدا بکات، پێش هەزارەها ساڵ وانەیەکی گرنگت پێشکەشکرد لەبارەی ڕێزگرتن لە میللەتەوە و گوێگرتن لە بۆچوونیان، گەلەکەت کۆکردەوە و پێت وتن: ﴿ مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ ﴾ واتە: خۆ من هیچ بڕیارێکم نەداوە هەتا ئێوە لێی ئاگادار نەبن و ڕاتان لەسەری نەدابێت.

٥. سوپاس بەڵقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، فەرمانڕەواکان وەک یەک نین، هەیانە دادپەروەرە هەیانە ستەمکارە، باشترین فەرمانڕەوا ئەوەیە ژێردەستەکانی بحەوێنێتەوە، خراپترین فەرمانڕەواش ئەوەیە ژێردەستەکانی ئازاربدات. ﴿إِنَّ ٱلۡمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرۡيَةً أَفۡسَدُوهَا وَجَعَلُوٓاْ أَعِزَّةَ أَهۡلِهَآ أَذِلَّةٗۚ وَكَذَٰلِكَ يَفۡعَلُونَ﴾ واتە: بەڕاستی لەشکری پادشاکان کاتێک چوونە شار و دێهاتەکانەوە، وێران و کاولیان کردووە و تۆوی خراپەیان چاندووە، کەسانی خاوەن دەسەڵات، پیاوی ناوداری ئەو شوێنەیان زەلیل و ڕیسوا کردووە و هەمیشە ئەوە پیشەیانە و بەو جۆرە دەکەن و هەرواش دەبن، بێگومان من حەز لە کارەساتی وا ناکەم...

تەنها بۆ ئەوە دیاریت بۆ سولەیمان(ﷺ) نارد، هەتا بزانیت لە کام جۆرەی پادشا و فەرمانڕەواکانە!

٦. سوپاس بەلقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ناگونجێت مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا دادپەروەربێت و ستەم لە خۆی بکات، دووری لە خودا گەورەترین پلەی ستەمکردنە لە خود، ئەوی ڕۆژێ کە ئەو حەقیقەتەت زانی وتت: ﴿ رَبِّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي وَأَسْلَمْتُ مَعَ سُلَيْمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ واتە: پەروەردگارا من بەڕاستی تا ئێستا ستەمم لە خۆم کردووە، ئیتر وا لەگەڵ سولەیماندا(ﷺ) تەسلیمی خوای پەروەردگاری جیهانیان بووم.

٧. سوپاس بەلقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، گەر خودا زانی دڵی بەندەیەکی خێری تێدایە، خێری بۆ ئاسان دەکات، چونکە خودا دەیزانی چی لە دڵتدایە، هودهودی بۆ ناردیت کە بوێری نەدەکرد بەبێ مۆڵەتی سولەیمان(ﷺ) لەلای سولەیمان بڕوات!

٨.سوپاس بەلقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ناپۆشتەیی و ڕووتی هێمای شارستانیەت نییە، گەرچی خاوەنی سەروەت و دەسەڵات و پێگەبوویت، لێ پۆشاکەکەت درێژ و پۆشتەبوو، ئەو دەمەی بەسەر شووشەکەدا ڕۆیشتیت کە ئاو لە ژێری دەڕۆیی دەرقاچەکانت هەڵکرد بۆ ئەوەی تێبپەڕیت، تەنانەت قاچەکانیشت داپۆشیبوو، پێش هەزارەها ساڵ پێت ڕاگەیاندین باڵاپۆشی پۆشاکی شاژنەکانە!

٩. سوپاس بەلقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، وەڵامی ورد بەڵگەیە بۆ زیرەکی خاوەنەکەی، ئەو دەمەی سولەیمان(ﷺ) پرسی ئەمە عەرشەکەتە، یەکێک لە زیرەکترین وەڵامەکانی مێژووت دایەوە ﴿كَأَنَّهُۥ هُوَ﴾ واتە: هەر دەڵێی ئەوە و لەو دەچێت!

گەر بتوتایە (ئەو نییە) کەسێک لە ئاستی هۆشیاری تۆدا بێت،

جوان نییە بۆی عەرشەکەی نەناسیتەوە! گەر بتوتایە (خۆیەتی) جوان نییە بۆ کەسێکی وەک تۆ، هەر سەرەتا خۆی ڕادەستی کارەکە بکات، بەبێ ئەوەی بپرسێت عەرشەکە چۆن گەیشتووە بە ئێرە؟!

١٠. سوپاس بەڵقیس، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، هەر کەسێک لەبەر خودا واز لە شتێک بهێنێت، خودا بە باشتر قەرەبووی بۆ دەکاتەوە، موڵک و پادشاییەکەت کوێری نەکردیت لەوەی نووری حەق ببینیت، پادشایەتی سەبەئت واز لێهێنا، بۆ ئەوەی دووجار ببیتە شاژن، شاژنی دونیا و خێزانی پێغەمبەر، شاژنیش لە بەهەشتدا، بێگومان پاداشت لە جۆری کردەوەیە!

الوطن

٢٠١٨/٥/٢٤

# جێگەتان نییە لە زنجیرە دراماکاندا!

ئێرنست لیڤی دەڵێت:

ئەو دەمەی هونەریش بەجددیەت وەردەگیرێت، وەک کیمیا یان فیزیا یان پارە! ئیتر مرۆڤایەتی بەرەو باشبوون دەچێت

لەگەڵ ئەوەی هونەر کورتنەکراوەتەوە لە کەمەری سەماکەرەکان و قورگی گۆرانیبێژەکان و دراما پووچەکاندا... زۆرێک لە خەڵکی ئەوە تێکەڵ دەکەن لەوەی وەک کاسبییەک تەماشای دەکات لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت لە رێیەوە پەیامێک بگەیەنێت، من یەکێکم لەوانەی باوەڕمان وایە هەر چالاکییەکی مرۆڤەکان کە پەیامێک ناگەیەنێت، ئەوا پەیامێکی بالاتر لەناودەبات جا خەڵکی چەندێ چەپڵەی بۆ لێدەن و موریدەکانیشی زۆربن!

لەوەیە هاوڕابم- بەناچاریی- لەگەڵ هەندێک لە بۆچوونی شێخی شوعییەکان کارڵ مارکسی گومڕا کە دەڵێت: سەرمایەداری هەموو شتێک دەکاتە کاڵا، ئایین، ئەدەب، هونەر و پیرۆزییەکەی لێ دادەماڵێت!

بەبێ درێژکردنەوە و زۆر فەلسەفە لێدان، ئەوەی ئەو درامایانەی بینبێت کە لە ڕەمەزاندا پەخش دەکرێن، یان لەبارەیانەوە شتێکی بیستبێت، بەدڵنیاوە دەزانێت دراماکان لە دۆڵێکن و ئەو کۆمەڵگایانەی

کە پێویستە دراماکان باسی واقعیان بکات، لە دۆڵێکی ترە! هەندێ درامـا باسـی واقـع دەکات و هەڵگری پەیامێکی جوانـە! لـێ هەنـدێ درامـا هەیـە دەرهێنەرەکـەی دەیەوێت قەناعەتمان پێ بکات ئێمـە وەک پاڵەوانی دراماکـە واین، بەڵام خەڵکی کە تەماشای دەکەن دەپرسن: ئـەرێ شـتی وا لەنێوانمانـدا ڕوودەدات؟ ڕووداوەکانـی ئـەم درامایانـە پێمان دەڵێن ئێمـە هێشتا لـە سـەردەمی نەفامیدا دەژین و هێشتا نیگا بۆ پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) دانەبەزیوە!

لـە یـەک درامـادا دەبینیـت ئـەو کچانـەی لـە زینـاوە دووگیـان دەبن، زۆرتـرن لەوانـەی لـە هاوسـەرگیرییەوە دووگیـان دەبن، دایـک مەعشـوقی هەیـە، بـاوک مەعشـوقی هەیـە، لاوەکان لـە پشـوودان و دەچـن بـۆ کافتریـا و قاوەخانـەکان! ئـەو کـوڕە گەنـج و کچۆڵانـەی مزگەوتـەکان پـڕ دەکـەن لـە کاتـی نوێـژی تەراویحدا لـە دراماکـەدا شـوێنیان نییـە، تێکۆشـەرەکان لـە زانکۆ و قوتابخانەکاندا، ئەو دایکانەی وەک قورئـان پاکن، ئـەو باوکانـەی هێزی بەشێک لـە پێغەمبەرایەتیان تێدایـە، خێزانەکانمـان کـە خـواردن سـاز دەکـەن و وانـە بـە منداڵ دەڵێنـەوە و پۆشـاکەکان دەشـۆرن، ئـەو هاوسـێیانەی خۆشماندەوێن و خۆشـیاندەوێین هەمـوو ئەمانـە شـوێنیان نییـە لـە دراماکـەدا!

کێن ئەوانـەی پاڵەوانـی دراماکانیانن هەتا خۆشـمانبوێن و شـوێنیان بکەوین:

ئـەوەی کـە ناپاکـی لـە ژنەکـەی دەکات، چونکـە لەخـۆی گەورتـرە، ئەمـە قوربانـی عـادات و داب و نەریتـە، قوربانـی هەژارییـە، ئـەوەی تاوانبـارە مێردەکەیـە، ئەویش مافی خۆیەتی گەنجێکی خۆشبوێت کە لـە تەمەنـی خۆیدایـە!

ئەوەی بە ناچاری بەرتیل وەردەگرێت و ماڵی حەرام وەردەگرێت، چونکە منداڵی وردە و مووچەکەی بەشی ناکات، ئەم پاڵەوانە تێکۆشەرە گەر ئەم دۆخە ئابوورییەی نەبووایە وەک ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەبوو، لێ دونیا سەخت و توندە ناچاری کردووە ئەم کارە خراپە بکات!

ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا هەڵدێت، خۆشەویستی پێویستی بە پاساو نییە، هەموو شتێک پاساوە بۆی!

ئەوەی کاتەکانی لەگەڵ کچی خەڵکیدا بەسەردەبات، چونکە لە ماڵەوە کەس نەبووە دەردەدڵی بۆ بکات!

ئەمە دراماکانیانە، ئەوە پاڵەوانەکانیانە، بەڵام ئێوە، هاوسەرە پاکەکان وەک گەوهەر، منداڵە چاکەکان، ئەو کچانەی لە شەرمدا رویان نایەت تەماشای باوکیان بکەن، ئەو پیاوانەی بە ماندووییەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە لە دوای گەڕان بەدوای نان و کەرامەتدا، گەنجەکانی نوێژی بەیانی، ئەو منداڵانەی تەمەنیان حەوت ساڵانە و لەسەر ڕۆژووگرتن رایان دەهێنین، ئەو کچۆڵە دە ساڵانەی کە بالاپۆشی و پۆشتەییمان بۆ ڕازندۆتەوە، بەساڵاچووەکان لەسەر بەرماڵ و لەگەڵ تەسبیحەکانیان، ئەو پیرەمێردانەی خۆیان داوە بەسەر گۆچانەکانیدا و دەچن بەرەو مزگەوت، شوێنتان نییە لە دراماکاندا، هونەر ئاوێنەی واقعە، ئێوە لێرە ناژین، ئێوە دانیشتووی هەسارەی مەریخن، چاوەڕێ بکەن سینەما بگات بە ئەوێ!

الوطن

٢٠١٨/٥/٢٩

## سوپاس یەعقوب(عليه السلام)

١. سوپاس یەعقوب(عليه السلام)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، باسی هەموو ئەو نیعمەتانە نەکەم کە خودا پێی بەخشیوم، چونکە هەندێ کەس چاویان بەتاڵە و تەماشاکردنەکانیان تیرێکی ژەهراوییە، ئەمە یەکەمین وەسیەتت بوو بۆ کوڕە کەشخەکەت: ﴿يَٰبُنَيَّ لَا تَقۡصُصۡ رُءۡيَاكَ عَلَىٰٓ إِخۡوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيۡدًاۖ﴾.

واتە: ڕۆڵە گیان خەوەکەت مەگێڕەوە بۆ براکانت، نەوەکو بەهۆی ئەوەوە فێڵێکت لێبکەن و تووشی بەڵایەکت بکەن، چونکە ئەم خەوە داهاتوویەکی بڵند بۆ تۆ دەگەیەنێت، ئەوانیش حەسوودیت پێدەبەن!

٢. سوپاس یەعقوب(عليه السلام)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، مرۆ ناتوانێت بەسەر دڵیدا زاڵ بێت، بەڵام پێویستە بەسەر ڕەفتارەکانیدا زاڵ بێت! خودا یوسفی(عليه السلام) لە دڵتدا شیرین کردبوو، خوداش ویستی لێبوو دڵتی پێ ببەخشیت و لە براکانی تری جوودا بێت، بۆ ئەوەی خودا فێرمان بکات منداڵێکمان بەسەر منداڵێکی ترماندا پێش نەخەین، گەرچی شایەنی ئەوەیش بێت، هەندێ جار بەبێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت منداڵەکانمان دەکەینە دوژمنی یەکتر!

٣. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ترسەکانم باس نەکەم، بۆ ئەوەی خەڵکی لە دژم بەکاری نەهێنن، چونکە تۆ بە منداڵەکانت وت ﴿ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ ٱلذِّئْبُ ﴾ واتە: دەترسم گورگ بیخوات. ئەوانیش گوتیان: ﴿ يَـٰٓأَبَانَآ إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَـٰعِنَا فَأَكَلَهُ ٱلذِّئْبُ ۖ وَمَآ أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَـٰدِقِينَ﴾ واتە: ئەی باوکی بەڕێزمان: بەڕاستی ئێمە ڕۆیشتین پێشبڕکێمان دەکرد و یوسفمان(ﷺ) لای کەل و پەلەکەمان بەجێ هێشت، ئەوسا گورگەکە پەلاماری داو خواردی!

هەندێ جار خۆمان ئەو چەکانە دەدەینە کەسانی تر کە لە دژمان پێی دەجەنگن!

٤. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، بەڵگەی پوچ و باتڵ بەسەرمدا تێنەپەڕێت، هەرچیم گوێ لێبوو بەڕاستی نەزانم، هەرچیم بینی بیپشکنم، بیربکەمەوە و ڕابمێنم و شیبکەمەوە، ئەوێ ڕۆژێ چەندێ بە ئاگابوویت خوێنە درۆینەکە فریوی نەدایت! زانیت ئەم کارە لە شەودا پیلانی بۆ دانراوە، واتە ئەمە چ گورگێکە منداڵێکی بچووک بکاتە نێچیر و کراسەکەی بەبێ دڕاوی جێبهێڵێت!

٥. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، هەندێ جار لێدانەکان لە شوێنێکەوە دێن کە حیسابمان بۆی نەکردووە، لێدانی کەسە نزیکەکان زۆر بە ئازارترە لە بێگانەکان، چونکە ئەوان دەزانن ڕمەکەیان لەکوێ دەچەقێنن، چونکە تامی شەرمەزاری و هیوابڕاوی تێدایە، ئەو دەمەی منداڵەکەت سەلامەت بوو لە گورگەکان، سەلامەت نەبوو لە براکانی، ئەو دەمەی خەڵکی هیچ ئازارێکیان نەدایت، ئازار و لێدان لە کوڕەکانتەوە هات!

٦. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، باوەڕدار لە میهرەبانی خودا بێ ئومێد نابێت و گەورەترین پەرستش چاوەڕێکردنی دەروو لێکردنەوەیە لەلایەن خوداوە، خوداش لە جێی گومانی بەندەکەیەتی، ئیمانەکەت چەندێ چەسپاوبوو کە بە منداڵەکانت دەوت: ﴿يَٰبَنِيَّ ٱذۡهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَاْيۡـَٔسُواْ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ لَا يَاْيۡـَٔسُ مِن رَّوۡحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡقَوۡمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ واتە: کوڕەکانم بچنەوە و گوێ هەڵخەن بۆ یوسف(ﷺ) و براکەی، لە سۆز و میهرەبانی خودا نائومێد مەبن، چونکە بەڕاستی جگە لە کەسانی خوانەناس و بێباوەڕ کەس نائومێد نابێت لە سۆز و میهرەبانی خوا.

٧. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، داواکردن لە غەیری خودا سەرشۆڕییە، سکاڵا بردن بۆ غەیری خودا لە دەرگادانە بە هەڵە، پشت بەستن بە مرۆڤەکان هۆکاری بێهیواییە، ئەوەی خودا بیاتەوە، هەموو شتێکی بردۆتەوە گەرچی هەموو خەڵکی دۆڕاندبێت، ئەوەی خودای لەدەستدابێت هەموو شتێکی لەدەستداوە گەرچی هەموو خەڵکی بردبێتەوە، ئەو دەمەی دەرگاگان داخران و دڵ گەیشتە قوڕقوڕاگە، فەرمووت: ﴿إِنَّمَآ أَشۡكُواْ بَثِّي وَحُزۡنِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ﴾ واتە: بەڕاستی من باسی سکاڵا و غەم و پەژارەم هەر بۆ لای خوا دەبەم، ئەوەی من دەیزانم لە لایەن خواوە (لە نەخشە و حیکمەتەکانی، لە پێشهات و ڕووداوەکاندا) ئێوە نایزانن.

٨. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، خۆشەویستی بۆنێکی هەیە دڵی خۆشەویستەکان بۆنی دەکات پێش لوتیان، کە وتت بۆنی یوسف(ﷺ) دەکەم، وتیان هەر لەسەر نەزانینە کۆنەکەتیت، کێ هەیە ڕقاوییەکان قایل بکات بەوەی دڵەکان بۆن دەکەن و بۆنی خۆشەویستەکەیان لێ هەڵە نابێت؟

٩. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ئامانجی هەموو کارەکانم نەدرکێنم، شتێک بۆ خۆم بهێڵمەوە و هەموو شتێکم بە خەڵک نەڵێم، بە منداڵەکانت نەوت بۆچی پێکەوە نەچنە میسرەوە، جێتهێڵا بۆ خۆت، خوداش وەک ڕێزێک هەر بە پەنهانی هێشتیەوە، لەلای خودا چەندێ بەشکۆیت هەتا ئاوا ئەو شتەی نێو دڵتی پاراستووە، ئەو دەمەشی چیرۆکەکەت کرایە قورئان و دەخوێنرێتەوە هەتا ڕۆژی دوایی، ئاواش هۆکارەکەی هەر پێ نەوتین!

١٠. سوپاس یەعقوب(ﷺ)، لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ڕۆیشتوو دەگەڕێتەوە، ئەو منداڵەی لێیان دابڕیت گەڕایەوە و عەزیزی هەموو میسربوو، فێربووم کە نەخۆش چاک دەبێت، چاوەکانت کە خەم و گریان بینایی بردبوو، گەڕایەوە جاری جارانی خۆی! فێربووم ئەوانەی لێک دابڕاون دەگەنەوە بەیەک، فێربووم قەدەری خودا هەر دێتە دی، لەدوای چل ساڵ خەونی منداڵەکە هاتە دی ﴿وَخَرُّواْ لَهُۥ سُجَّدًاۖ﴾ واتە: هەمووان کڕنووشیان بۆ برد!

فێربووم کە خودا بە پەلەپەلی کەس پەلە ناکات!

الوطن

٢٠١٨/٥/٣١

## کۆتا چاپی ئیسلام،
## نوسخەی خۆت حیجز بکە!

سەرمایەداری لەسەر بنەمای (ئازادی ڕەها) وەستاوە... قسەکردنیش لەبارەی ئازادی ڕەهاوە لە کۆمەڵگای مرۆڤەکاندا، تەنها جۆرێکە لە سەفسەتە و خەیاڵ پڵاوی... پێویستە هەموو کۆمەڵگایەک وەستێنەری هەبێت، لە هەموو دۆخێکدا کار بەمە دەکرێت لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکانشیدا! شوعیەتیش لەسەر بنەمای (یەکسانی ڕەها) وەستاوە، یەکسانی ڕەها جۆرێکە لە جۆرەکانی ستەم، ئەوە هیچ کە یەکێکە لە دروشمە جوانەکان کە هەتا ئێستا نەتوانراوە لە کۆمەڵگایەکدا جێبەجێ بکرێت! ئیسلامیش لەسەر بنەمای (دادپەروەری) وەستاوە، بە ڕەهایی باڵاترین بنەمایە، نە لەگەڵ تاکدایە خراپەبکات لە کۆمەڵگادا، نە لەگەڵ کۆمەڵگادایە تاک سەرکوت بکات، دژی خاوەندارێتی تاک و زەنگین بوونی نییە، لەگەڵ قۆرخکاریشدا نییە... بە کردارەکی و واقعی ئەم بنەمایە لە چەندین سەردەمی حوکمی ئیسلامیدا جێبەجێ کراوە!

گرفتی ئیمرۆی ئیسلام لەگەڵ ئەو بیرمەندانە نییە کە ئیسلامی نین، بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەدایە کە پێویستبوو بیرمەندی ئیسلامی بوونایە، بەبێ ئەوەی بزانن باوەڕیان وایە لە خودا دادپەروەرترن!

ئـای دەنگیـان چەنـدێ بڵـندە کـە موناقەشـەی میـرات و دابەشـکردنی دەکـەن، بـەو جۆرەی کـە لـە قورئانـدا نەھاتـووە!

دوو ڕۆژ پێش ئێستا موحەممەد شەحرور لە بەرنامە ڕەمەزانییەکەیەوە دەرکەوت، بۆ ئەوەی پێمـان بڵێت میراتێکی نوێی دانـاوە، هەنـدێ گۆڕانکاری نوێـی تێدایـە کـە لـە پێشـتردا کـەس پـەی پێنەبردووە! ئەڵبەتـە لەوەیە یەکێک بڵێت: گرفتەکە لەکوێدایە کەسێک ئیجتیهـاد بکات لـە میراتـدا، گـەر نەیپێکا پاداشـتی ئیجتیهادەکـەی بـۆ هەیـە، گـەر پێکای دوو پاداشـتی بـۆ هەیـە؟

ئـەم پرسـیارە تـەواوە و هیچی تێدا نییە گـەر موحەممـەد شـەحرور دەرگای ئیجتیهادی بەسـەر هەمـوو شەرعناسـەکانی ئوممەتـدا دانەخسـتایە، بەڵکـوو بـە ڕووی پێغەمبەرەکەشـیدا(ﷺ)!

موحەممـەد شـەحرور لـەو کەسـانەیە بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن قورئـان بەسـە، بەبێ سـوننەتی پاکی پێغەمبـەر(ﷺ) تەفسـیری قورئـان و تـەواوکاری ئایینـی ئیسـلام وەک دووەم سـەرچاوەی شـەرعدانان لـە ئیسـلامدا، موحەممـەد شـەحرور پێـی وایـە جگـە لـە قورئـان تەنھا پەراوێـزە و دەتوانیـت لێـی بـێ پێویسـت بیـت! دەتوانیـت بەجۆرێـک مامەڵـە لەگـەڵ سـەحیحی بوخاریـدا بکەیـت، وەک ئـەوەی مورەکەبـی سـەر کاغـەزە، تێگەیشـتنی یـاوەران پەیوەنـدی بەخـودی خۆیانـەوە هەیـە، ئیسـلام تەنھا لـە قورئانـەوە وەردەگیرێت، بـەم لۆژیکـە ناتـەواوە کاری پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) لـە ئیسـلامدا ئەوەیـە قورئـان بداتـە مرۆڤـەکان و دواتـر هـەر مرۆڤـە و خـۆی و خـوای خـۆی!

تاکە شت کە لێی تێنەگەیشتم و هیچ کەسێکیشم لە بوونەوەرەکانی چواردەورم دەستنەکەوت بۆم ڕاڤە بکات، چۆن کاورایەک بانگەشـەی ئـەوە دەکات واز لـە تەفسـیری پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) بهێنرێـت بـۆ قورئان و ئیسـلام، بانگەشـەی فرێدانی تێگەیشـتنی یاوەران و بۆچوونی

مەزهەبەکانیش دەکات، بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی کتێبە نوێکەی بکڕین کە بیرۆکە و تێگەیشتنی نوێی لە خۆگرتووە سەبارەت بە میرات! گەر غەیری قورئان بە تەفسیری ئیبنو کەسیریشەوە هەرچی و پەرچییە، چ پێویستمان بە هەرچی و پەرچییەکی نوێ هەیە کە موحەممەد شەحرور بۆمان زیاد دەکات! گەر پێویستە بۆ تێگەیشتنی قورئان ئاوەز بەکاربهێنرێت، ئەوا لە دادپەروەرییەوەیە ڕێز لە شەرعناسەکان و ئیجتهادەکانیان بگیرێت، بەلایەنی کەمەوە قورئانیان ئەزبەربووە و بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان دەیانخوێندەوە، کەسێکیان لە یەک ئایەتدا سێ هەڵەی نەدەکرد، بەدڵی خۆی مەرفوع و مەنسوب و مەجروری نەدەکرد، وەک چۆن موحەممەد شەحرور ئەوەی کرد لەو زنجیرەیەی کە باسی میراتی دەکرد!

الوطن

٢٠١٨/٦/٣

# قوتابخانەی بەدری گەورە

١. جەنگی بەدر فێری کردین، بەندە دەیەوێت و خوداش دەیەوێت، لێ ئەوە دەبێت کە خودا دەیەوێت، موسڵمانەکان بەدوای کاروانەکەدا چوونە دەرەوە، ئەبو سوفیان قوتاری کرد، کاروانەکە بۆی دەرچوو، موسڵمانەکان نێچیرەکەیان نەگرت، هەردوولا وایانزانی کارەکە کۆتایی هاتووە، هیچ کارێک لەسەر زەویدا کۆتایی نایەت، هەتا لە ئاسمانەوە فەرمانی خودایی نەیەت، لە ئاسمانەوە فەرمان هات و وتی: با جەنگ رووبدات!

٢. جەنگی بەدر فێری کردین، باتڵ بەرەو کوشتنگەکەی دەچێت، کاروانەکە لەدەست موسڵمانەکان رزگاری بوو، لێ قورەیش لە غروری ئەبو جەهل رزگاری نەبوو، وایزانی دەرفەتێکی چەور و ئاسانە، وتی: بابدەین بەسەریاندا! عوتبە وتی: شتەکە لەسەری مندا بشکێنن و بێژن عوتبە ترسنۆکە و بگەرێنەوە! لێ غروری باتڵە، فیرعەونی ئەم ئوممەتە غرورەکەی کوشتی!

٣. جەنگی بەدر فێری کردین، تەنها خودا پەنهانی دەزانێت، تەنانەت پێغەمبەری خوداش(ﷺ) وایدەزانی تەنها دەدەن بەسەر کاروانەکەدا،

گەر کاتێکیان دابنایە لەسەری ڕێنەدەکەوتن، بەڵام خودا ویستی لێ بوو ببێت، بوو!

٤. جەنگی بەدر فێری کردین، کەسی دانا بێ ئاگا نابێت لە دوژمنەکەی، گەر مێروولەیەکیش بێت! سەرداری داناکانی نێو مرۆڤایەتی کاری بانگەواز وای لێنەکرد بێ ئاگا بێت لە دوژمنەکەی، قورئان و شەونوێژ وای لێنەکرد ئاگای لە هەواڵەکانی قورەیش نەبێت، چاودێری کارەکانی دەکردن، ئەگینا چۆن دەیزانی کاروانەکە دێت، ئەم دینە هاوسەنگی ڕاگرتنە، دین بە وێرانکردنی دونیا ڕاوەستاو نابێت، دونیاش بە وێرانکردنی دین ڕاوەستاو نابێت!

٥. جەنگی بەدر فێری کردین، ئیسلام بە شمشێر بڵاونەبۆتەوە، ئەوانەی لە بەدردا شمشێریان هەڵکێشا چەندین ساڵ ئەمەیان لێ قەدەغەکرابوو، ئیسلام بەو حەقەی تێیدابوو بڵاوبوویەوە، بەو ڕووناکییەی لە لاکانیەوە بوو، لێ ئەو حەقەی هێزی لەگەڵ نییە خەڵکی بە کەم سەیری دەکەن، شمشێر تەنها بەربەستەکانی ڕێگای بانگەوازی لادەدا، ئەگینا بازرگانە موسڵمانەکان بە ڕەوشتیان چەندین وڵاتیان فەتحکردووە!

٦. جەنگی بەدر فێری کردین، مرۆڤ خێر و شەڕ لێک جوودا ناکاتەوە، تێڕوانینی کورتە، پەی پێردنی عەقڵی لە سنووریکدا کۆتایی دێت، لە دیمەنەکەدا تەنها بەشە دیارەکەی دەبینێت، موسڵمانەکان ویستیان ﴿ غَيْرَ ذَاتِ ٱلشَّوْكَةِ ﴾ واتە: ئاواتەخوازن و حەزدەکەن کاروانە بێ چەک و ئاسانەکە بۆ ئێوە بێت!

لی خودا ویستی شتێکی تر ببێت، گەر بەپێی ویستی خۆیان کاریان بکردایە چۆن سەرانی قورەیش دەبوونە قوربانی و پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەوتن: گەیشتن بەوەی کە بەڵێنتان پێ درابوو!

٧. جەنگی بەدر فێری گرنگترین وانەی سەرکردایەتی کردین، ئەویش ڕاوێژکردن و پێکدادانی بۆچوونەکانە لەوەی سوودی ئوممەتی تێدایە، پێش جەنگەکە پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: ئەی خەڵکینە بۆچوونی خۆتانم پێ بڵێن! کە ئەوەی تێدا بینین دڵی خۆشدەکات بەرەو جەنگ بردنی! لە کاتی جەنگیشدا چووە سەر بۆچوونی حەبابی کوڕی مونزیر، بیرەکانی بەدریان خستە پشتەوەی خۆیانەوە بۆ ئەوەی قورەیش ئاوی لێنەخواتەوە، چووە سەر بۆچوونی ئەوان، چونکە کارەکە بە نیگا نییە، بەڵکوو بۆچوون و جەنگ و فێڵە!

لەدوای جەنگەکەش ڕاوێژی بە یاوەران کرد چ لە دیلەکان بکەن، گەر سەرکردەیەک لە ڕاوێژکردن بێ پێویست بوایە ئەوا پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە هەمووان بێ پێویست تر دەبوو!

٨. جەنگی بەدر فێری کردین، سەرکەوتن نایەت ئیللا ئەو دەمەی بە تەواوی تەسلیمی خودا و پێغەمبەرەکەی دەبین، سەرکردەی مەزن دەروونی سەربازەکانی دەپشکنێت، جەنگەکان تەنها بە شمشێر یەکلایی ناکرێنەوە، لەدوای ئەوەی دڵنیابوو لەبەرەی کۆچبەرەکان، ئەوەی مایەوە دڵنیابێت لەبەرەی پشتیوانەکان، سەعدی کوڕی مەعاز زۆر دوانەکەوت و ئاشکرای کرد: ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئێمەت ـەوێت؟ گەر بەڕۆیشتن بمان بەیت بۆ (برک الغمار) دێین لەگەڵت!

ئوممەتێک کارەکانی ڕادەستی خودا و پێغەمبەرەکەی دەکات چۆن شکست دەهێنێت؟!

٩. جەنگی بەدر فێری کردین، هەر کەس گوێڕایەڵی خودا بکات، خودا هەموو شتێکی بۆ کەوی دەکات،

وەنەوز دەیانگرێت بۆ ئەوەی هێور ببنەوە، بارانی کەرامەت دەڕژێت بەسەریاندا و جبریل شوێنی خۆی لە جەنگەکەدا دەگرێت، لە پشتیەوە چەندین ڕیزی فریشتە دەوەستن و چەکدارن بە فەرمانی خودا ﴿ فَثَبِّتُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْۚ﴾ و ﴿فَٱضْرِبُواْ فَوْقَ ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ﴾ شەیتان ڕاەکات، ئەو ئێستا شتانێکی دەبینێت کە قورەیش نایبینێت، جبریل فەرمانی بۆ سوارییەکەی دەردەکرد: بەرەو پێشەوە حیزوم!

١٠. جەنگی بەدر فێری کردین، دوعاکردن دەست گرتنە بە هۆکارەکانەوە، گەر ڕۆژێک کەسێک لە دوعا بێ پێویست بووایە ئەوا پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ڕۆژی بەدردا لێی بێ پێویست دەبوو، جەنگی ئیمانە کە هیچ نا ڕوونییەکی تێدا نییە، دژی شیرکێکە کە ناڕوونی تێدا نییە، لێ پێغەمبەری خودا(ﷺ) پڕ بەدڵی دوعای دەکرد: پەروەردگار! ئەو سەرکەوتنەی بەڵێنت پێدابووم، پەروەردگار! گەر ئەم کۆمەڵە لەناوبچن هەرگیز لە سەر زەویدا ناپەرستێریێت!

١١. جەنگی بەدر فێری کردین، بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێردایە و تێکۆشان پەرستشە، ئەو خودایە فەرموویەتی: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ﴾ هەر ئەو زاتە فەرموویەتی: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾

هەربۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەیفەرموو هەستن بەرەو جەنگ، بەڵکوو فەرمووی هەستن بەرەو بەهەشتێک پانتاییەکەی هێندەی ئاسمان و زەمینە، لێرەدا مردن شیرین بوو، عومەیری کوڕی حەمام خورماکانی دەستی فڕێدا، کاتێکی زۆرە ئەم خورمایانە دوورم بخاتەوە لە بەهەشت!

١٢. جەنگی بەدر فێری کردین، دوژمنەکان یەکسان نین، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە یاوەرانی فەرموو: هەر کەسێکتان بەختەری کوڕی هیشامی بینی نەیکوژێت! بەختەری لە مەککە سەریدەخست و ڕێزی لێدەنا! گەر گەیشتنە عەباسی کوڕی عەبدولموتەڵیب نەیکوژن، چونکە بە زۆر هێناویانە! پێغەمبەری خودا(ﷺ) فێری کردین تەنانەت لە باتڵیشدا ئومێدێکی خێر هەیە، مامەڵەکردن لەگەڵ هەمووانیدا بە یەک شێواز لەناوبەرە، وەک چارەسەرکردنی سەرجەم نەخۆشەکانە بەیەک دەرمان!

١٣. جەنگی بەدر فێری کردین، مەردەکان سەرکەوتن وایان لێناکات بێ ئاگابن لە بە ئەمەک بوون، ئەو دەمەی لە تائیف بەردبارانکرا و ڕێگری لێکرا بچێتەوە مەککە، موتعیمی کوڕی عەدی پەنای دا، کە دیلەکانی قورەیشی بینی یەکێک لە گرنگترین وانەکانی وەفای لە مێژوودا پێشکەش کردین: گەر موتعیمی کوڕی عەدی لە ژیاندا بووایە و لەبارەی ئەمانەوە قسەی بکردایە، بۆم ئازاد دەکردن! ئای لەم وەفایەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئای لەم وەفایە، ئەوانەی دژت جەنگاون ئازادیان بکەیت تەنها لەبەر خاتری موشریکێک کە چاکەی لەگەڵدا کردووە!

١٤. جەنگی بەدر فێری کردین، سەرکردە خزمەکانی ناشارێتەوە و منداڵی خەڵکی ناخاتە جەرگەی جەنگەوە، ئەو دەمەی ساتی دەستپێکردن هات، هەردوو سوپاکە بەرانبەر یەکتری وەستان بۆ شمشێربازی، پێغەمبەری خودا(ﷺ) خۆشەویسترین مامی ناردە پێشەوە، گەورەی شەهیدەکان حەمزە، هەروەها زاوا و خۆشەویستی عەلی کوڕی ئەبو تالیب، ئامۆزایەکی تریشی عوبەیدەی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولمەتەڵیب!

١٥. جەنگی بەدر فێری کردین، بیروباوەڕ پەتوترین بەستەرە، خۆشەویستی خودا و پێغەمبەرەکەی لەسەرووی هەموو خۆشەویستییەکەوەیە و لە پێش هەموو شتێکە، حەقیش باتڵی لەلا خۆشەویست نابێت، گەرچی لە کەسە نزیکەکانیش بێت، قورەیش هۆزەکەیەتی، ئەمە کەس و خزمانیەتی کە ڕۆژی فەتحی مەککە لێیان خۆشبوو، لی لە کاتی بە تواناییدا لێیان خۆشدەبێت و لە کاتی بەهێزیدا دەیانبووریێت، بەلام کە بە خراپی و لوتبەرزییەوە هاتن، باتڵ تەنها شمشێری بۆ هەیە، گەرچی باوک و کوڕ بەرانبەر یەکیان گرتبێت!

الوطن

٢٠١٨/٦/٥

## ئەو دەمەی ملیۆنێک دۆلارم بردەوە!

ملیاردێری مەکسیکی دێڤید مشێل لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:

بێهیوا مەبە لەو کارەی ئەنجامی دەدەیت، کۆکردنەوەی سەروەت لەوشتە سادانەوە دێت کە کەس گرنگییان پێنادات، من دەستم کرد بە کۆکردنەوەی سەروەتەکەم لەو دەمەی نۆ ساڵان بووم، لە ڕێگای چوونم بۆ قوتابخانە ئەو سێوانەم کۆدەکردەوە کە لەسەر زەوی فڕێدرابوون، پاکم دەکردنەوە و بە خەڵکیم دەفرۆشتن، لەو کاتەدا خەڵکی پێم پێدەکەنین و گاڵتەیان پێدەکردم، لێ من خۆڕاگر و گەشبین بووم، دواتر بازرگانییەکەم گەورەتربوو، ڕاستەوخۆ لە جووتیارەکانم دەکڕی، بازرگانییەکەم لە گەشەدا بوو هەتا گەیشتمە تەمەنی سی و پێنج ساڵی، لەم دەمەدا مامە ملیاردێرەکەم مرد کە نە ژنی هەبوو نە خزم، جگە لە من، قاچاخچی مادە هۆشبەرەکان بوو لە بەڕازیل، هەموو میراتییەکەیم وەرگرت! هیوام وایە گومانتان وانەبووبێت کە لە ڕێی سێوی گەنیوەوە بوومەتە ملیاردێر، داوا لە خودا دەکەم ئەو ڕۆژانە بە چاوی خۆم نەبینم!

دوێنێ ئەم چیرۆکەم بۆ هاوڕێکەم باسکرد، ئەوەی وایکرد عەرزی عەزەلاتی ڕووناکبیری خۆمی بۆ بکەم، ئەوەبوو پەیامێکی ئەلکترۆنیم لە کەسێکی نەناسراوەوە پێ گەیشت، تێدا وتبووی

گوایە من بوومەتە براوەی یەک ملیۆن دۆلار، داوای دەکرد کەرەم بنوێنم و هەژماری بانکی خۆمی بۆ بنێرم بۆ ئەوەی پارە بخاتە سەر هەژمارەکەم، هەتا یەک کاتژمێر نەمدەزانی چۆن ئەو برە پارەیەم بردۆتەوە، چونکە لە پێشبڕکێکاندا بەشداری ناکەم، گەر بەشداری بکەم بەختی خۆم دەناسم، وەک بەختی نەنکم وایە کە لەبارەیەوە دەیوت: گەر کڵاو بفرۆشم، خەڵکی بێ سەر دەبن! ئەڵبەتە ئەمە یەکەمین جار نییە لە ڕێی ئیمێڵەوە پارەیەکی زۆر ببەمەوە، بەردەوام لەم جۆرە پەیامانەم پێدەگات کە بڕێ پارەی تێدایە، قورسە لەسەرم خەیاڵی ئەوە بکەم کە دەبمە خاوەنی، ئەو ژمارە زۆرانە کۆتاجار بەکارمهێناوە لە وانەی جوگرافیادا بوو لە وەڵامی ژمارەی دانیشتووانی وڵاتێکدا، ئێستاش نازانم حیکمەت لە زانینی ژمارەی دانیشتووانی بەنگلادیش چییە!

بەهەرحاڵ هاوڕێکەم حەماس گرتی بۆ ئەم بردنەوەیەم، پێداگری لێکردم کە هەژماری بانکییەکەمی بۆ بنێرم، لە زۆری حەماسەکەیدا کردیە مەرج لەسەرم بڕێکی ئەو پارەی پێبدەم، لەدوای ئەوەی کەسە نەناسراوەکە پارەکەی خستە سەر هەژمارەکەم، هەرچەندە دەزانێت بە هەزار حاڵ مافی خۆمان وەردەگرین لەو کەسانەی کە دەیانناسین، چۆن کەسێکی نەناسراو دێت بڕێکی وەها پارەت پێدەدات کە نازانی چۆن بردووتەتەوە، ئەڵبەتە دەزانم ئەمجۆرە ئیمێڵانە تەنها هەوڵدانە بۆ دزی، هەرچەندە ئەوەی لە هەژمارەکەمدایە بۆ دزەکە نێچیرێکی چەور نییە و دەزانم هیوابڕاوی دەکەم، لێ ملکەچ نەبووم بۆ هەوڵدانەکانی هاوڕێکەم بۆ ئەوەی قەناعەتم پێ بکات هەژمارە بانکییەکەمی بۆ بنێرم! کە تەواو نارەحەتبوو وتی: چ لەدەست دەدەیت؟!

لـه حەقیقەتـدا گـەر ئـەوە بکـەم زۆر شـت لەدەسـت دەدەم. یەکەمینیـان هاوڕێکەمـە، لـەدوای ئـەوەی دەبمـە خاوەنـی ملیۆنێـک دۆلار، قورسـه لەسـەرم بەردەوامی بدەمـه ئـەم هاوڕێیەتییه بێ خێرەم و بەدڵنیاییـەوە لەدەستی دەدەم! ئـەو باوەڕەم لەدەست دەدەم کە ئەم هەسارەیە هەسارەیەکی خراپە، ڕاهاتووم لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی ئەم هەسارەیە زۆر لـەوە خراپترە کەسێک بێ بەرانبـەر ئـەو بڕە پارەت پێبـدات! ئەڵبەتـە بوێریـم نەکـرد ئـەم هۆکارانـەی پـێ بڵێـم، بەڵکـوو سیمینارێکم پێشکەش کرد لەبارەی گرنگی قەناعەتـەوە و نابێت پارە ئامانجـی مـرۆڤ بێت، دەوڵەمەنـدی دەوڵەمەنـدی دڵـه و سـەروەتی حەقیقـی ئێمـە ئـەو کەسـانەن کـه خۆشـماندەوێن و خۆشـیاندەوێین، گەرچـی قەناعەتـم وایـە هیچـی تێدانییـە کـە مـرۆ بـە دڵ و گیرفانـی زەنگیـن بێت، خەڵکیشـی خۆشـبوێت و ئەوانیش خۆشـیان بوێت، لـێ قەناعەتی خۆم بە ئەوانی تر ناڵێم کە دەشێ لـە کاتی گفتوگۆکردندا لـە دژم بەکاریبهێنـن!

الوطن

٢٠١٨/٦/٧

# خۆت بە

بەیدەبا لە کەلیلە و دیمنەدا ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

قەلەڕەشێک کۆترێکی بینی ڕێ دەکات، سەرسامبوو بە ڕۆیشتنەکەی، هەربۆیە بڕیاریدا لاسایی ڕۆیشتنەکەی بکاتەوە، هەوڵیدا و هەوڵیدا، دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە لاسایی کردنەوە، بۆی دەرکەوت ناتوانێت وەک کۆتر ڕێ بکات، بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ڕۆیشتنە کۆنەکەی خۆی، بەڵام تووشی شۆک بوو، چونکە تەنانەت ڕۆیشتنە کۆنەکەی خۆیشی لە یاد کردبوو، نە وەک کۆترەکان ڕۆیشت، نەشیتوانی وەک قەلەڕەشەکان ڕێ بکات!

لەوەیە یەکێک بڵێ: چیرۆکێکی ئەفسانەیی و نموونەیەکە تەنها بۆ کەمێک دڵخۆشییە و هیچی تر!

بەرگری لەو چیرۆکانە ناکەم کە لەسەر زمانی ئاژەڵ و باڵندەکان دەگێڕدرێنەوە، لێ هەندێ نموونەی کورت باس دەکەم کە کەسەکان خودی حەقیقی خۆیان لەدەستداوە، لەو کاتەی لاسایی کەسانی تریان کردۆتەوە!

لە فیلمی جیهانی بەناوبانگ (Kinght Dark The) هونەرمەند (هیس لیدگەر) ڕۆڵی جۆکەری گێڕا، بەشێوەیەک ڕۆچوو لە ڕۆڵگێڕانەکەیدا، لەدوای وێنەگرتنی فیلمەکە نەیتوانی بگەڕێتەوە

بۆ سەر کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی، تووشی ترازانێکی گەورە و خەمۆکییەکی توند هات و زاڵ بوو بەسەریدا، هەتا لە کۆتاییدا بەهۆی خەمۆکیبوونەوە گیانی لەدەستدا!

لە زنجیرە درامای (bad Breaking) دین نۆریس ڕۆڵی هانکی گێڕا، هانک پۆلیسێکە لە ڕووبەڕوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان کار دەکات و دواتر لە کاتی کارکردندا تووشی ئیفلیجی دەبێت، ڕۆڵەکەی لەسەر کورسییەکی خوودکاربوو، لەدوای تەواوبوونی دراماکە نەیتوانی ڕزگاری بێت لێی، لە ماڵەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەری دەمایەوە وەک ئەوەی کەسێکی ئیفلیجە، هەتا تووشی خەمۆکی و ترازانی دەروونی بوو، ماوەی چەندین ساڵ بەدەست ئەمەوە ناڵاندی!

لە درامای (Thrones of Game)دا (جاک گلسون) ڕۆڵی (جۆفری) گێڕا، لەدوای مردنی کەسایەتییەکە لە دراماکەدا، نەیتوانی کەسایەتییەکەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بکوژێت، هیچ چارەیەکی نەبینیەوە ئیللا ئەوە نەبێت واز لە ڕۆڵگێڕان بهێنێت، لەدوای ئەم بڕیارە وتی: هەتا ئەم ساتەش جۆفری دەمترسێنێت!

گەر قەلەڕەش لە کەلیلە و دیمنەدا ڕێکردنی لەبیرچووبێتەوە لەدوای ئەوەی هەوڵیدا لاسایی ڕۆیشتنی کۆتر بکاتەوە، گەر هەندێ ئەکتەر کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان لە یاد کردبێت و ڕۆڵە سینەماییەکانیان زاڵبووبێت بەسەریاندا، ئەوا شتێک لەمەش لە نێو خەڵکیدا ڕوودەدات!

بە هۆکاری زۆر- کە کاتی نییە باس بکرێت- هەندێ لە خەڵکی لە ڕۆڵێکدا دەژین کە پێچەوانەی خودی خۆیانە، هەتا لە کۆتاییدا

یەکێکیان بەرانبەر ئاوێنە دەوەستێت و پرسیاری پێناسی ئەو کەسە دەکات کە لە ئاوێنەکەدا دەیبینێت!

خودا هەر یەکێکمانی بە جۆرێک ئافراندووە، هەموو کەسایەتییەکانی کۆمەڵگا گیراوە. تاکە کەسایەتی کە بەردەستە کەسایەتی خودی خۆمانە، بۆچی هەندێک هەوڵی ئەوە دەدەن نوسخەی کەسانی تر بن لە دەمێکدا مرۆڤ دەتوانێت خودی خۆی بێت!

ئەڵبەتە هەندێ جار ژیان هەندێ سازشکردن دەسەپێنێت بەسەرماندا، زۆربەی کات پێکەوەژیان بڕیارێکی ژیرانەیە، هەتا ئێستاش چاوپۆشی و خۆگێلکردن سیفاتی کەسە بەڕێزەکانە، لێ هەموو ئەمانە شتێکە و مرۆ کەسێکی تر بێت جگە لە خودی خۆی شتێکی ترە، خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی توانیویەتی خودی خۆی بێت!

الوطن
٢٠١٨/٦/١٢

## ڕووی ئەلکترۆنی

یەکێک لەو قسە نەستەقانەی بەم دواییانە خوێندمەوە:

ئافرەتێک دەڵێت: لە تویتەر لەسەر بابەتێک موناقەشەم لەگەڵ مێردەکەمدا کرد.

پێی وتم: ڕێز لە بۆچوونەکەت دەگرم ئەی ڕووناکبیر، پارچەیەکیت لە هەست!

ئەمە لە کاتێکدا لە ماڵەوە لەسەر هەمان بابەت موناقەشەم لەگەڵیدا کرد، پێی وتم: دەمت داخە و بخەوە!

زۆر حەزم بە باسە نەستەق و خۆشەکانە، ئەم حەزەش وای لێکردم کتێبی (طرائف العرب) بنووسم کە دوو هەزار لاپەڕەیە و لە کۆکردنەوەیدا سوودم لە نزیکەی شەست کتێب وەرگرتووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەوانەی لە نزیکەوە نامناسن وادەزانن کەسێکی خەمۆکم! لێ ئەوانەی لە نزیکەوە دەمناسن لەوە دڵنیان!

دەگەڕێینەوە بۆ ئەو چیرۆکە نوکتاویەی دەستم پێی کرد... خەڵکی لەوەدا کۆکن قسەی خۆش و سۆعبەت لە کرۆکەکەیدا شتێکی لە جددیەت هەڵگرتووە! نازانم کێ وتوویەتی: گەر دەتەوێت بزانی میللەت لە چی دەترسێت، بنواڕە ئەو شتانەی گاڵتەی پێدەکات!

لە گۆگڵدا گەڕام بۆ خاوەنی وتەکە، بەڵام شێخ گۆگڵ فەتوای بۆ نەدام و ئەو دەرفەتە ئاڵتونییەی لەدەستدام، کە بیسەلمێنم ڕووناکبیرم و لە نووسینەکانمدا ئەو وتانەی دەیاندزم، بە ناوی خاوەنەکانیانەوە دەیاننووسم!

بەبۆچوونی من کەمێک لە خەڵکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەو ڕووە ڕاستەقینەیەوە دەردەکەون کە لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیاندا پێوەی دەژین، هەر چەندە چیرۆکی ژن و مێردەکە جیاوازە، لێ لە نموونەی ئەوە زۆر ڕوودەدات، لەوەیە کەسێک هەموو گوڵە ئەلکترۆنییەکانی جیهان دابەش بکات بەسەر ئەوانەی کۆمێنتی بۆ دەنووسن، بەڵام بەدرێژایی ژیانی گوڵێکی پێشکەش بە هاوسەرەکەی نەکردبێت! لەوەیە کەسێک لەبارەی ئازادی ڕادەربڕینەوە وتارێک بنووسێت، بەڵام لە ماڵی خۆیدا وەک فیرعەون وابێت لە نێو خەڵکی میسردا، بۆچوون تەنها بۆچوونی خۆیەتی! زۆرێک لەوانەی بانگەوازی ئازادی و بونیادنانی کەسایەتی دەکەن، ژنەکانیان بە ڕیمۆت کۆنترۆڵ دەیانجووڵێنن!

لەگەڵ ئەمەشدا ڕوویەکی تری ئەلکترۆنی هەیە جگە لەمەی باسمانکرد، گەر هەندێ کەس ڕووە ناشرینەکەیان دەشارنەوە لە پشت ڕووی ڕازاوەی ئەلکترۆنیدا، هەندێ کەس تەواو پێچەوانەی ئەمەن، هەندێ کەسی ترسنۆک هەن، گەر یەکێکیان بەلای پۆلیسێکدا تێپەڕێت، ئەژنۆی دەشکێت و چەقەی ددانی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات، کەچی دەیەوێت خەڵکی بڕژێنە سەرشەقام و داوای مافی خۆیان بکەن، خۆپیشاندان شتێکی هەڵە نییە و مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ کە لەڕێیەوە گوزارشت بکات لە واقعی ژیانی و ڕەتیبکاتەوە! لێ هەڵەکە ئەوەیە کەسێک لە ژێر جێگاکەیدابێت و کوپێ چای بگرێتە دەستیەوە و ئینجا دەستبکاتە پۆلێنکردنی خەڵکی، فلان نیشتیمانپەروەرە، فلان

خیانەتکارە، فلان بەکرێگیراوە، خۆیشی لەبەردەم بەڕێوەبەرەکەیدا وەک پشیلەی ماڵی وایە!

لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا کۆمەڵێک هەڵە هەیە گەر بمانەوێت لەبارەیانەوە بدوێین، هەموو وشەکانی زمانی عەرەبی بەشیان ناکات، ئەو دەمەی کەسێک بڕیار دەدات بێدەنگ بێت، لەسەر بنەمای: زمان بوەستێت سەر سەلامەتە، بە بۆچوونی من ئەم بنەمایە هیچ گرفتێکی تێدانییە، چونکە دەزانم ئەوەی بۆچوونی خۆی دەڵێت لە نەفسی ئەمین نییە، لێ تاقیبکەرەوە نووسراوێک بڵاوبکەیتەوە کە بیرکردنەوەیەکی تێدایە بەپێی ئارەزووی ئەو نییە، بۆ ئەوەی مرۆڤە نەخۆشەکەی ناخی بەدیارکەوێت، لەگەڵیشتدا ڕۆڵی کەسایەتی سەرداری شەهیدەکان دەگێڕێت، هەتا وادەرکەوێت ئەو فەرمانت پێدەکات و ڕێگریت لێدەکات و بەدوای شەهیدبوونەوەیە!

ئەوەی لە هەموو ئەمانەدا مەبەستم بوو ئەوەیە، هەموو بانگخوازە ئەلکترۆنییەکانی ئیسلام، مەرج نییە لە ژیانیاندا بانگخوازبن، هەموو ئەوانەی بانگەشەی ئازادی دەکەن، مەرج نییە ئازادی ببەخشن بەوانەی ڕەخنەیان لێدەگرن، یان بە ئازادی گوزارشت لە بۆچوونیان بکەن، زۆر کەس سیمینار پێشکەش دەکەن لەسەر ڕەوشتی هاوسەرگیری، لێ ژن و مێردی شکستخواردوون، بەڵام مرۆڤ لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەدا دەکات: وتەکە وەربگرە و واز لە وێژەرەکەی بهێنە! پاشان شتێکی باشە مرۆڤ بۆچوونی ڕاست پێشانی خەڵکی بدات، گەرچی خۆیشی ئەنجامی نەدات!

ئەوەی گرنگە بە ڕووەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان فریو نەخۆن، چونکە هەمیشە ڕووی ژیان نییە!

الوطن

٢٠١٨/٦/١٤

## ڕەببانی بن نەک ڕەمەزانی!

ئەو دەمەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) وەفاتی کرد، موسڵمانەکان خەمباری دایگرتن و تووشی شۆک هاتن، سدیقی ئەم ئوممەتە لە مزگەوتدا وەستا، بۆ ئەوەی خاڵ بخاتە سەر پیتەکان، ئەوێ ڕۆژێ وتە بەناوبانگەکەی فەرمoوو:

ئەی خەڵکینە: ئەو کەسەی موحەممەدی(ﷺ) دەپەرست ئەوا موحەممەد(ﷺ) وەفاتی کرد، ئەوەیش خودا دەپەرستێت ئەوا خودا زیندووە و نامرێت!

بە پشت بەستن بە وتەکەی ئەبو بەکر، دەمەوێت لەنێو خەڵکیدا جاڕ بدەم:

ئەی خەڵکینە: ئەو کەسەی ڕەمەزانی دەپەرست ئەوا ڕەمەزان ڕۆیشت، ئەوەی خوداش دەپەرستێت ئەوا خودا پەروەردگاری هەموو مانگەکانە!

حەزم بە بێهیواکردن و شکاندنی سەوڵەکانی کەسانی تر نییە، سەرسامم بە نیوە پڕەکەی پەرداخەکە، بەجۆرێک هەندێ جار نیوە بەتاڵەکەی لە یاد دەکەم، حەزدەکەم مۆمێک ڕۆشن بکەم، چونکە ئێرە شوێنی نەفرەتکردن نییە لە تاریکی!

پێشوازیکردنی ئوممەت لەو مانگەی خودا پێی بەخشیوە، کارێکە مایەی دڵخۆشییە و دڵەکان فێنک دەکاتەوە!

دیمەنی ڕیزە زۆرەکانی نوێژی بەیانی، چێژە بۆ چاو و مایەی ئارامییە بۆ دڵ، کە ئەم ئوممەتە نەخۆش دەکەوێت و نامرێت و خودا هەموو ساڵێک مانگێکی بۆ دەنێرێت ئەوە زیندوو دەکاتەوە کە بەدرێژایی ساڵەکە تێیدا مردووە!

دیمەنی پڕی مزگەوتەکان لەکاتی نوێژی تەراویحدا، ئاماژەیە بۆ کامەرانیی و وات لێدەکات ئاسوودەبێت!

باسکردنی خەتمی قورئان و پێشبڕکێکردن لە خەتم کردندا، دڵخۆشکەرەیە!

بەشداریکردنی منداڵە بچووکەکان لە کێبڕکێکانی ئەزبەرکردنی قورئان لە ڕەمەزاندا، ئەوەمان پێدەڵێت تۆوی داهاتووی ئەم ئوممەتە چاکە و گەشە دەکات و ڕۆژێک دێت بەرەکەی دەخورێت!

گۆڕینەوەی قاپی خواردن لە نێوان هاوسێکان، نەریتێکە لە نەریتەکانی خۆشەویستی و پێکەوەژیان نەک نەریتێکی خۆراکیی!

زۆری خێرکردن و بەسەرکردنەوەی هەژاران، ئایەتێکە لە ئایەتەکانی دەستباری کردن!

بەڵام ئەوەی من لێی تێناگەم، بۆچی ڕەوشت و پەرستشی ڕەمەزان بەدرێژایی ساڵەکە هەڵناگرین؟

بۆچی لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندا، نوێژی بەیانی چەندین ڕیز نوێژخوێنی لێیە و لە ڕۆژەکانی سەرەتای شەوالدا بە هەزار حاڵ ڕیزێک تەواو دەبێت؟

بۆچی وا مامەڵە لەگەڵ قورئاندا دەکەین وەک ئەوەی کتێبی یەک مانگە، نەک هەموو تەمەن؟

بۆچی مانگەکانی تر بەدوای هەژارەکاندا ناگەڕێین؟

بۆچی لە ڕەبیعی یەکەم یان حوزەیران یان دیسەمبەر دەورییە خواردن نانێرین بۆ دراوسێکانمان!

بۆچی هاندانی منداڵەکان بۆ ئەزبەرکردنی قورئان دەوەستێت یان دوای ڕەمەزان نامێنێت، بۆچی بەدرێژایی ساڵەکە پێشبڕکێ ڕێکناخرێت؟!

دیمەنەکانی ڕێزلێنان و بەگەورەدانانی ڕەمەزان و هەستان بە حەقی خۆی بە نوێژ و ڕۆژوو و قورئان و خێرکردن، کارێکی مەزن و دڵخۆشکەرە، ئەو ئوممەتەی بەمشێوەیە دەست دەگرێت بە ڕەمەزانەوە و نایچوێنێت، وەک چۆن ئوممەتەکانی تر ئەنجامیاندا، ئوممەتێکە بۆ ئەوە دروستکراوە بگەڕێتەوە بۆ جاری جارانی و ببێتەوە ڕابەری مرۆڤایەتی، هەڵگری بەیداخی شارستانیەت و مرۆڤایەتی بێت، وەک چۆن چەندین سەدە بەوشێوەیەبوو!

لێ ئەم ئوممەتە ناگەڕێتەوە شوێنی سروشتی خۆی هەتا ڕەمەزان نەباتە مانگەکانی ترەوە، ڕەبانی بن نەک ڕەمەزانی، هەموو ساڵێک لە خێر و خۆشیدابن!

الوطن

٢٠١٨/٦/١٧

# ئەو شتانەی کە دەمێننەوە!

دوێنێ چاوم کەوت بە وێنەیەکی خەندە ئامێز، بریتی بوو لە ڕیکلامێکی گۆڤارێکی ئەمریکی، مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠، ڕیکلامی سەنتەرێک بوو بۆ یارمەتیدانی ئافرەتان بۆ زیادکردنی کێشیان، لە ڕیکلامەکەدا وێنەی ئافرەتێکی لاواز بوونی هەبوو، لەژێریدا نووسرابوو: خانمەکەم تەنها پێست و ئێسقان مەبە!

خەیاڵ بکەن پێش سەد ساڵ قەڵەوی ئافرەتان پێوەری جوانی ئافرەتبووە، ئەو کەمەر باریکییەی ئیمڕۆ لە ئافرەتەکان داواکراوە، ئەوێ ڕۆژێ ناشرین و نەنگی بووە!

عەرەب و غەرب لەمەدا یەکسانن، لە بەسەرهاتەکانی عەرەبدا هاتووە کە پەنایان گرتووە بە خودا لە ئافرەتی کەمەرباریک و کەم چەوری! لە دوعاکانی ئەو کاتەیان: پەنادەگرم بە خودا لەو ئافرەتە لاوازانەی کە جلەکانی بەری، دەڵێی بە دارەوە هەڵواسراوە!

عەرەب ئافرەتی قەڵەوی بە جوان دەزانی، تاریفی ئافرەتی قەڵەویان دەکرد بە لاڵکەری بازنگەکان، چونکە بازنگ لەدەستیدا توندە و دەنگی لێوە نایەت، بەپێچەوانەی دەستی لاوازەکان کە بازنگ تێیدا خڕەی دێت!

جا بۆچی لە مێژوودا ڕۆبچین، پێش چەند ساڵێکی کەم برۆ باریککردنەوە مۆدێل بوو، ئافرەت ئامادەبوو جەنگ هەڵگرسێنێ لە دژی ئەوەی پێی دەڵێت برۆی پانە، ئەوەتا ئێمڕۆ شتەکە پێچەوانە بۆتەوە، مۆدێلی برۆی باریک نەماوە و مۆدێلی برۆی پان جێی گرتۆتەوە!

قەڵەوی نیشانەی جوانی و مێینەبوون بوو، ئێستا بۆتە هەڵوەشێنەرەوەی! برۆی باریک خواستی ئافرەتان بوو، ئێستا لێی رادەکەن، وەک چۆن عەرەب لە زەوییەک ڕادەکات کە تاعونی تێدا بڵاوبۆتەوە!

وەک دەبینن پێوەرەکانی جوانی دەگۆڕێن و پێچەوانە دەبنەوە، لێ چەندین سیفات هەن لە ژن و پیاودا هەرگیز نابنە مۆدێل و زەمانە ناتوانێت بیانپێچێتەوە، هەموو سەردەمێک داواکراون و هۆکاری جوانکارییـن و کەس لێیان بێ پێویست نابێت!

عەرەب کە حەزی لە ئافرەتی قەڵەوبووە، ئەمە واتای ئەوە نییە بێ پێویست بووە لە ڕەوشت و سۆز و بەخشندەیی و ڕووناکبیری و گفت شیرینی ئافرەت، ئێمڕۆش کە پیاو حەزی لە کەمەرباریکە، ئەمەش واتای ئەوە نییە گەر ئافرەت کێشی کەم بێت دەبێتە هۆی ئەوەی چاپۆشی بکات لێی گەر کەم ڕەوشت بێت! پێوەری جوانی لە پیاوەکانیشدا بەوشێوەیە بووە، ئافرەتانی پێشوو حەزیان بەو پیاوانەبووە کە سکیان شەش ماسولکەی پێوەیە، وەک ئەوەی ئافرەتانی ئێمڕۆ حەزیان پێیە، لێ ئافرەتانیش شتانێکیان لە پیاواندا دەوێت جگە لە شەش ماسولکە یان ورگی زل، پیاوی مەرد و بەڕێز، ڕەوشتبەرز و گفت شیرین، داواکراوە جا شێوەی هەر چۆنێک بێت!

ئەڵبەتـە لـە گوتەکانـم وا تێنەگـەن کـە بـە ئافرەتـان دەڵێـم پێـوەرە تازەکانـی جوانـی بەکارمەهێنـن، چـۆن دەتانەوێـت قەڵەوبـن... بـە پیاوەکانیـش ناڵێـم بـا سـکتان پێـش خۆتـان بکەوێـت! بەپێچەوانـەوە، مرۆ ناتوانێت لـە دەرەوەی ئـەو سـەردەمە بژی کـە تێیدا لـە دایکبووە، هەمـوو ئـەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیـە: چەندیـن سیفەت هـەن وامان لێدەکـەن جـوان دەرکەویـن کـە جگـە لـە کێش و بـرۆ و ورگمانـە، ئـەو سـیفەتانەی دەمانکەنـە مرۆڤـی ڕاسـتەقینە، جوانـی چەنـدێ بـاڵا بێت زۆر نامێنێتـەوە و ڕادێیت لەگەڵـی، چەندیـن ئافرەتـی شـۆخ و شـەنگ هەیـە مێردەکـەی لێی ڕادەکات، چەندین پیاوی کەشـخە هەیـە ژنەکـەی حەوسـەڵەی ئـەوەی نییـە تەماشـای نێو چاوانـی بکات، چەنـدێ دەتوانن خۆتـان جـوان بکـەن، کەمەرتـان باریـک بکەنـەوە، خۆتـان بڕازێننـەوە، خۆتـان بۆنخـۆش بکـەن، لـێ پێش هەمـوو ئەمانـە مرۆڤـی ڕاسـتەقینە بـن، دەسـتبگرن بـەوەی دەمێنێتـەوە!

الوطن

٢٠١٨/٦/١٩




**Tanya Haji | تەنیاحاجی**

public channel

Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " ئەڤین فەقێ تاهیر "**
**کراوە بە pdf و پێشکەش بە خوێنەران کراوە**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## عەرەبی لیبرالّی!

ڕەچەڵەکناسەکانی لای ئێمە -کە وەک ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی لای ئەوان وان- عەرەب دەکەنە دوو بەشەوە: عەرەبە لەناوچووەکان و عەرەبە ماوەکان!

عەرەبە لەناوچووەکان وەک گەلی عاد و سەموود. ناوی لەناچوو (البائدة)ی لێنراوە، چونکە سوپاس بۆ خودا پێش هاتنی ئیسلام نەماون!

سەبارەت بە عەرەبە ماوەکان، ئەوانەن ڕزگاریان بووە هەتا گەیشتوون بە ئیسلامی پیرۆز، دووبارە سوپاس بۆ خودا! ڕەچەڵەکناسەکان عەرەبە ماوەکان دەکەنە دوو بەشەوە: العرب العاربة و العرب المستعربة!

العرب العاربة: قەحتانییەکانن کە ڕەچەڵەکیان دەگاتەوە سامی کوڕی نووح(ﷺ)!

العرب المستعربة: عەدنانییەکانن کە ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئیسماعیل(ﷺ)!

لەسەر باسی عەرەبە لەناوچووەکان، ڕۆژێک دێت هەموو مرۆڤایەتی لەناودەچێت، ئەمەش لە فەزڵی خوداوەیە! خەیاڵ بکەن چەندێ سەخت دەبوو گەر ڕۆژی دوایی بوونی نەبووایە و

دانیشتووانە کۆنەکانی ئەم هەسارەیە بە کردەوەکانیانەوە رزگاریان ببووایە، یان کەسە باشەکان پاداشتی چاکەکانیان وەرنەگرتایە... لێ خودا دادپەروەرە و یەکێک لە دادپەروەرییەکانی ئەوەیە ڕۆژی پاداشت و سزای داناوە!

لەسەر باسی عەرەبە ماوەکان، مانەوە و پەندیان لە برا لەناوچووەکانیان وەرنەگرت، هەتا کۆمەڵەیەکیان تێدا دەرکەوت ئەویش عەرەبە لیبراڵییەکانە! کۆمەڵێکن بە عەرەبی دێنە گۆ، وەک پەیکەری گەلەکانی پێشوو وان، سەری مەڕ لەسەر مرۆڤێک و سەری مرۆڤێک لەسەر جەستەی بزنە کێوی! کێ هەیە لە خودا ڕاستگۆتر ئەو دەمەی فەرمووی: ﴿إِنْ هُمْ إِلَّا كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ سَبِيلًا﴾ واتە: ئەوانە هەر وەک ئاژەڵن بەڵکوو ئەوان گومڕا تریشن.

لە یەکەم یاری میسر لە جامی جیهانی لە بەرانبەر ئۆروگوای، گۆڵچی میسر موحەممەد شناوی خەڵاتی باشترین یاریزانی یارییەکەی بردەوە، لێ -خودا بەرەکەت بخاتە دڵییەوە- خەڵاتەکەی ڕەتکردنەوە، چونکە لەلایەن کۆمپانیایەکی مەی فرۆشتنەوە پێشکەش دەکرا! ڕەتکردنەوە و قبووڵکردنی خەڵاتەکان، ئازادی تاکە کەسییە، ئازادی تاکە کەسیش بناغەی لیبراڵیەتە، لێ عەرەبە لیبراڵییەکان پێیان خۆشنەبوو مرۆڤێک ئازادی خۆی ئەزموون بکات کە لە ئیسلامەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، تەنها ئازادی تاکە کەس کە بڕوایان پێیەتی خەڵکی ئەنجامی بدات خۆ داڕنینە لە ئایین، بەڵام ئازادبوونت لەوەی دینداری بکەیت سڵاو لە لیبراڵییە ساختەکەیان! دنیایان هەستان و قیامەتیان هێنا، لێرە وتارێک، لەوێ تویتێک، لەوێ لیدوانێک، پیاوەکەیان بە دواکەوتوویی تۆمەتبار کرد، وتیان لەبەرچاوی خەڵکیدا ئابڕووی بردووین! پێویستبوو ڕێز لەو پێشبڕکێیە بگرێت کە تێیدا بووە، وەک ئەوەی بەشداری کردبێ لە

پێشبڕکێی کۆنترین مەی و باشترین ڤۆدگا، نەک جامی جیهانی!

ئەوەی نامۆیە لە وڵاتە لیبراڵییە ڕاستەقینەکاندا، چەندین جار خەڵاتی نۆبڵ ڕەتکراوەتەوە، کەسیش نەیوتووە ئەمە دواکەوتووییە و ئەو کەسەی نۆبڵی ڕەتکردۆتەوە دەبوو هەر لە سەرەتاوە هیچی نەنووسیایە! بەپێچەوانەوە کارەکەیان وەک ئازادی تاکە کەس هەژمار کرد و هیچ کەسێک بۆی نییە کەسێک ناچار بکات بە وەرگرتنی خەڵاتێک کە دژی بنەما و بەهاکانیەتی!

ئەوەی جوانبوو لەم کارەدا، عەرەبە لیبراڵییەکان زللەیەکیان خوارد لەلایەن لیبراڵییە ڕاستەقینەکانەوە، فیفا بڕیاریدا کۆمپانیاکانی مەی خواردنەوە سپۆنسەری خەڵاتەکە نەبن کاتێک یاریزانێکی موسڵمان خەڵاتەکە دەباتەوە، ئەمەش ڕوویدا ئەو کاتەی گۆڵچی مەغریب بووە باشترین یاریزانی یاری نێوان مەغریب و ئێران!

بەمشێوەیە عەرەبە لیبراڵییەکان جارێکی تر ئەوەیان سەلماند کە تەنها مایەی شوورەیی نین بۆ ئێمە، بەڵکوو تەنانەت شوورەیین لەسەر لیبراڵییەتیش!

الوطن

٢٠١٨/٦/٢١

## خوشکی گەورە!

یابانییەکان ئاهەنگێکیان هەیە پێی دەڵێن (ڕۆژی خوشکی گەورە) بەجۆرێک هەموو ئەندامەکانی خێزانەکە کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی دیاری پێشکەش بکەن، لە پای ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی لە خێزانەکەدا گێڕاویەتی!

چەندین ساڵە ئەم زانیارییە دەزانم، ئەوەی پاڵنەرم بوو بۆ ئەوەی بیکەمە دیاری بۆتان، خودا هەروا بە بەبەخشەر بمهێڵێتەوە، شۆکبووم کە بینیم پەتای یابانییەکان سەبارەت بە خوشکی گەورە تووشی هەموو هەسارەکە بووە، بۆم دەرکەوت ڕۆژێکی جیهانی هەیە بە ناوی (ڕۆژی جیهانی خوشکی گەورە)، لە حەقیقەتدا نازانم چ شتێک وای لێکردم شۆک ببم، لە دەمێکدا هیچ شتێک نەماوە ڕۆژی بۆ دانەنێن، لە ڕۆژی جیهانی قاوەوە هەتا نانێن (سەبەتە)، گەر مرۆڤایەتی لەسەر ئەم دۆخە بمێنێتەوە بەرانبەر دانانی ڕۆژ بۆ شتەکان، ئەوا لە کۆتاییدا ناچارە دوو ڕۆژ بکاتە ڕۆژێکەوە بۆنموونە ڕۆژێک لەیەک کاتدا ڕۆژی جیهانی کتێب و ڕۆژی جیهانی پیتزا بێت!

بەهەرحاڵ و بەبێ درێژکردنەوە، لەبارەی خوشکی گەورە و سوودەکانی لەگەڵ هەندێک لە هاورێکانمدا گفتوگۆم کرد، ئایا بەراستی شایەنی ڕۆژی جیهانییە، هاورێکانم ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ڕێکنەکەون وەک حاڵی لوتکەی عەرەبی! لێ دەتوانم پوختەی گرنگترین ئەو خاڵانە باس بکەم کە ئەو کۆبوونەوە موبارەکە دەریخست لەو ڕۆژەدا، کە دەشێ هاوکات بووبێت لەگەڵ ڕۆژی جیهانی پەتاتەدا!

ئەندامانی کۆبوونەوەکە کۆکبوون لەسەر خۆشەویستی خوشکی گەورە، ئەمەش واتای ئەوە نییە کە ڕقیان لە خوشکەکانی تریانە تەنانەت خوشکە بچووک کە زۆربەی کات ڕۆڵی جاسوسی ماڵ دەبینێت! لێ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بڕیارەکاندا، چونکە پاشەبەرەیە و کچە بەنازەکەی باوکیەتی، دەتوانرێت وەک کارتی فشار بەکاربهێنرێت بۆ تێپەڕاندنی هەندێ پرۆژەی خێزانی! نکووڵی ئەوە ناکرێت زۆربەی کات خوشکی گەورە ڕۆڵی دایکی دووەم دەگێڕێت لە ماڵەکەدا، تەنانەت بۆ ئەو برایانەشی کە لە خۆی گەورەترن، بانکێکی بچووکی قەرزدانە، سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی سەرمایە دروستکردن بۆ براکانی کە قەرزە بچووکەکانیان نادەنەوە! ڕاوێژکارێکی بالایە، نهێنی پارێزە و سەرچاوەی متمانەیە.

لێ هەندێ لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە وتیان: خوشکی گەورە بە چەندین سووڕی ژیاندا گوزەر دەکات، لە پێش هاوسەرگیری جۆرێکە و دوای هاوسەرگیری جۆرێکی ترە، لەدوای هاوسەرگیری دەبێتە چاودێری فەرمی کارە بێگارییەکان (بێ کرێ)، کە دێتەوە بۆ ماڵی باوکی بە یاوەری عفریتە بچووکەکانی، پاڵدەداتەوە وەک

پاڵدانـەوەی کیلۆپاتـرا لەسـەر عەرشـەکەی، فەرمـان دەردەکات بۆ خوشکەکانی کە ئاگایان لـە کوڕەکەی بێت، پۆشـاکی کچەکەی بگۆڕن، ئەمـە لـەوێ دانێن، شـوێنی ئـەوە بگـۆڕن، خـۆی و منداڵەکانـی ماڵەکە دەدەن بەسـەریەکدا لەسـەر هەمووانیـش پێویسـتە سوپاسـگوزاری بن لەسـەر ئـەو ژیانـەی لـە ماڵەکـەدا بڵاویـان کردۆتـەوە، ڕەخنەگرتن قەدەغەیـە لـەم گۆڕەپانـی جەنگـەی سـازیان کـردووە، ئەگینـا شـاژنە ئیلزابێـس هەڕەشـەی ئـەوە دەکات ئەمـە کۆتـا سـەردانی دەبێـت کـە میللەتەکـەی بەسـەردەکاتەوە!

هەمـوو ئەوانـەی وتومـان لـە بابەتـی قسەخۆشـی و ڕووخۆشـی بوو، خوشکەکان لە هـەر ڕیزبەندییەکدا بن، گـەورە یـان بچووک یان لـە نێوانیانـدا، هەموویـان پارچەیەکن لـە دڵ، هەمـوو شـتێک بەجددی وەرمەگـرن!

الوطن

٢٠١٨/٦/٢٤

# لەسەر ڕێگا!

لە چیرۆکی ئەو پیاوەی سەد کەسی کوشت، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە پیاوێک نەوەد و نۆ کەسی کوشتبوو، دواتر ویستی تەوبە بکات، چووە لای خواپەرستێک و حاڵی خۆی بۆ ڕوونکردەوە و پرسی: ئایا تەوبەم بۆ هەیە؟ خواپەرستەکە پێی وت: تەوبەت بۆ نییە، کوشتی و کردی بە سەدی تەواو!

دواتر ویستی تەوبە بکات و چووە لای زانایەک، حاڵی خۆی بۆ ڕوونکردەوە و پرسی ئایا تەوبەم بۆ هەیە، وتی: سوبحانەڵڵا، چ شتێک ڕێگریت لێدەکات لە تەوبە؟!

پێشنیازی ئەوەی بۆ کرد لەو گوندە دەربچێت کە تێیدایە، چونکە زەوییەکی خراپە و بچێت بۆ گوندێک کە کەسانی چاکی تێدایە، هاوڕێکەمان بەرەو گوندی پیاوچاکەکان بەڕێکەوت و لەڕێگادا مردن یەخەی گرت، فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی سزا ناکۆکبوون لەوەی کامیان ڕۆحی ببا، خودا فریشتەیەکی نارد بۆ ئەوەی دادوەری بکات لەنێوانیاندا، حوکمەکەی ئەوەبوو: ڕێگەکە بپێون هەتا بزانن لە کام گوندەوە نزیکترە، لە گوندی پیاوچاکەکان نزیکتربوو، فریشتەی ڕەحمەت ڕۆحی برد، لە هەندێ ڕیوایەتی چیرۆکەکەدا هاتووە خودا نیگای کردووە بۆ زەوی کە نزیکببەوە هەتا لە گوندی

پیاوچاکەکانەوە نزیکتر بێت، لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتووە خودا بایەکی نارد و کاوراکەی هەڵدا بەلای گوندی پیاوچاکەکاندا!

ڕیوایەتەکان هەرچۆنێک بن ناکۆکی لەوەدا نییە کە پیاوەکە نەگەیشتووە، لێ چۆتە بەهەشتەوە، چونکە لەسەر ڕێگاکەی مردووە!

نهێنییەکە لێرەدایە: لەسەر ڕێگا!

هیچ ڕێگایەک نییە خاڵی بێت لە کەوتن، شتێکی سروشتییە ڕێگای بەهەشت لە هەموو ڕێگاکان دڕک و چاڵی زۆرتربێت! بەهەشت بە نارەحەتی دەورە دراوە و دۆزەخیش بە ئارەزووەکان!

هەڵەدەکەین، ئەمە شتێکی ئاساییە، چونکە مرۆڤین.

لە پەرستشەکاندا تەمبەڵی دەکەین، هەموومان شەکەت و ماندوو دەبین مەگەر یەکێکمان خودا ڕەحمی پێ بکات.

دەترسین وتەی حەق بڵێین، خەڵکی بەوشێوەیەن کارەکە بەچاو دەبینن نەک بە یەقین.

زۆر جار دڵمان وابەستەی هۆکارەکان دەبێت، خۆ ئێمە پێغەمبەر نین!

وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا ناکەین، چونکە مەزاجی و ئارەزوویین.

ناکۆک دەبین و دژایەتی دەکەین، چونکە ئەسڵمان لە خۆڵە و شەیتان زاڵە و نەفسیش فەرمانکارە بە خراپە.

هەموو ئەوانە ڕوودەدەن، لێ شایستەی چاکبوونە مادەم لەسەر ڕێگاکەین، تاوان دڕکێکە بە تەوبە دەردەکرێت، گرفتەکان چاڵە و کەسی ژیر بەخێرایی لێی دەردەچێت، هەندێ جار ناکۆکییەکان تێدەپەڕێنین و هەندێ جار ئاگاداری نابین، هەموو ئەم شتانە وەرگێراوە گەر ڕووبدات گەرچی ئەسڵ وایە ڕوونەدات، ئەوەی وەرنەگێراوە ئەوەیە لە ڕێگای چوون بۆلای خودا لابدەین!

پێشەوا شافیعی ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەفەرموێت: گەر لە ڕێگادای بەرەو خودا ڕابکە، گەر سەختبوو لەسەرت خێرا برۆ، گەر ماندووبوویت بە ئاسایی برۆ، گەر نەتتوانی بە ئاسایی برۆی هەر ڕامەوەستە ئەگەرچی بە گاگۆڵکێیش بێت، ئاممان نەکەی بگەڕێیتەوە!

ئەلبانی ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەفەرموێت: ڕێگای چوون بەرەو خودا درێژە، ئێمەیش وەک کیسەڵ ڕێ دەکەین، گرنگ ئەوە نییە بگەین، ئەوەی گرنگە لەسەر ڕێگاکە بمرین!

هەتا لەسەر ئەم زەوییە بین هەڵە دەکەین، ناکۆک دەبین، هەندێ جار ئیرەیی دەبەین، هەندێ جاریش ترسنۆک دەبین، چەندێ هەوڵبدەین نابینە فریشتە، عاریفەکان وتویانە: هەرگیز مەرج نەبووە لە چوون بەرەو لای خودا وەک فریشتەکان پاک بیت، بەهەموو قورسایی خۆڵەکەتەوە بەرەو لای بچۆ، ئەو پێی خۆشە بەرەو لای بچیت لە هەر دۆخێکدا بیت!

لە ڕێگاکە لامەدەن!

الوطن

٢٠١٨/٦/٢٨

## نەفرەتی پاڵەوان!

عـەرەب لەسـەردەمی نەفامیدا ئەهلـی ڕەشـبینی و چاوچڵەیـی بـوون، باوەڕیـان بـە بەدبەختـی و نەفرەتـەکان هەبـوو، گـەر مشـک پۆشـاکی کەسـێکی کون بکردایە، کەسـەکە خەمبار و بێتاقەت دەبوو، لـەلای ئـەوان هێمـا بـوو بـۆ کەمبوونـەوەی سـەروەت و منـداڵ، گـەر لـە شـوێنێک قیرەقیری بۆق زۆرببوایـە، ئـەو شـوێنەیان جێدەهێشـت، چونکـە هێمـا بـوو بـۆ مردن، گـەر لـوورەی گـورگ بهاتایـە و سـەگی گوندەکانیـش وەڵامیـان بدایەتـەوە هێمابـوو بـۆ ئـەوەی کـە تەپڵـی شـەڕ لێدەدرێـت و کوشـتارێکی مـەزن ڕوودەدات، کەسـێکی عەرەبـی گـەر لـە مـاڵ دەربچووایـە و ئەسـپێکی کوێـری ببینایـە، بـە شـوێنی خۆیـدا دەگەڕایـەوە بـۆ ماڵـەوە، ئەمـە چ ڕۆژێکـە بـە ئەسـپێکی کوێـر دەست پێبکات، گەر لەکاتی کۆتایی هێنان بە مامەڵەیەکی بازرگانیدا پێڵاوێکی ببینایە هەڵاوگێڕاو دانراوە، دەستیدەگرتەوە لە مامەڵەکە، چونکە باوەڕی وابوو هەر ئاشکرا دیارە کە مامەڵەیەکی بازرگانی هەڵاوگێڕاو دەبێت!

گومانـم وابـوو ڕەشـبینی و بەشـووم دانـان تەنهـا لـە نێـو ئێمـەی عەرەبدا بوونی هەبووە، لێ کاتێک کتێبی (ئەفسـانەی ڕۆمانییەکان و

یۆنانییەکان)ی ئەمین سەلامەم خوێندەوە، زانیم کوێرانە لێکدانەوە سیفەتێکی هاوبەش بووە لە نێوان دانیشتووانی سەر زەوی ئەوێ رۆژێدا!

ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت مرۆڤەکان وەستاون لە کوێرانە لێکدانەوە و بەشووم دانان، ئەو پارەیەی ئەستێرەناس و فاڵچی و دەجالەکان لە کەسە سادەکانەوە پەیای دەکەن گەر کۆبکرێتەوە بەشی بوودجەی یەک دەوڵەتی موحتەرەم دەکات! هەر لەسەر باسی دەوڵەتە موحتەرەمەکان ئەوروپییەکان پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن لە فاڵچی و ساحیر و نوشتە نووسیندا، چەندین بیروباوەڕی نامۆیان هەیە کە ناگونجێت لەگەڵ دۆخی کیشوەری زانست و شارستانیەتدا، خەیاڵ بکەن لە ئیتاڵیا گوندێک هەیە هیچ یەکێک لە دانیشتووانەکەی ناوی گوندەکە ناڵێن، چونکە هەموویان باوەڕیان وایە هەر کەسێک ناوەکەی بڵێت تووشی نەفرەت دەبێت! لە نەمساش بە پەنجەیان ئاماژە بۆ پەلکەزێڕینە ناکەن، چونکە ئەوەی ئاماژەی بۆ بکات پەنجەی بالوکەی لێدێت!

تا ئێرە کارێکی ئاسانە، کێشە نییە هەندێ لە عەوامەکان باوەڕیان بە قسەی پڕوپووچ هەبێت، بەڵام ڕۆژنامەکانی ئەوروپا باسی دیاردەی نەفرەتی پاڵەوان بکات لە جامی جیهانیدا و ڕۆژنامە جیهانییەکان لەگەڵیدا بیڵێنەوە، ئەمە واتا مرۆڤایەتی لە گەمژەییدا گەیشتووە بە ئاستێکی بەرز! نەفرەتی پاڵەوان بە پوختی واتە: هەڵگری نازناوەکە لە خولی داهاتوودا لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا دەکرێتە دەرەوە! لە ساڵی ١٩٩٨ فەرەنسا نازناوەکەی بەدەستهێنا، دواتر لە ساڵی٢٠٠٢ لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا کرایە دەرەوە! لە ساڵی ٢٠٠٦ ئیتاڵیا نازناوەکەی بەدەستهێنا، دواتر لە ساڵی ٢٠١٠ لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا کرایە دەرەوە! لە ساڵی٢٠١٠ ئیسپانیا

نارناوەکەی بردەوە، دواتر لە ساڵی ٢٠١٤ لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا کرایە دەرەوە! ئێستا کارەکە دووبارە دەبێتەوە و نەفرەتەکە نوێ دەبێتەوە، ئەڵمانیا نازناوی ساڵی ٢٠١٤ی بەدەستهێنا، ئەوەتا ئێستا لە ساڵی ٢٠١٨دا و لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا دەردەکرێت!

دووبارەبوونەوەی هەندێ شت واتای ئەوە نییە دەتوانرێت بیردۆزی لەسەر بونیادبنرێت، چ جای بونیادنانی خورافەت، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ نەفرەتی پاڵەوان، پاڵەوانەکانی پێشوو لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا دەرنەدەکران، بەپێچەوانەی ئەوەی لەم دوایانەدا ڕوودەدات، وەک وەڵامدانەوەیەکیش بۆ ئەوانەی دەڵێن نەفرەتێکی نوێیە، بەڕازیل نازناوی ساڵی ٢٠٠٢ی بەدەستهێنا و لە ساڵی ٢٠٠٦ لە قۆناغی کۆمەڵەکاندا نەکرایە دەرەوە!

یەکێک لە گرفتەکانی مرۆڤایەتی ئەوەیە توانایەکی زۆرت دەوێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە یەک کەس بکەیت سەبارەت بە حەقیقەتێک، بەڵام قەناعەت پێهێنانی هەزارەها کەس بە خورافەتێک زۆر ئاسانە! بە گشتی بەردەوام شوێنکەوتوانی پەیامبەران کەمینەبوونەوە و شوێنکەوتوانی کوێرانەلێکدانەوە و خورافات زۆرینەبوون، ئەمە شتێکی نوێ نییە!

الوطن
٢٠١٨/٧/١

# تۆ خۆت دەبینیت

یەکێک لەو شتە ناوازانەی دوێنێ خوێندمەوە:

لە سوچێکی چێشتخانەکەدا دانیشت، پێنووس و کاغەزی بەدەستەوەبوو، پیرەک وتی نامە بۆ دایکی دەنێرێ، لاوێک وتی نامە بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسێت، منداڵێک وتی وێنەدەکێشێت، بازرگانێک وتی سەرقاڵی مامەڵەیەکە، فەرمانبەرێک وتی قەرزەکانی دەبژێرێت، هەموو کەسێک مامەڵەی کەسانی تر لە ڕێی گرنگییەکانی خۆیەوە ڕاڤە دەکات!

هەموو کەسێک مامەڵەی کەسانی تر لە ڕێی گرنگییەکانی خۆیەوە ڕاڤە دەکات!

ئەمە بۆچوونێکی ئەدەبیی خێرا نییە، گشتاندێک نییە بەبێ سرەوتن هاتبێت، بەپێچەوانەوە ئەمە یەکێکە لە بنەما گشتییەکانی زانستی دەروونی، لەمەوە دکتۆری دەروونی (هێرمان ڕۆشاک)ی سویسری بەدیارکەوت، خاوەنی (تاقیکردنەوەی پەڵەی مەرەکەب)!

ڕۆشاک دەڵێت: ئێمە شتەکان وەک خۆی نابینین، بەڵکوو بەو شێوەیە دەیبینین کە خۆمان دەمانەوێت!

هەربۆیە لە کاتی هەوڵدانی بۆ زانینی بیرکردنەوە و ناسینی دەروونی نەخۆشەکانی، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مەرەکەبی دەخستە سەر

کاغەزی سپی، دواتر ئەملاو لای کاغەزەکەی دەگرت و ڕایدەوەشاند بۆ ئەوەی پەڵەی مورەکەبەکان چەندین شێوەی ناڕوون دروستبکات، نەخۆشەکان شتانێکیان پێ دەوت کە پێشبینی نەدەکرد، هەندێکیان ڕووبارێکی شەپۆلاویان دەبینی، هەندێکیان ئاسمانێکی سامالّیان دەبینی، هەندێکیان خێزانێکیان دەبینی لە باخچەیەکدا، هەندێکیان ژنێکی خیانەتکاریان دەبینی، هەندێکیان دولبەرە ڕۆیشتووەکەیان دەبینی، بەمشێوەیە نەخۆشەکان لە پەڵە مەرەکەبەکەدا ڕووی خۆیان دەبینی و باسی ڕازەکانی خۆیان دەکرد!

تەنها نەخۆشەکان پەڵە مەرەکەبەکە وا نابینن وەک ئەوەی خۆیان دەیبینن!

لە حەقیقەتدا هەموو ئەوەی لە ژیاندایە بریتییە لە پەڵە مەرەکەب و بەشێوەی خۆمان دەیبینین!

ئەو کەسە ڕاستی فەرموو کە وتی: کەسی دز لە پشتی هەموو درەختێکەوە پۆلیسێک دەبینێت کە دەیەوێت قۆڵبەستی بکات!

مارک توەین دەڵێت: نەگبەتی درۆزن لەوەدا نییە کە کەس بەڕاستی نازانێت، بەڵکوو لەوەدایە ناتوانێت کەس بەڕاست بزانێت!

ئەو کەسانەی ناخیان پیس و گڵاوە قورسە لەسەریان بڕوا بەوە بکەن هەندێک لە مرۆڤەکان وەک ئاوی زەمزەم پاکن! یەکێک لە ئاریشە دێرینەکانی مرۆڤە پاکەکان ئەوەیە باوەڕیان وایە کەسانی تریش وەک خۆیان پاکن! هەربۆیە تەنها کەسە پاک و چاکەکان دەکەونە داوی کەسە خراپەکانەوە، زۆر بەکەمی کەسی خراپ کەسێکی خراپی وەک خۆی ڕاودەکات!

دڵنیابن لەوەی بڕیاردانی مرۆڤ لەسەر ڕووداوێک حەقیقەتی ڕووداوەکە دەرناخات، بە ئەندازەی ئەوەی حەقیقەتی مرۆڤەکە دەردەخات! ئەوانەی بەرگری لە جەللادەکانی ئەم جیهانە دەکەن

پێمان ناڵێن جەلـلادەکان لەسـەر حەقن، بەڵکوو پێمـان دەڵێن ئـەوان گـوێ لـە کۆیلـەن، لێدان و کـۆت لـە کـوێ بێت کۆیلەکانیـش لەوێـن، ئەوانـەی بەرگری لـە ستەملێکراوەکانی ئەم جیهانە دەکەن حەقیقەتی ئەو ستەملێکراوانەمان پێ ناڵێن، بەڵکوو پێمـان دەڵێن ئـەوان ئازادن، هەمیشـە کەسـی ئازاد لـەو شـوێنەیە کە حەقی لێیە، نـەک هێزی لێیـە!

ئـەو دەمـەی دزییـەک بـە پاڵەوانیەتی دەزانیت، پێمـان ناڵێیـت کـە پاڵەوانیـت، پێمـان دەڵێـی وەک ئـەو دزیـت!

ئـەو دەمـەی دیمەنـی ئازاردانـی دایـک و بـاوک خەمبـارت دەکات، پێمـان ناڵێیـت ئـەوەی وایکـردووە خراپـە بـۆ دایـک و باوکـی، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی پێمـان دەڵێیـت بـۆ دایـک و باوکـت چاکیـت!

مەلـەکان دەچنـەوە سـەر هاوشـێوەکانیان، نـەک تەنهـا لـە شـکڵ و شـێوەدا، بەڵکوو لـە هەڵسـوکەوت و بیرکردنەوەشـدا!

الوطن

٢٠١٨/٧/٣

## پلە وەزارییەکان!

لە کاتی سەردانی کردنی چارەخانەیەکی تووشبووانی نەخۆشی دەروونی، وەزیری تەندرووستی لە بەڕێوەبەرەکەی پرسی:

چۆن کەسی ژیر و شێت لەیەکتری جوودا دەکەنەوە، لەوەیە هەندێ کەس کەسێکی ژیر بە شێت تۆمەتبار بکەن و بینێرن بۆ ئێرە؟

بەڕێوەبەرەکە وتی: جەنابی وەزیر ئاسانە، بانیۆکە پڕ دەکەین لە ئاو، دواتر (کەوچک و پەرداخ و سەتڵ) دەدەین بە نەخۆشەکە، داوای لێدەکەین یەکێک لەو سێ بژاردە هەڵبژێرێت و بانیۆکە بەتاڵبکاتەوە، بەپێی هەڵبژاردنی بژاردەکەی بڕیار دەدەین وەریدەگرین یان نا!

وەزیرەکە بە حەماسەوە وتی: جا ئەوە ئاسانە کەسی ژیر سەتڵەکە بەکاردەهێنین!

بەڕێوەبەرەکە وتی: کەسی ژیر سەدادەی بانیۆکە بەرزدەکاتەوە...

جا ئێستا مافی خۆمە لێت بپرسم، حەز دەکەیت لەگەڵ گەنجەکاندا بیت، یان ژووری تایبەت بە خۆتت هەبیت؟

هەرچەندە چیرۆکێکی نەستەقە و وەک قسەخۆشی و گاڵتەکردن دەگێردرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا باسی ئەو واقیعە دەکات کە وڵاتە

عەرەبییەکان تێیدا دەژین، تۆ نازانیت لەسەر چ بنەمایەک وەزیر دادەنرێت و لەسەر چ بنەمایەک لادەبرێت، یان لەوەیە ئەمەی کۆتایی لەوەی سەرەتا ڕوونتر بێت، ئەڵبەتە نکووڵی ئەوە ناکرێت هەندێ وەزیر شایستەی ئەو پلەیەن کە تێیدان، کارەکەیان وەک کارەکانی تری ئەم سەر زەوییە وایە لە مامۆستاییەوە هەتا پارێزەری بۆ بەڕێوەبەریی تەنانەت گەورەی خێزانیش، هەندێ وەزیر گەر کارەکەیان بەدەستی من بووایە سەر وەسێتم بۆ دادەنان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەناونەچن! ئەوەی جێی سەرنجە لە وەزارەتە عەرەبییەکاندا سێ شتە:

**یەکەم:** وەزیر لە بواری ئەو وەزارەتە تێناگات کە بەڕێوەی دەبات، ئەمەش واتای ئەوە نییە لە غەیری ئەمەش تێناگات، لەوەیە پسپۆڕییەکەی لە شتێکدا بێت و بواری وەزارەتەکەشی لە شتێکی تردا بێت، ئەمە لەو وڵاتانەدا زۆرە کە وەزارەتەکان بەپێی ڕازیبوونی حیزب و هۆزەکان دابەش دەکرێن، لە یەکێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا وەزیری بەرگری حکومەتی پێشوو، لە حکومەتی نوێدا بوو بە وەزیری پەروەردە و فێرکردن، دواتر زۆری نەبرد بوو بە وەزیری کشتوکاڵ! با وای دابنێین ئەم وەزیرە پسپۆڕییەکەی لە پەروەردە و فێرکردندایە، بەرگری و کشتوکاڵ چ پەیوەندییەکان بە پسپۆڕییەکەیەوە هەیە؟ هەربۆیە شتێکی نامۆ نابێت گەر نەقیبی جووتیارەکان و بەرپرسانی هاوردەکردن و وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و خاوەن دەواجنەکان کۆبکاتەوە و پێشنیازی بۆ چارەسەری کێشەکان وەک پێشنیازی وەزیری تەندروستی بێت بۆ بەتاڵکردنەوەی بانیۆکە!

**دووەم:** جوولە و دەسەڵاتی وەزیرەکان سنووردارە، واتە لەوەیە وەزیر تێگەشتوو و لێهاتوو بێت لە بواری کاردکردنەکەیدا، بەڵام بەهۆی سیستەمی حوکمەوە جێبەجێکاری بۆچوونی کەسانێک دەبێت کە هیچ پەیوەندییەکان نییە بە بواری وەزارەتەکەوە، ئەوە لە دەوڵەتێکی سەربازیدا وەزیر ناتوانێت ئەفسەرێکی دەزگای هەواڵگری لابدات، بەمشێوەیە هەوڵەکان بە فیڕۆ دەچن، چونکە ئاسایش لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە گەرچی بڕیاری وەزارەتەکان ئاسایش ناگرێتەوە، بەڵام لە وڵاتێکداین زۆر ئاسانە شوێنی لەبەرکردنی قورئان تۆمەتباربکرێت بەسەرچاوەی تیرۆر، گەرچی لە ژێر چاودێری وەزارەتی ئەوقافیشدا بێت!

**سێیەم:** نەبوونی پلان، کە وەزیرێک دەڕوات هەموو کۆشش و پلانەکەی لەگەڵیدا دەڕوات، وەزیری نوێ پلانی نوێی خۆی هەیە، وەک ئەوەی شانکورتی بێت وەزیری نوێ لەوێوە دەستپێبکات کە وەزیری پێشوو پێی گەیشتووە، هەموو وەزیرێک هەوڵدەدات جێ پەنجەی خۆی جێبهێڵێت، یان پەنجەی سووربدات گەرچی لە شوێنێکی هەستیاردا بێت لە جەستەی نیشتیماندا!

**الوطن**

**٢٠١٨/٧/٥**

## لەوەیە گرفتەکە لە تۆدا بێت!

دەگێڕنەوە ژن و پیاوێک چوونە خانوویەکی نوێوە، لە یەکەم بەیانیان لەو خانووەدا و لە کاتی بەرچایی بەیانیدا، ژنەکە بە پیاوەکەی وت: لە پەنجەرەکەوە بڕوانە ئەو پۆشاکانەی دراوسێکەمان، جوان نەیشۆریون، ئەمە چ ژنێکە نازانێت پۆشاکەکانی خۆیان بە جوانی بشوات!

بەدرێژایی مانگێک ژنەکە هەمان وتەی لەسەر پۆشاکە شۆردراوەکانی دراوسێکەی دەگوتەوە، لێ جارێک تێبینی ئەوەی کرد شۆردراوەکان پاکن بەپێچەوانەی جارەکانی پێشتر، بە مێردەکەی وت: لە کۆتاییدا فێربوو چۆن جل بشۆرێت!

لەم کاتەدا مێردەکەی پێی وت: خۆشەویستەکەم، ئەم بەیانییە زوو هەستام و شووشەی ئەو پەنجەرەم سڕی کە لێیەوە تەماشای جلی دراوسێکەمانت دەکرد!

هەندێ جار گرفت لە دیمەنەکەدا نییە بەڵکوو لەو چاوەدایە کە دەیبینێت! ئەمەش یەکێکە لە گرفتە لە مێژینەکانی مرۆڤەکان کە شتەکان لەناودەبات پێش ئەوەی چارەیەکی بۆ ببینێتەوە!

هەندێ ڕەخنەی بە ئامانج شتێکی ئاساییە، بەڵکوو گرنگ و پێویستە، شتێکی باشە مرۆڤ لە چاوی کەسەکاندا خۆی ببینێت،

هەمووان وەک پێویست خۆمان نابینین! ئەو دەمەی تەوازع دەنوێنین و قبوولی دەکەین بۆ ماوەیەک خۆمان لە چاوی ئەواندا ببینینەوە. لەوەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی هەندێ لە ڕەفتارەکانمان چاک بکەین؟ شایەنی ئەو پێشوازی و ڕێزەبین کە لێمانی دەنێن!

بەڵام تخوا پێم بڵێن گەر کێشە لە کەسانی تردا بێت، چۆن تێڕوانینەکانیان چاک بکەین، چۆن پێیان بڵێین پۆشاکەکانی ئێمە پاکە و شووشەکەی ئێوە پیسە و ناهێڵێت ئەو پاکییە ببینن؟! چۆن بە جەماعەتی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی کەسانی تر بڵێین؟ چۆن بە دابەشکارانی چەکی بەهەشت و دۆزەخ بەسەر بەندەکانی خودادا بڵێین: کەسانی تر لەوە پاکترن کە بیری لێدەکەنەوە و هیچ کێشەیەکیان نییە جگە لە چاکسازانی جیهانی خراپەکارەکان نەبێت!

چەندێ قێزەونن ئەوانە بەرپێی خۆیان نابینن!

ئەوانەی پێیان دەڵێن توندڕەو، لەوەیە وانەبن، بەڵام کەمتەرخەمەکان وای هەژمار کەن!

ئەو ژنەی بەوە تاریفی دەکەیت کە کەسایەتی لاوازە، لەوەیە وانەبێت، بەڵام تۆ وای دەبینیت، چونکە کوڕانیت!

ئەو مێردەی تۆ بە نیوە پیاو تاریفی دەکەیت، لەوەیە وانەبێت، بەڵام تۆ وای دەبینیت، چونکە توندیت، چونکە هێشتا لە واتای پیاوەتی تێنەگەیشتووی!

ئەو کەسەی پێی دەڵێیت خوێنسارده و هەست و سۆزی نییە، لەوەیە وانەبێت، بەڵام تۆ وای دەبینیت، چونکە تووڕەیت و جڵەوی نەفسی خۆت بەدەست نییە و بچووکترین شت دەتجووڵێنێت، هەموو کارێک زاڵ دەبێت بەسەرتدا لەبری ئەوەی تۆ زاڵ بیت بەسەریدا!

ئەو کەسەی پێی دەڵێیت ترسنۆکە و خاوەنی بۆچوونی خۆی نییە، لەوەیە وانەبێت، بەڵام تۆ وای دەبینیت، چونکە تۆ نازانیت ئەوان زۆر لەوە پاکترن بەنزین بکەن بە ئاگردا لەوکاتەی ناکۆکی لەنێو خەڵکیدایە، باڵاترن لەوەی گێرەشێوێنی بکەن لە نێوان ئەم و ئەودا، ژیرترن لەوەی سواری ئەو شەپۆلە بن کە ئەوانی تر دروستیان کردووە، هەندێ خەڵکی گەرەک لە هەزارەهای وەک تۆ کارامەترن، لە شەپۆل ناترسن، لێ تەنها سواری ئەو شەپۆلانە دەبن کە ویژدانیان رازی دەکات!

الوطن

٢٠١٨/٧/٨

## له دڵتەوە ببەخشە!

شێخ عەلی تەنتاوی (ڕەحمەتی خودای لێ بێت) لە یاداشتەکەیدا دەڵێت:

دوێنێ کچەکەمم بینی هەندێ برنج و فاسۆلیای کردبووە دەورییەکی گەورەی مسەوە، هەندێ باینجانی خستبووە سەری، هەندێ خەیار و کشمیشی کردبوو بە سەریا و بە تەمابوو بڕوات.

پێم وت: کچەجوانەکەم ئەمە بۆ کێیە؟

وتی: بۆ پاسەوانەکەی دەبەم، نەنکم وتی بۆی ببە!

پێم وت: بیگەڕێنەوە ئەی بێ هەست، سینییەک و چوار دەوری بچووک بێنە، کەوچک و چەقۆ و پەرداخێک ئاو بێنە، هەر خواردنە و لە دەورییەکی پاکدا دابنێ.

شتەکانی بەوشێوەیە دانا کە پێم وت، وتم: ئێستا بۆی ببە!

ڕۆیشت و ورتە ورتی دەهات و شتێکی دەوت لێی تێنەدەگەیشتم.

وتم: خاک بەسەرت، هیچت لەدەستدا؟ ئەم ڕێکخستنە لە خواردنەکە باشترە، چونکە خواردن خێرکردنە بە پارە، ئەمەش خێرکردنە بە سۆز، ئەوە گەدە پڕ دەکات، ئەمەش دڵ پڕدەکات!

بە ئەنقەست ئەم چیرۆکەم وەک خۆی گواستەوە، بەبێ ئەوەی دووبارە دایڕژێمەوە، بەبێ ئەوەی هەندێ وشەی بگۆڕم کە هەندێ

کەس پێیان شیاو نییە، ئەوەی پاڵنەرم بوو بۆ ئەمە نیەتم وابوو زۆر کەس تێبگەیەنم ژیانی ئەو کەسانەی نموونەیی دەردەکەون نموونەیی نییە، ئەوانیش ژن و منداڵ و دراوسێیان هەیە، ئەو ڕووداوانەیان دێتە ڕێ کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دێتە ڕێی ئێمەیش، ئەوان بۆیە نموونەیین وەک شێخ عەلی تەنتاوی، چونکە لە ژیانیاندا بەو ڕەوشت و بەهایانەوە مامەڵە دەکەن کە پێی بانگ دەکرێن، نەک لەبەر ئەوەی کەسانی چواردەوریی نموونەیین، شانازییە بۆ عەلی تەنتاوی کە ئەو وانەیەی جێبەجێ کردووە کە ماوەی بیست ساڵ لەسەر خوانی ڕەمەزان لە بەرنامەی ڕەمەزاندا فێری دەکردین، ئەویش ئەوەیە مرۆڤبوونی بنیادەم بە مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ ئەوانەی لە خوار خۆیەوەن بە پلەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، نەک بە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانەی لە هەمان پلە و پێگەی ئەودان یان بەرزترن، ئەو کەسانە چەندێ ناوازەن کە کردارەکانیان لەو وتە جوانانە دەچێت کە دەیڵێن!

لەدوای تەداخولکردنی عەلی تەنتاوی، شێوازی خواردنەکە بەسبوو بۆ ئەوەی پاسەوانەکە هەست بە مرۆڤبوونی بکات، هەست بکات ڕێزی دەگرن و قەدری دەزانن، بەپێچەوانەی ئەو هەستەی گەر وەک یەکەمجار پێشکەشی بکرایە! لەسەر ئەمە کارەکانی تری ژیان ئەندازە بکە!

ئەو شێوازەی لە ڕێیەوە شتەکان دەدەین بە کەسانی تر، ئەوە کاریگەری لە دەروونیاندا دروست دەکات، نەک ئەو شتەی پێمان بەخشیون!

بۆنموونە هەواڵپێدان بە کەسێک سەبارەت بەو هەڵەیەی ئەنجامی داوە و پێشنیازکردنی مامەڵەیەکی دروست لە جێی هەڵەکە، کارێکی مەردانەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم کارە بە مەردانە بمێنێتەوە و کەسی

بەرانبەر قبوولی بکات و بچێتە دڵیەوە، پێویستە لەسەر سینی ئەرمونیانی پێشکەشی بکرێت، خەڵکی ئامۆژگارییت وەرناگرن گەر هەروا بیڵێیت، قسە ڕاستەکانت هیچ سوودێکی نابێت گەر وشک و توند بێت، ئەو کەسەی بە حەق نێردراوە، خودا پێی وتووە ﴿وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾ واتە: ئەگەر تۆ بەدخوو و قسە ڕەق و دڵ ڕەق بوویتایە، ئەوە هەموو بڵاوەیان دەکرد لە دەورت!

ئەمە ڕاستی دەڵێت، وتەی خۆی ناگەیەنێت، بەڵکوو وتەی خودا دەگەیەنێت، گەر ئەم ڕاستییە ڕەهایە لەلایەن خەڵکییەوە وەرگیراوە، چونکە بەدڵ نەرمی و زمانی شیرینیەوە پێشکەشیان کراوە، ئەوا ئەولاترە هەر وتەیەکی مرۆڤەکان وەرنەگیرێت گەر بەو مەرجانە پێشکەش نەکرێت!

گەر کەسێکمان بەلای هەژارێکدا تێپەڕی و هیچی نەداتێ، زۆرباشترە لەوەی پارەکەی بۆ هەڵبدات، وەک ئەو کەسەی بەرد دەنێت بە زیناکارەوە! کەسی هەژار پێویستی بە چاککردنەوەی دڵی هەیە، زۆرتر لەوەی پێویستی بە چاککردنەوەی گیرفانی هەیە! مرۆڤەکان تەنها گۆشت و خوێن نین، ئەوە تەنها بەشی ڕووکەشە، لە حەقیقەتدا مرۆڤەکان هەست و کەرامەتن، هەر بەخشینێک کە موراعاتی هەست و کەرامەتیان ناکرێت، جا بەخشینەکە ماددی بێت یان مەعنەوی، نە بەخشین زۆرباشترە لەوە، گەر کەسێک ویستی ببەخشێت، با لە دڵییەوە ببەخشێت یان دەست بگرێتەوە!

الوطن

٢٠١٨/٧/١٠

## تەبیعەت زاڵە!

دەگێڕنەوە ڕۆژێک دووپشک داوای لە بۆق کرد هەتا ئەوبەری ئاوەکە بیبات.

بۆقەکە پێی وت: بۆ شێتم هەتا ئەوبەرەوە بتەکەمە سەر پشتی خۆم، تۆیش زەهری خۆت بکەیتە جەستەمەوە؟!

دووپشک پێی وت: چۆن دەتگەزم لەو کاتەی لەسەر پشتی تۆم لەناو ڕووباردا، ئایا تۆ دەکوژم و خۆشم غەرق بم؟!

بۆق ڕازیبوو، دووپشکی خستە سەر پشتی، لە نیوەی ڕێگاکە دووپشکەکە بۆقی گەست و زەهری خۆی تێدا ڕشت.

بۆقەکە ئاوڕی دایەوە و پێی وت: بۆچی ئەمەت کرد، مادەم تۆ غەرق دەبیت و لەگەڵ مندا دەمریت؟

پێی وت: خیانەت تەبیعەتی منە، تەبیعەت زاڵە!

قسەکردنی ئیمڕۆمان لەسەر دووپشک و بۆق نییە، بەڵکوو لەسەر تەبیعەتەکانە، دەرخستنی هۆکاری تەبیعەتی کەسەکان شتێکی سانا نییە، دەمێکە سەرقاڵم بەوەی لێی تێبگەم، لە زانستی دەروونیدا ونبووەکەم نەدۆزییەوە، هەرچەندە زۆرم لەبارەیەوە خوێندەوە، لە کۆمەڵناسیشدا زۆر لەو ڕوونترنییە، هیچ زانستێک

نییە ڕاڤەی ئەوە بکات بۆچی دوو کەس هەن یەکێکیان لەسەرخۆیە و ئەوی تریان تووڕەیە؟ هەرچەندە منداڵی یەک دایبابن و لەژێر یەک بنمیچدا دەژین و هەمان پەروەردەیان وەرگرتووە، بۆچی یەکیان دەسکراوە و سەخییە، ئەوی تریش چرووک و پیسکەیە؟ بۆچی یەکیان کۆمەڵایەتییە، ئەوی تریش دوورەپەرێزە و گۆشەگیرە؟ بۆچی مرۆڤەکان وەک درەخت و بەروبوومەکانن؟ کە خودا فەرموویەتی:﴿يُسْقَىٰ بِمَاءٍ وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَىٰ بَعْضٍ فِي الْأُكُلِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ﴾ واتە: هەموویان بە یەک ئاو ئاودەدرێن، کەچی باوی هەندێکیمان داوە بەسەر هەندێکی تریاندا لە خواردندا، بەڕاستی لەوانەدا چەند نیشانەی ڕوون هەیە بۆ ئەوانەی تێ دەگەن و بیردەکەنەوە.

ڕاڤەیەکی پەسەند و وەڵامێکی تەواوم دەستنەکەوت ئیللا لە دیندا نەبێت... لە (البداية و النهاية)ی ئیبنو کەسیردا و لە (الطبقات)ی ئیبنو سەعددا و لە موسنەدی ئیمام ئەحمەد و سەحیحی ئیبنو حیباندا هاتووە، پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرموویەتی: خودا ئادەمی ئافراند لە مشتێک خۆڵ کە لە هەموو جۆرەکانی زەوی هێنابووی، هەربۆیە نەوەکانی ئادەم بەپێی جۆرەکانی زەویین، سوور و سپی و ڕەشیان تێدایە یان لە نێوان ئەو ڕەنگانەدان، ئاسان و قورسیان تێدایە یان لەو نێوانەدان، چاک و خراپیان تێدایە یان لەو نێوانەدان.

پێغەمبەری خودا(ﷺ) بە ئەشجەعی کوڕی قەیسی وت: دوو خەسڵەتت تێدایە خودا خۆشی دەوێن: لەسەرخۆیی و نەرمونیانی!

ئەشجەع وتی: لەسەری دروستبووم، یان خۆم بەدەستمهێناوە؟

فەرمووی: بەڵکوو لەسەری دروستبوویت!

هیچ وەڵامێک نییە لەمە ڕوونتر، هیچ هۆدەرخستنێک نییە لەمە پەسەندتر بێت، ئەسڵی دروستبوونە، وەک چۆن خۆڵی زەوی تێیدایە

بەخشندەیە و شتی تێدا دەڕوێت، هەندێکی تریشی نەزۆکە و هیچی لەسەر ناڕوێت چەندێ ئاوی لەسەر بێت، خەڵکیش بەمشێوەیەن، ڕەنگ و تەبیعەتیان لەو خۆڵەوە وەرگرتووە کە لێی ئافرێنراون!

ئەم وەڵامەش پرسیارێکی لۆژیکی دەهێنێتە ئاراوە: مادەم خەڵکی لەسەر تەبیعەتێکی دیاریکراو ئافرێنراون، بۆچی خودا لێپێچینەوە لە خەڵکی دەکات لەسەر شتێک کە خۆی ئافراندوویەتی تیایاندا؟! بۆچی تاریفی کەسی لەسەرخۆ دەکات و سەرزەنشتی کەسی تووڕە دەکات؟ بۆچی ستایشی بەخشەر دەکات و ڕقی لە پیسکەیە؟ لەگەڵ ئەوەی مرۆڤەکان ژیان دەکەن بەپێی ئەوەی ئافرێنراون لەسەری؟!

لەسەرمان پێویستە تێبگەین هەر چی هەیە لە ژیاندا ڕۆزییە لەلایەن خوداوە، سەروەت و منداڵ و ڕووخسار و ئاوەز! تێبگەین خودا خەڵکی لە ڕۆزیدا جیاواز کردووە، نەک لەبەرئەوەی ناتوانێت خەڵکی لە ڕۆزییدا یەکسان بکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئێرە شوێنی تاقیکردنەوەیە، خودا دەیەوێت ببینێت ئەوەی پێی بەخشراوە سوپاسگوزار دەبێت؟ ئەوەی لێی گیراوەتەوە ئارام دەگرێت؟ خودا پاداشت نادات لەسەر ئەوەی بەخشیویەتی، سزاش نادات لەسەر ئەوەی گرتویەتییەوە! کەسێکی ساماندار بە پارەکەی ناچێتە بەهەشت یان دۆزەخەوە، بەڵکوو بەو ڕێگایەی سەروەتەکەی کۆکردۆتەوە و خەرجی کردووە، ئەو کەسەی بێبەشکراوە لە سەروەت، بەمە نە دەچێتە بەهەشتەوە نە دەچێتە دۆزەخەوە، بەڵکوو بە خۆڕاگرییەکەی دەچێتە بەهەشتەوە و بە ناشکوریکردنەکەی دەچێتە دۆزەخەوە، بە کاسبییەکەی دەچێتە بەهەشت یان دۆزەخەوە، ئایا حەڵاڵە یان حەرام، کەسی کەشخە لەلای خودا خۆشەویستر نییە لە کەسی ناشرین، کەسی تەندروست لەلای خودا خۆشەویستر نییە لە کەسی نەخۆش، لێ تاقیکردنەوەیە.

وەک چۆن بەخششە ماددییەکان تاقیکردنەوەیە، بەهەمان شێوە ڕەوشتیش تاقیکردنەوەیە، ڕەوشتی خراپ لە مرۆڤدا دروستبوویەکە پاساوی ئەوەت پێنادات بۆی کەوی بیت، دونیا شوێنی هەوڵدانە و پاداشتیشت بە ئەندازەی هەوڵدانەکەتە! وەک لە فەرموودەدا هاتووە: زانست بە فێربوون چنگ دەکەویت و لەسەرخۆییش بە لەسەرخۆبوون. مرۆڤ لەپەنای تەبیعەت و فیترەتدا ویستی تێدایە، پێویستە بە ویستەکەی هەوڵبدات لەگەڵ باشکردنی تەبیعەتە خراپەکانی، بۆنموونە ڕاستە تەبیعەتمان جیاوازە، بەڵام هەموومان ئارەزوومان هەیە، ئایا ئارەزوو پاساوە بۆ زینا؟ ئایا خۆشەویستی بۆ پارە، پاساوە بۆ دزیکردن؟ کەسی ژیر وانالێت، ئەمەش وەک ئەوە وایە!

الوطن

٢٠١٨/٧/١٢

## ئەوانەی
## خۆیان دەکەن بە کەسانی تر!

سەرسامم بەو کەسەی گەر پێی بڵێی: گەر بتوانیت جگە لە خۆت کەسێکی تر بیت، دەبیتە کێ؟

وەڵامدەداتەوە: دەمەوێت تەنها خۆم بم!

دوێنێ لە ماڵەکەی خۆمدا دانیشتبووم، خێزانم لە واتس ئەپدا لێی پرسیم: ئەرە ئێمە هاوڕێ نین؟!

لە ڕاستیدا پرسیارەکەم پێ سەیربوو، بەڵام وەک نەریتی خۆم ئەم شتانە بە ڕۆحێکی وەرزشی وەردەگرم و هەڵەکە دەقۆزمەوە ئەو شتانە بڵێم کە لە شوێنێکی تردا ناوترێت، پێم گوت: ئێمە زۆر لەوە زیاتر ڕۆچووینە!

وتی: نەخێر، نەخێر، مەبەستم فەیسبووکە داوای هاوڕێیەتی تۆم بۆ هاتووە!

وتم: داوای هاوڕێیەتیم بۆ نەناردووی، پاشان وەک دەزانیت زۆر دەمێکە هاوڕێی ئەلکترۆنین!

زۆری نەبرد چەندین پەیامی ترم لەڕێی فەیسبووکەوە پێگەیشت دەیانپرسی: ئەوە تۆیت ئەددت ناردووە بۆمان، بۆم دەرکەوت بوونەوەرێک فەیسبووکێکی دروستکردووە بە ناوی منەوە، وێنە و

زانیارییەکانی بە هەمان شێوەی واڵەکەی خۆم دانابوو، ئەمەش وای لێکردم ڕابیگەیەنم کە دوور و نزیک پەیوەندیم بەو فەیسبووکەوە نییە، هەر لە بنەڕەتدا حەزم بە فرەیی نییە لە هیچ شتێکدا!

قسە قسە دێنێت، پێش نزیکەی ساڵێک نامەی کچێکم پێ گەیشت، تێیدا وتبووی قسەی لەگەڵماڵەوەیان کردووە سەبارەت بە خۆشەویستییەکەمان و دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیویەتی قەناعەتیان پێ بکات ڕازی بن بە هاوسەرگیرییەکەمان، چونکە سەرەتا ڕازی نەبوونە کچەکەیان ببێتە هەوێ!

هێزی خۆم کۆکردەوە و ویستم پرسیاری لێبکەم سەبارەت بە خۆشەویستییەکەمان، کە بۆ یەکەمجار بوو گوێم لێدەبێت! لینکی فەیسبووکێکی بۆ ناردم و وتی لە ڕێی ئەمەوە قسەت لەگەڵ کردووم و لە کۆتاییدا بڕیارتداوە هاوسەرگیری بکەین، نزیکەی یەک کاتژمێر سەرقاڵی ئەوەبووم قەناعەتی پێ بکەم هیچ فەیسبووکێکی ترم نییە و دانانی وێنەیەکی من لەسەر فەیسبووکێک، بە واتای ئەوە نایەت کە منم و تەنها ئەم فەیسبووکەم هەیە، لێ قەناعەتی نەکرد، کە تەواو نارەحەتی کردم پێم وت: باشە بچۆ لەوێ قسەم لەگەڵ بکە!

پێی وتم: نامەم بۆ ناردووی، بەڵام وەڵامم نادەیتەوە!

بەهەرحاڵ منیش نامەم بۆ ئەو داگیرکارە نارد و پێم وت: باوەڕت وایە لەو کەسە سووکتر هەبێت کە یاریی بە کچی خەڵک دەکات بە ناوی کەسێکی ترەوە؟!

ئەڵبەتە وەڵامی منیشی نەدایەوە!

لەو شتانەی ناتوانم لێی تێ بگەم، هەوڵدانی مرۆڤە بۆ ئەوەی کەسێکی تربێت جگە لە خودی خۆی، بە زمانی کەسێکی تر قسەبکات، بە دڵی هەست بکات، بە ئاوەزی بیربکاتەوە، لەمە گەمژانەتر بە هەستەکانی ئەوەوە بژی!

من یەکێکم لەوانەی دەزانم لە جیهاندا ملیۆنەها کەس لە خۆم باشترن، کەشخەن و لە من ناچن، زۆر زەنگینن، مامۆستان، کارێکی بەرز و ناسراویان هەیە، هەست بە شەرم ناکەم کە لێیانەوە فێرببم، هەست دەکەم مەردایەتییە تاریفی کەسێک بکەم کە لە من باشترە، چونکە دانپیانان بە تایبەتمەندی کەسەکان ڕەفتاری پێغەمبەرانە، مووسا(ﷺ) فەرمووی: ﴿وَأَخِي هَـٰرُونُ هُوَ أَفۡصَحُ مِنِّي لِسَانٗا﴾.

واتە: هاروونی برام لە من زمانی پاراوترە.

بەڵام خودا شایەدە هیچ ڕۆژێک خوازیارنەبووم کەسێکی تر بم جگە لە خودی خۆم، خوازیارنەبووم ژیانی کەسێکی تر بژیم، چونکە دەزانم خودا بەوشێوەیە دایناوم کە پێویستە ببم! چونکە دەزانم هەموو مرۆڤێک کۆمەڵێ گرفت و خەمی هەیە کە ئێمە نایبینین!

خراپترین هەست کە مرۆڤ هەستی پێ بکات، هەستکردنە بە کەمیتی، ئەمەش زۆر جار لە ڕازینەبوون بە قەزا و قەدەرەوە سەرچاوە دەگرێت، لە تەماشاکردنی ئەوەی لە دەستی ئەوانی تردایە نەک لە دەستی خۆماندایە، سەرچاوە دەگرێت!

خۆتان بن، هیچ شتێک لەوە بەچێژتر نییە مرۆڤ خودی خۆی بێت!

الوطن

٢٠١٨/٧/١٥

## وەرن هەست بە
## نیعمەتەکانی خودا بکەین!

کورتە فیلمێکی دە خولەکی ڕاگەیاندرا، لە ڕیکلامەکەدا ئەوە هاتبوو کە فیلمەکە خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێناوە لە نێو چەندین کورتە فیلمدا، هەر بۆیە لە سینەماکاندا پەخشدەکرێت!

ڕیکلامەکە سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا و خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ تەماشاکردنی. فیلمەکە بە دیمەنی بنمیچی ژوورێک دەستی پێکرد، شەش خولەک تێپەڕی و کامێراکە نەجوولا، کات تێدەپەڕی و تەنها بنمیچی ژوورەکەی پیشان دەدا! خەڵکی بێزاربوون و هەستیان کرد فێڵیان لێکراوە، هەتا هەندێکیان ویستیان بچنە دەرەوەی هۆڵەکە، لێ لەکۆتاییدا دیمەنەکە گۆڕا، ئێستا وێنەکە لە خوارەوە وێنەی منداڵێکی ئیفلیجە لەسەر جێگاکەی ڕاکشاوە! دواتر ئەم نووسینە دەرکەوت: تەنها هەشت خولەکمان پێشکەشکردن لە دیمەنی ژیانی منداڵەکە کە بە درێژای ژیانی ئەو دیمەنە دەبینێت! شتێکی زۆر جوانە نرخی هەموو چرکەیەکی ژیانتان بزانن!

لە نیعمەتەکانی خودادا غەرقین بەبێ ئەوەی ئاگامان لێی بێت! بەداخەوە زۆرینەمان هەست بە نیعمەتەکانی خودا ناکەین هەتا لەدەستی نەدەین! بیرکرنەوە و پەی پێ بردمان کورتبڕە ئەو

دەمەی دەڕوانینە ئەو کەسانەی خودا نیعمەتی لە ئێمە زیاتر ڕژاندووە بەسەریاندا، لەبری ئەوەی تەماشای ئەوانە بکەین بێ بەشن لەوانەی بەخشراوە بە ئێمە! تێڕوانینمان سنووردارە ئەو دەمەی تەنها پارە و پلە و ناوبانگ بە نیعمەت دەزانین! ڕاستە باشترین نیعمەتە نکووڵی ئەمە ناکەین، بەڵام ئەی چی لەبارەی ئەو نیعمەتانەی بە پارە ناکڕدرێن و دەسەڵات نایهێنێت و بە ناوبانگ پێیان ناگەیت؟!

مەینەتی گەورەی ئێمەی مرۆڤ ئەوەیە باوەڕمان وایە ئەوەی لەبەردەستمانە مافێکە لە مافەکانی خۆمان، هەربۆیە ئەوەی هەمانە بە کەم تەماشای دەکەین، بەڵام گەر تەماشای چواردەورمان بکەین، ئەوانە ببینین کە لە شتانێک بێبەش کراون ئێمە لێی بێ بەش نەکراوین، بۆمان دەردەکەوت گەر هەتا مردن سەرمان لە سوجودەدا بێت هێشتا بە تەواوی سوپاسگوزاری خودامان نەکردووە!

باوەڕمان وایە منداڵبوون مافی خۆمانە، ئەوەتا هاوسەرگیریمان کردووە، تەندروستین، کێشەکە چییە، باشە ئایا کەسێک نییە لەم جیهانەدا نەتوانێت هاوسەرگیری بکات؟ چەندین کەسی هەژار هەیە خوازیارە هاوسەری هەبێت، چەندین کچی جوانیش هاوسەرگیری لەدەستچووە، چەندین کەسیش هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان نەبووە، ئەم منداڵانەی کە ئەندازەی نیعمەتەکەیان نازانین، جگە لە ئێمە لەم دونیایەدا هیچی ناوێت منداڵێک نەبێت!

باوەڕمان وایە مافی خۆمانە تەندروست بین، تخوا تەماشای چواردەورتان بکەن بۆ ئەوەی بزانن لەشساغی چ نیعمەتێکە، تەماشای ئەو کەسە بکە دەچێت بۆ چارەخانە بۆ ئەوەی دەرزی کیمیاوی لە

خۆی بدات، لەلایەک ئەم دەیسووتێنێت لەلایەک شێرپەنجە دەیخوات! تەماشای ئەوانە بکەن دەچن بۆ غەسلی گورچیلە، تەماشای ئەوانە بکەن پێیەکانیان براوەتەوە، تەماشای ئەوانە بکەن کە دکتۆر جۆرەها خواردنی لێ گرتوونەتەوە کە پارەی خواردنەکەشیان پێیە! تەماشای نابیناکان بکەن، تەماشای ناگۆ و نابیستەکان بکەن، دواتر بێژن: سوپاس بۆ تۆ خودایە!

باوەڕمان وایە ئارامی و ئاسایش مافێکە لە مافەکانمان، هەربۆیە قەدری نازانین، تەماشای ئەو وڵاتانە بکەن جەنگی تێدایە، تەماشای بێ هاوژینە لاوەکان بکەن، دایکە جەرگسووتاوەکان، باوکە خەمبارەکان، ماڵە وێرانەکان، ئەو بازرگانیانەی بە شەو و ڕۆژێک شکستی هێنا، ئاوارەبوون لە نیشتمان بۆ گەڕان بەدوای ژیاندا، ئەو لاشەیەی لە ئاوری تۆپباران ڕزگاری بوو، بەڵام لە ئاوی دەریاکان ڕزگاری نەبوو، لە کەناڵەکانەوە بینیمان کە لە کەناردا کەوتبوون!

ئێمە زۆر دەوڵەمەندین، زۆر لەوە دەوڵەمەندترین کە باوەڕمان وایە و بیری لێدەکەینەوە، دەوڵەمەندین بە نیعمەتەکانی خودا کە بە پارە ناکڕدرێت، تەنها پێویستمان بەوەیە تێڕوانینمان بۆ ژیان بگۆڕین، نیعمەتەکانمان بژمێرین و بەجۆرێک چێژی لێوەربگرین ئەوە لە بیربکەین کە نیمانە!

جارێک وتەی کەسێکم خوێندەوە دەیوت: خەمباربووم لەوەی پێڵاوەکانم کۆنە هەتا کەسێکم بینی هەردوو پێی براوبوویەوە!

الوطن

٢٠١٨/٧/٢٢

## فیراسەتی ئەدیبەکان!

ساڵی ١٨٦٣، ئەدیبی فەرەنسی (جول ڤێرن) ڕۆمانێکی نووسی بە ناونیشانی (پاریس لە سەدەی بیستدا). تێدا دەڵێت: لەو کاتەدا باڵەخانەی هەوربڕی شوشە هەیە، شەمەندەفەری زۆر خێرا هەیە، ئۆتۆمبێل بە غاز کاردەکات و ئامێری ژمێریاری کاری ئاڵۆز ئەنجام دەدات و تۆڕی پەیوەندی جیهان دەبەستێت بەیەکەوە!

ئەسڵ لە فیراسەتدا پێشبینیکردنی ئەو شتەیە کە لە داهاتوودا ڕوودەدات، بەپێی ئەو واقعەی کە کەسەکە دەیبینێت، وەک فیراسەتی کچەکەی شوعیەب لە مووسادا(ﷺ)، ئەوێ ڕۆژێ پێشنیازی کرد لەلای خۆی کاری پێبکات، بەهێز و ئەمانەتپارێز دەبێت، هەرواش دەرچوو، بەپێی ئەوەی بینی بڕیاری لەسەر داهاتوویدا، وەک فیراسەتی ئەبو بەکر لەو ڕۆژەی عومەری کردە خەلیفە، دواتر ئاشکرابوو کە هەردووکیان بە نووری خودا دەیانبینی، فیراسەتکار و فیراسەت بۆ کراو! ئەبو بەکریش فیراسەتەکەی لەسەر بنەمای ئێستای عومەر بوو!، بەڵام ئاسیا چی لە ڕووی مووسادا(ﷺ) بینی کە لە ناو سندووقەکەدابوو وتی: (بەڵکوو سوودمان پێ بگەیەنێت) مووسا(ﷺ) بەرەو بەهەشتی برد، لە ڕاستیدا نازانم، بەتەواوی وەک

چۆن نازانم (جول ڤێرن) هەواڵی داوە کە جیهان بەوشێوەی ئیمڕۆ دەبێت، لە کاتێکدا هیچ شتێک ئاماژەنەبووە بۆ ڕوودانی ئەمە!

(جول ڤێرن) تاکە ئەدیب نەبووە کە پێشبینی ڕوودانی شتێکی کردبێت بۆ داهاتوو ڕووی دابێت، زۆر کەسی تر هەن، بۆنموونە لە ڕۆمانی (جیهانێکی نوێی ئازا) کە ساڵی١٩٣٢ دەرچووە، (ئاڵدۆس هێکسلی) پێشبینی دەرکەوتنی منداڵی بلوری کردووە! بەهەمان شێوە نازانم هێکسلی ئەوێ ڕۆژێ چی بینووە کە وای لێکردووە داهاتوو ببینێت!

ساڵی ١٩٧٠، (ئارسەر کلارک) ڕۆمانی (منداڵە سامناکەکە) ی بلاوکردەوە، تێیدا پێشبینی مانگی دەسکرد و هێڵی ئینتەرنێتی کردبوو، ئەمە لە کاتێکدا ئەو دەمە قسەکردن لەوبارەیەوە وەک ئەوە وابوو من پێتان بڵێم مار لەسەربانی ماڵەکەماندا خواردن دەخوات!

بەبۆچوونی من دەتوانین لە هەندێ فیراسەت تێبگەین، چونکە بەرهەمی خەونەکانە نەک بەپێی ئەو واقعەی کە تێیدا دەژی، بۆنموونە، هاوڕێی ئیمڕۆمان (جول ڤێرن) ساڵی ١٨٦٥، ڕۆمانی (گەشتێک بۆ سەر مانگ)ی نووسی، واتە سەد ساڵی تەواو پێش ئەوەی (نیل ئارمسترۆنگ) بچێتە سەر مانگ!

لەم کاتەدا کارەکە سادەیە و لێی تێدەگەیت، مانگ بە ڕوونی دەبینرێت، مرۆڤیش دەست لە خەونەکان هەڵناگرێت، گەرچی ڕاوکردنی خەونەکە بۆ (جول ڤێرن) هەژمار دەکرێت، لێ بە پێشبینی هەژمار ناکەم، بۆنموونە گەر پێش دووسەد ساڵ کەسێک وتبێتی دوای دووسەد ساڵ فڕۆکەی مەزن بوونی دەبێت، خەونی مرۆڤ بۆ فڕین کۆنترە لە هەموو فڕۆکەخانەکانی جیهان، عەباسی کوڕی

فەرنـاس ڕۆژێـک ئەنجامیـداوە کـە لـە جیهانـدا هیـچ فرۆکەخانەیـەک بوونـی نەبـووە!، بـەڵام ئـەو شـتانەی لـە ئێسـتا هیـچ شـتێک دەلالـەت ناکات لێیان، مرۆڤ چۆن پێشبینی دەکات ڕوودەدات و لە داهاتووشدا ڕوودەدات، لـە ڕاسـتیدا منیـش نازانـم، شـەرمیش ناکـەم لـە وتنـی، ڕازیـم بـەوەی لەبارەی شتێکەوە بنووسـم کـە وردەکاریی و ڕاڤەکەی نازانـم، لـێ بـەردەوام دەڵێم: دەقی باش ئـەو دەقەیـە کـە پرسـیارت تێدا دەوروژێنێت، زیاتـر لـەوەی وەڵامـت پێشـکەش دەکات!

الوطن

٢٠١٨/٧/٢٤

# هەندێ جار دەرخستنی زانست، نەزانییە!

دەگێڕنەوە پیاوێکی ئایینی و پارێزەرێک و فیزیازانێک فەرمانی مل پەڕاندیان بۆ دەرکرا، سەرەتا پیاوە ئایینییەکەیان هێنا و پێیان وت: کۆتا وتەی خۆت بڵێ.

ئەویش وتی: خودا لەمە ڕزگارم دەکات!

کە پەتی ئامێری مل پەڕاندنەکەیان بەردا، پێش چەند سانتیمەترێک لە ملی وەستا!

خەڵکی وتیان: پیاوە ئایینییەکە ڕزگاربکەن، بێ تاوانە!

دواتر پارێزەرەکەیان هێنا، وتیان: کۆتا وتەی خۆت بڵێ!

وتی: من وەک پیاوە ئایینییەکە خوا ناناسم، بەڵام دادپەروەی ڕزگارم دەکات!

کە پەتی ئامێری مل پەڕاندنەکەیان بەردا، پێش چەند سانتیمەترێک لە ملی وەستا!

خەڵکی وتیان: پارێزەرەکە ڕزگاربکەن، بێ تاوانە!

کە فیزیازانەکەیان هێنا، پێیان وت: وتەی کۆتاییت بڵێ؟ وتی: کارەکە پەیوەندی بە خودا و دادپەروەرییەوە نییە، گرێیەک لە پەتەکەدا هەیە ئەمە هۆکاری وەستانی ئامێرەکەیە و بووە هۆی

ئەوەی ملی پیاوە ئایینی و پارێزەرەکە نەپەڕێت، لەم کاتەدا جێبەجێکارەکان گرێکەیان کردەوە و ملی زاناکەیان پەڕاند!

مایەی سەرسوڕمان نییە نەزانێک بەهۆی نەزانینەوە لەناوبچێت، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە زانایەک بەهۆی زانستەکەیەوە لەناوبچێت! لوتکەی زانست ئەوەیە بزانیت چ کاتێک قسە دەکەیت و چ کاتێک بێدەنگ دەبیت، قسەکردن لە غەیری کاتی خۆیدا، وەک بانگ وایە لە کاتێکدا کە کاتی نوێژە فەرزەکان نییە، بێدەنگیش لە غەیری کاتی خۆیدا، وەک وازهێنانە لە نوێژی بەیانی لە ترسی بێزارکردنی خەوتووەکان!

گرفتی زۆربەی خەڵکی ئەوەیە باوەڕیان وایە دەبێت لە هەموو بابەتێکدا بۆچوونیان هەبێت، لە هەموو ناکۆکییەکدا شوێنیان هەبێت، لە هەموو ڕێگایەکدا هەنگاویان هەبێت، لە هەموو جەنگێکدا دەسکەوتیان هەبێت، لە هەموو میراتێکدا پشکیان هەبێت، لێ لە حەقیقەتدا هەندێ جار بەهای مرۆ لەو شتە دایە کە وازی لێدەهێنێت، نەک لەوەی هەڵیدەگرێت، لەوەی کە نایڵێت، نەک لەوەی کە دەیڵێت!

زۆر فەلسەفە لێمەدە، حەقیقەت شیرینە، لێ هەموو کاتێک کاتی حەقیقەت نییە، کێشە لە نێوان هاوسەرەکاندا ڕوودەدات، منداڵێکی پۆلی شەش دەتوانێت پێت بڵێ کێ زاڵمە و کێ مەزلوم، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم شوێنە شوێنی دەرکردنی بڕیارە، یان شوێنی ئاشتەوایی! تەنها خزمە قازییەکان ماڵەکان تێکدەدەن لەو دەمەی کارەکە پێویستی بە چاکسازێکە گەرچی بێگانەش بێت، کارەکە پێویستی بە ژیری ئیاسی کوڕی موعاویە نییە بۆ ئەوەی بە ژنەکە بڵێی ئەم پیاوە کەس لەگەڵیدا ناژی، پێویستی بە زیرەکی شورەیحی قازی نییە بۆ ئەوەی بە پیاوەکە بڵێیت ژنەکەت وەک ژنی خەڵکی باش نییە، باشە ئەی دوای ئەمە چی دەبێت؟! ماڵەکان

دادەخرێن و خێزانەکەش پەرتەوازە دەبێت! ڕەحمەتی خودا لە عومەری کوڕی خەتاب بێت کە ئەوێ ڕۆژێ فەرمووی: کەسی ژیر ئەو کەسە نییە کە چاکە و خراپە دەزانێت، بەڵکوو کەسی ژیر ئەو کەسەیە چاکەی دوو خراپە دەزانێت! هەندێ جار مانەوەی کێشە لەو دۆخەی تێیدایە باشترین چارەسەرە بۆی، چونکە هەندێ چڵ گەر بتەوێت ڕاستی بکەیتەوە دەشکێت، لێگەڕێ بەو لارییەی خۆیەوە بەر بگرێت!

الوطن

٢٠١٨/٧/٢٦

## ڕەگەزپەرستی!

ئەو دەمەی جیهان ئیسراحەتی دەکرد لە شەکەتی جەنگی جیهانی یەکەم، ئەدلۆف هیتلەر هەڵگرسێنەری جەنگی جیهانی دووەم، لە زینداندا بابەتێکی کتێبە بەناوبانگەکەی دەنووسی (خەباتی من) تێیدا دەڵێت: هەموو کولتووره مەزنەکانی ڕابردوو لەناوچوون، تەنها لەبەر ئەوەی نەژادی گەلە ڕەسەنە داهێنەرەکان بە هۆی ژەهراوی بوونی خوێنەوە مردن!

لەدوای ئەمە بە چوارده ساڵ مۆسۆلۆنی کتێبێکی دەنووسی لەبارەی بنەچە و تێیدا دەڵێت: سروشتی جەستەیی و دەروونی ئەوروپی موڵکی ئیتاڵییەکانە، پێویستە نەگۆڕێت بەهەر ڕێگایەک بێت، کاتی ئەوە هاتووە ئیتاڵییەکان بە تەواوی ڕاشکاوییەوە ڕەگەزپەرستی خۆیان ئاشکرا بکەن!

لەوەیە یەکێک بڵێت: سوپاس بۆ خودا هیتلەر و مۆسۆلۆنی مردوون!

ئەمە شتێکە سوپاسگوزاری خودای دەوێت! دوای سوپاس و ستایشکردنی خودا، ئەو دوو ڕەگەزپەرستە بەناوبانگە لەناوچوون، بەڵام ڕەگەزپەرستی لەناونەچووە، ماوە و گەشەدەکات!

زۆر گەشەی کردووە بە جۆرێک عەقڵی سیاسییەکانی تێپەڕاندووە و گەیشتووە بە عەقڵی خەڵکی!

پێش چەند ڕۆژێک یاریزانی ئەڵمانی بە ڕەگەز تورکی بنەچە کوردی (مەسعود ئۆزێل)، وازهێنانی خۆی لە یاری نیودەوڵەتی ڕاگەیاند، لەدوای ئەو تانە و وتە ڕەگەزپەرستیانەی ڕووبەڕووی بوویەوە، بەهۆی لاوازی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە مۆندیالدا... ئۆزێل لە کاتی ڕاڤەکردنی هەندێ لە موعاناتەکانیدا وتی: کە دەیبەینەوە ئێمە ئەڵمانین، کە دەدۆڕێین ئێمە کۆچبەرین!

هەرچەندە فەرەنسا بەهۆی کۆچبەرەکانەوە جامی جیهانی بەدەستهێنا، بەدیاریکراوی کۆچبەرە ئەفریقییەکان، بەڵام گۆڤاری (چارڵ ئیبیدۆ)ی کەم ئەخلاق، کاریکاتێرێکی بڵاوکردەوە بە شێوەیەکی ڕەگەزپەرستانەی زۆر نزم گاڵتە بەو یاریزانانە دەکات!

ئێمەیش ڕەگەزپەرستین!

کێ لە ئێمە ئەو دڵانەی نەبینووە کە سووتاوە، ئەو هاوسەرانەی زیندەبەچاڵ کراوە، تەنها لەبەر ئەوەی هەندێ خەڵکی باوەڕیان وایە لە نەژادێکی ڕەسەن و جۆرێکی بەرزترن، خوێنێکی خانەدان هەیە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت!

کێ لە ئێمە لە نیشتمانەکەی خۆیدا دیمەنێکی نەبینووە کە بۆنی ڕەگەزپەرستی لێ بێت، ئەوە هیچ هەموو گەلێک خۆی بە گەلی هەڵبژێردراوی خودا دەزانێت! جوولەکەش باوەڕی هەر وایە! بەجۆرێک تەلموودەکەیان دەڵێت گەلانی تر تەنها بۆ خزمەتکردنیان ئافرێنراون، گەلانی تر لە حەقیقەتدا ئاژەڵبوونە، بەڵام لەسەر شێوەی

مرۆڤ ئافرێنراون، بۆ ئەوەی گەلی هەڵبژێدراوی خودا بێزار نەبن لە ڕووخسارییان لەو دەمەی خزمەتیان دەکەن!

لەلای خۆشمان چی دەڵێیت بیڵێ و مەترسە! ڕەش و سپی، باکووری و باشووری، دەشتەکی و شارستانی، لادێی و شاری... بەردەوام بەدوای وردترین شتەکاندا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ڕەگەزپەرستی تێدا بکەین، مەگەر یەکێک خودا ڕەحمی پێ کردبێت!

ئەو دەمەی ئەبو زەڕ بە بیلالی وت: ئەی کوڕی قولەڕەشەکە! پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی وت: ئەی ئەبو زەڕ هێشتا خەسڵەتی نەفامیت تێدا ماوە!

تەماشا کردنی کەسانی تر بە خۆبەگەورەزانینەوە نەفامییەکی تەواوە، لوتبەرزییەکە هیچ پاساوێکی نییە تەنها گرێی خۆبەکەمزانین نەبێت لە دەروونی کەسەکەدا، مرۆ چەندێ ڕەچەڵەکی بەرزبێت ناگاتە ئەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی گەیشتووە قورەشی هاشمی بوو، لەگەڵ ئەمەشدا سڵاوی لە منداڵەکان دەکرد و لەگەڵ لاوازەکان نانی دەخوارد و بەرگری لە کۆیلە و ستەملێکراوەکان دەکرد، هەمیشە ئەسڵی خۆمانی بیردەخستینەوە، هەمووتان لە ئادەمن ئادەمیش لە خۆڵە!

الوطن

٢٠١٨/٧/٢٩

## سوودەکانی ژنی خراپ!

دوێنێ هەواڵێکی نەستەقم خوێندەوە، پوختەی هەواڵەکە بەمشێوەیە بوو: هاونیشتیمانییەکی ئەمریکی لە ویلایەتی (نیو جیرسی) لە یەکێک لە بازاڕەکان بتڵێ شەربەتی پرتەقاڵ دەکڕێت و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دواتر بۆی دەردەکەوێت ژنەکەی هەمان بتڵی کڕیوە، بەلام بە نیوەی نرخەکەی ئەم! چونکە بەرگەی گاڵتە پێکردنی ژنەکەی نەگرتووە کە نیو کاتژمێر زیاتر بەردەوامبووە، گەڕاوەتەوە بۆ بازاڕەکە و بتڵەکەی یاوەتەوە پێیان، لە کاتی هاتنە دەرەوەی لە بازاڕەکە، بلیتێکی یانسیبی کڕیوە و ۳۱۵ ملیۆن دۆلاری بردۆتەوە!

لەدوای وەرگرتنی خەڵاتەکە و بەو ڕۆژنامەنووسانەی وت کە لەدەوری کۆبووبوونەوە بۆ گواستەنەوەی ڕووداوەکە لەدوای بڵاوبوونەوەی لە شارەکەدا: سەرەتا و کۆتایی سوپاسی ژنەکەم دەکەم کە بۆڵەبۆڵی کرد بەسەرمدا و دڵخۆشیمی بە بتڵە شەربەتەکە لێ تێکدام، گەر ژنەکەم نەبووایە بتڵەکەم نەدەبردەوە و بلیتی یانسیبم نەدەکڕی!

ئەم هەواڵە ئەو ئیمێڵەی بەبیرهێنامەوە کە پێش چەندین ساڵ پێم گەیشت، ئەو ڕۆژانەی واتس ئەپ نەبوو، هۆتمێل تاکە ئامرازی دەستی مرۆڤەکان بوو بۆ تێکدانی ژیانمان! لە ڕاستیدا پێش چەندین ساڵ ئەو ئیمێڵەم سڕیەوە، بەلام سەرەتا بە پشت بەستن بە خودا و پاشان بە یادگە

کوڵەکەم، پوختەی گرنگترین سوودەکانی ژنی خراپتان بۆ باس دەکەم!
- ژنی خراپ یارمەتی پیاو دەدات پارێزگاری لە کێشی بکات، چونکە خۆی دەگرێتەوە لە خواردن، زۆربەی کاتەکان وەک ڕۆژووەوان دەبێت!
- ژنی خراپ یارمەتی پیاوەکەی دەدات سەردانی خزمەکانی بکات، لەدەست ژنەکەی ڕادەکات بۆ ماڵی دایکی!
- ژنی خراپ وات لێدەکات لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکەتدا باشترین مامەڵەت هەبێت، چونکە بەهۆی قێزکردنەوەت لە ژیانی خۆت قاڵ دەبیت لە کارەکەتدا، چونکە تاکە شتە کە ناهێڵێت لەداخا بتەقێت!
- ژنی خراپ یارمەتیت دەدات چاوت بپارێزیت، چونکە وات لێدەکات ڕقت لە هەموو ئافرەتێک بێت، یەک موسیبەتت بەس دەبێت لەسەر بنەمای (موسڵمان لەیەک کوندا دووجار ناگەزرێت)!
- ژنی خراپ وات لێدەکات بەردەوام یادی خودا بکەیت، چونکە زۆربەی کاتەکانت دەڵێیت: (أستغفرالله العظيم، لا حول ولا قوة إلا بالله، حسبي الله ونعم الوكيل!) گەر ژنەکەت نەبووایە بەختەوەربوونت لەبیری دەبردیتەوە یادی خودا بکەیت!

قسە قسە دەهێنێت، دوای ماوەیەکی زۆر، دوو هاوڕێ گەیشتن بەیەک و یەکێکیان پرسی: ئەوە ژنەکەی تۆیش خراپە!

پێی وت: بۆ جۆری تریشیان هەیە؟

ئەڵبەتە ئەم وتارە گوزارشت ناکات لە بۆچوونەکانم، گوزارشتیش ناکات لە بۆچوونی ڕۆژنامەکە، لێ پێویستبوو شتێک بنووسرێت بۆ ئەوەی پەڕەکە پڕ بکرێتەوە! دەمەوێت ئەوەش لە یاد نەکەم هەر بەڵا و ناخۆشییەک تووشم دەبێت بەهۆی ئەم وتارەوە نییە، داوای سەلامەتی لە خودا دەکەین!

الوطن

٢٠١٨/٧/٣١

# ڕەفتارجوانی لە مەترسیدایە!

پێش نزیکەی دوومانگ و بەدیاریکراوی لە ٣١ ئایاردا، ڕۆژنامەی (نیچەر) وتارێکی بڵاوکردەوە کە بە یەکێک لە گرنگترین وتارەکانی دەزانم، گەرچی دەرئەنجامەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە ڕەفتارجوانی لە مەترسیدایە!

ڕۆژنامەکە دەڵێت وشەی (سوپاس) لە جیهاندا بە کەمی بەکاردەهێنرێت، لە پێنج کیشوەری جیادا لە شوێنە گشتییەکاندا کامێرای نهێنی جێگرکرا لەگەڵ مایکرۆفۆندا، ئەمەش ئەوەی بۆ توێژەرەوەکان ڕەخساند کە گوێیان لە گفتوگۆکان بێت کە بە هەشت زمان ئەنجامدرابوون، ئەنجامەکەی سەرسامکەربوو، لە نێوان هەزار کەسدا کە داوای شتێکیان کردووە یان داوای خزمەتێک یان ناونیشانێکیان کردووە و کەسانی تریش وەڵامیان داونەوەتەوە و خزمەتەکەیان پێشکەشکردوون یان وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، تەنها پەنجا و پێنج کەسیان سوپاس و پێزانینی خۆیان دەرخستووە، جا بە وتنی سوپاس بێت یان بە ئاماژەیەک بێت نیگای پێزانین بکات!

یەکێک لەو شتانەی مایەی خەمبارییە، ئەوانەی بە زمانی تشابالا قسەدەکەن لە ئیکوادۆر بۆ یەکجاریش سوپاس و پێزانینی خۆیان

دەرنەخستووە، لەو حەفتا و حەوت جارەی چاکەیان بەرانبەر ئەنجامدراوە و وەڵامی داواکانیان دراوەتەوە!

زۆربەی جار چاکەکار چاوەڕێی وشەی (سوپاس) ناکات لە پای کردەوە چاکەکەی... من و ئێوەیش دوودڵ نابین لە ڕێنوێنی کەسێکی وێڵ، یان یارمەتیدانی کەسێک داوای هەر یارمەتییەک بکات، گەرچی بشزانین وشەی سوپاس و پێزانینی لێوە نابیستین، هۆکارەکەی ئەوەیە کاتێک چاکەیەک پێشکەش بە کەسانی تر دەکەین، ئێمە خزمەتی خۆمان دەکەین، چونکە مرۆڤبوونی خۆمان دەسەلمێنین! ئینسان بۆیە ناونراوە ئینسان، چونکە جگە لە خۆی پێی دڵخۆش دەبێت و ئەویش بە کەسانی تر دڵخۆش دەبێت، وەک چۆن (إبـن جنـي) زمانزان وادەڵێت، بەڵام تێناگەم بۆچی هەندێک کەس بەم وشکی و خۆپەرستییەوە دەردەکەون و وەڵامی چاکە بە یەک وشەش نادانەوە، کە هیچی تێناچێت!

لە کۆندا وتراوە: پێویست نییە لەسەرت وەڵامی هەموو چاکەیەک بدەیتەوە، بەڵام لەوە باڵاتربە کە نکوڵی بکەیت!

ئەو دەمەی خودا تەوبەی لە کەعبی کوڕی مالیک وەرگرت لەدوای ئەوەی لە جەنگی تەبووک دواکەوت، چووە مزگەوت، تەڵحە بە ڕاکردن چوو بۆلای و باوەشی پێدا کرد، هەرجارێک کەعب چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە دەیوت: وەڵڵاهی هەرگیز ئەوەی تەڵحە لەبیر ناکەم!

پێویستە مرۆ مەردبێت لەگەڵ خەڵکدا، ڕەفتارجوان بێت، بەڵام گەر کەسانی تر سەرەتا مەرد و ڕەفتارجوانبوون لەگەڵیدا، مەردایەتی و ڕەفتارجوانییەکەیان قەرزە لە ئەستۆیدا، سەرپشک نییە لەوەی چاک و مەردبێت بەڵکوو ناچارە، هەربۆیە ئەوانەی لەگەڵ کەسانی مەرددا مەردایەتی نانوێنن لە ڕاستیدا خراپە بەرانبەر خۆیان دەکەن!

سەرسامم بەو خێزانانەی کە وشەی سوپاس بەرانبەر کەسانی تر فێری منداڵەکانیان دەکەن، وەک چۆن فێری سوورەتی فاتیحایان دەکەن، ئەمەش جیاوازی نێوان بەخێوکردن و پەروەردەکردنە. پێدانی خواردن و خواردنەوە و چاودێریکردنی تەندروستی منداڵ، بەخێوکردنە نەک پەروەردەکردن! پەروەردەکردن چاندنی ڕەوشت و بەها و بنەماکانە، ڕێزگرتن و پێزانینی ئەو چاکەی بەرانبەری دەکرێت بەشێکی گرنگە لە ڕەوشت!

بابەت بابەتی تر دەهێنێتەوە یاد، جارێک خوێندمەوە قاوەخانەیەک لە شاری نیس هەرزانترین قاوە پێشکەش کڕیارە باشەکانی دەکات! گەر بە شاگردەکە بڵێی: قاوە! ئەوا حەوت یۆرۆ دەدەیت، بەڵام گەر بڵێی: بەیانیت باش، قاوەم دەوێت! پێنج یۆرۆ دەدەیت! گەر پێی بڵێی: بەیانیت باش، بە یارمەتیت کوپێک قاوەم دەوێت! ئەوا دوو یۆرۆ دەدەیت!

ڕاستە ئەدەب و ڕەوشت بە پارە ناخەملێنرێت، لێ شتێکی جوانە ببینین هێشتا کەسانێک هەن لەم هەسارەدا گرنگی بەم شتانە دەدەن و سوورن لەسەر ئەوەی کەسانی تر بە باشی ببینن!

الوطن

٢٠١٨/٨/٢

## ئایا باوەڕمان پێهێناون!

ئەبو یوسف بەناوبانگترین خوێندکاری ئەبوحەنیفە دەڵێت: باوکم مرد و لەلای دایکم مامەوە، ناردمی بۆلای بەرگدوورێک هەتا فێری پیشەکەی ببم، منیش بەرگدوورەکەم جێدەهێشت و دەچووم بۆ کۆڕی ئەبو حەنیفە، دایکم دەهات بۆ مزگەوت و دەستی دەگرتم و دەیبردمەوە بۆلای بەرگدوورەکە!

ئەبو حەنیفە کە بینی شەیدای زانستم، نزیکی کردمەوە و فێری دەکرم، کە دوورکەوتنەوەم لە بەرگدوورە زۆر دووبارە بوویەوە، دایکم هات بۆ مزگەوت و بە ئەبو حەنیفەی گوت: چیت داوە لە خراپکردنی ئەم منداڵە، سێوییە و بەخێومان دەکات، تۆیش سەرقاڵی دەکەیت لەوەی بۆم ناردووە. ئەبو حەنیفە پێی وت: وازی لێ بهێنە، هێندە فێردەبێت، کە فالوودە بە ڕۆنی فستق بخوات!

پێی وت: فالوودە بە ڕۆنی فستق! ئەوە تەنها خەلیفەکان دەیخۆن، وەڵڵاهی تۆ پیرەپیاوێکی خەڵەفاویت و ئاوەزت ڕۆیشتووە!

لەلای ئەبو حەنیفە مامەوە و زانستم لێی وەرگرت، کە مرد ڕەحمەتی خودای لێ بێت چوومە شوێنی ئەو، ئەو دەمەی ناو و ناوبانگم بڵاوبوویەوە، ڕەشید ناردی بە شوێنمدا و کردمییە قازی! ڕۆژێک چوومە لای، خواردنێکیان بۆ هێناین، دای بە من و وتی:

ئەبو یوسف بیخۆ! خواردم، پێشتر تامی خواردنی وەهام نەکردبوو، پێی وتم: دەزانی چیت خوارد؟

وتم: نەخێر!

وتی: فالوودە بە ڕۆنی فستق بوو، زەردەخەنەیەکم کرد و لێی پرسیم بۆچی پێدەکەنیت؟ چیرۆکی دایکمم بۆی باسکرد لەتەک ئەبو حەنیفەدا.

وتی: ڕەحمەتی خودا لە ئەبو حەنیفە بێت، بە چاوی ئاوەزی شتانێکی دەبینی کە خەڵکی بە چاوی سەر نایبینن!

ئەوەی ئەبو یوسف پێی گەیشت لەدوای فەزڵی خودا، بەهۆی متمانەبوونی ئەبوحەنیفەوە بوو، خەیاڵی ئەوە بکەن ئەبو حەنیفە متمانەی پێ نەکردایە، لێی گەڕایە بۆ دایکی، چارەنووسی چی دەبوو؟ بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبووە بەرگدوورێکی ناوبازار، دەمرد و کەس ناوی نەدەبیست، ساتی باوەڕبوونی مامۆستا بە خوێندکارەکەی وایلێکرد ببێتە قازی و بچێتە کۆڕی خەلیفەوە و شەرحی مەزهەبەکەی بکات، گەر ئەم متمانە و باوەڕپێبوونە نەبووایە، تەنها ئەبو یوسف لەدەستنەدەچوو، زۆربەی ئەو فیقهەی ئیمڕۆ سوودی لێدەبینین، بەرهەمی باوەڕبوونەکەی ئەبو حەنیفەیە!

زۆرێک لە بەهرەکان لەناچوون، زۆرێک لە بلیمەتەکان نەمان، چونکە کەس نەبوو باوەڕی پێبهێنێت و لە دونیای وەربگرێت و بیخاتە سەر ڕێگا!

ئەو خێزانانە زۆر بێزارم دەکەن گەر کوڕەکەیان کتێبێک بکڕێت پێی دەڵێن: بتدایە بە پارووبەک نان، یان کراسێک باشترنەبوو! لەبری ئەوەی هانی بدەن و کتێبی بۆ بکڕن، باڵەکانی لەناودەبەن و سەوڵەکەی دەشکێنن، دواتر لەبارەیەوە دەڵێن، وەک کوڕی خەڵک بەرزنافڕێت، وەک فلانە کەسیش بەقوولی مەلە ناکات! چۆن بەرز

دەفڕێت کە تۆ باڵەکانیت کردووە و بەهرەیەکت تێدا کوشت، کە پێویستبوو لەسەرت گەشەی پێ بدەیت!

ئەو خێزانانە زۆر بێزارم دەکەن منداڵەکانیان دەبەنە بەر خوێندنی پزیشکی و ئەندازیاری، لە دەمێکدا خۆیان حەزیان لە بەشێکی ترە، بەتەواوی لە حەزی خێزانەکان تێدەگەم، دەزانم دەیانەوێت منداڵەکانیان باشترین بێت، لێ کێ وتوویەتی باشترین ئەو کەسەیە زۆرترین پارە کۆدەکاتەوە؟ بۆچی دەبێت خێزانەکان لەبری منداڵەکانیان ژیان بکەن؟ بۆچی دەمانەوێت ژیانیان لێ ببەین، لەڕێی ئەوانەوە خەونی خۆمان بەدیبهێنین؟ ئەمە خۆپەرستییە، گەرچی پاڵنەرەکەشی خۆشەویستی بێت، گومانم نییە لە بوونی خۆشەویستی، لێ هەندێ خۆشەویستی لەناوبەرە!

هیچ شتێک لە لەناوبردنی خەون و بەهرەکان توندتر نییە، باوەڕتان بە منداڵەکانتان هەبێت، پەڕی زیاتر لە باڵەکانیاندا بچێنن لەبری ئەوەی کورتی بکەنەوە، گەرچی بەهرەکەیان لە شتێکیشدا بوو کە باوەڕتان پێی نەبوو!

هەموومان موتەنەبی دەناسین، بەڵام کەس زەنگینترین کەسی سەردەمی موتەنەبی ناناسێت!

هەموومان دافنشی دەناسین، بەڵام بەناوبانگترین دکتۆری سەردەمەکەی ناناسین!

چ چێژێکمان لەدەستدەدا گەر لۆکا مۆدریچ ئەندازیاری بخوێندایە لەبری ئەوەی تۆپی پێ ئەنجامبدات، چ چێژێکمان لەدەستدەدا گەر موحەممەد متەوەلی شەعراوی دکتۆر بووایە!

الوطن

٢٠١٨/٨/٥

# هەندێ خۆشەویستی هەیە دەتکوژێت!

سالی ١٩٦٥، دۆلفین پیتەر بەشێک بوو لە پرۆگرامی ناسا بۆ مەشقپێکردن، ئامانج لە پرۆگرامەکە فێرکردنی ئاژەڵەکان بوو لە ڕێگەی ئاماژەوە پەیوەندی ببەستن، دکتۆرە مارگرێت تایبەت کرابوو بۆ پیتەر، هەموو شتێکی لەگەڵ ئەو دابوو، لە خواردن و یاریی و خەو و فێرکردن، ماوەی شەش ساڵ بەمجۆرە لەگەڵیدا بەردەوامبوو، پیتەر پێوەی وابەستەبوو، بەجۆرێک مامەڵەکردنی تەنها لەگەڵ مارگرێتدا پێ خۆشبوو، ڕەتیدەکردەوە خواردنی دەستی یەک کەس بخوات جگە لە مارگرێت!

دوای کۆتایی هاتنی پرۆگرامەکە، پیتەریان گەڕاندەوە بۆ باخچەی ئاژەڵان و لە مارگرێت جوودابوویەوە، لێرەوە بەخێرایی تەندروستی تێکچوو، لەدوای دوو حەفتە بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا!

ئەو دکتۆرەی چاودێری دۆخی پیتەری دەکرد لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی کە پیتەر خۆی کوشتووە بە هۆی نەخۆشییەکی دەروونییەوە کە بۆتە هۆی دڵشکاندنی لەدوای ئەوەی مارگرێتی خۆشەویستی لێی جیابۆتەوە!

هەزارەها نوسخەی پیتەر لە جۆری مرۆڤ لە نێوانماندا هەیە، گەر خۆی نەکوژێت لەدوای جێهێشتنی خۆشەویستانی ئەوا بەجۆرێک مامەڵە دەکات وەک ئەوەی ژیانی کۆتایی پێهاتووە، لە ڕاستیدا خواردن و خواردنەوە و هەناسەدان ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤەکە زیندووە، ژیانی حەقیقی ئەوەیە مرۆڤ باوەڕی هەبێت کە لە ژیانیدا ئامانج و پەیامی هەیە!

خۆشەویستی شتێکی جوانە، بەڵکوو جوانترین و مەردانەترین هەستمانە، لێ هەمیشە دەڵێم، چەندێ خۆشەویستیت کرد، بەشێک لە خۆت بۆ خۆت جێبهێڵە! بەتەواوی خۆت مەبەخشە بە یەک کەس، چونکە هەردەمێک بەجێیهێشتیت هیچ بۆ خۆت نامێنێتەوە! عاشقبوون بەواتای ئەوە نایەت ئامانج و خەونت نەبێت جگە لەو کەسەی خۆشتدەوێت، کەسانی تر پێویستە بەشێک بن لە ژیانمان نەک هەموو ژیانمان!

زیادەڕەوویکردن لە هۆگربووندا زۆربەی کات بەهۆی ئەو بۆشاییە زۆرەی ژیانمانەوەیە، هیچ شتێک نابێت پێوەی هۆگربین، جگە لەو مرۆڤەی کە خۆشمان دەوێت، پێوەی هۆگر دەبین وەک چۆن کەسێک خەریکە بخنکێت وابەستەی پشتوێنی ڕزگاربوون دەبێت، هەر دەمێک لەدەستیدا خۆی ڕادەستی ڕووبارەکە دەکات و دەڵێت بمبە، لە ڕاستیدا پێویستە لەسەرمان لە ڕووباری دنیادا باوەڕمان بە دەستەکانی خۆمان هەبێت و باوەڕمان وا بێت دەستەکانمان دەمانگەیەنێت بە کەنارەکە، زیاتر لەوەی باوەڕمان بەوانی تر ە!

ئەندازەی هۆگربوونی ئیمڕۆت، ئەندازەی برینی سبەینێتە، بەو ئەندازەیە هۆگری بە کە دەتوانیت بێ ئەوە بژیت، ژیانی خۆت بکە، خەونەکانت بەدی بهێنە، لە پێناو خولیاکانتدا بجەنگێ، بە ڕاستگۆییەوە

خۆشەویستی بکە، عاشق بە، هیچ شتێک نییە بیسەلمێنێت کە ئێمە مرۆڤین جگە لەوەی ئێمە دەتوانین خۆشەویستی بکەین و خۆشیان بوێین، لێ ئاگاداربە لەوەی هەموو ژیانت یەک کەس بێت!

عەرەب دەڵێت:

هێندە خۆشەویسەکەت خۆش بوێ کە بەرگەی دووری بگریت

ئەوەندەش ڕقت لە دوژمنەکەت بێ کە بەرگەی دیداری بگریت.

زیادەڕەوویکردن لە هەستەکاندا بەڵگەیە بۆ پێنەگەیشتنت، دەزانم هەندێکتان پێم دەڵێن: ئای چ کەسێکی سارد و سڕی! لە ڕاستیدا کەسێکی سارد و سڕ نیم لێ حەقیقەت بریندارکەرە، هەندێ جار خەڵکی ڕقیان لەو کەسەیە لە وەهمەکانیان ئاگاداریان دەکاتەوە!

بە ڕاستگۆییەوە خۆشەویستی بکەن، بەڵام بە ئەندازەیەک کە خۆتان لەدەستنەدەن!

الوطن

٢٠١٨/٨/٧

# کەس پێش کاتی خۆی نامرێت!

نەنکم ڕەحمەتی خودای لێ بێت دەیگوت: ئەوەی تەمەنی مابێت سەختی و نارەحەتی نایکوژێت!

دوای مردنی نەنکم بە چەندین ساڵ، هیلاری کلیتۆن کتێبی (بژاردە سەختەکان)ی نووسی و تێیدا ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

دوای مانگێک لە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم، سەربازێک مۆڵەتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ وەرگرت، کە گەیشتەوە گەڕەکەکەی بارهەڵگرێکی بینی کە پڕیبوو لە تەرمی کوژراوەکان! بارهەڵگرەکان، کوژراوەکانیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بیانگوازنەوە بۆ گۆڕستان و بە کۆمەڵ بیاننێژێت!

سەربازەکە وەستا و تەماشای دیمەنەکەی دەکرد، پێڵاوی ئافرەتێک سەرنجی ڕاکێشا کە پێشتر بۆ خێزانەکەی کڕیبوو، بەخێرایی بەرەو ماڵەوە ڕایکرد، بینی ماڵەکەی ڕووخاوە، بەخێرایی گەڕایەوە بۆ لای بارهەڵگرەکە و ئافرەتەکە خێزانەکەی بوو!

ڕەتیکردەوە لە گۆڕستانی بە کۆمەڵدا بنێژرێت، لە بارهەڵگرەکە هێنایە خوارەوە بۆ ئەوەی خۆی بینێژێت، لە کاتی ناشتنیدا هەستی کرد بەهێواشی و سەختی هەناسە دەدات!

دواتر گەیاندییە چارەخانە، زۆری پێنەچوو چاکبوویەوە، لەدوای چەند ساڵێک منداڵێکیان بوو ناویان نا ڤلادیمیر!

پاکوبێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە هەموو کارەکانی حیکمەتێکی تێدایە، گەرچی لە ئێمەیش شاراوەبێت! پێویستبوو ئەو ئافرەتە بژی بۆ ئەوەی ئەو منداڵەی ببێت کە وێرانییەکی زۆر لەم سەر زەوییەدا دەخوڵقێنێت، ئێمە حیکمەتەکەی نازانین، لەوەیە بشمرین و هێشتا نەمانزانی بێت، لێ دڵنیاین هیچ قەدەرێکی خودا بەبێ هۆ ڕوونادات، گەرچی بە ئازاریش بێت!

بابەت بابەتی تر دەهێنێتەوە یاد، پێش چەند ساڵێک ئەوەم خوێندەوە کە ئەو دەمەی سەلاحەدین شیرەخۆرەبووە، خاچپەرستەکان هێرشیان کردە سەر قەلایەک، کە باوکی سەرکردەی سەربازەکانی بوو، کە بۆیان دەرکەوت دەکەون و گومانی تێدانییە، بڕیارییدا کار بە ئامۆژگاریی سەربازەکان و ڕاوێژکارەکانی بکات، پێیان وت: لە دەستدانی قەلاکە کەمترە لە لەدەستدانی سوڵتان!

بە تاریکی ڕایانکرد، وەلێ لەو شەوەدا سەلاحەدینی شیرەخۆرە زۆر زۆر دەگریا، سوڵتانی باوک داوای لە خێزانەکەی کرد بێدەنگی بکات، چونکە ئەگەر هەروابگری دوژمن بە شوێنیان دەزانێت!

دایکی ویستی بێدەنگی بکات لێ بێسوود بوو!

لەم کاتەدا باوکی لە ئەسپەکەی دابەزیی، و ڕوویکردە ئەو عەرەبانەیەی شتومەک و تفاقی تێدابوو، خستیە لایەکەوە، و سەلاحەدینی کردە بەشی ژێرەوەی عەرەبانەکە، و شتومەکەکانی خستە سەری، بە هاوسەرەکەی وت: ئەگەر تەمەنی هەبێت دەژی!

چونکە سەلاحەدین تەمەنی مابوو نارەحەتی نەیکوشت، پێویست بوو ڕزگارکاری قودس لە میکرۆبی خاچپەرستەکان بژی! ئیمرۆ ئەو حیکمەتە دەزانین، پێمان دەڵێت هەموو قەدەرەکانی خودا حیکمەتێکی تێدایە، گەرچی ئێمەیش نەیزانین!

دوو چیرۆکەکە زۆر لێکدەچن، گەرچی نێوان دوو کەسەکە هێندەی نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوایە!

هەردووکیان وانەن بۆ گرنگترین پایەی بیروباوەڕمان، کە هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە و هیچ کەسێک پێش تەواوکردنی تەمەنی خۆی نامرێت، وەک نەنکم دەیوت ڕەحمەتی خودای لێ بێت!

پێش ئەوەی لەدایک بین فریشتەکەیەک بە فەرمانی خودا ڕزق و تەمەنمانی دیاری کردووە، لەوەیە حیکمەتی خودا لەمەدا ئەوەبێت کە زۆر دوودڵ مەبن سەبارەت بەو دوو شتە! ئەوشتەی زۆر بیرمان قاڵ دەکات ڕزق و ئەجەلە، هەردووکیان نووسراون، لەتە نانێک کەمتر یان زیاتر لەوەمان دەستناکەوێت کە بۆمان نووسراوە، یەک چرکە کەمتر یان زیاتر لەوە ناژین کە بۆمان نووسراوە، دڵتان ئارام بێت!

الوطن

٢٠١٨/٨/٩

## فریونەخۆن!

ئۆبال بە ئەستۆی پاولۆ کۆیلۆ: ئەو دەمەی شاری ناپۆلی لەرییەوە بەهۆی نمایشە خۆشەکانی کارلینای لێبووکەوە، پیاوێک چووە لای دکتۆرێکی بەناوبانگ و سکالای دڵتەنگبوونی لەلا کرد، دوای ئەنجامدانی چەندین پشکنین، دکتۆرەکە بە نەخۆشەکەی وت، گوێبگرە بەڕێزەکەم: هیچ نەخۆشییەکی جەستەییت نییە، بە ئەگەری زۆرەوە کێشەکەت دەروونییە، هەوڵبدە بچیتە دەرەوە و دونیا ببینیت و شتی نوێ ئەنجام بدەیت، لە شاردا لێبووکێک هەیە ناوی کارلینایە وەها لە ئامادەبووان دەکات لە پێکەنیندا لە کورسییەکانی خۆیان بکەونە خوارەوە، ئامۆژگاریم ئەوەیە بچیت بۆ تەماشاکردنی، دڵنیام دەروونت باش دەبێت!

نەخۆشەکە تەماشای دکتۆرەکەی کرد و بەخەمبارییەوە وتی: دکتۆر گیان من کارلینام!

لە هەر چاوپێکەوتنێکدا پرسیاری ئەدەبی گاڵتەجاڕیم لێ بکرایە، ئەم چیرۆکەم دەگێڕایەوە، دواتر دەموت: ئەدەبی گاڵتەجاڕی کوڕی ئازارە، هەموو زەردەخەنەیەک کە لەسەر لێوی خوێنەرەکان دەینەخشێنین ئازارمان چەشتووە بەهۆی ئەو شتەی گاڵتەی پێدەکەین، بەڕێزان نووسەرە گاڵتەجاڕەکان لێبووک نین!

لی لەم دوایەدا بۆم دەرکەوت چیرۆکی کارلینا زۆر لەوە فراوانترە کە تەنها بۆ ئەدەبی گاڵتەجاڕی بەکاربهێنرێت، دەستێکی درێژی هەیە کە نزیکە درێژبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە هەموو کایەکانی ژیان، لە ناخی هەر یەکێکماندا کارلینایەک هەیە کە کەس نایبینێت!

ئەو کەسەی زۆرترین بڵاوکراوەکانی لەسەر خۆشەویستییە، مەرج نییە رۆمیوی سەردەمی خۆی بێت، ئەو ئافرەتەی زۆرترین بڵاوکراوەکانی لەسەر خۆشەویستییە، مەرج نییە جولیێتی سەردەمەکەی بێت، خەڵکی ئەو شتانە بڵاودەکەنەوە کە نیانە، نەک ئەو شتانەی هەیانە!

ئەو کەسەی زۆرترین بڵاوکراوەکانی لەسەر ئایین و پێغەمبەرە، مەرج نییە هەموو شەوێک تا دەمەو بەیان لەسەر بەرماڵ بێت، هەموو ئەوەی لە شتەکەدایە ئەوەیە ئێمە خودامان خۆشدەوێت، گەرچی سەرپێچیشی بکەین!

ئێوە چوزانن وێنەی ئەو خواردنانەی ماوە ماوە لە واڵی کەسەکاندا دەیبینن، زۆنگێک نییە لە سارای بێبەشبووندا، ئەوانەی بەردەوام خواردنی بەچێژیان هەیە وێنەی ناگرن!

ئێوە چوزانن ئەو ژنەی ساتی دڵخۆشبوونی لەگەڵ مێردەکەیدا بڵاودەکاتەوە، تاکە ساتی دڵخۆشی و بەختەوەرییە لە نێو ژیانە پڕ مەینەتییەکەیدا، هەربۆیە پێویستی بەوەبووە تۆماری بکات، هەمیشە کەسە بەختەوەرەکان سەرقاڵی بەختەوەری خۆیانن و تۆماری ناکەن!

تەنانەت ئەو کتێبانەی وێنەی پەڕەکانی دەبینن لەگەڵ کوپی قاوەدا، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خاوەنی وێنەکە ژیانی بە خوێندەوە بەڕێ دەکات، خەڵکی پێمان دەڵێن خوازیارن ژیانیان چۆنبێت، نەک ئەوەی ژیانیان چۆنە، ئەگەر کتێب هەموو دونیات بیر نەباتەوە، ئەوا تۆ خوێنەر نیت!

گەر ویستان بزانن خەڵکی پێویستیان بەچییە و لە چییان کەمە، بنوارە ئەو شتانەی بڵاویدەکەنەوە، ئەو شتانەی بەردەوام هەمانە و ئەو هەستانەی بەردەوام لەگەڵیدا دەژین، شتێکی ڕۆتینییە و پێویست ناکات بە خەڵکی بڵێین، ئێمە ئەو ڕووداو و هەستانە بە خەڵکی دەڵێین کە وەک ڕیکلامی کاتی پەخشکردنی فیلمەکان وایە! فریومەخۆن، ئەو کەسەی تەنها ئەو شتانە دەبینێت لەخەڵکیدا کە خۆیان دەیانەوێت ببینین، کەسێکی نابینایە!

الوطن

٢٠١٨/٨/١٢

## (نەمنەمی بن)
## ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت!

لە یەکێک لە سیمینارەکانیدا لەبارەی نهێنییەکانی بەختەوەربوونی ژن و مێرد، دکتۆر خالید مونیف داوای لە پیاوەکان کرد مۆبایلەکانیان دەربکەن و هەر یەکەیان نامەیەک بۆ خێزانی بنێرێت، نامەکەش تەنها یەک وشە بێت: خۆشمدەوێی!

لەدوای چەند خولەکێک لە ناردنی نامەکان، وەڵامەکان بە لێشاو دەهات، هەندێکیان لە ئەوپەڕی نامۆییدا بوون.

یەکێکیان وتبووی: هەتا لە ژیاندا بم بە وشەی (خۆشمدەوێی) دەژیم!

یەکێکی تر وتبووی: ئایا لە چارەخانەیت و شتێکی ناخۆشت تووشبووە؟!

خۆشترین وەڵامدانەوە ئەوەبوو: باوکی موحەممەد، ئەوە مۆبایلەکەتیان دزیوە؟!

هەتا ئەم ڕادەیە وشکی سۆزداری هەیە لە ماڵەکاندا! بەڕاستی کارەساتە ژن وابزانێت مێردەکەی تووشی شتێکی ناخۆشبووە، چونکە نامەیەکی بۆ ناردووە و تێیدا وتوویەتی: خۆشمدەوێی!

دەزانن لێکدانەوەی دەقاودەقی ئەم ڕووداوە چییە؟!

واتە: کە لە دۆخی ئاسایی دایت پێم نالێی خۆشمدەوێی!
ڕۆڵەکان گۆڕاوە، هەتا گەیشتووین بە ڕۆژێک، شتی ئاسایی نامۆبووە و نامۆش بۆتە شتێکی ئاسایی!

کارەساتە ژن وابزانێت مۆبایلی پیاوەکەی دزراوە، چونکە مێردەکەی نامەیەکی بۆ ناردووە و تێیدا وتویەتی: خۆشمدەوێی!
دەزانن لێکدانەوەی دەقاودەقی ئەم ڕووداوە چییە؟!
واتە: پێشتر نامەی بۆ نەناردووە و پێی بڵێت خۆشمدەوێی!
نامۆ بۆتە باو و باو بۆتە نامۆ!
ئەڵبەتە ناڵێم ئەوەی هەستەکانی دەرنابڕێت هەستی نییە، لێ دەڵێم خەڵکی چۆن هەستی ئێمە بزانن بەرانبەریان گەر پێیان نەڵێین؟
لەوەیە یەکێک بڵێت: لێ مامەڵەکردن گوزارشت لە هەستەکانمان دەکات!
ئەمە ڕاستە، بەڵام بەس نییە، کە لەگەڵ ژنەکەت دەچیت بۆ چارەخانە بەڵگەی گرنگی پێدان و خۆشەویستییە، بەڵام ئەمە دژی ئەوە نییە کە پێویستی بەوەیە وشەی خۆشمدەوێی لە تۆوە ببیستێت!
زۆرێک لە پیاوەکان وادەزانن دەربڕینی هەستەکانیان بەڵگەی لاوازی و کەمی پیاوەتییە، لە حەقیقەتدا ئەمە خراپترین بیروباوەڕە کە پیاوەکان باوەڕیان پێی هەبێت!
کێ دەڵێت هەستەکان لە بەهای خاوەنەکەی کەم دەکاتەوە، کێ دەڵێت دانپیانان بە خۆشەویستیدا، بەڵگەی لاوازییە، ئەو دەمەی نیگا بۆ پێغەمبەری خودا(ﷺ) دابەزی، ترس و سەرما دایگرت، نەچوو بۆ دارولنەدوە، کە سەرانی قورەیشی لێ بوو، نەچوو بۆ

لای ئەو هاوڕێیانەی کە خۆشیاندەویست، لە ڕاستیدا هەموو مەککە خۆشیاندەویست، نەچوو بۆلای یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی، هەرچەندە دواتر هەموویان بەرگرییان لێی کرد جگە لە ئەبو لەهەب! هەموو ئەمانەی جێهێلا و چوو بۆلای و پێی وت دامپۆشە! ڕوویکردە لای خەدیجە، ئایا لە پیاوەتییەکەی کەمی کرد؟! خۆی سەرداری پیاوەکانە، ویستی فێرمان بکات هەستەکانمان بژیەنین!

تێناگەم کێ قەناعەتی بە هەندێک پیاو کردووە کە پێویستە پیاوێکی توند بێت و ژنەکەی لێی بترسێت، وەک چۆن کۆیلەیەک لە گەورەکەی دەترسێت، ئەی چی لەبارەی خۆشەویستی و ڕێزەوە؟ ئەمە تاکە شتە کە خاوەندارییەتی ئافرەت بکەیت و بەختەوەربێت و هەست بکەیت دەیەوێت زیاترت پێ ببەخشێت!

جۆرێک باڵندە هەیە ناوی (نەمنەمە)یە، گەر نێرەکە بیەوێت مێیەیەک بهێنێت، لە زۆری نازکێشانیدا چەند هێلانەیەکی بۆ دروست دەکات و داوای لێدەکات یەکێکیان هەڵبژێرێت!

نەمنەمی بن ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت!

الوطن

٢٠١٨/٨/١٤

## هاشەکەرەکان!

(هاشەکەر) وشەیەکی باوە خەڵکی شام بەکاریدەهێنن، مەبەستیان ئەو کەسەیە شتە ئاسانەکان ئاڵۆز دەکات و فەلسەفە لەو کارانەدا لێ دەدات کە شوێنی فەلسەفەلێدان نییە! لەوەیە گەر باسی چۆنیەتی ئامادەکردنی شۆربای نیسکت بۆ بکات، وات لێبکات هەست بکەیت کە باسی چۆنیەتی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیت بۆ دەکات!

هەتا ماوەیەک پێش ئێستا باوەڕم وابوو نەخۆشی هاشەکەر تەنها لە نێو عەرەبدا بوونی هەیە، بەڵام دوێنێ توێژینەوەیەکم خوێندەوە، لەڕێیەوە بۆم ڕوونبوویەوە هاشەکەری دەردێکی جیهانییە و هەموو کۆمەڵگاکان بەدەست هاشەکەرەکانەوە دەناڵێنن!

توێژینەوەکە دەڵێت: زۆربەی خەڵکی حەز دەکەن بە زمانێکی ئاڵۆز قسەبکەن، کە تێگەیشتن لێی سەخت بێت، تەنانەت لەو بوارەی کە کەسی هاشەکەر تێیدا پسپۆڕە! توێژینەوەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە هۆکاری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کەسی قسەکەر هەست بە کەمی دەکات و پەنابردن بۆ هاشەکەری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمیەتییە، بەمەش هەست بە جیاوازی دەکات لەڕێگای ئەوەی کەسانی تر هەست بکەن کە ناتوانن لەوە تێبگەن کە دەیڵێت!

توێژینەوەکە ئامۆژگاری ئەوەت دەکات هەست بەکەمتەرخەمی نەکەیت، گەر گەیشتیت بە هاشەکەرێک و ئامانجەکەی تێنەگەیشتیت، چونکە ئەو بەدەست کەمیەتییەوە دەناڵێنێت نەک تۆ!

ئەم توێژینەوە وتەکەی ئەنیشتاینی بیر خستمەوە: گەر نەتتوانی بە سادەیی گوزارشت لە شتێک بکەیت، ئەوا بەپێی پێویست لێی تێنەگەیشتوویت!

هاشەکەرەکان لە هەموو شوێنێک هەن، لە مزگەوت و قاوەخانە و شوێنە گشتییەکان و شوێنی کارەکانمان پێیان دەگەین، لە کەناڵەکاندا چالاکییان زۆرە!

وەک دەزانن هاشەکەرەکان لە بەرنامە سیاسییەکاندا چالاکن! هەندێ لە شیکەرەوە وەرزشییەکان، تۆپی پێ لە بیردۆزی رێژەیی قورستر دەکەن! لە کاتێکدا شۆفێرێکی تەکسی داوای لە ئەنیشتاین کرد بە سادەیی بیردۆزی رێژەیی بۆ ڕوونبکاتەوە، ئەنیشتاین پێی وت: گەر ماوەی یەک کاتژمێر لەگەڵ ئافرەتێکی شۆخ و شەنگدا لە کەنار دەریا دابنیشیت، ئەم کاتژمێرە وەک چەندێک دەردەکەوێت بۆت؟

وتی: وەک ئەوەی یەک خولەک بووبێت.

ئەنیشتاین وتی: گەر ماوەی یەک خولەک لەسەر شوێنێکی گەرم دابنیشیت، درێژی ئەم خولەکە چۆن دەردەکەوێت لەلات؟

وتی: وەک ئەوەی یەک کاتژمێر بێت.

ئەنیشتاین وتی: ئەمە بیردۆزی رێژەییە!

سەبارەت بە پاڵەوانەکانی جیهان لە هاشەکەریدا لێکۆڵەرەوەی ئابوورین لە پەخشی هەواڵەکاندا، گوێم لێدەگرتن و هەوڵم دەدا شتێکی کەمیش بێت تێبگەم، لێ زۆربەی کات شکستم دەهێنا و وتەکانیان نامۆ و واژەکانیان سەخت دەردەکەوت، وەک ئەوەی

پەرییەکان ئامادە بکەن، نەک ڕاڤەی شتێکی سادەت بۆ بکەن! لێتان ناشارمەوە هەتا ئەم ماوەش باوەڕم وابوو هیچ شتێک لەسەر ئەم زەوییە لە ئابووری قورستر نییە، بەڵام ئەو دەمەی کتێبی (ئابووری بە ڕووتی)م خوێندەوە هی (چارلز ویلان). بینیم چۆن شتەکان ئاسان دەکات و چەمکەکان ڕاڤە دەکات بە نموونەکانی ڕۆژانە و ئەو هەنگاوانەت پێ دەڵێت کە وات لێدەکات کاریگەر بیت لە گالیسکەی ئابووری مرۆڤەکاندا، بە هەمان ئەو سادەییەی ئەنیشتاین بیردۆزی ڕێژەیی بۆ شۆفێری تەکسییەکە ڕاڤە کرد! ئیدی زانیم گرفتەکە لەواندایە نەک من!

گرنگ ئەوەیە ئێمە باش و سەلامەتین، ناناڵێنین بەدەست درەنگ تێگەیشتن و دابەزینی ئاستی حاڵیبوونمان، لێ هاشەکەرەکان وایانکردووە شتەکان لەوە قورستر دەربکەون کە هەن!

خودا بمانپارێزێت لە هاشەکەری!

الوطن

٢٠١٨/٨/١٦

## ئەو کارانەی بەڕاستی ناوازەن!

پێش ساڵێک وتارێکم نووسی تێیدا وتبووم: ئاواتەخوازم ببمە سەرۆکی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کارێکی ناوازەیە و هیچ شتێک لەوە نایابتر نییە کە یەکەمین دیبلۆماسی جیهان بیت، سەروەتێکی باشیش کۆدەکەیتەوە، هێندەنەش ماندوو نابیت کە شایەنی باسکردن بێت، هێندە بەسە دوودڵی خۆت دەربڕیت بەرانبەر ئەوەی لەم جیهانەدا ڕوودەدات!

لێ بەم دووایانە سازشم لەو خەونەم کرد، لە نەفسی خۆمدا وتم: بۆچی دەبێت دوودڵ و نائارام بم؟ دوودڵی مێشک وێران دەکات و تەمەن کورتدەکاتەوە! پاشان چیم داوە لەوانەی تۆمەتبارم دەکەن بە کەمتەرخەمی، ئەوەش بەلایەنگری یەکێک لەلایەنەکان، بۆچی پێویستە لەسەرم دابنیشم گوێ لە گوتارێکی سیاسی بگرم، کە ماوەکەی یەک کاتژمێرە و سیاسییەک پێشکەشی دەکات و مێشکم دەبات!

ئێستا بەدوای ئەو کارانەدا دەگەڕێم کە لەوە خۆشتربێت و ماندووبوونی کەمتربێت و داهاتێکی نایابی هەبێت، لیستێکم داناوە بۆ ئەو کارانە، ئێستا دەیانخوێنمەوە و لێکۆڵینەوەی لێدەکەم تاکو دەگەم بە کاری خۆم!

سەرسام بووم بە کاری (دانیاڵ فۆن) کارەکەی ڕەخنەگرتنە لە خواردنە برژاوەکان لە گۆڤاری تەکساسی ناوخۆیی، هەموو ئەوەی لەسەری پێویستە ئەنجامی بدات، ئەوەیە بچێت بۆ چێشتخانەیەک کە خواردنی برژاویان هەیە، لەسەر حسابی گۆڤارەکە نان بخوات و دواتر بگەڕێتەوە بۆماڵەوە و وتارێکی ڕەخنەیی لەسەر ئەو خواردنە بنووسێت کە خواردوویەتی! بە تێڕوانینی من کارێکی بەچێژە، چونکە خواردن و نووسین بە جوانترین چێژەکانی دنیا دەزانم!

سەرسام بووم بە کاری (روزیف مادیکان) کە لە کۆمپانیای سیمۆن هۆزن بۆ کەلوپەلی ناوماڵ کاردەکات، هەموو ئەوەی لەسەریەتی ئەنجامی بدات ئەوەیە چەند کاتژمێرێک لەسەر ئەو خەوگە نوێیانە ڕاکشێت کە کۆمپانیاکە دروستی کردوون، دواتر باسی ئەزموونی خۆی بکات لە ڕاکشاندا! خودا یارمەتی ڕۆزێف بدات چەندین کاتژمێری بەردەوام ڕادەکشێت بۆ ئەوەی مووچەیەکی گەورە وەربگرێت! ڕاستە حەزم لە خواردن و نووسینە و تەماحیشم هەیە لە کاری ڕەخنەگرتن لە خواردنە برژاوەکان، لێ ڕاکشانیش شتێکی خراپ نییە، دەتوانم سازش بکەم و ئەم کارە قورسە قبووڵ بکەم!

هەروەها سەرسام بووم بە کاری (هاری وێلشەر) کە کارەکەی تامکردنی شیرینییەکانە! خودا یارمەتی بدات پێویستە لەسەری بەرگەی ناڕەحەتی تامکردنی کێکە نایابەکان و بەچێژەکان بگرێت! ڕاستە حەزم بە شیرینی نییە و نەریتم وایە داوای ناکەم، بەڵام دەتوانم زۆر لە خۆم بکەم و ئەم کارە قبووڵ بکەم!

گەر سەرکەوتوو نەبووم لە بەدەستهێنانی یەکێک لەو سێ کارەی پێشتر باسم کرد، تەنها یەک بژاردەم بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش بەدەستهێنانی کارەکەی (جینارۆ بیلیشا)یە، خودا یارمەتی بدات و ئارامی پێ ببەخشێت پێویستە لەسەری تامی ئەو قاوانە بکات کە زنجیرە قاوەخانەکانی کۆستا ئامادەیان دەکات، دواتر رادەی باشییەکەیان بڵێت لەگەڵ چۆنیەتی باشکردنیان! کۆمپانیاکە بیمەی زمانی کردووە بە دە ملیۆن یۆرۆ! وەک دەبینن کارێکی مەترسیدارە، خودا یارمەتی جینارۆ بدات کوپێک قاوە دەخواتەوە کە لەوەیە زمانی لەناوببات!

بە گشتی من ئامادەم بۆ ئەم مەترسییە و قبووڵکردنی ئەم کارە، گەر نەمتوانی کاری رەخنەگری خواردنە برژاوەکان یان راکشان یان تامکەری شیرینییەکان بەدەست بهێنم، دڵنەوایی خۆم دەکەم و پێی دەڵێم: کێشە نییە تامکەری قاوەبم مادەم مووچەکەی زۆرە، دونیا شوێنی نارەحەتییە، پێویستە مرۆڤ کەمێک سازش بکات لەرێی بەدەستهێنانی پارووی ژیانیدا!

الوطن

٢٠١٨/٨/٢٦

## لەبارەی هەستەکانیانەوە!

دەبێت خەدیجە هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: خودا سەلامت لێ دەکات؟!

دەبێت ئوبەی کوڕی کەعب هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: خودا فەرمانی پێکردووم قورئانت بۆ بخوێنم! ئوبەی لێی دەپرسێت: خودا ناوی منی هێناوە؟ پێی دەڵێت: بەڵێ ناوی هێناویت!

دەبێت سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: بێهاوێژە بە دایک و باوکمەوە فیدات بم؟!

دەبێت عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: تۆ بۆ من وەک هارونی بۆ مووسا(ﷺ)، تەنها ئەوە نەبێت لەدوای من پێغەمبەر نایەت؟!

دەبێت ئەبو بەکر هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لە ئەشکەوتەکەدا پێی دەفەرموێت: ئەی ئەبو بەکر، گومانت چییە بە دووان خودا سێیەمیانە؟!

دەبێت عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود هەستی چی بێت، یاوەران بە باریکی قاچی پێدەکەنن و پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: بە باریکی قاچی پێدەکەنن؟ سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە لە تەرازووی

خودادا قاچەکانی لە چیای ئوحود قورسترن!

دەبێت عوسمانی کوڕی عەفان هەستی چی بێت، یاوەران بانگ دەکرێن بۆ بەیعەتی ڕیزوان، ئەویش لە مەککەیە، پێغەمبەری خوداش(ﷺ) دەستەکەی تری دادەنێت و دەفەرموێت: ئەمەش دەستی عوسمان!

دەبێت سەلمانی فارسی هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: سەلمان لە ئالو بەیتە!

دەبێت عومەری کوڕی خەتاب هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە تۆ لە هەر کوچەیەکەوە بڕۆیت، ئیللا شەیتان لە کوچەیەکی ترەوە دەڕوات!

دەبێت موعازی کوڕی جەبەل هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: ئەی موعاز، خۆشمدەوێیت!

دەبێت سوهەیبی ڕۆمی هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێشوازی لێدەکات کە لە مەککەوە هاتووە و هەموو سەروەتەکەی بۆ قورەیش جێهێلاوە، پێی دەفەرموێت: مامەڵەکەت قازانجی کرد ئەی ئەبو یەحیا!

دەبێت فاتیمە هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: کچەکەم بەشێکە لە من، ئەو شتەی بێزاری دەکات بێزارم دەکات، ئەوەی ئازاری دەدات ئازارم دەدات!

دەبێت ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: هەموو ئوممەتێک ئەمینی هەیە، ئەبو عوبەیدەش ئەمینی ئەم ئوممەتەیە!

دەبێت سەعدی کوڕی مەعاز هەستی چی بێت کە حوکم دەدات لە جووەکانی بەنو قورەیزەدا و پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت:

حوکمتکردن بە حوکمی خودا لەسەرووی حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانەوە!

دەبێت سومەییە و یاسر و عەممار هەستیان چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێیان دەفەرموێت: ئارامبگرن ئالی یاسر، شوێنی دیدەنیمان بەهەشتە!

دەبێت حەسانی کوڕی سابت هەستی چی بێت کە شیعرەکانی کەوی دەکات بۆ بانگەوازی ڕێگای خودا و پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی دەفەرموێت: لەبری من وەلامیان بدەرەوە، هێرش بکە سەریان جبریل لەگەڵتدایە!

دەبێت عوکاشە هەستی چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: حەفتا هەزار لە ئوممەتەکەم بەبێ لێپێچینەوە و سزا دەچنە بەهەشتەوە! پێی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا دوعام بۆ بکە منیش لەوانە بم! پێی دەڵێت: تۆ لەوانەیت!

دەبێت ئەبو مووسای ئەشعەری هەستی چی بێت کە قورئان دەخوێنێت و پێغەمبەری خودا(ﷺ) گوێی لێدەگرێت و پێی دەفەرموێت: ئەی ئەبو مووسا، ئاوازێک لە ئاوازەکانی داوودت(ﷺ) پێ بەخشراوە؟!

دەبێت هەستی ئەنسارییەکان چی بێت ئەو دەمەی خەمباربوون، چونکە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەسکەوتی جەنگی حونەینی بەخشییە موسڵمانەکانی مەککە، پێی وتن: ئەی ئەنسارییەکان ڕازی نابن بەوەی خەلکی مەڕومالات ببەنەوە و ئێوەیش بە پێغەمبەری خوداوە بگەڕێنەوە؟!

دەبێت هەستمان چی بێت کە پێغەمبەری خودا(ﷺ) لەبارەمانەوە دەڵێت: ئەو برایانەم کە باوەڕییان پێ هێناوم و نەیانبینیوم؟!

الوطن

٢٠١٨/٨/٢٨

## دەمەوێت ببمە مۆبایل!

گەر مرۆڤ نەبوویتایە، ئاواتەخوازبوویت چ شتێک بوویتایە؟

مامۆستای زمانی عەرەبی داوای لە خوێندکارەکانی کرد لەسەر ئەم بابەتە دارشتنێک بنووسن!

ئەو دەمەی لە ماڵەوە تەماشای نووسینی خوێندکارەکانی دەکرد، گەیشت بە نووسینی ساریای خوێندکاری، ساریا نووسیبووی:

خودایە بمکە بە مۆبایل، دەمەوێت کە باوکم هاتەوە بۆ ماڵ بە گرنگییەوە تەماشام بکات، دایکم بە هەر دوو دەستی بمگرێت گەرچی لە دونیاش توورەبێت، خوشکەکەم شێتانە بەدوامدا بگەڕێت گەر تەماشای چواردەوری کرد و منی نەدۆزیەوە، کۆتا شت بم کە براکەم تەماشای دەکات پێش ئەوەی بخەوێت!

تێبینی ئەوەتان کردووە ئالوودەبوونمان بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەندێ ساردی سۆزداری تێدا دروست کردوین، چەندین هەستی بەچێژی مرۆڤانەی تێدا کوشتووین کە هەستمان پێی دەکرد پێش ئەوەی ئەم ئامێر و تۆڕە کۆمەڵایەتییانە ئەم مەودا زۆرەی ژیانمان داگیربکەن!

دانیشتنە خێزانییەکان وەک جاران نەماون، خێزانەکان پێکەوە دادەنیشن و هەر کەسەو مۆبایلی خۆی بەدەستەوەیە و لە جیهانە

مەجازییەکەیدا دەژی، جەستەکان پێکەوەن و ئاوەز و هەستەکان غائیبن! ماوەیەک پێش ئێستا نەنکم لە ماڵمان بوو، بیرمکردەوە جاران چۆن بووین و ئێستا چۆنین، جاران نەنکمان دەلاقەمان بوو بەسەر جیهاندا، تکامان لێی دەکرد چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە، یان باسی بەسەرهاتێکی خۆشمان بۆ بکات، بیستنی دەنگی ئاسوودەیی بوو، بینینی زەردەخەنە لەسەر لێوەکان بەچێژبوو، لێ ئیمڕۆ بەشێک لەو پێکەوەژیانە مردووە!

ئەو دەمەی منداڵبووم، کە بانگی مەغریبی دەدا دایکم دەهاتە کۆڵان و گوێی ڕادەکێشام بۆ ئەوەی بچمەوە بۆ ماڵ، تەنها دەمویست یاری زیاتر بکەم، یارییەکان جوانبوون، شەڕمان دەکرد و ئاشت دەبووینەوە، بە بردنەوە دڵخۆش دەبووین و بە شکست خەمبار دەبووین، کۆمەڵێ هاوڕێمان هەبوو کە دیارنەدەبوون هەستمان بە بۆشایی دەکرد، ئەوەی ئیمڕۆ ڕوودەدات پێچەوانەی ئەوێ ڕۆژێیە، ماوەیەک پێش ئێستا ئایپادەکەم لە کوڕەکەم وەرگرت، وتم بچۆ کۆڵان و لەگەڵ منداڵەکاندا یاریی بکە، بە بێزارییەوە ڕۆیشت! منداڵەکانمان وەک پێویست لە منداڵی خۆیاندا ناژین، ڕاستە دنیا گۆڕاوە و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و شارستانی ناتوانرێت دژایەتی بکرێت، بەڵام دەتوانرێت ڕێکبخرێت، ئەمەش ئەوەیە ئیمڕۆ شکستمان تێیدا هێناوە!

بنوارنە دانیشتنی هاوڕێکان، تەنها بەناو لەگەڵ هاوڕێکانماندا دەچینە دەرەوە، خۆشتان دەزانن کە دەچینە دەرەوە مۆبایلەکانمان دەکەینەوە، جار جار ناوبڕێک وەردەگرین بۆ ئەوەی پێکەوە قسە بکەین!

بەشێک لە مرۆڤبوونمان و هەستەکانمان ساردبووە و چێژی نەماوە، تەنانەت دایک کاتێ شیر دەدات بە منداڵەکەی مۆبایلەکەی بەدەستەوەیە، جاران دەستی دەهێنا بەسەر منداڵەکەیدا! منیش وەک

یەکێک لە باوکەکان دەڵێم ئێمە منداڵەکانمان بزرکردووە، ڕاناکەن بۆ لامان وەک چۆن ئێمە ڕاماندەکرد بۆ لای باوکمان، تکامان لێ ناکەن لەگەڵمان بێنە دەرەوە وەک چۆن ئێمە تکامان لە باوکمان دەکرد، ئەوان نایانەوێت ئامێرەکانیان جێبهێڵن!، بەڵام ئەو حەقیقەتە تاڵەی فەرامۆشمان کردووە ئەوەیە منداڵەکانیشمان ئێمەیان بزرکردووە! تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئێمەی لێبردوونە، پەیوەست بوونیان بە ئامێرەکانیانەوە لەوەیە بەهۆی ئەوە بوویێت بوار نەبوویێت پەیوەست بن بە ئێمەوە! یەکێک لەو شتە گرنگانەی کە ئاوڕی بۆ نادەینەوە، ئێمە هەوڵدەدەین کاتی منداڵەکانمان ڕێکبخەین بۆ بەکارهێنانی ئامێرەکانیان، ئەمە شتێکی جوانە و پێویستە، بەڵام ئایا کاتی خۆمانمان ڕێکخستووە، ئێمە لە ژیانێکی مەجازیدا دەژین زیاتر لەوەی لەژیانی واقعدا دەژین، پاشان بێزار دەبین لەو ساردیی و بێزارییەی کە هەستی پێ دەکەین!

الوطن

٢٠١٨/٨/٣٠

## جۆرێکی تر لە دادوەری!

زۆرێک لە دانیشتووانی سەر ئەم زەوییە باوەڕییان وایە زیندانیکردنی تاوانبارەکان ئەوپەڕی ئەو شتانەیە کە کۆمەڵگا ئەنجامی بدات! کەمینەیەک باوەڕیان وایە کاری زیندان ئەوەیە ئەو تاوانبارانە چاک و ئامادەبکاتەوە، بۆ ئەوەی لەدوای کۆتایی هاتنی ماوەی حوکمەکەیان ببنەوە کەسێکی باش و ئاسایی!

ئەم بیروباوەڕە مەردانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە تەنها تۆڵەکردنەوە بەس نییە، گەرچی هیچ ڕێگایەکی تر نییە جگە لە زیندانیکردنی تاوانبارەکان، چونکە مەترسین لەسەر کۆمەڵگا، لۆژیک ئەوە دەخوازێت لە مەترسییەکەوە کە لەسەر دوو پێ دەڕوات، بیانگۆڕین بۆ کەسانێک کە تێبگەن ئامانجی مرۆڤایەتی ئەوەیە بنیادەم سەرچاوەی ئارامی بێت بۆ کەسانی تر نەک بۆمبێکی جێماوی جەنگ بێت کە لە ناخیدا بۆنی مردنی هەڵگرتووە!

دادوەری ئەمریکی (مایکڵ سکۆنتی) بە دەرکردنی **سزا نامۆکانی** ناسراوە، کە دەچێتە ژێر بنەمای چاو بە چاو **(العین بالعین)! ڕاستە** بڕیارەکانی مایکڵ سکۆنتی لە سەرپێچییە سادە **و ساکارەکاندایە و** ناگاتە پلەی تاوان، لێ ڕێککردنەوەی ڕەفتاری **مرۆڤەکان هەمیشە**

ئامانجێکی پیرۆزە و پێویستە لەسەر لایەنی دادوەری ئاوڕی لێ بداتەوە!

سکۆتنی سزای دکتۆرێکی دا کە پۆلیسەکان قۆڵبەستیان کردبوو بە تۆمەتی شۆفێریکردن بە مەستی. بەوەی چەندین سیمینار پێشکەش بکات سەبارەت بە زیانەکانی مەیخواردنەوە بە گشتی و قێزەونی شۆفێریکردن بە سەرخۆشی بە تایبەتی!

لاوێکیش کە لە پیرەمێردێکی دابوو، بڕیاری دا دوو مانگ لە خانەی بەساڵاچوان خزمەت بکات!

پیاوێک بە سەرخۆشی پشیلەیەکی کردبووەوە ناو فڕنێکەوە، ئەمیش بڕیاری دا پیاوەکە ماوەی دوو مانگ خواردنی پشیلەکانی بەنسلڤانیا بدات!

بڕیاری دا حەوت گەنج حەفتا درەخت بنێژن، لەدوای ئەوەی دارێکیان بڕیبووەوە و دواتر فرۆشتبوویان!

بابەت بابەتی تر دەهێنێتەوە یاد، پێش نزیکەی حەوت مانگ دادوەری لوبنانی (جۆسین مەتا) کە مەسیحییە بڕیاریدا بەسەر سێ گەنجی موسڵماندا کە گاڵتەیان بە مەریەم کردبوو بەوەی ئەو ئایەتانە ئەزبەر بکەن کە باسی مەریەم دەکات لە سوورەتی ئالی عیمراندا، بۆ ئەوەی لە پیرۆزی ئەو کەسایەتییە تێ بگەن، لەبری ئەوەی زیندانیان بکات کە ماوەکەی لە نێوان شەش مانگ بۆ سێ ساڵە بەپێی دەقی یاسا!

دادوەرەکە لەسەر ئەم دۆسییەیە وتی: ناکرێت یاسا لە زیندانندا کورتبکرێتەوە، چونکە قوتابخانەیە!

دژی بیرۆکەی زیندان نیم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە خودی زیندان ئامانج نییە، بەڵکوو وەسیلەی کۆمەڵگایە بۆ چاککردنەوەی تاوانبارەکان، راستە لۆژیکی نییە سزای کوشتن و دەستدرێژی سێکسی تەنها خزمەتگوزرای کۆمەڵایەتی بێت، ئەو کەسانە مەترسیدارن و پێویستە زیندانی بکرێن و چاکبکرێنەوە، لێ تاوانێکی سادە کە دەتوانرێت بە رێگایەکی باڵا و خێرا چارەسەربکرێت، زۆرباشترە لەوەی کەسێک بخزێنرێتە زیندانەوە، تەنها لەبەر ئەوەی دەنگی بەسەر پۆلیسێکدا بەرزکردۆتەوە، یان درەختی باخچەیەکی گشتی بریوەتەوە!

الوطن

٢٠١٨/٩/٢

## ڕەفتارجوانی!

یەکێک لە خاوەن کارگەکانی کالیفۆرنیا دەڵێت:

ڕەفتارجوانترین پیاو کە لە ژیانمدا چاوم پێی کەوتووە، ئەو پیاوە بوو کە لەسەر یەکەم کارم دەریکردم! بانگی کردم بۆ نووسینگەکەی و لەبری ئەوەی پێم بڵێت بڕیارمانداوە لێت بێ پێویست بین، تۆ دەرکراویت!

بە ئەدەبەوە پێی وتم:

کوڕەکەم، نازانم چۆن دەتوانین بەبێ تۆ کار بکەین؟، بەڵام لە دووشەممەی داهاتووە هەوڵی ئەوە دەدەین!

(اللباقة) لە (لَبِق)ـەوە هاتووە، واتە ڕەوشت جوان و گفت شیرین بوو. تێگەیشتنی ئیمڕۆی زۆر نزیکە لەوەی نێو فەرهەنگەکان. گەرچی لەلای خەڵکی تێگەیشتنێکی فراوانتری هەیە و هەندێکیان پێی دەڵێت ئەتەکێت!.. ئەم وشەیە وشەیەکی فەرەنسییە واتە: ڕێزگرتنی خود و ڕێزگرتنی کەسانی تر، یان ئادابە گشتییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکاندا!

کارەکە هەر چۆنێک بێت، (اللباقة-ڕەفتارجوانی) یان (ئەتەکێت) زۆر لەوە فراوانترە لە خواردن بە چەتاڵ و چەقۆ کورتبکرێتەوە!

بە پلەی یەکەم بابەتێکی ئەخلاقییە پێش ئەوەی تەنها ڕووکەشێکی بەتاڵ بێت و بۆنی زۆرلەخۆکردن و خۆبەگەورەزانینی تێدا بێت! دوور لە ئاڵۆزکردنی وشە و پێناسە و زاراوەکان کە لەو پەڕی ئاسانیدایە، دەتەوێت ڕەفتارت جوان بێت، ئەوا مرۆڤ بە! وشەکانت بپشکنە و ئاگات لە پەرچەکردارەکانت بێت!

عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل یەکێک بوو لە سەرسەخترین دوژمنەکانی ئیسلام، یەکێک بوو لەو دە کەسەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) خوێنی بەفیڕۆدان، فەرمووی: گەر دەستیشیان بە پەردەی کەعبەوەبوو بیانکوژن! لێ سەفییەی کچی عەبدولموتەلیب پەنای عیکرمەیدا و پێغەمبەریش پەنادانەکەی پووری قبووڵ کرد و لێی خۆشبوو! ئەو دەمەی زانی عیکریمە بە موسڵمانی دێتە لای، بەوانەی چواردەوری وت: ئێستا عیکریمەی کوڕی ئەبو جەهل دێتە ژوورەوە، جوێن بە باوکی نەدەن!

بڕواننە ئەم ڕەفتارجوانییە، ئەبو جەهل فیرعەونی ئەم ئوممەتە کە جۆرەها سزای موسڵمانەکانی دا، پێغەمبەری خودا(ﷺ) قەدەغەی دەکات جوێنی پێ بدرێت وەک موڕاعاتێک بۆ هەستی کوڕەکەی! هۆکەی دەرخست بەوەی کە جوێن ناگات بە مردوو، لێ ئازاری زیندووەکان دەدات!

نەریتی فاروقی ئوممەتەکەمان وابوو شەوان بەسەر خەڵکیدا بگەڕێت، لە یەکێک لە گەڕەکانی بەسەرکردنەوەدا لە دوورەوە ئاگرێکی بینی، ڕوویکردە ئەوێ و ویستی هەواڵی ئەو کەسانە بزانێت، کە گەیشتە لایان، سڵاوی لێکردن: سڵاوی خوداتان لێ بێت ئەی ئەهلی ڕووناکی! لە باڵایی ئەدەب و ڕەفتارجوانییەکەی پێی

ناخۆشبوو پێیان بڵێ ئەی خاوەنی ئاگرەکە، هەرچەندە خاوەنین بە واتای ئەوەی ئەوان ئاگرەکەیان کردۆتەوە، لێ جوانترین سیفەتی ئاگری هەڵبژارد، ئەویش ڕووناکییە لە شەودا، خەڵکەکەشی بە جوانترین سیفاتی ئاگرەکەیان بانگ کرد!

دەگێڕنەوە حەسەن و حوسەین گەورەی لاوەکانی بەهەشت، دوو منداڵبوون ئەو کاتەی پیاوێکی پیریان بینی کە جوان دەستنوێژی نەدەگرت، ویستیان فێری بکەن چۆن دەستنوێژ بگرێت بەبێ ئەوەی هەستی بریندار کەن، بەرەچاوکردنی ئەو جیاوازییەی لە تەمەنیاندا هەیە!

حەسەن پێی وت: مامەگیان، من و براکەم ناکۆکین لەوەی کاممان جوانتر دەستنوێژ دەشۆرین، دەمانەوێت تۆ بڕیار بدەیت لە نێوانماندا!

پیاوەکە وتی: بەسەرچاو.

حەسەن دەستنوێژی گرت، دواتر حوسەین دەستنوێژی گرت.

پیاوەکە پێی وتن: وەڵلاهی هەردووکتان لە من جوانتر دەستنوێژ دەگرن!

ڕەفتارجوانی و بە ئەدەبی ئەم دوو منداڵە جێگای سەرسوڕمان نییە، چونکە منداڵی فاتیمە و عەلیین و لە ماڵی پێغەمبەری باپیرەیان(ﷺ) پەروەردەبوون!

الوطن

٢٠١٨/٩/٤

## متمانه!

ساڵی ١٦٣٢، (گالیلۆ گالیلی) هێنرایە دادگای ڤاتیکان بە تاوانی داهێنان (بیدعە)! گالیلۆ پشتگیری بیردۆزی کۆپەرنیکۆسی دەکرد کە دەڵێت: زەوی سەنتەری گەردوون نییە، بەڵکوو خۆر سەنتەرە، زەوی تەنها ئەستێرەیەکە و لە گەردووندا خول دەخوات، بە توندی بەرگری لەم بۆچوونەی دەکرد! لێ دادگا بە دادوەر و قەشەکانیەوە ئەم حەقیقەتە ڕاستییەیان نەدەزانی کە ئیمڕۆ منداڵێکی یەکی سەرەتایی دەیزانێت، دادگا سەرپشکی کرد لە نێوان دوو شتدا:

یان بە زیندووی دەسووتێنرێت، بە پێی یاسای سزادانی زیندیقە داهێنەرەکان، یان لە قسەکانی پەشیمان دەبێتەوە!

بۆ ئەوەی ڕزگاری ببێت لە قسەکانی پەشیمان بوویەوە، ئەو کاتەی لە هۆڵی دادگاکە هاتە دەرەوە پێی کوتا بە زەوییدا و وتە بەناوبانگەکەی وت:، بەڵام خول دەخوات!

گەرچی گالیلۆ ناچاربوو لەتەک دادگادا هەڵبکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت، پارێزگاری لە بۆچوونەکەیشی کرد کە زەوی سووڕدەخوات، کەسانی تر هەمان متمانەی ئەویان هەبووە لە بوارەکانی تردا، بەبێ ئەوەی سازش بۆ هیچ کەسێک بکەن و

لەگەڵی هەڵکەن، هەرچەندە ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان لێنەکراوە بە زیندووی بسووتێنرێن، لێ ئەوەیان بۆ هەژمار دەکرێت کە خۆیان فیداکردووە لە پێناو سەلماندنی بیرکردنەوەکانیان!

دکتۆر باری مارشاڵ دەڵێت: هەمووان لە دژم بوون، بەڵام دەمزانی من تاکە کەسم کە حەقیقەتم لەلایە!

ساڵی ١٩٩٨ باری مارشاڵ بۆی دەرکەوت کە بەکتریای (pylory.H) هۆکاری برینی گەدەیە، لێ هەمووان گاڵتەیان پێدەکرد، ئەویش سەرەتا دەرمانی بۆ برینەکە دانا، دواتر بەکتریاکەی قوتدا، چاوەڕێی کرد هەتا بووە هۆی برین لە گەدەیدا، ئەو دەرمانەی خوارد کە دایهێنابوو، بە تەواوی چاکبوویەوە، بەمشێوەیە توانی هەمووان بێدەنگ بکات، یەکێک لە ناوازەترین نموونەکانی متمانەبەخۆبوونی پیشاندان بە درێژایی مێژوو!

دکتۆر (دۆناڵد ئانجەر) باوەڕی وابوو پەنجە تەقاندن نابێتە هۆکاری هەوکردن لە جومگەکاندا، وەک چۆن دکتۆرەکان باوەڕیان وایە، ماوەش شەست ساڵ پەنجەکانی دەستی چەپی دەتەقاند، دواتر داوای لە دکتۆرەکان کرد پشکنین بۆ هەردوو دەستی بکەن، بۆ ئەوەی ڕوونبێتەوە کە لەسەر حەقبووە، ئەم متمانەیە وای لێکرد ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی نۆبڵ بۆ پزیشکی بباتەوە!

باوەڕم وایە بیرۆکەکە گەیشت، قسەی زیاتریش ڕوونتری ناکاتەوە، ڕوودەدات ئەو بۆچوونەی بڵاوە هەڵەبێت، ڕوودەدات کۆمەڵگا پشتگیری بیرۆکەی هەڵەبکات و تاکێکی نێو کۆمەڵگاکە هەڵگری بیرۆکە ڕاستەکە بێت!

ڕاستە پێویستە لەسەر مرۆڤ بە بیرکردنەوەکانیدا بچێتەوە

گـەر دژەبـاو بێـت، خۆڕاگربێـت لـە ڕاگەیاندنـی و ئاشـکرا نەکردنـی، لـە بەرانبـەردا ئەمـە بـە واتـای سازشـکردن و خۆگونجانـدن نایـەت، واتـا دادگاییکردنـی ئـەم بیرکردنەوەیـە هەتـا دەبێتـە یەقیـن، ئـەو کاتـە خـۆت بگـرە بـە بیرۆکەکەتـەوە و کـەچ مەبـە، بیـرت بێـت ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لەسـەر ئـەم زەوییـە هیـچ کەسـێک موسـڵمان نەبـوو، جگـە لـە ئیبراهیـم(ﷺ)!

الوطن
٢٠١٨/٩/٦

## نمرەکانی خوێندن و ژیانی واقعی!

بێڵ گەیتس دەڵێت:

لە هەندێ وانەی زانکۆدا کەوتم، هاورێکەشم لە هەموویاندا دەرچوو، ئێستا هاورێکەم ئەندازیارە لە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، منیش خاوەنی کۆمپانیاکەم!

لە ڕاستیدا ئەمە وتەی کۆنی بێڵ گەیتسە، بۆ ئەوە هەڵمنەداوەتەوە کە پێتان ڕابگەیەنم قسەکەی گۆڕیوە و خۆزگەدەخوازێت کە لە هەموو وانەکانی زانکۆ سەرکەوتوو بووایە و ببووایەتە ئەندازیارێک لە مایکرۆسۆفت، لەبری ئەوەی لە هەندێ وانەدا بکەوێت و خاوەنی کۆمپانیاکە بێت!، بەڵام هەڵمداوە بۆ ئەوەی پێتان بڵێم، ئەو ڕۆژەی ئەم وتەی گوت خەڵکی وەریانگرت و لە میانەی (بڕوانامەی زانکۆکەت بکە ئاوە و ئاوەکەی بخۆرەوە) دەیانگواستەوە، ئەوەتا بێل گەیتسیش لە خوێندندا دەکەوت!

ئیمڕۆ هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، لەم کۆتاییەدا ئەوە دۆزراوەتەوە کە ستێڤ جۆبز بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەپڵ، نمرەی تێکڕای ساڵانەی (٢,٥) بووە! دووبارە خەڵکی ئەم وتەیان وەرگرت و

لەم میانەدا دەیانگواستەوە: تێکڕای ساڵانە سوودتان پێ ناگەیەنێت، ستیڤ جۆبز نمرەکەی مامناوەندبووە!

وەک خۆم ئەوە ڕەتدەکەمەوە خەڵکی بەپێی نمرەکانی خوێندیان بکێشرێن، دان بەوەدا دەنێم سەرکەوتن لە زانکۆدا شتێکە و سەرکەوتن لە ژیاندا شتێکی ترە، بەڵام لە بەرانبەریشدا ئەوە ڕەتدەکەمەوە گاڵتە بە سەرکەوتن لە زانکۆ و خوێندندا بکرێت بە هێنانی نموونەی دەگمەن و لاواز، کە سەد ساڵ جارێک ڕوودەدات، بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنرێت ئەوانەی لە زانکۆدا سەرکەوتوون لە ژیاندا شکستخواردوون! گەر خاوەنانی ئەم ئاراستەیە بێڵ گەیتس و ستیڤ جۆبز بە بەڵگە دەهێننەوە، ئاسانە پێیان بڵێین: باشە، ژمارەی ئەوانە چەندێکە کە لە زانکۆدا کەوتوون و بوونەتە خاوەنی کۆمپانیای وەک مایکرۆسۆفت؟ ژمارەی ئەوانە چەندێکە کە نمرەی مامناوەندییان هێناوە و توانیویانە هەمان ئەوشتانە بەدەستبهێنن کە ستیڤ جۆبز بەدەستیهێناوە؟!

ئەندازەکردن لەسەر حاڵەتە دەگمەنەکان و کردنی بە ڕێسای گشتی بۆ ژیان لە کەم عەقڵییەوەیە، وەک ئەو کەسەی کە هاوڕێکەی دەبینێت بەختەوەرتربووە لەدوای ئەوەی ژنەکەی تەڵاقداوە، ڕێسایەک دەردەکات: گەر دەتەوێت بەختەوەربیت، ژنەکەت تەڵاق بدە! نکوڵی ئەوە ناکەم هەندێ کەس دوای تەڵاقدان بەختەوەرتر دەبن، بەڵام ملیۆنەها کەس ژیانیان دەبێتە دۆزەخ، بۆچی لەبری ئەوەی بڵێین: (هەموو ڕێسایەک ڕیزپەڕی هەیە) یەک کەس بکەینە پێوەر بۆ هەمووی؟!

نامەویێت نمرەی زانکۆکان پیرۆزبکەین لە بەرانبەردا بۆچی دەبێت گاڵتەی پێ بکەین، لە دەمێکدا زۆربەی جار ئەمە پاساوی دەستی ئەوانەیە کە نەیان توانیوە بەدەستی بهێنن!

جێف بیزۆس دامەزرێنەری کۆمپانیای ئەمازۆن و زەنگینترین پیاوی جیهان، کە سەروەتەکەی بە سەدوچل ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، دەرچووی زانکۆی برنستۆنە بە پلەی باڵا لەگەڵ پلەی شەرەفدا!

قسەی ئەوانە ڕاستە کە دەڵێن سەدا یانزەی زەنگینەکانی جیهان، دەرچووی زانکۆ نین، بەڵام ناڵێن سەدا چلوپێنجی زەنگینەکانی جیهان دەرچووی باشترین زانکۆکانی جیهانن!

نە کەوتن لە زانکۆدا هۆکاری سەرکەوتن و سەروەت کۆکردنەوەیە، نە دەرچوون و پلەی بەرز ڕێگرە، هەموو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی مرۆڤەکە و تێگەیشتنی لە ژیان و وەبەرهێنان لە تواناکانیدا، بەڵام لە هزری ئەم نەوەیەدا ئەوە بچەسپێنین کە نمرەکانی خوێندن و سەرکەوتن تێیدا تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزە، بەڕاستی ئەمە تەنها ساویلکەیی و گاڵتەپێکردنە و هیچی تر!

الوطن

٢٠١٨/٩/٩

## بۆ هیچ کەسێک
## بە تەواوی لە بار نابێت!

پێشەوا زەهەبی لە (سیر أعلام النبلاء) دا لەبارەی سیبەوەیهییەوە دەڵێت:

لەگەڵ ئەوەی کەسێکی زۆر زیرەک و لێهاتوو بوو، لە قسەکردندا زمانگیربوو، لە نووسیندا پاراو و لێهاتووبوو!

وتەیەکی کورت و پوختی زەهەبی لە ناساندنی سیبەوەیهیدا، بەڵام لەگەڵ کورتی و پوختییەکەدا زۆر زیاتر لەوە دەڵێت کە سەرەتا دەردەکەوێت!

سیبەوەیهی پەڕجووی نەحووی عەرەبی کە لەسەر کاغەز شتی دەنووسی، قسە لەبەردەمیدا وەک ئەسپی پێشبڕکێکان دەڕۆیشت، بەڵام کە دەیویست بە زار بێتە گۆ، زمانی نەیدەتوانی ئەوەی بە پێنووسەکەی دەیڵێت بە زمانی بیڵێت!

وانەیەکی مەزنی تێدایە ئەوە دەگەیەنێت کە:

لێهاتوویت لە بوارێکدا واتای ئەوە نییە لە هەموو بوارەکاندا لێهاتوویت، لاوازیت لە بوارێکدا واتای ئەوە نییە لە هەموو بوارەکاندا لاوازیت!

ئیبنو عەبدولبەڕ دەگێڕێتەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری عابید، کە لە خەڵکی دوورکەوتبووە بۆ نوێژ و ڕۆژوو و قورئان خوێندن، پەیامێکی بۆ پێشەوا مالیک نارد و هانیدا لە خەڵکی دوورکەوێتەوە و ڕووبکاتە عیبادەت و بەخۆیەوە سەرقاڵ بێت!

پێشەوا مالیک وەڵامی دایەوە و بۆی نووسی:

خودا کردەوەکانی دابەشکردووە، وەک چۆن ڕۆزی دابەشکردووە، هەندێ کەس سازاوە بۆ نوێژ و نە سازاوە بۆ جیهاد! هەندێ کەسیش بۆ خێرکردن سازاوە و بۆ ڕۆژوو نە سازاوە، بڵاوکردنەوەی زانست باشترین کردەوە و چاکەیە، ڕازیم بەوەی خودا کردویەتیەوە بەسەرمدا و سازاندوومی بۆی، گومانم وایە ئەوەی من لەسەریم پاداشتی کەمتر نییە لەوەی تۆ لەسەریت، ئومێدم وایە هەردووکمان لەسەر خێر و چاکە بین!

ئەمیری شاعیرەکان ئەحمەد شەوقی، بلیمەت لە شیعر هۆنینەوەدا، بە بۆچوونی من شاعیرترین کەسی عەرەبە لەم سەردەمەدا، لێ لەگەڵ لێهاتووییەکەیدا و بەیعەتدانی ئەو شاعیرانەی کە لاساییان کردۆتەوە بە وتەی حافظ ئیبراهیم:

**أمير القوافي قد أتيت مبايعا**

**وهذي وفود شرق قد بايعت معي**

بەڵام شیعرەکانی بەجوانی پێشکەش نەدەکرد، لە ئاهەنگەکاندا شیعرەکانی دەدا بەوانەی کە بەجوانی شیعر دەخوێننەوە! خەیاڵی ئەوە بکە ئەمیری شاعیرەکان نەیدەتوانی بە جوانی شیعرەکانی پێشکەش بکات و بیڵێت!

حەسانی کوڕی سابت لە سەردەمی نەفامی و ئیسلامیشدا شمشێری هەڵنەکێشاوە، لە جەنگ دەترسا، ئەو دەمەی دەستەوسان بوو لە سەرخستنی ئیسلام بە شمشێر، دلێرییەکەیمان بینی لەو دەمەی بە شیعر بەرگری لە ئیسلام دەکرد و دەیوت:

**بە خۆم و دایک و باوک و**

**منداڵ و شەرەفمەوە**

**قوربانی ماڵ و منداڵ و**

**شەرەفی موحەممەد**

ئەبو ئەسوەدی دوئەلی یەکێک لە لێهاتووەکانی زمانی عەرەبی، پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب کردوویەتی بە والی بەسرە، بەپێی ڕاسترین بۆچوون یەکەمین کەسە کە نوکتەی بۆ وشەکانی قورئان داناوە بە فەرمانی پێشەوای باوەڕداران، لەگەڵ ئەم فەزڵەدا زۆر قرچۆک بووە و حەزینەکردووە کەس نمەکی بکات!

ئەم دنیایە بۆ هیچ کەسێک بە تەواوی لە بار نابێت، هەموومان لە شتانێکدا باشین و لە شتانێکدا دەستەوسانین، بنوارنە خاڵی بەهێزییتان، کاربکەن لە گەشەکردن و وەبەرهێنان تێیدا، شکست و لاوازیتان لە بوارێکدا واتان لێنەکات وابزانن لە هەموو بوارێکدا شکستخواردوون، بیرتان بێت ئەو ئەدیسۆنەی جیهانی ڕۆشن کردەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە قوتابخانە دەرکرا، چونکە لە هەموو وانەکاندا خراپبوو!

الوطن

٢٠١٨/٩/١١

## جەنگ
## بۆ ئەوەی بە پاک و بێگەردی بمێنیتەوە!

(لی کانچۆ ئیل کادری) کە یەکێکە لە شۆڕشگێرە ئۆرۆگواییەکان دەڵێت:

لە کۆتا ڕۆژەکانی دیکاتۆریەتدا لە ئۆرۆگوای، لەبری بەرچایی بەیانیان ترسمان پێ دەدرا، لەبری ژەمی نیوەڕۆ ترسمان پێ دەدرا، لەبری ژەمی ئێوارە ترسمان پێ دەدرا، لێ سەرکەوتوو نەبوون وەک خۆیانمان لێ بکەن!

ئەمەیە کە پێی دەڵێت جیهادی دڵ، ئەو جەنگە توندەی کە لەگەڵ شەیتانەکەتدا ئەنجامی دەدەیت کە وات لێدەکات ئەوەی دەرزییەکی پیاکردیت، تۆ سوژنێکی پیا بکەیت، یان لەوەیە فریودانەکەی ڕووپۆش کردبێت بە بەرگێکی دینی، کە سزا بدەیت بە هەمان ئەو شێوەی سزایان دای، لەبەر عیززەتت وات لێناکات تۆڵە بکەیتەوە، بەڵکوو زیان دەکات گەر دڵت بەوشێوە پاکە بمێنیتەوە!

ئەو جەنگەی لەگەڵ نەفسی خۆتدا دەیکەیت، کە دەتجووڵێنێت لە دژی کەسانی تر بجەنگێیت بە هەمان چەکی خۆیان، بەبێ تەماشاکردنی بێ بایەخی و سووکی چەکەکە، پێت دەڵێت ئەوەی دەستپێکرد ئەوە ستەمکارە، ئازاریان بدە وەک چۆن ئازاریان داویت، کێشە نییە لە

پشتەوە لێیان بدەیت، هێشتا شوێنی لێدانەکانیان بە پشتتەوە چاک نەبۆتەوە!

ئەو جەنگەی لەگەڵ ئاوەز و زمانی خەڵکدا ئەنجامی دەدەیت، گەر تۆ بەهێز بوویتایە ئەوانت ئازار دەدا، وەک چۆن ئازاریان داویت و هەندێ جار لێبووردن تەنها لاوازییە لەبەرگی لێبووردندا!

واز لە هەر سێکیان بهێنە: شەیتانەکەت، نەفست، خەڵکی!

تێبکۆشە بۆ ئەوەی دڵت بە پاک و بێگەردی بمێنێتەوە، ئەو لەدەستدانەی هەموو بردنەوەکان دەکاتە شتێکی پووچ، لەدەستدانی خودی خۆتە! ئەو بردنەوەیەی هەموو شکستەکان دەکاتە شتێکی پووچ، بەدەستهێنانی خودی خۆتە! جگە لەمە پەلاماردان و ڕاکردنە، جەنگی پێشبڕکێکانە، بردنەوە و شکست تەنها بیروبۆچوون و تێڕوانینە و هیچی تر!

تخوا پێم بڵێ گەر وەڵامی زللە بە زللە و لێدان بە لێدان و خیانەت بە خیانەت بدەیتەوە، کەی زللە و لێدان و خیانەت لە ناو خەڵکدا کۆتایی پێدێت!

تخوا پێم بڵێ ئەو دەمەی دادەبەزیتە ئاستی کەسێکی ناپیاو و بەهەمان چەکی خۆی لەگەڵی دەجەنگێیت، تۆ چ جیاوازیت هەیە لەو؟! هیچ، ئەڵڵاوهومە ئەوە نەبێت ئەو دەستپێشخەری کردووە و ناپیاوبووە، هەرچەندە کاردانەوەکەی تۆیش جیاوازییەکی وەهای نییە لەگەڵ ئەوەی ئەودا!

تخوا پێم بڵێ، ئەو دەمەی خەڵکی پێت دەڵێن تۆڵەبکەرەوە و بەقسەیان دەکەیت، ئەو دەمەی هانت دەدەن جەنگێک بکەیت کە سەرکەوتوو تێیدا نەفسی خۆی دەدۆڕێنێت، چ شتێکت لێ دەمێنێتەوە بۆ خۆت؟!

ئەم ژیانە ڕۆژانە دڵت لەسەر مەحەک دادەنێت، بە دەیان شتی پیس فریوی دەدات! فەرموودە پیرۆزەکان دەچرپێنێت بە گوێتا لە غەیری

شوێنی خۆیدا! جەنگە ئاسانە پڕ دەسکەوتەکانت بۆ دەڕازێنێتەوە! چ دەسکەوتێک قەرەبووی دڵە پاکەکەت بۆ دەکاتەوە گەر پیس ببێت؟!

ئەو دەمەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەتحی مەککەی کرد، کاتی ئەوەبوو تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بە هەمان چەکی خۆیان لە دژیان بجەنگێت، وەڵلاهی گەر فەرمانی بکردایە هەموو ئەهلی مەککە سەرببڕدرێت، یەک یاوەر سەرپێچی فەرمانەکەی نەدەکرد، لەوەیە کەسیش سەرکۆنەی نەکردایە، جەنگبووە، نەریتی ڕزگارکەرەکان وایە خوێنی ئەو شارەیان بۆ حەڵاڵە کە ڕزگاری دەکەن، مێژووی درێژی مرۆڤەکان وادەڵێت سەبارەت بە جەنگ، لێ دەیزانی سەرکەوتنی حەقیقی ئەوەیە وەک ئەوان نەبێت!

سومەیە و ڕمەکەی ئەبو جەهل لە سکیدا لە یاد نەچووبوو!

نرکەی بیلالی لەبیرنەکردبوو ئەو دەمەی ئومەیەی کوڕی خەلەف شەلاقی لێدەدا و لەسەر لمی داخبووی مەکە پاڵیدەخست!.

ڕۆژی ئوحودی لەیاد نەکردبوو کە چۆن سکی حەمزەیان هەڵدڕی بوو!

ئەوەی لە یادنەچووبوو، کە چۆن لە هەر هۆزێک پیاوێکیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بیکوژن و خوێنەکەی دابەش بێت لەنێوان هۆزەکاندا!

ئەوەی لە یاد نەچووبوو بە چ شێوەیەک و بە تاریکیی خۆشەویستترن شاری نێو دڵی بەجێهێشت!

لێ باڵاتربوون لەوان، تێکۆشا بۆ پاک و بێگەردی دڵی خۆی و ئوممەتەکەی، ئەو دەمەی پێی وتن: بڕۆن ئێوە ئازادن!

پێی وتن ئێمە وەک ئێوەنین و دینەکەی ئێمە باشترە لە دینەکەی ئێوە!

الوطن

٢٠١٨/٩/١٣

## ئافرەتان وەهایان وت!

ئەو دەمەی لە نووسینی کتێبی (تەنها بۆ پیاوان)دا ڕۆچووبووم، لە ناخی خۆمدا وتم: بۆچی پێویستە ئەوە بە پیاوان بڵێم کە لەبارەی ئافرەتانەوە دەیزانم لەوەی خوێندوومەتەوە و بیستوومە و بینیوومە و لێی تێگەیشتووم و لەگەڵیدا ژیاوم؟؟ بۆچی هەلێکیان نادەینێ ئەوە بڵێن کە دەیانەوێت؟ بۆچی دەبێت دەنگی ئەوان بم مادەم دەتوانن قسەبکەن؟!

لەدوای ئەمەوە لە پێشانگاکان و ئاهەنگی ئیمزاکردنی کتێب و سیمینارەکاندا، دەرفەتەکەم دەقۆستەوە و داوام دەکرد- بە هاوکاری ڕێکخەرانی ئەو چالاکییانە، سوپاسیان دەکەم لەوەی یارمەتیان داوم- ئافرەتەکان پەیامێکی کورت بۆ مێردەکانیان بنووسن بەبێ ئەوەی ناوی خۆیان و مێردەکانیان بنووسن، ئەو دەمەی پەیام گەلێکی باشم لەلا کۆبوویەوە، پەیامەکانیانم کردە بابەتێک لە کتێبەکەدا و لەگەڵ خستنەڕووی تێبینیم لەسەر وتەکان، ئەمە هەندێکە لەوەی ئافرەتەکان وتوویانە، بەبێ تێبینی وتن لەسەری!

- حەزم لە سوپرایزە (واق ورمێن)، هەمیشە ئەو شتانە مەکە کە چاوەڕوانکراوە!
- لە هەموو شتێکت خۆشدەبم درۆ نەبێت!
- گوێگرێکی باش بە!
- ڕۆژی لەدایکبوونەکەمت بیرنەچێت!
- بەبێ هۆکار لە ئامێزم بگرە!
- باسی سۆزداری ڕابردووت بۆ ناکەم، خۆت ماندوو مەکە!
- زۆر زیاتر لەوە دەگریم کە بیری لێدەکەیتەوە!
- لە کارەکانی ماڵەوەدا یارمەتیم بدە!
- ڕقم لە شێواوی و پەرپوتییەکەتە، دەتوانیت ڕێک و شیک بیت!
- حەزدەکەم بتبینم کە غیرەم لێدەکەیت!
- کەشخە بە، حەزدەکەم شانازیت پێوە بکەم!
- کەسێکی مەزاجیم، لێ زۆر خۆشمدەوێت!
- بەبێ هۆکار خەمبار دەبم، هەمیشە وامەزانە تۆ هۆکاریت!
- ڕێزی ئەوە دەگرم کە بۆمی دەکەیت، گەرچی ئەمەشت پێ نەڵێم!
- بە دایکت بەراوردم مەکە، تۆ پێم ڕادەگەیەنیت هێشتا هەر منداڵیت!
- درۆت لەگەڵ دەکەم لە نرخی ئەو شتانەی لە بازاڕ کڕیومە!
- بە کەس بەراوردت ناکەم، بە کەس بەراوردم مەکە!
- پیاوێکی ترم ناوێت، دەمەوێت تۆ پیاوێکی تر بیت!
- ئەو دەمەی نەرمونیانیت هەست بە بەهێزییەکەت دەکەم زیاتر لەوەی کە لە کاتی تووڕەییتدا هەستی پێدەکەم!
- لە پێناوی تۆدا زۆر شت دەکەم کە حەزم پێی نییە، تۆیش ئاوا مامەڵەم لەگەڵدا بکە!

- متمانەم پێتە، بەڵام غیرەدەکەم!
- کەس وەک تۆ دڵخۆشم ناکات، کەسیش وەک تۆ خەمبارم ناکات!
- تەنها بۆ تۆم، تۆیش تەنها بۆ من بە!
- ئەو دەمەی لێمدەدەی ئازارم نادەیت، بەڵکوو دەمشکێنیت!
- من هاوسەرتم نەک خزمەتکارت!
- خۆم دەڕازێنمەوە لە ترسی ژنێکی تر، نەک بۆ پیاوێکی تر!
- دەستپێشخەربە، نارەحەتم بەوەی هەمیشە من دەستپێبکەم!
- بەهێزم، بەڵام پێویستم بە تۆیە!

الوطن
٢٠١٨/٩/١٦

## سەری ماسییەکە لێ مەکەنەوە!

ئیدواردۆ گالیانۆ دەڵێت:

لە ناوەڕاستی قشڵەیەکدا شوێنێکی بچووک هەبوو سەربازێک پاسەوانی دەکرد، کەس نەیدەزانی بۆچی دەبێت بەردەوام کەسێک پاسەوانی ئەم شوێنە بکات! لەم ئەفسەرەوە بۆ ئەفسەرێکی تر فەرمان دەردەکرا و سەربازەکانیش جێبەجێیان دەکرد، کارەکە هەروا بەردەوامبوو هەتا جەنەڕاڵێک ویستی بزانێت بۆچی دەبێت ئەم شوێنی دانیشتنە پاسەوانی بکرێت!

پێویستبوو لەسەری پەڕاوە کۆنەکان هەڵبداتەوە، لەدوای گەڕانێکی زۆر وەڵامەکەی دەسکەوت، پێش سێ ساڵ ئەفسەرێک فەرمانی بە یەکێک لە سەربازەکان کرد نزیک ئەو شوێنە بوەستێت کە تازە بۆیاخ کراوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک لەسەر بۆیە تازەکە دانەنیشێت!

ئەم چیرۆکە لەگەڵ ئەوەی خەندەئامێزە، لێ باسی زۆرێک لەو کارانە دەکات کە خەڵکی ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن، ئەو سەقافەتەی بۆیان ماوەتەوە، ئەو داب و نەریتەی کە ئەنجامی دەدەن، بە چاوی ڕێزلێنان و گەورەییەوە تەماشای دەکەن، لە دەمێکدا نە حەقیقەتەکەی دەزانن نە ئەو هۆکارەشی لە پشتیەوەیە!

ئیبنو کەسیر لە تەفسیرەکەیدا لە سوورەتی نوحدا باسی سەرەتای بت پەرستیمان بۆ دەکات لەسەر زەوییدا، ئەو بتانەی لە سوورەتەکەدا ناویان هاتووە: (وەد، سواع، یەغوس، یەعوق و نەسر) ناوی پیاوچاکانی ئوممەتەکانی پێشووە، ئەو دەمەی مردن، شەیتان وەسوەسەی بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە دروست کرد کە پەیکەر بۆ ئەو پیاوچاکانە بتاشرێت، بۆ ئەوەی لە یاد نەکرێن، بەمشێوەیش ڕوویدا...

کە بەلای پەیکەری پیاوچاکەکاندا دەڕۆیشتن لە بەرانبەریدا سەریان دادەنەواند، وەک جۆرێک لە سڵاو و بە گەورەزانین، بەمشێوەیە نەوە لەدوای نەوە خەڵکی لە بیریان کرد ئەم پەیکەرانە هی کێن و بۆچی داتاشراون، لە کەسانی پێشووەوە تەنها سەر نەویکردنەکە مابوو کە لە سڵاوەوە گۆڕابوو بۆ پەرستش! ئەو پەیامبەرانە چەندێ زۆرن کە موناقەشەیان لەگەڵ گەلەکەیان کردووە لەسەر بتپەرستی و وەڵامی ئەوانیش ئەمەبوو: ﴿حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ﴾

واتە: بەسمانە ئەو ئایینەی باوک و باپیرانمانی لەسەربوون!

شوێنکەوتن و لاسایی کردنەوەی کوێرانەیە و پشوو پێدانی ئاوەزە لە بیرکردنەوە لەوەی باوە و خەڵکی لەسەری ڕاهاتوون، زۆربەی جار هۆکارێکی کۆنی هەیە و ئێستا کارەکە پێویست نییە، چونکە هۆکارە کۆنەکە نەماوە!

قسە قسە دەهێنێت، جارێکیان چیرۆکێکی خۆشم خوێندەوە، چیرۆکەکە بەمشێوەیەبوو: کچۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوو هاوسەرگیری کرد، لەدوای گواستنەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستی ماسی بۆ مێردەکەی سووربکاتەوە، پەیوەندی بە دایکییەوە کرد و لێی پرسی:

چی بکات؟ دایکی پێی وت: سەرەتا سەری ماسییەکە لێ بکەرەوە!
بەلام کچەکە بە دایکی وت: گەر سەری لێبکەمەوە خێراتر سووردەبێتەوە؟

دایکەکە وتی: نازانم، نەنکت وای دەکرد، با لەو بپرسم. پەیوەندی بە دایکییەوە کرد و پرسیاری لێکردنەوە سەری ماسییەکەی لێکرد، وەلامەکەی نازانم بوو، ئەمەی لە دایکییەوە بۆ ماوەتەوە! لە جوانییەکانی ڕێکەوت دایکی نەنکەکەش لەژیاندا مابوو، ئەو دەمەی کچەکەی هۆکاری لێکردنەوەی سەری ماسییەکەی لێکرد، پێی گوت: لێکردنەوەی سەری ماسییەکە پەیوەندی بە زوو سووربوونەوەی نییە، بەلام من سەرەکەیم لێدەکردەوە، چونکە تاوەکەم بچووکبوو جێگای سەری ماسییەکەی تێدا نەدەبووەوە!

ئیمڕۆ چەندێ لە دوێنێ دەچێت، زۆرێک لەو ڕۆتینانەی لە فەرمانگەکاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنین، زۆرێک لە داب و نەریتەکان کە کۆنترۆڵی ژیانی ڕۆژانەمانی کردووە، پەیوەندی بە ڕێکی و زوو سووربوونەوەی ماسییەکەوە نییە، هەموو ئەوەی لە کارەکەدایە ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان تاوەکە بچووک بووە، ئەو دەمەی تاوەکە گەورەبووە کەس نەیپرسیوە بۆچی سەری ماسییەکە لێ بکەینەوە!

الوطن
٢٠١٨/٩/١٨

## پێشکەشکردنەکان!

لە کاتی خوێندنەوەی کتێبدا هەرگیز دوو شت ناپەڕێنم: پێشەکی و پێشکەشکردن (الاهداء)!

زۆر جار ڕوویداوە کتێبێکم کڕیوە، یان نوسخە ئەلکترۆنییەکەیم دابەزاندووە، چونکە پێشکەشکردنەکەیم بەلاوە جوان بووە، زۆر جاریش ڕوویداوە لەدوای خوێندنەوەی پێشکەشکردنەکە وازم لە کتێبەکە هێناوە! بۆچوونم وایە (پێشکەشکردن) هەلێکە بۆ نووسەر بۆ ئەوەی ئەو شتانەی تێدا بڵێت کە ناتوانێت لە ناو کتێبەکەدا بیڵێت! هەتا ئێستاش نزیکترین پێشکەشکردن لە دڵمەوە، ئەوەیە کە لە یەکەم کتێبمدا بوو: پێشکەشە بەو مامۆستایەی کە کتێبەی فڕێدا بۆ دەموچاوم و وتی: پێش ئەوەی ڕستەیەکی بەسوود بنووسیت دەمریت!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی ئیبراهیم جەمەل لە کتێبی (مملكة إبليس في التنظيم الاداري) وتبووی:

پێشکەشە بە ئیبلیسی دەرچوو لە ڕەحمەتی خودا، وەک جەنگێک لەدژت و ئاگادارکردنەوە لێت و ئاشکراکردنی پیلانەکانت و تێکدانی کارەکانت ئەم کتێبەت پێشکەش دەکەم!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی ئەلیف شەفەق لە ڕۆمانی شەرەفدا:

ئەو دەمەی تەمەنم حەوت ساڵانبوو ماڵمان لە (بيت الأخضر) بوو، یەکێک لە دراوسێکانمان کە بەرگدوورێکی لێهاتووبوو بەردەوام لە ژنەکەی دەدا، شەوان گوێمان لە هاوار و گریان و جوێن دەبوو، بەیانیش وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت دەستیان دەکردەوە بە ژیانکردن، هەموو گەڕەکەکە واخۆی دەردەخست کە نە گوێی لە هیچ بووە و نە هیچی بینیوە! ئەم کتێبە پێشکەشە بەوانەی دەبیستن و دەبینن!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی ئەحمەد ڕەجەب بۆ خێزانەکەی، نووسیبووی:

پێشکەشە بە خێزانەکەم: وەک ڕێز و پێزانین و سەرسامبوون بە هێزی بەرگەگرتنی لەو دەمەی لە حەمامدا گۆرانی دەڵێم!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی (عبده خال) لە ڕۆمانی (نباح)دا:

بۆ هەموو خوێڕییەکانی جیهان، نەفرەتێکی گەورەتان لێ بێت!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی (مارلین ماتسۆن)ی گۆرانی بێژی ئەمریکی، ئەو دەمەی یاداشتەکانی نووسییەوە، پێشکەشی کرد بە دایک و باوکی و وتی:

بۆ دایک و باوکم، با خودا لێتان ببوورێت، چونکە منتان هێناوەتە ئەم دنیایەوە!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی جۆزێف ڕۆتمان، کە کتێبەکەی پێشکەشی هاوسەر و دوو منداڵەکەی کرد:

پێشکەشە بە هاوسەرەکەم مارگانێت و دوو منداڵەکەم ئیلا ڕۆز و دانیاڵ ئادەم، گەر ئەوان نەبوونایە پێش دووساڵ لە ئێستا کتێبەکەم نووسیبوو!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی ئارییل دۆرفمان لە ڕۆمانی (متمانە)دا:

ئەم کتێبە پێشکەشە بە ماریا ئەنجیلکا، کە تەنها خۆی هۆکارەکەی دەزانێت!

- سەرسامبووم بە پێشکەشکردنەکەی عەلی جابر فەیفی لە کتێبی (چونکە تۆ خودایت):

پێشکەشە بەو کەسەی ئەو دەمەی تەمەنم حەوت ساڵان بوو، شەوێکیان پێی وتم: نوێژی عیشات کردووە؟

بە درۆوە وتم: بەڵێ!

بە گومانەوە لێی ڕوانیم و وتی: چ دەڵێیت بیڵێ، لێ دڵنیابە خودا تۆی بینیوە!

ئەم وشەیە «تۆی بینیوە» زۆر هۆشیاری کردمەوە و وای لێکردم بچم نوێژەکەم بکەم، هەرچەندە بە درۆوە پێم وت نوێژم کردووە...!

پێشکەشە بە دایکم.

ئێوە و هەموو پێشکەشکردنەکان بمێنن بەخێر!

الوطن

٢٠١٨/٩/٢٠

## پاراستنی نیعمەت!

(ئەبو عەلی قالی) لە کتێبە ناوازەیەکدا (الأمالي) ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە:

ئەبو جەعفەری مەنسوور نانی دەخوارد و ئیبراهیمی برازاشی لەگەڵبوو، ئیبراهیم پارووەیەکی هەڵگرت و دواتر لە سوچێکی سفرەکەدا داینا.

مەنسوور پێی گوت: ڕۆڵەگیان چیبوو وا لەوێدا داتنا؟

ئیبراهیم وتی: مووی پێوەبوو!

ئەبو جەعفەر پارووەکەی هەڵگرت و مووەکەی لێ دەرکرد و خواردی، پێی وت: تێربوون تێکی داویت!

ئەو دەمەی ئەم چیرۆکەم خوێندەوە، بەخێرایی خەیاڵم بۆ ئەو خواردنە زۆرە چوو کە فڕێ دەدرێتە تەنەکەی خۆڵەوە، دیمەنێکە گیان دەهێنێتە لەرزین، دیمەنێکە لە کوفری نیعمەت، هیچ شتێکیش هێندەی کوفرانەکردنی نیعمەت لەناوبەری نیعمەت نییە، لە بەرانبەریشدا هیچ شتێک هێندەی شوکرانەبژێری نیعمەت، نیعمەت ناپارێزێت، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾ واتە: گەر سوپاسگوزار و شوکرانەبژێر بن، ڕزق و ڕۆزی و ناز و نیعمەتتان بەسەردا دەڕژێنم و زیادی دەکەم.

شوکرانەبژێری دوو جۆرە:

بە زمان و بە ئەندامەکانی جەستە.

شوکرانەبژێری زمان لەسەر نیعمەتەکان بە وتنی (الحمدللە) دەبێت، سوپاس و ستایشی خودا بکەین کەوا لە ڕیزی بێبەشەکان داینەناوین، شوکرانەبژێریکردن بە ئەندامەکان، هەوڵدانێکی بەردەوام و کارێکی هەمیشەییە.

شوکرانەبژێری پارە لە ڕێگەی بەخشینەوەیە.

شوکرانەبژێری جەستە و لەشساغی لە ڕێگەی یارمەتیدانی لاوازەکانەوەیە.

شوکرانەبژێری زانست لە ڕێگەی فێرکردنی نەزان و ڕێنوێنی وێڵەکانەوەیە!

هەموو نیعمەتێک لە هەمان جۆری خۆی زەکاتی هەیە، کە ئەمەش -لەدوای فەزڵی خوداوە- گەرەنتی مانەوە و بەردەوامبوونی دەکات!

زیادەڕەویکردن لە ڕێژەی ئەو خواردنەی ڕۆژانە لێدەنرێت، یان لە شایی و بۆنەکاندا، بەڕاستی پێویستی بە وەستان و پێداچوونەوە هەیە، تێدەگەم لەوەی خاوەن ماڵ چەندێ حەز دەکات جۆرەها خواردن سازبکات کە میوانداری کەسێک دەکات، هەمووومان ئەوە دەکەین، بەڵام ئەوەی لێی تێناگەم ئەوەیە ئەو خواردنەی ماوەتەوە بکرێتە تەنەکەی خۆڵەوە، هیچ شار و گەڕەکێک نییە لە شار و گەڕەکەکانمان، ئیللا کەسانێکی تێدایە پارووپە نانیان نییە بیخۆن!

پێغەمبەری خودا(ﷺ) خورمایەکی بینی لەسەر زەوی فڕێدراوە، هەڵیگرتەوە و تۆزەکەی لێکردەوە، دواتر ویستی بیخوات، بەڵام



Tanya Haji

وەستا، ترسا خورمای سەدەقە بێت کە دەهێنرێت بۆ بەیتولمال، وەک هەمووتان دەزانن پێغەمبەری خودا(ﷺ) دیاری قبوول دەکات و سەدەقە ناخوات، لەبەر ئەمەش خورماکەی دا بەوەی لەگەڵیدابوو!

کارەکە زۆر دوورترە لە خورمایەک کە لەسەر زەوی کەوتووە، نیعمەتێک بووە لە نیعمەکانی خودا کە ئەو دەمە وەک پێویست بەردەست نەبووە، ئەو دەمەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) هەڵیگرتەوە، پێویستی پێی نەبوو، بەڵکوو ویستی فێری شوکرانەبژێری نیعمەتمان بکات!

دایکی باوەڕداران مەیمونەی کچی حاریس، دەنکە هەنارێکی بینی لەسەر زەوی، وتی﴿ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلْفَسَادَ ﴾ واتە: بێگومان خوا فەساد و خراپە و تاوانی ناوێت.
هەتا ئەو ڕادەیە پارێزگارییان لە نیعمەتەکان دەکرد!

لەم ڕۆژانەدا ئەوەم خوێندەوە کە یەکێک لەو چێشتخانانەی بۆفی کراوەن، ڕیکلامێکیان بۆ سەردانیکەرانیان نووسیوە: چەندێ خواردنت دەوێت هەڵیبگرە، بەڵام ئەوەی هەڵتگرتووە بیخۆ، ئێمە ڕۆژانە ژەمە خۆراکی دووسەد کەس فڕێ دەدەین!

ئەوە روونە ئەو خواردنەی کە فڕێ دەدرێت تێکەڵبووە بەسەریەکدا و مەحاڵە لێک جوودابکرێتەوە و دابەش بکرێت، ئەو وتەیەش لە سووربوونی خاوەن چێشتخانەکەیە لەسەر پارێزگاریکردن لە نیعمەتەکان!

هێندە لێبنێن کە پێویستە و بەش دەکات، چۆن ویستتان ڕێز لە میوانەکانتان بگرن، ئەمەش لە شوکرانەبژێری نیعمەتە، بەڵام ئەوەی لێتان زیادبوو بیدەنە هاوسێیەکی هەژارتان، دوو پاداشتی تێدایە، پاداشتی خێرکردن و پاداشتی پارێزگاریکردن لە نیعمەت، بەڵام فڕێدانی ئەو خواردنەی کە ماوەتەوە، هۆکارە بۆ نەمانی نیعمەتەکان، خودا نیعمەتەکانی لەسەرتان بەردەوام بکات!

الوطن

٢٠١٨/٩/٢٣

## باتڵ بمرێنن بە باسنەکردنی!

(بشار بن برد) دەیوت: هەجووی جەریرم کرد، گەر وەڵامی بدامایەوە شاعیرترین کەس دەبووم، بەڵام پشتی تێکردم و بچووکی کردمەوە!

ڕۆژانە هەندێ ڕووداوی خراپ و نەخوازراو ڕوودەدەن، گەر فەرامۆشمان بکردنایە، وەک چۆن ئاگر لە پووش و پەڵاش بەردەبێت، ئاوا بەخێرایی بڵاونەدەبوونەوە! لە نیەت باشی خۆمان و بەبێ مەبەست بەشداری دەکەین لە بڵاوکردنەوەی ئەو خراپەیەی ئەوانی تر دەیانەوێت بڵاوببێتەوە!

بۆنموونە، ئەو دەمەی ڕۆژنامەیەکی دانیمارکی وێنەی کاریکاتێری پێغەمبەری خودای(ﷺ) کێشا، وێنەکان لەڕێی ئەو ڕۆژنامەوە پێمان نەگەیشت، بەڵکوو ئێمە بۆ یەکتریمان دەنارد، لە ئیمێڵەکاندا ئەو وێنانەمان بڵاودەکردەوە لە ژێر ناونیشانی: بنوارن دوژمنانی خودا چۆن گاڵتە بە پێغەمبەرەکەمان دەکەن! لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا وێنەکانمان بڵاودەکردەوە لە ژێر ناونیشانی بۆ پێغەمبەرەکەت تووڕە ببە! بەبێ ئەوەی بزانین سوپای بڵاوکردنەوەبووین و بەخۆڕایی لەلای ئەو ڕۆژنامە کارمان دەکرد، گەر ئەو دەمەی گەیشتە لامان بمان مراندایە ئەو هەرایەی ئەوێ ڕۆژێ ڕووینەدەدا!

ئەم حەقیقەتە ئەوەی یەکەم ئاگایان لێی بووە، بەڵام ئێمە لێی بێ ئاگابووین! هەمووتان دەزانن حەسانی کوڕی سابت شاعیری پێغەمبەری خودایە(ﷺ)، شەرەفمەندبوو بەوەی بە تایبەتی بەرگری لە پێغەمبەری خودا(ﷺ) بکات و لە پەیامی ئیسلامیش بە گشتی، وەک گوێڕایەڵییەک بۆ وتەی پێغەمبەری خودا(ﷺ): لەبری من وەڵامیان بدەرەوە، هێرش بکە و جبریل لەگەڵتە!

ئەڵبەتە وەڵامدانەوە بە لۆژیک و وەڵامدانەوە بە هەمان شێوە و سەرخستنی حەق شتێکە و بڵاوکردنەوەی باتڵ لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیدا شتێکی ترە! ڕاستە حەسانی کوڕی سابت وەڵامی ئەو شیعرانەی دەدایەوە کە دژایەتی ئیسلام و پەیامبەرەکەیان دەکرد، لێ ڕۆژێک لە خۆتان نەپرسیوە: ئەو شیعرە هەجووانە کوان، بۆچی لە کتێبەکانی سیرەدا بوونیان نییە، بۆچی لەو کتێبانەدا نین کە شیعرەکانی سەرەتای ئیسلامیان نووسیوەتەوە؟!

ئەو شیعرانە لەناچوون، چونکە موسڵمانەکان وەک عەلاگەی خۆڵ مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، عەلاگەی خۆڵیش فڕێ دەدرێتە لایەکەوە و پارێزگاری لێناکرێت!

لە کتێبەکانی سیرە و ئەدەبدا، شیعرەکانی حەسان دەخوێنینەوە و لە پەنایدا شیعرەکانی قوڕەیش نابینین، زۆر زیرەک و لێهاتووبوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ باتڵدا، تەواو فەرامۆشیان کردووە، یەک ڕستەیان لەم جۆرە نەنووسیوە: فڵانەکەسی دوژمنی خوا بەم شیعرانە هەجووی پێغەمبەری خودای کردووە! بڕوانن کوفر گەیشتووە بە چ ڕادەیەک، ئاوا و ئاوایان بە پێغەمبەری خودا(ﷺ) وتووە! ئەوان باتڵیان مراند بە باسنەکردنی!

ئەو دەمەی ئابڕووچوونی کەسێک دەگاتە لات، با لەلای تۆدا بووەستێت، داپۆشینی خەڵکی پەرستشە، ئەبو بەکر فەرموویەتی: گەر تەنها پۆشاکەکەی بەرم دەستکەوێت بۆ ئەوەی کەسی تاوانباری پێ بپۆشم، دەیپۆشم!

کەی خراپە و ئابڕووچوونەکان کۆتایی دێت، مادەم هەر کەسێک لە ئێمە چی پێبگات یەکسەری بڵاویدەکاتەوە!

بۆچی پێویستە لەسەرمان لە هەموو جەنگێکدا بەشداری بکەین،

لە هەموو کەلاکێک بخۆین،

لە هەموو ئاوێکی بۆگەن بخۆینەوە،

لە هەموو کاسەیەکدا کەوچک بین؟!

خۆبەزلزانین لە شتەپووچەکاندا ڕەوشتی مەردەکانە، خۆشبەختی بۆ خۆبەزلزانەکان!

الوطن

٢٠١٨/٩/٢٥

## قەزیەی ئەوانی تر!

ساڵی ۲۰۰۱، یاریزانی نێجیری (ئەکیم ئۆمولادی) یاریی بۆ یانەی (ترێفیزۆ)ی دەکرد لە خولی تۆپی پێی ئیتاڵیا... هەموو یارییەک لەلایەن هاندەرانی تیپی بەرانبەرەوە فیکەیان بۆ لێدەدا و گۆرانی ڕەگەزپەرستییان دەوت، هەندێ جاریش لەلایەن هاندەرانی یانەکەی خۆیەوە ئەمە دەکرا! لەوەبوو ئەمە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام بووایە، گەر هاوڕێکانی بڕیاریان نەدایە سنوورێک بۆ ئەمە دابنێن... چاوەڕێی دەستێوەردانی یوفا و یەکێتی ئیتاڵیایان نەکرد، لە یارییان لەگەڵ یانەی جەنەوادا هەموویان دەموچاوی خۆیان ڕەشکرد و پۆستەرێکیان هەڵگرتبوو کە لێی نووسرابوو: ئەکیم ئۆمولادی، هەموومان تۆین!

قسە قسە دەهێنێت... پێش چەند ڕۆژێک یەکێک لە قوتابخانەکانی کازاخستان سەرجەم خوێندکارە باڵاپۆشەکانی دەرکرد، ڕۆژی دواتر سەرجەم ئەو خوێندکارانەی باڵاپۆش نەبوون بە باڵاپۆشییەوە هاتنەوە بۆ قوتابخانە، پەیامێکی ناوازەبوو بۆ قوتابخانە و هاوڕێ دەرکراوەکانیان، دەیانوت: هەموومان ئێوەین و لەگەڵتانین!

غەسان کەنفانی دەڵێت: قەزیەی مردن هیچ ڕۆژێک کێشەی مردووەکان نەبووە، بەڵکوو قەزیەی ئەوانی ترە!

لە ڕاستیدا تەنها مردن قەزیەی ئەوانی تر نییە، هەموو قەزیەیەک لەم جیهانەدا کە ستەمێکی تێدا دەکرێت قەزیەی کەسانی ترە! ئەوانەی بەرگری لەوانە دەکەن ستەمیان لێکراوە، لە حەقیقەتدا بەرگری لە مرۆڤەیاتی خۆیان دەکەن، دووەم بەرگری لە خۆیان دەکەن، ئەوەی بەرگری لە ستەملێکراوەکان ناکات لەو دەمەی ستەمیان لێدەکرێت، ئەوا خۆی دەکاتە قوربانی و دواتر کەس بەرگری لێ ناکات!..

لە هەموو قەزیەیەکی زیندانیکردن بە ستەم، قەزیەکە قەزیی ئەو کەسە نییە کە لە زینداندایە، بە ئەندازەی ئەوەی قەزیەی ئەوانەیە کە لە دەرەوەی زیندانن، ژیان بە پێی هاوکێشەی (ئەو ڕۆژە خورام کە گا ڕەش خورا) سووڕدەخوات!

خراپترین هەڵوێستی ئەو کەسەی کە خانووی هەیە ئەوەیە، وەک سەیرکەر بوەستێت بەرانبەر ئەوانەی کە داوای مافی نیشتەجێبوونی خۆیان دەکەن!

خراپترین هەڵوێستی ئەو کەسەی کە چارەسەر و دەرمانی هەیە ئەوەیە، وەک سەیرکەر بوەستێت بەرانبەر ئەوانەی داوای مافی خۆیان دەکەن لە چارەسەر و دەرمان!

ئەوەی بەرانبەر ڕەگەزپەرستی بێدەنگە، ئەوا هاوبەشە تێیدا!

زۆرشت هەیە ناوی بەها و مەبدەئە، ئەمە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت، چونکە ئەوە مرۆڤە لە حەقیقەتدا! ئەوەی خاوەنی بەها و مەبدەئە دژی ئەوەیە کەسێک بە ستەم زیندانی بکرێت، بەبێ

تەماشاکردنی شوناسی زیندانیکراو و زیندانیکەر، دژی ڕەگەزپەرستییە بەبێ تەماشاکردنی شوناسی ئەوەی ئەزموونی دەکات یان ئەو کەسەی لە دژی ئەنجام دەدرێت!

نیشتیمانەکان وێران دەبن، چونکە ئەو دەمەی ستەم لە ستەملێکراوێک دەکرێت، کەس شک نابات پێی بڵێت: هەموومان تۆین!

الوطن

٢٠١٨/٩/٢٧




Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " ئەڤین فەقێ تاهیر "**
**کراوە بە pdf و پێشکەش بە خوێنەران کراوە**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7

Invite Link

## ڕێگاکەت داخراوە... داخراوە!

دوێنێ هەواڵێکی خۆشم خوێندەوە، (لۆرنس ڕوبێل)ی حەفتاویەک ساڵ، لە ویلایەتی کانسانی ئەمریکی، بێزاربوو لە ژنە لاسارەکەی و ویستی بۆ هەتاهەتایە لە دەستی ڕزگاری بێت، بە دەمانچەیەکەوە چووە سەر بانکێک و چەکەکەی ڕووکردە کارمەندەکان و بڕێک پارەی دزی، دواتر لەسەر کورسییەک دانیشت و جگەرەی کێشا هەتا پۆلیس هات و قۆلبەستی کرد!

لە ڕۆژی دادگاییەکەیدا دادوەر بڕیاریدا ماوەی سزاکەی لەماڵەوە بەسەر ببات، چونکە بەساڵاچووە و نەخۆشی دڵی هەیە!

لە ڕاستیدا لەدوای ڕامانێکی قووڵ لەوەی بەسەر (لۆرنس ڕوبێل) ی هاوڕێماندا هاتووە، چەندین وانەم لێی دەرکرد، حەزمکرد پێشکەشی ئوممەتی بکەم، سابەڵکوو سوودی لێوەربگرن!

١. هەندێ هەنگاو دەنێیت لە ژیانتدا بەدرێژایی تەمەنت باجەکەی دەدەیت! هاوسەرەکەت، کارەکەت، خانووەکەت... ئەم شتانە زۆر بە کەمی دەتوانیت بیگۆڕیت لەدوای ئەوەی تێوەی دەگلێیت! خودا چاودێریت بکات، بە جوانی بیربکەرەوە پێش هەڵبژاردنیان!

٢. خۆت ڕادەست مەکە، هەمیشە چارەسەر هەیە! پەشیمان بیت لە ئەنجامدانی شتێک زۆر باشترە لەوەی پەشیمان بیت لە ئەنجامنەدانی

(کردە پەشیمان بێت، نەک نەکردە پەشیمان)! هەر بەم بۆنەیەوە ئەم خاڵە دژیەکی نییە لەگەڵ خاڵی یەکەم! خاڵی یەکەم بۆ ئەو کاتەیە کار لە کار نەترازاوە!، بەڵام خاڵی دووەم لە دوای فەوتانی ماڵتایە، وەک ئەنکم دەیوت لەدوای ئەوەی کار لە کار ترازاوە!

٣. بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت پشت بە دەوڵەت مەبەستە! هەموو دەوڵەتەکانی جیهان جا پێشکەوتووەکانی یان دواکەوتووەکان، لەسەر ئەوە کاردەکەن خەڵکی لەلای ئەوان کاربکەن و خۆیان لەلای کەس کارنەکەن! بەڕاستم بزانن ئەمە حەقیقەتە و چەندێتی خزمەتگوزارییەکان فریوتان نەدات کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە، زۆربەی سیستەمەکان تەنها لە ڕووی وردەکارییەوە جیاوازییان هەیە!

٤. هەمیشە ڕاکردن بەرەوپێشەوە بیرۆکەیەکی باش نییە! تەنها دەوڵەتەکان ڕادەکەن بەرەو پێشەوە و قەیرانێکی دەرەکی دروست دەکەن ئەو دەمەی کارەکانی ناوخۆ نارەحەتیان دەکەن، بەڵام بۆ ئێمەی هاونیشتیمانی خۆڵقاندنی قەیرانی دەرەکی کێشەکانی ناوخۆمان بۆ چارەسەر ناکات!

٥. ژیانیش وەک ناو ڕووبار وایە، با بەوشێوەیە دەڕوات کە گەمییە پێی خۆش نییە، بەم بۆنەیەوە ئێستا ئەو گەمیانە دروست ناکرێن کە لە ڕۆشتندا پشت بە با دەبەستن، چارەنووست بە باوە پەیوەست مەکە لەوەیە هەڵنەکات!

٦. تەنها تۆ نیت دەناڵێنیت، لە هەموو ناوچەیەکی سەر ئەم زەوییە هاوڕێت هەیە، نازانم ئەم وتەیە دڵنەوایت دەکات یان نا، لێ حەقیقەتە!

٧. لەوەیە دوای هەوڵدانێکی جددی بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی یەکەمجارت، لێ کێشە نییە هێندە بەسە کە شەرەفی هەوڵدانت پێبڕاوە!

٨. (لا حول و لا قوة إلا بالله!).

الوطن

٢٠١٨/٩/٣٠

# دەمارگیریی کوێرانە!

ئیبنو کەسیر لە کتێبی (البداية و النهاية) دەڵێت:

بەو کەسانەیان دەوت کە لە سوپای موسەیلەمەی کەزابدابوون: ئەری موسەیلەمە بەڕاست دەزانیت؟

دەیانوت: وەڵلاهی خۆ دەزانین موسەیلەمە درۆزنە، بەلام درۆزنی ڕەبیعە خۆشەویسترە لەلامان لە ڕاستگۆیی موزەڕ!

لە ڕاستیدا ئەمە جوانترین نموونەیە کە لەسەر دەمارگیریی کوێرانە خوێندوومەتەوە، لە سوپای کەسێکی درۆزندا بەشداری دەکەن، دەشزانن درۆزنە، چونکە لە هۆزی خۆیانە، بۆ ئەوەی دژی سوپای پێغەمبەر(ﷺ) بجەنگن دەشزانن پێغەمبەرە، بەلام هەر دەجەنگن، چونکە لە هۆزی خۆیان نییە!

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا، دەمارگیریی کوێرانە هێشتا لە ناو خەڵکیدا بڵاوە، هەمووتان دەزانن چ ڕوودەدات کاتێک ژن و پیاوێک جیادەبنەوە، خێزانی پیاوەکە هەموویان بەرگری لێدەکەن، پێت دەڵێن مەزلومە و ژنەکە شایستەی تەلاقبوو! خێزانی ژنەکەش هەموویان بەرگری لێدەکەن و پێت دەڵێن ژنەکەمان ستەمی لێکراوە و سوپاس بۆ خوا لەدەستی ئەو پیاوە ڕزگاری

بوو! ئەڵبەتە هەمووتان دەزانن زۆر دەگمەنە لە جیابوونەوەی ژن و مێردا یەکێکیان هۆکاری جیابوونەوەکە بێت، ژیان و ئەزموون و ڕووداوەکان دەڵێن هەردووکیان بەرپرسیارن، گەرچی بەرێژەی جیاوازیش بێت، بەڵام ئەو دەمەی کار لە کار دەترازێت و جیابوونەوە ڕوودەدات، کەس ئامادە نییە بەرپرسیارێتی خزمەکەی خۆی هەڵبگرێت، گەرچی لاوازیش بێت، هەمیشە کەسانی تر تاوانبارن، خزمەکانیشمان تاوانیان دژکراوە! حەزدەکەم لەم حاڵەتانەدا گوێم لە کەسێک بێت گلەیی لە خزمەکەی بکات و بڵێ خەتای ئەوە، داوا لە خودا دەکەم نەمباتەوە بۆلای خۆی، هەتا کەسێکی دادپەروەر دەبینم دەڵێت: کوڕەکەم هێندە بەد بوو شایستەی ئەو کچە چاکەنەبوو! یان کچەکەمان هێندە بەدبوو شایستەی ئەو کوڕە چاکەنەبوو!

ئەو خێزانانەی دێن بۆ هەواڵپرسینی منداڵەکانیان، وات لێدەکەن هەست بکەی کوڕەکەیان ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە لە کۆڕی پێشەوا شافعیدایە، نەک جنۆکەیەکی بچووکە زەوی بۆ شەقبووە و لێوەی هاتۆتە دەرەوە وەک نەنکم دەیوت! لە ماڵەوە بەرگەی ناگرن، دەزانن لاسار و بێزارکەرە، لە ماڵەوە کارێکیان پێدەکات چەند هێندەی بە مامۆستا و خوێندکارەکانی دەکات، بەڵام هەر ئەونەی کێشەیەک ڕوودەدات، دێن بۆ قوتابخانە و وامان لێدەکەن کوڕەکەیان یوسفە و ئێمەیش براکانین کە هەڵماندایە بیرەوە!

کەمێک بازنەکەیان فراوانتر کردووە، ناکۆکی لە نێوان وڵاتەکاندا ڕوودەدات وەک چۆن لەنێوان خەڵکدا ڕوودەدات، ئەمە حاڵی دنیا بووە لە پێش خۆمان و لە ئێستا و لە داهاتووشدا، هیچ دەوڵەتێک نییە ئیللا باشە و خراپەی هەیە، لە سیاسەتی ئیمڕۆدا ناکۆکییەکان وەک ناکۆکی پێغەمبەری خودا(ﷺ) نییە لەگەڵ قورەیشدا، حەقێکی

تەواو بەرانبەر باتڵێکی تەواو وەستابێت! سیاسەتی ئیمڕۆ نارووون و ئاڵۆزترە، کۆمەڵێک بەرژەوەندی و ئیعتیبار و ڕوانگە حوکمی دەکات کە پەیوەندی بە حەق و باتڵەوە نییە، ئەوەی جێی داخە هەر کاتێک ئەم ناکۆکییانە ڕوودەدەن، هەموو گەلێک باوەڕی وایە لە سەربازگەی موسڵماناندایە و گەلەکەی بەرانبەریش لە سەربازگەی قورەیشدان، ئابڕوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەکرێتەوە، پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنرێت، ئایین بە سیاسی دەکرێت و فەتواکان دەکڕدرێن، لەسەر بنەمای با لە کوێوە هات شەنی خۆت بکە! لەگەڵ ئەوەی ئەسڵ ئەوەیە گەر ناکۆکی کەوتە نێوان موسڵمانان گەر وشەیەکی باشت لابوو بیڵێ، گەر لات نەبوو بەنزین مەکە بە ئاورەکەدا، ئاورەکە بە بێ بەنزینەکەت هەر دەگرێت!

ئەم ئیسلامە بۆ ئەوە هات تێگەیشتنە نەفامییەکان و دەمارگیریی کوێرانە و خێزانی لەناوببات، ئەبو لەهەب لە ئاگردایە گەرچی مامی پێغەمبەری خودایە(ﷺ)، بیلالیش لە بەهەشتە گەرچی لە نەفامیدا کۆیلەیەک بوو کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا، لە جوانترین ئەو گوتانەی لەبارەی فڕێدانی دەمارگیرییەوە وتراوە، فەرموودەکەی پێغەمبەری خودایە(ﷺ):

براکەت سەربخە، ستەمکاربوو یان ستەملێکراوبوو

کاورایەک وتی: ئەی پێغەمبەری خودا گەر ستەملێکراوبوو سەریدەخەین ، بەڵام گەر ستەمکاربوو چۆن سەریبخەین؟

فەرمووی: دەستی دەگریت و ڕێگری لێدەکەیت لەوەی ستەم بکات، ئەمەش سەرخستنیەتی!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٢

## ئەفسانە جیهانییەکان!

عەرەب لە سەردەمی نەفامیدا باوەڕیان بە چەندین ئەفسانە هەبوو- ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئێستا باوەڕیان بە هەندێکی نییە- لە بیروباوەڕە نامۆکانیان ئەوەبوو باوەڕیان بە مەلێک هەبوو پێی دەڵێن هامە، لە جەستەی کەسی کوژراوە دێتە دەرەوە و لەلای گۆڕەکەیدا بەردەوام هاواردەکات: ئاوم بدەن، ئاوم بدەن! تێراو نابێت هەتا تۆڵەی کوژراوەکە نەکرێتەوە، تاکە خواردنەوەی هامە خوێنە!

بەهەرحاڵ شتێکی وا لە ئارادا نییە شەرمی لێ بکەین، هەموو گەلێک خاوەنی کۆمەڵێک ئەفسانەی خۆیەتی، بۆنموونە جەماعەتی (زەوی تەخت) کە لە هەموو وڵاتەکانی جیهاندا بوونیان هەیە، باوەڕیان وایە جەمسەری باکوور تەنها وەهمێکە و زەوی دەور دراوە بە دیوارێکی چەرمی زۆر بەرز کە هیچ کەسێک تێی نەپەڕاندووە، باوەڕیان وایە دەزگای ناسا چەندین کەسی داناوە بۆ ئەوەی ڕێگری لە خەڵکی بکەن لەو دیوارە نزیک ببنەوە، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک نەچێتە دەرەوەی زەوی و پلانگێڕییەکەشیان ئاشکرا نەبێت کە دەڵێین زەوی خڕە!

هەندێک لەو ئەفسانانەی گەلەکان باوەڕیان پێی هەیە:

١. لە ڕوسیا گەر جیقنەی چۆلەکە بکەوێتە سەر هەر کەسێک، ئەوا ڕۆژییەکی باش چاوەڕێی ئەو کەسە دەکات!
٢. لە داغستان باوەڕیان وایە گەر مێش بکەوێتە ناو قاپی شۆرباوە، ئەمە مژدانەی چاکەیە و بەم نزیکانە دیاریت بۆ دێت!
٣. لە دانیمارک باوەڕیان وایە هەتا دەوری و قاپی زیاتر لە ماڵەکەتدا بشکێت، ژمارەی هاوڕێکانت زیاتر دەبێت!
٤. لە ئیسپانیا شەوی سەری ساڵ دوانزە دەنکە ترێ دەخۆن، هەر دەنکێک بۆ مانگێکی زایینی، ئەمەش وادەکات ئەو ساڵە ساڵێکی پڕ بەختەوەری بێت!
٥. چینییەکان باوەڕیان وایە ژمارە چوار شوومە، چونکە لە زمانەکەیاندا دەربڕینەکەی نزیکە لە وشەی مردنەوە، هەربۆیە هەتا بتوانن خۆیانی لێ بەدوور دەگرن!
٦. لە مالیزیا باوەڕیان وایە دانیشتن لەسەر سەرین دەبێتە هۆی پەڵە و زیپکە لە دەموچاودا!
٧. لە فەرەنساش باوەڕیان وایە گەر قاچی چەپت نا بە پیسایی سەگدا، ئەوا دەرگای بەخت بەڕووتدا کراوەتەوە و مژدەت لێ بێت بە هەموو ئەوشتانەی دڵت خۆشدەکەن!
٨ لە ماڵتا هەموو کەنیسەکان میلی کاتژمێرەکان بەشێوەی هەڵە دادەنێن، هەر کەنیسە و بەشێوازێک دایدەنێت، جیاواز لە کەنیسەیەکی تر، ئەمەش بۆ سەرلێتێکدانی شەیتانە!

ئەڵبەتە هەموو زانیارییەکانی سەرەوە ڕاستن، بەڵام جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەم ئەوانە بیروباوەڕی بۆماوەیین، هەندێ کەس باوەڕیان پێیەتی نەک هەموویان، وەک چۆن هەندێ کەسی لای خۆمان باوەڕیان وایە ژن ڕەگەزی منداڵەکەی دیاری دەکات، ئەوەی هەر کچی دەبێت، پێویستە پیاوەکەی ژن بێنێت بەسەریدا!

الوطن
٢٠١٨/١٠/٤

## بۆیان بکەن، نەک لێیان بکەن!

(المقري التلسماني) لە کتێبی (أزهار الرياض في أخبار القاضي عياض)دا دەگێڕێتەوە:

زەمەخشەری قاچی بڕابۆوە، لەبارەی ئەمەوە پرسیاریان لێکرد

لە وەڵامدا وتی: بەهۆی دوعای دایکمەوە! ئەو دەمەی منداڵبووم مەلێکم گرت و پەتم لە قاچی ئاڵاند، پەتەکەم ڕاکێشا، قاچی لێبوویەوە!

دایکم بەم کارەم زۆر دڵگران بوو، وتی: خودا قاچت بداتە بڕینا، وا قاچی ئەو مەلەت بڕییەوە!

کە گەورەبووم، لە گەشتێکمدا بۆ بوخارا بۆ فێربوونی زانست، لە سوارییەکەم کەوتمە خوارەوە و قاچم شکا، دواتر پێویستی کرد بیبڕنەوە، بڕیانەوە!

لەلای من هیچ گومانێکی تێدا نییە حاڵی دایکی زەمەخشەری، وەک حاڵی دایکەکانی ئیمڕۆ وایە، ئەو دەمەی کە دوعای لە ڕۆڵەکەی کردووە، تەنها بەزار بووە نەک بە دڵی، ئەگەر لەژیاندا بمایە و سەرپشک بکرایە لەنێوان بڕینەوەی قاچی خۆی و ڕۆڵەکەی، دەیوت: قاچی من ببڕنەوە و قاچی ڕۆڵەکەم سەلامەت بێت!، بەڵام دوعا

تیرێکە کە ئامانجەکەی دەپێکێت و لەوەیە لەگەڵ ساتی وەڵامدانەوە یەکبگرێت، ساتی پەشیمانیت بۆ بمێنێتەوە! هەربۆیە پێغەمبەری خودا(ﷺ) دەفەرموێت: دوعا لە خۆتان مەکەن، دوعا لە منداڵەکانتان مەکەن، دوعا لە سەروەت و سامانتان مەکەن، نەبادا لەگەڵ ساتی وەڵامدانەوەدا یەکبگرێت!

هەر لەو باسانەی لەم بابەتەدا دەگێڕدرێتەوە:

عومەری کوڕی خەتاب پیاوێکی بینی کە دەستی ئیفلیج بووبوو، پرسیاری هۆکاری ئیفلیج بوونەکەی لێکرد!

پیاوەکە گوتی: لە سەردەمی نەفامیدا باوکم دوعای لێکردم بۆیە وام لێهات.

عومەر فەرمووی: ئەمە دوعای باوکەکانە لە نەفامیدا، دەبێت لەئیسلامدا چۆن بێت!

هەمووتان چیرۆکی جورەیجی عابید دەزانن، هەموو شتێک بە قەدەری خودا بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەوەی تووشی بوو بەهۆی ئەو دوعایەوەبوو کە دایکی لێی کرد، کە ڕۆژێک پێی وت: یاخوا نەمریت هەتا ڕووی داوێنپیسەکان دەبینی!

تەقوای خوداتان هەبێت لە منداڵەکانتاندا، بە تایبەتی ڕووم لە دایکانە، چونکە ئەوان خێرا نەفرەت و دوعای خراپ لە منداڵەکانیان دەکەن لە کاتی تووڕەبووندا!

ئەگەر کچێک قاپێکی شکاند، دایکەکەش وتی خودا دڵت بشکێنێت! چ دەبێ کە دوعاکە گیرابێت، ئایا دڵی کچەکە یەکسانە بە قاپێک؟

گەر کوڕێک دایکی تووڕە بکات و دایکەکە پێی بڵێ: خودا سەرگەردانت بکات! چ دەبێ گەر دوعاکە گیرابوو، سەرگەردان بوونی یەک تەمەن یەکسانە بە چەند خولەکێکی تووڕەبوون؟!

پێویست ناکات هەموو دوعاکان باس بکەم، هەموومان دەیزانین،

لە ماڵەکانماندا گوێمان لێی دەبێت، هەندێ جار بە پەخشی ڕاستەوخۆ پێمان دەگات لە ماڵی دراوسێکانەوە، ئەلموهیم بیرۆکەکە گەیشت!

پێویستە خۆمان ڕابێنین دوعا بۆ منداڵەکانمان بکەین، نەک دوعایان لێبکەین، ئەم وشانە چەندێ شیرینن گەر بەکاریان بهێنین: خودا چاکت بۆ بکات، خودا ڕێنمونیت بکات، خودا سنگ فراوانت بکات، چەندین دوعای جوانی تر کە دەیان زانین، بەڵام لەکاتی توورەبووندا لە بیریان دەکەین بیانڵێینەوە!

پێغەمبەری خودا(ﷺ) سەردانی نەخۆشێکی کرد، نەخۆشەکە هێندە لاوازبووبوو وەک مریشکی لێهاتبوو!

پێی وت: هیچ دوعایەکت دەکرد؟

وتی: بەڵێ، دەموت خودایە لە ڕۆژی دواییدا چ سزایەکت بۆم ئامادەکردووە بۆم پێشخە بۆ دونیا!

پێغەمبەری خودا(ﷺ) فەرمووی: (سبحان اللـه)، بەرگەی ناگریت! بۆ نەت وت: (اللهم آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار) دوعای بۆکرد و چاکبوویەوە!

کوڕ و کچەکان! دایە و باوە توورە مەکەن..

دایک و باوکی بەڕێز! تیری دوعا مەنێن بە ڕۆڵەکانتانەوە، دوعای دایک و باوک زۆر بەکەمی ئامانجەکەی ناپێکێت!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٧

## گومرگی مریشکی!

بازاڕێکی گەورەی مریشک فرۆشتن کرایەوە، پیاوێک بەرەو بازاڕەکە بەڕێکەوت، بۆ ئەوەی ئەو مریشکە بکڕێت کە ژنەکەی پێی وتووە... ئەو دەمەی چووە بازاڕەکەوە و داواکارییەکەی وت، ئەو کارمەندەی لە پشت کۆمپیتەرەکەوە دانیشتبوو لێی پرسی: مریشکی زیندووت دەوێ یان پاککراو؟

پیاوەکە وتی: مریشکی زیندووم دەوێت.

کارمەندەکە وتی: مریشکی زیندوو لە نهۆمی یەکەمە!

هاوڕێکەمان چووە نهۆمی یەکەم، پرسیاری لە کارمەندە کەشخەکە کرد، کە ئەمیش لە پشتی کۆمپیتەرێکەوە دانیشتبوو: تەنها سەری ببڕین یان پارچەپارچەشی بکەین؟

پیاوەکە وتی: پارچەپارچەکراو بێت؟

کارمەندەکە وتی: مریشکی پارچەپارچەکراو لە نهۆمی دووەمە!

چووە نهۆمی دووەم و نزیکبوو لەوەی ئارامی نەمێنێت، بە کارمەندی سێیەمی وت کە لە پشت کۆمپیتەرەکەوە دانیشتبوو: دەمەوێت مریشکێکی زیندووم بۆ سەربڕیت و بۆم پارچەپارچە بکەیت!

کارمەندەکە بە هێمنییەوە وتی: لە ڕاستیدا مریشکی زیندوو و مریشکی پاککراومان نییە، بەڵام ئەی تخوا بۆچوونت چییە لەسەر ڕێکخراوی کارەکە و دابەشکردنی ڕۆڵەکان؟!

باوەڕم وابوو ئەمە سوعبەتە و ناگونجێت لە ژیانی ڕۆژانەماندا شتی هاوشێوەی ڕووبدات، هەتا هەفتەی پێشوو، ئەو دەمەی داوام لە هاوڕییانی (دار الكلمات) کرد سێ نوسخەی کتێبە نوێیەکەم بۆ بنێرن (تەنها بۆ پیاوان)... گرتنی کتێب بۆ نووسەرەکەی لە دوای دەرچوونی لە چاپخانە بەشێوەیەکی زۆر لەو دایکە دەچێت کە بۆیەکەمجارە ڕۆڵەکەی لە ئامێزدەگرێت، کە ماوەی نۆ مانگ چاوەڕێی کردووە! یەک کتێب بۆ خۆم هەڵدەگرم و ئەوەی تری پێشکەشی هاوڕێ و ناسیاوەکانم دەکەم.

بەهەرحاڵ و بەبێ درێژداڕی، کۆمپانیای گەیاندنەکە پەیوەندیان پێوەکردم و پێیان گوتم گومرگ دەستی گرتووە بەسەر ئەو شتەی بۆت نێرداوە!

بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری هۆکارەکەیم لێ کرد، چونکە ئەمە یەکەمجارە شتی ئاوا ڕووبدات.

وتیان: شتەکەت گومرگی لەسەرە!

پێم وتن:، بەڵام بەپێی یاسا کتێب گومرگی لەسەر نییە، گەرچی بۆ بازرگانیش بێت و کێشی بگاتە هەزار تەن، لە کاتێکدا کتێبەکانی خۆمە و ڕێژەکەشی بۆ بازرگانی نابێت!

وتیان: زۆرباشە، بەدوای بابەتەکەدا دەچین...

ڕۆژی دواتر پەیوەندیان پێوەکردم و پێیان گوتم: قسەکەت ڕاستە، کتێب گومرگی لەسەر نییە! لێ مادەم گومرگ وەستاندوویانە دەبێت گومرگەکەی بدات!

گومرگەکەی بدات واتە پارەیەک بدەیت کە لە نرخی کتێبەکان زۆرترە! دواتر ئەوان نرخیان بۆ گومرگی شتێک داناوە کە ئەسڵەن گومرگی لەسەر نییە! کۆمپانیای گەیاندنەکە پێیان گوتم گومرگت لەسەر نییە!

وتم: ئاخر پارەکەمدا!

وتیان: سەرانەت نەیاوە، تەنها گومرگانەی کاڵەکەت داوە!

وتم: گومرگی کاڵەیەک کە گومرگی لەسەر نییە!

وتیان: بەڵێ!

چاوەڕێم کرد هەتا لە ڕۆژی دووەمدا کتێبەکانم پێ گەیشت، بەڵام دووبارە پەیوەندییان پێوەکردم و پێیان ڕاگەیاندم هەندێ کاغەز هەیە دەبێت ئاسایشی گشتی واژووی بکات، کە ئەوە دەگەیەنێت گومرگەکەت داوە و ئەستۆت پاکە! هەتا ئێستاش نازانم پێویستە کێ ئەستۆپاکی بکات، من بیکەم کە بڕێک پارەم داوە بەهۆی ئیهمالی کارمەندێک کە لە بوارەکەی خۆیدا کاردەکات، یان بەشی گومرگ کە بڕێک پارەیان لێ سەندم کە حەقی خۆیان نییە!

بەهەرحاڵ، لەم نیشتمانی عەرەبییەدا پێشبینی ڕوودانی هەموو شتێک بکەن! وەک دەردەکەوێت بیرۆکەی بازاڕی مریشکەکە شتێکی نوێیە، دەشێ مریشک بوونی نەبێت، بەڵام کارەکان بە ڕێکخراوی بەڕێوە دەچێت!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٩

## سەوڵی کەسانی تر مەشکێنە!

ئەو دەمەی مەهاتیر موحەممەد وەزیری پەروەردەبوو لە مالیزیا، وەک میوان لە ئاهەنگی دەرچوونی قوتابخانەکانی (کۆپانگ باسو) لە مالیزیا بەشداری کرد... وەک هەمیشە مەهاتیر موحەممەد لە دەرەوەی شتەکان بیری دەکردەوە و ڕەتیدەکردەوە بەشێک بێت لە کۆڕایی!

بە مامۆستاکانی وت پێشبڕکێیەکتان بۆ ڕێکدەخەم، گەرچی ئیمڕۆ ڕۆژی دەرچوونی خوێندکارەکانە، دەستیکرد بە دابەشکردنی میزەڵان بەسەر مامۆستاکاندا و وتی: لەسەر هەر یەکێکتان پێویستە فوو بکاتە میزەڵانەکەیەوە، دواتر بیبەستێت بە قاچییەوە... مامۆستاکان فەرمانی وەزیری پەروەردەیان جێبەجێ کرد!

ئینجا مەهاتیر باسی پێشبڕکێکەی بۆ کردن:

پێشبڕکێکە بەمشێوەیە: ئەوەی پارێزگاری لە میزەڵانەکەی بکات و نەهێڵێت بتەقێت ئەوا خەڵاتەکە دەباتەوە، یەک خولەک کاتتان هەیە، دەستپێبکەن!

لەم کاتەدا مامۆستاکان ڕژان بەسەریەکدا، هێرشیان کردە سەر یەکتری، هەر یەکەو هەوڵیدەدا میزەڵانی هاوڕێکەی بتەقێنێت

و ئـەوەی خـۆی بپارێزێت، وەلـێ موفاجەئەکـە ئەوەبـوو هەمـوو میزەڵانـەکان تەقیـن و براوەیـەک بوونـی نەبـوو!

موفاجەئەی گەورەتر ئەوەبوو ئەو دەمەی مەهاتیر گوتـی: داوام نەکرد کەس میزەڵانی ئەوی تر بتەقێنێت، تەنها داوام کرد پارێزگاری لەوەی خۆتان بکەن!

ئەگـەر هەریەکێـک لـە ئێـوە بوەسـتایە بەبـێ بڕیاردانـی نەرێنـی لـە بەرانبـەر ئەوانـی تـردا هەمـووان خەڵاتەکەیـان دەبـردەوە، لـێ بیرکردنـەوەی نەرێنی زاڵبوو بەسـەر هەمووانـدا، هـەر یەکێـک لە ئێوە بیریکردەوە چۆن سـەربکەوێت لەسـەر حسـابی ئەوانـی تر، لـە کاتێکدا سـەرکەوتن بـۆ هەمـووان بەردەسـت بـوو!

هەندێ پەند هەیە تەنها بۆ یەک وانەی قوتابخانە دەبێت، هەندێ پەند هەیە تەنها بۆ یەک وەرزی خوێندن دەبێت، هەندێ پەند هەیە بۆ یەک سـاڵ دەبێت، بەڵام ئەو پەند و وانەیـەی مەهاتیر موحەممەد بۆ هەمـوو تەمـەن دەبێت!

یەکێک لە کێشە دێرینەکانی ئێمە لەم ژیانـەدا ئەوەیە، بەشـێوەیەک تەماشـای کەسـانی تر دەکەین، وەک ئـەوەی مەترسـین بۆ سـەرمان، وەک ئـەوەی لـە پێشـبڕکێیەکی گەرمدایـن بـە ناونیشـانی: خـۆم دەبیەمـەوە یـان هەمـووان شکسـت بهێنـن!

هـەر لـەم بارەیـەوە وتـراوە: شـکاندنی سـەوڵی ئەوانـی تـر، خێرایی بەلەمەکەت زیاد ناکات!

ئەوروپییـەکان ڕاسـتیان وتـووە! گـەر دەتـەوێ براوەبیت، پێویسـتە کار لەسـەر باشـترکردنی کارامەیی و تواناکانت بکەیت، لەبری ئـەوەی بیـر لـە خسـتنی کەسـانی تـر بکەیتـەوە!

لەکەدارکردنی ناوبانگی خەڵکی، تۆ بەناوبانگ ناکات!

کوژاندنـەوەی مۆمـی کەسـانی تـر، ڕۆشـنی مۆمەکـەی تـۆ زیـاد نـاکات!

کەوتنی کەسـانی تـر، ئـەوە ناگەیەنێت کـە تـۆ سـەرکەوتووی، تـۆ خـۆت بـەراورد دەکەیـت بـەوان، سـەرکەوتنە لاوازەکـەت لـە چاوتـدا گـەورە دەبێـت! لێـرەدا دەتەوێـت لەوانـی تـر باشـتربیت، بـەڵام نهێنـی یارییەکە لەوەدایە خـۆت بە خـۆت بـەراورد بکەیت! هەوڵبدەیت ئیمـڕۆ لـە دوێنـێ باشـتر بیـت، سبەی لـە ئیمـڕۆ باشـتر بیت!

وەک چـۆن خـواری خـوارەوە جێـی هەموومانـی تێدادەبێتـەوە، لوتکەش بەوشـێوەیەیە! کێ وتوویەتـی تەنها یـەک کـەس دەتوانێت لـە لوتکـەدا بوەسـتێت!

لە مەینەتییەکانی کاری بە کۆمەڵ لە عەقڵیەتی ئێمەدا ئەوەیە، بەپێی عەقڵیەتـی هەوێکان کاردەکەین! هـەر هەوێیـەو دەیەوێـت بیسـەلمێنێت ئـەو باشـترینە لـە ڕێگای کەمکردنـەوە لـە هەوێکـەی! پێویسـتە هاوکاری یەکتری بکەین، دەسـتی یارمەتـی بۆ کەوتووەکان درێژبکەین، ڕێنوێنی ویلـەکان بکەیـن، ئامـۆژگاری بکەیـن، دەسـتپێشـخەری بکەیـن، پشـتیوانی بکەیـن، پـرد بونیـاد بنێیـن بۆ بەیەکگەیشـتن، نەک دیـوار بۆ جوودابوون!

پێشـەوا شـافعی چەنـدێ باڵابـوو کـە فەرمـووی، وەک چـۆن لـە کتێبـی (الفقیـــە و المتفقـــە)ی خـەتیبـی بەغدادیـدا هاتـووە:

موناقەشـەم لەگـەڵ هیـچ کەسـێکدا نەکردووە ئیللا ئاواتەخوازبووم سـەرکەوتووبێت و بۆچوونـی ڕاسـت بڵێت، خـودا چاودێـری بـکات و بیپارێزێـت، گوێـم نـەداوە بـەوەی خـودا حەقـی بەدیارخسـتووە لەسـەر زمانـی ئـەو یـان زمانـی مـن!

الوطن

٢٠١٨/١٠/١١

## باشبوون لەگەڵ نیشتیمان!

دەگێڕنەوە گەورەی پشیلەکان پیردەبێت، بەهۆی قسەی زۆر بەبێ زانست و خواردن بەبێ کردەوە، گەلەکەی دەریدەکەن!

پشیلەکەش پەنا بۆ ئەو سەگانە دەبات کە دوژمنی پشیلەکان بوون، خراپە و شەڕی ئەوانیان دەویست.

گەورەی سەگەکان چواردەوری خۆی کۆکردەوە، پشیلە پیرەکەیان کردە پێشەوە، بۆ ئەوەی چاوساغیان بێت، وەرچەرخانەکە سەرکەوتبوو، پشیلەکان خراپترین شکستیان هێنا!

لەم دەمەدا پشیلە پیرەکە کلکی لەقاند، وەک هێمایەک بۆ سەرکەوتن، دەستیکردە سوپاس کردنیان لەوەی هێلانەکەیان بۆ گەڕاندۆتەوە.

گەورەی سەگەکان پێی وت: ئەی گەمژە، هێلانەیەک پشیلەکان دەریانکردبێت، ئەوا سەگەکانیش ناهێڵن تێیدا بحەوێیتەوە، گەر گەلەکەت خێرێکیان تێدا ببینیتایە، دەریان نەدەکردی، گەر وەفاداربوویتایە، خیانەتت لێنەدەکردن، گەر بەهێزبوویتایە، پەنات بۆ ئێمە نەدەهێنا، بڕۆ بۆ لای گەلەکەت، خۆ سەگەکان ڕێکخراوی خێرخوازییان دانەناوە!

پەندی ئەم چیرۆکە ئەوەیە هەندێ جار نیشتیمان یەکێک لە ڕۆڵەکانی ئازار دەدات، بەڵام باشبوون بۆ نیشتیمان واجبە، گەرچی ستەمکاریش بێت! بێگومان حکومەت گوزارشت لە نیشتیمان ناکات! وەک چۆن فەرمانمان پێکراوە لەگەڵ دایک و باوکماندا باشبین، جا بە بەرانبەرمان چاک بن یان نا، کارەکە یەک بە یەک نییە، گەر دایک و باوک باش منداڵیان پەروەردە نەکرد و مافی خۆیان بەجێ نەگەیاند، ئەمە نابێتە پاساوی ئەوەی منداڵەکە بۆ دایک و باوکی باش نەبێت، نیشتیمانیش بەهەمان شێوەیە! وەک چۆن هیچ شتێک پاساو نییە بۆ ئازاردانی دایک و باوک، هیچ شتێکیش پاساو نییە بۆ خیانەتکردن لە نیشتیمان، لە مێژوودا ڕوویەنەداوە ئەو کەسەی خیانەت لە نیشتیمانەکەی دەکات، لەلای ئەوانە ڕێزیان لێ گیرابێت کە خیانەتی بۆ کردوون و شمشێرێکیان داوە لە کەلەکەی نیشتیمان!

لە جەنگی دژی نەمسادا ناپلیۆن لە ڕێی ئەفسەرێکی نەمساوییەوە هەنگاو بە هەنگاوی جووڵەی سوپای نەمسای پێدەگەیشت، بەهۆی خیانەتی ئەو ئەفسەرەوە ناپلیۆن شکستێکی وێرانکەری بەسەر سوپای نەمسادا هێنا، ئەو دەمەی ئەفسەرەکە هات کرێی خیانەتەکەی وەربگرێت، ناپلیۆن لەبەری هەڵنەستا و بڕێک پارەی بۆ فڕێدا، ئەفسەرەکە پێی وتی: دەمەوێت شەرەفی ئەوەم پێ ببڕێت تەوقە لەگەڵ ئیمپراتۆردا بکەم!

ناپلیۆن پێی وت: ئاڵتوون بۆ هاوشێوەکانی جەنابتە، بەڵام دەستم تەوقە لەگەڵ کەسێکدا ناکات کە خیانەتی لە نیشتیمانەکەی بکات!

پێغەمبەری خودا(ﷺ) مەزنترین وانەمان فێردەکات لە باشبوون لەگەڵ نیشتیماندا! کەلەکەی بە درۆیان خستەوە، تۆمەتباریان کرد بەوەی جادووگەرە و شێتە، لە شیوی ئەبو تاڵیبدا گەمارۆیان دا،

ئازاری یاوەرەکانیان دا، بە هەموو ئەمەوە نەوەستان و پلانیان گێڕا بۆ کوشتنی! لێ ئەو ڕۆژەی کۆچی کرد، لەسەر بەرزاییەکانی مەککە وەستا و بەدڵێکی غەمگینەوە پێی وت: وەڵڵاهی خۆشەویسترین شاری لەلام، گەر گەلەکەت دەریان نەکردمایە هەرگیز لێت دەرنەدەچووم!

دواتر زەمانە نێوان ئەم و گەلەکەی دوورخستەوە، لە ململانێی بیروباوەڕدا، نەک ململانێی خۆڵ و سنوور و دەسکەوتی جەنگ، دواتر خودا ویستی لێ بوو ئەو پێغەمبەرەی لەگەڵ یاوەرەکەیدا بە تاریکی شەو کۆچی کرد بۆ مەدینە، بە ڕۆژی ڕووناک بە سوپاکەیەوە لە هەر چوار دەرگاکەیەوە بێنەوە نێو مەککە، قورەیش نەیتوانی بەرگری بکات و خۆیان ڕادەستی کرد، ئەو دەمەی گەردنیان کەوتە بەردەستی، وتە بەناوبانگەکەی فەرمووو: بڕۆن ئێوە ئازادن! ویستی شتێکمان فێربکات جگە لە لێخۆشبوون لە کاتی بەتواناییدا، ویستی فێرمان بکات لە نیشتمانەکەت مەدە، چەندێ ئازاریشی دای!

الوطن

٢٠١٨/١٠/١٤

## ئەدەبی
## کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکان!

یەشکوری شاعیر یەکێک بوو لە هاورێ نزیکەکانی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، دواتر ناکۆکییەکی توند کەوتە نێوانیان، یەشکوری چووە لای ئیبنو ئەشعەس کە شۆڕشی بەرپاکردبوو دژی خەلیفە و حەجاج، یەکێک بوو لەوانەی زۆر توندبوو بەرانبەریان، دۆخەکە هەروا بەردەوامبوو، هەتا یەشکوری کوژرا و سەریان هێنا بۆلای حەجاج، کە تەماشای کرد بە کەسانی چواردەوری وت: ئەم سەرە چەندێ نهێنی تێدابوو، لێی دەرنەچوو هەتا بە پەرێنراوی بۆم هێنرا!

لەگەڵ بە ئازاری چیرۆکەکە، دەگەڵ پیسی سیاسەت و فیتنە و ململانێی کورسی و کەم سەیرکردنی خوێندا، لێ چیرۆکەکە هێندە وەفای تێدایە کە ناتوانیت بازبدەیت بەسەریدا، ئەوا هاوڕێیەتی نێوان دوو پیاوەکە کۆتایی هاتووە و هەریەکەیان لە دۆڵێکن، نهێنییەکانی حەجاج لەسەری یەشکوریدا هەر بە نهێنی مانەوە، حەجاجیش هەرچەندە لەگەڵ یەشکوریدا ناکۆکی سیاسی هەبوو، دانی نا بە ڕەوشتبەرزی یەشکوریدا!

لە سەرەتای پەیوەندییەکاندا هەستەکان دەردەکەون، لە کۆتاییەکانیشدا ڕەوشت دەردەکەوێت!

دەڵێن: یەکێک لە کەسە مەردەکان هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکدا کرد و ناکۆکبوون، لێیان پرسی هۆکارەکەی چییە؟

وتی: لەسەر ناموسم قسە ناکەم!

زۆری پێنەچوو هەتا تەڵاقیدا، لێیان پرسی هۆکارەکەی چییە؟

وتی: قسە لەسەر ئافرەتێک ناکەم کە لە ژێر ڕکێفمدا نەماوە!

قسە قسە دەهێنێ، لەم ڕۆژانەدا وێنەی دوو پەیامم بۆ هات کە هی ژن و پیاوێک بوو لە یەکتری جیابووبوونەوە، لە مەردایەتی و لەو ڕەوشتبەرزییەی تێیدابوو، ئاواتم خواست لەسەر کتێبەکانی ئەحوال شەخسی چاپ بکرێت، نوسخەیەکی بەسەر هەموو ئەو هاوسەرانەدا دابەش بکرێت کە هاتوونە دادگا و دەیانەوێت لەیەکتری جیاببنەوە!

پیاوەکە بۆ ژنەکەی نووسیبوو:

خودا ئێوارەت باش بکات دایکی فڵان! سوپاس بۆ خودا جیابوونەوەکەمان لە دادگا تۆمارکرا، پەیوەندیت لەگەڵ دەگرن بۆ وەرگرتنی کاغەزی جیابوونەوە، خوازیارم لە ژیانتدا سەرکەوتووبیت، ئەوەی لە منت دیوە بیپۆشە!

ژنەکەش وەڵامی دابوویەوە و وتبووی:

لەتۆوە تەنها چاکە و تێگەیشتن و قوربانیدانم بینیوە! داوای لێبووردن دەکەم کە شایستەی تۆ نەبووم!

لەدوای خوێندنەوەی ئەم وتانە، یەکەمین شت کە لە خۆمم پرسی ئەوەبوو: ئەم دوو مەردە چۆن جیابوونەتەوە؟!

ئەلبەتە ماڵەکان پڕن لە نهێنی، کە تەنها خودا پاشان خاوەنەکەی دەیانزانێت، جیابوونەوەی دوو هاوسەر بەواتای ئەوە نایەت یەکێکیان خراپە، لەوەیە چەندێ باشیش بن هەر ڕێنەکەون، ئەوەی دەمەوێت لە بابەتەکەوە وەریبگرم، بۆچی دەبێت لەدوای جیابوونەوە خەم و ئازارەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ببینین، بۆچی دەبێت دوو خێزان لێک جیاببنەوە بەهۆی جیابوونەوەی ژن و پیاوێک، بۆچی دەبێت منداڵ قوربانی دەستی دوو کەسی ژیربن کە ڕێکنەکەوتوون؟!

ڕوودەدات دوو هاوڕێ لێک دابڕێن، دوو هاوەڵ ناکۆک بن، دوو هاوبەش لێک زویربن، دوو خێزان نەگونجێن، دوو دەوڵەت لێک جودابن، هەمیشە ئەم شتانە ڕوودەدەن، ئەمە ژیانە و ئەوەش بەشێکە لە ژیان، لێ ڕوودانی ئەم شتانە شتێکە و زیادەڕەویکردن لە دژایەتی کردندا شتێکی ترە!

بە نیسبەت خۆمەوە بڕیار لەسەر ڕەوشتی کەسەکان نادەم کە لە کاتی ئاساییدان، چونکە دەزانم ڕەوشتی حەقیقیمان لە کاتی ناکۆکی و جیابوونەوەدا دەردەکەوێت، بڕیار لەسەر ڕەوشتم مەدە ئەو دەمەی دیارییەک دەبەم بۆ هاوسەرەکەم و هەموو شتێک باشە، ئەودەمە بڕیار لەسەر ڕەوشتم بدە کە ناکۆکین، مامەڵەکانی ئەو دەمە حەقیقەتی منە! بەهەمان شێوە پێت نالێم لەگەڵ دایک و باوکتدا باشیت، لەودەمەی لەشساغ و زەنگینن و پارەت لێیان دەوێت، باشییەکەت ئەو دەمە دەردەکەوێت کە هەژار و نەخۆشن و پێویستییان پێتە و تۆیش بێ پێویستی لێیان، بەڕێزان مەردایەتی مەردبوونی کاتی ناکۆکییە نەک کاتی ئاسایی و ڕێکەوتن!

الوطن

٢٠١٨/١٠/١٦

## کەم ئەدەبی بە ئەدەبەوە!

دوێنێ هەواڵێکی خۆشم خوێندەوە دەیوت:

بەرەبەیانێک دزێک دەچێتە سەر مارکێتێک و بە ئەدەب و ڕێزەوە بە کارمەندی سەر دەخیلەکە دەڵێت: هاتووم بتترسێنم و دزی لەم مارکێتە بکەم، ئایا یارمەتیم دەدەی ئەمکارە ئەنجام بدەم؟

کارمەندەکە ڕەتیدەکاتەوە یارمەتی دزەکە بدات...

دزەکەش لە مارکێتەکە دێتە دەرەوە و دەچێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆی ڕادەست دەکات!

هەر بەم بۆنەیەوە: ئەم چیرۆکە ڕاستە و پێش دوو هەفتە لە پارێزگای فوکوکا لە باشووری یابان ڕوویداوە!

هەر یەکسەری لە نەفسی خۆمدا وتم: چی دەبوو گەر هەموو بێ ئەدەبەکانی ئەم جیهانە وەک ئەو پیاوە بە ئەدەبە بوونایە؟! ژیانی سەر ئەم هەسارەیە چەندێ جوان دەبوو، بۆ ئەوەی بیرۆکەکە باشتر بگات لەگەڵمدا خەیاڵی ئەمانە بکەن:

نەخۆشێکی داماوی هەژار کە لەناو ئازاردا دەتلێتەوە دەچێت بۆ یەکێک لە چارەخانەکان، پێی دەڵێن: ئەڵبەتە لەدوای ئیزنی جەنابتان، دەتوانیت جێمان بهێڵیت و لەسەر کاشییەکە بگەوزێی، چونکە پارەی چارەسەر و بیمەی تەندروستیت نییە؟!

پێیان دەڵێت: نەخێر، ڕێگەتان نادەم، منیش مرۆڤم، مافی خۆمە لە چارەخانە بمێنمەوە و چارەسەر وەربگرم ئەمە پەیوەندی بەو پارەیەوە نییە کە هەمە یان نیمە!

دەڵێن: زۆرچاکە داوای لێبووردن دەکەین، چارەسەرت دەکەین، سەرەتا هەواڵ دەدەین بە وەزارەتی تەندروستی سەبارەت بە بێ ئەدەبیمان لەگەڵ تۆدا!

دەوڵەتێکی گەورە بڕیار دەدات هێرش بکاتەسەر دەوڵەتێکی لاواز، پەیامێکی بە ئەدەبانەی بۆ دەنێرێت و تێیدا دەڵێت: ئازیزی من، دەوڵەتە لاوازە تێوەژەنراوەکە، ڕێگەم پێ دەدەیت هێرش بکەمەسەرت بۆ ئەوەی لاوازترت بکەم، چونکە سامانی سروشتیت زۆرە و چێژ وەربگرم لە هەڵکەوتە جوگرافییە ستراتیژییە ناوازەکەت؟!

دەوڵەتە لاوازەکەش دەڵێت: نەخێر ڕێگەت نادەم، شوورەیی بۆ تۆ هێزی خۆت لەسەر من تاقی بکەیتەوە، پێویستە یارمەتیم بدەی بۆ ئەوەی سوود لە خێروبێری خۆم و پێگەی جوگرافیم وەربگرم، نەک لێم داگیربکەیت!

دەوڵەتە زلهێزەکەش پێی دەڵێت: زۆرچاکە داوای لێبووردن دەکەم، ساتی بێ ئاگایی و ئامادەنەبوونی ویژدان بوو، خوشکە گەورەی تۆم، هەڵەکەم دەگەیەنم بە ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ ئەوەی سزایەکی وەها بسەپێنێ بەسەرمدا جارێکی تر بیر لەوە نەکەمەوە دەستدرێژی بکەمە سەر دەوڵەتێکی داماو!

بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستی و پێش ئەوەی لەماڵەکەت دەربچیت و بڕۆی بۆ کارەکەت، ژنەکەت پێت دەڵێت: دڵەکەم بەیانیت باش، ڕێگەم پێ دەدەی جەوت بگرم و ڕۆژەکەت لێ تێک بدەم، پێش ئەوەی لە ماڵ دەربچیت!

تۆیش پێی دەڵێیت: نەخێر دڵەکەم، کۆبوونەوەم هەیە و دەبێت تەرکیزی تەواوم هەبێت، بۆ ئیمڕۆ داوای لێبووردن دەکەم، سبەی لە خزمەتتدا دەبم!

پێت دەڵێت: ببوورە گیانەکەم، ئەوا قەناعەتم کرد، ئیمڕۆ جەوت لێ تێک نەدەم، داواکارییەکەم دووبارە ناکەمەوە، دەچم بۆ لای دایکت و داوای لێبووردنی لێدەکەم لەسەر ئەوەی ویستوومە جەوی پارچەیەک لە دڵی بگرم!

لەسەر ئەمە هەموو ئەو بوارانەی تر ئەندازەبکە!

لە کۆتاییدا دەگەن بەوەی من پێی گەیشتووم: چەندێ جوانە کەم ئەدەبی بە ئەدەبەوە بێت!

الوطن

٢٠١٨/١٠/١٨

## بەم هۆیەوە لەناونەچوون!

دوێنێ چیرۆکێکم خوێندەوە زۆر پێی سەرسامبووم، چیرۆکەکە دەڵێت:

یەکێک لە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژی هەستا بە ئەنجامدانی پێشبڕکێیەک لە نێوان منداڵانی یەکێک لەو هۆزە سەرەتاییانەی کە هێشتا (شارستانیەت)ی پێ نەگەیشتبوو! سەبەتەیەک میوەی بەچێژ و شوکولاتەی نایابی لەلای قەدی دارێک دانا و دواتر پێی وتن: ئێستا رابکەن، ئەوەی یەکەم کەس بگات بە سەبەتەکە، هەموو شتەکانی ناوی بۆ ئەو کەسەیە!

چەندێ سەرسامبوو کە بینی منداڵەکان دەستی یەکیان گرت و بەهێمنی و پێکەوە ڕۆیشتن، هەتا بەیەکەوە گەیشتن بە سەبەتەکە و شتەکانی ناویان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد!

ئەو دەمەی لێی پرسین: چی شتێک وای لێکردن ئەمە ئەنجام بدەن لە کاتێکدا هەر یەکێکیتان دەیتوانی هەموو شتەکان بەدەستبهێنێت؟ بە یەک دەنگ گوتیان: ubuntu ئۆبۆنتۆ، ئۆبۆنتۆ بە زمانەکەی خۆیان واتە نەخێر بۆ خۆپەرستی!

ئەو کاتەی ویستی بەتەواوی تێبگات مەبەستیان چییە، پێیان وت: چۆن یەکێک لە ئێمە دەتوانێت دڵخۆش بێت لە کاتێکدا ئەوانی تر خەمباربن، من هەم، چونکە ئێمە هەین!

لە سەرەتای وتارەکەدا بە ئەنقەست وشەی (شارستانیەت)م کردە نێوان دوو کەوانەوە، چونکە بە هەڵە بەکارهێنراوە، ئەسڵ ئەوەیە مەدەنی بەکاربهێنرێت نەک شارستانیەت!

مەدەنیەت داهێنانە مادد‌ییەکان دەگرێتەوە، لە هۆکارەکانی گەیاندن و رێگاکان و دەرمان و باڵەخانە هەوربڕەکان و هتد...

بەڵام شارستانیەت بەها و بیروباوەڕ دەگرێتەوە!

هەربۆیە ئیمڕۆ زۆرینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سامناک مەدەنییە، لێ بەشێوەیەکی خراپ شارستانییە!

ئەمە چ شارستانییەکە کە دەوڵەتە گەورەکان پێی هەڵدەستن بە گەورەکردنی ململانێکان و هەڵگیرساندنی جەنگ و درێژکردنەوەی جەنگەکە بە رێگریکردن لە ئاگربەست و ئاشتەوایی نێوانیان، هەموو ئەمانە تەنها لە پێناوی فرۆشتنی چەکە بە لایەنەکانی جەنگەکە!

ئەمە چ شارستانییەکە کە لە کۆشکی ئیلیزی بە چەتاڵ و چەقۆ خواردن دەخوات دواتر خێروبێری وڵاتەکانی ئەفەریقا دەدزێت و ئێستاش وەک سەردەمانی ئیستیعمار لێ دەخورێت!

ئەمە چ شارستانییەکە ئامادەبووانی ماڵی ئۆپرا لە ئەمریکا دەگرین بۆ دیمەنی پشیلەیەک کە ئۆتۆمبێل دەیکاتە ژێرەوە، فرمێسکێک لە چاویان نایەت بۆ ئەو هەزارەها بێ تاوانەی کە مارینز رایان دەماڵێت لەسەر رووی ئەم زەوییەدا!

ئەمە چ شارستانییەکە کە (ئیسرائیل) پلەی شەشەمی جیهانی گرتووە لە پاکیدا، لە دەمێکدا دراکۆلایە و لەسەر خوێنی منداڵەکانی فەلەستین دەژی!

ئەم جیهانە مەدەنییە، بەڵێ! هیچ کەس نکووڵی ئەمە ناکات، بەڵام بڵێی شارستانییە ئەمە جێی قسەکردنە! کە یەکێک کوتا جۆری ئایفۆنی هەیە ئەمە نایکاتە کەسێکی بەڕێز! ئەوەی دەیکاتە کەسێکی بەڕێز ئەوەیە کە لە دڵ و ئاوەزیدایە نەک ئەوەی لەدەستیدایە! لەسەر ئەمە بازنەکە فراوان بکە و دۆخی دەوڵەتەکانیشی لەسەر ئەندازەبکە!

منداڵەکانی هۆزە سەرەتاییەکانی نێو چیرۆکەکە، شارستانیەت و مرۆڤایەتییان زۆر مەزنترە لە سێ لەسەر چواری ئەم جیهانە مەدەنییە!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٢١

## سکاڵا دادوەرییەکان!

فرێد ئالن دەڵێت: بەجۆرێک فێری یاسابووم، ئەو ڕۆژەی زانکۆم تەواوکرد لە دادگا سکاڵام لە دژی زانکۆکەم تۆمارکرد و کەیسەکەم بردەوە و هەموو ئەو خەرجییانەم وەرگرتەوە کە لە زانکۆدا سەرفم کردبوو!

دەبێت زانکۆکە دڵخۆشبێت کە خوێندکاری ئاوای هەبووە، ئەمە واتای ئەوەیە ئەمسەر و ئەوسەری یاسای فێرکردووە، ڕاستە کەیسەکە جووڵەیەکی بێ ئابڕوویی تێدایە، بەچاوپۆشی لە ئامانجەکەی پشتی، بەڵام ئەمە ئەوە هەڵناوەشێنێتەوە کە زانکۆکە خوێندکارێکی پێگەیاندووە کە تێگەیشتووە و لێهاتووە لە بوارەکەی خۆیدا! قسە قسە دەهێنێت، قسەیەکی خۆش هەیە لەبارەی زانکۆ عەرەبییەکانەوە: کۆمەڵێک مامۆستای زانکۆ سەر فڕۆکە کەوتن و چوونە شوێنی خۆیان و چاوەڕێی فڕینی فڕۆکەکەبوون، فڕۆکەوانەکە پێی وتن: مامۆستا بەڕێزەکان، ئەمە دروستکراوی دەستی خوێندکارەکانتانە!

لە ترسا گشت مامۆستاکان هەستان و بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕان، بەڵام سەرۆکی زانکۆکە پێی وتن: کوڕە دانیشن، دانیشن، قوڵم دەبڕمەوە گەر بتوانێ یەک مەتر بەرزببێتەوە!

سکاڵاکەی فرێد ئالن دەتوانین بیکەینە ژێر وتەی شاعیرەکەمان:

**خۆم فێرم کردی کە تیرئەنگێو بی**

**کەچی یەکەمجار خۆمت بە تیر دا**

بەڵام قەزیەی دووەم کە بەنیازم قسەی لەبارەوە بکەم نازانم بیکەمە ژێر چ بابەتێکەوە!

نووسەری ئەمریکی (Vonnegut Kurt) زۆر جگەرەی دەکێشا، بەشی یەک کۆمەڵە کەس جگەرەی دەکێشا، دواتر سکاڵای لە دژی کۆمپانیای جگەرەکە تۆمارکرد، چونکە جگەرە نەیکوشتووە وەک چۆن لەسەر پاکەتەکەی نووسراوە!

وەک دەردەکەوێت بێ ئیشی و دەستبەتاڵی فکرەی زۆر سەیر بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات!

لەو ڕووداوانەی دەچێتە ژێر بابەتی بێ ئیشیەوە خودا بمان پارێزێت لێی، (ترێنس دیسکۆن) کە دزێکی لێهاتووە، جارێک لە جاران لە دزیکردن لە ماڵێک تەواو دەبێت و دەرگاکە دادەخات و دەچێتە گەراجی ماڵەکەوە، بۆ ئەوەی لەوێوە ڕابکات، بەڵام شۆکدەبێت کە دەبینێت دەرگا کارەباییەکەی گەراجەکە کار ناکات، هەربۆیە نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکە نەشیتوانی دەربچێت، ماوەی یەک هەفتە لە گەراجەکەدا مایەوە و ماوەی یەک هەفتە ساردی و خواردنی پشیلەی ماڵەکەی دەخوارد، کە خاوەن ماڵەکە هاتەوە، ڕایکرد و ڕزگاری بوو، بەڵام لەبری ئەوەی خۆی بشارێتەوە، سکاڵایەکی تۆمارکرد لە دژی کۆمپانیای دروستکردنی دەرگای کارەبایی و داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەوی لێکردن، هەتا ئێرە شێتییەکە ژیرییە، بەڵام کە دادگا لەسوودی ئەو بڕیاردەدات و فەرمان بە کۆمپانیاکە دەکات قەرەبووی بکەنەوە، ئەمەیە پێی دەوترێت شێتیش هونەرە، وەسەلام!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٢٣

## پارە دەرمانە!

وینستنۆن چەرچڵ لە یاداشەکانیدا دەڵێت:

ڕۆژێـک سـەر ئۆتۆمبێلی کرێ کەوتـم و ڕووومکردە نووسـینگەی (بـی بـی سـی) بـۆ چاوپێکەوتنێـک، ئـەو دەمـەی گەیشـتم، داوام لـە شـۆفێری تەکسـییەکە کـرد چـل خولـەک چاوەڕێـم بـکات هەتاوەکـو دێمـەوە. لـێ داوای لێبووردنـی لێکـردم و وتـی: بمبـوورە، ناتوانـم چاوەڕێـت بـکەم، دەچمـەوە بـۆ ماڵـەوە بیسـەری چەرچـڵ دەبـم لـە ڕادیۆ!

زۆر دڵخۆشبووم ئەم پیاوە ئاوا تامـەزرۆی بیستنـی وتەکانمـە، دە جونیەم دەرهێنا و پێیمدا، بەخۆشـییەکی زۆرەوە وتـی: بـا چەرچڵ و بی بی سی بـچن بـۆ دۆزەخ، هەتـا دێیتـەوە چاوەڕێت دەکـەم گەورەم!

ئەمـە لـە یاداشـتانەکانی ئەورووپییەکاندا... لـە یاداشـتەکانی خۆماندا خەڵکـی ئـەوە دەگێڕنـەوە کـە پیاوێـک سـەگێکی هەبـوو زۆر لـە دڵیدا خۆشەویست بوو، دوای تەمەنێکی زۆر سـەگەکە تۆپی و پیاوەکە لە گۆڕستانی موسڵمانانـدا ناشـتی، خەڵکـی لـەلای قـازی شـکاتیان لێـی کـرد، قـازی فەرمانـی کـرد بەخێرایـی بیهێنن، کـە هاتـە بەردەمـی، پێـی وت: ئـەرە خـۆ تـۆ شـێت نیت وا سـەگەکەت لـە گۆڕسـتانی موسـڵمانانـدا ناشـتووە؟

پیاوەکە وتی: جەنابی قازی ئەوە وەسیەتی سەگەکەبوو!

قازی وتی: بەڵا لێتدا، دوو تاوانی گەورەت جەم کردووە، سەگێکی گڵاوت لە گۆڕستانی موسڵمانانددا ناشتووە، گاڵتەش بە قازی دەکەیت، گەمژە سەگ هەیە وەسیەت بکات!

پیاوەکە وتی: بەڵێ قوربان، ئەم سەگەی من تێگەیشتووە، تەنانەت وەسیەتی کرد هەزار دنیار پێشکەشی جەنابتان بکەم بەهۆی ئەوەی کە بیستبووی لە دادوەریدا زۆر چاکن!

لەم دەمەدا قازی وتی: ڕەحمەتی خودا لە سەگی تێگەیشتوو!

لەو کاتەی خەڵکی سەریان سوڕما لە بڕیاری قازی، پێی وتن: پێتان سەیر نەبێت، قاڵبوومەوە لە ژیان و ڕەچەڵەکی سەگەکە، بۆم دەرکەوت لە ڕەچەڵەکی سەگەکەی یارانی ئەشکەوتە!

باوەڕم وایە هەموو ئەوەی ویستم بیڵێم لە ڕێی ئەو دوو چیرۆکەوە وتم، بەڵام قسەی زیادەش کێشەی نییە، وەک نەنکەکانمان دەڵێن قسە گومرگی لەسەر نییە، بەهەرحاڵ بەڕاستیان مەزانن، (ئایا خەڵکی کە لەسەر ڕوو ڕادەکێشرێن بەرەو دۆزەخ تەنها بەهۆی بەروبوومی زمانیانەوە نییە)! پەروەرێنەکەم! پەنات پێدەگرم لە قسەیەک بەرەو ئاگرم ببات!

لە ڕاستیدا ئەوەی لە خەڵکی ڕابمێنێت، بە دیاریکراوی عەوامەکانیان، هەزارەها نوسخەی کاربۆنی شۆفێری تەکسییەکە دەدۆزێتەوە کە چەرچلی گەیاندە وێستگەی ڕادیۆکە، خەڵکی خاوەنی بنەما و گوتاری جوان و ڕاوەستاو دەبن هەتا ئەو دەمەی پارە دەردەکەوێت، کە پارە دەرکەوت لار دەبنەوە!

ئیبنو فارس ڕاستی فەرموو: (ما سمي المال مالا إلا لأنه يميل بقلوب الناس!).

واتە: پارە بۆیە ناونراوە (پارە)، چونکە دڵی خەڵکی پارە پارە دەکاتەوە بەرەو لای خۆی!

لەگەڵ ئەوی مەیلی عەوام جۆرێکە و دەرئەنجامەکانی دیاریکراوە، لێ بەلای گەورە ئەوەیە ئەو دەمەی نوخبەکان دەکڕدرێن، لە ئەدیب، شەرعناس، ڕاگەیاندنکار و پەرلەمانتار، لە کەسانێکەوە کە پێویستە ئاگایان لە کۆمەڵگابێت و کەموکورتییەکانی چاک بکەن، دەگۆڕێن بۆ کەلاکێکی ماستاوچی بە حەمدی والی گەورەمان تەسبیحات دەکەن!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٢٥

## نەرمونیانی!

ئەو دەمەی ڕەشید بەدەوری کەعبدا تەوافی دەکرد، کاورایەک ڕایگرت و پێی وت: ئەی پێشەوای باوەڕداران، دەمەوێت قسەیەکت لەگەڵ بکەم، قسەکە توندی تێدایە، لێم مەگرە و تووڕە مەبە!

ڕەشید پێی وت: نەخێر، خودا لەتۆ باشتری نارد بۆلای کەسێک کە لە من خراپترە، فەرمانی پێکرد بە نەرمونیانییەوە لەگەڵیدا بدوێ!

﴿ٱذۡهَبَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ إِنَّهُۥ طَغَىٰ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ﴾.

واتە: هەردووکتان بڕۆن بۆ لای فیرعەون، چونکە بەڕاستی لە سنوور دەرچووە و یاخی بووە. جا قسەی لە گەڵ بکەن بە نەرمونیانی بەڵکوو بیربکاتەوە یان بترسێ لە سزای خوا.

ئیبن جەوزی لەسەر ئەم ئایەتە دەڵێت: ﴿قَوۡلٗا لَّيِّنٗا﴾! ئەمە ڕەحمەتەکەیەتی لەگەڵ ئەوەی کە دەیوت (من خودای گەورەی ئێوەم)! دەبێت ڕەحمەتی چۆن بێت بەرانبەر ئەوەی دەڵێت: (پاکوبێگەردی بۆ خودای هەرە مەزن)!

بەهەرحاڵ سوێند دەخۆم و سوێندەکەشم ناکەوێت، هیچ کەسێک نییە لە ئێوە ئیللا بەلایەنی کەمەوە کارێکی کردووە کە هیچ حەزێکی پێی نەبووە، تەنها ئەوە نەبێت ئەو کەسەی داوای لێکردووە کارەکە

بکات بە جوانی و بە دڵێکی نەرم و شێوازێکی شیرینەوە داوای لێکردووە! هیچ کەسێک نییە لە ئێوە ئیللا بەلایەنی کەمەوە حەزی لە کارێکی بووە و ئەنجامی نەداوە، چونکە ئەوەی داوای لێکردووە بە بێ ئەدەبی و دڵڕەقی و شێوازێکی ناشرین داوای کردووە! لە دێر زەمانەوە زمانەوانەکان شێوازیان وەک بەشێک لە واتا هەژمارکردووە! لە پێش زمان و زمانەوانەکانەوە سوننەتی خودایە لە خەڵکدا، هیچ کەسێک بەرگەی مرۆڤی ڕەق و بەدخوو ناگرێت، گەرچی لەسەر حەقیش بێت، هەرچەندە ئێمە پۆزش دەهێنینەوە بۆ کەسی هەڵەکار هەردەمێک پاساوێکی شیرین و پەشیمانیمان لێ بینی، هیچ حەقێک وەک ئەم ئایینە ئاشکرا نییە، هیچ ڕۆژێک پیاوێک بە بانگەوازێک نەهاتووە ڕاستتر بێت لەوەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) پێی هاتووە، لەگەڵ ئەمەشدا خودا پێی دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّواْ مِنْ حَوْلِكَ﴾ واتە: ئەگەر تۆ بەدخوو و قسە ڕەق و دڵ ڕەق بوویتایە، ئەوە هەموو بڵاوەیان دەکرد لە دەورت!

یەکێک لەو وتە جوانانەی لەسەر ئەم ئایەتە وتراوە: گەرچی گوتارەکەت قەناعەت پێکەربوو، بەڵگەکەت ڕوونبوو، حەقیشت لابوو، سەرەتا با ڕەوشتت جوان بێت!

خەڵکی حەزیان بە ئامۆژگارییە و ڕقیان لە ڕەخنەیە، بەڵام گەرچی ڕقیان لە ڕەخنەیە وەریدەگرن، گەر لەسەر سینییەک لە نەرمونیانی پێشکەشیان بکرێت! لەگەڵ ئەوەی حەزیان بە ئامۆژگارییە، قبووڵی ناکەن گەر بە توندی پێشکەشیان بکرێت! یەکێک لەو وتە جوانانەی کە بیریاری هیندی ڕابیندرانات تاگور وتوویەتی: قسە نەرمی کۆتی دڵەکانە! باشتر لەوە فەرموودەکەی پێغەمبەرمانە(ﷺ):

(نەرمونیانی لە هەر شتێکدا بێت، جوانی دەکات، لە هەر شتێکیشدا نەمێنێت، ناشرینی دەکات)!

## لێرەدا بلیمەتێکی شاراوە هەیە!

چۆن بەرزی باڵەخانەیەکی بەرز دیاری دەکەیت بە بەکارهێنانی بارۆمیتەر (ئامێرێکە بەکاردێت بۆ پێوانی پەستانی هەوا)؟!

ئەمە یەکەمین پرسیاربوو لە تاقیکردنەوەی فیزیا لە زانکۆی کۆپنهاگن لە دانیمارک، ئەڵبەتە وەڵامی ڕاست و باو بۆ ئەم پرسیارە ئەم وەڵامەیە: بە پێوانی جیاوازی پەستان لەسەر باڵەخانەکە و پەستان لەسەر ڕووی زەوی!

بەڵام وەڵامی یەکێک لە خوێندکارەکان مامۆستاکەی تووەڕکرد و بڕیاریدا بیخات، بەبێ ئەوەی تەماشای وەڵامەکانی تری بکات، وەڵامی خوێندکارەکە بەم شێوەیەبوو: بارۆمیتەرەکە دەبەستم بە حەبلێکی درێژەوە، دواتر لە سەربانی باڵەخانەکەوە شۆڕی دەکەمەوە هەتا دەگاتە سەر زەوی، دواتر درێژی حەبلەکە دەپێوم!

بەبۆچوونی مامۆستاکە ئەم وەڵامە وەڵامێکی گەمژانەبوو، پەیوەندی بە فیزیاوەنەبوو!

هەربۆیە خوێندکارەکە سکاڵای خۆی بردە لای سەرۆکایەتی زانکۆکە و دڵنیابوو لەوەی وەڵامەکەی ڕاستە، زانکۆش کەسێکی شارەزای دانا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە!

کەسە شارەزاکە پێی وابوو وەڵامەکە ڕاستە، لێ لەڕاستیدا بەڵگەیە بۆ نەزانینی فیزیا، بەڵام بڕیاریدا دەرفەتێکی تر بداتە خوێندکارەکە و هەمان پرسیاری بە زارەکی لێبکات، خوێندکارەکە وتی: زۆرباشە، چەندین وەڵامی هەیە نەک یەک وەڵام!

**یەکەم:** دەتوانین لەسەربانی باڵەخانەکەوە بارۆمیتەرەکە بخەینە خوارەوە و کاتەکە ڕابگرین هەتا دەگاتە سەر زەوی، بەپێی یاسای کێشکردنی زەوی دەتوانین بەرزییەکەی بپێوین!

**دووەم:** گەر ڕۆژێکی ساماڵ بێت دەتوانین بەپێوانی درێژی سێبەری بارۆمیتەرەکە و باڵەخانەکە و پاشان بە یاسای گونجاندنی نێوان درێژییە ڕاستەقینەکان و سێبەرەکان بەرزی باڵەخانەکە بزانین!

**سێیەم:**، بەڵام ئەگەر وەڵامێکمان ویست ئاوەزمان ئاسوودەبکات و ماندووی نەکات، بارۆمیتەرەکە دەدەینە دەست پاسەوانی باڵەخانەکە و پێی دەڵێین: ئەم بارۆمیتەرەت دەدەینێ، بەرزی باڵەخانەکەمان پێ بڵێ!

**چوارەم:** گەر ویستمان لە خۆمانی ئاڵۆز بکەین، ئەوا بەپێوانی جیاوازی پەستانی سەر باڵەخانەکە و سەر ڕووی زەوی دەتوانین بەرزی باڵەخانەکە بزانین!

ئەم خوێندکارە سەرسوڕهێنەرە (نیلز بۆر)ە تەنها لە وانەی فیزیادا سەرکەوتوونەبوو، بەڵکوو تاکە دانیمارکییە کە خەڵاتی نۆبڵی بۆ فیزیا بەدەستهێناوە!

کاری هەرەگرنگی مامۆستاکان ئەوەیە بەدوای خوێندکارە سەرکەوتووەکاندا بگەڕێن و هەوڵبدەن پەڕی زیاتری تێدا بچێنن، بۆ ئەوەی بەرزتر بفڕێت، نەک کاربکەن لەسەر ئەوەی باڵەکانی بکەن، چونکە کەسەکە وەک ئەوان بیرناکاتەوە و ناتوانرێ بوترێت دەبێت بە چی!

ئێمە تەنها ئەوەمان دەست دەکەوێت کە بەدوایدا دەگەڕێین، گەر لە نێوان خوێندکارەکانماندا بەدوای ئەبو بەکر، عومەر، عوسمان، عەلی، موسعەب، خالید، فاتیمە، خەدیجە، ئەسما و عائیشەدا بگەڕێین، ئەو دەمەی پێیان دەگەین بەخێرایی دەیانناسینەوە، گەر بەدوای تاکێکدا بگەڕێت لەناو مێگەلدا، بەم ڕوانگەیە قوتابخانە دروستکاری بەهرە و دەرخەری بەهرەکان نابێت، بەڵکوو دەبێتە شوێنێکی گەورەی ماڵیکردن و هیچی تر، ئەم بچووکانەی ئیمڕۆ دەبنە تۆو بۆ سبەی، ئێمە ئەوەی لەسەرمانبوو ئەنجاممانداا، گەشەمان کرد و گەورەبووین، کەم دەدورینەوە و هیچیش نەگۆڕاوە، گەر گرەو نەکەین لەسەر ئەو تووانەی کێڵگەی ژیان لەبەردەمیاندایە، ئەی لەسەر چ شتێک گرەو دەکەین بۆ بەدەستهێنانی سبەینێیەکی باشتر!

الوطن

٢٠١٨/١٠/٣٠

## بەڕێوەبەری مەسینەکان!

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەسەرجەم شارەکان گەرماوی گشتی هەبوو، بۆ هەموو گەرماوێک پیاوێک دادەنرا و کاری ئەوەبوو ئاگای لە پاکوخاوێنی گەرماوەکە بێت و مەسینەکان پڕ بکات لە ئاو، بۆ ئەو کەسانەی دەست بە ئاو دەگەیەنن... دەگێڕنەوە لە یەکێک لەو گەرماوانەدا پیاوێک خۆی دەکات بەژووردا و نزیکە بیقەومێنێ، بەخێرایی مەسینەیەک هەڵدەگرێت و خۆی دەکات بە یەکێک لە تەوالێتەکاندا، بەڵام ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی گەرماوەکەی دەکرد، دەست دەکاتە هاتوهاوار و بە دەنگێکی بەرز پێی دەڵێت: مەسینەکەی دەستتم بدەرێ و ئەم مەسینەیە وەربگرە!

کابراکە هێندە وەزعی خراپبوو کاتی موناقەشەکردنی نەبوو، هەربۆیە وەڵامی داواکارییەکەی دایەوە، بەڵام لە کاتی دەست بە ئاو گەیاندنەکەیدا بیری لە کاری سەرپەرشتیارەکە کردەوە، لە نەفسی خۆیدا دەیوت: هەمووی هەر مەسینەیە، چ پێویست دەکات ئاوا سەرکۆنەم بکات!

بەهەرحاڵ لەو کاتەی دەیەوێت لە گەرماوەکە دەربچێت، بە سەرپەرشتیارەکە دەڵێت: بە یارمەتیت، دەمەوێت جیاوازی نێوان دوو مەسینەکە بزانم.

دەڵێت: جیاوازییان نییە.

پیاوەکە دەڵێت: ئەی بۆ ئاوات پێکردم؟

سەرپەرشتیاری گەرماوەکە پێی دەڵێت: مـن لێرە بەرپرسیارم، مـن دیـاری دەکـەم کامـە مەسینە بەکاردەهێنیت!

گەرماوە گشتییەکان بیرۆکەیەکی جوانبووە لەگەڵ دەیان بیرۆکەی تردا کە عوسمانییەکان جێ بەجێیان کردووە، وەک لادانێک لە بابەتەکە دەڵێم: پێوانەکردنی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە پەنجا ساڵی کۆتایی تەمەنی خەلافەتەکە، کە لاوازی تووشبووبوو، وەک حاڵی دەوڵەتەکان کە لە کۆتاییەوە نزیکن، زوڵم و نا جوامێرییە یان لەباشترین دۆخدا ئاگانەبوونە لە مێژوو!

بە گەرانەوەمان بۆلای هاورێکەمان بەرێوەبەری مەسینەکان کە گەیشتووە بەوەی پێشی خستووە، نموونەکەی ماوە لە هەموو قوتابخانە و چارەخانە و وەزارەت و وەرشە و دادگا و سوپا و گەرەکێکدا! زۆر کەس هەن گرێی بەرێوەبردنیان هەیە، وات لێدەکەن هەست بکەیت دەبێت هەموو شتێک لەرێی ئەوانەوە بروات، گەر وانەبێت کارەکە ناتەواو دەبێت!

یەکێک لە نەخۆشییە کۆمەلایەتییە کۆنەکان کە دەناڵێنین بە دەستییەوە، گەورەکردنی (مـن)ـە!

بەرێوەبەری مەسینە تەنها ئەڵقەیەکە لەو زنجیرەی کە نزیکە تەواو نەبێت، پێش دوو مانگ چووین بۆ کەناری دەریا، خێمەیەکی بچووکمان هەڵخست بۆ ئەوەی سێبەرمان بۆ دروست بکات، کرێکارێکی شارەوانی هات و هەندێ تێبینی پێ وتین کە لەبارەی پاکوخاوێنی و ئاگابوون لە منداڵەکانەوە بوو، لەدوای نیو کاتژمێر کرێکارێکی ترمان لێ پەیدابوو، وەک دەردەکەوت کارەکەی ئەوەبوو

ـە کەنارەکەدا بێت و بڕوات و ئاگای لە شتەکان بێت، هەمان تێبینی بیر وتین. بەڵام بە ڕێگایەکی تر، شێوازەکەی بەجۆرێک بوو وەک ئەوەی پێمان بڵێ: گەلۆ، من بەڕێوەبەری ئەم دەریایەم!

بەهەرحاڵ، خەڵکی لە کارەکانیاندا هێندە بەڕێوەبەریان هەیە بەسیانە و پێویست ناکات مرۆڤ لە هەر شوێنێک بوو خۆی نزیکاتەوە و خۆی بکاتە بەڕێوەبەر، لە مجێوری مزگەوتەوە کە هەندێ جار وات لێدەکات هەست بکەیت ڕیزوانی دەرگاوانی بەهەشتە. هەتا دەرگاوانەکە کە هاوارەکات بەسەر خەڵکدا دەڵێی ئایکی خازنی دۆزەخە!

الوطن

٢٠١٨/١١/١

## ڕوویەکی تری وێنەکە!

دەگێڕنەوە سێ نابینا کرانە ژوورێکەوە کە فیلێکی تێدابوو! داوایان لێکرا بزانن فیل چۆنە و دەست بکەنە پەسن کردنی، نابیناکان دەستیان لە فیلەکەدا و دواتر لە ژوورەکە چوونە دەرەوە و هەر یەکەیان دەستی کرد بە پەسنکردنی فیلەکە:

یەکەم وتی: فیل چوار پایەیە لەسەر زەوی!

دووەم وتی: فیل لە مار دەچێت!

سێیەم وتی: فیل لە گسک دەچێت!

وەسفەکانیان جیاوازبوون، هەر بۆیە دەستیان کردە موناقەشەکردن، هەر کەسەو لەسەر بۆچوونی خۆی بوو، هەر یەکەیان هاوڕێکەی بە درۆ و فێڵبازی تۆمەتبار دەکرد!

گومانی تێدا نییە تێبینی ئەوەتان کردووە یەکەم دەستیداوە لە قاچی فیلەکە، دووەم لە لوتی، سێیەم لە کلکی!

ژیان فیلێکی گەورەیە و ئێمەیش نابیناکانین و داوامان لێکراوە وەسفی بکەین! حەقیقەت چەندین ڕووی هەیە، قەزیەکە چەندین بۆچوونی لەسەرە، مەرج نییە تێڕوانینەکانی تر هەڵەبن، بەلام وا تەماشای خۆمان دەکەین کە ئەو ڕاستەیەین کە پێویستە خەڵکی ئەم وجوودەی پێ بپێون بە حەقیقەت و قەزیە و تێڕوانینەکانیەوە!

زۆربەی جار کە بۆچوونی خۆمان لە ڕووداوێکدا دەڵێین حەقیقەتی خۆمان دەردەخەین، نەک حەقیقەتی ڕووداوەکە! مرۆ ناتوانێت لە ئەزموونە کۆنەکانی ڕابکات! شتێکی سروشتییە فیل وەک مێزێک وابێت بۆ ئەو کەسەی تەنها پێیەکانی بینیوە، وەک مار وابێت بۆ ئەو کەسەی تەنها لوتی بینیوە، وەک گسک وابێت بۆ ئەو کەسەی تەنها کلکی بنیوە! بۆچوونی پیاوێک سەبارەت بە ئافرەتان، حەقیقەت و ئەزموون و پەروەردەی خۆیەتی، نەک حەقیقەتی ئافرەتان، بۆچوونی ئافرەتێک سەبارەت بە پیاوەکان، حەقیقەت و ئەزموون و پەروەردەی خۆیەتی، نەک حەقیقەتی پیاوەکان!، بەڵام مەینەتی ئێمەی مرۆڤ ئەوەیە ئەزموونە بچووکەکانی خۆمان دەکەینە حەقیقەتی گشتی و وەیل بۆ ئەوەی پێچەوانەی دەکات!

نابیناکانی چیرۆکەکە ناکۆکبوون، چونکە هەر یەکەیان باوەڕی وابوو ئەزموونی لە ژیاندا حەقیقەتی ڕەهایە، حەقیقەتی ڕەهاش تەنها خودایە، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕێژەییە یان نزیکە لە حەقیقەتەوە! ئەو منداڵەی لەبەردەم دەرگای مزگەوتدا فڕێدراوە، بۆچوونی لەسەر دایک و باوک تەواو جیاوازە لەو منداڵەی کە لەلای دایک و باوکی ژیاوە، هەربۆیە لە پشت هەموو بۆچوونێکەوە، لە پشتی هەموو تێڕوانینێکەوە، ئەزموونێک هەیە کە تۆ نایزانیت، بەڕێزان! خەڵکی دروستبووی ئەزموونەکانیان لە ژیاندا...

چیرۆکی فیل و نابیناکان ئەوەمان پێ دەڵێت مەرج نییە حەقیقەتی تەواو لەلای یەک کەس بێت، دەگونجێت کەسێک بەشێک لە حەقیقەتی لابێت، بەڵام موسیبەتەکەی ئێمە لەوەدایە ئەو بەشەی کە لەلامانە حسابی هەموو حەقیقەتی بۆ دەکەین کە هیچ کەسێک بەشی تری لەلا نییە!

خۆزگە کاتێ کە ناکۆک دەبووین، بمانزانیایە گەر لەگەڵیشت نەبووم دژت نیم، من لەگەڵ ئاوەز و ئەزموونی خۆم، تۆیش لەگەڵ ئاوەز و ئەزموونی خۆت، لەلاتان شارەوە نییە هەندێک لەوانەی بەتاوانباریان دەزانین، لە ڕاستیدا قوربانی ئەزموون و ئاوەزی خۆیانن!

الوطن

٢٠١٨/١١/٤

## عەقڵیەتی سەرکەوتن و شکست!

لە ساڵی یەکەمی زانکۆیدا، جارێک جۆرج دانتریگ درەنگ دەگاتە زانکۆ و لەسەر تەختەکە دوو پرسیار دەبینێت، ئەمیش لە تیانووسەکەیدا دەیانووسێتەوە، چونکە وادەزانێت ئەرکی ماڵەوەیە، دوای چەند ڕۆژێک جۆرج داوای لێبووردن لە مامۆستاکەی دەکات، چونکە درەنگ وەڵامەکەی بۆ هێناوەتەوە، لەبەرئەوەی لە پرسیارەکانی تر گرانتربوون!

هێشتا چیرۆکەکە تەواونەبووە، مامۆستاکە بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک بڵێت وەڵامەکەی لێوەرگرت، دوای شەش هەفتە بانگی کرد بۆ نووسینگەکەی و پێی گوت: ئەم پرسیارانە ئەرکی ماڵەوە نەبوون، بەڵکوو وەک نموونەیەک نووسیم کە زانایانی بیرکاری دەستەوسان بوونە لە شیکارکردنی!

ماوەی شەش هەفتەیە لە کۆبوونەوەداین و گەنگەشەی وەڵامەکەی تۆ دەکەین، مژدەت لێ بێت، وەڵامێکی ڕاستت داوەتەوە!

گومانی تێدا نییە (جۆرج دانتریگ) لە بیرکاریدا بلیمەتە و ئەو پرسیارەی شیکاری کرد، کلیلی بلیمەتی و سەرکەوتنی بوو لەو بوارەدا، لێ بە بۆچوونی خۆم کارتێکەرێک هەیە کاریگەری هەبووە لە سەرکەوتنیدا لە حەلکردنی ئەو پرسیارە لەگەڵ تواناکەیدا کە لە

گرنگییەکەی کەم ناکەمەوە، ئەویش ئەوەیە بە عەقڵیەتێکەوە دەستی کرد بە شیکارکردنی کە نموونەکە شیکاری هەیە، باوەڕم وایە گەر لە سەرەتاوە ئامادەبووایە و گوێی لە مامۆستا بووایە کە دەڵێت ئەم نموونانە شیکاریان نییە، لەوەیە کاری بە ئاوەزی نەکردایە، گەر کاریشی پێ کردایە بۆ خۆشی دەیکرد، ئەم خۆشیەش لەوەوە دەهات کە ئەو نموونانە حەلی نییە، لێ کە باوەڕی وابوو ئەرکی ماڵەوەیە، ئاوەزی بەکارهێنا بەشێوەیەک کە شیکاری هەیە، بۆیە کاتێکی باش بەدوایدا گەڕا، بەپێچەوانەی خوێندکارەکانی تر کە لەوەیە وتبێتیان مادەم زانایانی بیرکاری دەستەوسانبوونە لە شیکارکردنی جا ئێمە کوا دەتوانین!

مەبەستەکە ئەوەیە بۆچوونی کەسانی تر و ئەزموونە کۆنەکانیان، کۆتن بۆ ئێمە، بمانەوێت یان نا، بڕیارە کۆنەکانی خەڵکی کاریگەری دەکات لە کردارەکانمان یان پەرچەکردارەکانمان، ڕاستە هەندێ جار ئەو ئەزموونانە پاڵنەرێک دروست دەکەن پرت دەکەن لە ئاڵنگاری، لێ زۆربەی جار شکستێکی پێش وەختەیە! نهێنی سەرکەوتن ئەوەیە ڕێ نەدەین ئەوانی تر کۆتمان بکەن، چونکە نهێنی سەرکەوتن ئەوەیە سەرەتا باوەڕمان هەبێت کە دەتوانین سەرکەوتن بەدەست بهێنین، ئەو کەسەی لە ناخەوە شکستی هێناوە ناگونجێت سەربکەوێت!

دوور لە بیرکاری، بەڵام لە هەمان بیرۆکەدا هەڵوێستی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب لە ڕۆژی بەدردا زۆر دەموەستێنێت، ئەو دەمەی هەر دوو سوپاکە بەرانبەر یەکتری وەستان، تەماشای سوپای قورەیشی کرد، دواتر تەماشای سوپای موسڵمانانی کرد و بە ئەبوعوبەیدەی جەڕاحی وت: هەموو ئەوەی لەبەردەممدایە نامترسێنێت، ئەوان لە ئێمە زۆرترن، بەڵام ئێمە بە ئیمانەوە لەوان بەهێزترین!

پێش دەستپێکردنی جەنگەکە، حەمزە سەرکەوتووبوو، چونکە لە ناخەوە سەرکەوتووبوو، هەموو ئەوەی لەبەردەمیدابوو نەیدەترسان، ژمارەی بەلاوە گرنگ نەبوو، باوەڕی وابوو ئیمان جەنگەکە یەکلایی دەکاتەوە، ڕۆژی ئوحود بۆیە تۆڵەیان لێکردەوە، چونکە بەهێزترین سەربازی موسڵمانانبوو، لە هەمووشیان زیاتر کوشتاری قورەیشی کردبوو!

هەموو شکستێک هۆکاری هەیە، بە هەمان شێوە هەموو سەرکەوتنێکیش هۆکاری هەیە، بەڵام یەکەمین هۆکاری سەرکەوتن و شکست لە ناخمانەوە دەست پێدەکات، نەک دۆخی چواردەورمان!

الوطن

٢٠١٨/١١/٦

## پارچە شیرینی!

لە پەرستارێکی خانەنشین پرسیارکرا: سەیرترین ڕووداو کە لە کاتی کارکردنتدا لە چارەخانەکاندا بینیوتە کامە ڕووداو بووە؟

لە وەڵامدا وتی: ڕۆژێک پیاوێکی بەساڵاچوویان هێنا بۆ چارەخانە، لەو ماوەیەی کە لەوێ مایەوە هەموو ڕۆژێک گەنجێک دەهات بۆلای، نزیکەی دوو کاتژمێر لەگەڵیدا دادەنیشت و بەدەستی خۆی نانی پێدەدا و جلەکانی بۆ دەگۆڕی، سوعبەت و یاری لەگەڵ دەکرد، وەک ئەوەی منداڵێکە، هەندێ جاریش دەیبردە باخچەی چارەخانەکە و پیاسەی لەگەڵ دەکرد، زۆر سەرسامبووم کە ئەم کوڕە چەندێ بۆ باوکی باشە، لە یەکێک لەو جارانەی دەرمانم دەدا بە پیاوەکە، پێم وت: مامەگیان ئیرەیت پێدەبەم کە ئاوا کوڕەکەت چاکە بۆت، لە ڕاستیدا وامدەزانی کوڕی لەوجۆرە لە دنیادا بوونی نەماوە!

پێی وتم: خۆزگە کوڕم بووایە.

شۆکبووم و پێم وت: ئەمە کوڕیشت نییە و ئەم هەموو شتەت لەگەڵدا دەکات؟! ئەی چیتە؟

وتی: منداڵێکی سێوییە ماڵیان لە گەڕەکەی ئێمەبوو، لەدوای مردنی باوکی بینیم لەبەردەم مزگەوتەکەدا دەگریا، هێورم کردەوە

و دەستم هێنا بەسەریدا، هەموو ڕۆژێک پارچەیە شیرینم دەدا پێی، بە دڵخۆشییەوە وەریدەگرت و سوپاسی دەکردم، دوای ساڵێک لە گەڕەکەکەمان باریان کرد، هەر جارێک دەهات بۆ مزگەوتەکەمان تەوقەی لەگەڵ دەکردم، ئەوەتا ئیمڕۆ گەورەبووە و بۆتە ئەندازیار، کە زانیویەتی نەخۆشم هەموو ڕۆژێک سەردانم دەکات، کە لێم پرسی بۆچی ئەوەنە خۆت ماندوو دەکەیت؟ بەڕوومدا پێکەنی و وتی: مامەگیان هەتا ئێستاش تامی شیرینییەکان لە دەممدایە!

ئیبنو جەوزی دەڵێت: کاری چاکە بکە، چۆن دەکەوێت با بکەوێت، گەر کەوتە لای ئەهلی خۆی ئەوا شایستەین، گەر کەوتە لای کەسانێک ئەهلی نەبوون، ئەوا تۆ شایستەی!

کاری چاکە بەزایە ناچێت، گەر لای خەڵکی بەزایە بچێت لەلای خودا بەزایە ناچێت، دڵنیام چاکەکار لەبەر خودا چاکە دەکات و پاداشتی لە خەڵکی ناوێت، بەڵام چەندێ جوانە مرۆڤ بە وەفا بێت و ئەو چاکەیە لە بیر نەکات کە بەرانبەری کراوە، ئەمەش ڕەوشتی پێغەمبەرانە!

لە جەنگی بەدردا عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب بە ناچاری هێنرابوو، بە دیل گیرا، پۆشاکەکەی درابوو، کاورایەکی بەخۆبوو، لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو سەلول دەچوو، عەبدوڵڵا پۆشاکەکەی خۆی پێدا، پێغەمبەری خودا(ﷺ) ئەمەی بۆ پاراست، هەربۆیە کاتێک باوکی مرد کە سەرۆکی دووڕووەکان بوو، پێغەمبەری خودا(ﷺ) پۆشاکەکەی خۆی دا بە عەبدوڵڵای کوڕی بۆ ئەوەی باوکی پێ کفن بکات، ئەویش ڕەتینەکردەوە وەک وەفایەک بۆ ئەوەی ڕۆژی بەدر ڕوویدابوو!

ئـەو دەمـەی لـە تائیـف بەردبارانکـرا، هەواڵـی پـێ گەیشـت کـە قورەیـش ناهێڵێـت بێتـەوە نـاو مەککـە، لـە پەنـای موتعیمـی کـوڕی عەدیدا هاتـەوە مەککە، لە ڕۆژی بـەدردا کە ئەسیرەکانیان هێنا بۆلای پێغەمبـەری خـودا(ﷺ)، لـە بـە وەفاییـدا وتـی: گـەر موتعیمـی کـوڕی عـەدی لـە ژیاندابووایـە و لەبـارەی ئـەم ئەسـیرانەوە قسـەی بکردایـە، ئـازادم دەکـردن بـۆی!

پارچـە شـیرینی بکـە دەمـی کەسـانی تـرەوە و لـە یـادی بکـە، بـەڵام ئاممـان ئـەو دەسـتە لـە یاد نەکەیـت کە شـیرینییەکەی کردۆتـە دەمتەوە، لەبەرچاوبوونـی چاکـە سـیفەتی پێغەمبەرانە!

الوطن

٢٠١٨/١١/٨

## کارێکی خۆش و بەچێژ!

دوێنێ هەواڵێکی خۆشم خوێندەوە لەبارەی کارێکی خۆش و بەچێژەوە. هەواڵەکە دەڵێت:

دەتوانیت مرۆڤێک بە کرێ بگریت هاوڕێیەتیت بکات و دڵنەوایت بکات، یان یارمەتیت بدات لە گەشتەکانتدا یان لەگەڵت بێت بۆ چێشتخانە. لە جیهاندا شەش سەد هەزار کەس ئەم خزمەتگوزارییە دەستەبەریان کردووە. نرخی کرێی مرۆڤێک لە کاتژمێرێکدا لە نێوان دە دۆلار بۆ پەنجا دۆلارە بەپێی ئەو خزمەتەی دەیبەخشێت!

ئەم دنیایە سوپرایزەکانی ناوەستێنێت سەبارەت بە کارە خۆشەکان. ماوەیەک پێش ئێستا باسی ئانیال قوزیم بۆ کردن لە کاری ئەوەیە رەخنە لە خواردنە برژاوەکان بگرێت. هەموو کارەکەی ئەوەیە بچێتە چێشتخانەیەک و ژەمێک بەخۆڕایی بخوات و دواتر راپۆرتێکی لەبارەوە بنووسێت! باسی ئەوێنی ماسیگرەم بۆ کردن، کارەکەی ئەوەیە رەخنە لە خەوگە نیلییەکان دەگرێت. هەموو کارەکەی ئەوەیە ماوەی چەند کاتژمێرێک لەسەر خەوگەکە رادەکێشێت و دواتر تێبینییەکانی بە کۆمپانیاکە دەڵێت! باسی هاری پیشەیەم بۆ کردن، کە تامی شیرینییەکان دەکات. هەموو کارەکەی ئەوەیە هەندێک کێک دەخوات، خودا یارمەتی بدات، دواتر هەندێ

ڕێنمونیـان دەکات بـۆ ئـەوەی شـتەکە باشـتر بکـەن! باسـی (جینـارۆ بیلیشیا)م بۆ کردن، کە تامی قـاوە دەکات، مووچەیـەک وەردەگرێت کـە جەنەڕاڵێک وەریناگرێت!

بەهەرحـاڵ هەمـوو ئـەو کارە جوانانـەم لەدەستچوو، بـەڵام سـوورم لەسـەر ئـەوەی ئـەم کارە نوێیـەم لەدەست نەچێت! نیەتم وایـە -خـودا یارمەتیم بدات- نـاوی خـۆم تۆماربکـەم بـۆ ئـەوەی هاوڕێیەتـی ئـەو کەسـە بکـەم کە هەست بە بێزاری دەکات، خودا یارمەتیم بدات گـەر توانیـم ئەمکارە قورسـە بەدەستبهێنم، بەجۆرێک کەسێک پەیوەندیم پێوە بکات، پێم بڵێت دەمەوێت بـۆ چەنـد ڕۆژێک بچـم بـۆ پاریـس، شـارێکی دڵتەنگکەرە پێویستە کەسێک هاوڕێیەتیم بکات بۆ چێشتخانە نایابـەکان، و خواردنـە بەلەزەتـەکان و تەماشـاکردنی بورجـی ئیڤڵ!

ئەڵبەتـە تامەزرۆنابـم و ڕاستەوخۆ قبووڵـی ناکـەم، پێـی دەڵێم: ئـای خوایـە گیـان، دیسـان پاریـس! دوای ئـەوەی قەناعەتـی پێدەکـەم کـە پاریس دەناسـم وەک چۆن پشیلەی گەڕەکەکـەی خۆمـان دەناسـمەوە، خەڵکەکـەی دەناسـمەوە وەک چـۆن دەنگـی دراوسـێکەمان دەناسـمەوە کـە لەکاتـی وتنـەوەی بیرکاریـدا هـاوار دەکات بەسـەر منداڵەکانیـدا، دانـە دانـە سـازش دەکـەم لەبـەر خـودا و لەبـەر دڵخۆشـکردنی ئـەو گەشـتیارە دامـاوە و دڵـی ناشـکێنم! ئەڵبەتـە چاوەڕێـی ئـەوەم لێناکـەن یەکسـەری بڵێـم: ئەڵـڵا پاریس بـۆ یەکەمجـار، کـوورە لـە خزمەتـام و حەزەکـەی ئێسـتا دەڕۆیـن و جانتـاش ناهێنـم!

پێویسـتە مـرۆڤ تامەزرۆیانـە خـۆی دەرنەخـات، گەرچـی کارەکـە شایسـتەی ئەوەبێت تامەزرۆبیت، بـە تـەواوی وەک ئـەو کچـەی شـەو و ڕۆژ نوێـژ دەکات بـۆ ئـەوەی خـودا پیاوێکـی پـێ ببەخشـێت، دواتـر کـە کاکـی زاوا دێـت، داوا لـە باوکـی دەکات ڕێگـەی پێبـدات هەندێـک بیربکاتـەوە و دوو ڕکات نوێـژی ئیسـتخارە ئەنجـام بـدات!

هەر خۆڕاگردەبم، تەنها لە یەک هەڵوێستدا تامەزرۆ دەردەکەوم بەبێ خۆپاراستن، ئەویش ئەوەیە پیاوێکی بەساڵاچووی پەککەوتە پەیوەندیم پێوەبکات و کەسێکی بوێت پاڵی پێوەبنێت لەکاتی عومرەکردندا، یەک سورانەوە بە دەوری کەعبەدا هەزار پاریس دەهێنێت!

الوطن

٢٠١٨/١١/١١

## ئاگاداری!

لـه باخچەیەکـی ئـاژەڵان لـه (دبلـن) پۆسـتەرێکی ئاگادارکردنـەوه هەیـە لەسـەری نووسـراوە:
لەسـەر دیواری باخچەکە مەوەستە، دامەنیشە، پاڵمـەدەرەوە، گەر بکەویـت لەوەیـە ئاژەڵێک بتخـوات، ئەمـەش وای لێدەکات نەخـۆش بکەوێت!

لـه ڕاسـتیدا زۆربـەی ئـەو ئاگادارییانـەی دەیبینیـن گرنگـی بـه ئێمـە نـادەن، بـەڵام جیاوازی نێوان ئـەم ئاگادارییە و ئەوانـی تـر کە باوەڕمـان وایـە جوانـە و گرنگـی بـه بەرژەوەندیمـان دەدات، ئەوەیـە ئـەم ئاگادارییـە ڕاشـکاوە و ئاگادارییەکانـی تـر دیبلۆماسـین!

بۆنموونـە ئـەو دەمـەی ئاگادارییەکـی لـەم شـێوەیە دەخوێنیتـەوە: ئاگاداربـە، لەسـەر ئـەم شـوێنە دامەنیشـە، چونکـە تـازە بۆیاخکـراوە، وانەزانـی پێـت دەڵێـن ئازیزگیـان گرنگـی بـه پۆشـاکەکەت دەدەیـن و دەمانەوێت پیس نەبێت! وەرگێڕانـی دەقاودەقـی ئـەم ئاگادارییـە بـەم شـێوازەیە: بـه پۆشـاکە پیسـەکەت بۆیاخەکـە تێک مـەدە!

قسـە قسـە دەهێنێت، پێش ماوەیـەک هەنـدێ ئـاگاداری خۆشـم خوێندەوە، کە دەچێتە ژێر بابەتی قسەخۆشییەوە هەتا ئاگادارکردنەوە:

- لەسەر پاکەتێکی پیلی بچووک ئاگادارییەک نووسرابوو: بۆ خواردن نابێت، گەر قووتت دا بەخێرایی بچۆ بۆلای دکتۆر!
- لەسەر چەرخێک نووسرابوو: لە دووری دەموچاوت دایگرسێنە!
- قەترەیەک هەیە بۆ منداڵی شیرەخۆرە، دەبێتە هۆی گێژبوون و خەواڵویی، لەسەری نووسراوە: ئەی منداڵە شیرەخۆرەکە ئەم قەترەیە دەبێتە هۆی گێژبوون، لە کاتی بەکارهێنانیدا ئامێری قورس هەڵمەگە و شۆفێری مەکە!
- کۆمپانیای نیسکۆ بۆ پەنیر لەسەر پاکەتی پەنیرەکان نووسیویانە: بۆ ئەنجامێکی باش و تامێکی باشتر، نایلۆنی پەنیرەکە لێ بکەرەوە!
- یەکێک لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی موکەیەف، لەسەر موکەیەفەکە نووسیویانە: هەر چییەک ڕوویدا ئەم موکەیەفە لە پەنجەرەوە فڕێ نەدەیتە دەرەوە!
- یەکێک لە کۆمپانیاکانی کەرەستەی خۆپاککردنەوە لەدوای نووسینی هەنگاوەکانی بەکارهێنان ڕستەیەکی نووسیوە: ئێستا تۆ لە حەمامدایت و مۆبایلەکەتت بیرچووە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ڕێگای بەکارهێنان بخوێنیتەوە!
- لەسەر ئوتویەک نووسرابوو: ئەو کاتەی پۆشاکەکەت لەبەردایە ئوتوی مەکە!

هەر بەم بۆنەیەوە یەکێک لە هاوڕێکانم هەوڵی دابوو یەخەی کراسەکەی ئوتو بکات کە لە بەریدابوو، لاملی سووتاندبوو، ئەمە باشترین هاوڕێمە خۆتان دەتوانن خەیاڵی ئەوانەی تر بکەن... (ولا حول و لا قوة إلا بالله!).

الوطن

٢٠١٨/١١/١٣

## سوپاس یونس(عليه السلام)!

١. سوپاس یونس(عليه السلام) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، پشت بە دنیا نەبەستم و ئاگاداربم لە گۆڕانکارییەکانی، جا ئیمانم هەرچەندە بەرزبێت! گومانت وابوو خودا نارەحەتت ناکات، لێ لە فراوانی دنیاوە چووی بۆ تەنگی ناوسکی نەهەنگەکە!

٢. سوپاس یونس(عليه السلام) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، قەدەری خودا دێتە دی و گەڕانەوەی نییە، جار لەدوای جار تیروپشکەکەیان دووبارەدەکردەوە بۆ ئەوەی کەسێکی تر فڕێ بدرێتە نێو ڕووبارەکەوە، خوداش ڕەتیدەکردەوە جگە لە تۆ کەسێکی تر بێت!

٣. سوپاس یونس(عليه السلام) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، بێ ئومێد نەبم لە هیدایەتی کەس، تۆ لەنێوانیاندا بووی شەو و ڕۆژ بانگەوازت دەکردن، باوەڕیان نەهێنا، کە جێتهێڵان و ڕۆیشتی باوەڕیان هێنا! ئەمەش وانەیەکی ترە گەورەم: خودا دەتوانێت هیدایەتی خەڵکی بدات بەبێ پێغەمبەرانیش، بەڵام خودا بۆ هەموو شتێک هۆکاری داناوە و بۆ ئەوەی ئیقامەی حوجەی خەڵکی بکرێت!

٤. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، خودا بەلا و چەرمەسەری تووشی خۆشەویستانی دەکات، بۆ ئەوەی پاک و بەرزببنەوە، نەک بۆ تۆڵەکردنەوە لێیان، پاکوبێگەردی بۆ ئەو زاتەی بەندەکانی تاقیدەکاتەوە بۆ ئەوەی پاکیان بکاتەوە هەتا ئەو دەمەی بەندەکەی پێی دەگات هیچ تاوانێکی پێوە نەماوە!

٥. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، مرۆ ناتوانێت لە قەفەسی مرۆڤبوونی دەربچێت، گەرچی پێغەمبەربوویت، لێ وەک هەموومان بوویت، حەزت دەکرد شوێنەواری بانگەوازەکەت و ئەنجامی کردەوەکانت ببینی، ئازارت چەشت کە باوەڕیان پێت نەهێنا!

٦. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، لە بارەی هۆکارەکانەوە پرسیارمان لێدەکرێت نەک ئامانجەکان، لە ڕێگا نەک گەیشتن، ئەمەش لە میهری خوداوەیە بۆمان، خودا لێمان ناپرسێت بۆچی خەڵکی شوێنتان نەکەوت؟ بەڵکوو دەپرسێت چ بانگەوازێکتان پێشکەشی خەڵک کردووە و ئەمە چ ڕێگایەکە کە تەمەنتان تێیدا بەسەربردووە؟

٧. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، باوەڕداری سەر زەوی لە ئاسماندا ناوبانگی هەیە، لە پێش تۆ کە ویستیان ئیبراهیم(ﷺ) فڕێ بدەنە نێو ئاگرەوە، فریشتەکانی ئاسمان هاتنە هاوارا، ئەو دەمەی وتت: ﴿لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبۡحَـٰنَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ ٱلظَّـٰلِمِينَ﴾ واتە: بەڕاستی هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە تۆ پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە بێگومان من لە ستەمکاران بووم.

فریشتەکان وتیان: پەروەردگارا! دەنگێکی ناسراوە لەلایەن بەندەیەکی ناسراوەوە!

٨. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، هیچ شتێک لە نارەحەتی ڕزگارمان ناکات، ئیللا ئەوە نەبێت لەگەڵ خودادا بین: ﴿فَلَوْلَآ أَنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُسَبِّحِينَ لَلَبِثَ فِى بَطْنِهِۦٓ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾.

واتە: خۆ ئەگەر بەڕاستی ئەو لە یادکارانی خوا نەبووایە، تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێنەوە لەناو سکی ئەو نەهەنگەدا دەمایەوە.

٩. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دانپێدانان بە تاواندا لە سیفەتی پێغەمبەرانە و لوتبەرزیش لە سیفەتی شەیتانە، چەندێ جوان بوویت کە دەتوت: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ شەرمەزاری نییە بەندە بۆ تاوانەکانی بگری، بەڵکوو شەرمەزارییە گەر وانەکات!

١٠. سوپاس یونس(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ئەهلی تەسبیحات بەدبەختییەکەیان درێژە ناکێشێت، ئەهلی زیکر نارەحەتییەکانیان بەردەوام نابێت، پاکوبێگەردی بۆ ئەو زاتەی کە ناوە مەزنەکەی لەسەر هەر سەختییەک بهێنرێت ئاسان دەبێت، لەسەر هەر نارەحەتییەک بهێنرێت سانا دەبێت و مەحاڵ دەبێتە گونجاو!

الوطن

٢٠١٨/١١/١٥

## تۆ ئەوەیت کە بەدوایدا دەگەڕێیت!

دەگێڕنەوە لە گوندێکی دوورە دەستدا ناوەناوە هەواڵی گەورەبوونی شاریان پێدەگەیشت، باسی شەقام و چارەخانە و باخچەکانی...

موختاری گوندەکە خەڵکی کۆکردەوە و لەسەر ئەوە ڕێکەوتن لە پیاوانی گوندەکە شاندێک پێکبهێنن، هەتا ڕاستی ئەو هەواڵانە بزانن کە پێیان دەگات.

بەخێرایی شاندەکەیان پێکهێنا و بەرەو شار کەوتنە ڕێ، کە گەیشتنە شارەکە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی جیاببنەوە و دەمەو ئێوارە لە شوێنێکی دیاریکراودا بگەنەوە بە یەک، دەمەو ئێوارە گەیشتنەوە بە یەک و گەڕانەوە بۆ گوندەکە، کە دانیشتووانەکەی بەپەرۆشەوەبوون هەتا هەواڵی شار بزانن، ئەو دەمەی لە دیوەخانی گوندەکە کۆبوونەوە، موختار داوای لە ئەندامانی شاندەکە کرد هەر یەکەو ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات.

یەکەم وتی: لە شاردا مزگەوتی گەورەی تێدایە، منارەکانی بەرزە، بەرماڵەکانی نایابە، بۆنێکی خۆشی لێدێت، شار شوێنێکە ئاوەدانە بە ئیمان!

دووەم وتی: لە شاردا بار و سەماکاری لێیە، مەی و مۆسیقای لێیە، لەوێ مرۆڤ هەست بە بێزاری ناکات!

سێیەم وتی: لە شار چێشتخانەی نایابی لێیە، خواردنی وای لێیە هەر ناویت نەبیستووە، جۆرەها گۆشت و شیرینی و شەربەتی لێیە!

چوارەم وتی: لە شار کتێبخانە و هۆڵی شانۆ و چەندین شوێنی تێدایە چالاکی ڕۆشنبیری تێدا ئەنجامدەدرێت!

خەڵکی گوندەکە واقیان وڕما لەو ڕاپۆرتە جیاوازانە، بەشێوەیەک پرسیان: ئەری ئەم شاندە هەموویان بۆ یەک شار چوونە؟!
لەم دەمەدا موختاری گوندەکە وتی: بەڵێ چوونە بۆ یەک شار، لێ هەر کەسەو ئەوە دەبینێت کە بەدوایدا دەگەڕێت!
ئەم چیرۆکە ڕەمزییە دەشی بکرێتە نموونەیەک بۆ ژیان، وەک ئەوەی هەموو خەڵکی، شاندی گوندەکەن کە چوون تەماشای شارەکە بکەن، وەک ئەوەی شارەکەش ژیان بێت بە فراوانییەکەیەوە!
لەگەڵ کەسێکدا دادەنیشیت، وەها ژیانت بۆ وێنا دەکات کە گەشتێکە پڕ لە عەزاب لە ساتی لەدایکبوونەوە هەتا ساتی مردن، یەکێکی تریش پێت دەڵێت: گەشتێکی قەشەنگە و ناوی تەمەنە!
یەکێکیان پێت دەڵێت: خەڵکی باش نەماوە و تەنها متمانەت بە خۆت هەبێت. یەکێکی تر پێت دەڵێت: خەڵکی باش هەر ماوە و ڕێگاکانی ژیان پڕن لە کەسانی باش!
یەکێکیان پێی وایە ئامانج پاساوە بۆ بەکارهێنانی هەموو ڕێگاکان، جا ڕێگاکە چەندێ خراپ و نامەردانە بێت، یەکێکی تر

پێی وایە مەردایەتی ڕێ، لە مەردایەتی ئامانجەکانە، نەفرەت لە گەیشتنێک گەر بە پیسی بگاتە ئامانجەکەی!

یەکێکیان وا کار بۆ دنیا دەکاتەوە وەک ئەوەی هەتا هەتای تێیدا دەمێنێتەوە، وەک ئەوەی ئەو بەڵێنەی وەرگرتووە کە ئیبلیس وەریگرت ﴿إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾!

یەکێکی تریش وەک وێستگەیەکی تێپەڕین تەماشای دەکات، ڕێگایەکە هێندە نامێنێتەوە هەتا تەواو بێت، کێڵگەیەکە تێیدا تۆو دەکەین و دروێنە لەولایە ﴿يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ﴾.

لە حەقیقەتدا نە بەشێکە لە عەزاب، نە گەشتێکی گەشتیارییە، بەڵکوو لە نێوان ئەم و ئەودایە... لەوە و لەمەشی تێدایە! مرۆڤەکان نە شەیتانن نە فریشتە، لەگەڵ ئەوەی هەندێکیان پێش شەیتانیان داوەتەوە لە خراپیدا، هەندێکیشیان لە باشیدا نزیکبوونەتەوە لە فریشتەکان! ئامانج پاساو نییە بۆ هەموو هۆکارێک، تەنها لەلای ئەوانە نەبێت کە خاوەنی مەبدەئی (هەر خۆم سەلامەتبم با دنیا وێران بێت)ن.

خۆشبەختی بۆ ئەو کەسەی وەسیلە پیسەکانی ڕەتکردەوە، چونکە دەزانێت خەسارەتی نەفسی بردنەوەی هەموو جیهان قەرەبووی ناکاتەوە گەرچی بیشیباتەوە! هەموو مرۆڤێکیش لەم ژیانەدا ئەوە دەبینێت کە بەدوایدا دەگەڕێت!

الوطن

٢٠١٨/١١/١٨

## پێغەمبەر(ﷺ) لەدایکبوو!

پێویست بوو تەشریفت بهێنیت، هەموو پێغەمبەرەکان مژدەی هاتنیان دابووی، کۆتا مژدەدەر کوڕەکەی مەریەم بوو، بەڵام ئێستا دنیا لە چاوەڕوانی تۆدایە! کاروانی پێغەمبەران نزیکبوو لە تەواوبوونی، تەنها ئەوە مابوو میسکی کۆتایی بێت، ئەو دەمەی میسک لەسەر شێوەی مرۆڤ دەبێت، ئەو کەسە جگە لە تۆ کێ دەبێت ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)؟!

دایکت لە خەونیدا ڕووناکییەکی لێوە دەرچوو، هەموو جیهانی ڕووناک کردەوە، بەڵام ئێمە لە کاتی بە ئاگاییماندا ڕووناکی پەیامەکەتمان بینی، سڵاوت لێ بێت لە ڕۆژی لە دایکبوونتدا ئەی سەرداری خەڵکی!

سڵاوت لێ بێت، ئەو دەمەی منداڵێکی سێوی بووی، لە دوایدا باوکانی جیهانت فێر کرد چۆن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن!

سڵاوت لێ بێت، ئەو دەمەی شەش ساڵبووی لە پەنای گۆڕی دایکتدا، دواتر کوڕەکانی جیهانت فێرکرد کە (دایکت دایکت پاشان باوکت)!

سڵاوت لێ بێت لەو دەمەی دوانزە ساڵان بووی، شوانکارەیت دەکرد بۆ ئەوەی بار نەبیت بەسەر مامەتەوە، لە منداڵیدا پیاوبوویت، لە لاویدا پیاوبوویت، لە گەورەیتدا پیاوبوویت!

سڵاوت لێ بێت ئەو دەمەی بازرگانێک بوویت لە شام، درۆ و فێڵت نەدەکرد و کاڵاکەت بە سوێندی درۆ نەدەفرۆشت، ڕاستگۆ و دەستپاک بوویت، تەنانەت ئەوانەی پەیامەکەتیان بەدرۆخستەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان تانەیان لە ڕەوشتت نەدا، شایەدی خودات بەسە: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ واتە: بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خویەکی ئێجگار بەرز و گەورەیت.

سڵاوت لێ بێت لەو دەمەی بیست و پێنج ساڵان بووی، ڕۆژی هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجەدا، خەدیجە ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ)، ئەشکەوت و پەناگەت، بەرەی ناوخۆییت، ئازاترین سوارچاکت، ئەو کەسەی تا کۆتا هەناسەی ژیانت لەبارەیەوە دەتوت: خودا لە خەدیجە باشتری پێ نەبەخشیوم!

سڵاوت لێ بێت لەو دەمەی چل ساڵان بووی، هێندە پێ گەیشتی کە قورسایی ئەم پەیامە هەڵبگریت، ئەی نەخوێندەوار! ﴿ٱقْرَأْ﴾... ئەی ئەو کەسەی تا ئێستا یەک پیتت نەنووسیوە! ﴿خُذِ ٱلْكِتَٰبَ بِقُوَّةٍ﴾... لە ئیمڕۆ بەدواوە ژیان ناگەڕێتەوە دۆخی پێشووی خوی، ئەو ئوممەتەی لەسەر کەمێک لەوەڕگا و ئاو یەکتریان دەکوشت، ئەوا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکاندا دەجەنگێت و دەوڵەتەکان لەناودەبەن، ئەمە چ گەورەییەکە ئەی پێغەمبەری خودا(ﷺ) چ گەورەییەکە؟!

سڵاوت لێ بێت لە ڕۆژی بەدردا، پێمان ڕادەگەیەنیت نیشتمانی مرۆڤ بیروباوەڕەکەیەتی و هۆزەکەی ئایینەکەیەتی!

سڵاوت لێ بێت لە ڕۆژی ئوحودا، پێمان ڕادەگەیەنیت سەرکردە ڕاناکات، سەری مووبارەکت و چوار ددانی پێشەوەیان شکاندیت، تۆیش ڕاوەستاوبوویت و دەتفەرموو: ئەو گەلە چۆن سەرفراز دەبێت

کە سەری پێغەمبەرەکەی دەشکێنێت؟ وەڵڵاهی ئەو هەسارەیەی خوێنی تۆی تێدا ڕژاوە، هەسارەیەکی خراپە!

سڵاوت لێ بێت لە ڕۆژی ڕزگارکردنی مەککەدا، بە قورەیش دەڵێیت من وەک ئێوە نیم، ئێوە ئازادن بڕۆن! بەدرۆیان خستیتەوە، ئازاریان دای، پیلانیانگێڕا بۆ ئەوەی بتکوژن، شاربەدەریان کردیت، یاوەرانت بەدەستی ئەوان کوژران، بەڵام تۆڵە ناکەیتەوە، ئای لەو دڵەت!

سڵاوت لێ بێت لە حەجیماڵئاوایدا، خاڵ دەخەیتە سەر پیتەکان، هەمووتان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە، ئەمە دینی بیروباوەڕە نەک ڕەچەڵەک، دینی دڵە نەک ڕەنگی پێست، بیلالی حەبەشی و سوهەیبی ڕۆمی و سەلمانی فارسی لە بەهەشتن، ئەبو لەهەبی هاشمی و ئومەیەی کوڕی خەلەفی قورەیشی لە ئاگردان، لە نێوان خودا و بەندەکانیدا خزمایەتی نییە!

سڵاوت لێ بێت لەو ڕۆژەی سەرپشک کرایت لەنێوان دنیا و ڕەفیقی ئەعلا لە بەهەشتدا، ئەوەی لای خودات دیاری کرد، شایەدی دەدەین پەیامەکەت گەیاند، ئەمانەتەکەت بەجێ گەیاند، ئوممەتت ئامۆژگاری کرد، هیچ چاکەیەک نەما ئیللا ڕێنوێنیت کردین بۆی، هیچ خراپەیەک نەما ئیللا ئاگادارت کردینەوە لێی، لەلامان قورسە کە نەگەیشتووینە دیدارت، چاومان گەش نەبووە بە نووری ڕوخسارت، بەڵام ڕازین بەو دڵنەواییەی کە دڵنەوایت پێ کردوین، (دیدەنیمان سەر حەوزی کەوسەرە)!

الوطن

٢٠١٨/١١/٢٠

# بەختی خۆتم پێ بدە!

دوێنێ بەسەرهاتی مامۆستایەکی میوزیکم خوێندەوە کە ناوی (فرانک سیلاک)ە، ساڵی ١٩٦٢ سەر شەمەندەفەر دەکەوێت، شەمەندەفەرەکە لە سکەکەی لادەدات و هەموو سەرنشینەکانی دەمرن، تەنها ئەو نەبێت، کە لە پەنجەرەکەی پەنایەوە، خۆی هەڵدایە نێو ڕووبارەکە و بە مەلەکردن خۆی گەیاندە وشکانی و بە سەلامەتی بۆی دەرچوو!

دوای ساڵێک لەم ڕووداوە سەر فڕۆکە کەوت و بزوێنەری فڕۆکەکە لە کارکەوت، بە توندی دەرگاکەی ڕاکێشا و ئەمەش وای کرد دەرگاکە ڕایبکێشێت و هەڵیبداتە خوارەوە، کەوتە سەر کۆمەڵە گەنمێکی زۆر و بە سەلامەتی لێی دەرچوو، لە دەمێکدا هەموو سەرنشینەکانی فڕۆکەکە مردن!

ساڵی ١٩٧٠ ئۆتۆمبێلێکی کڕی و لە کاتی یەکەمجار لێخوڕینیدا، بزوێنەرەکەی گڕی گرت و بە سێ خولەک پێش ئەوەی بتەقێتەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە و وەک هەمیشە بە سەلامەتی بۆی دەرچوو!

ساڵی ١٩٩٥ پاسێک لێی دا، بەڵام هەر بەزوویی چاک بوویەوە، لە هەمان ساڵدا ئۆتۆمبێلە نوێکەی لە ڕێگایەکی شاخاویدا وەرگەڕا، لە جامەکەیەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە و بە درەختێکەوە خۆی گرتەوە، بەڵام ئۆتۆمبێلکەی کەوتە خوارەوە و سووتا!

ساڵی ٢٠٠٥ (فرانک سیلاک) بلیتێکی یانسیبی کڕی و ملیۆنێک و سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی بردەوە!

گەر پێتان وایە ئەوەی لەگەڵ (فرانک سیلاک) ڕوویداوە شتێکی نامۆیە و زۆر بەکەمی ڕوودەدات، ئەوا ئەوەی لەگەڵ (ڤیۆلیت جیسۆب) ڕوویداوە زۆر لەوە سەیرترە!

ڤیۆلیت وەک بەرخزمەت لە کەشتییە گەشتیارییەکاندا کاری دەکرد، لەسەر کەشتیی ئۆڵمپیک بوو ئەو دەمەی خۆی کێشا بە کەشتی هۆکدا، خەڵکێکی زۆر مردن و ئەو ڕزگاری بوو! لەسەر کەشتیی تایتانیک بوو ئەو دەمەی غەرقبوو، خەڵکێکی زۆر مردن و ئەو ڕزگاری بوو! لەسەر کەشتیی بریتانیک بوو ئەو دەمەی خۆی کێشا بە مینێکی ئاویدا و خەڵکێکی زۆر مردن و ئەو ڕزگاری بوو!

لە ڕاستیدا باوەڕم بە بەخت نییە، بەڵکوو باوەڕم بە قەدەرە، باوەڕم وایە خودا تەمەن و ڕۆزی و هەموو وردەکارییەکانی ژیانی دیاریکردوە و هیچ مرۆڤێک یەک هەنگاو نانێت لەدەرەوەی ئەوەی خودا بۆی دیاری کردووە!

ئەو کەسەی لە دەیان ڕووداو ڕزگاری بوو، ڕزگاری بوو، چونکە خوا نووسیبووی کە نەمرێت، ئەو کەسەی لە خنکان ڕزگاری بوو، ڕزگاری بوو، چونکە هێشتا ئەجەلی نەهاتووە!

ئەو کەسەی لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە ڕزگاری بوو، لەوەیە مردنەکەی بەوەبێت پارووێەک لە قوڕگی گیربێت، ئەو کەسەی لە خنکان ڕزگاری بوو، لەوەیە مردنەکەی لە ئاوخواردنەوەدا بێت، خەڵکی تەنها بە ڕێگای قەدەری خۆیاندا ڕێدەکەن!

الوطن

٢٠١٨/١١/٢٢

## سوپاس سولەیمان(عليه السلام)!

١. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، شانازی نەکەم بەدەسکەوتەکانم وەک ئەوەی خۆم دروستم کردبن، بەڵکوو بە ئەدەب بم لەگەڵ خودادا و فەزڵەکەی بۆ ئەو بگەڕێنمەوە، ئەوەتا تۆ رایدەگەیەنیت: ﴿عُلِّمْنَا مَنطِقَ ٱلطَّيْرِ﴾ واتە: ئەی خەڵکینە فێری زمانی باڵندەکان کراوین.

فەزڵەکەت نەدایە پاڵ خۆت و هەوڵەکانت و هاوکارەکانت، ئەوانەی عەرشی بەڵقیسیان بۆ هێنای پێش ئەوەی چاو بتروکێنیت، بە ئەدەبەوە لەگەڵ خودادا فەرمووت: ﴿هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّي﴾ واتە: ئەمە لە فەزڵی پەروەردگارمەوەیە!

٢. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، خاکی ببم، بۆ چاوتروکانێک ئەوە لەبیرنەکەم کە لە خۆڵم و دەگەڕێمەوە بۆ خۆڵ، تۆ خاوەنی هەموو زەوی بوویت لە خۆرهەڵات هەتا خۆرئاوا، لەگەڵ ئەمەشدا خاکی بوویت و لەشکرەکەت وەستاند بۆ ئەوەی گوێ رادێری بۆ وتەی مێروولەیەک!

٣. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، پۆزش بۆ خەڵکی بهێنمەوە، هەڵە هەر ڕوودەدات، مەرج نییە ئەوەی ئازاری دام نیەتی ئەوەی هەبووبێت، دانایی ونبووی باوەڕدارە، بۆ قسەی مێروولەکە وەستایت بۆ حیکمەتێک بوو، وانەیەک لە پۆزش هێنانەوە و گومانی باش بردن بە خەڵکی بوو، وتەکەی چەندێ باڵابوو کە ئەوێ ڕۆژێ وتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمْلُ ٱدْخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمْ لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾ واتە: مێروولەیەک وتی: ئەی مێروولەکان بڕۆنە ناو ماڵەکانی خۆتان، با سولەیمان(ﷺ) و لەشکرەکەی نەتان جلیقێنن لەژێر پێیاندا، لە کاتێکدا ئەوان هەست ناکەن.

٤. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، بەرپرسیارێتی ئەرکە نەک ڕێزلێنان، مرۆڤی مەرد هەتا بەرپرسیارێتییەکەی گەورەتر بێت ئەرکەکەی گەورەتر دەبێت، ئەوەتا بەنێو ژێردەستەکانتدا دەگەڕێیت، هەواڵی دانە دانەیان دەپرسیت، خاوەنی پەری و مرۆڤ و با و ئاژەڵەکان بووی، بەڵام چاوت گێڕا و وتت: ﴿مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ﴾ واتە: ئەوە چییە بۆ پەپوو سلێمانە نابینم؟!

٥. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دەرگا بەڕووی غائیبدا دانەخەم، هەموو غائیبێک پۆزشی خۆی هەیە، چەندێ جوانبوویت کە هەڕەشەت لە هودهود کرد، دەرچەیەکت بۆ جێهێڵا و جێیەکت بۆ ئاشتەوایی کردەوە، فەرمووت: ﴿لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاْذْبَحَنَّهُۥٓ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ﴾ واتە: سوێند بە خوا سزایەکی بەتینی دەدەم یا بێگومان سەری دەبڕم یا بێگومان بەڵگەیەکی ڕوونم بۆ دێنێت لەسەر ئامادە نەبوونی.

کە گەڕایەوە، لەو دەرچەیەوە هات کە بۆت جێهێشت بوو، لە جێی ئاشتەواییەوە هاتە ژوورەوە، لە سەبەئەوە هەواڵێکی ڕاستی بۆ هێنابووی!

٦. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، مرۆڤ لە زانست و پێغەمبەرایەتیدا چەندێ باڵابێت، هەر ئەوە دەزانێت کە خودا فێری کردووە، لەگەڵ فراوانی مەملەکەت و مەزنی زانستەکەت، هودهود ئەوەی فێرکردیت کە نەتدەزانی کە پێغەمبەریش بووی! ئەم ڕووداوە فێری کردم خاکی بم، چونکە ئەوەی نایزانم لەوەیە زۆرتر بێت لەوەی کە دەیزانم!

٧. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، سۆزداری نەمگرێت و هەرچیم گوێ لێبوو بەڕاستی نەزانم، ساویلکە نەبم و بانگەشە و بەڵگەکان بەسەرمدا تێنەپەڕن! ئەو دەمەی گوێت لە قسەکانی هودهود بوو فەرمووت: ﴿سَنَنظُرُ أَصَدَقْتَ أَمْ كُنتَ مِنَ ٱلْكَـٰذِبِينَ﴾ واتە: ئێمە لێکۆڵینەوە دەکەین تا بزانین ڕاست دەکەیت لەو هەواڵەدا یا لە درۆزنانیت.

کەسی ژیر بەدواداچوون دەکات و جێگیری دەکات، تەنها بە بەڵگە دەجووڵێت و لەسەر گومان بڕیارنادات!

٨. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێری ئەدەبی ڕاوێژکردن بووم، حاکمی دادپەروەر ئەوەیە گوێی لە دەنگی خەڵکی دەبێت، داگیرکاریش ئەوەیە تەنها گوێی لە دەنگی خۆیەتی، تەنها بۆچوونی خۆی پێ ڕاستە، بەڵقیس چەندێ جوانبوو کە پەیامەکەتی پێ گەیشت، گەلەکەی کۆکردەوە و پێش هەزارەها ساڵ لە هاتنی

دیموکراسی پێی وت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ﴾ واتە: ئەی سەرۆک و ئەشرافەکان دەربارەی ئەم کارەم رای خۆتانم پێ بڵێن، چونکە من هیچ بڕیارێک نادەم هەتا ئێوە ئامادە نەبن و راوێژتان پێ نەکەم.

٩. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی ئێوە فێربووم، خاوەن دەسەڵاتەکان ناکڕدرێن! جا زەنگین بن یان هەژار، پاشان ئەندازەی ئەو شتانەی مرۆڤ هەیەتی پەیوەندی بە فرۆشتن و نەفرۆشتنی نەفسیەوە نییە، ئەزموون ئەمەی سەلماندووە و واقیع وتویەتی! چەندی پاکیزەیت کە وتت: ﴿أَتُمِدُّونَنِ بِمَالٖ فَمَآ ءَاتَىٰنِۦَ ٱللَّهُ خَيۡرٞ مِّمَّآ ءَاتَىٰكُمۚ بَلۡ أَنتُم بِهَدِيَّتِكُمۡ تَفۡرَحُونَ﴾ واتە: ئێوە ماڵ و سامان بە من دەدەن؟! دەی ئەوەی خوا پێمی داوە، چاکترە لەوەی داویەتی بە ئێوە، بەڵکوو ئێوە بە دیارییەکانتان دڵخۆش دەبن.

١٠. سوپاس سولەیمان(ﷺ) لە چیرۆکی ئێوە فێربووم، ئەسەر مرۆڤ پێویستە لە وەڵامدانەوەدا ورد بێت، ئەو دەمەی لە بەلقیست پرسی: ﴿أَهَٰكَذَا عَرۡشُكِۖ قَالَتۡ كَأَنَّهُۥ هُوَۚ﴾ واتە: تەختەکەی تۆ وەک ئەمە وابوو، بەلقیس وتی وەک ئەو وایە.

ئەمە رەوانترین وەڵامە لە مێژوودا، گەر بیوتایە ئەوەی منە چۆن پێش خۆی هاتووە؟! گەر بیوتایە ئەو نییە، چۆن کەسێک عەرشەکەی خۆی ناناسێتەوە؟!

جام چی تێدابێت ئەوەی لێ دەڕژێت!

الوطن

٢٠١٨/١١/٢٥

## ئایا بەڕاستی دەیزانن!

ساڵی ١٨٣٥، نووسەری ئەمریکی مارک توەین لەدایکبوو، لە هەمان ئەو ڕۆژەی ئەستێرەی کلکداری هالی لە زەوی نزیک بوویەوە. ساڵی ١٩٠٩، مارک توەین بە سوعبەتەوە گوتی: ڕۆژی هاتنی ئەستێرەی کلکداری هالی لەدایکبووم، کە ساڵی داهاتوو دەڕواتەوە، پێشبینی دەکەم لەگەڵ خۆیدا بمبات.

ئەوەی زانراوە ئەستێرەی کلکداری هالی هەموو حەفتا و پێنج ساڵێک لە زەوی نزیک دەبێتەوە، مارک توەین لە ١٩٠٩/٤/٢٤، کۆچی دوای کردووە، لەو ڕۆژەی ئەستێرەی کلکداری هالی زەوی بەجێهێشت، لەدوای نزیکبوونەوە لێی!

هەر لەم میانەدا نەنکم بۆی گێڕامەوە -کە باوەڕی وابوو مرۆڤ هەست بە نزیکبوونەوەی ئەجەلی دەکات- دوو برا سەردانی یەکتریان نەدەکرد، بەهۆی میراتییەوە، ئەم دابڕانە ماوەی بیست ساڵ بەردەوام بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێکیان لە خەو هەستا و خۆی گۆڕی و بەرەو ماڵی براکەی کەوتە ڕێ، دای لە دەرگا و براکەی هاتە دەرەوە، بە پەرۆشەوە لە ئامێزی گرت و پێی وت: مردن زۆر چاوەڕێی کردین بۆ ئەوەی یەکتری لە ئامێز بگرین، بڕوام وایە زیاتر چاوەڕێمان ناکات!

دەستیان کردە گریان و لەیەکتری خۆشبوون، لە ڕۆژی دواتردا ئەو برایەی دەسپێشخەری کرد لە ئاشتەواییەکەدا، بەهۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد، کە پێشتر هیچ نەخۆشییەکی نەبوو!

هەر لەم میانەدا، یەکێک لە بێژەرەکان لە ڕادیۆیەکی ناوخۆیی ئەمریکی، ڕەخنەی لە خێرا ڕۆیشتنی ماتۆڕسوارەکان دەگرت، لە پەخشی ڕاستەوخۆدا وتی: کارەکە گەیشتووە بە سنوورێک کە کەس بەرگەی ئەم ماتۆڕسوارانە ناگرێت، زۆر بە سادەیی کەسێک دەکوژن، پێتان سەیر نەبێت گەر ماتۆڕێکی خێرا لەسەر ڕێگای ٢١٠ لێمبدات و بمکوژێت، لەدوای چەند کاتژمێرێک لەسەر ڕێگای ٢١٠ ماتۆڕێک لێی دا!

گوێم لە چیرۆکی زۆربووە لەبارەی ئەو کەسانەی بە چواردەوری خۆیان وتووە هەست دەکەن بەم نزیکانە دەمرن، وا ڕوویداوە و مردوونە، وەک خۆیان باسیان لێکردووە!

سەبارەت بە بۆچوونم لەم بابەتەدا ئەم چیرۆکانە بەڕاست دانانێم، هەتا ئەو ڕادەیەی باوەڕم وابێت بەڕاستی شتی وا ڕوودەدات، بەدرۆی ناخەمەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی بڵێم ئەم شتانە مەحاڵە ڕووبدەن!

لە ڕاستیدا وەڵامێکی تەواوم لەلا نییە کە پێتانی بڵێم، لە بەختی باشی خۆمەوە باوەڕم وایە کاری وێژە ئەوە نییە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ژیان بداتەوە کە وەڵامیان نییە، جارێک گوتم: دەقی باش ئەوەیە پرسیارمان تێدا دەورووژێنێت زیاتر لەوەی وەڵاممان پێشکەش دەکات!

نازانم ئەوەی نووسیم دەقێکی باشە یان نا، لێ خاترجەمم لەوەی هەندێ پرسیارم تێدا وروژاندوون کە وەڵامەکەیم لەلا نییە!

الوطن

٢٠١٨/١١/٢٧

## هەموو کەسێک دەیەوێت بنووسێت!

یاقوتی حەمەوی لە کتێبە ناوازەکەیدا (معجم البلدان)دا دەڵێت:

ئیبنو خەششابی نەحوزان و فەرمووودەناس، لە ڕۆژێکی زۆر گەرمدا و لە کاتی قەیلولەدا خەوی لێکەوتبوو، لە دەرگای ماڵەکەی درا بە لێدانێکی بێزارکەر... لە خەو هەستا و بە پەشۆکاوییەوە چووە دەرەوە، بینی دوو کەسی ئاسایین.

پێی گوتن: چیتان دەوێت؟

وتیان: ئێمە شاعیرین، هەر یەکەمان شیعرێکمان گوتووە و هەردووکمان گومانمان وایە شیعری خۆمان لەوەی ترمان بەهێزترە، هاتوینەتە لای تۆ و ڕازین بە بڕیارەکەت.

وتی: ئادەی یەکێکتان شیعرەکەی بڵێت.

یەکێکیان شیعرەکەی وت و ئەویش تا کۆتایی گوێی بۆ ڕادێرا، ئەوەی تریان ویستی شیعرەکەی بڵێت.

ئیبنو خەششاب پێی وت: لەسەرخۆبە، شیعرەکەی تۆ لەوەی ئەو باشترە.

پێی وت: چۆن شیعرەکەم دەزانیت کە گوێت لێی نەبووە.

وتی: چونکە ناگونجێت هیچ شیعرێک لەم شیعرە بێ کەڵکتر بێت!

وەک توێژەرە و ڕەخنەگرانی ئەدەب دەڵێن ئەم وتەیە هی ڕۆژێکە عەرەب جگە لە شیعر زانستێکی تری نەبووە، هەمووان دەیانویست ببن بە شاعیر، ئەوێ ڕۆژێ شیعر تاکە هۆکاری ڕاگەیاندن بوو، دەرفەتێکی ئاڵتونی بوو بۆ پارەوەرگرتن لە ئەمیر و والییەکان! عەرەب دەیانزانی شیعر بۆ هەموو کەس لەبار نابێت، هەربۆیە هۆزەکان گەر مژدەی هاتنی شاعیرێکی نوێیان پێ بدرایە، سێ شەو لە دیوەخاندا ئاگریان دەکردەوە!

بە گەڕانەوەمان بۆ لای ئیبن خەششابی هاوڕێمان، لە ڕاستیدا لە دۆخ و هەستەکەی تێدەگەم، دەیان جار بەو ئەزموونەی ئەودا تێپەڕیوم!

**یەکەم:** بانگەشەی پیشەی نووسین و ڕەوانبێژی ناکەم، بڕیار لەسەر بەرهەمەکانم نادەم بەوەی بەرهەمی نایابن، باوەڕیشم وانییە تەرازووی ویژەبم، هەموو ئەوەی هەیە نووسین خولیامە کە ناتوانم خەیاڵی ژیان بکەم بەبێ ئەو!
**دووەم:** هەفتە تێپەڕناکات ئیللا کەسێک کتێبێک یان ڕۆمانێکم بۆ دەنێرێت و دەیانەوێت لەبارەیەوە بۆچوونم بزانن! دوور لە بیرۆکە و ناوەڕۆکی ئەو شتانەی بۆم نێردراوە، هەست بە منەتباری دەکەم بەهۆی ئەو متمانە و گومانە باشەی پێی بردووم و کتێبەکەی بۆ ناردووم!
**سێیەم:** هەندێ لەو نووسراوانەی کە پێم دەگات، وام لێدەکات قژ بەسەرخۆمەوە نەهێڵم، بەهۆی ئاستی نووسینەکەوە، بەڕاستی کەم زانینێکی لە ڕادەبەدەر بوونی هەیە!

گومانی تێدا نییە وێژەی باش دەگاتە دەستم و لەگەڵ کەمی کاتمدا سوورم لەسەر ئەوەی هەندێ تێبینی بنێرم، کە باوەڕم وایە بەسوودە لەڕێی ئەوەی کە باوەڕم وایە ڕاستە، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی پێم دەگات ناگاتە ئاستی ئەو داڕشتنانەی کچەکەم دەیاننووسێت و لە پۆلی پێنجی سەرەتاییە!

مافی هەموو کەسێکە ئەزموونی خولیای نووسین بکات، گەرچی وێژەکەی لەوجۆرە بێت کە هانت دەدات قژ بەسەر خۆتەوە نەهێڵیت، لێ پێویستە لەسەر ڕەخنەگرەکان و وەشانخانەکان سنوورێک دابنێن بۆ ئەو شتە پووچانەی کە ئیمڕۆ چاپ دەکرێن! هەروەها پێویستە لەسەریان بەدوای بەهرەی نوێدا بگەڕێن و ڕێگای بۆ بکەنەوە و دەرفەتی بدەنێ، هەتا کتێبی نایاب زیاتر بێت زمان (لغة) لە باشەدا دەبێت، زمانیش لە هەمووان گرنگترە!

الوطن

٢٠١٨/١١/٢٩

# ڕوانگەیەکی تر!

کاورایەک ویستی خانووەکەی بفرۆشێت و بچێتە خانووەیەکی باشترەوە، چووە لای یەکێک لە هاوڕێکانی کە پیشەساز و شارەزابوو لە بواری بازاڕکردندا، داوای لێکرد یارمەتی بدات لە نووسینی چەند دێڕێکدا بۆ فرۆشتنی خانووەکەی، ئەویش بە باشی خانووەکە شارەزابوو، تاریفێکی جوانی بۆ نووسی، تێیدا باسی شوێنە جوانەکەی و مەودا گەورەکەی و دیزاینە ئەندازیارییە ناوازەکەی کرد!

دواتر وشەکانی ڕیکلامەکەی بۆ هاوڕێکەی خوێندەوە، کە بە شۆکەوە گوێی بۆ ڕادێرابوو، پێی وت: تکایە دووبارە ڕیکلامەکە بخوێنەرەوە!

لەدوای ئەوەی شارەزای بازاڕکردنەکە خوێندنەوەکەی تەواوکرد، خاوەنی خانووەکە پێی وت: ئای چ خانووەیەکی ناوازەیە، بەدرێژایی ژیانم ئاواتەخوازی ئەوەبووم خانووەیەکی ئاوام هەبێت، نەمدەزانی ئەوا چەندین ساڵە تێیدا دەژیم، هەتا گوێم لەتۆبوو پەسنت دەکرد!

دوور لە بیرۆکەی ڕیکلامە بازرگانییەکان کە مێشکت لێدەکەنە گامێشێک، کە زۆربەی جار بە وشەی نەرم فریومان دەدەن کە وەک لیستی خواردنەکانی نێو فڕۆکە وایە!

یەکەمین جار کە بە فڕۆکە گەشتم کرد، لیستێکی خواردنیان پێدام شتێکم تێدا خوێندەوە کە لەمە دەچوو: ئاردی سپی بێ وێنە کە دەرهێنراوە لە گوڵەگەنمی ئاڵتونی کە لە ئاوی پاک تێراوبووە و لە نێو بەردێکی گەورەوە دەرچووە، لەگەڵ هێلکەی ئەو مریشکانەی کە لە باشترین کێڵگە گەورەبوونە و گوێیان لە مۆسیقا گرتووە و سەمایان کردووە! لەگەڵ بەهاراتی جیهانی کە بەتایبەتی بەرهەمهێنراوە، لەگەڵ سەوزەوات کە کەسانی تایبەت و دەرچووی زانکۆ جیهانییەکان چاودێری دەکەن!

لە نەفسی خۆمدا وتم ئەمە خواردنێکە لە خواردنەکانی بەهەشت، یان بەلایەنی کەمەوە ئەو فالودەیەیە کە لە چیرۆکی خەلیفەکاندا لەبارەیەوە خوێندوومەتەوە! بژاردەی دووەمم نەخوێندەوە، چونکە هێندە حەزم دەکرد ئەو خواردنە ببینم، کە بۆیان هێنام بینیم ئۆملێتە (هێلکە و مریشک)، ئەو خواردنەی دایکم ئەو ڕۆژانەی دروستی دەکرد کە دەمزانی مالییە کزە و نزیکە لە ئیفلاسبوون، یان فەرشی دەشۆری و کاتی نەبوو پەرچوو دروست بکات!

بە گەڕانەوەمان بۆ لای هاوڕێکەمان، خاوەنی خانووەکە، دەپرسم: بۆچی دەبێت کەسانی تر ئەو شتە جوانانەمان پێ بڵێن کە خاوەندارێتییان دەکەین! گرفتی ئێمە لەوەدایە هەمیشە دەمانەوێت زیاترمان هەبێت لەبری ئەوەی چێژ وەربگرین لەوەی هەمانە!

هەمیشە خانووەیەکی گەورەترمان دەوێت، لێ لە یادی دەکەین خانوو تەنها دیوار و شتی ناوماڵ نییە، بەڵکوو نیشتیمانێکی بچووکە کە هەست و بەسەرهات و یادگاری تێدایە، زیاتر لە مەودا و شتەکانی ناوی!

هەمیشە دەمانەوێت خاوەنی کارێکی باشتر بین، لێ لە یادی دەکەین جیهان پڕە لەوانەی بێکارن و کارکردن تەنها پارە چنگ

ناخات، بەڵکوو کەرامەتە و پەیداکردنی پاروویە نانە بەسەربەرزییەوە، هەستێکی ناوازەیە لە بەرهەمهێنان و بەخشین!

هەمیشە ئێمەی ژن و پیاو، مێردێکی باشتر و ژنێکی باشترمان دەوێت، لە یادی دەکەین سەرەتا خۆمان باشترین بین!

هیچ گرفتێکی تێدا نییە مرۆ هەوڵبدات ببێتە خاوەنی خانوویەکی گەورەتر، یان کارێکی باشتری دەستکەوێت، یان حەزبکات هاوژینێکی زۆر باشی ببێ بە نسیب، لێ بۆچی دەبێت هەست بە کەمی بکەین بەرانبەر ئەو شتانەی نیمانە، لەبری ئەوەی هەست بە دڵخۆشی بکەین بەرانبەر ئەو شتانەی هەمانە!

الوطن

٢٠١٨/١٢/٤

## سوپاس ئیسماعیل(عليه السلام)!

١. سوپاس ئیسماعیل(عليه السلام) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دەرووڵێکردنەوەی خودا کە هات شۆکت دەکات، دایکت کە لە نێوان سەفا و مەڕوەدا دەڕۆیشت و ئەوپەڕی ئاواتی ئەوەبوو کەمێک ئاوی دەستبکەوێت و ئاوی لێبخواتەوە و ئاوت بدات، خودای گەورە لە ژێر قاچتدا ئاوی زەمزەمی هەڵقوڵاند، کە هەتا ئێستا وشکی نەکردووە!

٢. سوپاس ئیسماعیل(عليه السلام) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، خودای گەورە دۆستانی جێناهێڵێت، هەمیشە خودا لەجێی گومانی بەندەکەیدایە، ئەو دەمەی باوکت خۆت و دایکتی بەتەنها جێهێڵا، دایکت پێی وت: خودا فەرمانی پێکردووی؟ وتی: بەڵێ! دایکت وتی: بڕۆ خودا زایەمان ناکات!

خودا زایەی نەکردن، هۆزێکی هێنا بۆلاتان ئەمە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی لێرە تەنها گوندێک بوونی نابێت، بەڵکوو دایکی گوندەکان دەبێت!

٣. سوپاس ئیسماعیل(عليه السلام) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، هەندێک کەس گەرچی لەسەرەتای لاویدان، بەڵام ڕۆچوونە لە ئیماندا، چەندێ

جوانبوویت ئـەو دەمـەی باوکـت پێـی گوتیـت سـەرت دەبـڕم، پێت وت: ﴿ يَٰٓأَبَتِ ٱفۡعَلۡ مَا تُؤۡمَرُۖ سَتَجِدُنِيٓ إِن شَآءَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ واتـە: بابـە گیان ئەوەی فەرمانت پێ دراوە بیکە، دڵنیابە دەمبینی بە ویستی خـوا لـە خۆگران دەبـم.

٤. سـوپاس ئیسـماعیل(ﷺ) لـە چیرۆکـی تـۆوە فێربـووم، خـودا خۆشەویسـتانی خـۆی تاقیدەکاتـەوە بـۆ ئـەوەی بـە تەنهـا بـۆ خـۆی بن، ئـەو دەمـەی باوکت دڵـی پەیوەستبـوو پێتـەوە، خـودا داوای لێکرد سـەرت ببڕێت، بـەڵام خـودا ڕزگاری کردیت، چونکە خـودا دەیویست باوکـت ئارەزووەکانـی سـەرببڕێت نـەک تـۆ، کـە لـە تاقیکردنەوەکـەدا سـەرکەوتووبوو ڕزگارانەکـە هـات!

٥. سـوپاس ئیسـماعیل(ﷺ) لـە چیرۆکـی تـۆوە فێربـووم، پێویسـتە لەسـەر بـاوک هیـچ دەرفەتێـک لەدەسـتنەدات بـۆ ئـەوەی منداڵەکانـی چـاک بـکات، ئـەو دەمـەی خـودا فەرمانـی کـرد سـەرت ببڕێت، باوکت دەیتوانی لەناکاوا سـەرت ببڕێت و بەخۆت نەزانی، بەڵام خودا ویستی لێبـوو لـە فراونتریـن دەرگاوە بچێتـە مێـژووەوە، وەک بەناوبانگتریـن کـوڕی بـاش لـە مێژووی مرۆڤایەتیـدا!

٦. سـوپاس ئیسـماعیل(ﷺ) لـە چیرۆکـی تـۆوە فێربـووم، قوربانییـە گـەورەکان بـە نەمـری دەمێننـەوە، هیـچ شـتێک لـەلای خـودا بەزایـە ناچێـت، دایکـت لـە نێـوان سـەفا و مـەڕوەدا بـۆ ئـاو دەگـەڕا، بـووە پایەیـەک لـە پایەکانـی حـەج و عومـرە، ڕەجمەکـەی باوکیشـت یەکێکـە لـە پایـەکان، سـەربڕینی مـەڕ و تەوافکـردن، ڕێزێکـە لەلایـەن خـوداوە بـۆ ئـەم خێزانـەی کـە نەفسـیان نەزرکردبـوو بـۆ خـودا!

٧. سوپاس ئیسماعیل(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، باوەڕداری بەهێز باشتر و خۆشەویسترە لەلای خودا لە باوەڕداری لاواز، بە باشی تیر هاوێژیت دەزانی، پێغەمبەری خودا(ﷺ) بەلای هەندێک لە هاوەڵانیدا تێپەڕی کە ڕاهێنانیان دەکرد لەسەر تیرهاوێژی، پێی وتن: هۆزی ئیسماعیل! تیربهاوژێن، باوکتان تیرهاوێژبووە!

٨. سوپاس ئیسماعیل(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، پیاو بەدوای بژێویدا دەگەڕێت و گرنگی بەماڵەکەی دەدات، جا بەرپرسیارێتییەکەی چەندێ مەزن بێت، ئەو دەمەی باوکت هاتە سەردانت و هەواڵی پرسیت، خێزانەکەت وتی: چووە شتمان بۆ پەیدا بکات!

٩. سوپاس ئیسماعیل(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، ئەوەی لە خودا ناڕازی بێت لەگەڵیدا ژیان ناکرێت، ئەو کاتەی ژنی یەکەمت لەلای باوکت سکاڵای کەمی پارە و ڕۆزی کرد و سوپاسی خودای نەکرد، باوکت بە خێزانتی وت: بە ئیسماعیل(ﷺ) بڵێ چوارچێوەی ماڵەکەی بگۆڕێت! لە پەیامەکە تێگەیشتیت و تەڵاقتدا، بۆ ئەوەی خودا بە باشتر قەرەبووت بۆ بکاتەوە، لە تاقیکردنەوە دەرچوویت و خەڵاتی (چوارچێوەی ماڵەکەت بپارێزە)ت وەرگرت!

١٠. سوپاس ئیسماعیل(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، گەر خودا بەندەیەکی خۆشویست، بەکاریدەهێنێت بۆ خزمەتی دینەکەی، خودا کە ئێوەی ڕاسپارد بۆ دروستکردنی کەعبە بەهۆی کەمی سەربازەکانیەوە نەبوو، بەڵکوو بەهۆی ئەوەوەبوو زۆر خۆشیدەویستن، ویستی ڕێزتان لێ بنێت و ئێوەیش شایەنی ئەوەبوون!

١١. سوپاس ئیسماعیل(ﷺ) لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، دوعا چ کاریگەرییەکی هەیە، باوکت دوعای کرد و وتی: ﴿فَٱجْعَلْ أَفْـِٔدَةً مِّنَ ٱلنَّاسِ تَهْوِىٓ إِلَيْهِمْ وَٱرْزُقْهُم مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ﴾.

واتە: دڵی خەڵکی وا لێبکەیت سۆزیان ببێ بۆ لایان و لە هەموو بەر و میوەیەکیش ڕۆزیان بدە، بەڵکوو شوکرانە بژێربن.

تیری دوعاکەمان بەرکەوت، هیچ موسڵمانێک نییە لەسەر زەویدا ئیللا دڵی تامەزرۆی مەککەیە!

الوطن

٢٠١٨/١٢/٦

## ڕێژەیی لە جۆرێکی تر!

ساڵی ١٩٢٢، ئەلبێرت ئەنیشتاین لە گەشتێکدا بوو لە یابان، لە کاتی دانیشتنی لە ژوورەکەیدا کارگوزاری هۆتێلەکە پەیامێکی بۆ هێنا، لە گیرفانیدا هیچ پارەیەکی دەستنەکەوت بۆ ئەوەی بەخشیشی بداتێ، ئامۆژگارییەکی لەسەر کاغەزێک بۆ نووسی و پێی گوت: وەریبگرە، لەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەهاکەی لە پارە زیاتربێت!

کارگوزارەکە ڕۆیشت و یەکێک لە گرنگترین بیردۆزەکانی ئەنیشتاینی پێبوو، ئەویش بیردۆزی ئەنیشتاینە بۆ بەختەوەری:

ژیانێکی هێمن و خاکییانە، زۆرباشترە لە سەرکەوتنێک کە دوودڵی لەگەڵ بێت!

ئەمە ئامۆژگاری ئەنیشتاین بوو بۆ کارگوزاری هۆتێلەکە!

ساڵی ٢٠١٧ پێشبینییەکەی ئەنیشتاین وەڕاست گەڕا، کاغەزەکە بە یەک ملیۆن و نیو دۆلار فرۆشرا!

دوور لە بیردۆزی بەختەوەری ئەنیشتاینی، ئەلبێرتیش وەک ئێمە غەیبی نەدەزانی! ڕاستە کاورایەکی لێهاتووبووە، خوداش فەرمانی کردووە لە کاتی بڕیارداندا دادپەروەربین، ﴿وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟﴾ واتە: ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک، هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن!

بەڵام لەگەڵ لێهاتووییەکەیدا پێشبینییەکانی وەک خوێندنەوەیەکی مرۆڤانە دەبێت بۆ داهاتوو، لەوەیە بپێکێت و نەپێکێت، لەو پێشبینیانەی نەیپێکاوە، ئەو دەمەی پێشنیازی بۆ کرا ببێتە سەرۆکی دەوڵەتی کیانی سەهوێنی، ڕەتیکردەوە و وتی: سەرۆکایەتی وڵاتێک قبووڵ ناکەم کە پەنجا ساڵ زیاتر ناژی!

لەو پێشبینیانەی کە هەتا ئێستا ڕاستی و ناڕاستییەکەی ڕوون نەبۆتەوە: نازانم مرۆڤایەتی لە جەنگی جیهانی سێیەمدا چ چەکێک بەکاردەهێنن، بەڵام جەنگی جیهانی چوارەم بە دار و بەرد دەکرێت!

بە گەڕانەوەمان بۆ بیردۆزی بەختەوەری ئەنیشتاینی، بیردۆزێکی کۆمەڵایەتی ژیانە، گرنگییەکەی کەمتر نییە لە بیردۆزی ڕێژەیی و بیردۆزی دروستبوونی گەردوون کە ئەنیشتاین باسی دەکات!

ژیانی مرۆڤ بە ئەندازەی ئەوەیە کە چێژی لێوەردەگرێت، بە ئەندازەی ئەو شتانەی خاوەندارییەتی دەکات، نەک ئەندازەی ئەوشتانەی خاوەنداریی دەکەن!

بەڕاستم بزانن ماڵەکان پڕن لە نهێنی، مرۆڤەکان سندوقێکی داخراون، زۆرێک لەو کارە ناسراوانەی ئیمڕۆ دەیبینن کۆیلەییە لە پۆشاکێکی کەشخەدا، کۆیلایەتییە لە قات و بۆینباخدا!

هیچ شتێک سەختتر نییە لە ژیانێکی پڕ دوودڵی، بەزەیم بەوانەدا دێتەوە کە لەبەردەم بەڕێوەبەرەکانیان وەک پشیلەی ماڵی ڕادەکەن، کەسیان نازانن کەی شەقێکیان لێدەدرێت و کارەکەیان کۆتایی دێت!

بەزەیم بە خاوەنی بۆرسەکاندا دێتەوە، کە دوودڵی بەدرێژایی ڕۆژەکە دەیانخوات، حەپی زەخت قووت دەدەن وەک چۆن منداڵ کیسە نوقڵەکە قووت دەدات، وەک ئەوەی لە پێشبڕکێدایە لەگەڵ کاتدا و دەیەوێت کارەکەی تەواوبکات پێش ئەوەی دایکی بیگرێت!

پێش پەنجا ساڵ جەڵدەی دڵ دەگمەن بوو وەک حوشتر لە جەمسەری باکوور و سەگی ئاوی لە ڕووبعی خالیدا، ئێستا ڕۆژ نییە جەڵدەی دڵ کەسێک نەخات کە وەک شاخە، ژیانمان خێرا تێپەڕ دەکات، دوودڵی دەیخوات وەک مشکی تەماعکار، کە هیچ کارێکی نییە تێکدان نەبێت!

دڵخۆشی بۆ ئەوەی خاوەنی ژیانی خۆی بوو، ژیان نەبووە خاوەنی، دڵخۆشی بۆ ئەوەی ژیانێکی سادە ژیا دوور لە چاوەکان، زیانی نەکرد کە خەڵکی نایناسن مادەم خودا دەیناسێت!

الوطن

٢٠١٨/١٢/٩

## دەردەدڵ بکەن
## ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت!

لە ویلایەتی نیڤادا لە ئەمریکا، دیوارێک هەیە خەڵکی خەمەکانیان بەسەردا بەتاڵ دەکەنەوە و ئەو شتانەی لەسەر دەنووسن کە لێی دەترسن، لە کۆتایی ڕۆژەکەدا دیوارەکە پاک دەکرێتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی دەتوانرێت خەم و ئازارەکان بسڕدرێنەوە!

بۆ ئەوەی هیچ کەسێک تۆمەتبارم نەکات بەوەی بە ئەمریکا فریوم خواردووە و بانگەشەی ئەوە دەکەم بست بە بست شوێنیان بکەون، هەتا ئەگەر دەردەدڵیان بۆ دیوار کرد، ئێوەیش وەک ئەوان دەردەدڵ بکەن، لەدوای ئەوەی دەڵێم هەموو ئەوەی لە خۆرئاوادا هەیە خراپ نییە و هەموو ئەوەی لە خۆرهەڵاتدایە جوان نییە، وتەی ئەو کەسەتان بۆ دەهێنم کە تۆمەتبار ناکرێم بە شوێنکەوتنی، ئیبنو حەزم لە (طوق الحمامة)دا دەڵێت: ئەو دەمەی خەمەکان لەسەر دڵ کەڵەکە دەبێت، تەنگ و ناڕەحەتی دەکات، گەر بە سکاڵاکردن و باسکردنی ئیسراحەتی پێ نەکرا، زۆر نابات لە خەمدا لەناودەچێت!

بەڵکوو ئیبنو حەزم لە قسەکانیدا شتێک زیاد دەکات کە گومانم وایە ئەهلی نیڤادا پەیان پێی نەبردووە، دەڵێت: هەندێک لەوانەی لە خەڵکی دوورکەوتوونەوتەوە، بەهۆی ئەوەی کەسێکیان شک نەبردووە نهێنی پارێز بێت، وتوویانە: دەچووینە شوێنێکی چۆڵ و دوور لە خەڵکی و چرپەمان بۆ هەوا دەکرد و قسەمان لەگەڵ زەویدا دەکرد، لەمەدا ئارامییەک هەبوو، وەک چۆن نەخۆش بە نرکە نرک و خەمبار بە ئاخ هەڵکێشان ئارام دەبێتەوە!

دەردەدڵ بکەن ڕەحمەتی خوداتان لێ بێت، مەهێڵن خەمەکانی ناو ناختان بتانکوژێت، سکاڵاکانت بۆ هاوڕێیەکت باس بکە، باسی ترسەکانت بکە بۆ کەسێکی ئازیزت، باسی ئاواتە سەختەکانت بکە بۆ ئەو کەسەی متمانەت پێی هەیە، مەهێڵە ئاوری ناخت سووتەمەنی سینەت بخوات، خۆت دەزانیت خەفەت مرۆ دەخوات، وەک چۆن ئاژەڵێکی دڕەندە جەستەی ئاسک دەخوات!

دواتر گەر هاوڕێ و ئازیز بوونی نەبوو، دەگمەن بوون ئەوانەی متمانەت پێیان هەبوو، کاغەز و قەڵەمێک بێنە و ڕووبەڕووی ترسەکانت ببەرەوە، خەونەکانت بنووسەوە، ئاواتەکانت تۆماربکە، زۆر شت هەیە پێویستە هەروا زیندانی نەبێت، بەلای ڕووبارێکدا بڕۆ، قسە لەگەڵ خۆت بکە، بنوارە شەپۆلەکان چۆن ناوەستن و بەردەوام خۆیان پاکدەکەنەوە، ئاوی وەستاو بۆگەن دەکات، کەواتە تۆیش ئاوی وەستاو مەبە!

دواتر بیرۆکەی چارەسەری دەروونی کە فرۆید هێناویەتی و خۆی پێویستی بە چارەسەرە، لەسەر بیرۆکەی ئەوە وەستاوە نەخۆش ترس و خەمەکانی لە نەستییەوە (لاشعور) دەربهێنێت بۆ هەست (شعور)، بەهەمان ڕێگای دیوارەکەی خەڵکی نیڤادا، بە هەمان فەلسەفەی ئیبنو حەزم لە (طوق الحمامة)دا!

بەڵام دەبێت خاڵێک لە یاد نەکەی، ئامان نەکەی دەردەدڵکردن و سکاڵاکردن لە خوا لەلای خەڵکی تێکەڵ بکەیت، لە کتێبی (العقد الفرید)ی (إبن عبد ربە)دا هاتووە، فوزەیلی کوڕی عیاز گوێی لە پیاوێک بوو سکاڵای ئەو بەڵایەی دەکرد کە تووشیبووە، پێی وت: ئەوە چیتە، سکاڵا لەدەستی ئەو زاتە دەکەیت کە ڕەحمت پێ دەکات، لەلای ئەو کەسەی ڕەحمت پێ ناکات!

الوطن

٢٠١٨/١٢/١١

## بنەماکان بەش بەش ناکرێن!

مارتن نیمولەر دەڵێت:

لە ئەڵمانیا ئەو دەمەی شوعییەکان قۆڵبەست کران، گوێم پێ نەدا، چونکە شوعی نەبووم، ئەو دەمەی جووەکان چەوسێنرانەوە، گوێم پێ نەدا، چونکە جوولەکە نەبووم، دواتر کە نەقیبی کرێکارەکان چەوسێنرانەوە، گوێم پێ نەدا، چونکە لەگەڵ ئەوان نەبووم، دواتر کە کاسۆلیکییەکانیان چەوساندەوە، گوێم پێ نەدا، چونکە پرۆتستتانتی بووم! ئەو دەمەی قۆڵبەستکرام هیچ کەسێک نەبوو بەرگریم لێ بکات!

ئەو دەمەی وتەی مارتن نیمولەرم خوێندەوە، ئەو شتەم هاتەوە یاد کە لە وڵاتەکەماندا ڕوودەدات لەنێوان لایەنی ئیسلامی و لایەنی لیبراڵی، سەبارەت بە بابەتی قۆڵبەستکردن و زیندانیکردن، لیبراڵیەت لەسەر بنەمای بنچینەکەم قابیلی دەستکاریکردن نییە وەستاوە، کە ئەویش ئازادییە، بەڵام دەبینیت لیبراڵیەت فزەی لێوە نایەت کاتێک حکومەت هەڵمەتی ڕەشبگیری ئیسلامییەکان دەستپێدەکات، لەکارەکەدا فرسەتی تۆڵەکردنەوە دەبینێت، ئەوا حکومەت ڕزگاری کردووە لە هەندێ دوژمنەکانی، جا بەلایەوە گرنگ نییە ئەم شتە بە زوڵم ڕوویداوە یان دادپەروەری!

هەمان شت لەگەڵ لایەنە ئیسلامییەکانیشدا ڕوودەدات، ئەو دەمەی حکومەت هەندێ لە لیبراڵییەکان دەستگیر دەکات، گوێت لە دەنگی لایەنی ئیسلامی نابێت، چێژی سەرکەوتن دەچێژێت و دەڵێت: خوایە زاڵم بدەیت بەگژ زاڵمدا و ئێمەیش لە نێوانیاندا بە سەلامەتی دەربکەیت! دواتر لەوەیە وتاری هەینی باسی ئەو ئافرەتە بێت کە چووە دۆزەخەوە بەهۆی زیندانیکردنی پشیلەیەکەوە، لێ وتاربێژەکە بەرگری لە مرۆڤێک ناکات کە بە زوڵم زیندانی کراوە، گەرچی لە بیروبۆچووندا دژیەتی!

بەڕێزەکان بنەماکان بەش بەش ناکرێن، یان لەگەڵ ستەملێکراو دەبین جا بیروبۆچوون و عەقیدەی هەر چۆنێک بێت، یان لەگەڵ ستەمکاردایـن! ئەو ستەمەی لە تاک یان لە کۆمەڵگا دەکرێت، بەها و مەبادیئی کەسانی تر دەکاتە سەر سەنگی مەحەک، یان دژی ستەم دەوەستێت بەمەش سەرەتا لەگەڵ خۆیدا وەستاوە، چونکە بەرگری لە بەهاکانی دەکات و دەستێک بۆ سبەی دەشارێتەوە دێتە هانایەوە ئەو دەمەی ستەمی لێدەکرێت، یان لەگەڵ ستەمکاردا دەوەستێت، ڕێگەی سێیەمی نییە، ئەڵڵاهومە مەگەر کەسێک لەدڵەوە نکوڵی زوڵمەکە بکات، ئەمەش لاوازترین ئیمانە!

ئەڵبەتە تێدەگەم لە ترسی مرۆڤ لەسەر نەفسی خۆی، بەتەواوی ئاگام لە دۆخی مرۆڤی عەرەبیی هەیە کە ناتوانێت بڵێت نەخێر! باسەکە ڕووی لەوان نییە، بەڵکوو ڕووی لەوانەیە کە دەتوانن بڵێن نەخێر، بەڵام نایڵێت، ئیللا ئەو دەمەی ستەمی لێدەکرێت یان ستەم لە لایەنەکەی دەکرێت، ئەمە ئەو شتە قێزەونەیە کە بەها و مەبادیئەکانمان بریندار دەکات و کەوی دەبێت بۆ ستەم و زۆرداری!

الوطن

٢٠١٨/١٢/١٣

## بەندەکانی خودا قەیلولە بکەن!

ئیدواردۆ گالیانۆ دەڵێت:

ساڵی ١٧١٤، لە شاری بادوا، دکتۆر بێرناردینۆ ڕامازینی کۆچی دوایی کرد، دکتۆرێکی نامۆبوو، یەکەم پرسیار کە لە نەخۆشی دەکرد ئەوەبوو: لە کوێ کاردەکەیت؟!

کەس بە خەیاڵدا نەدەهات کارەکە هێندە گرنگی هەبێت! لێ ڕامازینی یەکەمین توێژینەوەی لەبارەی پزیشکی کارکردنەوە نووسیبوو بە ناوی (نەخۆشییەک کە ناوی کارکردنە) ئەوەی تێدا باسکردبوو کە ئەو کرێکارانەی لە ژێر فشار و لە کۆگای داخراودا کاردەکەن بەبێ پشوو وەرگرتن، کە نەخۆش دەکەون زۆر بە دەگمەن چاک دەبنەوە!

لە ڕاستیدا پێش ساڵێک ئەم قسەی ئیدواردۆ گالیانۆم خوێندەوە، لەوەیە کەسێک بپرسێت: چی وای لێکردی ئێستا باسی بکەیت؟ ئەم پرسیارەش لە جێی خۆیدایە، وەڵامەکەی ئەوەیە: دوێنێ بابەتێکم خوێندەوە ئەوەی هێنامەوە یاد!

پرۆفیسۆری مێشک و دەمار (فینسن والش) دەڵێت:

خەوتن لەماوەی کارکردندا بۆ ماوەی بیست بۆ سی خولەک، ئەگەری تووشبوون بە جەڵدە کەمدەکاتەوە و بەرهەمی فەرمانبەرەکان زیاد دەکات!

سەرەتا بیرۆکەکەم پێ جوان بوو، وتم توێژینەوەیەکی جوانە، هیچ شتێک جوانتر نییە لە قەیلولەکردن (سەرخەوشکاندن) لە کاتی دەوامدا بۆ ئەوەی بەرهەمی ئوممەت زیاتر ببێت! لێ گەڕامەوە و بەخۆمم وت لەوەیە توێژینەوەکە ڕاست نەبێت، یان ئەو کەسە بوونی هەر نەبێت وەک زۆربەی ئەو توێژینەوانەی گوێمان لێی دەبێت، ئەو زانایانەی کە ئەنجامیان داوە لەسەر ئەم زەوییەدا بوونیان نییە!

دواتر بۆ ئەوەی گومانەکە دووربخەمەوە، بە خۆمم وت: چیم داوە بەسەر ئەم گومانەوە، ئێمە لە سەدەی بیست و یەکداین و هەواڵی ڕاست لەلای گۆگڵ هەیە! لەدوای گەشتێکی گۆگڵی دەرکەوت ئەو کەسە بوونی هەیە و دکتۆری مێشک و دەمارە!

بەڵکوو لە شیعرەکە بەیتێکتان بۆ زیاد دەکەم، قەیلولەکردن لە کاتی کارکردندا و پەیوەندی بە زیادبوونی بەرهەمەوە وەک هەواڵێکی ئاسایی نەماوە، یان توێژینەوەی مەرەکەب بێت لەسەر کاغەز، بەڵکوو کۆمپانیا گەورە جیهانییەکان دەستیانکردووە بە جێبەجێکردنی، کۆمپانیا گەورەکانی وەک (گۆگڵ) و (نایک) ژووری قەیلولەیان بۆ کارمەندەکانیان داناوە، بۆ ئەوەی بەرهەمیان زیاد بکات، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە بەهۆی وەرگرتنی قەیلولەی کارمەندەکانیانەوە هەر کۆمپانیایەک بڕی هەژدە ملیار دۆلاری دەسکەوتووە!

بەناوی خۆم و سەرجەم کرێکار و فەرمانبەرە بەدبەختەکان، کە بێ بەشن لە قەیلولە و ڕێگریان لێکراوە لە زیادکردنی بەرهەمەکانیان، داوا دەکەم ژووری قەیلولەمان بۆ دابین بکەن، خوازیارم بابەتیانە مامەڵەبکرێت لەگەڵ ئەو ڕاستییەی باسم کرد و قسەکانم بە کوفر هەژمار نەکرێت!

الوطن

٢٠١٨/١٢/١٥

## کێ تەورەکەی دزیوە؟

کاورایەک دەڵێت: تەورەکەمم نەبینییەوە، گومانم کرد دراوسێکەم دزیبێتی، بەچڕی چاودێریم کرد! ڕۆیشتنەکەی لە تەوردز دەچوو، قسەکانی لە قسەی تەوردز دەچوو! تەنانەت جووڵەکانی ئاماژەبوون بۆ ئەوەی تەنها ئەو تەورەکەی دزیوە!

ئەو شەوە خەمباربووم و خەوم لێنەکەوت و بیرم دەکردەوە چۆن ڕووبەڕووی ببمەوە، لێ دەمەو بەیان تەورەکەمم دۆزیەوە، کوڕە بچووکەکەم باوەشێ کای خستبووە سەر تەورەکە!

ڕۆژی دواتر تەماشای دراوسێکەمم کرد، هیچ شتێکم تێدا نەدەبینی کە لە تەوردز بچێت، نە ڕێکردنی نە قسەکردنی نە جووڵەکانی دەستی، بەتەواوی وەک کەسە پاکەکان وابوو!

ئەو دەمە زانیم دزەکە من بووم، ئەمانەت و پاکی دراوسێکەمم دزی، شەوێکی تەمەنی خۆمم دزی بەدرێژایی شەوەکە بیرم دەکردەوە چۆن ڕووبەڕووی مرۆڤێک ببمەوە بە پاساوی تاوانێک کە ئەنجامی نەداوە!

دەتوانین لەم چیرۆکەوە چەندین وانە وەربگرین، گرنگترینیان:

**وانەی یەکەم:**

هەستەکانمان بڕیار لەسەر تێڕوانیمان دەدا بۆ ژیان! ئەو دەمەی کەسێکمان خۆشدەوێت تەنها چاکەکانی دەبینین، یان ئەو دەمەی خراپەکانیان دەبینین وا خۆمان دەردەخەین کە نایبینین، ئەو کاتەشی ڕقمان لە کەسێک دەبێت تەنها خراپەکانی دەبینین، تەنانەت ئەو کاتەی چاکەکانی دەبینین وا خۆمان دەردەخەین کە نەمان بینیوە، ئەو حەقیقەتەی هەموومان فەرامۆشی دەکەین و دەمانەوێت لێی رابکەین ئەوەیە کە ئێمە جیهان بە دڵمان دەبینین زۆرتر لەوەی بە ئاوەز و چاومان دەیبینین!

**وانەی دووەم:**

ئەو ساتەی گومانی برد دراوسێکەی تەورەکەی دزیوە وایکرد دراوسێکە وادەربکەوێت، ساتی دڵنیابوونەکەش ئەوەی ڕوونکردەوە کە دز نییە و بێ تاوان دەرکەوت! زۆربەی جار ئێمە وەهمەکانی خۆمان دروست دەکەین، خۆمان کۆت و زنجیرەکانمان دادەنێین، گەر رابمێنین لە زۆربەی کێشەکانمان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت قوربانی دەستی خۆمانین!

**وانەی سێیەم:**

ئەو دەمەی مرۆڤ بڕیار لەسەر ڕووداوێک دەدات، حەقیقەتی ئەو ڕووداوە بۆ خەڵکی ڕاڤە ناکات بە ئەندازەی ئەوەی حەقیقەتی خۆی ڕاڤە دەکات! ئێمە بڕیارەکان دەردەکەین بەپێی بنەما و بیرکردنەوە و بەها و بیروباوەڕمان، هەربۆیە خەڵکی لە یەک ڕووداودا چەندین بڕیار و تێڕوانیان هەیە! ڕووداوەکە هەر ئەو ڕووداوەیە، بەڵام ئەو ڕاستەیەی خەڵکی ڕووداوەکەی پێ دەپوێن جیاوازە، هەربۆیە

باسی خۆتم بۆ مەکە، هەڵوێستت بەرانبەر ڕووداوەکان پێم دەڵێت تۆ چ مرۆڤێکیت!

**وانەی چوارەم:**

گومانی باش بردن بە خەڵکی تا ڕادەیەک کە هەموو خەڵکی بە فریشتە بزانیت ئەوپەڕی ساویلکەییە! گومانی خراپ بردن بە خەڵکی تا ڕادەیەک کە هەموو خەڵکی بە شەیتان بزانیت ئەوپەڕی پیسییە! بەڵکوو پێویستە مرۆڤ لەگەڵ گومانەکانیدا لە نێوان دوو وتەکەدا بژی، وتەی خودا و وتەی عەرەب، خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞ﴾ واتە: بەڕاستی هەندێک لە گومانەکان تاوانن!

نەیفەرمووە هەمووی، چونکە ویستی نە ساویلکەبین نە پیس! عەرەب دەڵێت: گومانی خراپ لە جوانییەکانی ژیرێتییەوەیە! مەبەستیان ئەوەیە پێویستە لەسەر مرۆڤ ئاگای لە ئاماژەکان بێت و ڕابمێنێت لە خەڵکی و فیراسەتی هەبێت، گەر بینیت کەسێک خیانەتی لە غەیری تۆ کرد، تۆیش لێی ئەمین مەبە، ئەمە لە چاکی عەقڵ و تەواویەتی ژیریەوەیە، مەبەستیان ئەوە نییە نەخۆشێکی زیرەک بەو لە هیچ کەسێک ئەمین مەبە!

الوطن

٢٠١٨/١٢/١٧

## دووباره بونیادنانەوەی جیهان!

دەگێڕنەوە باوکێک دەیویست ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، لێ منداڵە بچووکەکەی بێزاری دەکرد، ئەو دەمەی منداڵەکەی تەواو بێزاری کرد، بەشێکی ڕۆژنامەکەی لێکردەوە کە نەخشەی جیهانی تێدابوو، کردی بە پارچە پارچەی بچووک و دای بە منداڵەکەی و داوای لێکرد نەخشەی جیهان دروست بکاتەوە، گومانی وابوو منداڵەکەی کاتێکی زۆر سەرقاڵی ئەمە دەبێت، لێ هەر زۆری نەبرد منداڵەکە نەخشەی جیهانەکەی پێکەوە لکاندا!

باوکەکە شۆکبوو بەوەی منداڵەکەی ئەنجامیداوە، بەشێوەیەک لێی پرسی ئەوە من لە ماڵ نیم دایکت وانەی جوگرافیات پێ دەڵێت!

منداڵەکە وتی: نەخێر باوەگیان، لە پشتی نەخشەکەوە وێنەی مرۆڤێک هەبوو، ئەو دەمەی مرۆڤەکەم بونیادنا، جیهانم بونیادنایەوە!

دوور لە ڕاستی و ناڕاستی چیرۆکەکە، چیرۆک وەک نموونەکان وایە و عیبرەت بە گشتی شتەکەیە نەک هۆکارەکەی، عیبرەت بە واتایە، قوولترین حیکمەت و ئەزموونەکان کە مرۆڤەکان نووسیویانەتەوە لەسەر زمانی ئاژەڵ و باڵندەکان بووە، کەلیلە و دیمنەش زۆر لێمانەوە

دوورنییە، ئەوە لای ئەوروپییەکانە زۆر زۆرە و کارەکە وەک ئەوەی ئێرە وایە، کێ ویستی با مەزرای ئاژەڵانی جۆرج ئۆروێل بخوێنێتەوە!

گەر ویستمان جیهان بونیاد بنێین، لەسەرمان پێویستە سەرەتا مرۆڤ بونیادبنێین، دژی بورجەکان و باڵەخانە بەرزەکان نیم، بەرزکردنەوەی بیناکان بێزارم ناکەن گەر لەسەر حسابی مرۆڤ نەبێت، چونکە وەبەرهێنان لە مرۆڤدا دەمێنێتەوە، بەڵام وەبەرهێنان لە شتەکاندا هەر بەزوویی دەڕوات و نامێنێت، بەڵکوو باوەڕم وایە وەبەرهێنان لە شتەکاندا لەبری مرۆڤەکان، وا لە شتەکان دەکات جێگەی مەترسی بن لەلایەن ئەو مرۆڤەی ئامادەنەکراوە بۆ پارێزگاریکردن لە شتەکان!

باخچەکان، ڕێگاکان، باڵەخانە بەرزەکان، زانکۆکان، چارەخانەکان، قوتابخانەکان هەموو ئەم شتانە چالاکییەکەی لە ڕۆشنبیری ئەو مرۆڤەوە وەردەگرێت کە بەکاری دەهێنێت، بۆنموونە هەموو ڕەچەڵەکەکانی جیهان ناتوانن وا لە کەسێک بکەن کاغەزێک فڕێ نەداتە ناوی، مادەم سەرەتا پاکوخاوێنی تێدا نەچەسپێنرابێت!

ئەم شتە بەڵگەنەویستە هەر زوو ئیسلام ئاگای بۆی چووە، ئەو گواستنەوە جۆرییەی ئیسلام لە عەرەبدا ئەنجامیدا، لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بەهۆی ئەوەوە بوو ئیسلام دووبارە مرۆڤەکانی بونیادنایەوە، دواتر مرۆڤەکان شتەکانیان بونیادنایەوە! ئیسلام لە سەرەتادا ڕێگای لێ نەدا و چارەخانەی نەکردەوە، بەڵام ئەو مرۆڤانەی ئیسلام دووبارە بونیادی نانەوە ئەوان ڕێگایان لێدا و شارستانیەتی ئەندەلوسیان بونیادنا، ئەمەش وەک نموونە نەک مۆڵدان!

کەمێک بازنەکە بچووکتر بکەنەوە، ئەوەی دروستە نموونە بێت بۆ دەوڵەت، دروستە نموونەش بێت بۆ ماڵەکان، خراپترین وەبەرهێنان کە دایباب وەبەرهێنانی تێدا دەکەن ئەو وەبەرهێنانەیە کە لە شتەکاندا دەیکەن، لەسەر حیسابی مرۆڤەکان، هەرچەندە مرۆڤ مانەوەی لە شتەکان زۆرترە، بەڵکوو شتەکان نامێننەوە ئیللا بە بوونی مرۆڤێک نەبێت کە بەهاکەی دەزانێت!

الوطن

٢٠١٨/١٢/١٩

## شۆڕی مەکە!

دەرگاوانی قوتابخانەکە دەمەو بەیان گەیشتە قوتابخانە، بۆ ئەوەی بزانێت کێیە کە لەسەر دیوارەکان شت دەنووسێت، پەیوەندی کرد بە بەڕێوەبەرەوە کە لەڕێدا بوو بەرەو قوتابخانە، پێی وت: کەمێکی تر دەگەم و بێگومان دەزانین کێ ئەنجامدەرە. بەڕێوەبەرەکە گەیشت و بە دەرگاوانەکەی وت: بە دڵنیاییەوە کاری یەکێک لە خوێندکارەکانە!

دەرگاوانەکە پێی وت: چ شتێک وایکردووە تا ئەو ڕادەیە دڵنیا بیت؟

بەڕێوەبەرەکە پێی وت: هیچ کەسێک بەرژەوەندی لەمەدا نییە، پاشان ئەو گەمژەیە نازانێت کامێرای چاودێریمان داناوە بەبێ ئەوەی بزانێت، تۆیش دەیبینیت کە یەکێکە لە خوێندکارەکانی خۆمان!

بەڕێوەبەرەکە تەماشای ئەو ڤیدۆیانەی کردەوە کە کامێراکانی چاودێری تۆماریان کردبوو، هەر زوو بۆی دەرکەوت پێشبینییەکەی ڕاستە و ئەنجامدەرەکە یەکێکە لە خوێندکارەکانی قوتابخانەکە!

بەڕێوەبەرەکە خوێندکارەکەی بانگ کرد و ڤیدۆی خۆی پێشاندا لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا، دواتر پەیوەندی بە باوکیەوە کرد. باوکی هات و گوێی لە وتەکانی بەڕێوەبەرەکە گرت و تەماشای

گرتە ڤیدۆکەی کرد، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک بڵێت، تەنها ئەوە نەبێت پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی بۆیاخکردنەوە کرد و ناونیشانی قوتابخانەکەی پێدان و داوای لێکردن لە پێشتر جوانتری بکەن لەسەر حسابی خۆی، دواتر بە بەڕێوەبەرەکەی وت: بەڕێوەبەری بەڕێز بەڵێنت پێ دەدەم کاری وا دووبارە نەبێتەوە، ئاوڕی دایەوە بەلای کوڕەکەیدا و پێی وت: گەر ناتوانیت سەربەرزم بکەیت، سەرشۆڕیشم مەکە!

مامۆستا و بەڕێوەبەرەکە شۆکبوون لە مامەڵەی باوکەکە، لێ منداڵەکە بە کوڵ دەگریا و دەیوت: بریا باوکم لێیدامایە یان قسەی پێ بوتمایە بەس ئەو وتەیەی پێ نەوتمایە!

دوور لە چیرۆکەکە و وردەکارییەکانی و لەبارەی مامەڵەکردنی باوکەکە لەم کێشەیەدا، با وتەکەی وەربگرین: گەر ناتوانیت سەربەرزم بکەیت، سەرشۆڕیشم مەکە!

لە ڕاستیدا ئەمە لە ڕستەیەک گەورەترە، لە سەرکۆنەکردن بەهێزترە، لە ڕێنوێنیکردن قووڵترە، ڕێسایەکی گشتییە بۆ ژیان! خۆزگە لە هەموو کایەکانی ژیانماندا لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەمان دەکرد!

گەر ناتوانین وا لە خەڵکی بکەین پێمان بڵێن: ئەی ڕەحمەت لەوەی پەروەردەی کردووی، بەلایەنی کەمەوە مەهێڵە بڵێن: نەفرەتی خودا لەوەی پەروەردەی کردووی!

کێ وتویەتی گەر نەمانتوانی ببینە فریشتە، پێویستە شەیتان بین، بۆچی مرۆڤ نابین، تەنها مرۆڤ!

گەر نەمانتوانی نموونەیەکی جوانی دینەکەمان بین و بانگخوازبین بە ڕەوشتمان، بۆچی دەبێت نموونەیەکی خراپ بین و خەڵکی لە دین بتەکێنینەوە، بۆچی خێر و شەڕی خۆمان بۆ خۆمان نابێت و قاڵ نابین بە خۆمانەوە!

بۆچی بەدوای ناوبانگەوەین، وەک ئەو کەسەی میزی کردە ئاوی زەمزەمەوە! کاورایەک میزی کردە ئاوی زەمزەمەوە، خەڵکی بە لێدان و زللە تێی کەوتن، پاسەوانێکی حەرەم لە کۆتا ساتەکاندا فریای کەوت، کە برایە لای ئەمیر، پێی گوت: خودا ناشرینت بکات چ شتێک وای لێکردیت ئەو کارە بکەیت؟!

وتی: ویستم بەناوبانگ بم، بوترێت ئەمە ئەو کەسەیە کە میزی کردۆتە ئاوی زەمزەمەوە!

الوطن

٢٠١٨/١٢/٢١





Description

بسم الله الرحمن الرحيم

🤍چەناڵێک تایبەت بە کتێب و بابەتی جیاواز🤍

**ئەم کتێبە لەلایەن " ئەڤین فەقێ تاهیر "**
**کراوە بە pdf و پێشکەش بە خوێنەران کراوە**

چەناڵ
https://t.me/tanyahaji7

t.me/tanyahaji7
Invite Link

موحەممەد غەززالی لە کتێبی(علل وأدوية)دا دەڵێت:

دەمەوێت موسڵمانان تێبگەیەنم کە ژیانکردن لە پێناو خودادا، وەک مردن وایە لە پێناو خودادا، جیهادێکی پیرۆزە! هەروەها شکستهێنان لە بەدەستهێنانی دونیا، بێگومان بەدوایدا شکستهێنان دێت لە سەرخستنی ئایین‌دا!

ئەمە لە ڕستەیەک گەورەترە و لە وتەیەک فراوانترە! ئێستاش زۆرێک لە ئێمە باوەڕی وایە ئەم ئایینە مەزنە، گەورەترین شوێن کە دەتوانێت کاری تێدا بکات مزگەوتە، بەرزترین خاڵ کە پێی بگات دوانگەیە! نازانن گەر ئەم ئایینە پێشبڕکێ نەکات لە جەنگی ئەم ژیانەدا تەنانەت مزگەوتەکانیشی بۆ نامێنێتەوە! بێگومان کەس لەم وتەیە واتێنەگات کە من لە بەهای مزگەوت کەم دەکەمەوە، ئیللا ئەوانە نەبێت کە بە نیەتێکی خراپەوە دەیخوێننەوە، چەندین بەڵگەم بۆ قسەکانم هەیە!

کتێبەکانی سیرە پێمان دەڵێن، ئێوارەی جەنگی حطین، (سەلاحەدینی ئەیوبی) سوپاکەی بەسەردەکردەوە، بەلای خێمەیەکدا ڕۆیشت، تێیدا سەربازەکان نوێژیان دەکرد و قورئانیان دەخوێندەوە، وتی: لێرەوە سەرکەوتن دێت، بەلای خێمەیەکی تردا تێپەڕی بینی سەربازەکان یاریی دەکەن و پێدەکەنن، وتی: لێرەوە شکست دێت!

بەڵام ئەم کتێبانە پێمان ناڵێن (سەلاحەدین) بۆ ئەو جەنگە چەندین مەنجەنیقی ئامادەکردبوو، کە سوپای خاچپەرستەکانی تووشی شۆککرد! ئوممەت تەنها بە نوێژ و دوعا سەرناکەوێت، تەنها بە چەکیش سەرناکەوێت، بەڵکوو دین و دونیا پێکەوە و دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە، پاشان پشت بەستن بە خودای هۆکارەکان، نەک هۆکارەکان!

07501269689
07511408868
hakem1423@yahoo.com
renwen2009@yahoo.com
سلێمانی - بازاڕی ئاوباریک - نهۆمی یەکەم
بەرامبەر کاسۆمۆڵ - دوکانی ژمارە (٦٦)

٨٠٠٠ دینار
ISBN 978-9922-646-31-2
9 789922 646312